www.mukiryani.com

**info@mukiryani.com**

# دەروونشیکاریی
# کولتووری جەماوەری

# دەروونشیکاریی کولتووری جەماوەری

## دیسیپلین، سەرزیندوویی

بێری ریچاردز

وەرگێڕانی

عوسمان نووری

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **دەروونشیکاریی کولتووری جەماوەری (دیسیپلین، سەرزیندوویی)**
- **نووسینی: بێری ریچاردز**
- **وەرگێڕانی:** عوسمانی نووری
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** وەرگێڕ + رێمان
- **نرخ:** ٥٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٤
- **تیراژ: ٧٥٠** دانە
- **چاپخانە:** موکریانی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٤٦٠)ی ساڵی (٢٠١٤) پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٨٣٢)

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٧
بەشی یەکەم: قووڵایی بابەتە ئاساییەکان ........................ ١١
بەشی دووەم ........................................ ٢٩
بەشی سێیەم: یارییەکی بەشکۆ ........................ ٤٥
بەشی چوارەم: پەیکەرەی نەتەوە ........................ ٨١
بەشی پێنجەم: کۆمەڵگەی گەورەی ئۆتۆمبێل ........................ ١٠٥
بەشی شەشەم: کاڵا و ئۆبژە شاییهێنەرەکان ........................ ١٣٧
بەشی حەوتەم: موزیك و بنەماڵە ........................ ١٦٩
بەشی هەشتەم: ئازارەکانی پەراوێزی شار ........................ ١٨٩
بەشی نۆیەم: خەڵك چیان دەوێت؟ ........................ ٢٠٩
بەشی دەیەم: ڕەنگە ئەم ماڵە لە بنچینەوە وێران نەبێت ........................ ٢٢٣
فەرهەنگۆك ........................................ ٢٥٥

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەوەی لە بەردەستتاندایە ئاوڕدانەوەیە لە هەندێ دیاردەی هەنووکەیی، کە بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤدا پەرەیسەندووە و لایەنگری زۆری هەیە. لەوانەیە زۆرکات لە هەرمبەر ئەم دیاردانەدا پرسیارمان بۆ هاتبێتە ئاراوە، تەنانەت ئەگەر بەدیدێکی رەخنەگرانە و بە نیگایەکی قووڵەوە چاویان لێ بکەین، ئەوکات نەك تەنیا پرسیار بەرۆکمان دەگرێ، بگرە تووشی نوستالژیایەکیش دەبین کە بیر و هۆشمان دەگووشێ و لە بەرامبەر شالاوی هەژموونیکی ئەم دیاردانەدا، کە بوونەتە تایبەتمەندیی جیانەکراوەی کولتووری جەماوەری، خەفەتباریش دەبین. دیاردەگەلێکی وەکو فووتبۆڵ و پانتایی وەرزش بەگشتیی، ئۆتۆمبێل کە سەرەڕای ئەوەی پێداویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، راکێشەرییەکی سەرەڕۆیانەی بۆ خەڵك هەیە، ئەو سێبەرە قورسەی، کە رێکلامە بازرگانییەکان و بانگەشەی کالاّ و شمەك، بەسەر کۆمەڵگە و تاکەکانیدا هەیەتی، تا دەگاتە موزیکی مۆدێرن و ئەو تایبەتمەندییانەی، کە هەست و نەستی چینی لاو بۆ لای موزیکی پاپ راکێش دەکات. ئەمانە بەگشتیی و جێگیربوونیان لە کولتووری گشتییدا سنوورەکانیان بەزاندووە و وایان لێهاتووە، کە نها ئەستێرەیەکی وەرزش، کە لە شارێکی ئەورووپایی وەك لەندەن سەرهەڵدەدا، وێنەی بەسەر دیواری ماڵەکانی هیندستان و ئەفریقای باشوور، تەنانەت کوردستانی خۆمانیشەوە دەبیندرێ. ئەم دیاردەیە دیوێکی شاراوەی هەیە، بەگشتیی رەگیان لەنێو هۆکاگەلێکی نادیاردایە. ئەم پەڕتووکە بە دووی ئەو هۆکارانەوەیە، کە ئەم بارودۆخەیان هێناوەتە ئاراوە.

لە بەشی یەکەمدا باسێکی هۆشمەندی لەسەر میتۆدی لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارانە سەبارەت بە کولتوور کراوەتەوە، ئەو زانیارییانەی کە پێویستە بۆ میتۆدی لێکۆڵینەوەی کولتووری، دەخاتە بەردەم ئەو خوێنەرانەوە، کە دەیانەوێ لەم بوارەدا چالاك بن. بەشی دووەم لە روانگەیەکی تایبەتەوە لایەنە گشتییەکانی کولتووری هەنووکەیی وەکو بەکاربردن و

هۆگربوونی فووتبۆڵ و موزیکی جەماوەری و...هتد دەداتە بەر شرۆڤە. بەشی سێیەم و کۆتایی روانینێکی دەروونشیکارانە سەبارەت بە رەوشت و داڕووخانی بنەما رەوشتمەندییەکان لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا، پێشکێش دەکات.

ئەوەی کە هانیدام دەست بۆ ئەم پەڕتووکە بەرم بەر لە هەر شتێك راکێشەرییەك بوو، کە لە ناوەرۆکی باسەکانیدایە. لە وەرگێڕانیشدا زۆر جار تووشی تەنگ و چەڵەمە بوومەوە، بەڵام دیسان پێداچوونەوەم کردەوە، ئەو گرفتانە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هێشتە هەلومەرجەکاکانی زمانی کوردی بەو جۆرەی، کە پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی زانست و مەعریفەی نوێ، دەرنەکەوتووەیاخۆ ئەو زمانە هێشتە لە سەرەتاکانی پراوەکردندایە. دەستەوەستانی زمانی کوردی لە لایەکەوە و وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە دوو دیاردەی تاقەت پڕووکێنن، کە هەندێ جار وەرگێڕ تا سنووری دابڕان دەبەن. بە هەموو ئەمانەوە، تا ئەو شوێنەی پێمکراوە و لە تواناما بووە هەوڵم داوە بە زمانێکی سادە و بە رێزمان و بە کوردییەکی ڕەوان دایبڕێژمەوە. دیارە ئەوەی دەیڵێم پاساوێك نییە بۆ ئەوەی خۆم لە زمانی رەخنە ببوێرم، بگرە رەخنە مافی خوێنەرە و سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم هەڵەکانم دەست نیشان دەکەن و بۆم راست دەکەنەوە.

لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانە دەکەم، کە یارمەتیدەرم بوون بە تایبەت دوو هاوڕێی خوشەویست کاکە هاوژین مەلا ئەمین و دادە گوڵباخ بارامی، کە بەڕاستی خۆم بە منەتباریان دەزانم.

عوسمان نووری

**یەکەم وتە:**

لەم پەڕتووکەدا دوو ئامانجم هەیـە، یەکـەم ئـەوەی، کـە بەشـدارییەکم کردبێـت لـە دوو دەرەتانی لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکاندا، کە ئێستە خەریکی گەشەکردنن. یەکێك لەم بیاڤانە، کە تا ئێستە سەرنجی زۆرینەی لێکۆڵەرانی بۆ خۆی راکێشاوە، لێکۆلینـەوە و شـیکارییە لەسـەر کولتووری جەماوەری و بەکاربردنی کاڵا. بەشی دووەم کە وەکو بەشی یەکـەم کەوتووەتـە بـەر سەرنجی زۆر کەسێك، بەڵام ئەو خوێندنەوانەی، کە لەسەری کراون پرش و بڵاو تا رادەیەك لێك پچڕاون، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دەروونشیکاری، کە هەم بە کارگرتنی هزری دەروونشیکاری لـە لێکدانـەوە کۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگی و سیاسـییەکان لـە خـۆ دەگـرێ، هـەمیش ئـەو لێکدانەوانـەی، کـە لـە روانگـەی ئـاداب و زانسـتەکانی دیکـەوە سـەبارەت بـە تیـۆری دەروونشیکاری کراون. مەبەستی دووەم لە نووسینی ئەم پەڕتووکە ئەوەیە، کـە سـەرنجی ئـەو خوێنەرانە بکێش بکات، کە لە هیچ بەشێك لەم بەشانەدا پسپۆڕی ئەکادیمییان نییـە، بـەڵام پێوەندیی زۆریان هەیە بە هزری دەروونشیکاری لـە تێگەیشـتنی ژیـانی رۆژانـە لـە جیهـانی ئەمڕۆدا. ئەم پەڕتووکەم تا شوێنی جێی هەبێ بە گریمانەی نائاشـنایی خوێنـەر لەگـەڵ زاراوە هۆشمەندییەکاندا نووسیوە، کە نها هەم لە بەشـی خوێندنـەوەی کولتـووری و هـەم لـە بەشـی لێکدانەوەی دەروونشیکارانەدا بەهەرمێنن، لە هەر شوێنێکیش زاراوەیەکی پسپۆڕیم هێناوە، هەوڵم داوە، کە بە زمانێکی سادە باسی لەسەر بکەم.

نووسەری ئەم پەڕتووکە باش دەزانێت، کە ناکارین ئەم پەڕتووکە بە تەواوی و تێروتەسەلی بە پەڕتووکێکی زانستی بزانین.

زۆرێك لەو پێوەندییانەی، کە دەبوایە لەگەڵ دەستەیەك لەو لێکۆڵینەوە دواییانەدا بکردایە (بەتایبەت لە بواری تیۆری کولتووری و کۆمەڵایەتی) لـەم پەڕتووکـەدا لێکدانـەوەی لەسـەر نەکراوە.

سەرنجم داوەتە بڕێك لەم پێوەندییانە، بەڵام پانتایی و بەربڵاوی زیـاتری باسـەکە دەخەمـە ئەستۆی خوێنەران و لە پەڕتووکەکانی داهاتووی خۆمدا لەبارەیانەوە دەدوێم. بە وتەیەك، ئـەم پەڕتووکە کۆمەڵە وتارێکە، کە هـەر کـام لـەو وتارانـە بـە نموونەیەکـەوە، بـەکـەڵك بـوونی بەکارهێنانی روانینی دەروونشیکاری لە خوێندنەوەی نێوان رشتەیی لەسەر کۆمەڵگـە نیشـان دەدەن.

ئەو وشە بەکارهێنراوانەی سەردێڕی پەڕتووکەکە، ڕێکیەتی و سەرزیندوویی هیچ واتا و چەمکێکی پسپۆڕانەیان نییە. ڕەنگە بڕێك لە خوێنەران بیانەوێ بزانن کە هەڵبژاردنی وشەی (ڕێکیەتی) ئایا هۆکارەکەی کاریگەری وەرگرتنی ڕاستەوخۆی منە لە میشل فۆکۆی مێژوونووس، کە تیۆرەکانی زۆرتر لەسەر ڕێکیەتییە؟ ئەگەرچی نووسراوەکانی فۆکۆ لە بوارەکانی دیکەوە بەکەڵکم هاتوون، بەڵام ئەم شیکاریەی من کە زۆرتر هیۆمانیستییە لەگەڵ ڕوانینی فۆکۆ بۆ دنیای مۆدێرن دژایەتی هەیە. دەستەواژەی دەستوور، (ڕێکییەتی) و سەرزیندوویی لە بەشی یەکەمدا بە کورتی باسی لەسەر کراوە، لە بەشەکانی دیکەدا روون کراوەتەوە. ئەم دەستەواژەیە لە گەوهەری خۆیدا ئەمەمان پێ دەڵێت، کە کولتووری جەماوەری تەنیا کاتێك زیاترین و باشترین چێژی لەگەڵدایە، کە ئەو چێژەدان بە ئەندامەتی ئێمە لەسیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا ــ بەتەواوی کێماسییەکانییەوە ــ بنێ.

ئەم چەمکەی چێژ لەگەڵ بڕێك لە تێگەیشتەکانی «پۆست مۆدێرنی» دوایی ـ کە بناخەی چێژ دەگەڕێنێتەوە بۆ سنووربەزاندن و داڕووخاندن و بنەماشکێنی ــ دژایەتیی هەیە.

خوازیارم ئەم لێکدانەوانە لەسەر ئەو باسانەی کە بۆ کەپەڕتووکەم هەڵبژاردوون (باسگەلێك لەسەر وەرزش، شێوەی تێپەڕاندنی کاتی بێکاری، ئۆتۆمبیل، جگەرە و باقی کالاّ بەکاربەرەکان، ڕێکلامە بازرگانییەکان و موزیکیی جەماوەرخواز ) بۆ ئەو کەسانەی، کە بە تەواوەتی لەگەڵ کارەکەی مندا نین، بە ڕادەی پێویست سەرنجڕاکێشەر و بەڵگەدار بێت.

باسە نموونەییەکانی ئەم پەڕتووکە لەسەر تەلەڤیزیۆن و میدیاکانی دیکە زیاتر لەو ڕادەیەی، کە چاوەڕوان دەکرێ بۆ پەڕتووکێکی کولتووری جەماوەری کەمترە، بەڵام لەو ڕووەوە، کە ئەم پەڕتووکە پروپاگەندەی لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنەی لەسەر(کولتووری جەماوەری) نییە، ئەو نەنگییە گرفت ساز نییە. بەهەر حاڵ هیوادارم بتوانم لە کارەکانی داهاتوومدا ئەم بۆشاییە ـ ئەڵبەت بە شێوەیەکی تۆزێك جیاواز لەم شێوەی کە لەم پەڕتووکەدا بە کارم گرتووە ـ پڕ بکەمەوە. هەروەها دەبێ بڵێم،کە دەلالەتە سیاسییەکانی ئەم شیکارییە لەم پەڕتووکەی بەردەستتاندا، دەبوایە زیاتر لەوەی کە لێکدراونەتەوە، لێکدانەوەیان لەسەر بکرایە.

بێری ریچاردز

ئەپریلی ١٩٩٤

# بەشی یەکەم

# قووڵایی بابەتە ئاساییەکان

## شێوە جۆراوجۆرەکانی هەستی جەماوەری:

راکێشەریی سۆز و دەروونی فۆڕمە سەرەتاییەکانی کولتووری جەماوەری لە چی دایە؟ ئایا دەتوانین چەمکگەلێکی دەروونناسانەی هاوبەش، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی رۆژانەدا، بدۆزینەوە؟ کات بەسەربردن رابواردنی کاتی بێکاری لە کولتووری جەماوەریدا تا چ رادەیەك رەمەکی و مایەی فریودانی جەماوەرە، یان تا چەندە لە پێناوی هەڵبژاردنی ئازادانە و دابینکردنی ڤان و نیازەکانی تاکدایە؟ لە رێگەی خوێندنەوەی چەشنە ئاساییەکانی رابواردن دەگەینە چ پێناسەیەك لەسەر خۆمان و دنیای کۆمەڵایەتیمان.

ئەم پەڕتووکە باسێك دێنێتە ئاراوە و وەڵامگەلێکیشی بۆ ئەم پرسیارانە هەیە. باسەکانی ئەم پەڕتووکە بە جۆرێکن، کە هەم بۆ «خوێنەری ئاسایی» شیرین و هەست بزوێن بن، هەم بۆ خوێندکارانی لقە پێوەندیدارەکان بە کۆمەڵگەی ئەمڕۆیی و گۆڕانکارییە کولتوورییەکان بەکەڵك بێت. دەتوانین بڵێین لەم پەڕتووکەدا بە ئەنقەست، باسگەلێکی تایبەت هەڵبژێردراون، هەر بۆیە ئەم پەڕتووکە تاك رەهەند و کورتە و لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە راوەستاوە کە ئەگەر باسەکانی- نە وەکو سیستەمێکی هۆشمەندی ئاڵۆز، بگرە لەگەڵ نموونەگەلێکی زەق و روون کەرەوە- بخرێنە بەرچاو ئەم شیمانەیە بەهێزتر دەبێ، کە بۆ هەندێك لە خوێنەران جێی بڕواپێکردن بێت، "هەروەسا دەبێ بێژم، تیۆرگەلێك لەسەر شێوەی تێگەیشتن لە کولتووری جەماوەریی کە لەو لێکۆڵینەوانەی لە بەستێنی مێژووی کۆمەڵایەتی، مرۆناسی، نەتەوەناسی، نیشانەناسی، خوێندنەوەکانی ئافرەتان و باقی بازنە و زەمینەکانی دیکەدا ریشەیان هەیە، لەم ساڵانەی دواییدا بلەز پەرەیان سەندووە، کە منی نووسەر ناکارم لەسەر زۆرینەیان بەو جۆرەی کە پێویستە بئاخڤم" بە هەموو ئەمانەوە هێڤی و ئومێدی من ئەوەیە بۆ ئەو دەستە لە خوێنەران، کە هۆگری تیۆرن، چەمكگەلێکی بەکەڵکی هێنابێتە ئاراوە، هەرچەند، کە «تیۆری گشتیی کولتووری جەماوەری» لە بەشە سەرەتاییەکانی ئەم پەڕتووکەدا لانیکەم بە تیۆرێکی سەرەتایی و ئاشنای هەمووی خوێنەران هاتووەتە بەر چاو.

پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دیاردە کولتوورییەکانی وەکو موزیك، وەرزش و کاڵا بەکاربەرەکاندا جیا لەوەی کە ئەم پێوەندییە، پێوەندییەکی بەگوڕ، ساردوسڕ، ئەرێنی یاخۆ نەرێنی بێ، هەم لە ژیانی رۆژانەی ئێمەدا گرینگی هەیە، هەمیش لە تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئەمڕۆییدا. لێکدانەوە هزرییەکان و ئەو وتار و پەڕتووکە زۆرانەی، کە لە بواری کولتووردا نووسراون، نیشانەی ئەوەیە کولتووری جەماوەری لە هەر بوارێکەوە دیاردەیەکی تایبەتە. بە وتەیەکی

دیکە لە شێوە جیاوازەکانی ئـەم کولتـوورەدا پرۆسـەگەلێکی جیـاواز دەسـتێوەردان دەکـەن. سەرهەڵدانی شەوە تەلەڤیزیۆنییـەکان، کـە تێیـدا تاکـەکان لەسـەر بابـەتێك قسـە دەکـەن، پەرەسەندنی چەشنە جۆراوجۆرەکانی راوێژکاری (دەروونی و بنەماڵەیی)، پەرەسەندنی فرۆشگە زەبەلاحـەکان و رێکـەوتنی سیسـتەماتیکی هـەینی بازاڕەکـان، دیاردەگـەلێکی پێکـەوە پێوەندیدارن، چونکە هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە بوونەتە هۆکـاری فـۆڕمگرتنی پێکهاتـەی ژیانی ملیۆنان مرۆڤ لە هەنووکەدا، بەڵام هەڵەیـە ئەگـەر بگەینـە ئـەو ئەنجامـەی، کـە ئـەم دیاردانە گەواهیدەری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ـ مێژوویی نادیارن[1].

خەڵك ئاوات و نیازگـەلێکی جیـاواز و دژوازیـان هەیـە. لـە زۆرینـەی ئـەو خوێندنـەوە ئەکادیمیانەدا کە لەسەر کۆمەڵگە ئـەنجام دراون جـەخت دەکرێتـە سـەر جیـاوازی. سـەرەڕای هەموو ئەمانە و جیا لە گرینگی سەرنجدان، بۆ پرۆسەگەلێکی تایبەت لە بەستێنی جیـاوازدا، ئەم پەڕتووکە بەدووی خستنە رووی ئەمەوەیە، کە بابەتگەلێکی تایبەت لە کولتووری رۆژانەدا بەردەوام خۆ دەنوێنن. ئەم تێڕانینە لەگەڵ زۆرینـەی تۆژینـەوە دواییەکانـدا، کـە نیشـاندەری داڕووخانی کولتووری جەماوەرییە تا رادەیەك دژایەتی هەیە. ئەو لێکۆڵینەوانەی کـە لەسـەر جێگۆڕینی بەشێکی هەرە زۆر لە شێوازە کلاسیکەکانی کولتووریی لەگەڵ بارودۆخی «پۆسـت مۆدێرنی» پارچە پارچە و پلۆرال دەدوێ. بەپێی ئەم بۆچوونە خەڵك (هەرچـەند هێشـتەکەش بەپێی بەشە کولتوورییەکان پۆلێن دەبن) بەدووی گەیشتن بە کۆمەڵێك ئاواتی جیاوازەوەن، کە لە دیوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان ناتوانن بەرگری لەم ئامانجە بکەن.

هەر بەو جۆرەی کە یەکپارچـەیی هەرمانـدن و کـارکردن لـە کارگـە و کـانزا و کارخانـە و...هتد جێگەی خۆی داوەتە بـازاڕی بگـۆڕی کـار، بازاڕێـك کـە لـە بەشـە جیاوازەکانیـدا

---

١- ئەم خالانە رەنگە نموونەگـەلێکی جـوان نـەبـن بـۆ سـەلماندنی تایبەتمەندییـە رواڵەتییـەکانی کولتـووری جـەماوەری. دەتـوانین گفتوگـۆ تەلـەڤیزیۆنیـەکان و راوێـژکاریی (دەروونـی و بنەماڵـەیی) بـە چەشـنە رووبەڕووبوونەوەیەك بزانین لەگەڵ «کەسایەتییەکان»دا و دەسکەوتی قۆناخێکن، کـە دەرکـەوتنی کەسـایەتیی دەروونی لە رێگەی رەوشتە تایبەتەکانی وتووێژەوە داخوازی زۆری بۆ هەیە. فرۆشگە گەورە و هەینی بازاڕەکان تەواوکەری یەکدین، لە راستیدا جومعە بازاڕەکان دابینکەری نیازی گۆڕین و کـڕینی شـتومەکن بـە شـێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. بەمجۆرە لە هەمان سەرنجدان بە راکێشەری و بەهای شیمانەیی وەها پێوەندیگـەلێك، نابێ لە تایبەتمەندییە روون وئاشکراکانی هەموو ئەم دیاردانە بێ ئاگـا بـین، دیاردەگـەلێك کـە تێگەیشـتنی تەواو، لە هەر کامێکیان پێویستی بە سەرنج خستنە سەری هەندێك هۆکاری دیکەوە هەیە.

کاربەشکردنێکی نوێی تێدایە، بەو بۆنەشەوە بێکاری واتای خۆی لە دەست داوە. بە هەمان شێوە مرۆڤەکانیش ئیدی بە شێوەیەکی یەکدەست خۆیان بە مەیخانە و زەوینی فوتبۆڵ و تەفریگەوە خەریك ناکەن، بگرە بە شوێنی چەشنە گۆڕدراوەکانی چێژ و لەزەتەوەن. ئەم چەشنانە، وەکو نموونە، شێوازگەلی پڕ ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوە و وردە کولتوورانێك دەگرێتەوە، کە سەرچاوەکەی لە بوارەکانی ـ پێشتر ـ یەك چەشنی «کولتووری لاوەکان»دایە. ڕەنگە لە رابردوودا بە ئاسانی بمانتوانیبا شوناسی گەنجەکان، بە لە هەمبەر یەك دانانی گەنجی دەوڵەمەند و گەنجی لایەنگری مۆزیکی راك جیا بکەینەوە، بەڵام ئێستە ئیدی ناکارین پێوەرگەلێکی دیارکراو بۆ ناسینەوەی مۆدێلەکانی سیپاڵ هەڵبژێرین، چونکە پێکهاتە نوێیەکانی رەگەزی و چینایەتی، هەروەها گۆڕانکاریی لە وشە ڕەگەزییەکاندا، بوونەتە هۆی هەمەچەشنخوازی (هەروەسا هاتنە ئارای گوشاری ئابووری بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و دۆزینەوەی بازار بۆ گروپگەلێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت). هەر بەمجۆرەش ـ سەرەڕای کاریگەرییە هاوسانکەرەوەکانی،چەق بە ستوویی وردە فرۆشی لە دەستی گرووپێکی تایبەت لە بنکە ئابوورییەکاندا ـ جۆراوجۆری شێوازە هێزەکییەکانی سەلیقەی گەورە ساڵان لە داڕشتن و پێخۆر و جلوبەرگدا زیاتر لەو رادەیەیە، کە خەرجیگەری ئاسایی بتوانێ لەگەڵ تەواوی جیاوازییە وردەکانیدا ئاشنایەتی هەبێ. ئەوە شتێکی روون و ئاشکرایە، کە میدیاکان رۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن، لە هاتنە ئارای ئەم جیاوازییانەدا.

سەرەکییترینی ئەم میدیاگەلە بریتین لە گۆڤارە پسپۆڕییەکان، ئێزگە رادیۆییەکان بە بیسەرانێکی کەم و تایبەتەوە و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان، کە لە پەرەسەندندان و هەم لە رێکلامە بازرگانییەکانیان، هەمیش لە ناوەرۆکی سەروتارەکانیان، هەمیش لە بەرنامەکانیاندا بە شێوەیەکی جدی و بەردەوام شوناسی بەردەنگەکانیان لێکدەدەنەوە. ئێمە لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەین و نەکەین، هەموومان ناچارین لە شێوەی تێپەڕاندنی کاتی بێکاری و هەروەها ئەو کاڵاگەلەوە، کە بەکاریان دەبەین تا رادەیەك لە بینین جیاواز بین.

بابەتی سەرەکیی ئەم پەڕتووکە دەبێ بە سەرنجدان بە ئاگایی گشتییی خەڵك سەبارەت بە جیاوازییەکانیان لەکەڵ یەکدیدا، لە بەرچاو بگیردرێ. ئەو ئاگەییەی کە ئەم پەڕتووکە تەواوکەریەتی. من وەها بەڵگە دەهێنمەوە، کە هەندێك لە سەرکیترین شێوازەکانی کولتووری جەماوەری پێوەندیی بە ئاڵۆزییە گشتییییەکانی دنیای مۆدێرنەوە هەیە، نە تەنیا دەتوانین لە گرینگرتین واتاکانی شێوازە کولتوورییەکان تێبگەین، بگرە دەتوانین ئەم گریمانەیەش بێنینە

ئاراوە، کە ئەم واتاگەلـە لـە نێـوان زۆرینـەی مرۆڤەکانـدا هاوبەشـە. ئـەم بۆچـوونە لەسـەر لێکدانەوەی زیاتر دەروونناسانەدا، واتای ئەم رەفتارانە یان بنەماگەلێکی کولتووریی دیارکراو راوەستاوە. لە لێکدانەوەی رەهەندە دەروونییەکانی بەشداریی کولتـووری ئـەم ئەنجامـە دێتـە بەرهەم، کە — لە ئێستە و داهاتووشدا —کولتووری جەماوەری لانیکەم لە هەندێك لـە بەشـە کۆمەڵایەتییەکانیدا وەکـو "کولتـوورێکی کۆمەڵەیی"دەمێنێتـەوە، چـونکە ئـەم کولتـوورە رێگەگەلێکی بەکەڵکتر بۆ زاڵبووون بەسەر دڵەڕاوکێ و کێشە دەروونییەکاندا، دەخاتە بەردەم.

هەروەها دەبینین، کە هاوشانی سەرزیندوویی جەماوەر، کاردانەوەیەکی بە هەمان شێوەش لەلایەن بژاردەکانەوە لە هەمبەر کولتووری جەماوەریدا (بە شێوەی رەتکردنـەوە و بێزرانـدن) هەیە، کە لە سەرەکییترین تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی کولتووری ئێمەیە. ئەم کاردانەوەیە لە جەستە کۆڵینەوەکەی جان کێری[1]دا (١٩٩٢) لەسەر بژاردەگەرێتی نەیارانە، کە لـە ناوەنـدیی ژیانی رۆشنبیرانی بەریتانیادا بووە لە ساڵەکانی دواییدا دەتوانین بەدی بکەین. بەپێڕەویکـردن لەم ناوەندە "کە لە ناخی رۆشنبیری بەریتانیادایە" ئێمـەی بـەریتانی، لـە قوتابخانـە و بـاقی بونیادە شارستانییەکانەوە فێردەبین بابەتی جەماوەرخواز، بەنەنگی و شوورەیی بزانین یـان لـە باشترین دۆخدا هۆگریی زۆرمان بۆ شێوازە کولتوورییـە جەماوەرییـەکان بـە لەخۆباییبوونـەوە بکەینە هەوێنێك بۆ تەشقەڵە پێکردن. پێویستە ئاماژە بەوە بکـەم، کـە یـەکێکی دیکـە لـە ئارمانجەکانی ئەم پەڕتووکـە داکـۆکی کردنـە لـە هەنـدێك فـۆڕمی کولتـووری جـەماورەی، داکۆکییەك (چونکە زیاتر شوناسێکی دەروونناسانەی هەیە) هەم لایەنی ڕەوشـتمەندی دەبـێ، هەمیش لایەنی جوانیناسانە. شتی جەماوەرخواز دەتوانێ (هەڵگری واتـا و رەهەندگـەلێکی) قووڵ بێت، لە راستیشدا هەر وایە. بۆ نموونە شـیمانەی ئـەوە هەیـە، کـە لـە پشـتی کـەڵك وەرگرتنی ئێمەوە لە کالای هەرزان و کەم دەوام، بەهاگەلێکی قورس و شاراوە بێت. بەپێی ئەم بۆچوونەش دەتوانین بڵێین ئەگەر بەوردی لە خۆشییە ئاساییەکانی ژیاندا شـیکارییەك بکـەین، رەنگە لەگەڵ پرسیارگەلێکی بنەڕەتیدا رووبەڕوو ببینەوە.

---

1- John Cary

## کردە نوێنی و چێژگەری:

ئەڵبەت ئەمەی کە «کولتووری جەماوەری» چ پێناسەیەکی هەیە، باسی زۆری لەسەرە[1]. هەر کام لەو دوو وشەیە لەم زاراوەیەدا بەکارهێنراون، واتایەکی قورس و لە هەمان کاتیشدا دیاری نەکراویان هەیە، کە هەڵگری زۆر کێشەی چەمکین[2]. بۆ خۆبواردن لەو کێشەگەلە لە پەڕتووکی کولتووری جەماوەریدا، بۆ ئاماژە بردنە سەر رەفتار و ئەزموونەکانی لانیکەم کەمینەگەلێکی زۆر لە خەڵك، کە لە هەر کولتوورێکی نەتەوەییدا بوونی هەیە، رەفتار و ئەزموونێك، کە پێویستی بە هیچ چەشنە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی داخراو ( لە بواری خوێندن، سامان یان کوڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە) نییە[3].

نابێ گرفتە چەمکییەکان وەکو لەمپەرێك لە بەرامبەر تیۆرێکی گشتییی سەبارەت بەکولتووری جەماوەری بزانین. ئەم تیۆرە لەسەر سێ پرەنسیپی بنەمایی راوەستاوە. یەکەم ئەوەی، کە ئێمە وەکو ئەکتەرانێکی ئازاد بەشداری کولتووری جەماوەری دەبین. بە وتەیەکی دیکە ئێمە یاری پێکراوانی «پیشەیەکی کولتوورسازی» بەتوانا نین (بەو جۆرەی کە لە هەندێك لە شێوازەکانی تیۆری کۆمەڵایەتیی رەخنەگرانەدا دەبینرێن)، هەروەها وەرگری ناکارای پرۆسەیەکی یەکپارچەیی «کۆمەڵایەتیبوون»یش نین (بەو جۆرەی کە لە هەندێك شێوازەکانی دەروونناسیدا دەبینرێن). دەسکەوتە لێکۆڵینەوەییەکان، بینینە رۆژانەکانمان و لێکدانەوە هەنووکەییەکان لە تیۆری کولتووریدا هەموویان لەسەر ئەمە تەبان، کە لە ئەزموونە جەماوەرییە کولتوورییەکاندا، مرۆڤەکان توانایەکی گرینگیان هەیە بۆ جیاکردنەوە و هەڵبژاردن. لێرەدا نابێ بە شێوەیەکی نیۆ لیبراڵی بیر بکەینەوە، کەواتە مرۆڤەکان مافی خۆیان هەیە لە هەڵبژاردن ـ تەنانەت لە زەرەرمەندترین و خراپترین شێوازەکانی ئەزموون ـ دا. هەروەها ئەمە بە واتای لەبەرچاو نەگرتنی ئەم راستییە نییە، کە چەمکی کردەنوێنی چەمکێکی ئاڵۆزە، بەڵام بەواتایەکی گرینگ، ئێمە بەرهەم و ئەزموونەکانی کولتووری جەماوەری بە شێوەیەکی داهێنەرانە قبووڵ دەکەین و بەکاریشی دەگرین.

---

١- بۆ نموونە بڕوانە پێناسەیەکی نۆوێل — سمیت (Nowell Smith )، (١٩٨٧)

٢- بڕوانە ریمۆندن ویلیامز (Ramond William)، (١٩٨٣)

٣- ئەڵبەت کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك بە هۆی کەم ئەزموونییەوە، کە لە بەشەکانی دواتری ئەم پەڕتووکەدا باسی لەسەر دەکرێ، جیا دەکرێنەوە. بەڵام بۆ زۆرینەیەکی دەستەمۆکراو کە داهاتی باشیان هەیە بۆ دابینکردنی نیازەکانیان، تێپەڕاندنی ئەم ئەزموونانە (واتە خەرجکردنیان) گرفتێکی بەدواوە نییە.

دووەمین پرەنسیپی بنەڕەتی تیۆری کولتووری جەماوەری ئەمەیە، کە ئێمە لە بەشداریکردن لە فۆڕمەکانی کولتووری جەماوەرخواز چێژ وەردەگرین. ئەگەر وەها نەبێ تێیدا بەشداری ناکەین، ئەو کولتوورەش ئیدی بە پەسندی خەڵك نابێت. ئەمانە هەمووی سەلمێنەری ئەم گریمانەیەیە، کە رەفتاری مرۆڤ، تا رادەیەك بنەمایەکی بەرژەوەندیخوازانەی هەیە، ئەگەریش ئەزموونێك بە کەڵکی نەبێ، ئەوا خەڵك بە کۆمەڵ و ئازادانە پەرەی پێ نادەن، بەڵام ئەوەی وترا پێویستییەکی بەم گریمانەیە نییە، کە ئەم دابین بوونە بە شێوەیەکی تێروتەسەل و بێ دژوازی بێتە ئاراوە[١].

سێیەمین پرەنسیپ ئەمەیە کە چێژ و لەزەتی ئێمە لە بەشداریکردن لە شێوازە کولتوورییە جەماوەرییەکاندا لە دوو شوێنەوە سەرچاوە دەگرن. یەکەم سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ دامرکاندنی ئەو نیازە شەهوانی و بەچێژانەی، کە لەوانەیە دەرفەتی چێژوەرگرتنیان تەیار نەبێت (چێژی جەستەیی لە وەرزش، سەرزیندوویی "گەڕانەوەیی" موزیك[١] و چتانێکی دیکەی لەم چەشنە). سەرچاوەی دووەم، هێزێکی هاندەرانە و چێژێکە، کە لە شوناسی کۆمەڵایەتیی چالاکییەکانی کولتووری جەماوەرییەوە دێتە بەرهەم، ئەگەرچی هەندێك لەم چالاکییانەش پێویستی بە گۆشەگیری هەبێ. بەشداریی لە کولتووری جەماوەریدا بە جدی سەلمێنەری ئەو

---

١- ئاگایی لە مێژینە لەسەر ئەم راستییە کە مەیلەکانی مرۆڤ دامرکانیان بۆ نییە لە قۆناخی دوایی پێڕەوانی قوتابخانەی دەروونشیکاری لاکاندا جەختی لەسەر کراوە. ئەم پەرتووکە کاریگەریی لە خوێندنەوەیەکی فرۆیدەوە وەرگرتووە، کە لە بوارگەلێکی گرینگدا جیاوازیی هەیە لەگەڵ خوێندنەوەکەی لاکان لەسەر فرۆید، بەڵام بە راشکاوی لە بواری جەختکردنە سەر مسۆگەربوونی ناکامی مرۆڤ، لەگەڵ قوتابخانەی لاکاندا تەبایی هەیە. بۆ خوێندنەوەی کورتەیەك لە پرەنسیپە بنەماییەکانی دەروونشیکاری، هەروەها تێڕوانینی دەروونشیکاری سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ (تێڕوانینێك کە ئەم پەرتووکە لە رێگەیەوە دەچێتە نێو کولتووری جەماوەرەوە)، بڕوانە پەرتووکێکی دیکەم لەژێر ناوی «وێنەگەلێك لە فرۆید». ئەڵبەت بەشگەلێك لە پەرتووکی ناوبراو بە بێزارییەکەوە نووسراوە ـ لە کولتووری جەماوەری و بەکاربردنی جەماوەرییانەی کاڵا ـ بێزارییەك کە لەم پەرتووکەدا هەوڵم داوە لە خۆمی دوور بخەمەوە.

٢- گەڕانەوە (Regression): زاراوەیەکی دەروونشیکارییە و لەدۆخێکدا دەبرێتە کار کە «خود» (ego یان دەرەتانێك لەدەروون) لەژێر دەسەڵاتی پرەنسیپی کەتواردایە و «نیشانەی ئەقڵ و بیرکردنەوەی ئەقڵانی»یە، چونکە هاندەرە ڕەمەکییەکان هەموار دەکات) ناتوانێ شۆکە شەهوانییەکان بەپێی ئەو شتەی، کە فرۆید ناوی لێناوە "پرەنسیپی کەتواری" کۆنترۆڵ بکات و لە باتیدا، تاك شێوە بیرکردنەوەیەکی منداڵانە بەکار دەهێنێ، کە ئەم شێوە بیرکردنەوەیەش پێوەندیی بە قۆناخە سەرەتاییەکانی گەشەی دەروونییەوە هەیە.

چوارچێوە کۆمەڵایەتییە لەمپەرییانەیە، کە ئێمە خۆمان ئەندامین تێیدا، ئەو چوارچێوەش هی ئێمەیە.

بەشی هەرە زیاتری ئەم پەڕتووکە لەسەر ئەم پرەنسیپەی سێیەمە (واتە ئاڵۆزیی دەروونی تێربوونێك، کە لە کولتووری جەماوەرییەوە سەرچاوە دەگرێ). بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە زیاتر پەنام بردۆتە بەر تیۆری دەروونشیکاری ـ یان بە وتەیەکی دیکە خوێندنەوەیەکی تایبەت لە تیۆری دەروونشیکاری. بەشێك لە پەراگرافی پێشوو دووبارە نووسینەوەی چەمکی "پاڵاوتن"ی فرۆیدە، واتە ئەم بۆچوونە، کە نیازی مرۆڤ بۆ چێژ رەنگە وەکو چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی بەهادار خۆی[1] دەربخات. بەپێی تیۆرەکەی فرۆید چێژە جنسییەکان دەتوانن بگۆڕدرێن بۆ لەزەتی جەستەیی و بە تەواویش خۆشییە جەستەییەکانیش دەتوانن بگۆڕدرێن بە خۆشی ناجەستەیی. ئەم بیرۆکەیە لە بەشەکانی دواتردا بەپێی پێویست دەهێنمە کار، هەرچەند لە جیاتی ئەوەی، کە بە تەنیا چەمکی باڵا بۆ فەرهەنگی جەماوەری بەکار بهێنم، بەمجۆرە لێکی دەدەمەوە، کە بیرکردنەوەی دووبارە لەسەر ئەم چەمکە و باقی چەمکە کلاسیکە فرۆیدییەکان لە تیۆرە پۆست فرۆیدییەکاندا کاریگەرییەکی ئەرێنییان هەبووە.

پاشتر لەسەر ئەو تێگەیشتنانەی، کە لە پێناوی تیۆرەکانی[2] کلاین و «پێوەندیی لەگەڵ ئۆبژە»، لە لێکۆڵینەوە دەروونشیکارییەکاندا لەسەر چەمکی پاڵاوتن دێنە ئاراوە دەدوێم، ئەمەشمان بۆ روون دەبێتەوە، کە چەمکەکەی کلاین سەبارەت بە «قەرەبووی زیان» (واتە ئەم بۆچوونە کە ئێمە پێویستە هەست بکەین کارگەلێکی باش لە ژیانماندا دەکەین، تاوەکو بتوانین لەم رێگەیەوە لەگەڵ ئەو گوناهانەی، کە لەمەڕ هەستە وێرانگەرەکانمانەوە تووشی دەبین، رابێین) لە چ لایەنێکەوە لێکچوویی لەگەڵ چەمکی پاڵاوتندا هەیە و پەرەی پێ دەدا.

سەرزیندوویی داهاتی دەستوور و رێکییەتی

*ئەم پێکەوە بەستراوییە دوو لایەنەی خەڵك، هۆکاری رێکیەتییەکی بێ وێنەیە. رێکیەتییەکی ناچارکەر و بەهێزتر لە ویستیی ئەقڵیی ئەو کەسانەی کە رێکیەتییان هێناوەتە ئاراوە (ل ٢٣٠)*

---

١- پاڵاوتن (Sublimation) یەکێکە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی میکانیزمی بەرەنگاری دەروونییە، کە تێیدا، تاك بە هۆی ناکامبوون لە بەدەستهێنانی ئەو خواستانەی کە هەست، بە نامومکینیان دەزانێ، ناخودئاگاهانە ئەو خواستانە بە شێوەیەکی جیاواز بەڵام مومکین دەهێنێتە ئاراوە.

٢- Melanie Klien (١٨٨٢ – ١٩٦٠) دەروونشیکاری ئۆتریشی

*تاك ناچار دەبێ کە ڕەفتاری خۆی بە شێوەیەکی زۆر جیاواز و هاوسەنگتر دابڕێژێ. (ل ٢٣٢).*

*هاوژینی خەڵك، هاوئاهەنگی مەبەست و بەرنامەکانیان، بەڵێنەکانیان بەیەکدیی - بە تەواوی نەك نابنە هۆی لە ناوچوونی تاکگەرییان، بگرە بەستێنێکیشە بۆ پەرەسەندنی (تاکگەرێتی) دەڕەخسێنێ. (ل ٣٥٦)/*

*نۆربێرت ئیلیاس [1] پرۆسەی فێربوونی شارستانییەت — بەرگی دووەم).*

بەو جۆرەی کە لە بەشەکانی دیکەدا بەڵگەی لەسەر دەهێنمەوە توخمە جەستەییەکان (یان بە وتەی فرۆید، توخمە شەهوانییەکان) زۆرینەیان لە ئەزموونە کولتوورییەکاندا دەپارێزرێن و برێ کاتیش بە راشکاوی دەردەکەون، بەڵام ئەم توخمە لە چوارچێوەیەکدا دەبەسترێتەوە، کە لە بنەمادا ناچاری هێنەرە. تەنیا لە چوارچێوەی ناچارییە کۆمەڵایەتییەکان (واتە چوارچێوەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگە و وێنەی کۆمەڵگەی بەربڵاو)دایە دەتوانین ببین بە تاك — بەواتایەکی دیکە بەهرەدار دەبین لە توانایەك، بۆ رۆڵ بینین و بەرپرسیارەتی. ناچار بوون بە وەها چوارچێوەیەك، چێژێکمان پێ دەبەخشێ، کە لە وزەی شەهوانی پاڵاوتنەوە سەرچاوە ناگرن، بگرە لەزەتەکەیان لە خۆیانە و هەستی تێربوون لە سەربەخۆیی و باڵقی و بەکارهێنانی هەلومەرجەکانی گەشەسەندن، داهاتی ئەو لەزەتانەیە. رێکیەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی، هەم بۆ ئەو ئەزموونە چێژبەخشانە، کە لە جەستەوە هەڵدەقوڵێن شوێنی هەیە، هەمیش لە خودی خۆیاندا سەرچاوەی سەرزیندووین. بەمجۆرە لە پێکدادانی نێوان کەتوار و چێژ ـ کە بە بڕوای فرۆید (١٩١١) رۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە گەشەسەندنی دەروونی تاکدا ـ «پرەنسیپی کەتوارگەری» دەتوانێ «پرەنسیپی چێژ» لە خۆیدا بگونجێنێ نەوەکو دژایەتی لەگەڵ بکات.

بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، رەنگە هۆکارەکانی هۆگریی زیاتری ئێمە بۆ کولتوور ئەوە بێت، کە دەرفەتی چێژ و لەزەتی زیاترمان بۆ دەڕەخسێنێ. ئێمە هەم لەمپەرەکانی لەزەتمان پێ خۆشە، هەمیش دەرفەتی لەزەت بردن، چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکدین. بۆ چێژوەرگرتن لە چێژە شەهوانییەکان، چارەیەکمان نییە، جگە لەوەی کە لەو چەمکانەدا کە بینران بڕوایان پێیەتی بەشداری بکەین و پێوەندییەکی دوو لایەنەیان لەگەڵدا بگرین، (بە وتەیەکی سادەتر) دەستەمۆی کۆمەڵگە بینەوە، ئەو رێکیەتییەش ئاخنراوە لەسەر زیندوویی

---

1- Norbert Elias

جەستەیی. چونکە لە سەرەتاکانی گەشەسەندنی تاکدا بنەماکەی دارێژراوە، واتە ئەو کاتەی ئەزموونی جەستە و ئەزموونی کولتووری تێك دەئاڵێن.

ئەلف و بێی بەربەستە کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارەتییە تاکە کەسییەکان لە ڕێگەی ئەو پێوەندییانەوە فێر دەبین، کە لە بنەماوە چییەتییەکی جەستەییان هەیە، بەڵام هۆگری لە رادە بەدەرمان بۆ دەسەڵاتە ناچارکەرەکان و سەرزیندووییەك، کە لەم دەسەڵاتانەوە وەریدەگرین، رەنگە بتوانین لە بنەڕەتیترین ئاستی دا بەپێی ئەمەکناسییەك لەبەر چاو بگرین، کە ـ ئەگەر بەختەوەر بین ـ بۆ باوك و دایکمان، هەستی پێدەکەین. بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەم هەستەمان بۆ دایك و باوکمان، کە ئێمەیان هێناوەتە دنیا و گەورەیان کردووین هەیە، پاشان ئەم هەستە بە شێوەیەکی سەمبولیك پەرە پێدەدەین ئەویش لە سیستەمی کۆمەڵگەدا. هەرچەند کە سەرچاوەی ئەم هەستە هەمان کۆمەڵگەیە، کە ئەزموونێك لە بەشداریکردنمان ـ ئەگەر بەشێوەیەکی کەم رەنگ و نابەردەوامیش بێت ـ بۆ تەیار دەکات (یان لە راستیدا بەشداریکردن یەکێك لە مەرجە پێك هێنەرەکانییەتی). رەنگە تاك، بۆ ئەوەی بووەتە ئەو تاکەی، کە ئێستە هەیە (بە چاوپۆشی کردن لە هیوا و چاوەڕوانییەکانی)، هەست بە ئەمەکناسی بکات، بەڵام هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تاك خۆی بە ئەندامی کۆمەڵگە دەزانێ.

لە دواییدا دەتوانین بڵێین، کە ئەم پەڕتووکە بەو هۆکارانەوە، کە باسیان لەسەر کرا، لایەنە لە بنەڕەتە شەهوانییەکانی ئەزموونی کولتووری لە هەندێك بەستێنی تایبەتدا، هەروەها چییەتی" لە بنەماوە کۆمەڵایەتی لەزەتە جەستەیی و مادییەکان لێکدەداتەوە. داهاتی ئەم لێکدانەوەیە، شیکارییەکی دەروونشیکارانەیە لە هەڵسەنگاندنی کولتووری جەماوەریدا.

## دەروونشیکاری و راڤەکاریی لایەنگرانە:

دەروونشیکاری هیچ تێڕوانینێکی روونی لەسەر کولتووری جەماوەری نییە. سەرەڕای ئەمەش کۆکردنەوەی بەراوردێك لە کولتووری جەماوەری بەپێی ئەو شتانەی، کە لە نووسراوە پرش و بڵاوە دەروونشیکارییەکاندا لە بەردەستدان، لەوانەیە کارێکی دژوار نەبێ و رەنگە ئەنجامەکەشی بۆچوونێکی نەرێنی لەسەر کولتوور بەدەستەوە بدات[1]. زۆرینەی داهاتە فرە

١- ئەو نووسراوانە. لە تێڕوانینی قوتابخانەی لاکانەوە لەسەر کولتوور نووسراون و بابەتەکانیشی زۆرتر فیلمە سینەمایی و نووسراوە ئەدەبییەکانن. زۆرینەیان روانینێکی نەرێنییان نییە، بگرە لەهەمبەر ئەم کولتوورەدا هەڵوێستێکی دوولایەنەیان هەیە. بۆ نموونە بڕوانە ژیژەك (١٩٩١)

خەرجییەکانی ئەدەبی جەماوەری (سینەما، تەلەڤیزیۆن و ڤیدیۆ) لە باشترین دۆخدا بزوێنەری هەستە ئاساییی و لە خراپترین دۆخیشدا دەتوانن بە دڵی "خەڵکی هەڵە" بن. بە واتایەکی پسپۆڕانە، جووڵانەوەی هەستی رەمەکی داهاتی بێ توانایییە لە بەرگەگرتنی راستییەکاندا[1]، ئەم فیلمەش کە بەدڵی بە هەڵەچووانە فیلمێکە، کە زۆرتر ناحەزی و وێرانگەری پیشانی خەڵك دەدا[2]. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، کە کولتووری جەماوەری لەگەڵ راستییە دەروونییەکاندا دژایەتی دەکات، بەڵگەی دەروونشیکاری زۆر لە بەر دەستدایە، چونکە لەم کولتوورەدا ئەو شتانەی کە تێگەیشتنیان ئاسانە و هۆکاری خۆ بواردن و خۆ دزینن لە راستییەکان، هەڵدەبژێرێتە سەر شتە سەختەکان، کە دڵەڕاوکێی بۆ چێ دەکەن.

ئەم تێڕوانینە ـ ئەگەر پەرەبدرێتە تەواوی بەشەکانی دیکەی کولتووری جەماوەری ـ لەگەڵ شێوازێکی تایبەت لە ئەزموونی چینایەتیدا تەبایی هەیە" ئەزموونی چینی خوێندەوار ـ بە واتا باوەکەی ـ چینی «پیتۆڵی» ناوەندی لەگەڵ چینی هەرە تێگەیشتوو لە کولتووری باڵای ئەدەب و هونەری پەیکەرسازی و مۆزیکی کلاسیك بە گرینگترین چەشنی ئەزموونی جوانیناسانە و دەرکەوتنی هەرە زیاتری بەها ڕەوشتمەندییەکان دەزانن. ئەم جۆرە روانینە، کە لەسەر بنەمای شوێنگەی چینایەتی راوەستاوە، بابەتی باوی دەروونشیکارییە. بە واتایەکی دیکە جگە لەو کاتانەی کە لێکۆڵەران سەرنجیان داوەتە بابەتگەلێکی دیکە، لێکۆڵینەوە دەروونشیکارییەکانی کولتوور و پێوەرەکانی ئەم روانینە، گرەوێتی خودیی بۆ کولتووری باڵا بەرهەم دەهێنێتەوە. هۆکارەکەی ئەوەیە، کە سەرەڕای نێزیکبوونەوەی پتری دەروونشیکاری لە ئارمانجە دژە بنەڕەتەکانی کولتووری جەماوەری، هەروەها سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم تیۆرە بەشێك لە توخمەکانی سیستەمی زاڵ نییە، هێشتەکەش دەروونشیکاری بە دەستی توێژی سەرووی توێژی ناوەندییەوەیە. (بارودۆخی دەروونشیکاری لە بەریتانیادا هەر بەجۆرەیە، ئەگەرچی ئەم بابەتەش لە زۆرینەی ئەو وڵاتانەدا، کە دەروونشیکارییان تێدا سەقامگیر بووە، هەیە) دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کە زۆرینەی نەخۆش و دەروونشیکارانیش لەم چینەن. جیا لەمەش، بەو جۆرە، کە لە نموونەی پێوەندیی دەروونشیکاری، لەگەڵ گرووپی «بلوومز

1- Chasseguet – Smirgel , 1985
2- Hinshelwood, 19989; Hering . 1994

بووری» له[٣] ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانی بۆمــان روون دەبێتــەوە، ئەمــە کولتوورێکــە (ئەگەرچی رەنگە رەوشتێکی دژوازانەی هەبێ) گەشەی داوەتە دەروونشــیکاری لــە فەزایــەکی تەواو نەیارانەدا. (هەر ئەم رۆشنبیرانە نووسینەکانی فرۆیدیان وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و بڵاویان کردەوە)، بەڵام زۆرینەی خەڵك وەها خواستێکی کولتوورییان نییە و بۆ تێگەیشــتنی ئەزموونی رۆژانە و بویەرەکانی ژیانی تاکە کەسییان بە پێویستی نازانن. ژمارەیەکی زۆر (لــە خەڵك)، کە لە کولتوورێکی کرێکاری و چینی ژێر ناوەندیدا لە دایك بوون، بنەمایــەی ژیــانی جوانیناسانەیان بە شیمانەوە زۆرتر لە دیاردەگەلێکی وەك تەلەڤیزیۆنــدا (هــەم لــە نــاوەرۆکی بەرنامەکاندا، هەمیش لە فۆڕمدا وەکو میدیایەك) دەبینن، هەروەها لە باقی فۆڕمەکانیشدا، سەرگەرمی، سەیران لە شار و پەراوێزی شارێکدا، کە تێیدا دەژین، لەو شتانەدا، کە دەیکڕین یان تامەزرۆی کڕینیانن لە پڕوپاگەندە یان لە دیزاینە بازرگانییەکان و موزیکی جەماوەریــدا. بە چاوپۆشی کردن لەوەی کە لە قۆناخە دواییەکانی ژیاندا، چەندە رۆیشتبێتین بۆ بینینی شانۆ و تــەلارەکانی موزیــك و چــەندە هــاودەمی وێنــەگران و شــاعیرانمان کردبــێ، دڵبەســتوویيە جوانیناسانەکانمان، بە چتانێکی دیکەوە خووخدەیان گرتووە. چــتانێکی وەکــو دەنگــی رادیــۆ لۆگزامبورگ (یان جێگرە جۆراوجۆرەکانی لەو ئێزگە رادیۆییانەدا)، کە تایبــەت بــە مــوزیکی پاپن)، نەك «پرۆگرامی سێیەم» (ناوی پێشووی پرۆگرامی موزیکی کلاسیکی رادیۆ بــی بــی سی)، یان فۆرم و شێوازی کــاڵا بەکاربــەرەکان و پەیکــەرە باوەکــانی هونــەر، یــان شــەقامی کارۆنەیشن [١] و باقی سریاڵە بازاڕی پەسەندە تەلەڤیزیونەکان و شانۆکانی شکسپیەر.

زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە رابردوودا ـ وەکو دەروونشیکاری لە هەنووکەدا— زۆرتر لەسەر بابەتگەلێك لێکۆڵینــەوەی دەکــرد، کــە لــەئەزموونــە چــینایەتییەکانی توێــژێکی پیتۆڵــەوە سەرچاوەی دەگرت، بەڵام پەرەسەندنی فێرکاری باڵا و زانســتە کۆمەڵایەتییــەکان لــە دەیــەی

٣- «بلوومزبووری» (Bloomsbory) ناوی یەکێك لە گەڕەکە کۆنەکانی لەندەنــە، کــە ئێســتــەکە زانکــۆی لەندەن و مۆزەخانەی بەناوبانگی بەریتانیای تێدایە، ناوی ئەم گەڕەکە لە مێژەوە لکاوەتە ناوی چەشنە جــۆراو جۆرەکانی کۆبوونەوە و کۆڕە ئەدەبییەکانەوە. «گرووپی بلوومزبووری» گرووپێك بوو پێکهاتوو لە نووســەران و رۆشنبیرانی ئینگلیز کە لە مەودای نێوان ساڵەکانی ١٩١٠ — ١٩٣٠ لە ماڵی ئەندامانی ئــەم گرووپــە، لــەو گەڕەکدا کۆ دەبوونەوە و دادەنیشتنە سەر باس و وتووێژ و لەسەر بابەتی فەلسەفی و جوانیناسانە.

١- Coronation street ناوی درامایەکە بــە هــۆگرانێکی زۆرەوە، کــە ســاڵەهایە لــە یــەکێك لــە کەناڵــە تەلەڤیزیۆنییەکانی ئینگلیزەوە بڵاو دەبێتەوە.

(١٩٦٠)دا ئەم بارودۆخەی گۆڕاوە بە بارودۆخێك، كە ئێستە ئاشنای هەموومانە. لەمەولاش گوێ ڕاگیرا بۆ دەنگی نووزە لێبڕاو و زۆرجار تووڕەكانی چینی خوارووی كۆمەڵگە. لە هەندێك لە بەشەكانی لێكۆڵینەوەدا ئەم دەنگانە بوون بە بابەت و سەرچەشنی هۆشمەندیی لێكدانەوە. لەم گۆڕانكارییەدا هەم لایەنی ئەرێنی دیارە، هەمیش لایەنی نەرێنی. هەرچەند كە كۆی كارەكە كاریگەریی ئەرێنیی زۆری بەدواوە بووە. لە داهاتە ئەرێنییەكانی ئەم گۆڕانكارییەش دەتوانین ئاماژە بكەینە هاتنە ئارای توانێكی نوێ و گوێڕایەڵی بۆ بەرابەری كۆمەلایەتی، لە هەندێك بواری لێكۆڵینەوەییدا. بوارگەلێك، كە ئەگەر ئەم گۆڕانە رووی نەدایە، هێشتەكە لەژێر دەست و دەسەلاتی پیتۆڵگەرێتی و خۆبەزل زانینی پیتۆلانەدا دەمایەوە. لە راستیدا ئەم گۆڕانكارییە ڕێگەگەلێكی نوێی بۆ لێكدانەوە كردووەتەوە و ئاوڕێكی نوێی داوەتە بابەتە كۆنەكان، هەرچەندە دۆگماتیزم و خۆ بەزل زانیشی لەگەڵدا بووە.

ئەو خوێنەرانەی كە لە زنجیرە خوێندنەوە فەلسەفی یان كۆمەلایەتییەكاندا دەسكەوتیان بووە، دەزانن، كە یەكێك لە نموونە زۆر بەناوبانگەكانی ئەم گۆڕانكارییە، لێكولێنەوەگەلێكە كە «بنكەی خوێندنەوە كولتوورییە هەنووكەییەكان» لە زانكۆی بێرمینگام لە دەیەی (١٩٧٠)دا كردوویەتی. لەم لێكۆڵینەوانەدا، گرووپێك لە كۆمەڵناسانی لاو كە زۆرینەیان لە بنەماڵەگەلێكی كرێكار و ژێر ناوەندی بوون، ئەو كولتووره جەماوەرییانەی، كە تێیدا گەورە بووبوون، دایە بەر شیكردنەوە و شرۆڤە، ئەویش لە روانینێكی كۆمەڵناسانە و مێژووییەوە. لێكدانەوەكانیان بە رادەیەك كاریگەر بوون، كە كولتووری لاوەكان بوو بە بابەتێكی داخ[1]. ئەوان لەم لێكۆڵینەوانەدا بە تێڕوانینێكی بەراوردكارانەوە جەختیان كردووەتە سەر داهێنان و وردكارییەكانی كولتووری جەماوەری. هەروەها چۆنییەتی دوو لایەنەی فۆرمە كولتوورییە جەماوەرییەكان، كارتێكردنی ئەم فۆرمانە لە كولتووری بۆرژوایی و كالایی فەرمیدا و بەرهەڵست بوونەوەیان لە هەمبەر دەستوور و ڕێكیەتی و شوێنی كار و بازاڕ و حكوومەت، لە روانینییەكی ماركسیزمی نوێوە وەكو خاڵگەلێكی ئەرێنی بەرجەستە كردووە. ئەم بۆچوونەش، كە كولتووری جەماوەری لە گەوهەریدا لەگەڵ هەر چەشنە ڕێكیەتییەكی زاڵ، دژایەتی هەیە یاخۆ وەكو لە بنەماوە، خۆی هەڵگری بەستێنێكە بۆ سەرهەڵدانی جیاوازیی چینایەتی، لە قۆناخە دواییەكانی پرۆسەكەدا رەتكرایەوە، لە باتی گرەوێتییە تێك تەنراو ـ و لە هەندێك

---

١- بۆ نموونە بڕوانە هال (Hall) و جێفرسۆن، (Jefferson)١٩٧٦.

لایەنەوە "پۆست مۆدێرن"ـەکان بۆ ناسینی کێشەکان بوو بە رێباز. هەروەها روونیش بووە، کە جیاوازییەکانی فەرهەنگی جەماوەر لەگەڵ فەرهەنگی (باڵا) یاخۆ پیتۆڵپەروەردا ئیدی بۆ باسکردن لەسەر جیاوازی و ناکۆکییە فەرهەنگییەکان رۆڵی سەرەکیی ناگێڕێ[٢]. بە هەمووی ئەمانەوە لە هەرێمی جەماوەریی فەرهەنگدا، بەشێکی هەرە زۆر لە باسەکانی پێوەندیدار بە بەها جەماوەرییەکان، هێشتە لەژێر باڵی پێوەرە پتیوڵ پەروەرەکاندایە، بەڵام سەرهەڵدانی خوێندنەوەی فەرهەنگی، سەلمێنەری بە پێویست زانین و گرینگیی لێکدانەوەی فەرهەنگی جەماوەرە وەکو بابەتێکی بنەمایی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی، هەروەها گەورەترین شێوەی ژیانی خەڵك بوو. لە پەرەسەندنە دواییەکانی تیۆری فەرهەنگیدا هەروەها ئەم بابەتەش روون بووەتەوە، کە چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئالۆزی رۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی فەرهەنگی جەماوەریدا، هەرچەند کە دەکرێ ئەم ئالۆزییانە بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر باسیان لەسەر بکرێ" ئالۆزیی هەژموونیی لە هەمبەری ئالۆزییە دژە هەژموونییەکان، ئالۆزیی ئەقلانیی لە هەمبەری ئالۆزییە نائەقلانییەکان، ئالۆزیی جیهانی لە هەمبەر ئالۆزی ناوچەیی و...هتد.

ئەم پەڕتووکە لە رێگەی دەروونشیکارییەوە، روانینییەکی لێکچوو بۆچوونە ناخی جوانیناسی پێشنیاز دەکات، (واتە ئەم روانینەیە، کە دەروونشیکاری شیکردنەوەیەکی دڵسۆزانە لە فەرهەنگی جەماوەردا بگرێتە بەر و بنەمای ئەم شرۆڤەیەش، پەیداکردنی تایبەتمەندییەکانی ئالۆزیی، سەرەکیی بێت)، بۆچوونێك کە هێزە بارهێنەرەکەی دژایەتییەکی لەگەڵ کارکردە دیموکراتی و درێژەدەرەکانی ژیاندا نییە، بگرە لە خودی خۆیدا وەها چتێك بوونی هەیە. ئەم بۆچوونە بە ئاماژە بردنە سەری بەشگەلێکی تایبەت لە فەرهەنگی جەماوەری دەدەمە بەر باس، لێرەشدا بە پێویستی دەزانم دوو خاڵ سەبارەت بە دەلالەتەکانی ئەم دەرەتانە کە بۆ شیکاری ئەم پەڕتووکەم هەڵبژاردووە (بەتایبەت دەلالەتە سیاسییەکان، بە واتای بەربلاوی «سیاسەت») بخەمە بەر چاو.

خاڵی یەکەم ئەوەیە، کە بە گشتیی زمانی زاڵ بە سەر ئەم پەڕتووکە، ئەرێنی دەنوێنێ بە جۆرێك، کە خوێنەر وا بزانێ کە لە ئەرێنی نواندنی، بەهاکانی فەرهەنگی جەماوەریدا زێدەڕۆیی کراوە و لایەنە بێگانە کراو و رووخێنەرەکانی لەبەر چاو نەگیراوە. ئەگەر رەخنە بە

٢- بڕوانە مەکەیب (MacCabe) ١٩٨٦ و ویلیس (Willis) ١٩٩٠.

بەشێکی پێویست و جیانەکراوە لە هەر شیکارییەکی کۆمەڵایەتیی بزانین، ئەو دەمە ئەم زمانە، خاڵی لاوازی ئەم پەڕتووکەیە، بەڵام بە بڕوای من بە، لەبەر چاوگرتنی بەردەوامی پەرەسەندنی پیتۆڵگەریتی‌دا، تۆزێك لایەنگری سەرسەختانە گرفتهێنەر نییە، ئەم لایەنگرییە زۆر تا کەم لەگەڵ لایەنی یەکیەتیی بەخشی فەرهەنگی جەماوەریدا، کە پێشتر ئاماژەم پێکرد لێکچوویی هەیە. بەم جۆرە ئامانجی من خستنە رووی روانینییەکی تەواو گەشبینانە لەسەر بابەتەکانی ئەم پەڕتووکە نەبووە، بگرە هیوادارم توانیبێتم خوازەی دوو لایەنەی فەرهەنگ و بەرگرەکانی چەشنگەلێکی تایبەتی فەرهەنگ - کە وەکو بەستێنێکن بۆ گەشەکردنی سۆزگەرێتی - پێشان بدەم.

ئەڵبەت ئەوە شتێکی روونە، کە زۆرینەی دیاردە فەرهەنگییەکان وەکو بنیاتگەلێکی بەهاداری کۆمەڵایەتیی دەخەمە بەر باس. ئەمەش نە بەو هۆیەوە، کە کولتووری جەماوەری جۆرێك بەرخۆدانکردنە، لە هەمبەری فەرهەنگێکی چەوسێنەری هەژموونی‌دا (ئەگەرچی رەنگە فەرهەنگی جەماوەر برێ جار وەها رۆڵێك بگێڕێ)، بگرە لەو رووەوە، کە ئەم فەرهەنگە شێوەیەکی تەسەل و دەسەڵاتدارە، لە بەشداریکردنی مرۆڤەکان لە سەردەمی مۆدێرندا.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە برێك لە فۆڕمە فەرهەنگییەکانی بەر باسی ئەم پەڕتووکە، هەم لە بواری شێوەی گەشەکردنی مێژووییەوە، هەمیش لە بواری ئەو واتاگەلەی، کە لە هەنووکەدا دەیسەپێنن، شوناسێکی جنسییان هەیە، چونکە زۆرتر پیاوان تێیدا بەشداری دەکەن.

راستە کە هەر نووسراوەیەك لەمەڕ کۆمەڵگە، دەتوانێ تا ڕادەیەك پێشاندەری بارودۆخ و بیروڕای تاکەکەسی نووسەرەکەی بێت و سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەزموونە تاکەکەسییەکانی نووسەر، بەڵام ئەزموونی تاکە کەسی خۆم ـــ وەکو پیاوێك بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتەوە ـــ بە شێوەیەکی راستەوخۆ بووەتە هۆی هەڵبژاردنی هەندێك لە بابەتەکانی ئەم پەڕتووکە. دڵنیگەرانی ئەمەیە، چونکە لەوانەیە برێك لە خوێنەرە مێیینەکان حەز لە خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکە نەکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا داکۆکی لێ دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەو پێکهاتە هەستییانە، کە بنەمای ئەم ئەزموونە نێرینەیەن، لە کەتواردا شوناسێکی جیهانیان هەیە. کردنەوەی هەر پەنجەرەیەك بۆ سەر ئەم پێکهاتانە، بە ناچار روانینێکی تایبەتیشی لەگەڵدایە (لەم بوارەشدا بڕوانە بەشی ٨) بەڵام ناسینەوەی ئەم پێکهاتانە بەستێنێك دەڕەخسێنێ بۆ هەڵسەنگاندنیان لە روانینی دیکەوە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازدا، بە واتایەکی دیکە بارودۆخێك دێنێتە ئاراوە بۆ هەڵسەنگاندنیان

بەپێی بیروڕای جیاوازی تاکەکەسی، هەروەها بەپێی چەشنە فەرهەنگییە جیاوازەکان. ویستی منیش هەر ئەمەیە، کە تایبەتمەندییەکانی ئەم پێکهاتانە بە جۆرێ بخەمە بەر باس تاوەکو ئەو خوێنەرانەی کە هۆگر نین، سەرەڕای راهاتن تا گەیشتن بە داهاتە گشتییەکانی ئەم پەڕتووکە، بتوانن بابەتێکی بەرچاو و راکێشەر لە باسکردنەکەی مندا بدۆزنەوە.

هیوادارم لە کۆتاییدا، لێکدانەوەیەکی تەواو دەروونی ـ کۆمەڵایەتی بێ، لێکدانەوەیەك، کە واتای دەروونی و رەنگدانەوەی سۆزداری، برێك لە گرینگترین دیاردە فەرهەنگییەکان بخاتە بەر لێکۆڵینە و رەهەندە مێژوویی و سیاسییەکانیشی نەخاتە پشت گوێ. ئەوەی کە بە تایبەت لەم بوارەدا گرینگە، هۆکارگەلێکی سیانەیە، کە ئەمڕۆ بە چەمکی بنەمایی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێن. چەمکی "چین" رۆحی ژیاندەری ئەم پەڕتووکەیە. ئەڵبەت من چینی کۆمەڵایەتیم نە بە واتایەکی مارکیستی، بگرە بە سەرنجدان بە رەنگدانەوەگەلێکی بەردەوام بە کار بردووە کە پێکهاتەی چینایەتی باو هێشتە لە زۆرینەی هەرێمە فەرهەنگییەکاندا سازی دەکات، هەرچەند کە ئەم پێکهاتەیە ئێستەکە لە بواری ئابووریدا تا رادەیەکی زۆر هەموار کراوە.

جنس بەو جۆرەی، کە پێشتر ئاماژەم کرد، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکان بووە، ئەڵبەت بەڵگەش دەهێنمەوە، کە ئەمە بەو واتایە نییە، تەواوی شیکارییەکەی من لەژێر کاریگەرێتی جنس و رەگەزدایە. چەمکی رەگەز لە سەرتاسەری ئەم پەڕتووکەدا رۆڵی هەیە، ئەگەریش لە بیری نەکەین، کە گرفتەکانی باسکردن لەسەر جیاوازییە نەتەوەییەکان گەورەترین سەرچاوەی کارای دژایەتی و توندوتیژییە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، ئەو کات دەکرێ بیسەلمێنین، کە رادەی توانی چەشنەکانی فەرهەنگ ـ وەکو ئەو نموونانەی لەم پەڕتووکەدا باسی لەسەر دەکرێ- بۆ بەرگری لەم گرفتانە بابەتێکی زۆر گرینگە (لە خوێندنەوە دەروونشیکارانە کۆمەڵایەتییەکاندا).

# بەشی دووەم

له دووه‌مین به‌شدا، كه‌ وه‌كو پێشه‌كییه‌كه‌ بۆ ئه‌م په‌ڕتووكه‌، بڕێك له‌ لایه‌نه‌كانی تیۆری ده‌روونشیكاری وه‌كو كه‌ره‌سته‌یه‌ك بۆ شرۆڤه‌ی فه‌رهه‌نگی ده‌خه‌مه‌ به‌ر باس[1]. بابه‌تی ئه‌م به‌شه‌ له‌ كه‌تواردا باسی ره‌وشتی لێكۆڵینه‌وه‌یه‌، هه‌ر بۆیه‌ ئه‌و خوێنه‌رانه‌ی، كه‌ هۆگرییه‌كی تایبه‌تیان بۆ بابه‌تی ده‌رهه‌ستی پێوه‌ندیدار به‌ ره‌وشته‌كانی لێكۆڵینه‌وه‌ نییه‌ ده‌توانن نه‌یخوێننه‌وه‌. هه‌روه‌ها ده‌كرێ دوای خوێندنه‌وه‌ی به‌شی دووه‌می ئه‌م په‌ڕتووكه‌ بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ ئه‌م به‌شه‌ و بیخوێننه‌وه‌، چونكه‌ ره‌نگه‌ له‌ كاتی خوێندنه‌وه‌ی به‌شی دووه‌مدا پرسیارگه‌لێك له‌ چۆنییه‌تی ئه‌م لێكدانه‌وه‌گه‌له‌ له‌ هۆشمه‌ندی خوێنه‌ردا سه‌ر هه‌ڵبدا. له‌م به‌شه‌دا هه‌وڵ ده‌ده‌م له‌سه‌ر ئه‌مه‌ بدوێم، كه‌ به‌كارهێنانی چه‌مكی ده‌روونشیكاری بۆ لێكدانه‌وه‌ و خوێندنه‌وه‌ له‌سه‌ر پرۆسه‌ كۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگییه‌كان به‌ چ شێوه‌یه‌كه‌. له‌م لێداوانه‌دا بڕێك له‌ چه‌شنه‌كانی كاره‌كه‌ و زاراوه‌كانی ئه‌م شێوه‌ لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ ده‌خه‌ینه‌ به‌ر باس.

## لێكدانه‌وه‌

بڕێ جار زاراوه‌ی «لێكدانه‌وه‌» بۆ ئه‌م چه‌شنه‌ خوێندنه‌وه‌یه‌ ده‌برێته‌ كار[2]، به‌ڵام به‌شێكی هه‌ره‌ زۆری ئه‌و نووسراوانه‌ی، كه‌ به‌ پره‌نسیپی ده‌روونشیكارییه‌وه‌ له‌سه‌ر فه‌رهه‌نگی ئه‌مڕۆیی نووسراون، ناوی «لێكدانه‌وه‌»یان -به‌ واتا باوه‌كه‌ی له‌ زانسته‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كاندا-، له‌سه‌ر نانرێ. شایانی باسه‌ ئه‌م واتاگه‌له‌ نییه‌ له‌ گره‌وی شیكردنه‌وه‌ی ژماره‌ (لێكدانه‌وه‌ی ئامارییی له‌ چه‌شنه‌ باوه‌كه‌ی له‌ بڕێك شێوه‌ ناسراوه‌كانی لێكۆلینه‌وه‌ی زانستی كۆمه‌ڵایه‌تی)دا یان ئاماژه‌ی نییه‌ بۆ سه‌رچه‌شنی لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌زموونی (كه‌ سایكولۆجی له‌ به‌شێكی هه‌ره‌ مه‌زندا خستوته‌ ژێر ركێفی خۆی). جیاوازیی ره‌وشته‌ لێكۆڵینه‌وه‌ییه‌كان، كه‌ ئه‌مڕۆ له‌ زانسته‌ مرۆیی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كاندا باون زۆرتر له‌وه‌یه‌، كه‌ چاوه‌ڕوان ده‌كرێ. ره‌وشتگه‌لێكی زۆری «لێكۆڵینه‌وه‌ی چۆنییه‌تی» هه‌یه‌، كه‌ بنه‌ماكه‌یان، شرۆڤه‌ی چه‌شنه‌ جۆراوجۆره‌كانی ده‌ق و به‌ڵگه‌ی به‌رده‌سته‌ له‌ ڕێگه‌ی بینین و روونووسی هه‌ڤپه‌یڤینه‌وه‌. ئه‌م لێكۆڵینه‌وانه‌ هه‌م ئاڵۆزن و

---

١- پێشنووسی ئه‌م لێدوانه‌ كه‌ پێشتر له‌ فیبرهڤه‌ری ١٩٩٣ له‌سه‌ر ره‌وشته‌كانی لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ بازنه‌ی خوێندنه‌ ده‌روونشیكاریه‌كاندا بۆ خوێندكارانی خوێندنی باڵا له‌ «بنكه‌ی خوێندنه‌وه‌ ده‌روونشیكارایی‌یه‌كان» له‌ زانكۆی كێنتدا ئه‌نجام درا.

٢- بۆ نموونه‌ بڕوانه‌ هیلمووت دامێر (Helmut Dahmer) ١٩٩٣

هەمیش وردەکارییەکی تایبەتیان هەیە، بڕێکیان لەگەڵ دەرمانی بالینیدا ئامانجگەلێکی هاوبەشیان هەیە. بۆ نموونە، کەڵك وەرگرتن لە زانیارییە بیوگرافییەکان، کە خودی ئەو کەسە یان کەسانێکی دیکە نووسیویانە، مێژوویییەکی لە مێژینەیان هەیە، بڕێك لە لێتوێژە کۆمەڵایەتییەکان پتر لە رابردوو سەرنجیان داوەتە سەری[1].

سیستەماتیکبوون، بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوە دەزانن. هەر لێکۆڵینەوەیەك لە دوو لایەنەوە دەبێ سیستەماتیك بێ: لە پلەی یەکەمدا لە بواری هەڵبژاردنی نموونەوە، لە پلەی دووەمیشدا لە بواری راڤەوە. سیستەماتیك بوونی هەڵبژاردنی نموونە، بەم واتایەیە، کە تاکەکەس دەق یاخۆ بابەتەکانی خوێندنەوەی بە شێوەیەکی سیستەماتیك و بەپێی پرەنسیپێکی گونجاو هەڵبژارد بێت. بۆ نموونە لە بڕێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر پڕوپاگەندە و دەلالەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرێن، پێویستە رێکلامی بەرهەمە تایبەتەکان لە میدیاکاندا و لە کاتی دیارکراودا بخەینە ژێر لێکدانەوە و بۆ هەڵبژاردنی هەر یەك لەمانە دەبێ بەڵگەگەلێکی رەوامان بەپێی ئامانجی لێکۆڵینەوە بەدەستەوە بێ.

جیا لە سیستەماتیکبوونی هەڵبژاردنی نموونە ئەو راڤەیەش، کە لەسەر هەر لێکۆڵینەوەیەك دەکرێ دەبێ سیستەماتیك بێ. بە واتایەکی دیکە دەبێ رەوشتگەلێکی تایبەت بە شێوەیەکی تێکتەنراو لە شرۆڤەی داتاکاندا بخرێنەکار. بۆ نموونە لێتوێژانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شرۆڤەی ئەو داتاگەلە، کە چۆنییەتی دەگەیەنن هەولگەلێکی تایبەتیان داوە، بۆ داهێنانی رەوشتگەلێك بۆ دانانی کۆد لەسەریان دا. ئەم جۆرە رەوشتانە ئەوەمان بۆ دەرەخسێنن، کە هەزاران رێکلامی بازرگانی بخەینە بەر لێکدانەوە و رێگەیەك بۆ دیارکردنی بابەتە سەرەکییەکانی هەموو یاخۆ بڕێکیان بدۆزینەوە، یان رێگەیەك بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنیان لە دەستەگەلێکی بچووك و جیاوازدا بەپێی بابەتە سەرەکییەکانیان دەست نیشان بکەین، یان رێگەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتەی، کە لەم رێکلامانەدا چەندە بەڵگەگەلێك لەسەر داسەپاندنی گریمانەکەمان سەبارەت بە ناوەڕۆکی پڕوپاگەندە دەبینرێن. هەندێك لە لێتوێژانی کەنەدایی بەکەڵك وەرگرتن لەم رەوشتە ئەمەیان سەپاندووە، کە لە سەدەی ڕابردوودا، رێکلامە چاپییەکان زۆرتر بەپێی بۆچوونێکی چەواشەکەر و خەڵەتێنەر دارێژراون تا بەپێی

---

١- بۆ نموونە بڕوانە بێرتاکس (Bertaux)، ١٩٨١ : دێنزین (Denzin)، ١٩٨٩: رۆزێنتاڵ (Rosenthal) ١٩٩٠: لۆنت (Lunt)و لیڤینگستۆن (Lovingstone)، ١٩٩٢.

بۆچوونێکی ئـەقڵانی، بـە وتەیـەکی دیکـە هـەوڵ دەدرێ زۆرینـەی کاڵاکـان بـە شـێوەیەکی ئەفسووناوی و سیحرئامێز و سەرنجڕاکێشەرانە پڕوپاگەندەیان بۆ بکرێ، تاوەکو بە شـێوەیەکی کەتواری[1]. گەیشتن بەو ئاکامە ـ کە بۆ هەرسکردنی فەرهەنگی مۆدێرن پێویستە ـ پێویستیی بە بەکارهێنانی رەوشتی ئەو کۆددانانە لەسەر نموونە سیستەماتیکەکان.

زۆرینەی ئەم تۆژینەوە کۆمەڵایەتییانەش، داتا و ئەنجامگەلێکیان بە دواوەیە، کـە رەنگـە لـە روانـینی دەروونشـیکارییەوە زۆر سەرسـووڕهێنەر بـن، بـەڵام لـە بـواری فەرهەنگیـدا، لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارانەی زۆر هەیە، کە یان هەڵبژاردنی نموونـەکانیان یـاخۆ شـیکاریی ئەنجام دراو تێیاندا چـۆنییەتییەکی سیسـتەماتیکیان هەیـە. یـەکێك لـە بەرچـاوترینی ئـەو لێکۆلینەوانـەی لـەم بـوارەدا ئـەنجام دراون، نووسـراوەکانی مێژوونووسـی ئەمـەریکی «کریستۆفیرلیش»[2]ـە، کە هەردوو پەڕتووکەکەی (لەژێر ناوی فەرهەنگی خۆشیفتەیی) ١٩٧٨ و (دەروونی کەمینە ١٩٨٤) بە راستی لـە رسـتەی کاریگـەرترین شـوێنەواری نوێدایـە، لـە خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی کولتووردا. *لێش* بەڵگە دەهێنێتـەوە، کـە گۆڕانکاریگـەلێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری تایبەت، لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا هێزی تێپەڕاندنی[3] پرۆسەی جودایی یان کەم کردووەتەوە. لەم رووەشەوە مرۆڤەکان بۆ دامرکاندنـەوەی ژانـەکانی ژیانیـان زۆرتـر، پەنا دەبەنە رێگە چارەگەلێکی "گەڕانەوەیی". پەڕتووکـەکانی لـێش هـەرێمێکی بـەربلاو لـە فەرهەنگ دەگرنە بەر: گۆڕانکارییەکانی ژیانی بنەماڵە، پـەروەردە، وەرزش و پێوەندییـەکانی ژن و پیاو، فیلمە سینەماییەکان، ئەدەب و هونەر، روانین کاریگەری وەرگرتووەکان لە شـەڕی سارد، شەڕی مانەوە لە سەردەمی هەڕەشەی ئەتۆمیدا“ پیری و بە ساڵاچوویی، چتانێکی دی لـەم چەشـنە. بـە هـۆی نـەبوونی هـەر جـۆرە رەوشـتێکی ئـەزموونیی سیسـتەماتیك، لـە لێکۆڵینەوەکەی لێش ـ دا، هەروەها چوونە پێشەوە لە پەنای ئەو نموونانەی کە زۆرینـەیان لـە بڵاڤـۆك و سەرچـاوەگەلێکی دیکـەوە وەرگێـڕاون و زۆرتـر سـەلمێنەری باسـە گشـتیییەکەی

---

1- Leiss etal , 1990

2- Christopher Lasch

٣- لە تیۆری دەروونشیکاریدا، دلّەڕاوکێی «جیایی» ( Separation) بە هەستێك دەوتـرێ، کـە منـداڵ لـە کاتی جیابوونەوەی لە دایك و دابڕان لە چاوەدێری و پشتیوانی ئەودا تووشی دەبێ. ئەم زاراوەیە بە گشتیی بە ترس یاخۆ دلّەڕاوکێیەك دەوترێ، کە هەر یەك لە ئێمە لە جیابوونەوە لە ئەو کەسـەی کـە لـە بـواری سـۆزدا بۆمان خۆشەویستە تووشی دەبین.

نووسـەرە، ئـەم پەڕتووکانـە کەوتوونەتـە بـەر رەخنەگـەلێکی زۆر تونـد و لـێش ـ یـش بـە «پاوەنخوازی»(**کۆنە پارێزکاری**) کولتووری مەحکووم کراوە[١].

دەکـرێ بڵێـین، کـە هـەر بـەم هۆکـارەوە زۆرینـەی ئـەو زانیارییانـەی، کـە لـێش لـە پەڕتووکەکانیدا دەیخاتە بەردەم خوێنەر، ئەو جۆرەی کە دەبوایە فـام نـەکراون. ئـەوە شـتێکی روونە، کە ئەگەر بمانەوێ روانینییەکی ئەرێنیمان سەبارەت بە بەرهەمەکانی لێش هەبێ، دەبێ ئەم بەرهەمانە بە شتێکی غەیری «لێکدانەوە»یی -ئەڵبەت نە بە واتا تایبەتەکەی- دابنێین.

هەر ئەمەش لەمەڕ نووسراوەکانی «پۆل هۆگت»[٢] (١٩٩٢)یشەوە راسـتە. نووسـراوەکانی هۆگتیش وەکو پەڕتووکەکانی کریسـتۆفێر لـێش بـەپێی ئامـانجێکی «ڕەوانبێـژی» دیـارکراو داڕێژراون، بەڵام ئەم بەرهەمانە بابەتگەلێکی بەربڵاو (لە بەستێنی، ئـەدەب، ژیـانی رۆژانـە، فەلسەفە و سیاسەت) دەخەنە بەر باس، کە بەپێی بەڵگە هێنانەوەی نووسەر پێکەوە پێوەندیی دراون، نەك لەسەر بنەمای پێگەی شوێن-کاتی خۆیانەوە. ئەڵبـەت بـڕێ جـار لـەو کۆمەڵـە گەورەی، کە ئەمڕۆکە لە بازنەی ئەم لێکۆڵینـەوە نوێیانـەدا هاتووەتـە ئـاراوە، نموونەگـەلێك دەبینرێن، کە نیشانەی فۆڕم گرتنی رەوشتێکی سیسـتەماتیکە. بـۆ نموونـە بنـەما و پایـەی یەکێك لە وتارەکانی کارل فیگلیۆ[٣] لەسـەر لایەنـە نـاخود ئاگاکـانی سیاسـەتی سـەلامەتی، بەجۆرەیە کە کۆمەڵێك وشەی نێو ئەم بابەتـە هەڵدەبـژێرێ، پاشـان واتـا ئاگاهانـە و نـاخود ئاگاهانەکانیان بە شێوەیەکی وردبینانە لێك دەداتەوە. فیگلیۆ لەم رێگەوە نیشانی دەدا چـلۆن بڕێك وشە لە گوتاری ئایدیولۆژیك (وەکو «نەتەوە» و «سروشت»)دا بە ئاسـانی، دەکـرێن بـە کەرەستەیەك بۆ داکۆکی کردنی ناشارەزایانەی دەروونی[١]، لە هەمان کاتیشدا وشەگەلێك وەکو «جەماوەر» بارێکی سۆزگەری باشتریان هەیە، یان بە واتایەکی دیکە لە هـەمان دۆخـدا کـە

---

١- بۆ خوێندنەوەی نموونەیەك لەو رەخنەگەلە، بڕوانە بارت (Barrett) و مکینتۆش (Mcintosh) . ١٩٨٢ دەتوانی لە ریچاردز.ب ١٩٨٥دا باسێك لەسەر رەخنـەکانی ئـەم دوو رەخنـەگرە و بـاقی رەخنـەگرانی لـێش بخوێنیتەوە.

2- Paul Hoggett

3- Karl Figlio

٤- «داکۆکی» رەوانی پرۆسەیەکە، کە تاك بە پەنابردن بۆی، کەتوار دەشێوێنێت یان دڵەڕاوکێ و باقی هەستە ناخۆشەکانی کەم دەکاتەوە یاخۆ لە ناوی دەبات. دەبێ ئـەوە بـزانین، کـە میکانیزمـەکانی داکـۆکیکردن بـە شێوەیەکی ناخود ئاگاهانە بە کار دەبرێن.

بەوجۆرە راکێشەر نین، واتایەکی کەمتریشیان نییە. خوێندنەوەیەك لەسەر کارکردەکانی وشە، کە لە هەر لایەنێکەوە لەگەڵ بۆچوونێکی مێژوییدا بێ (وەکو پەڕتووکی وشە سەرەکییەکان، نووسینی ریمۆند ویلیامز)، دەتوانێ بەڵگەگەلێك لەسەر تەندروستبوونی ئەم جۆرە بابەتانە بدات بە دەستەوە، بەڵام پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی دژوار و بەربلاو هەیە. لە وتارەکەی فیگلیۆدا وێناکردنەوەکانی نووسەر لەمەڕ هەر یەك لەو وشانەی، کە هێناویەتی، بنەمایەکە بۆ ئەو شرۆڤەیەی، دەیخاتە بەردەم خوێنەرەوە.

ئەم بابەتە سەرنجی ئێمە بۆ یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی خوێندنەوەی دەروونشیکاری کۆمەڵایەتیی رادەکێشێ، واتە مەترسی ئەوەی کە نەکا ئەنجامەکانمان زۆرتر نیشاندەری دیهاوێژی[1] بن و بە واتایەکی دیکە ئەو ئەنجامانە سەرچاوەی بگەڕێتەوە بۆ دنیای دەروونیی لێتۆژ و بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە لە دەرەوەی هۆشمەندی لێتۆژدایە. ئەم گرفتە بەرهەمی ئەو رەخنەیە، کە ئاراستەی شێوە دەرمانییەکانی دەروونشیکاری دەکرێ. واتە راڤەکردن لەسەر ئەوانەی دەرمان دەکرێن چییەتی‌یەکی هۆشمەندی هەیە و بەڵگەیەکی قورسی بۆ سەلماندن لە بەردەستدا نییە. لە بەرامبەردا پسپۆڕەکانی دەروونشیکاریی بالینی دەتوانن ئەم وەڵامە بدەنەوە، کە ئەم ئاریشە و گرفتە بە رێکوپێکی و بەڵگەهێنانەوە بالینی‌یەکان لاگیر دەبێ، بەڵام زۆرینەی بینەران لە کۆمەڵگەدا وەها بنەمایەکی لۆژیکی لە کاریاندا بەدی ناکەن.

ئەگەر رەوشتی پێویست و سیستەماتیك بۆ لێکۆڵینەوە نەگرینە بەر - وەکو لەو خاڵەشدا، کە باسمان لێوەکرد وەها رەوشتێك بوونی نییە ـ و نەتوانین لێکدانەوەکەمان لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوەیە دابڕێژین، ئەوکات دەبێ بۆ سەلماندنی تەندروستی کارەکەمان بە شێوەیەکی دیکە چەمکەکان لێکدەینەوە.

---

١- Projection دیهاوێژی: میکانیزمێکی داکۆکی رەوانییە کە تێیدا، تاك بە هۆی گرفت و هەڵەکانی خۆیەوە بینین لۆمە دەکات، یان مەیلە غەیری ڕەوشتمەندییەکانی خۆی دەباتەوە سەر ئەوان.

**تیۆر:**

ڕێگەیەکی دیکە بۆ چارەسەریی ئەو گرفتەی، کە ئاماژەی پێکرا، ئەمەیە کە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەین، ناوی لێ بنێین لێکدانەوەیەك لەسەر تیۆر، تا لەم ڕێگەیەوە بۆ قسەکردن لەسەر هەر چەمکێك لە هەر بوارێکدا ئازاد بین. بەشێکی هەرە زۆر لە هۆگری لێتۆژە دەروونشیکارەکان بۆ خوێندنەوەی فەرهەنگ، لەسەر ئەم بنەمایە راوەستاوە، بەڵام بە ڕەوشتی یەکەم، تیۆری دەبێ سیستەماتیك بێ، ئەم پەڕتووکەش برێ لە مەرجەکانی لێکۆڵینەوەیەکی هزری باشی تێدا نییە. چونکە هەوڵێکی سیستەماتیك بۆ باسکردن لەسەر باقی کۆمەڵە ئەندێشەکانی پێوەندیدار بە فەرهەنگی جەماوەرەوە نەدراوە. رەنگە لە بەر چاوی خوێنەر ئەم هەوڵە بە شێوەیەکی جۆراوجۆر درابێ، واتە لە هەر جێیەکدا، کە ئاماژە بە ئەندیشەکانی دیکە، مۆرکی تەندروستی ناوەتە سەر شیکارییەکانم، ئاماژەم پێ کردووە یان لە کەتواردا پێوەستم کردووە بە پەڕتووکەکەوە. بە دڵنیاییەوە بابەتگەلێکی زۆر لە قەڵەم کەوتوون و ئەگەر خوێنەران بزانن، کە ئەم پەڕتووکە بانگەشەی خستنەڕووی تیۆرێکی بێ کێماسیی هەیە، ئەو کات نەبوونی ئەو بابەتانە، گرفت ساز، دەبن. ئەڵبەت هەر بەو جۆرەی کە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێ کرد چەشنێك تیۆر لێرەدا هێنراوەتە گەڕ، بەم واتایە کە ئەندێشەیەکی ناوەندی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا راڤە کراوە و پەرەی پێدراوە، بەڵام نە بەو واتایەی، کە کۆمەڵێکی تەواو پێناسەکراو لە حوکمەکانم لە باقی تیۆرەکان جیا کردبێتەوە.

تیۆری دانەران دەبوایە بەڵگە بەردەستەکانیان لە بەرچاو بگرتایە، بەڵام خۆیان ناچار بە خستنە ڕووی هیچ بەڵگەیەك ناکەن و بە هەر حاڵیش لە بازنەی تیۆری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا تا رادەیەکی زۆر ئەو روخسەتەیان هەیە کە بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەکانیان تەرخان بکەن بۆ باس کردن لەسەر بۆچوونی تیۆریسیەنەکان. بۆ باس کردن لەسەر بابەتێکیتر، رەنگە بمانەوێ لایەنە باشەکانی لێکۆڵینەوەی هۆشمەندی هەڵبژێرین، بەڵام خاڵی سەرەکیی دیسان ئەوەیە کە گرووپێکی زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستە کراون، سەبارەت بە شێوەی بە کار گرتنی بۆچوونە دەروونشیکارییەکان، بۆ خوێندنەوەی کولتووری جەماوەر و لە کەتواردا پەیکەری کۆمەڵگە، لێکۆڵەران مشتومڕی هۆشمەندیی یان لە بەرامبەری خوێندنەوەی سیستەماتیکی ئەزموونیدا هەڵبژاردووە. ئەم دۆخە رەنگە تا ماوەیەك پاساوی بۆ بکرێ، بەڵام ئەڵبەت لایەنی هۆشمەندی لێکۆڵینەوەی دەروونشیکاری ـ ئەگەر بڕیار وابێ کە زانستییانە بێتە هەژمار کردن، دەبێ لە دواییدا لەگەڵ چەشنێك لە کاری ئەزموونیدا گرێ بخواتەوە.

له برێك لەم لێکۆڵینەوە دەروونشیکارییانەدا (وەکو ئەوە نووسراوانەی سەبارەت بە فیلمە تایبەتەکان نووسراون، هەروەها ڕێکلامە بازرگانییەکان، بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆن و...هتد) بەڵگەی ئەزموونیش بەکار هێنراون، بەڵام زۆرتر بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی و لەسەر بنەمای هۆگریی نووسەر بۆ ئەو بەڵگانە. ئەم بابەتە دیسان سەرنجمان بۆ ئەمە رادەکێشێت، کە ئایا وەها نووسراوەگەلێك ـ ئەڵبەت لێکدانەوەی نموونەیی لەم پەڕتووکەدا ـ دەکرێ بە واتای تایبەتی وشە، ناوی «لێکدانەوە»ی لێ بنرێ.

## بەراوردی بالینی:

ڕەنگە خوێنەر وا بزانێ ئاریشە و گرفتی ئاماژە پێکراو گرینگ نییە و پێویست ناکات، دروستبوونی خوێندنەوەی دەروونشیکارانە بە بەڵگە بردنە سەر پێوەرەکانی «لێکدانەوە» بسەلمێنین. ڕەنگە باشتر وابێ، کە لە جیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، خودی دەروونشیکاریی لە شێوەی بالینیدا بکەینە سەر چەشن و خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی فەرهەنگ لەگەڵ شرۆڤەی دەروونشیکارانەی نەخۆشەکان بە بەراورد هەڵگر بزانین. لەبیر نەکەین کە فرۆید دەرمانکردنی، بە چەشنە لێکۆڵینەوە یەك دەزانی، ئەگەرچی پێچەوانەکەی دروست نییە، بەڵام ڕەنگە لە چوارچێوەی دەرمانکردنی بالینیدا بتوانین بە باشترین شێوە لەسەر چۆنییەتی «لێکۆڵینەوە»کەمان کار بکەین. شیکاریی بالینی و فەرهەنگی، بە ڕواڵەت لە چەند لایەنەوە وەکو یەکن. هەردووکیان واتا ناخودئاگاهانەکانی ژیان دەخەنە بەر لێکدانەوە. لە کەتواردا ڕاڤەی دەروونشیکارانە لەسەر نەخۆشەکان لەسەرتاسەری جیهاندا، بەردەوام ڕوانین گەلێکمان سەبارەت بە فەرهەنگ پێدەبەخشێ.کە لە نووسراوەکانی هزرڤانان دا ئاماژەیەکی پێ ناکرێ، مەگەر ئەوەی، کە دەروونشیکار یاخۆ نەخۆشەکان ئەم ڕوانینگەلە بۆ بڵاوکردنەوە بخەنە سەر کاغەز.

دووەمین ڕەهەندی هاوبەشی شیکاریی بالینی و شیکاریی فەرهەنگی، لە شێوەی کاری لێکدانەوەی دەروونشیکارانە دایە. ئەم میتۆدەی لەم پەڕتووکەدا باسی لەسەر دەکرێ، تا ڕادەیەك لەسەر کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون ڕاوەستاوە. بەجۆرە کە نەخۆش لەسەر هەستە تاکەکەسییەکانی خۆی و کاردانەوەکانی بیردەکاتەوە. برێ جار وەها دەنوێنێ کە لەم میتۆدە لێکدانەوەییەدا لەسەر (واتادانەوە)یەکانی تاکە کەسێك کار دەکرێ، واتە لەسەر ئەو ئەندێشانەی، کە ئازادانە سەبارەت بە دیاردەیەکی دیارکراو هۆشمەندی تاك دەوروژێنێ. ئەم میتۆدە و هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکان و واتادانەوە تاکە کەسییەکان و چەمکدارێژی لەسەریان، خۆی بەشێکە لە توخمە سەرەکییەکانی

پرۆسەی دەرمانکردن.

جیا لەمە، شیکاریی بالینی و شیکاریی فەرهەنگی جیاوازیگەلێکی قووڵیشیان پێکەوە هەیە. لە روانینی پسپۆڕی بالینییەوە، بابەتی راڤە و بەردەنگی راڤەکردن، تاکە کەسێك - واتە نەخۆش - بەڵام بەردەنگەکانی راڤەگەریی کولتووری، رەنگە خۆی بە بابەتی شیکارییەکانی ئەو نەزانێ، لە لایەکی دیکەوە شیکاریی دەرمانگەرانە، بەندە بە ئەزموونەکانی کەسێك جیا لە خودی دەروونشیکارەوە، هەرچەندە کە ئەم بۆچوونە ئەمڕۆکە بە هۆی جەختکردن لەسەر چەمکی "دژە گواستنەوە" تا رادەیەك هەموارکراوە، بەڵام لە بنەماوە نەگۆڕدراوە.

مەبەست لە دژە گواستنەوە ئەوەیە کە تێگەیشتنەکان و هەستی دەروونشیکار بە شێوەیەکی ناخودئاگاهانە دەکەونە بەر کاریگەرێتی بارودۆخی رۆحی و شێوەی پێوەندیی گرتنەکانی نەخۆش. بەم هۆیەوە ئەمڕۆکە زۆرینەی دەروونشیکارەکان دژە گواستنەوە بە سەرچاوەیەکی گرینگی ناسینی نەخۆش دەزانن. دژە گواستنەوە تەواوکەری چەمکی "گواستنەوە"**یە**، واتە ئەو پرۆسەیە، کە شێوازکردن و ناسینەوەی دەروونشیکار، بۆ نەخۆش بەپێی هەست و چاوەڕوانییەکانی لە رابردوویەکی دوورەوە سەرچاوە دەگرێ، نەوەك کەتوارگەرێتی تەقلی دەروونشیکار. لە تیۆری کلاسیکی دەروونشیکاریدا، تێگەیشتن و گواستنەوە دەروازەیەکە بۆ ناسینی نەخۆش، لە دۆخێکدا لە روانینی هەندێك لە دەروونشیکارانی ئەمڕۆدا، رێگەی ناسینی نەخۆش لە دژە گواستنەوەدایە.[١١]

لەم شێوە شیکارییە فەرهەنگییە، کە لەم پەڕتووکەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، دەروونشیکاریش وەکو نەخۆش یان سەرچاوەی زانیارییەکان وایە (برێ جار مەبەست ئەوەیە، کە دەروونشیکار بە چێکردنی وێنا لەسەر دیاردە فەرهەنگییەکان ئەو زانیارییانە دەدا بە دەستەوە، بەڵام زۆرتر ئارمانج ئەوەیە، دەروونشیکار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو زانیارییانە لە سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆرەوە

---

١- ئەم گۆڕانکارییە چەمکییە، پێوەندییەکی تێك تەنراوی لەگەڵ گۆڕانکارییەکی دیکەی دەروونشیکاریدا هەیە، گۆڕانێك کە بووەتە هۆی ئەوەی تیۆری دانەرانی *کاریگەرێتی پێوەندیی بنەماڵەیی* لە سەرتای منداڵی لە بەشی ناخودئاگادا، جەخت بکەنە سەر تەقلی هەمەلایەنە و کاریگەریی دڵەڕاوکێی، دەروون پەرۆشی و پرۆسە هۆشمەندییەکان لە رووبەرێکی خوارتر لە فۆرمگیری ئەو وێنە هەمیشەییانەی، کە لە بینین هەیەتی. بە تەواوی، ئەم پەڕتووکە زیاتر لەگەڵ روانینی یەکەمدا تەبایی هەیە و تێکەڵاوییەك لەپێوەرە فرۆیدی و کلاینییەکان و تیۆری «پێوەندیی لەگەڵ ئۆبژە»ی تێدا براوەتە کار. پێوەرەکانی ئەم تیۆرەم بە تەسەلی هێناوەتە بەر باس.

کۆ دەکاتەوە و دەیخاتە بەردەست.)

هەر بەم هۆکارەوە، ریالّیتی تێستینگ[2] - کە رەنگە لە نۆرینگەی دەروونشیکاردا دۆخی بۆ فەراهەم بێ- نامومکین دەبێت. دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگیردرێت، کە دەروونشیکار لە جیاکردنەوەی کەتوار لە خەیالّدا دەتوانێ یاریدەدەری نەخۆش بێ، بەلاّم لێکۆلّەرانی کولتوور وەها توانایەکیان نییە. شاشەی تەلەڤیزیۆن، کە لە رووبەرووی لێکۆلّەردایە وەکو نەخۆشێك نییە، کە بتوانێ رای خۆی لەسەر ئەندێشەکانی لێکۆلّەر دەربڕێ.

ئەو شاشەیە تەنیا پیشاندەری دنیای ئەمڕۆکەیی وێنەکان و سازکراوەکانی دەستی مرۆڤە و ناتوانێ وەلاّمدەری دیهاوێژییەکانی ئێمە بێ، بەلاّم مەترسییەکی بەلّگەنەویست هەیە، ئەویش ئەوەیە نەوەك روانینەکانی لێتۆژ، زۆرتر پێشاندەری "دنیای دەروونی" خۆی بێ، تا بابەتی لێکۆلّینەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، بەپێی تیۆرە دواییەکەی ئەندرو سامۆیلز[1] (۱۹۹۳)، لێکۆلّەرانی کولتوور هەولّ دەدەن لەگەلّ ئەو ئاریشە و گرفتە کولتوورییانەدا، کە لەسەری کار دەکەن، چەشنێك پێوەندیی گواستنەوە و دژە گواستنەوە بگرن، بە واتایەکی دیکە ئەو گرفتە بەپێی پێشینەکەی بناسن (واتە بەپێی پێشینە و ئەو واتایانەی، کە پێی دەدرێ) و زانیارییە کولتوورییەکان لەسەری ئەو ببەنە سەر، تا ئەو گرفتە بناسرێ و بەرگری لێ بکرێ. قبوولّی ئەم روانینەش، بە واتای بە بەراورد هەلّنەگر زانینی هەمەلایەنەی خوێندنەوەی کولتووره لەگەلّ کاری دەرمانگەرانەدا، چونکە دەرمانگەریش هەولّ دەدا بە شێوەیەك نەخۆش لە نەخۆشییەکەی ئاگەدار بکاتەوە، بۆ ئەم کارەش وەکو گەواهیدەرێك -لەسەر چۆنییەتی هەستەکانی- تا رادەیەك کەلّك وەر دەگرێ. هەر بەو جۆری فیگلێو (۱۹۹۳) وتوویەتی، کەلّك وەرگرتن لەسەرچەشنی دەرمانگەرانە بەم شێوەیە، دەبێتە هۆی سەرهەلّدانی ئەم پرسیارە، کە ئاخۆ بەر لە دژە گواستنەوەی راڤەگەر بۆ کولتوور، کولتووریش گواستنەوەی داوەتە راڤەگەر؟ دژوارییی ئەم پرسیارە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەگەر زاراوەی گواستنەوە بۆ بابەتێکی نامرۆیی بەکار بێنین، لێمان روون نییە ئەنجامەکەی دەبێتە چی. «کولتوور» تاکە کەسێك نییە، کە بەپێی خۆی بۆ نۆرینگەی دەروونشیکار هاتبێ. بەو جۆرەی، کە

---

۱- (reality – testing) بە واتای هەلّسەنگاندنی دەرهەستی جیهانی دەوروبەری نەخۆشە. لە ئاکامی ئەم هەلّسەنگاندنەدا، نەخۆش دەتوانێ لە نێوان ڕاستەقانی و خەیالّدا جیاوازیی دابنێ.

2- Andrew Samuels

جـێنی شـاو[1] (١٩٩٤) سـەلماندوویەتی، لـە دۆخـی لێکۆڵینـەوەیی تایبەتـدا ((سـەنتەری دۆکیۆمێنتەکانی کۆمەڵەناسی)) سووژەکان "یان وەڵامدەران بە پرسیارنامە لێکۆڵینەوەییەکان" رەنگە بە توندی لە بەرامبەری لێتۆژی کۆمەڵایەتییەوە تووشی گواستنەوە بـبن، بـەڵام نـابێ ئـەم دیاردەیە لەگەڵ گواستنەوە لە لایەن کولتوورەوە بە یەکێك بزانـرێ. بـە تـەواوی دیـارکردنی واتـای شیمانەیی وەها گواستنەوەیەك ئاسان نییە.

سەرەڕای ئەمەش ئەوەی کە لەم پەڕتووکەدا راڤەی لەسەر دەکرێ، تەنیا «گرفت»ێك نییە، هەر بۆیە رەوشتی دەرمانگەرانە بەکاری ئەم بابەتانە نایەت. (بەکەڵك هاتن یان نەهاتنی ئەو بۆچـوونەی کە بە دووی دۆزینەوەی هۆکارەکانی دەردە کۆمەڵایەتییەکانەوەیە) بەجۆرە دەکرێ هاوڕای سـامۆێلز بین. "سامۆێلز دەڵێ" کاردانـەوە سـۆزگەری تەنانـەت جەسـتەییەکانی راڤەگـەر بـۆ تێگەیشـتنی کولتوور، بە هەمان ئەندازەی دژە گواستنەوە بۆ ناسینی نەخۆش گرینگیی هەیـە، بـەڵام بـەراورد هەڵگریی تەواو و رەهای ئەم دوو کارە (واتە دەروونشیکاریی نەخۆش و راڤەی کولتوور) بە دروسـت نایەتە بەر چاو تا بگاتە هاوچەشنی تەواو و خەملێان[2].

## رەخنە:

بەم پێیەش لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین، بە چاوپۆشی کردن لە هەر جۆرە لێکچوونێکی شـیمانەیی لە نێوان دەرمـانی بـالینی و خوێندنـەوەی دەروونشـیکارانەی کولتـووردا، دەبـێ بـە شـێوەیەکی سەربەخۆ، چەمکەکان پێوەندیی بدەینە بۆچوونێکی باشترەوە. کارێکی دیکە، کە دەتوانین بیکـەین، کەڵکوەرگرتن لە شێوە باوەکانی رەخنەی ئەدەبیی دەروونشیکارانەیە. گرفتی هەڵبـژاردنی بابـەت ـ کە لێتۆژ دەبێ وەڵامی سیستەماتیك بوونی بداتەوە ـ لە رەخنەی ئەدەبیدا بەم شـێوە لاگـیر بـووە. لقە جیاوازەکانی دەروونشیکاری، لەگەڵ ژانرە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکاندا، بەراورد کـراوە، هـەروەها دەقگەلێکی دیارکراویشیان هەڵبژاردووە و پرەنسیپێکی سیسـتەماتیکیش زاڵـە بەسـەر شـیکاری ئەدەبیدا. لەم بارەیەوە کە ئەم پرەنسیپانە چین و چۆنن (واتە کە ئایا دەبێ نووسـەر دەروونشـیکاری بکرێ، یان کەسایەتیی بەرهـەمی ئـەدەبی یـان دەق و یـان خوێنـەر)، مشـتومڕی زۆر لـە نێـوان

---

1- Jenny shaw

٢- من لە جێگەیەکی دیکەدا (ئەلف ١٩٨٩، لاپەڕەکانی ٣٠ – ٢٦ ) ئەم سەلماندنە سەفسەتەییەم داوەتە بەر باس، کە تەنیا پسپۆڕانی بالینی دەتوانن چەمکە دەروونشـیکارانییەکان بـۆ خوێندنـەوە لەسـەر دیـاردە غەیری بالینییەکان ببەنە کار.

ڕەخنــەگرە ئەدەبییەکانــدا هاتووەتــە ئــاراوە، ڕەخنــەی ئــەدەبی دەروونشــیکارانە لانیکــەم پرەنسیپگەلێکی هەیە کەدەکرێ بە کەڵك بێن یان لەســەریان بــاس بکــرێ. بــۆ نموونــە پــەڕتووکی ڕۆستین[1] (١٩٨٧) هەولێکە لەو ڕووەوە، واتــا ســایکۆلۆجییەکانی چــیرۆکی منــدالآن و ڕۆڵــی ئــەم چیرۆکانە لە گەشەکردنی سۆزدارییاندا لە پێناوی بۆچوونێکی دەروونشیکارانەدا روون بکاتەوە.

بەم جۆرە، لە بڕێك بەستێندا ڕەنگە بکرێ لێکدانەوە دەروونشیکارییەکانی کولتوور بخەینە تەك ئەو بازنانەی، کە دەروونشیکاری لە مێژەوە تێیاندا سووڕ و گوڕ دەدا — وەکــو ڕەخنــەی ئــەدەبی— بەم جۆرە دەکرێ بۆچوونێکی لێکچوو و سانسۆر بــۆ بــاقی بۆچــوونەکانی (ڕاقــەی کولتــوور) بێتــە ئاراوە، لەم ڕێگەشەوە ڕەوایی بدرێتە لێکدانەوە دەروونشیکارییەکانی کولتوور. پیتربرۆکس یــەکێك لە بەرچاوترین لایەنگرانی ئەم روانینەیە[2]، بەڵگە دەهێنێتەوە، کە دەبێ دەروونشیکاری پێگەیــەکی بەرزی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پێ بدرێ، چــونکە ئــەم تیــۆرە دەتــوانێ ئــاوڕێکی تایبــەت لــە دەقــە ئەدەبییــەکان بداتــەوە (ئەڵبــەت بــرۆکس دەڵــێ ئاوڕدانەوەیــەك لــە ژانــرە ئەدەبییــەکان)، لــە تێگەیشتنەکەی برۆکس لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، توخمێکی لێکچوو لەگەڵ تێگەیشــتنەکەی ســامۆێلز لە «کولتوور وەکو نەخۆشێك»دا بەدی دەکرێ. بە واتایەکی دیکە، برۆکس بــە شــێوەیەکی دیســان مشتومڕهێنەرانە بڕوای وایە، کە دەق، وەکو نەخۆشێکی ژێرچاوەدێری دەروونشیکاری وایە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لەوەیدا باسمان کــرد، بــۆ هــاوڕێی کردنــی ڕەوشــتی لێکۆڵینــەوەی دەروونشیکارانەی بەشە دواییەکانی "ئەم پەڕتووکە" لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبی، لە ڕاستیدا بنەمایەك هەیە. ئاماژە بۆ ڕەخنەی ئــەدەبی دەروونشــیکارانە وەکــو نموونەیــەك لــە "بــەکار گــرتنی تیــۆری دەروونشیکاری لە دۆخێکی غەیری بالینیدا" هەروەها وەبیرخستنەوە ئەمــەی، کــە بــە مەبەســتی لێکدانەوەی دەروونشیکارانەی کولتوور دەکرێ لە ئەزموونەکانی لێتۆژ کەڵك وەربگیردرێ، بــە واتــای بوونی چەشنێك سروشت و مگێز و بە کارهاتنی ئەم سروشتەیە. بە واتایەکی دیکە یەکێکی دیکــە لە ڕێگەکانی بەکارگرتنی ڕەوشتی لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارانە لە بازنەی کولتــووری جــەماوەر و ژیانی ڕۆژانە و سیاسەتدا، بەکارهێنانی مگێزە.

بە لە بەرچاو گرتنی کۆنی و دژواری مێژووی زاراوەی «سروشت»، هێنانە کایــەی ئــەو مێــژووە لێرەدا زیاتر لەوەی کە گرفتێك بەرتەرەف بکــات، گرفــت ســازە. یــەکێك لــە واتاکــانی "مگێــز" هەستیارییەکی زۆرە کە لە فەرهەنگی ئەکسفۆرددا بەم شێوە واتا کراوەتەوە «توانایەکی بــێ وێنــە

1- RUSTIN

٢- بۆ نموونە بڕوانە پیتر برووکس (Peter Brooks) ١٩٨٧

بۆ کاریگەریی وەرگرتنی سۆزداری» واتای دووەمی مگێز ـ کە لەم پەڕتووکەشدا بەکار دەبرێ ـ هەلومەرجی هەستکردنە. بەم جۆرە، سەلیقەی دەروونشیکارانە بە واتای هەڵگربوونی هەلومەرجی هەستکردنە، بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز و ڕەنگە تەواوکەری شێوەکانی دیکە. دەکرێ دەروونشیکاری بە فۆڕمێکی تایبەت لە مگێز بێتە هەژمار کردن. تایبەتمەندییە خودییەکەی، لە گرینگییەکەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەم تیۆرە بۆ هەستگەلێکی تایبەت قایل دەبێ. هەستگەلێکی وەکو گوناه، قەرەبووی شتی لە دەسچوو و چاوەدێری، ڕێگەی دۆزینەوەی ئەم هەستگەلانەش بۆ دەروونشیکاری لە باقی ڕێگەکان ساناتر نییە، بەڵام کەڵك وەرگرتنی بەردەوام "لەم ڕێگەیە" سەرنجدانی وردبینانە بۆ هەستگەلێکی ئاماژەپێکراوەکان، سانای دەکاتەوە. بۆ خستنەگەڕی ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرا لەم جۆرە هەستگەلانە، دەروونشیکاری وشەگەلێکی بەپیتی لەبەر دەستدایە، یان لە کەتواردا ئەم تیۆرە هەر ئەو وشانەیە. بەتایبەت لەم ڕووەوە، کە هەستە ئاماژە پێکراوەکان بە شێوەیەکی ناخودئاگا شاراوەن.

لەسەر ئەم بنەمایە، دەکرێ دەروونشیکاری وەکو ڕێبازێکی هزری و لە کەتواردا وەکو ڕەوشتێك بۆ هەڵسەنگاندنی هەست وەکو بنەمای مگێز، بێتە ناساندن“ مگێزێك کە لە بازنە جۆراوجۆرەکاندا بە کەڵك دێت. لە ئاکامدا، بە چاوپۆشی کردن لەوەی بازنەی ئەزموونی خوێندنەوەی لێتۆژان چی بێت، بڕێك لە ڕەهەندە گرینگەکانی ئەزموون و کرداری مرۆڤ (وەکو پەرەسەندنی دژوازی، دڵەڕاوکێ، مەیل و هەستی دەسەڵاتی بەهێز) ڕەنگە بکەوێتە چەقی سەرنجپێدانی لێتۆژانەوە.

بەم جۆرە ئەگەر ڕەخنە، بە بەکارگرتنی مگێز یان شێوەیەك لە هەستکردن پێناسە بکەین، ئەودەم دەتوانین خوێندنەوەی دەروونشیکارانەی فەرهەنگ و کۆمەڵگە بە تەواوی، بە جۆرێك ڕەخنە بزانین. هەروەها دەتوانین بڵێین، کە ڕەخنە بەم مەبەستەوە دەگیردرێ کە بابەتی ڕەخنە، لە چوارچێوەیەکی واتاییدا بگونجێندرێ. ئەمە بەوردی هەر ئەو کارەیە، کە لە خوێندنەوەی دەروونشیکاریدا دەکرێ، چونکە لەم خوێندنەوانەدا دیاردەگەلێك ڕاڤە دەکرێن. سەرەرای ئەمەش، بەو جۆرە کە پێشتر بینیمان، ئەم ڕاڤەگەلە شێواز و داڕشتنێکی جیا لە ڕاڤەکاریی، پسپۆڕە بالینییەکانی هەیە، چونکە ئەم ڕاڤە دەروونشیکارییە کولتوورییانە لە چوارچێوەی پێوەندیگەلێکی تایبەتی تاکەکەسیدا (لە نێوان نەخۆش و دەروونشیکار، کە بنەمای کاری بالینییە) دێنە ئاراوە.

جیا لەمەش، دەکرێ بوترێ ڕۆڵی ڕەخنەگر تەنیا داسەپاندنی مگێزێکی تایبەت نییە، بگرە دەبێ پێگەی ئەو مگێزە لە پێوەندیی لەگەڵ مگێزەکانی دیکەدا دیار بکات و بەستێنیشی بۆ

فەراهەم بکات. بە واتایەکی دیکە رەخنەگر دەبوایە تێهەزرینی «نێوان گوتاری» هەڵخڕێنێ. بەهەمان شێوە، پێویستە لە هەر جۆرە خوێندنەوەیەکی دەروونشیکارانە سەبارەت بە دیاردە غەیری بالینییەکان، بەستێنی ئەزموونی و دەرەتانە زانستە جۆراوجۆرەکان، کە دەبێ ئەو دیاردانەی تێدا بگونجێندرێ لەبەر چاو بگیردرێ، تا بتوانین ئەو تێك تەنراوییەی، کە باسمان کرد بەو جۆرەی کە پێویستە تێبگەین. ئەم کارە بە تایبەت لە خوێندنەوەی کولتووری جەماوەریدا کارێکی دژوارە، چونکە لەگەڵ هەرێمێکی بێ سنوور لە دیاردە هێزەکییەکاندا رووبەڕووین کە دەتوانن بابەتی لێکدانەوەی تەواوی بازنەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بن، هەر رۆژ زیاتریش دەبن.

بەڵگەنەویستە ئەو رۆڵەی، کە لە وەها کایەیەکدا بۆ رەخنەگر قایلین گەورەتر و دژوارترە لە رۆڵی رەخنەگرانی ئەدەب و سینەما. رەنگە جوانترین پێناسە بۆ ئەو رەخنەگرەی مەبەستمانە، ئەمە بێ ناوی لێ بنێین «رەخنەگری کۆمەڵایەتی» یان وەگەڕخەری «رەخنەی کولتووری». سەبارەت بەمەی، کە پێشینەی «رەخنەگریی کۆمەڵایەتی» چ ناوێکی لێ بنرێ، تەبایی نییە، هەر ناوێك لەوانەیە بە ناوێکی پڕ ڕازاوە بێتە بەرچاو[1]. سەرەڕای ئەم گرفتانە، ئەمڕۆکە ئەو چەند دێڕە کورتەی لەسەر ناوەرۆکی پەڕتووك لە پشت بەرگی پەڕتووکەوە چاپ دەکرێ، هەروەها رێزی ئەو کەسانەی، کە لە دەسپێکی فیلمەکانەوە بە هۆی هاوکاریکردن لەگەڵ بەرهەمهێنەردا سوپاسیان ئاراستە دەکرێ، باس لە «رەخنەگر» دەکرێ. بە چاوپۆشی کردن لەوەی کە «رەخنەی کولتووری » لە هەندێك دۆخی تایبەتدا چ کارێکی بی ٚسەرو بن و مۆدی رۆژ و تێکەڵی خۆ بەزل زانینە، ئەم چەمکە بە خێرایی پێداچوونەوەیەکی بەکەڵکە لە ناوەڕۆکی بەشە دواییەکانی ئەم پەڕتووکەدا. ئەم ناوە پیشاندەری بنەمای لۆژیکی لێکۆڵینەوەکەی منە و بە واتایەکی دیکە، پێشاندەری ئەمەیە، کە چەشنێکی تایبەتم لە مگێز "بۆ تێگەیشتنی دیاردەکانی فەرهەنگی جەماوەر" خستووەتە کار. تایبەتمەندییەکانی ئەم مگێزە ئەمانەن: ئاوڕدانەوەی هەمە لایەنە لە چەشنگەلێکی تایبەتی هەست و شاراوەیی ئەو هەستانە لە ژیانی ئاسایی رۆژانەدا، کەڵك وەرگرتن لە شێوەیەك لە راڤەکردن، کە لەسەر بنەمای (وێناندن) راوەستاوە، هەروەها باسکردنی بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەر لە بیاڤی راڤەیی ئەو مگێزە (واتە بەستێنی مێژوویی، سیاسی، ئابووری و شتانی دیکە).

---

١- هەروەها ئادۆرنۆ (١٩٦٧) رەخنەگەلێکی توندی سەبارەت بە مەیلی رەخنەگرە فەرهەنگییەکان بۆ پاساوکاری ئاراستە کرد و لە «بەرۆشنبیرانەکردنی» ژیانی رۆژانە و ئاسایی بێزار بوو، ئەڵبەت نە گریمانە بنەماییەکەی ئادۆرنۆ ئەوەیە، کە فەرهەنگی جەماوەر ناوەرۆکێکی بۆش و بێ بەهای هەیە، نە گریمانەی ئەو لەشکرەی کە لە لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکاندا دژ بە باسکردنی شتە بێهودەییەکانن.

ئەم چەشنە چەمك داڕێژییە لەسەر، وتارەكانی بەشە دواییەكاندا تەنیا بە واتای دەس هەڵگرتن لە لێكۆڵینەوە بەپێی تیۆری دەروونشیكاری وەكو خوێندنەوەیەكی سیستەماتیك لە بابەتێكی داخراوتردا نییە، ئەو چەشنە لێكۆڵینەوە (لەگەڵ كارەكەی من لەم پەڕتووكەدا) جیاوازی هەیە[١]، هەروەها بەو جۆرەی كە هیلموت دامێر (١٩٩٣) باسی لەسەر كردووە دەكرێ شێوەگەلێك لە لێكدانەوە وێناندن بكەین، كە تێیاندا رەوشت و تاكتیكەكانی دەروونشیكاری یارمەتیدەرێكە بۆ بەرهەمهێنانی دەسكەوتەكان، نەك تەنیا بۆ راڤەكردنیان. نموونەیەك لەم چەشنە لێكدانەوەیە لە بەرهەمەكانی «دەروونشیكارە نەتەوەناسەكان»ی ئەورووپاییدا (هەروەها بە وردبینییەكی كەمتر و رێژەیەكی زیاترەوە لە لێكۆڵینەوەی لێكۆڵەرانی بواری بازاڕ و ئابووری) دەبینرێن، كە رەوشتە جیاوازەكانی لێكۆڵینەوەیان تێكەڵ كردووە.

دەبێ لە بیرمان بێ كە ئێمە تا رادەیەك بە دووی بەشداریكردنی دەروونشیكاری لە تیۆری كۆمەڵایەتی داین، بەڵام ئەم ئامانجە لە رێگەی لێكدانەوەی سیستەماتیكەوە دێتە بەرهەم. هیوام وایە كە ئەم جۆرە رەخنەیە، كە ئەم پەڕتووكە بە نموونەیەك لەسەری داوە، ببێتە هاندەرێك بۆ هاتنە ئارای لێكدانەوەی سیستەماتیك.

ئێستەكە چوارچێوەی گشتییی ئەو رەخنەگەلەی كە لە «لێكدانەوەی تایبەت»ی دیاریم كردووە، دەتوانین یەكەمین لێكدانەوەمان دەس پێ بكەین. شێوەی دانانی ئەم لێكدانەوەگە لە "لەم پەڕتووكەدا" چەندان گرینگ و بە هۆكار نییە، بكرە تەنیا نوێنەری ئەوەیە، كە ئەم رەوشتە رەنگە بۆ پێداچوونەوەی واتای بابەتی سەرەكیی ئەم پەڕتووكە بەكەڵك بێت.

---

١- ئەم جۆرە لێكۆڵینەوەیە هێشتە، كەم ئەنجام دەدرێن و روویان لە زۆربوونە. ئیزابێل مێنزیس – لیسی (Isabel Menzies – lyth) دەروونشیكار، بڕێك لە نموونە پلە یەكەمەكانی ئەم لێكدانەوە – هەم لە بازنەی ژینناسی، هەمیش لە بازنەی خوێندنەوەكانی فەرهەنگی رۆژانەدا – خستووەتە بەر باس، بۆ خوێندنەوەی نموونەیەكی دوایی دیكە لەو لێكۆڵینەوانەی لەسەر "تەناهی ژیان" كراون بڕوانە كوپێر (Cooper) (1992). لە بازنەی خوێندنەوە فەرهەنگییەكاندا بڕیك لەو لێكۆلینەوانەی كە ئێستەكە لە زانكۆی رۆژهەلاتی لەندەندا لەسەر پەروپاگەندە و گۆڕانكارییی فەرهەنگی دێتە كردن، تا رادەیەكی زۆر لە چەمكە دەروونشیكارانەكان كەڵك وەردەگرێ.

# بەشی سێیەم

# یارییەکی بەشکۆ

## هۆگربوونی فوتباڵ:

یەکەمین نموونە، کە بۆ تۆژینەوە هەڵمان بژاردووە و بەپێی میتۆدی روونکراو لە بەشەکانی یەکەم و دووەم دا لێکی دەدەینەوە، فوتباڵە.

بۆمان دەردەکەوێ کە برێك لە چەمکە بنەماییەکانی تیۆری فرۆید بـۆ فـامکردنی لایەنـە دەروونناسەکانی یاریی فوتباڵ بەکەڵك دێ و هەروەها دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پێویستە لە تیۆرە پاش فرۆیدییەکانیش کەڵك وەربگرین.

لایەنگریی فوتباڵ بەشێکە لە تانوپۆی ژیانی زۆرینەی ئێمە، بە تایبـەت ئەگـەر ئێسـتە کـورێکی مێرمنـداڵین یـان مێرمنـداڵێتیمان تێپەڕانـدووە. لـە نێـوان تـەواوی لێکدانـەوە جیاکارەکانی ئەم پەڕتووکەدا، فوتباڵ رەنگە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە «شوناسێکی جنسی» هەبێ.

هەرچەند باسکردن لەسەر ئەم بابەتە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەیە. سـەبارەت بـەوەی کە فوتباڵ بەو ئەندازەی بۆ پیاوان راکێشەرە بۆ ژنان نییە، یان بۆچی فوتباڵ گرووپێکی کەمتر لە ژنان کۆ دەکاتەوە ناتوانین بەڵگەگـەلێکی روون و ئاشـکرا بهێنینـەوە. سـەرەڕای ئەمـەش بەپێی بەڵگەگەلێکی ئەستەم و زۆر کۆن، کە هێشتە لێمان روون نین، هەلومەرجی هەنووکەیی بە جۆرێکە کە وێنای جەماوەر ئامادەییەکی هێزەکـی هەیـە و دیـتنی پیـاوان لـە گۆڕەپانـە وەرزشییەکاندا بۆی سەرنج راکێشترە تا دیتنی ژنان لەم گۆڕەپانانەدا. وەها دێتە بەرچـاو، کـە لە نێوان وەرزشە پڕ بینەرەکاندا تەنیا لە تێنس و راکردندایە کە وەرزشکارە ژنەکان دەتوانن بە رادەی پیاوان ناوبانگ دەرکەن و توانا بنوێنن (یان بە وتەیەکی دیکە کۆڵنەدەر بن و لێهاتووی و جەستەیەکی وەرزشکارانەیان هەبێ).

هیـوادارین ئـەم رەوتـە بـەردەوام نـەبێ و وردە وردە بەشـداریی ژنـان لـە بـاقی لقـە وەرزشییەکاندا زیاتر بێ. بە وتەیەکی دیکە، بە هیواین کە ئەم رەوتە نیشانەی ئەمە نەبێ کە جەسـتەی پیـاوان رازێکـی دلۆڤـانی پیاوانـەی (وەکـو وزەی جەسـتەیی زیـاتر، قبـووڵی بەرپرسیارەتیی، هەوڵی دژوار، مەهارەت و تەواوی ئەو بەها قارەواتانەی کە لـە وەرزشـدا بـە دوویاندا دەگەڕێین) هەیە.

دەبێ لایەنگریی بۆ فوتباڵ — کە رەنگـە لـە ئێسـتەکەدا تـا رادەیـەکی زۆر رواڵـەتێکی جنسی هەبێ — لە دوو رەهەندەوە لێکدانەوەی لەسەر بکرێ. یەکەم، ئەم شەوقە، شەوقێکە بۆ لایەنگریکردن، لایەنگرییەك کە دەربڕینی هەستی نیشتمان دۆسـتی، ناوچـەیی، نەتـەوەیی و

شێوه دڵبەستەییە دەمار گرژەکانی دیکە دەگرێتەوە. دووەم، دەبێ ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە بۆچی فوتباڵ بووەتە هەڵگری دەربڕینی وەها هەستێك ئەویش بەم چەشنە. بۆچی سەرەتا لە بەریتانیادا، پاشان بە خێرایی لە زۆرینەی وڵاتەکانی دیکەدا، ڕێسا تایبەتەکان فوتباڵ، ئەم یارییەیان کردووە بەجەماوەر خوازترین وەرزش و فوتباڵ توانیویە وەها پێگەیەکی بەرزی کولتووری بۆ خۆی تەرخان بکات؟ ڕاکێشەریی فوتباڵ بە واتای تایبەتی وشە، لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

هەروەها دەکرێ جیاوازیی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە لە نوێنگەی هیواکانی بینەرانەوە دیاری بکرێ. مرۆڤ دەتوانێ بە هیوای سەرکەوتنی یەکێك لە دوو تیمی حەریف تەماشای کێبەرکێ بکات، یان بە چاوەڕوانی کردنی ئەوەی کە یاری، یارییەکی لێزانانە و هەستیار بێت.

ئەو جۆرەی کە باوە بینەری تاك بە هەردوو هۆکاری باسکراوەوە خەریك دەبێ بە تەماشاکردنی فوتباڵ، واتە هەم دەیەوێ ئەو تیمەی کە لایەنگریەتی سەرکەوێ، هەمیش یارییەکی گەرموگوڕ ببینێ. بایەخی ڕێژەیی ئەم دوو جۆرە چاوەڕوانیکردنە لە بینەری جیاوازدا وەکو یەك نییە، جیا لەمەش دەکرێ بپرسین، کە بە گشتیی لە یاری فوتباڵدا کام لایەن لەو دوو لایەنە زاڵترە. ئەمەش لە بیر نەکەین کە ئەمڕۆ جەماوەری بینەرانی فوتباڵ زۆرتر لەو خەڵکەیە، کە لە یاریگەدا تەماشای دەکەن. بەم جۆرە بڵاوکردنەوەی کێبەرکێکانی فوتباڵ لە تەلەڤیزیۆنەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵك و دابینکردنی سەرچاوە مالییەکانی ئەم وەرزشە، بایەخێکی زۆری پەیدا کردووە، هەتاکو بینینی ڕاستەوخۆ. ڕەنگە بالانسی ئەم دوو شێوە تەماشاکردنە تێکی خواردبێت. ئەگەری کەمتری هەیە، بینەری تەلەڤیزیۆن لایەنگریی سەرسەختانەی تیمێك بکا لە هەمبەری تیمێکی دیکەوە و لایەنگرییەکەی زۆرتر لەسەر بنەمای چۆنییەتی یاریکردنی تیمێکە تاوەکو پشتیوانیکردنی هەمیشەیی لە یانەیەکی تایبەت یان پشتیوانی لە وڵاتەکەی.

دەروونشیکاری وەکو تیۆرێك لەسەر بەشی ناخودئاگا قسەی زۆری بۆ وتن هەیە، لەسەر چییەتی و شێوازی دروستبوونی پێوەندیی دەمارگرژانە و دەتوانێ کەرەستەیەکی بەکەڵك بێ بۆ فامکردنی ڕەهەندی شەوقی جەماوەر لە بەرامبەری فوتباڵدا. «هاوسانکردنەوەی شوناس»، «جیاکردنەوە» و «خۆشیفتەیی»، هەموو چەمکگەلێکن کە دەتوانن تیشك بخەنە سەر لایەنی سۆزگەریی ڕەفتاری کۆی بینەرانی نێو یاریگە و لایەنگرانی تیمەکانی فوتباڵ. فرۆید لە ساڵی ١٩٢١دا بە نووسینی وتاری «سایکۆلۆجیای گرووپ و ڕاڤەی خود» باسی لە ئەندیشەیەك کرد

کە ئێستەکە بووەتە بنەمای تێگەیشتنی دەروونشیکارانەی دیاردە کۆییەکان. لەو وتارەدا دەڵێ، ئێمەی مرۆڤ کاتێك گرووپ درووست دەکەین، کە شێوەی تەنزیمی رەفتارەکانمان (یان بەو جۆرەی، کە دواتر ناوی لێنا — کارکردە بان خودییەکانمان یان توانای خۆپەروەردەکردن بۆ بەرگری لە دەروون و دادوەری رەوشتمەندیی) دەسپێرینە رێبەرێك. ئەم کارە بۆ ئەوە دەکەین، چوونکە بەرگەی دوودڵی واتە لە لایەکەوە مەیلە ناکۆمەڵایەتی و دژە کۆمەڵایەتییەکانمان و لە لایەکی دیکەوە نیازمان بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی دژوارە. بەم جۆرە بەدەربازبوون لە دوودڵی و بەرپرسیاریەتیمان لە بەرامبەر خۆمانەوە، ئامادە دەبین بۆ فەرمانبەریکردن لە فەرمانەکانی رێبەر و ئیدی لە کۆبوونەوەدا بەو جۆرەی کە بە شێوەی تاك رەفتارمان دەکرد، رەفتار ناکەین. ئەگەر بمانەوێ ئەم بابەتە بە زمانی دەروونشیکاری بڵێینەوە (کە هەنووکە زاراوەی شیاو بۆی رەنگە « هاوچەشن کردنەوەی دیهاوێژییانەی شوناس »بێت)، دەبێ بڵێین کە ئێمە «بان خود»[1] مان دەهاوێژینە سەر رێبەر و پاشان شوناسمان هاوسانی شوناسی ئەو دەکەین و ئەویش — بەو هۆکارانەوە کە خۆی دەیزانێ — ئامادەیی بۆ وەرگرتنی ئەم دیهاوێژییانە هەیە، یان رۆڵی بان خود بۆ هەموومان دەگێرێ. لێرەدا پرۆسەیەك بە ناوی «جیاکردنەوە» دێتە ئاراوە: ئێمە پێویستمان بە ئارمانی کردنەوەی رێبەر و ئەو گرووپەیە کە تێیدا ئەندامین و تەواوی هەستە ناخۆشەکانمان دەهاوینە دەرەوە — واتە دەیهاوینە سەر تاکەکانی دەرەوەی گرووپ. بەم شێوە نیازمان بە جیاکردنەوەی خۆشی لە ناخۆشی، ناچارمان دەکات لە نێوان خودی و غەیری خودی )ئەویدی(دا جیاوازیی قایل بین.

بەپێی ئەوەی کە باسمانکرد فرۆید سەبارەت بە گرووپ و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، روانگەیەکی نەرێنیی هەبووە، روانگەیەك کە بێگومان لەژێر کاریگەرێتی ئەم راستییەدایە، کە ئەو جوولەکە و بینەری سەرهەڵدانی فاشیزم بووە و لە لایەن فاشیزمەوە گەزەی لێ کراوە. باقی تیۆری دانەران بە کەڵك وەرگرتن لە ئەندێشەکانی فرۆید شیکاریگەلێکی زۆر بەجێیان

---

١- « بان خود » (superego ) بەشێکە لە دەروون کە ئەو بۆچوونانەی، لە دایك و باوکەوە فێریان دەبین لە خود جێ دەکاتەوە. تەمێ یان هاندانی منداڵ لە لایەن دایك و باوکەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە جیاکردنەوەی رەفتاری « باش » ( رەوشتی ) و « خراپ » (ناڕەوشتی ) و جێگیرکردنیان لە « بان خود »دا. بەپێی تیۆرەکەی فرۆید « بان خود » کە بەشێکی هەرە زۆری دەکەوێتە بەشی ناخودئاگاوە لەژێر دەسەڵاتی «پرەنسیپی رەوشت »دایە و بەرگری دەکات لەوەی « دەروون » لە رێگەی خراپەوە غەریزەی تاك تێر بکات.

لەسەر فاشیزم و شێوازە هەنووکەییەکانی رقی نەیارانە و رەگەزپەرستانە کردووە. دەبێ ئەمەش لە بەرچاومان بێ — کاتێ لە رێبەر دەدوێین — مەبەستمان رێبەرێکی تاك و تایبەت نییە" ئایدیۆلۆژیا، ئایین، وێنەیەکی نەتەوەیی هەموو دەتوانن رۆڵی رێبەر بگێڕن. وێرانکارییەکیش کە لەژێر ئاڵای نەتەوەیەکدا دێتە ئاراوە، هەر لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بۆچوونە بە دڵنیاییەوە دەتوانێ لایەنێك لە رەفتاری پڕ لە هەیەجانی بینەرانی فوتباڵمان بۆ روون بکاتەوە، بە تایبەت بیچمە ناخۆشەکانی ئەم رەفتارانە کاتێك لەگەڵ توندوتیژی و وڵاتپەرستی دوگمانەدا تێکەڵ دەبن. رەنگە بتوانین دان بەمەدا بنێین، کە تیۆرەکانی فرۆید و دیتراینش سەبارەت بە سایکۆلۆجیای جەماوەر نەتەنیا بەشداریی زۆرینەی خەڵك و بە تایبەت بەشداریی تاوانکارانی فاشیست لە تەنگژە سیاسییەکاندا، بگرە لە ئەزموونە سەرەتاییەکانیان لەسەر ئەو حەشیمەتە زۆرەی، کە بە دووی رابواردندا بوون کاریگەری وەردەگرت. ئەو سەردەمەی کە فرۆید وتارەکەی خۆی سەبارەت بە ناسینەوەی جووڵانەوە (دەروونی)یەکانی گرووپ دەنووسێ، بەشداریکردنی حەشیمەتی زۆری بینەران بۆ بینینی کێبەرکێکانی فوتباڵ — یەکەمینجار لە بەریتانیادا لە ساڵەکانی ١٨٩٠ — ١٩٩٠ و پاشان — لە زۆرینەی وڵاتەکاندا، لە ژیانی رۆژانەدا رواڵەتێکی ئاسایی بە خۆوە گرتبوو.

سەرەڕای ئەمە، ئەگەرچی زۆرینەی لایەنگرانی ئەم یارییە رەنگە بە خۆڕایی و کوێر کوێرانە ئەو یانەیەی خۆشیان ئەوێ، بۆ خۆیان ئارمانی بکەنەوە، بەڵام رەفتاری بینەرانی فوتباڵ لایەنێکی دیکەی هەیە کە ئەم شیکارییە بە هۆی جەختکردنە سەری نونگییە دەروونناسانەکانی ئەندامەێتی گرووپ ئەو لایەنانە دەخاتە پشت گوێ. جیا لەم نەنگیانەش دروستبوونی هۆگرێتی دەمارگرژانە لە تاکدا بۆ فوتباڵ، هەڵگری چۆنییەتییەکی بێ زیانیشە. بۆ زۆرینەی ئەو کوڕە مێرمنداڵانەی کە فوتباڵیان زۆر خۆش دەوێ، ئەم هۆگرێتی و خۆشەویستییە نیشانەی چەشنە نەژادێکی ناوچەییە، کە تەنیا لە دڵبەستەیی بە ژینگەیانەوە سەرچاوە دەگرێ و پێویستییەکی بە رق هاتن لە ژینگەی دیتران و تیمی خۆشەویستی ئەوان نییە. ئەوە هەڵەیە کە ئەگەر پێمان وابێ ئەو چۆنییەتییە بێزەرەرە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی ١٩٥٠ — ١٩٦٠، واتە ئەو سەردەمەی کە بە دیتنی وێنە کارتێکەرەکانی مێرمنداڵان بە شەڵواری کورت و گوڵ و فیق فیقە و بزەی ساکارەوە، دێتەوە بیرمان. هەنووکەش لە شوێنی بینەراندا هەر بەو شێوازەوە کوڕە مێرمنداڵێك دەبینین، هەرچەندە رواڵەتی ئەو بینەرانەی کە ئەمرۆکە لە یاریگەدا دەسپڕێنە یەك، لەگەڵ رواڵەتی هاوچەشن و خەمگینی جەماوەری کڵاوی

بەنین لەسەری ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانی لە کێبەرکێکانی فوتباڵدا جیاوازیی هەیـە، بەڵام هەمان ڕێکیەتی لە خـۆ و (و داڕوخـانی ئـەو ڕێکیەتیـەش) و هـەمان شـەوق و شـایی ئەمڕۆکەش دەبینرێ.

دەبێ ئەمەش بڵێین کە ڕۆڵی دەروونشیکاری لە فامکردنی هەستی دەمارگرژانە بۆ فوتباڵ، نابێتە یارمەتیدەرێکی گونجاو بۆ فامکردنی ئەم یارییـە. دەروونشـیکاری ئەمـەمان بـۆ ڕوون دەکاتەوە کە سەرچاوەی هەستە سەرەتاییەکانی گرووپ بەچ شێوەیەك )لە بەشـی ناخودئاگـا) لەگەڵ ئەم یارییەدا پێوەندی دەگرێ، بەڵام هۆکارەکە ـــــ یان سەرچاوەی ئەم شەوق و شـاییە ـــ مان بۆ ڕوون ناکاتەوە. ئەم بەشە زۆرتر لەسەر ئـەم لایەنـەی دووهـەم ئـەدوێ، واتـە ئـەم بابەتەی کە بە چاوپۆشی کردن لە ڕۆڵی فوتباڵ وەکـو هـەڵگری هاوشوناسـی لەسـەر بنـەمای هەستی دەمارگرژانە، ڕاکێشەریی فوتباڵ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئەڵبەت لایەنگـەلێکیش لەم یارییە وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتیی دووبارە لێکدانەوە لەسەر دەکرێ.

## حەرامکراوە بناخەییەکان:

بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی لەسەر شەوق و هـۆگریی جـەماوەر بـۆ فوتبـاڵ لـە هـەنگاوی یەکەمدا دەبێ سەرچاوەکانی ئەم یارییە لێکدەینەوە. پێویستە لەسەر دەلالەتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلوجیکی توخمە بنەماییەکانی ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانە لێکدانـەوەمان هـەبێ، کـە لـە سەد و سی ساڵی پێشەوە بە شێوەیەکی سەقامگرتوو بنچینە و بنەمای واتای فوتباڵیان دیاری کردووە. یاساکانی ئەم یارییە" یەکەمین جار لە چوارچێوەی ڕێسانامـەی «ئەنجومـەنی فوتبـاڵ» لە بەریتانیادا داڕێژراوە. لە ئۆکتۆبری ١٨٦٣دا، دوایین کۆبوونەوە لـە زنجیرە کۆبوونـەوە بـە ڕواڵەت پڕ لە هەراو هوریاکانی )فوتباڵ) لە شوێنی، «میوانخانەی فراماسـۆن» لـە شـەقامی "گێریت کۆین"ی لەندەن سازدرا، کە بەشداران زۆرینەیان قوتابیی پێشووی، فێرگـە کۆتاییـە تایبەتەکان بوون.

داهاتەکانی ئەم کۆبوونەوەیە لە دواییدا کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر مێـژووی جیهانـدا بەجێ هێشت. لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کە ئەنجوومەنی فوتباڵ دابمەزرێت و ئەمەش تەنیا داهێنانێکی سیستەماتیك نەبوو، بگرە بڕیارێـك بـوو لەسـەر چـۆنییەتی ئـەم یارییـە و لـەم ڕەهەندەشەوە بایەخێکی زۆری هەبوو.

لەو سەردەمەدا، فوتباڵ بە چەند شێوەی جۆراوجۆر یاری پێ ئەکراو لـە هـەر فێرگەیـەکی

گەورەی تایبەتدا، شێوازێکی جیاواز گەشەی سەندبوو  کایە تیمییەکان بەرێساگەلێکی تێك تەنراو بە مەبەستی گەشەپێدانی هۆشی و جەستەیی ئەندامانی چینی حاکمی Mason1981 بەریتانیا، لە فێرگە تایبەتەکاندا کاری پێ دەکرا، هەروەها بۆ ئەوەی قوتابیان بە جۆری باربێن کە بە ویستی خۆیانەوە مل بدەنە ژێر دەسەڵاتی مامۆستایان Dunning 1971. بەم شێوە، هەر بەو جۆرەی کە دانینگ و ئەوانی دیکە باسیان لەسەر کردووە، فوتباڵی سیستەماتیك وەکو جێگرێك بوو بۆ ئەو کایە پڕ لەتوندوتیژی و بیحسێب و پەرتووکانەی کە پێشتر لە فێرگە کۆتاییە تایبەتەکاندا بە تۆپ دەکرا و بەشێکە لەو شتەی کە نۆربێرت ئیلیاس ناوی دەنێ «پرۆسەی فێربوونی شارستانییەت» (١٩٣٩). پرۆسەیەك کە هاوواتایە لەگەڵ گەشەی چەشنە زیاتر کۆنترۆڵکراوە شارستانییەکانی رەفتاردا. (ئیلیاس و دانینگ، ١٩٧١).

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٤٠دا، خوێندکارانی پلەی لیسانسی زانکۆی کەمبریج کە لە فێرگە کۆتاییە جۆربەجۆرەکانەوە دەرچووبوون و دەیانویست پێکەوە فوتباڵ بکەن، چەند شێوازێك کایەیان لەسەر بنەمای کۆمەڵە رێسایەکی یەکە کۆ کردەوە و فۆرمێکی هاوچەشنیان پێدا. ویستە لەسەرخۆکان بۆ یەکدەست کردنەوەی فوتباڵ بەم جۆرە بەردەوام بوو، هەروەها پێویستیی هێنانە ئارای کۆمەڵە رێسایەکی هاوبەش لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، کە هەلومەرجێك بڕەخسێنێ تا تیمەکان بە ئیرادە و بنەمای جیاوازەوە، تێیدا کایە بکەن. جیا لە چێبوونیی تیمەکان لە فێرگە کۆتاییە تایبەت و زانکۆکاندا، زۆری نەخایاند کە تیمە گەڕەکیەکانیش سەریان هەڵدا. ئەم تیمانە بەدەستی ئەسحابی کلێسە و کاربەدەستانێك بناخەیان داڕێژرا کە مەبەستیان سامان دان بە کاتی بێکاری و بەتاڵیی کرێکاران —کە رۆژبە رۆژ زیاتر دەبوو— و پڕکردنەوەی ئەم کاتانە بە چالاکی جەستەیی و بەکەڵك بوو. (لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، پشوودانی نیوەی رۆژانی شەممە بوو بە باو و ئەمەش هۆکارێکی گرینگی بوو لە پەرەسەندنی فوتباڵدا).

یەکێك لە هەنگاوە گرینگەکانی هاوسانکردنەوەی ئەم یارییە کۆ بوونەوەکەی ساڵی ١٨٦٣ بوو کە لە لایەن ئەنجومەنی فوتباڵەوە ساز درا. لەم کۆبوونەوەدا، سەرەڕای ناڕەزایی سەرسەختانەی گرووپێك لە کاربەدەستانی فوتباڵ، قەدەخە بوونی دوو کار واژۆ کرا: یەکەم هەڵگرتنی تۆپ بەدەست و دووەم کارێك بوو کە «لەقە لێدان»یان پێ دەگوت (لەقە لێدان لەپێی یاریگەری حەریف لە جیاتی لەقە لێدان لە تۆپ). پێشنیازی قەدەخەکردنی دەست لێدان لە تۆپ لە ساڵی ١٨٤٩ لە لایەن فێرگە کۆتاییەکانی «ئیتۆن»ەوە درا، شیمانەی

ئەوەش هەیە (بەو جـۆرەی کـە دانیـنـگ ئامـاژەی پێکـردووە)، کـە ئـەم فێرگەیـە سـەودای دەستپێشخەرییەکی لەم بوارەدا لەسەردا بووە، دەستپێشخەرییەك كە مامۆستایان و قوتابیانی ئیتۆن دەیانویست لە هەر بەستێنێکدا ئاڵا هەڵگری بن. پێشتر فێرگەی کۆتایی «رۆگبی» بـە دارشتنی رێساگەلێك بۆ فوتباڵ بەو جۆرەی كە لەو فێرگەیەدا کایەی پێ‌ئەکرا لەم بوارەدا بـوو بە سەر قافڵەی داهێنان. بەپێی رێسانامەی مۆرکراوی فێرگەی رۆگبی لەقەلێدان ئـازاد بـوو، هەروەها نەتەنیا، بەدەس هەڵگرتنی تۆپ، بگرە — بەپێچەوانەی رەوتی ئاسـایی یـاری — بـە دەس هەڵگرتن و راکردنیش ئازاد بوو. وەك دەبینین، ئەگەرچی لە بەراوردکردن لەگەڵ شـێوەی ئاسایی یاری فوتباڵدا، رێساکانی فێرگەی راگبی چوارچێوەیەکی دەسەپاندە سەر یاریگەرانـدا، بەڵام رێساکانی فێرگەی ئیتۆن لە کۆنترۆڵی هەرە زیاتری مرۆڤدا بەربڵاوتر و بە بایەختر بوو.

لە کۆبوونەوەکەی ساڵی ١٨٦٣دا باسەکانی کۆبوونەوە زۆرتر لەسەر بابەتی لەقەلێدان بوو. لەم کۆڕەدا لایـەنگرانی لەقەلێـدان — کـە برێکیشـیان خوازیـاری مانـەوەی مـافی بەدەسـت هەڵگرتنی تۆپ بۆ یاریگەران بوون — بـەلادان لـە «ئەنجومـەنی فوتبـاڵ» دواتـر «یەکیـەتی فوتبـاڵی راگـبی »یـان بنیـات نـا. جیـا لەمـەش، بـەوجۆرەی کـە «ر.و.پیکفـورد ١٩٤٠ R.W.Pickford »ی دەروونناس باسی کردووە، لەو رووەوە کـە ئـەم گرووپـەش ماوەیـەکی دواتر مافی لەقەلێدانی لە فوتباڵدا قەدەخە کرد، دەتوانین بگەینە ئـەو ئەنجامـەی کـە بابـەتی سەرەکیی لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٨٦٣دا بەدەست هەڵگرتنی تۆپ بووە. هەر ئـەم بابەتـە لـە دواییدا بوو بە خاڵی جیاوازیی سەرەکیی، راگبی لەگەڵ ئەنجومەنی فوتباڵدا.

لە ساڵی ١٨٧٧، «ئەنجومەنی فوتباڵی لەندەن» و رێکخراوە گەورەکانی دیکـە لـە شـاری شفیلددا کە یارییەکی وەکو یەکیان خستەڕێ، لەسـەر رێسـاکانی فوتبـاڵ گەیشـتنە تـەبایی. مێژووی کێبەرکێکانی فوتباڵ لە شفیلددا دەگەڕایـەوە بـۆ دەیـەی ١٨٥٠، لـە ئاکـامی ئـەم تەباییەشدا، برێك لە رێساکانی شفیلد (وەکو لێدانی کـۆرنێر) لـە رێسـانامەی ((ئەنجومـەنی فوتباڵ))دا لەبەرچاو گیرا، بەم جۆرە چەشنێك هاوکاریی باکووری — باشـووری بـۆ بنیاتنـانی رێکخراوەگەلێکی نەتەوەیی هاتە ئاراوە و هەروەها ئەو دەستە لـە یاریگـەران کـە لـە چـینی کرێکار بوون و رۆژ لە رۆژیش زۆرتر دەبوون، رێسانامەکەی «ئەنجومەنی فوتباڵ»یان بە باشـی دەپاراست.

دواتـر لـە رێسـای فوتباڵـدا گۆڕانکاریگـەلێکی زیـاتر هاتـە ئـاراوە، کـە برێـك لـەم گۆڕانکارییانە لەسەر بنەمای داسەپاندنی بەربەستگەلێکی هەرە زیاتر بەسەر جووڵانـەوەکانی

یاریگەراندا بوو. بۆ نموونە، تا ساڵی ١٨٩٣ هێرشکردنە سەر گۆڵچی (دەروازەوان) بێ ئەوەی کە تۆپی بە دەستەوە بێ ئازاد بوو. باقی گۆڕانکارییەکان پێشاندەری ئەقلانی کردنەوەی بەربلاوتری ئەم یارییە بوون، وەکو ئەو بڕیارەی کە لە ساڵی ١٨٨٩دا درا، لەسەر بنەمای ئەمەی دادوەرەکان (کە رۆڵیان لە فوتباڵدا بەردەوام بایەخێکی زۆرتری پێ دەدرا) بە بێ داخوازی لە لایەن تیمێکەوە کە خەتایان بەسەرا کراوە دەتوانن دەستووری لێدانی ئازادی تۆپ بدەن. بەم جۆرە کۆمەڵە رێسا دەرهەستەکانی فوتباڵ، هەر رۆژە رێسا و رێکیەتییەکی زۆرتری دەسەپاندە سەر رەوت و شێوازی ئەم یارییە لە گۆڕەپانە وەرزشییەکاندا.

بە هەمووی ئەمانەوە وەها تێدەگەین کە توخمە سەرەکییەکانی فوتباڵ لە دەیەی ١٨٦٠ و ١٨٧٠دا بیچمیان گرتبێ و گرینگترینی ئەم توخمانەش برێتی بوو لە قەدەخەی بەدەستەوە گرتنی تۆپ، یان — بەو جۆرەی کە پیکفۆرد و کەسانی دیکە ئاماژەیان بۆکردووە — قەدەخەی لەمس کردنی تۆپ. ئەم یاسایە لە ساڵی ١٩١٢دا ئاوڕێکی باشتری لێ درایەوە، چونکە لەو ساڵەدا بڕیار درا کە گۆڵچی مافی ئەوەی نییە بەدەر لە هەرێمی جەریمە دەست بە تۆپەوە بدا. ئەگەر قەدەخەی بەدەست گرتنی تۆپ رۆڵیکی گرینگی هەبێ لە بەدیهاتنی فوتباڵدا -وەکو چەشنێکی تایبەت لە رەفتار- ئەو کات بە لێکدانەوەی دەلالەتە دەروونناسانەکانی ئەم قەدەخە)یان «تا بۆ»)یە، دەبێ بتوانین هۆکارەکانی راکێشەریەتی فوتباڵ باشتر تێبگەین.

دەتوانین فەرز بکەین کە ئەم قەدەخە ئیرادەیەکی چەند هۆکاریی هەیە[1]. «دڵنیایی چەندن هۆکاری» یەکێك لە پرەنسیپە بنەماییەکانی دەروونشیکارییە و بەپێی ئەم پرەنسیپەش واتای دیاردەیەکی دەروونی (وەکو نیشانەی نەخۆشی یان خەون) بە تەنیا لە رێگەیەکەوە کەم ناکرێتەوە. قەدەخەی لەمس کردنی تۆپ دەتوانێ دەلالەتگەلێکی جۆراوجۆری هەبێ، لێرەشدا تەنیا دوو دانە لەو دەلالەتانە دەخەینە بەر شرۆڤە.

یەکەم، چالاکییە جەستەییەکانی مرۆڤ زۆرینەی بەدەست دەکرێ و هەر بۆیەش قەدەخەی بەکارگرتنی دەست، یاریگەران ناچار دەکات، کە بۆ پاڵ پێوەنانی تۆپ قاچەکانیان بە شێوەیەکی نوێتر بخەنە کار. پێداویستی کارکردن بە پێ لە فوتباڵدا، کارکردی کەم و ئاسایی ئەم ئەندامە دەگۆڕێ و دەیخاتە ژێر گوشارەوە تا کارێك جیا لە کاری ئاسایی و هەمیشەیی

---

١- فرۆید ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەدی هاتنی خەون ( یان کار ) ێك، ناوی لێدەنێتە« ئیرادەی چەند هۆکاری » (Over - Determination) و بڕوای وابوو کە تەنیا خەونێك یان تەنانەت سەمبولێکی یەکە لە خەوندا، رەنگە دەلالەتی لە سەر مەیلگەلێکی زۆر و جۆراوجۆر هەبێت.

خۆی (بەرز ڕاگرتنی جەستە و ڕێکردن) بکات. برێ کاتیش کە پێی مرۆڤ بۆ جووڵانەوەی جەستە نابرێتە کار، زۆرتر ڕۆڵی کەرەستەیەك بۆ توندوتیژی کردن دەبینێ. زاراوە و چەمك‌گەلێك وەکو «لەقە کوتکردن» و «لەقەفڕێ دان» هەروەها وێنە هۆشییەکانمان لەو هرووژمە توندوتیژییانەی کە لایەنی بەرامبەر کەوتووەتە سەر خاك و هێرشبەرانیش بە لەقە دێنە سەر و گوێلاکیدا، هەموو پێشاندەری دەلالەتی ئاسایی قاچە، وەکو ئەندامێك لە جەستە کە بە دەسدرێژی وەحشیانەوە وێنا دەکرێ. کایەکردنی فوتباڵ — واتە ئەو یارییەی کە تێیدا لەقە لێدان لە حەریف قەدەخەیە و تۆپ تەنیا بە پێ، ئەملا و ئەولای پێ دەکرێ — پێویستی بە گۆڕانی دەلالەتی بێ بەزەییانەی پێ و دۆزینەوەی کارپێکردنێکی جیاوازە بۆ ئەم ئەندامە وێرانکەرەی جەستە. بەپێی ئەمەش دەتوانین بڵێین کە فوتباڵ هەم بە واتایەکی دەروونناسانە و هەم بە واتایەکی کۆمەڵایەتی — مێژوویی، کە پێشتر باسمان کرد، کاریگەرییەکی « فێرکەرانەی شارستانی»ی هەیە.

بەو جۆرەی کە دانییل دێرڤین ١٩٨٥ Daniel Dervin ئاماژەی کردووە، ئەم بابەتە سەبارەت بە تەواوی ئەو وەرزشانەی کە پێویستیان بە سیستەمی بارهێنان و زاڵبوون بە سەر دەروون — ئەویش لە ڕێگەی خۆسزادان —ەوە هەیە، دروستە. بەرنامەکانی پەروەردەی قارەواتانەی خود و ئامادەکردنی جەستە لەم وەرزشانەدا دەبنە هۆی گەڕانەوەی زیاتری دەستدرێژی بۆ نەفسی خودی تاکەکەس، تەنانەت لە کاتی یاریشدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم دەستدرێژییە ناکرێتە سەر حەریف. بە وتەیەکی دیکە ئەنجامی سەرکەوتن، دەستدرێژیکردن بۆ هەرێمی حەریف یان کوشتن و تۆڵەسەندنەوە لە تیمی بەرامبەر نییە، بگرە شانازیکردنە بە سەرکەوتن (تێك شکانە لە شکست)، شانازییەك کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆشیفتەیی. لە بەرامبەری ئەو ڕوانگە پاوەنخوازانەی کە تەلەڤیزیۆن بە پەرەپێدەری نواندنی جەستە و پێشاندەری توندوتیژی دەزانێ، دێرڤین بڕوای وایە کە بڵاوکردنەوەی زیاتری پرۆگرامە وەرزشییەکان لە تەلەڤیزیۆنەوە بووەتە هۆی سەبوورییەکی زۆرتر لە بینەراندا. چونکە بە گشتیی هیچ کەسێك پێی خۆش نییە کە بە ملیۆنان بینەری تەلەڤیزیۆن، لە کاتی دەستدرێژی کردنێکی پاساو هەڵنەگردا ببینن. تۆمارکردنی ڤیدیۆیی کێبەرکێکانی فوتباڵ و بەکەڵك هاتنیان بۆ داوەریکردن لەسەر خەتای یاریگەران — هەر وەکو ئەو کامێرا پۆلیسیانەی کە لە قەراخی جادەکاندا دادەمەزرێن — توخمە کۆنترۆڵکەرەکانی ئەم یارییە بەهێزتر دەکات.

نکۆڵی هەڵنەگرە کە هەنووکە لە فوتباڵیشدا وەکو هەر وەرزشێکی دیکە نیشانەگەلێك لە

دەستدرێژی وەحشیانە دەبینـدرێ، کـە سەرچـاوەی نییـە لـە مـەیلی ڕەقابـت خوازانـەدا بـۆ سەرکەوتن، مەیلێك کە ئەڵبەت بیچمێکی تەعدیل کراو و مەدەنیانەیە لـە دەسـتدرێژی یـان دەبێ بیچمێکی مەدەنیانە لە دەستدرێژی بێ. بگـرە ئـەو توندوتیژییـەی کـە مەبەسـتە، لـە پێوەندیی یاریگەر لەگەڵ تۆپدا بەردەوام دەبێ، بە شێوەیەك کە بەردەوام و بە توندی لـە تـۆپ دەدات و بڕێ جاریش بە دۆخێکی تەواو نمایشییەوە ئەم کارە دەکات. تۆپ نـابێ لەتمـەی لـێ بکەوێت و لێشی ناکەوێت و سەرەڕای ئەمانەش ئەزموونی لەقەلێدان لە تۆپ، یان تەماشـای تێهەڵدان کردنی تۆپ، بەدەستەواژەگەلێکەوە ڕەوایەت دەکرێن کـە دەربڕینێکـی سـۆزگەرییان تێدایە، نەك بـە ڕەوایـەتی هێرشـێکی بـێ بەزەییانـەوە. بەشـی هـەرە زۆری یارییـەکان بـە دەستەواژەگەلێکی وەکو «پاسی لێزانانە و مارپێچی»، «لێدانێکی بەرز و حەسێب بۆ کراو لە تۆپ کە بـە نـەرمی دەیخاتـە هـەواوە» ڕەوایـەت دەکـرێ تـا بـە دەسـتەواژەگەلێکی وەکـو «تەقینەوەی لێدانێك بۆ ڕێژنەکردنە سەر گۆڵ».

فووتبالیستە پیتۆڵەکان تۆپەکە لە «ئامێز دەگرن» و «دەیلاوێنن» و «بە نـەرمی»ش بـۆ ئەوانی دیکەی دەخەن.

فرۆید ئەمەی باسکرد، کە وزەی جنسی یان «لیبیدۆ» دەتوانێ بەشێوەگەلێکی جۆراوجـۆر و بە تێك سپراوییەکی جیاوازەوە لە ئەندامە جیاجیاکانی لەشدا کۆ بێتەوە و بەم جۆرە شوێنە شەهوەت زاکان دروست دەبن.

بە پێودانگێکی کەم و کورتەوە دەتوانین بڵاوبوونەوەی وزەی دەسـتدرێژی خـوازە (یـان بـە گوێرەی ئەو زاراوەی کە بڕێك لە نووسەران بۆ بکێشە[1] وێرانکەرەکان بە کاری دەبەن «مـەرگ مایە»)[2] لەگەڵ دروستبوونی شوێنە «مەرگ زا»کان لە جەستەدا بە هاوواتا بزانین. بەم جـۆرە ئەندامی مەرگ زای پێ، بە گۆڕانێکی شەهوانییەوە دەبێتە کەرەستەیەك بۆ داهێنان. ڕەنگـە بتـوانین بڵـێین کـە بیرەوەرییـەکانمان لـەوەی کـە قولـە فڕکـێ کـردن لـە سـاواییدا حـوکمی کەرەستەیەکی هەبوو بۆ دەربڕینی توانا و چێژ وەرگرتن، هـەروەها بیرەوەریـی ئـەوەی کـە لـە بەرامبەری دایك و باوکەوە کە دەیانەوێت بـەرگرمان بـن، چـلۆن قاچـەکانمان دەخسـتە کـار، تەعدیل کردنی وزە دەستدرێژی خوازەکانمان بۆ ئاسان دەبێتـەوە. فوتبـاڵ هـەروەها هـەڵگری

---

١- « ڕاکێشەر » یان ( impulse ) ، ناوێکە لە دەروونشیکاریدا، کە بە هەر جـۆرە مـەیلێکی بـە هێـز و ناهانا دەگوترێ، بە تایبەت ئەو مەیلانەی، کە سەرچاوەکەیان لە ((دەروون))دایە .

2- Thanatos

ڕەهەندێکی جنسییە. هەر کەسێك ئەمە دەزانێ کە مەبەستی سەرەکیی لە لێدانی تۆپ، دزەکردنە ناوی ئەویدی- یان باشتر بڵێین، دزەکردنە بۆ ناو هەرێمێکی موقەدەس یان قەدەخەیە لە ڕێگەی ڕەوزەنەیەکەوە - «(تۆپکردنە ناو گۆڵدا)» لە ڕوانگەیەکەوە چەشنە سەرکەوتنێکی جنسییە و لە نەریتی جەماوەریشدا هەر ئەو واتایەی هەیە. ئەڵبەت لایەنی جنسی تەنیا تایبەت بە فوتباڵ نییە، کایەگەلێکی جۆراوجۆر هەن کە دەبێ شتێك بخرێتە شوێنێك یان کونایەکەوە، هاوکات یاریگەرانی تیمی حەریف یان بەربەستگەلێکی سروشتی، بەرگری لەم پێداکردنە دەکەن.

کەڵك وەرگرتن لە دیلەك و تۆپ بۆ دیاریکردنی چوارچێوە ـ هەروەها ڕواڵەتی کونای پێدانی ـ لە باقی یارییەکانی دیکەیشدا دەبینـدرێ. یاری هاکی لەسەر چیمەن نێزیکی دەیەیەك لە دوای فوتباڵ بنیات نرا. ئامانجگەلێکی بنەمایی و هاوسانی لەگەڵ فوتباڵدا هەیە و پەرنسیپێکی گرینگی بەرگری کەریشی لەگەڵدایە (واتە ئەو پرەنسیپەی کە دەڵێ تۆپ دەبێ بە گۆچان ئەملاو ئەولای پێ بکرێ). ئەگەرچی ئەم یارییە چۆنییەتی‌یەکی دەستدرێژیخوازانەی هەیە، چونکە یاریگەران بۆ لێدانی تۆپێکی ڕەق و بچووك و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حەریفدا لە گۆچانێکی گەورە کەڵك وەردەگرن.

لە فوتباڵدا لێدان و پاڵ پێوەنانی تۆپ بەرەو بەر دەلالەتگەلێکی زیاتری لە دەلالەتی نێزیکایەتی کردنی جنسی لە ڕێگەی گوڵ لێدانەوە هەیە، ئەم کارەش لە کەتواردا چەشنە پەرەپێدانێکە بە دەسەڵاتەکانی مرۆڤ. ئەم بابەتە دیسان بۆ کایە تۆپیەکانیش دروستە، چونکە یاریگەرانی ئەو یارییانە هەوڵ دەدەن تۆپەکە بکەنە بەشێك لە جەستەیان. بۆ نموونە لە باسکێتباڵدا یاریگەران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وچوارچێوە بۆ دانراو، لەگەڵ تۆپەکەدا تەماس دەگرن و دەبێ یاریگەر لێهاتووییەکی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی تۆپ لە خۆیدا پەروەردە بکات. یەکێك لە دیمەنە تەماشاییەکان لە فوتباڵدا —کە هەنووکە (دوو یاریگەری بەناوبانگ)مارادۆنا و گێسگۆڤین بە جوانی و زاڵییەکی تەواوەوە نومایشی دەدەن — کۆنترۆڵکردنی بەردەوامی تۆپە لە کاتی تووند ڕاکردنی یاریگەردا. لەم دیمەنانەدا جووڵانەوەی تۆپ بە جۆرێکە کە وەکو ئەندامێك لە جەستەی یاریگەر دەنوێنێ و یاریگەر توانیوویەتی شتێکی دەرەکیی بئالێنێتە جەستەی خۆی. «(دریبل کردن)» زاراوەیەکی سەرسووڕ هێنەرە کە هەڵگری پێوەندیی تێك تەنراو و جەستەییە لە نێوان یاریگەر و تۆپدا. ئێمە بەبینینی ڕواڵەتی سیحراوی دریبل و کونترۆڵی تۆپ لەسەر بنەمای بە یەکێ بوونی تۆپ و جەستەی یاریگەر، شاگەشکە دەبین، بە تایبەت کاتێك دەزانین ئەمە بەرهەمی

زاڵیەتی یاریگەرانە (بەسەر یاریدا) نەك سیحر و جادوو. لە بەرامبەردا بەدەست هەڵگرتنی تۆپ و هاوکات راکردنیش — بەو جۆرەی کە لە راگبیدا باو بوو — شتێکی بێڕۆح و ما ندوویی هێنەرە. ئەگەرچی راگبیش بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی سەرزیندوویی لەگەڵدایە، بەڵام ئەو هەستە بەرزەی لێزانین -و ئەگەری دابەزینی ئەو زانستە- کە لە فوتباڵدا هەیە، لە راگبیدا بەدی ناکرێ.

*زۆرینەی کات تۆپ، مەعقوولانە و بە مەیلی من جووڵاوەتەوە. برێ کات وام هەست کردووە کە تەواوی خواستەکانی منی پێشبینی کردووە و بە وەها نەرمییەك خولاوەتەوە کە وام زانیوە بەشێکە لە جەستەم و تەواوی دنیا لەژێر دەسەڵاتی پێمدایە، بەڵام برێ کاتیش بە شێوەیەکی ناجۆر پەڕیوەتە ئەملاو ئەولا و رۆژانێکی زۆر، بەردەوام و ناکامانە لەگەڵ ئەو وزە نادیارانەی کە دۆخی ئاساییان تێك داوە خەباتم کردووە. (دانی بلانچفلاڤێر ١٩٥٨)*[1]

لە فوتباڵدا لە یازدە کەسی یاریگەر بۆ دە کەسیان دەس بە تۆپەوە دان قەدەخەیە. هەر لقێکی وەرزشی بە شێوەیەك دەبێ برێ کاری تێدا قەدەخە بێت، بەڵام ئەم قەدەخەکردنە لە فوتباڵدا زۆر سەختگیرانەیە و لەو رەهەندەشەوە کە ئەم بەربەست و قەدەخەکراوانە چییەتی یاری پێناسە دەکەن، دەتوانین بڵێین کە خۆشەویستی فوتباڵ بۆ جەماوەر بە مسۆگەرییەوە پێوەندیی بەم بەربەست و قەدەخەکردنە تایبەتانەوە هەیە.

تا ئێستە هەندێك لە لێکۆڵەران وتوویانە کە دەلالەتی ئاماژە پێکراو هەمان گۆڕینی دەستدرێژییە. گۆڕانێك کە هەیەجانە جنسی و سیحراوییەکان دەگرێتە بەر و ئێستەش دەبێ ئەو دەلالەتە دووەم و پێوەندیدارە بخەینە بەرباس کە دەمانباتە ناخی فوتباڵەوە.

**ئافراندنەوەی رۆڵی کۆمەڵگە:**

چەشنەکانی قەدەخە، رۆڵێکی گرینگیان لە بیچمگرتنی هزری دەروونشیکارانەدا هەبووە. فرۆید خۆی زۆر هۆگری لێکدانەوەی قەدەخە بووە، هەم وەکو نیشانەیەك لە نەخۆشی (وەکو دووریکردن لەبڕێك شتی ئاسایی لە[2] «نارسیس» وەسواسیدا، هەمیش لە شێوازی بنیاتێکی کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەت بەو جۆرەی کە لە نووسراوە باوەڕ پێکراوەکانی مرۆناساندا

١- Danny Blanch flower، یاریگەری بەریتانیایی کە لە دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ دا لە کێ بەرگێ گەلێکی زۆر دا بە جوانی خۆی نواند.

٢- «نارسیس» ( neurosis ) ـــ بریتییە لە تێکچوونێکی کەم لە کەسایەتی دا. کەسایەتیی تاکی نارسیسی زۆر تێك ناچی، هەر بۆیە نیازێکی بە خەواندن لە تیمارستان دا نییە. دەروون رەنجووری زۆرینەی کات لەگەڵ دڵەڕاوکێدایە.

خوێندنەوەی لەسەر دەکرێ، ئەو نووسراوانەی کە فرۆید بە لەزەتەوە دەیانی خوێندەوە. فرۆید باسی لەم بۆچووونە کرد، کە هەم لە نارسیسی کۆمەڵایەتیدا، هەمیش لە قەدەخە کولتوورییەکاندا، زۆرتر لەمس کردن قەدەخە کراوە و ئەو بەڵگە خەڵك ناسانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرد هەموویان، بە دڵنیاییەوە سەلمێنەری ئەوە بوون کە لەمس کردن لەسەرووی تەواوی شتە قەدەخە لێکراوەکانەوەیە. فرۆید لە بەرهەمەکەیدا لەژێر ناوی *تووتم و تابۆ (ل ٧٣ / ١٩١٣)* ئەوەی روون کردووەتەوە کە جیاوازیی لە نێوان نیشانەکانی نارسیس لەگەڵ فەریزەی کولتووریدا لەوەدایە کە لە نارسیسدا قەدەخەی لەمس کردن پێوەندیی بە لەزەتی جنسییەوە هەیە کەچی قەدەخە کولتوورییەکان زۆرتر پێوەندییان بە مەبەستی دەستدرێژی خوازی و کۆنترۆڵی بەرکەوتنەوە هەیە، بە واتایەکی دیکە پێوەندییان بە قەدەخەی لەمسکردن وەکو پێش مەرجی پێویستی دەستدرێژی، یان داگیرکردنەوە هەیە.

دواتر (لە وتاری «قەدەخە“ نیشانەی نەخۆشی و دڵەڕاوکێ»، ١٩٢٦) فرۆید پێداچوونەوەی بە بۆچوونەکەیدا کردەوە، بۆ ئەوەی لە تیۆرەکەیدا تەقەلای نارسیسی لە بەرامبەر دەستدرێژیدا (کە بێگومان ناواخنی وەسواسە) بگونجێنێ. لە نیشانەکانی نارسیسن هەروەها لە بنیاتە کولتوورییەکاندا ئۆبژەی قەدەخە کراو هەم پێشوازی لێ دەکرێ، هەمیش دەکەوێتە بەر رق و تووڕەیی. سەرەڕای ئەمانەش، پێویستە لە نێوان قەدەخە نارسیسییەکان لەگەڵ قەدەخە کولتوورییەکاندا جیاوازی قایل بین، چونکە فرۆیدیش لە نووسراوە پێشووەکانیدا نیشانەی نەخۆشی لە خەباتی تاکەکەسی و ناکۆمەڵایەتییانە، لەگەڵ نیازی غەریزیدا دەزانێ: تاکی نارسیسی پشت دەکاتە دنیای کەتواری کۆمەڵگەی مرۆڤ، هەتاکو پەنا بەرێتە ئەو خەیاڵانەی کە گواستنەوەیان، نیشانەیەك لە نەخۆشین. ئەم گرفتە کاتێك دێتە ئاراوە کە تاکی نارسیسی لەگەڵ ئۆبژی خواستی خۆی، -بەڵام قەدەخە کراو-دا تەماس دەگرێ. لە لایەکی دیکەوە پێکهاتەی کولتووریی قەدەخەکان، بیچم دەرن بە کۆمەڵگەی مرۆڤ و ئەگەریش وەژێر پێ بنرێن ئەو کات ئەگەری ئەوە هەیە تانوپۆی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی مەترسیدار لێك بپچڕێ. کۆمەڵگەی مرۆڤ بە ناچار لەسەر بنەمای چەشنە جۆراوجۆرەکانی قەدەخە راوەستاوە.

وەك دەزانین، لە بۆچوونی فرۆیددا قەدەخەی نێزیکبوونی جنسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا بایەخێکی بەرچاوی پێدراوە و بنەمای کۆمەڵگەی مرۆڤ پێوەندیی بەم قەدەخانەوە هەیە.

ئەم قەدەخانە، لە نێوان برایانی «رانی سەرەتایی»[1] لە دوای کوشتنی باوکیان، رەقابەتی وێرانکەرانە نایەڵێت و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو رەفتارەی کە لەگەڵ باوکیاندا کردوویانە، ئیرادەی ئەو دەسەپێننە سەر خۆیاندا و لەم رێگەیەوە پێکەوە یەك دەگرن.

هەروەها برێك لە لێکۆڵەران هاوسەرگیری بەدەر لە گرووپ، کە لە دوایی ئەم هەلومەرجەدا دێتە ئاراوە بە بناخەیەك بۆ پێکەوە بوون و هەڵس و بنیشت لە نێوان گرووپە بنەماڵەییەکاندا دەزانن.[2]

سەرەڕای ئەمەش، پێویست ناکا مرۆناسیی مێژوویی فرۆید، بە تەواوی قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە بیروڕاکانی سەبارەت بە قەدەخە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە قەدەخەی نەهیگەرانە، بیچمێکی سەرەتاییە لە یاسا یان بیچمێکی گەشە نەکردووی کۆمەڵگەی مرۆڤە، چونکە یارمەتیمان دەدات بەسەر راکێشەرەکانماندا زاڵ بین. روانگەی مرۆڤ ناسانەی فرۆید وەکو کەرەستەیەکی کاریگەر و دەرخەری حەقیقەتە، بەڵام ئەو پرۆسە دەروونی و سەرەتاییانە کە ئەم کەرەستەیە دەبێ بۆفام کردنیان بەکار بگیردرێن وەها چۆنییەتییەکیان نییە. سەبارەت بەوەی کە قەدەخەکردن لە کوشتنی دیتران، پێداویستییەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤ، کەمتر کەسێك بە دوودڵییەوە چاوی لێ دەکات، بەڵام نارەساییەکەی وەکو رێسایەکی رەها، کۆگەیەك گرفتی لەبەر دەم بڕیارداندا داناوە و رادەبڕینیش سەبارەت بەوەی کە کوشتنی

---

١- تیۆری « رانی سەرەتایی » (Primal horde ) یەکێك لە بەرچاوترین تیۆرەکانی فرۆیدە لەسەر سەرهەڵدانی ژیاری مرۆیی، کە یەکەمین جار لە پەرتووکەکەیدا لەژێر ناوی *تەوتەم و تابو* بە تەواوی باسی لەسەر کردووە. فرۆیدیش وەکو داروین برای وابوو کە مرۆڤە سەرەتاییەکان لە گرووپگەلێکی بچووك (وەکوو « ران » )دا ژیاون و لە هەر یەکێك لەم گرووپانەدا، ئەندامێکی نێر دەسەڵاتی باوکسالارانەی بووە بە سەرباقی کەسان دا. سەرۆکی ران تەواوی ژنانی گرووپی بە موڵکی خۆی دەزانی و بۆ بەرگریکردن لە نێزیکایەتی لەگەڵ مەحارم دا، لاوە نێرەکانی دەخەساند یان لە ران دەری دەکردن ( دەبێ ئەمەمان لە بەرچاو بێ، کە پێوەری مەحرەمبوون نەخزمایەتی، بگرە ئەندامەتیی گرووپ بوو ). باوکی ران لەم رێگەیەوە پێوەندیی جنسی ئەندامانی نێری رانی لەگەڵ ژنانی دیکەدا هان دەدا، بەڵام ئەندامە نێرەکان بە ستەمکاریان دەزانی. لە ئاکامدا برایانی راونراو لە ران پێکەوە یەکیان گرت و بە کوشتنی باوکیان و خواردنی جەستەی، باوکسالارییان کۆتایی پێ هێنا.

2- Mitchell 1974

مرۆڤێکی دیکه چ کاتێك ڕەوایه و چ کاتێك دەبێ ببەخشرێت بە ئەستۆی فەیلەسووف و یاسازانەکانەوەیە.

لە وەرزشدا، ئێمە لە ڕێگەی سەپاندنی قەدەخە یان ئەو ڕێسایانەی کە دەبوایە لانیکەم لە بەشێکی بەرچاو لە یاریدا ڕەفتی پێ بکەین تا ئەو یارییە بەڕێوە بچێ، ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤ دووپات دەکەینەوە. لە نێوان تەواوی ئەو وەرزشانەدا کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا یاسایان بۆ داڕێژراوە و لە رووبەرێکی بەربڵاویشدا قبوولٚ کراوە، فوتباڵ پلەیەکی تایبەتی بۆخۆی تەرخان کردووە و ناوی «یاری خۆشەویستی خەڵك»ی لێ نراوە، چونکه ئەم وەرزشە بە توندترین و سەختترین قەدەخەوە پێی گرتووە. قەدەخەیێك کە نە تەنیا لە ڕێگەی قەدەخەی ڕاستەوخۆی دەستدرێژی، بگرە لە ڕێگەی قەدەخەی دەستی مرۆڤ لە یاریدا زۆرترین بەربەستی سەپاندووە. ئەڵبەت گۆڵچی لەم قەدەخە بەدەرە، چونکه ڕۆڵێکی تایبەت و بەرەنگارییانەی هەیە. هەروەها دەبێ ئەمەمان لەبەر چاو بێ کە هاوکات لەگەڵ لەمس کردنی تۆپ لە لایەن گۆڵچی‌یەوە، یاری ڕاوەستانێکی تێدەکەوێ. ئەو کاتە تۆپ دەکەوێتە دۆخێکی خونساوە و بۆ ماوەیەکی کورت ئیتر شتێکی مەترسیدار و هەستیار نییە.

ئەوە شتێکی روونە کە هاند (Hand یان تەماسی تۆپ لەگەڵ دەستدا) لە بڕێك هەلومەرجی تایبەتدا وەکو خەتایەکی گرینگ حسێبی بۆ ناکرێ، ئەویش کاتێکە کە ئەم خەتایە، چوارچێوە و بنەمای یاری تووشی مەترسی ناکا. لە بەرامبەردا "هاندە قاڵ بە شوێنەکەی مارادۆنا" کە داوەر پێی نەزانی و بوو بە هۆی شکست هێنانی تیمی فوتباڵی ئینگلیز لە دیداری نیوەی کۆتایی جامی جیهانی (١٩٨٦) لە بەرامبەر ئارژانتیندا، بوو بە نیشانەیەك لە شیمانەیەکی گەورە بۆ دادوەریگەلێکی نادروست. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هۆکاری ئەم بابەتە نەتەنیا داهاتێکی ڕاستەوخۆی بۆ ئینگلیز هەبووە، بگرە ئەم خەتایەی مارادۆنا هەمان هەڵگرتنی تۆپ بە دەست و فڕێدانی بۆ ناو گۆڵەکە بوو. ئەم کارە ڕاشکاوترین و کاریگەرترین ڕێگەی بردنی تۆپە بۆ ناو گۆڵ و بە ڕاشکاوی پرەنسیپی بنەمایی فوتباڵ دەنێتە ژێر پێ، ئەو پرەنسیپەی کە ئەڵێ گۆڵ ئەبێ لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە بێتە بەرهەم. قسەکانی مارادۆنا لە دوای یارییەکە، یارمەتیدەرێك بوو بۆ دۆزینەوەی واتای سەمبولیکی کارەکەی و وتی کە «دەستی خودا لەکاردا بوو». ڕەنگە وابزانین ئەم قسەیە شۆخی یان بە خۆدا هەڵگوتنێکە، بەڵام ئەمەمان پێ دەڵێ، کە هیچ سەرچاوەیەکی مرۆیی یان کۆمەڵایەتی ناتوانێ ئەو کارە بە ڕەوا بزانێ یان بە ئاگاییەوە چاوی لێ بنووقێنێ. لە بنەمادا هەر چەشنە

هەوڵ و تەقەلایەکی مرۆیی یان کۆمەڵایەتی زەمانێك دێتە بەرهەم، کە بۆ ڕەفتار پرەنسیپگەلێك دانرابێ و ئەو پرەنسیپانەش وەژێر پێ نەنرێ‌و وەژێر پێ نانیشی بەرپرسیارەتیی لەگەڵدا هەبێ. ئینگلیزییەکان کە بە زمانێکی ئامرانەوە قسە دەکەن، ڕەنگە سەبارەت بە کارەکەی مارادۆنا بڵێن «ئەمە خۆ کێبەرکێی کریکت نەبووە». هەچەندە کە پێناسەیان بۆ کریکت و کۆمەڵگەش زۆر دەمارگرژانەیە. سەرەڕای ئەمانەش، بە دڵنیاییەوە ڕەفتاری مارادۆنا بەدەر لە چوارچێوەی ڕێساکانی فوتباڵ بوو.

لە ڕوانگەیەکیشەوە، ناواخنی قەدەخە لە هیچ وەرزشێکی تایبەتدا بایەخێکی نییە، بە وتەیەکی دیکە بوونی هەر جۆرە ڕێسایەکی بنەمایی، لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ شاگەشکە کردنی کۆمەڵگەی مرۆڤ. بەم جۆرە قەدەخە لە لەمسی تۆپ لە فوتباڵدا قەدەخەیێکی ڕواڵەتیی و بێ‌ناوەرۆکە، چونکە ئەگەرچی ئەم قەدەخە بە شێوەیەکی ناکارا دەلالەتگەلێکی زۆری هەیە، بەڵام خودی بابەتی قەدەخە، لەم بوارەدا بە ڕوونی لەگەڵ هیچ دەلالەتێکی ناخودئاگاهانە و تایبەتدا وێنا نابێتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش تۆپ دەبێتە هۆی وەبیر هاتنەوەی زۆر شت لە هۆشماندا و بڕێك لە نووسەرانیش لەسەری کۆڵیونەتەوە. یەکێك لەو نووسەرە هەرە بەرچاوانە " دەروونشیکارێکە بە ناوی «ئادریان ستۆکێس، ١٩٥٦»[1] کە لە وتارێکی زانستیدا ئەم دەلالەتانە لێکدەداتەوە. ستۆکیس لە باسی ئەم دەلالەتانەدا دەڵێ کە تۆپ، "تۆوی" یان ئاوی پیاوانەیە، کە دەچێتە ناو کونایەکی قەدەخەوە و سەرێکی جیاوەبوو یان وێنەیەکی سادیستی — مازۆخسیتییە لە خەساوی و دەسەڵات (ل. ٧٣ پەڕتووکەکە). لەو ڕوانگەیەوە کە تۆپ بەردەوام جووڵانەوەی پێ‌دەدرێ وێنەیەکە لە ژیان. ئەگەر ئەم گریمانەگەلەمان قبووڵ بێت ئەوکات دەتوانین بڵێین کایە تۆپییەکان هەلێك بۆ پیاوان دەڕەخسێنن کە لە ڕێگەی ژیاندان بە شتێك، بە شێوەیەکی سەمبولیك لەگەڵ ژناندا هاونوێن بن. ئەم ڕوانگە گوواتاوییە لە لایەن «دانیل دێرڤین» ١٩٨٥ باسی لێکراوە، بەڵام لە گەڕانی بە دووی دەلالەتە دەروون ڕەوانییەکانی بەشداریکردنی بەربڵاوی پیاوان لەم یارییە تۆپیانەدا، هیچ بۆچوونێکی باوەڕپێکراوتر بوونی نییە. یەکێکی دیکە لە گومانە سەرنج ڕاکێشەرەکانی دێرڤین ئەمەیە کە تۆپ، نواندنەوەی داماوییە.

ئێمە دەتوانین داماوییەکانمان لە خۆمان جیا کەینەوە و بیهاوینە سەر تۆپەکە، لەم دۆخەدایە کە ئێمە دەتوانین لێهاتوویی و لێزانینەکانمان لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی تۆپدا پەروەردە بکەین.

---

1- Adrian Stokes

لـە لایـەکی دیکـەوە، *مارچـێلۆ سـووارێز ـ ئۆرۆزکـۆ*[1] *(١٩٩٣)* جـەخت دەکاتـە سـەر کارکردنەکانی فوتبالّ. ئەو خۆی لە رابردوودا یەکێك لە لایەنگرانی سەرسەختی فوتبالّ بـوو و ئێسـتەش وا دەزانـێ لـە «نەخۆشـی» رزگـاری بـووە، برێـك لـە دروشمـەکانی بینـەرە ئارژانتینییەکانی داوەتە بەر شرۆڤە و گەیشتووەتە ئـەو ئەنجامـەی، کـە راکێشـەریی فوتبـالّ هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ نومایش دانی دیمەنی تێکـەڵاویی هاورەگـەزییانـە. بـە وتەیـەکی دیکە، ئەو کونایەی کـە یاریگـەران لـە بەشـی کۆتـایی زەوینـەوە هـەوڵی پاراسـتنی دەدەن "دەزگەی ژن" نییە بگـرە کونـای پیاوانەیـە. لـە نموونەیـەکی زۆر سـادە لـەم درووشمانـەدا، کێبەرکێی فوتبالّ ئەم هەلە بۆ بینەران دەرەخسێنێ کە لەزەت — و ترسەکانی هاوجنسخوازانە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەزموون بکەن، ئەویش لە کولتوورێکدا کـە "هاورەگـەزخـوازیی" بکەر، بە دەسەڵاتێکی پیاوانەوە دەناسرێ و هاورەگەزخوازیی بەرکار، پەسـتبوونێکی تـەواوی بۆ رەوا دەبینرێ.

ئەم چەشنە بەڵگە هێنانەوە بۆ راکێشەریی سەرەکیی فوتبالّ، لە روانگەی فوتبالّ دۆستانی بەریتانیاوە قەناعەتی پێ ناکرێ. ئەڵبەت تەواوی لایـەنگرانی فوتبـالّ وا هەسـت دەکـەن کـە ئەگەر یاریگەرانی تیمی رەقیب بتوانن پێشرەوی بکەن بۆبەشی پێشـی زەویـن، ئـەوە مایـەی شەرمەزاری دەبێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ ئەمەی کە ئەم هەستە لە بنەماوە دەگەرێتەوە بۆ هاورەگەزخوازی. بە چاوپۆشی کردن لەمەی کە ئەزموونی گۆڵ لێدان یـان گـۆڵ خـواردن چ بۆچوونێك — بەو جۆرەی کـە لـە باسـەکەی سـوارز — ئۆرزکـودا دەبینـرێ — لـە باشـووری ئەمەریکادا دێنێتە ئاراوە، لە گوتاری فوتبالّی بەریتانیادا ئەم ئەزموونـە پێوەنـدیی نادرێتـە چێژ وەرگرتنی هاورەگەزخوازانەوە.

تەواوی ئەم بۆچوونانە سەبارەت بە دەلالـەتی تـۆپ، لەگـەڵ ئـەو بـیرە داهێنەرانـەدا کـە هێلنەدۆویچ[2] لە ساڵی ١٩٢٦دا باسی کرد یەك دەگرنەوە. بە بڕوای دۆویچ، وەرزش دڵەڕاوکێی نارسیسی دەگۆڕێ بە دڵەڕاوکێی کەتواری (بەرهەست) و بەم جۆرە بەستێنێك دەرەخسێنێ بـۆ کۆنترۆڵکردنیان. دڵەڕاوکێی سەرەکیی تاکەکەس دەچێتە ئەو بابەتەوە — یان تیمی رەقیـب — کە دەبێ زاڵ بێت بە سەریدا و پاشان ئەتوانرێ ئەو دڵەڕاوکێیە بەپێی پرەنسیپ کۆنترۆڵ بکرێ. (دۆویچ ئەم بۆچوونە گشتییەی لە وتارێکدا لەسەر *نەخۆشێکی دڵەڕاوکێی توندی خەسـاوی و*

---

1- Marcelo Suarez - Orozco
2- Helene Deutsch

*ترس لە مەرگ*، دایە بەر باس" مەترسییەك كە وەك پێداویستییەكی ئەو دڵەڕاوكێیە بوو. نەخۆشی ئاماژە پێكراو مەیل و هۆگرییەكی زۆری بۆ تۆپ لە خۆیدا دروست كرد — ئەو یارییانەی كە تۆپ تێیدا دەستی خەسێنەری باوك بوو — و یەكێ لە ڕێگەكانی زاڵبوون بەسەر دڵەڕاوكێكەیدا ئەمە بوو.)

تەنانەت كاتێك ئەو كەسە یارییەكەی دەدۆڕێنێ، لە ڕێگەی هاوشوناسی خۆی لەگەڵ براوەی یاریدا، بە گشتیی دڵنیا دەبێ، كە دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر دڵەڕاوكێكانیدا. (هەرچەندە كە دژوارییی فرە پاتیی ئەم كارە ڕەنگە ئەم گرفتەمان بۆ روون كاتەوە كە بۆچی دۆڕانی تیمێك وەكو كارەساتێكی تاكەكەسییە بۆ لایەنگرانی ئەو تیمە).

بۆ هەركام لەم دەلالەتە دەروونییانەی تۆپ — هەروەها بۆ هەموویان — لە بەستێنە جۆراوجۆرەكاندا دەتوانین بەڵگەگەلێك بدۆزینەوە، بەڵام ڕەنگە بە گشتیی بتوانین بڵێین كە گەورەترین تایبەتمەندیی تۆپی گرد (نە وەك تۆپە هێلكەییەكەی راگبی) خولانەوەی پێشبینی هەڵگریەتی. تۆپی فوتباڵ بە گوێ نەدان بە هیچ لایەنێك لە تیمەكان، دەپەڕێتە ئەملاو ئەولاو كاری بەسەر هیچ دەلالەتێكی سەمبوولیكەوە نییە. تۆپی فوتباڵ لەسەرەتادا بەپێی ئەندامەكانی جەستەی ئاژەڵ (بە تایبەت بەپێی میزڵدانی خوك) دروست دەكرا، بەڵام بە شیمانەوە نابێ هیچ كام لەم بابەتانە زۆر بە دەلالەتدار بزانین.

سەرەڕای ئەمە، پێوەندی ئێمە لەگەڵ تۆپدا بە هەمان ئەندازەی پێوەندیمان لەگەڵ شتە قەدەخە لێكراوەكاندا دوو لایەن خوازانەیە، چ ئەم شتانە لایەنێك وەسواسی بۆمان هەبێ یان لایەنێكی ترساوی نەخۆشیانە. هەر تیمێك نەك تاك تاكی یاریگەرەكانی تیم — دەبێ تۆپی فوتباڵ هەم تا ئەو شوێنەی كە پێویستە لە دەست نەدات و هەمیش بەردەوام پاڵی پێوە بنێ و بیخات بۆ شوێنەكانی تر. بە وتەیەكی دیكە هەم بە دووی بەدەستهێنانی تۆپەوەین، هەمیش خوازیاری رزگاربوون لێی. لە بەشە پێشووەكانیدا ئاماژەم بەوە كرد، كە لە فوتباڵدا توندوتیژییەكی زۆر دەكرێتە سەر تۆپ، بەڵام لە هەمان كاتیشدا كەڵك وەرگرتنێكی میهرەبانانە و هونەرمەندانەشی لێ دەكرێ. بە شێوەیەك كە لەقەلێدان لە تۆپ حوكمی لاواندنەوەی هەیە نەك حوكمی ئێش پێگەیاندنی. هەروەها سەبارەت بە هەوڵی یاریگەرانی فوتباڵ بۆ ئەوەی تۆپەكە بكەنە ئەندامێك لە جەستەیان شتانێكم باس كرد. ڕەنگە باشتر وا بێ، كە تۆپ نەوەكو شتێكی نەهی لێكراو، بگرە وەكو ئەو شتەی كە دونالد وینیكۆتی[1] دەروونشیكار (١٩٥١) ناوی دەنێ «ئوبژەی گواستنەوەیی» لەبەرچاو بگرین، واتە ئەو شتەی

1- Donald Winnicott

کە لە ئەزموونی تاکەکەسیدا هەم ئەندامێك لە جەستەیە، هەمیش بەشێکە لە دنیای دەرەوە. تۆپ شتێکە لە دنیای دەرەوەدا، بەڵام لە زاتی خۆیدا شتێکی وشك و بێ ڕۆح و بێ بایەخە. تەنیا لە ڕێگەی ئەو کاریگەرییە داهێنەرانەدا -کە مرۆڤ لە بەستێنێکی کولتووریدا لەسەری دایدەنێ- تۆپ بایەخ و واتا پەیدا دەکات و وەکو توخمێك لە کولتووری هاوبەشی مرۆڤەکاندا ڕۆڵی ئۆبژەیەك دەگرێ کە هەم ئەندامێکە لە جەستە و هەمیش جیایە لە جەستە.

بە هەمووی ئەمانەوە. بە چاوپۆشی کردن لەمەی کە تۆپ وەکو ئۆبژەیەکی خۆشەویست یان بەرڕق لە خولە تایبەتەکاندا سەمبولێك لە چی بێ، بابەتی سەرەکیی لە باسی قەدەخەی سەپاو بەسەر فوتباڵدا زۆرتر باسی سنوورەکانی ئەم قەدەخەیە نەوەك ناوەرۆکەکەی. فوتباڵ قەدەخەیەکی زۆر زۆر ئەکید و بەربەستگەلێکی زۆری لەگەڵ خۆیا هەیەو هەر ئەم هۆکارەش دەبێتە کەرەستەیەکی کارا بۆ ئەزموون کردنی بەردەوامی هەستی ئەندامەتیی لە کۆمەڵگە (هەر کۆمەڵگەیەك)دا و لەکەتواریشدا هەستی مرۆڤ بوون. بەپێی وتەی باوی ئەمڕۆیی، تەماشاکردنی فوتباڵ لە نانی شەویش پێویستترە. هەر لەم سۆنگەیەوە، ئاماژە بکەینە یەکێکی دیکە لە وتەکانی دێنی بلانچفلاڤێر (کە لە دەیەی ١٩٥٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ لە تیمەکانی ئێستون ڤیلا، ئێسپرز و ئیرلەندی باکووردا کایەی دەکرد). کە دەڵێ مەبەست لە کایەی فوتباڵ سەرکەوتن لە بەرامبەری تیمی نەیارەوە نییە، بگرە تۆمارکردنی شانازی و سەربەرزییە.[1]

وتەیەکی حەکیمانەی دیکە سەبارەت بە گەوهەری فوتباڵ، ڕوانگەیەکی جیاواز باس دەکات، بەپێی ئەم وتەیە" لە فوتباڵدا ((براوەبوون)) تەنیا مەبەست نییە، بگرە مەبەست زۆر شتی دیکەیشە. ئەم ڕوانگەیە پیشاندەری کێشەیەکی توندە کە لە درێژایی مێژووی ئەم یارییە — و زۆرینەی وەرزشەکانی دیکە-دا بوونی هەبووە. ئەم کێشەیە لە بواری مێژوویییەوە. کێشەیەکە لە نێوان ڕوانینی «پرۆفیشناڵ» و «غەیری پرۆفیشناڵ»دا و مەبەست لە ڕوانینی «پرۆفیشناڵ» ئەو ڕوانینەیە کە بردنی یاری بە ئامانجی سەرەکیی فوتباڵ دادەنێ، چونکە بژیوی ژیانی یاریگەران پێوەندی بە سەرکەوتنیان لە گۆڕەپانی کایەدا هەیە. ئەم دوو ڕوانگەیە تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەو جیاوازییە، کە لە بەشە پێشووەکاندا لە نێوان هەستی تێربوونی زاتی و دەمارگرژانە لەم یارییەدا قایل بوون یەك دەگرنەوە. دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە ڕوانگەی «غەیری پرۆفیشناڵ»ی بلانچفلاڤێر پێشاندەری ڕوانینێکی قووڵترە. ئەو شانازی و

1- Hill, 1989,PP.6-7

سەربەرزییەی کە باسی دەکات، لە خۆبایی بوونێکی دەمارگرژانــە بــە بۆنــەی لێدانی گــۆڵی سەرکەوتنەوە نییە، بگرە شکۆی گشتییی ئەم نمایشە بەشکۆیە وەکو نموونەیەك لە کۆمەڵگەی مرۆڤە. هەستی لەخۆبایی بوونی سەرکەوتووان دەتوانیٚ نیشانەیەك لەم شکۆیە بێت و شایی و هەڵپەڕکیٚ و سەما بە لایەنگری لە تیمە براوەکان (بۆ نموونە ئەو کاتەی کە تیمی سـەرکەوتوو دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی) دەتوانین وەکو چەشنە جەژنێکی شارستانی بێتە ناسـین، بـەڵام لە روانگەیەکی گشتیی و بە چاو نووقاندن لـە شـاییەکانی بـردن و ناڕەحەتییـەکانی دۆڕانـدن بینەرانی فوتباڵ — تەنانەت ئەو کاتەی کە لـە ژووری دانیشـتندا سـەیری فوتبـاڵ دەکـەن — دەتـوانن بــە هــەمان ئەنـدازەی یاریگـەران نموونەیـەك لـەو کۆمەڵگەیـە بـن کـە وەرزشـی سیستەماتیك بووەتە سەمبولێك بۆی.

ئەگەر بمانەویٚ ئەم بابەتە بە زمانی دەروونشیکاری باسی لیٚ بکەین، دەبـیٚ بڵـێین (تیمـی براوە و لایەنگرەکانی) لەگەڵ وێنەیەك لە کۆمەڵگەدا هاوشـوناس دەبـن، وێنەیـەك کـە ئـەم وەرزشە بە نەریت و رووبەڕبوونەوەی پڕ لە کێشە و لە گشتیی گرینگتر نەهی و رێسـاکانییەوە ساناکەر و چێکەریەتی.

ئەگەر روانگەی دورکهایم سەبارەت بە ئاین وەکو پەرستنی کۆمەڵگە — یان لـە کـەتواردا بۆچوونی سەبارەت بە کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکانی- وەکو شتێکی گۆڕدراو بە وێنەی خوداوەنـد قبووڵ بکەین ئەو کات دەتوانین بڵێین کە وەرزش بەرانبەری ناسووتی دینە. شکۆی فوتبـاڵ لـە توانای تایبەتی ئەم وەرزشە لە سەپاندنی گەورەیی شارستانییەتەوە سەرچاوە دەگـریٚ. فوتبـاڵ وزە شەهوانی و هروژمخوازانەکانمان دێنێتە کار، بەڵام بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو. ئـەم یارییـە هەروەها بانگهێشتنی وزە دەرهەستەکان دەکات بۆ خەباتکردن لەگەڵیاندا (رێسـاکانی یـاری، داوەر، هێڵە کێشراوەکانی سەرزەوینی یاری) کە وەرزشـە شـەهوانی و هروژمخوازانـەکان هـەم دەبیٚ لە بەرابەریاندا بە چۆك دابێن، هەمیش خۆیان لە چوارچێوەیاندا بنوێنن.

ئەم کارە، تا رادەیەك حوکمی ئارمـانی کردنـەوەی کۆمەڵگـەی هەیـە، کۆمەڵگـە وەکـو گۆڕەپانێك کە بڕێك تێیدا سەردەکەون و بڕێکیش دەیدۆڕێنن، بەڵام بە گشتییی هەموو شـتێك تێیدا زۆر باشە ئەڵبەت ئەم ئارمانی کردنەوە دەتوانیٚ بە شێوەگەلێکی جیاواز و رادەگـەلێکی جیاواز بیٚ. ئەم پرۆسەیە رەنگە زۆر تا کەم سەبارەت بەو کەسانەی کە ئەیانـەویٚ «وەرزش لـە سیاسەت جـویٚ کەنــەوە» نابـەردەوام و بەرەنگارییانـە بـیٚ. واتـە هـەر ئـەو کەسـانەی کـە پێوەندیدانی دنیای ئارمانی کراوی وەرزش لەگەڵ دنیای کەتواری کۆمەڵگـەی مـرۆڤ و کـەم و

کووڕی و کێشە دڵتەزێنەکانی ڕەتدەکەنەوە، ڕەنگە دروستتر بێتە بەرچاو. لە ژیانی دەروونی مرۆڤیشدا ئەمە دۆخێکی تۆزێك ناخۆشە کەوا ڕاکێشەریی "ئارمانی کەرەوە" تا ڕادەی شیاو لەو بنەمایەدا ببێتە بنەمای کەتوار. بە وتەیەکی دیکە، خاڵی دەسپێکردنمان دەبوایە کەتواریی ئێستەی ژیان و خۆشیفتەییەکەمان نە لە ڕێگەی سازکردنی وێنەگەلێکی ئارمانی لە نەفسی ئێستەکە یان داهاتوومان، بگرە لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیای کەتواردا تێر بکەین. کولتووری فوتباڵ خۆی بە تەنیایی ئەم خوازەیە گەشە پێ دەدا، چونکە بۆ دژوازییە کۆمەڵایەتییە کەتوارییەکان کە گەرەکمان بێ و گەرەکمان نەبێ ڕەخنە دەکەنە ناوی بەشێوەیەکی پێویست گۆشە نیگایەکی هەیە و ئەوانەش بە بابەتگەلێکی نامەعقوول و گرفتهێنەر نازانێ (ئەمە هەمان ڕووبەڕووبوونەوەیە، کە بۆ نموونە، زۆرینەی ڕاڤەگەرانی فوتباڵ لە بەرامبەری ڕەگەزپەرستیدا هەیانە.)

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین هۆگری و شەوق بۆ فوتباڵ لانی کەم تا ڕادەیەك لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم یارییە وێنەیەکە لە کەتواریی سەرسووڕهێنەر و نکوڵی هەڵنەگری کۆمەڵگەی مرۆڤ. بەو جۆرەی کە پێشتر باس کرا، یەکێکی دیکە لە لایەنە گرینگەکانی ڕێسا سەرەتاییەکانی فوتباڵ جیا لە یاسای قەدەخەی دەست لێدان لە تۆپ، بریتی بوو لە نەهێشتنی پلەپلەی توندوتیژی کردن لە هەمبەر یاریگەرانی دیکەدا. ئەم تایبەتمەندییەی فوتباڵی تا ڕادەیەکی زۆر لە فوتباڵی سەرشەقام — کە زۆرینەیان بە شێوەیەکی شەڕخوازانە دەکران و لە سەدەگەلێکی پێشترەوە لە دێهاتەکاندا یاری پێ دەکرا — هەروەها یارییە باوە پڕ توندوتیژییەکانی قوتابخانە کۆتاییە خوسووسیەکان جیاوازی دەکردەوە. هەروەها بەم هۆکارەوە فوتباڵ بۆ ئێمە هەمان پێگەی هەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤ و بەربەستە سەختگیرانە و تێکتەنراوەکانی هەیانە.

یاریی فوتباڵ لە هەمان کاتیشدا پێویستی بە وزەیەکی جەستەیی زۆر هەیە. دەسەڵاتی خەباتی تاك بە تاك، لەگەڵ یاریگەری ڕەقیب و پاراستنی تۆپ. وزەی هەڵپەڕین بۆ سەرەوە، سەرسەختی لە بەرقول لێدان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرقولدا، پرزی و توانا و بەردەوامبوون، هەموویان لە کایەی نمرە یەکدا ڕۆڵی هەیە. فوتباڵ هەروەها دارای وشەگەلێکی پڕوپاراوە لەسەر شەهوانییەتی ماسولکەیی — وشەگەلێك بۆ تەوسیفی گۆڕانی مەسیری لە ناکاو، هەڵبزۆقان و باقی جووڵە وەرزشییەکان — و هەروەها گوتارێکی لێزانی کە زۆر لە گوتاری سەما دەچێ، وەچەرخان، ڕاکردن، پەڕینەوە بۆ بان و خوار یان چەپ و ڕاست ڕێ کردن و....

زۆرینەی وێنەکان، فوتباڵیست لـە کـاتی ئەنجامـدانی جووڵەگەلێکـدا نیشـان دەدەن کـە زۆر لێکچوویی لەگەڵ جووڵەی یاریگەرانی باڵەدا هەیە. مێرمندالآنی لایەنگری ئەم یان ئەو تیمی فوتباڵ رەنگە بالرینەکانی دێگاس[1] نەناسن، بەڵام لـە کارتـە بانگەشـەییەکانی نێـو پاکـەتی جگەرە (یان هەنووکە لە گۆڤاری شـووتدا) وێنەگـەلێك لـە یاریگـەرانی هێڵـی هێرشـبردن و ناوەڕاستی گۆرەپان دەبینن کە جووڵەکانیان بە رادەی بالرینەکان جوان و سەرنجڕاکێشە.

فوتباڵ نموونەیەکە لەمەی کە مسوٚگەرترینی رەفتارەکان و پێکهاتەکانی کولتووری ئێمـە، ئەوانەن کە بە شێوەیەك بەربەستی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ خواسـتە سـەرەتاییە جەسـتەییەکاندا تێکەڵ دەکەن، رێکیەتی و دەستوور لەگەڵ شەهوەت و هاوکاری لەگەڵ شەڕخوازیدا. سەرەڕای ئەمەش، بەربڵاوی و پەرەپێدانی فوتباڵ و پسپۆڕانەتر و تێك تـەنراوتر بـوونی، دەبێتـە هـۆی گەشەسەندنی هەر دوو رەهەندی کۆمەڵایەتی و جەستەیی ئـەم یارییـە. فوتبـاڵی پرۆفیشـناڵ هەنووکە پێویستی بە ئاستێکی هەرە بەرز لە کاری بە کۆمەڵی پسپۆڕانە و شاگەشکە هێنـەر لەگەڵ چەشن و شێوەکانی دووبارە نواندنەوەی جەستەیی هەیە. دووبارە نواندنەوە، یەکێکە لـە وێنە جۆراوجۆرەکانی هێزی جەستەیی و لە داهێنان و بەرخۆداندا، دەردەکەوێ.

### ئافراندنەوەی دۆڕاندن:

بەپێی ئەوەی کە باس کرا، وەرزش بە گشتیی و فوتبـاڵ بـە تایبـەت، حـوکمی دووبـارە ئافراندنەوە و هاوکات شـەهوانی کردنـەوەی کۆمـەڵگـە و هـەروەها حـوکمی شارسـتانییەتی کردنی، وزە بابەتییەکانی هەیە. هەر ئەم خاڵە بـە شـێوەیەکی دی دەتـوانرێ بـەیـان بکـرێ، رەوشتێك کە کێشە بنەماییەکان بە سەرنجی دەروونشیکاریی ئەمرۆیی زۆرتر لەبەرچاو دەگـرێ و لایەنێکی دیکەی بابەتەکەمان بۆ روون دەکاتـەوە. ئـەم رەوشـتە دیکـە ئەوەیـە کـە بڵـێین بەشداریی لە یارییەکی وەرزشی و یان هۆگرییەکی زۆر بە تەماشـای تەلـەڤیزیۆن، ئـەزموونی بەردەوامی نەگەیشتن بە چاوەڕوانییەکان و کەم تا زۆریـش رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ دۆڕانـدنی بەدواوەیە.

راستی ئەم بابەتە بۆ لایەنگرانی سەرسەختی تیمەکانی فوتباڵ بە تەواوی ئاشـکرایە. بـە گشتیی لە هەر کێبەرکێیـەکی فوتبـاڵـدا، دوو لایـەن بـە هـەمان ئەنـدازە کـە سـەربکەون، دەشیدۆڕێنن. بە واتایەکی دیکە، تەنانەت لایەنی سەرکەوتووش زۆرینـەی کـات لـە رێگـەی

---

1- Degas

سەرکەوتندا دەبێ چەند گۆڵێك بخوات. نیك هۆرنبی[١] (١٩٩٢) لە باسی چۆنییەتی هۆگربوونی بە فوتباڵ — باسێك کە زۆرتر لە ژیاننامە دەچێ — زۆرتر لەسەر راکێشەریی ئەم وەرزشە بۆ جەماوەر دەدوێ. ئەم راکێشەرییە بۆ تەواوی لایەنگرانی تیمەکانی فوتباڵ هەستێکی ئاشنایە، بەڵام تا ئێستە نەبووەتە بابەتی نووسین و بیرداڕێژیی لەسەر ئەم کایەیە. هۆرنبی دەنووسێت کە سەرەتاکانی چوونی بۆ بینینی کێبەرکێی فوتباڵ، رق و تووڕەیی بینەرانی بۆ سەرسووڕهێنەر بوو، ئەمەش دەڵێ کە «تا ئەو کات هەرگیز نەمدەزانی سەرگەرمی وەکو دەرد بە چ واتایە و بەشێوەیەکیش خوازیاری ئەم سەرگەرمیە بووم». زۆرینەی ئەوانەی کە لە دەوروبەریدا لە جێگەی بینەران دانیشتبوون وەها هەرایان دەکرد وجوێنیان ئەدا کە وەکو بڵێی بێزیان لەو شوێنە بوو. لە پلەی دووهەمی گەشەکردنی هۆگریی زۆری هۆرنبی بوو فوتباڵ، تێگەیشت کە تەنیا بۆ رابواردن تەماشای فوتباڵ ناکات. یارییەکی دڵتەزێن (کەتیمی خۆشەویستەکەی — واتە ئارسێناڵ — زۆر نمایشی دەدا) بە هەمان ئەندازەی یارییەکی پسپۆڕانە، راکێشی دەکرد بۆ یاریگە. بە بڕوای هۆرنبی نارازی بوون بەم بابەتە وەکو ئەوەیە کەسێك لە کۆتایی خەمگینانەی شانۆی *شای لیر* نارازی بێ. بەم جۆرە هۆگرانی راستەقینەی فوتباڵ بە ئامادەییەکی تەواو و قبووڵکردنی هەر ئەنجامێك دادەنیشنە تەماشای کێبەرکێیەك، ئەم بابەتەش هەم سەبارەت بە رەهەندی جوانیناسانەی یاری دروستە، هەمیش سەبارەت بە لایەنگری دەمارگرژانە لەو تیمەی کە خۆشیان دەوێ. بە واتایەك، جوانی و شیعر دەتوانن بە رادەی سەرکەوتن دەگمەن بن. تێگەی هۆرنبی لەم بابەتە ئاوایە کە فوتباڵ وەکو رێگەیەکی دەربازبوون یان رزگاریی لە کەتوار نییە، بگرە هەلێك بۆ چوونە ناو «جیهانێکی دیکە» دەرەخسێنێ، کە بە ئەندازەی دنیای کار یان پێوەندییە تاکە کەسییەکان، شوناسێکی جدی و جۆراوجۆر و تێکەڵ بە وەهمی هەیە. بەم هۆکارە خەڵك لە کاتی کایەکردنی فوتباڵ یان لە کاتی تەماشاکردنیدا بە رادی باقی دۆخ و هەلومەرجەکانی دیکە « ترس و ناهومێدییان» تێدایە.

ستۆکس (١٩٥٦) خاڵگەلێك لەسەر ئەم بابەتە ئەڵبەت بە زاراوەگەلێکی جیاوازەوە باس دەکا. لە یاری کریکتدا -کە وەکو شتێك- وەرزشی دڵخوازیەتی)، ئەزموونی بەردەوامی لەدەستدانی هەر کام لە سێ میلەی چێوی کە دەکەوێتە بەر لێدانی توپ، دەبێتە هۆی «تەحەمولی فرەپاتی خەساوی سەمبولێك»، لە دۆخێکدا زۆرینەی وەرزشەکان دەبنە هۆی

1- Nick Hornby

بەدیهاتنی «کۆسپی پێشبینی نەکراو» و، «دۆخێکی بە گوڕ» لاسایی دەکەنەوە «کە لە بەساڵاچووییدا، فێری بووینە بۆ رابواردن و بژێوی ژیان» بە بڕوای ستۆکس لە یاریدا دۆخێك بۆ ئەزموون کردنی دۆڕاندن و ناکامیی بۆ خۆمان دەڕەخسێنین، بەو هیوایەی سەنگینی تەواوی ئەم دۆڕاندنە رۆحیانە بە سەرماندا کاریگەر نەبێ. بۆ بەراوردکردنی ئەم روانگەیە لەگەڵ ئەندێشەکانی دەروونشیکارێکی دیکە – دانێلد وینیکۆت – کە لە دەیەی ١٩٥٠دا باسی لەسەر کردووە، دەتوانین بڵێین کە کێبەرکێ وەرزشییەکانی دنیا لە پارووگەلێکی بچووکدا بە خوردمان دەدرێ (وەکو دایکێك کە چێشت دەدا بە منداڵەکەی). بەم جۆرەی کە ئەم کێبەرکێگەلە بە شێوەیەکی دڵتەزێن، رووبەڕووی کەتوارە ناخۆشەکانمان دەکەنەوە، تاکو بتوانین بەبێ بەکارگرتنی وەهمە بەرەنگارییەکان، بەسەریاندا زاڵ بین. دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە ئێمە وەکو کەسانێکی پێگەشیتوو برێ جار نیازمان بە پارووگەلێکی گەورەتر لە کەتوار هەیە، بۆ ئەو رووبەڕبوونەوە تۆخ و وێرانگەرانە، یان ئەو ناهۆمێدییەی کە شەوق و زەوقی ئەدەبیات ( چ لە کولتووری باڵا و چ لە کولتووری جەماوەردا) تووشمان دەکەن، بەڵام بە واتای بەکەم زانینی رۆڵی دەروونیی پاروەە بچووکترەکانی کەتواری رۆژانە نییە– وەك ئەوەی لە دیمەنە جوانەکانی فوتباڵدا دەیبینین.

وەرزش دەبێ وەکو دایك، رابردوو قەرەبوو بکاتەوە. واتە لە بەرابەر ئەوەیدا کە برگەی راستییەك دەگرین و دۆڕاندنێك دەبینین و بەربەستگەلێك دادەسەپێتە سەرماندا، شتێکیشمان بۆ قەرەبووبێتەوە. هۆرنبی هەندێك لە دەسکەوتە باشەکانی هاودەمیی لەگەڵ هۆگرانی فووتبال، دەستنیشان دەکات. ئەگەرچی ئاگای هەیە لە کاریگەریی «دواکەوتوویی هێنەری» شیفتە بوون و دڵخوازیی فوتباڵ و رۆڵی فوتباڵ لە مانەوەی تاك لە حاڵ و هەوای منداڵی و قوتابخانەییدا، هەروەها لە تایبەتمەندییە سەرنجڕاکێشەکانی باسەکەی ئەمەیە، کە هەستی خۆی بۆ تیمی ئارسێنال پێوەندی دەداتە سەرگوزەشتەی بنەماڵەیی خۆیەوە و بەم ئەنجامە گەیشت کە ئارسێناڵ، لە لایەکەوە کەلێنی دووری لە باوکی دوای جیابوونەوەی دایك و باوکی، بۆ پڕکردەوە، هەمیش بوو بە هۆی پێوەندیی هۆرنبی لەگەڵ باوکیا کە دەیبرد بۆ کێبەرکێکانی فوتباڵ.

سەرەڕای ئەمانەش، ئەگەرچی ئەم جۆرە کارکردە تایبەتانەی فوتباڵ دەتوانێ بۆ زۆر کەس گرینگ بێ، بەڵام قەرەبووی سۆزگەری رابردوو دەبوایە کاریگەرییەکی قووڵتر و بەربڵاوتری هەبوایە. ستۆکس و دێرڤین هەردووکیان ئاماژەیان بۆ ئەم بابەتە هەیە، کە بەشداریکردن لە

وەرزشدا، توانی دووبارە تێپەڕاندنی یەکێك لە پرۆسە بنەماییەکانی گەشەی دەروونی بۆ مـرۆڤ دەڕەخسێنێ و بەم شێوە مۆرکی دروستی دەنێتە سەر دەسکەوتەکانمان لە گەیشتن بە کـەمترین رادەی پێگەیشتن و خەملێنی هزری. دێرڤین دەڵێ کە سنوورەکانی هـەر وەرزشـێك — کـە بـە شێوەیەکی عەینی بە خەتکێشی لەسەر چیمەندا دیـاری دەکـرێ — وێناکـەرەوەی «یەکـەمین بزواندنی دەروونە دوای سەردەرهێنان لە زکی دایـك». ئەمـەی کـە ئـەم سـنوورانە هـەڵگری بەزاندن و وەژێر پێنان نین، وەبیرهێنەری کۆنترین خولی بیچم گـرتنی «خـود»ـــە، واتـە ئـەو خولەی کە دەروونی ساوا وردە وردە لە ئەویدییەتی نەگۆڕی کـەتوار دڵنیـا دەبـێ. هـەر بـەم هۆکارە، رەفتاری ((تێکەڵ بەرێز)) بۆ سنوورەکانی یاری، هەمان تێرمان بـۆ دابـین دەکـا کـە «خود»ی لاو خۆی هەیـەتی. لەزەتـەکانی بەرهـەمی خودسـالاری، زاڵبـوون بەسـەر خـۆدا و پێوەندیگرتن لەگەڵ دیتران بە شێوەیەکی سیستەماتیك، ئاگایی لە بەرپرسیارەتی خود و — لە هەمووی گرینگتر — لەزەتەکانی هەسـت بـە ئەندامـەتی کـردن، یـان هـەبوونی پێگەیـەکی (دیاریکراو) لە چوارچێوەیەکی تەنگکەرەوەی کۆمەڵایەتیدا.

لە روانگەی ستۆکسدا، هێڵە سپییەکانی زەوینی یاری دەلالەتێکی سـاختومانییان هەیـە. ئەم هێڵانە رواڵەتێکن لە فەزای ماڵەوە. ساختۆمانێك، تەنانەت جەستەی دایك. یاریگەران لە وەها فەزا یان ساختومان یان جەستەیەکدا کایـە دەکـەن و واتایـەکی نـوێی پـێ دەبەخشـن. ستۆکس هەروەها تایبەتمەندییە لەزەت بەخشەکانی تێگەی ئێمـە لـە رەهەنـدە بابەتییـەکانی یاریگە (سەوزی و فەرێحی چیمەن) — وەکو جەستەی دایك — بە شێوەیەکی جیایی هەڵنـەگر لە پێوەندیی لەگەڵ پێداویستییەکانی هەستی کۆمەڵایەتی دا دەزانێ (بە ئەویدییەتی و رەوایی ئەو کارەی کە مرۆڤ لەسەر چیمەن یان بە چیمەن دەتوانن بیکەن). ئەگـەر ئـەم دوو رەهەنـدە قبووڵ بکەین، ئەو کات تێگەی ئێمە لە رەهەندە بابەتیەکانی یاریگە، دەتـوانن چـێژمان پـێ ببەخشن و ئەم هەستەمان تێدا پەروەردە بکا کە ئێمە پشتیوانمان هەیە و شوێنێکیان خستۆتە ئیختیارمان. ئەم شوێنە بە شێوەیەکی تەواو روون و مسۆگەر پارێزراوە، بـەوتەیـەکی دیکـە" ئەگەر کەسانێك غەیری یاریگەران، بێنە سەر هەرێمی زەوین، یاری دەکەوێتە دۆخی تەعلیق و رادەوەستێ. هێڵی لێواری زەوین لە فوتباڵدا نیشانەی هەرێمی یاساخە، کە هەردوو تیم دەبـێ چوارچێوەکەی بپارێزن.

لە باسەکەی ستۆکس وا تێدەگـەین کـە هـەردوو تـیم یاریگـەرانێکیان لـە رۆڵگـەلێکی هاوشێوەدا هەیە، هەرکام لە یاریگەران لە دۆخی یاریگەرانی دیکە خەبەردارە. هـەروەها ئـەم

ئەوێتی یان هاوشوناسییەکی چەند لایەنە لە نێوان یاریگەران و بینەراندا دێتە ئاراوە، کە زۆرتر هانمان دەدەن بۆ قبوولکردن و کەڵك وەرگرتن لە «ئەم بەربەستە ساختومانییانە. کۆی داهاتی ئەم هاوشوناسییە تێك تەنراوو دوولایەنەیە، ئەم ئەوێتییەکی کۆیی لەگەڵ خودی یاریدا هەیە، کە ئەتوانرێ بە چەشنێك دەروونی هاوبەش دابنرێت، دەروونێك کە بەشداران نەتەنیا دەربەستی تیمەکەیان، بگرە دەربەستی کۆمەڵەی رێساکان و کۆی بەشدارانی ئەو وەرزشیشە دەکات.

ستۆکس ئەم دەروونە هاوبەشە بەپێی تیۆری فرۆید لەسەر «بان خود»-یّ کە بە شێوەیەکی ((گەڕانەوەیی)) دوور دەخاتەوە-، چەمك داڕێژی ناکا، بگرە بە ئاماژەکانی بۆ«یەکیەتیی ریشەدار» و وێنەی یاریی وەکو «هۆکارێکی بەربلاو و پێوەندیدار بە هەستی ئامێزی دایك»ـەوە روانگەیەکی ئەرێنی دەخاتە روو. ئەڵبەت لەم پرۆسەیەدا، گەڕانەوەش روودەدات، بەلاّم ئەم گەڕانەوەیەیش رووبەڕبوونەوەی رێسایی لەگەڵ کەتواردا سانا دەکاتەوە، هەروەها بەربەستگەلێکی بێ ئەژمار و چکۆلە، جیاوك و تاوانگەلێکی جارجاری و شاییهێنەر و پێگەگەلێك بۆ دروستکردنی پێوەندیی لەگەڵ دیتراندا ئامادە دەکات. وەرزش" هاوکات لەگەڵ پەروەراندنی شەڕەنگێزی بۆ تێرکردنی خۆشیفتەیی، هەروەها خۆشیفتەیی گەڕانەوەیی لە تێکەڵبوونی بنەمایی لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەهێنێتە کار.

لەسەر بنەمای ئەم روانگەیە، دەتوانین توخمە زەقە هاوڕەگەزخوازانەکانی فوتباڵ (هەستی خۆشەویستی بۆ ئەو یاریگەرانەی گۆڵ لێ دەدەن، هەروەها باقی رێساکانی ئەم یارییە )[1] لە چوارچێوەیەکی بەربلاودا روون کەینەوە و بڵێین کە ئەم توخمانە نموونەگەلێکی دیکە لەو هەستانەی ریشەیان لە خۆشیفتەیی ئەوەڵیەدا هەیە و لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و لەسەر بنەمای کەتواردا دەتوێنەوە.

دەست هەڵگرتن لە هەستی دەسەڵاتی رەها و وەلاوەنانی وەهمی منداڵانە بنەمای رەوانیی ئەندامەتییە لە کۆمەڵگەدا.

---

١- هەندێك لەم «رێساگەلە» سست دێنە بەرچاو. (بۆ نموونە) لەدەیەی ١٩٨٠دا، لە کاتی هاتنەناوی یاریگەری جێگر لەو کێبەرکێگەلەی کە لە بەریتانیادا بەڕێوە دەچوون، سەرۆك یان گەورەی تیم دەستی وەکوو کاسەیەکی قووڵ رادەگرت و لە دۆخێکدا کە یاریگەری جێگر لەسەر خەتی پەراوێزی زەویندا چاوەڕوانی ئیزن وەرگرتن لە دادوەر بوو، میهرەبانانە ئەیدا بەسەر کلۆکیدا. وەها دێتە بەر چاو، کە ئەم کارە، هەر بەو شێوەیەی کە بووبووە باو، واتە بە خێراییش و بێ هیچ هۆکارێك لە باو کەوت.

بەم جۆرە کاتێ گورزێك دەوەشێنین و کاردانەوەکانمانی پێ کۆنترۆڵ دەکەین، لە کەتواردا بنەمای بەشداریکردنمان لە کۆمەڵگەدا دەڕێژین. ئازیەتی دەگێڕین بۆ دایکە لەدەسچووەکەی دنیای منداڵانەمان، کە تێیدا دەسەڵاتداری رەها بووین، و بیرەوەرییەکانمان لەو سەردەمە دەکەینە سەرچاوەیەك بۆ هەستی کەتوارخوازانە و داهێنەرانە. رەفتارە کولتوورییەکانی جەماوەر وەکو هەر بیچمێکی هونەری، بە شێوەیەکی بەربلاوتر و قووڵتر نیشاندەری ئەم پرۆسەیەن.

### لایەنگری دەمارگرژانە لە تیمەکانی فوتباڵ:

ئێستەش بەجێیە کە بگەڕێینەوە بۆ خاڵی دەسپێکردنی ئەم بەشە و فوتباڵ لەو رەهەندەکەی دیکەوە کە دەبێ فام بکرێ (واتە رەهەندی لایەنگریی دەمارگرژانە لە یانە وەرزشییەکان) دووبارە بخەینەوە بەر شرۆڤە. ئەم لێکدانەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنی دەروونشیکارانەی شیکارییەکەمان لە کۆمەڵێك تێبینی مێژوویی و کولتووری و سیاسیدا تا رادەیەك تووشی گۆڕان ببێت. ئەمەش کارێکی بە ئەنقەست و باشە. روانگەی دەروونشیکارانە سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کاتێك زۆرترین سەرنجی پێ دەدرێ کە بەپێی مەعریفەتگەلێکی دەستکەوتوو لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، لە باقی لقەکانی زانستدا بخرێنە روو و باسیان لێ بکرێ و پێگەی خۆیان لەو چەشنە باسکردنە گشتییانەدا کە هەموو کەس تێی دەگەن بدۆزنەوە.

لێکدانەوەی فوتباڵ لەم رەهەندەوە پێویستی بە باسکردنە لەسەر زۆرێك لە گرفتەکان، چونکە لایەن دەمارگرژیی فوتباڵ بە شێوەی دژوارخۆیان ئەنوێنن و لە درێژایی زەمەنیشدا گۆڕانیان بەسەردا دێت. رەنگە بتوانرێ فوتباڵ لە دیمەنێکی مێژووییەوە، لەگەڵ دیاردەی ئاگابوونەوەی چینی کرێکار و بە تایبەت، لەگەڵ وێنە هۆشییەکانی کرێکاران لە رەگەزی پیاوانەدا پێوەندی بدرێتەوە، بەڵام ئەم پێوەندییە لە باشترین دۆخیدا تەنیا لایەنێك لەو بابەتەیە کە لێکدانەوەی لەسەر دەکەین. کەم بوونەوەی پەنجا لە سەدی ئەژماری بینەرانی کێبەرکێ دەورەییەکانی فوتباڵی بەریتانیا لەساڵەکانی دوای دووەمین جەنگی جیهانی، بە دڵنیاییەوە پێوەندیی بە توانەوەی وردەوردەی چینی کرێکاری پیشەییەوە هەیە.

بەڵام پێوەرەکانی دیکە،- بە تایبەت ئەژماری بینەرانی ئەو کێبەرکێیانەی کە لە تەلەڤیزیۆنەوە بڵاو دەبنەوە — لەوە دەدوێن کە فوتباڵ وەك هەمیشە وەرزشێکی راکێشەر و

خوازراوە بۆ خەڵك. سەرەڕای ئەمەش چینە ناوەندی و سەرووەکانی کۆمەڵگە ئەم یارییەیان داهێناوە و لە بیچم‌گرتنی مێژوویی سەرەتاییدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لە دۆخێکدا کە لایەنگریی توێژە خوارووەکانی چینی ناوەندی بەردەوام یەکێك لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی کولتووری فوتباڵ بووە. هەروەها لە بواری خاوەندارێتی یانەکانی فوتباڵ نابێ لەبیر بکرێ کە ئەم یانەگەلە هیچ کاتێك رێکخراوەگەلێکی موڵکی چینی کرێکار نەبوونە.

لە لێکدانەوەی فوتباڵ لە بواری جنسی‌یەوە، دەتوانین بڵێین کە لە نێوان لایەنگرانی تیمەکانی فوتباڵدا، بەردەوام ژنان و کچانیش بوون و ئێستەش هەم ئەژمار و هەم رۆڵیان لە کولتووری ئەم یارییەدا بەرچاوتر بووە (لە بەریتانیادا گۆڤارێکی تایبەت بە لایەنگرانی مێینەی تیمەکانی فوتباڵ هەیە). لانیکەم ۱۰۰۰۰ فوتباڵیستی ژن بە شێوەیەکی رێکوپێك لە کێبەرکێ سیستەماتیك و سەرتاسەرییەکانی فوتباڵدا بەشداری دەکەن[1]. بەپێی بەراوردێکی نوێتر (رۆژنامەی ئابزێرڤێر. ۹ی دێسەمبری ۱۹۹۰)، ئەم رەقەمە ٤٥۰۰۰ کەسە. هەنووکەش، یارییەکانی فوتباڵی ژنان لە تەلەڤیزیۆنەوە بڵاو دەبێتەوە و بەرنامەکانی کێبەرکێ سەراسەرییەکانیشی داڕێژراوە. ئاماری ئەو ژنانەی کە لە وڵاتە ئیسکەندنافییەکاندا کایەی فوتباڵ دەکەن زۆرتر لەمەیە و لە ئیتاڵیاشدا کێبەرکێی دەورەیی فوتباڵی پرۆفیشناڵی ژنان بەڕێوە دەچێ.

هەروەها شەوق و هۆگریی لایەنگرانی تیمەکان بۆ ئەو شوێنەی، کە ئەو تیمانە نوێنەرایەتیی دەکەن، بابەتێکی دژوارە. زۆرینەی ئەو یانەگەلەی لە کێبەرکێ دەورەییەکاندا بەشداری دەکەن، لەسەرەتادا وەکو رێکخراوەگەلێکی ناوچەیی دامەزراون، و هەر کامیشیان لە ناوچەی خۆیاندا سەروکاریان لەگەڵ هەستی خوێنگەرمیی ئەو خەڵکەدا هەبووە، سەرەڕای ئەمەش، ماوەیەکە هەندێك لەسەر سەختترین لایەنگرانی تیمە گەورەکان پێوەندییان بەو شوێنەوە نەبووە، کە ئەو تیمانە نوێنەرایەتییان کردووە، یان ئەگەریش هەبووە زۆر کەم بووە. سەرباری ئەمەش برێك لە خراپترین ئەم‌ئەوێتی‌یەکانی لایەنگرانی فوتباڵ، نە لەگەڵ تیمێکی تایبەتدا بووە و نە لەگەڵ شاری ئەو تیمەدا، بگرە ئەوانە لەگەڵ بەشگەلێکی تایبەت لە شوێنگەی بینەران لە یاریگەدا و ئەو بارە کولتوورییەی کە خۆیان بە ئەندام و بەشێکی دەزانن ئەم ئەو بوون («ئەمباری »). «دارودەستە»[2] پشتی گۆڵ ).

---

1- Mason 1989

۲- «ئەنباری» و «دارودەستە» چەمگەلێکی ڕشۆکیانەن، کە لایەنگرانی فوتباڵ بۆ ئاماژارەکردن بۆ شوێنی دانیشتنی لایەنگرانی تیمی خاوەن ماڵ، لە شوێنی بینەران و گرووپی هاندەری تیمدا دەیبەنە کار. لە

بەم جۆرە، ئەگەرچی دەتوانین چاوەڕوانی ئەمە بکەین کە بۆچوونی دەروونشیکارانە تیشک بخاتە سەر تەواوی شێوە جۆراوجۆرەکانی شەوق و زەوقی دەمارگرژانەی لایەنگرانی تیمەکان، بەڵام بۆ بەکارهێنانی ئەم بۆچوونە، دەبوایە دژوارییەکانی ـ هەر هەلومەرجێکی تایبەت لەبەرچاومان بێ. لایەنگریی دەمارگرژانە لە فوتباڵدا بابەتێکی سادە نییە. ئەگەر ئەو بۆچوونانەی کە لەسەر راکێشەریی زاتیی فوتباڵ باسمان کرد راست بن، ئەوکات لایەنگریی دەمارگرژانە بابەتێکی بەتایبەت دژوارە، بەڵام لەو بۆچوونانە وەها تێدەگەین کە پێوەندییەکی قوورس و موحکەم هەیە لە نێوان هەردوو رەهەندی راکێشەریی فوتباڵدا. لە لایەکەوە، فوتباڵ کەرەستەیەکە بۆ دەربڕینی هەندێك لە بەهێزترین شوناسە دەمارگرژانەکان. لە لایەکی دیکەوە ئەم وەرزشە راکێشەرییەکی خودی هەیە و بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فوتباڵ بە گشتیی لاسایییەکە لە کۆمەڵگە. فوتباڵ هەڵگری پلەیەکی بەرزە لە گەشەسەندنی پرۆسەی بە شارستانی بوون و ئەو هەلومەرجە دەروونیانەی کە بوونەتە بنەمای پێوەندیمان بۆ شوناسگەلێکی تایبەت، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەخاتە بەرچاو. بەم پێیەش دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە دڵنیاییەوە پێوەندییەکی دوولایەنەی گرینگ لە نێوان ئەم دوو رەهەندە دایە، واتە لە نێوان چێبوونیی پێوەندییە تایبەتەکان و مۆرك دانانی لەسەر هەلومەرجی گشتیی مرۆڤەکان بۆ هەر جۆرە پێوەندییەك. هەر بەو جۆرەی کە پێشتر بینیمان، هاوشوناسیی لەگەڵ تیمی خۆشەویستدا و ئەم ئەوێتیّ لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەو شێوەی کە لە جەستەی کێبەرکێ و بەستێنی کێبەرکێدا خۆی دەنوێنێ، هەردووکیان تا رادەیەك لەسەر ئارمانی کردنەوە، راوەستاون.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێ جیاوازیی نێوان ئەم دو بابەتە لەبیر بکرێن. لەو رووەوە کە ئارمانی کردنەوە زۆرتر مەبەستی بەرەنگاریی تێدایە، چەشنەکانی ئارمانی کردنەوەش جیاوازیگەلێکی چلۆنایەتیی گرینگیان پێکەوە هەیە و واتای کۆمەڵایەتیی هەردووکیان بەپێی ئەوەی کە چ شتێك ئارمانی بکرێتەوە جیاوازیی هەیە. بۆ نموونە سیاسەتی فاشیستی سەرمایەگوزاری سۆزی «بەریتانیایەکی گەورەی سپی» و ئارمانی، کە لە توخمی نابەجێ و نەگونجاو پاك کراوەتەوە بەراورد بکەن لەگەڵ سیاسەتێکی مرۆڤسالارانەدا — هەرچەندە مرۆڤ

---

ئینگلیزدا، لایەنگرانی دەمارگرژی تیمەکانی فوتباڵ زۆرینەی کات لە ریزەکانی «پشتی گۆڵ»ـەوەی تیمەکانی خۆیان و تیمی نەیار دادەنیشن. ناکۆکییەکانی نێوان لایەنگرانی فوتباڵ زۆرینەی کات هەر لەم شوێنەی یاریگەوە سەرهەڵدەدا.

سالارییەکەی هەموو کەسێك قبوولّی نییە — کە «بەریتانیای چەند رەگەز»ی ئارمانی کراو بە هی هەمووان دەزانێ و هیچ چەشنە پێکدادانێکی (رەگەزیی)تێدا نەماوە. ئەمەی کە فوتبالّ — وەکو هەر وەرزشێکی دیکە ـ تا چەند لە کۆمەلّگەدا وزەیەکی سازێنەر و تەبایی هێنەرە، پێوەندی بەمەوە هەیە کە ئەم راکێشەرییە گشتیی و خودییە تا چەندە زالّ بێ بە سەر شەوق و هەستی دەمارگرژیی لایەنگرانی تیمەکاندا (هەرچەندە کە ئەم شەوق و هەستگەلە بڕێجار توخمێکی پێویست و سازێنەرن). شکۆی ئەم یارییە (کە هەمان ئارمانی کردنەوەی کۆمەلّگەیە) دەبێ زالّ بێ بەسەر شکۆی سەرکەوتنندا.

خراپترین چەشنی مۆدێرنی هەستی دەمارگرژانە، رەگەزپەرستییە و هەر بەو جۆرەی دەزانین فوتبالّ بەستێنگەلێکی زۆر بۆ بە کار هێنانی رقی رەگەزپەرستانە رەخساندووە. سەرەڕای ئەمەش، کەمینە ئاساییەکانی بەریتانیا کە بێ پەناترین قوربانیانی رەگەزپەرستین، لانیکەم تا ئێستە لە فوتبالّی پرۆفیشنالّی ئەم ولاّتەدا رۆلّێکی بەرچاویان نییە. ئەمە زۆرتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بنەچە و رەچەلّەکی بەریتانیاییە ئاساییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ولاّتەکەیان، کە فوتبالّ تێیاندا یارییەکی بازاڕییە و بەشداریی رەش پێستەکان - لە زۆرینەی ئەو تیمانەی کە لە کێبەرکێ دەورەییەکانی فوتبالّ و تیمە نەتەوەییەکانی بەریتانیادا[1] بەشداری دەکەن- وەکو دیاردەیەکی ئاسایی لێهاتووە و تا رادەیەك بووەتە هۆی کەمبوونەوەی هەستی رەگەزپەرستیی (لانیکەم سەبارەت بە تیمەکانی فوتبالّی ئەفریقایی — کارایبی) لە بینەرانی فوتبالّدا.

ئەگەرچی «وەك مەیموون هەرا نانەوە» (هوو کردنی ئەو یاریگەرە رەشپێستانەی کە دەبنە خاوەنی تۆپ) رەنگە لە هەندێك لە کێبەرکێکاندا هەنووکە ببیسرێ، بەلاّم ئەم رەفتارە لە بەرامبەر شاگەشکەیی ئەرێنیی تەماشاکردنی کایەی رەشپێستەکان بایەخێکی بەرچاوی نییە.

هەروەها دەبێ ئەمەمان لەبەرچاو بێ کە ئەم چەشنە شاگەشکەیە، هەرچەندە لە جوانی زاتیی فوتبالّەوە هەلّدەقولّێ، بۆ زۆرینەی ئێمە دەلالەتێکی کۆمەلاّیەتیی تایبەتی هەیە کە دەبێتە هۆی خێراتر بوونەوەی. پیاوانی رەش پێست لە یارییەکدا باشتر خۆیان دەنوێنن کە لە رابردوودا لە بنەما و بناخەوە پێوەندیی بە کولتووری سوننەتی سپی پێستانی بەریتانیاوە

[1] - نووسەر بۆیە ئاماژە دەکات «تیمە نەتەوەیییەکانی بەریتانیا، چونکە هەرکام لەو ولاّتانەی کە بەشێکن لە پانتایی بەریتانیا (ئینگلیز، ئۆسکۆتلەند، ویلز و ئیرلەندی باکوور) بە تیمی جیاوازی خۆیانەوە لە کێبەرکێ نێونەتەوەییەکاندا بەشداریی دەکەن.

هەبوو. لە رووبەرێکی بەربلاوتردا و بە تێپەڕبوونی زەمەن، هەژمارێکی دیکە لە گەل و نەتەوەکان ئەو نەریت و لێهاتووانەی تێکۆشانەی کە فوتباڵ بۆیانی وێنا دەکردەوە، کردیانە بەشێك لە کولتووری خۆیان و بەبارتریشیان کرد، لە ئاکامدا و لە دنیای مۆدێرندا فوتباڵ وەکو یارییەك، بە جوانیگەلێکی جیهانییەوە حەسێبی بۆئەکرێ و بەستێنێکی جیهانگیرە بۆ مۆرکی دروستی دانان لەسەر لایەنی هاوبەشی مرۆیی لەسەر بنەمای قەدەخەیەکی هاوبەش.

گەرەنتی بەئەنجام دەیاندی ئەم قەدەخەیە، نەتەنیا لە هەڕەشەی نیگەتیڤ (دەرکردنی یاریگەر لە زەوین یان سزادان «بە شێوەی کارتی زەرد دان بە یاریگەری خەتاکار یان دەرفەتی لێدانی ئازاد یان پنالتی بە تیمی بەرامبەر») بگرە هەروەها لە ئەزموونی ئەرێنیی پاراستنی ئەم قەدەخەوە سەرچاوە دەگرێ. داوەر لە هەر کێبەرکێیەکی تایبەتدا رەنگی کەسێکی بەرڕق یان شیاوی سزادان و سووکایەتیی پێکران بێ، بەڵام یاسا و سوننەتەکانی ئەم یارییە لە هەر لایەنێکەوە سەرچاوە و دەسەڵاتیان هەیە و توانای نواندنی جەستەیی و رووبەڕبوونەوەی لەزەتبەخش دەڕەخسێنێ و بەردەوامیی پێ ئەدا. ئەم یاسا و نەریتانە بە بێ نەنگی و ئاریشە و گرفت نین، لەوانەیە گۆڕانیان بەسەردا بێ، بەڵام ئەگەر یاریگەرانی فوتباڵ ئەمانە بە گشتیی بە گونجاو و بەکەڵك دەزانن، ئەو دەم دەبێ بوترێ کە ئەم یاسا و نەریتانە بیچمێکی دەرەکی و نەهادینەی ئۆبژەی بە کەڵکی دایکانە و باوکانەن.

ئەم روانینە بۆ رێساکانی فوتباڵ بەو واتایە نییە کە هۆگریی زۆر بۆ ئەم یارییە حوکمی وزەیەکی سەپێنەری نەزمی (کۆمەڵایەتی، سیاسی) هەبێ. ئەو کۆمەڵگە ئایدیالەی کە فوتباڵ وەریدەگێڕێتەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ دەزگەی هەنووکەیی کۆمەڵایەتیدا هاوسان نییە، بە پێچەوانەوە، بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژە کرا، رەنگە هێشتەکە ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی داخراو لە چوارچێوەی چینگەلێکی دیاری یان لە چوارچێوەی شوێنێکی دیاریدا بۆ خۆمان وێنا بکەین، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم بۆچوونە بنەمایەکی بەرچاوی بابەتیانەی نەبێ. رەنگە هەندێك لە لایەنگرانی تیمەکان، بەشداریی نوێنەرانی بە ناوبانگی چینی بورژوا لە دەستەی بەڕێوەبەریی یانەکانی فوتباڵیان پێ ناخۆش بێ. سەرەڕای ئەمەش، تەنانەت ئەو کاتە کە خۆش خولقی و تایبەتمەندییەك کە ئەم یارییە بووەتە نوێنگەی، بە روونی بەپێی چەشنێك بەرامبەرکێ پێناسە دەکرێ. (یاری «ئێمە»یارییەکە کە بەهایەکی زۆرتر لەوەی تێدایە کە «ئەوان» بتوانن نوێنەرایەتی بکەن)، دەلالەتە دەروونییەکانی سەبارەت بە سازان لەگەڵ دیتراندا دەبوایە کاریگەرییەکی گشتیی بەخشی لە هەستی ئێمەدا هەبێ.

ئەگەر رۆڵی فوتبال لە نواندنەوەی دەسەڵاتدارانەی راستەقانیی گشتیی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرین، ئەوکات رەنگە بزانین بۆچی ئەم یارییە بووەتە سەنتەری ناکۆکیی کۆمەڵایەتی. هەر بەو جۆرەی کە جێفری پێرسۆن[1] (١٩٨٣) باسی لێکردووە، ئەمەی کە ناکۆکییەکانی بەرهەمی کێبەرکێکانی فوتبال لە تەواوی مێژووی پەرەسەندنیدا بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر زیاتر بووە، بۆتە جێگەی گومان و موناقشە[2]. جیا لەمانەش بە لە بەرچاو نەگرتنی ئەمەی کە ئەم خوازەیە چەندە زیاتر بووە، هەبوونی ئەو وردە کولتوورە بە ئەنقەست توندوتیژانەی بە شێوەیەکی تایبەت چواردەوری فوتبالیان گرتووە بەپێی بەڵگە، دیاردەیەکی تا رادەیەك دواییانەیە. دوان لەسەر توندو تیژیی « هۆگرانی فوتبال » لەم بەستێنەدا بە گشتیی نابەجێیە، چونکە و توندوتیژی کردن ئەبێ بە هۆی بێ بەری بوون لە تەماشاکردنی کێبەرکێ بێ و رەنگە شەڕەنگێزان پێش لە دەست پێ کردنی یاری قۆڵبەست بکرێن یاخۆ تەنانەت ببێتە هۆی ئەوەی کێبەرکێ لە درێژەدان بوەستێنێ. تێگەیشتنی ئەقلانیتر ئەوەیە کە بلێین «وێل و خوێڕی»ی راستەقینە لە فوتبال بێزارن و تەواوی هەولیان بۆ لەناوبردنی دەبەنە کار. ئەم کارە دەبێ بە چەشنێك[3] «جێ گۆڕکێ» بزانرێ ئەویش لەم روانگەوە کە ئەم وێل و خوێڕییانە لەبنەماوە یان لە کەتواردا دژ بە کۆمەڵگەن. ئەلبەت ئەو کەسانەی کە «جێگۆڕکێ» دەکەن بە شێوەیەکی ئاسایی یان زانیارییەکی کەمیان لە هەستە سەرەکییەکانی خۆیان هەیە، یان بە تەواوی لەو هەستانە بێ ئاگان، لە حاڵێکدا وێل و خوێڕی ناکۆکیخواز، رەنگە زۆرتر نەیارییەکەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەربخەن تا نەیارییان لەگەڵ فوتبالدا. ئەوانەی لەم نەیارییەدا بەشداری دەکەن، بە رواڵەت پیاوانێکی (نەتەواو هەژاری)

---

1- Geoffrey Pearson

٢- مۆرفی (Murphy) و هاوکارەکانی (١٩٨٩) سەلماندوویانە کە ئەگەرچی بێتەزمی لە کێبەرکێکانی فوتبالی بەریتانیا، لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا رەنگە زیاتر بووبێ، بەلام دەبێ گۆڕانکاریی بەرچاوتر لە شێوەی روانیی میدیاکاندا بۆ ئەم بابەتە بدۆزینەوە ئەو میدیایانە کەجارجار سەرنجی هەمووان بە شێوەیەکی مەترسی هێنەر بۆ ناکۆکییەکانی کێبەرکێکانی فوتبال رادەکێشن و دەتوانین بلێین کە ئەم کارە بووەتە هۆی زۆرتر بوونی.

٣- گواستنەوەی روانینێکی سۆزگەری یان واتایەکی سەمبولیکە لە میسداقی مەیل ( bject) یان چەمکێك بۆ میسداق یان چەمکێکی دیکە، لە دەروونشیکاریدا « جێ گۆڕکێی » (displasment ) پێ دەڵێن.

چینی کرێکارن کە بە توندوتیژییەوە راهاتوون و یەکێ لە بەڵگەکانیان بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئەمەیە کە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی — سیاسییەکانی ئەمرۆکە ئەوانی لە بـواری کولتووریدا دەستەوستان و ریشەکێش کردووە. هێرش هێنانەکانیان بۆ فوتباڵ ( چ راستە وخـۆ زەوینی یاری و یاریگەران بگرێتەوە، چ ناراستەوخۆ کاریگەری روخێنەر بەجێ بهێڵێ)، هێرش هێنانێکی گرینگە بۆ جەستەی سیستەمی کۆمەڵایـەتی، سیسـتەمێك کـە فوتبـاڵ بووەتـە سەمبوولێ بۆی.

لەم روانگەیەوە، پەرچەکرداری رادیکاڵ و مەترسیدار بۆ توندوتیژییـەکانی فوتبـاڵ باشـتر پەی پێ دەبردرێت. لەم سـاڵانەی دواییـدا، سـەرکەوتنەکانی «وێـڵ و خوێڕییـەکان» بەسـەر کاربەدەستانی کارا و وزە کۆنترۆڵکەرەکاندا بووەتە هۆی سەرنجدانێکی زۆرتر بۆ فوتباڵ، وەکـو بەستێنێکی داڕووخانی هەمـە لایەنـەی کۆمەڵگـە. خراپیـی هەنـدێك لـە لایەنـەکانی ئـەم داڕووخانە نابێ بە کەم بایەخ بزانرێ و پەسنیی لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیـەی ١٩٧٠ لە کێبەرکێکانی فوتباڵ هەنووکە لە دڕدۆنگـی و گومـانێکی بـە سـۆز و بـزۆز دەچـێ. لـەم پەسنانەوە وەها تێدەگەین، کە رەفتاری جەماوەر و بینەرانی فوتباڵ لـە یاریگـەدا، چەشـنێك بەرخوەدان کردنی نەترسانەی کرێکاری بوو، کە توندوتیژی جدی لەگەڵدا نەدەبوو، بەڵام رەوتی زۆرینەی دنیای بە سامانی فوتباڵ لە تەواوی رووبەرەکانیدا، سەرەڕای ئەم ناکۆکییە پـەراوێزی — و لە هەمان کاتیشدا نـاخۆش — انـە هـەروەها بـەردەوام بـوو. جیـا لەمانـەش زۆرینـەی لێکۆڵەران ئەم رەوتەیان بە رەوتێکی پڕ لـە توندوتیژییـەکی بـەربڵاو و چارەسـەری هەڵنـەگر دەزانی کە شیمانەی هەیە دزە بکاتە تەواوی کۆمەڵگە.

ئەم تێگەیشتنە تۆقێنەرەش، سەرچاوەکەی تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ نـەیاریی چینایەتی لە فوتباڵدا، هەر وەکو ئەو هێرشانەی، کە بوونەتە هۆی ئەم تێگەیشتنە، رەنگە لـە بایـەخی سەمبولیکی فوتباڵەوە سەرچاوەی گرتبێ. کەڵك وەرگرتنی ناتەندروست لە ئۆبژەیەکی تا ئـەم رادەیە شاییهێنەر و کاریگەریدانەر، کە رۆڵێکی زیندەگی لە بـەدیهاتنی سیسـتەم و تـەکوزی کۆمەڵایەتی هەنووکەییدا هەیە، تەنانەت لە لایەن چەند کەسێکی کەمیشەوە، دەبێتـە هـۆی دڵەڕاوکێیەکی مەترسیدار. لەو دۆخەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ئەم ئۆبژەیـە تـا ئـەو رادەیەی کە چاوەڕوانی لێ دەکرا شایی هێنەر بووە، یان تەنیا ئەمە زۆرتر بیانوویەك بووە بـۆ خوێڕیگـەری؟ یـان ئەگـەر بەڕاسـتی فوتبـاڵ ئۆبژەیـەکی زۆر شـاییهێنـەرە بـەڵام نـاتوانێ «خوێڕییەکان» کۆنترۆڵ بکـات، ئـەو کـات چـلۆن دەتـوانین هیوامـان بـە مانـەوەی نـەزمی

کۆمەڵایەتی بێ؟ بنەمای هەردوو ئەم پرسیارانە لەم دڵەڕاوکێیەدایە، کە شەهوانییەت و چاوەدێرکردن یان مەیلی جنسی و شەڕخوازی کۆنترۆڵ ناکرێن ـ بە وتەیەکی دیکە ـ گۆڕان و قەرەبووی رابردوو بەردەوامیی پێ نادرێ. هەروەها رەنگە وەرزش بە شێوەیەك دڵنیاییەکی گرینگمان سەبارەت بە سەرگرتنی ئەم کۆنترۆڵە پێ بدات. خوازراویی زیاتری فوتباڵ لەو وڵاتانەی کە لەم دواییانەدا تێیاندا بوو بە باو، و هەروەها خۆشەویستیی کێبەرکێکانی جامی جیهانی وەکو بەشێك لە کولتووری جیهانی، دەلالەتی بۆ ئەوە هەیە کە فوتباڵ لە رووبەری جیهانی — مێژووییدا بەدڵنیاییەوە بەم شێوە تا ماوەیەك دەمێنێتەوە.

ئێستەش لە دوای ئەو هەموو بەڵگانەی هێناومەتەوە و بە گشتیی لە بەرامبەر ئەم بەراوردکردنە کۆمەڵایەتییە- دەروونشیکارییە لە فوتباڵدا خستومەتە بەر چاو، دەمەوێ ئەم بەشە بە وتنەوەی بیرەوەرییەکی خۆم کۆتایی پێ بهێنم. ئەم بیرەوەرییە هی کاتێکە کە من لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لە هەوای نماوی و ساردی دوانیوەڕۆکانی رۆژانی شەمە لە وێستەی پاسدا چاوەڕوانی ئەو «پاسە تایبەتانە»م دەکرد کە خەڵکیان لە سەنتەری شارەوە بۆ یاریگەی فوتباڵ دەبرد و لەو لاشەوە دەیانیهێناوە. ئەو ریزە درێژانەی کە لەگەڵ دەستەدەستەی کوڕانی مێرمنداڵ و فرەژەن، لە نێوان ئەو پیاوە کت و متانەی کە پشتێنی پاڵتۆ چڵکن و سەوزە کانیان بەستبوو، پاڵتۆیەك، کە کوتاڵی باوی کرێکارانی ئەودەم بوو. لە بۆنی گەرماوی دیزڵ و دووکەڵی جگەرەدا، لە دڵەوە لە هاوپێوەندی خۆم لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد. ئەم هاوپێوەندییە دەکرێ بە چەشنێك هاوسانسازیی شوناس بەپێی چینی کۆمەڵایەتی و جنسی بزانرێ، بەڵام هەروەها هەستێکی یەکەیی هەمە لایەنە بوو، هەستی خاوەنداریێتی پێگەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکی سیستەماتیکی کۆمەڵایەتیی هەرچەند لە زۆرینەی لایەنەکانەوە بکرێ رەخنە لێ بگیردرێ. دوای کات ژمێرێك من لە بەشی سەرووی شوێنی بینەراندا بووم و لە حاڵێکدا کە لە هەر چرکەیەکدا چاوەڕوانی دەکرا هەتاو لە نێوان هەورەکاندا سەردەربێنێ، بە خۆشحاڵیەوە رەوتی سیستەماتیکی یاریم لەسەر چیمەنی یاریگەدا چاولێدەکرد، بەڵام هەستی من لەو کاتەدا هەروەکو ئەم هەستە بوو، کە کاتـژمێرێك پێشتر لە وێستگەی پاسدا هەبووم. ئەم دوو هەستە تەواوکەری یەکدیی بوون و هیچ کامیان نەیانتوانی بە تەنیایی لە مندا دروست بێن. شەوق و هۆگریی بۆ یاری بە کۆمەڵ و بەشداریەتی فوتباڵ و شەوق و هۆگریی بۆ هاونشینی و هاوپێوەندیی لەگەڵ دیتراندا جودا نییە.

# بەشی چوارەم

# پەیکەرەی نەتەوە

# یەکەمین پەناگە

دەتوانین بڵێین لە بڕێك لایەنی جیاوازەوە لە نێوان زەوینی چیمەنی فوتباڵ لەگەڵ، چیمەنە سەوزەکانی دێهاتەکاندا — کە بابەتی ئەم بەشەیە[1] - جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، لە بەریتانیادا لە هەردوو ئەم شوێنانە بۆ تێپەڕاندنی کاتی بێکاری کەڵك وەردەگرن، هەردووکیشیان لە هۆشی جەماوەردا بۆ سازکردنی وێنەی نەتەوەی بەریتانیا رۆڵێکی گرینگیان گێڕاوە. بەشداری جەستەیی خەڵك لەم دوو شوێنە سەرسەوزەدا بەپێی نەریت، لەژێر کاریگەرییەکی زۆری چینی کۆمەڵایەتیدا بوو، بە شێوەیەك کە کرێکاران لە شوێنە پڕ لە حەشیمەتەکاندا بە تێك سپڕاوییەکی زۆرەوە دادەنیشتن و چینە ناوەندییەکانیش لە شوێنە سەرسەوزەکانی دەری شارەوە شوێنێکیان دەدۆزییەوە. هەر بەم هۆکارەوە، رەنگە خوێنەری پەڕتووکێك لەسەر کولتووری جەماوەر، وا بزانێ باسکردن لەسەر چینە ناوەندییەکانی کۆمەڵگە لەم پەڕتووکەدا کارێکی نابەجێیە. جیا لەوەی کە دێهاتەکان لە رابردوودا بۆ بەشێکی بچووك لە کرێکاری سوونەتی کە کەسانێکی سەرزیندوو و سەلامەتخواز بوون راکێشەر بوو. هەروەها جیا لە راکێشەری هەرە زۆر و هەنووکەییەکەی بۆ خەرجیگەرەکانی چینی پاکتاو (کە نموونەی کەڵك وەرگرتنە لە زەوی و زار و ئاژەڵداری وەکو شوێنێك بۆ تێپەڕاندنی کاتی بێکاری و چالاکییە فێرکارییەکان)، ئەم شوێنانە میسداقی خەرجیی حەشیمەتی زۆری خەڵك نییە.

سەرەڕای ئەمەش، وێنەی دێهاتەکان، لە نوێنگە جۆراوجۆرەکانی خەرجیی رۆژانەیی کالاوە بە چاو دەبینرێن. بابەتیترینی ئەم وێنەگەلە بۆ نموونە لە ناوەڕۆکی بانگەشەکانی کالادا بەدی دەکرێن، بەلام رووداوەکانی زۆرینەی دراما تەلەڤیزیۆنییە پڕ لە رووداوەکانیش لە دەری شارەوە روو دەدەن. چیرۆکە پێوەندیدارەکان بە ژیانی دێهات و بۆچوونەکانمان سەبارەت بە شوێنە سەرسەوزەکانی دەرەوەی شار لە ئینگلیز و بەریتانیادا رۆڵێکی زیندەگییان لە فامکردنی

---

[1] - کرۆکی ئەم بەشە، وتارێکە لەژێر ناوی «ئیتنیك و دێهاتەکان» کە لە ئۆکتۆبری ۱۹۹۲دا لە کۆبوونەوەی «دەرونشیکاری و هەرێمی کولتووری گشتی، لە زانکۆی رۆژهەلاتی لەندەن، هەروەها لە مارسی ۱۹۹۳ لە مێزگردی «گرووپی لێکۆڵینەوەی نوێ سەبارەت بە ئیتنیکەکان» لە زانکۆی لەندەندا خوێنرایەوە.

«میراتی نەتەوەیی»دا هەیە. ئەوەی کە لەم بەشەدا لێکدانەوەی لەسەر دەکرێ، بریتییە لە رەهەندی ناخودئاگاهانەی دەلالەتە نەتەوەییەکانی دێهات" بە تایبەت ئەو دەلالەتانەی کە ئەمڕۆ لە ڕێگەی هاوواتاکردنەوەی بەریتانیایی بوون، لەگەڵ سپی پێست بووندا، لە پێناسە رەگەزپەرستانە لە نەتەوەی بەریتانیا تێکەڵ دەبن.

خاڵی دەسپێکردنی ئەم شیکارییە (بەکەڵك وەرگرتن لە زاراوەیەك کە ئەمڕۆکە لەم زەمەنە پۆست مارکسیستییەدا تا رادەیەك لە باو کەوتووە) لە دژوازییەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە تێگەی زۆرینەی ئەو کەسانە دایە کە هەستیارن بە بارودۆخی کۆمەڵگە و بە گشتیی دژ بە رەگەزپەرستین. دژوازی ئاماژە پێکراو بەم جۆرەیە، خەڵك — یان لانی کەم سپی پێستان — زۆرتر سەرچاوەی چێژ و خەونە سەرزیندوویی هێنەرەکان دەگەڕێننەوە بۆ دێهات، بەڵام ئەگەر سپی پێستانی بەریتانیا لەگەڵ غەیری سپی پێستەکاندا ببنە هاوشوناس[1] رەنگە بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر و ناخۆش خۆیان لەگەڵ نیشتمانە سەرسەوز و جوانەکەیاندا بە بێگانە بزانن. رەش پێستەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دێهات بە وەها سەرچاوەیەك نازانن.

ئەم باسەش دوولایەنی هەیە، لایەنی یەکەم بریتییە لە حوزووری تا رادەیەك کاتیانەی غەیری سپی پێستان لە زۆرینەی گوند و شارە بچووکەکانی ناوچەی غەیری پێشەیی بەریتانیادا، جیا لە کوێرەڕێ و ڕێگەکانی قەراغی ئاو. ئەمە بەم واتایەیە کە ئەگەرچی رووداوی رەگەزپەرستانە، بە دەگمەن روو دەدەن، بەڵام کاردانەوەی ئێمە لە بەرامبەری ئاسایی نەبوونی حوزووری غەیری سپی پێستەکان تا رادەیەك دڵەڕاوکێی لەگەڵدایە. ئەم هەستە دەتوانێ زوو تێپەڕ بێت و لە یەکەمین تووشیاریدا بێتە ئاراوە و رەنگیشە تەنیا لە جدیەتی روانینە سەرەتاییەکانماندا خۆ بنوێنێ. زۆرینەی کات خەڵك بە سەختی هەوڵدەدەن بەسەر هەستی دڵەڕاوکێی خۆیاندا زاڵ بن و لە کاردانەوە لە بەرامبەر حوزووری غەیری سپی پێستان رەفتارێکی باش و ئاساییان هەبێت. ئەگەر ئەو رەشپێستەی رووبەڕووی دەبینەوە، کوڕە منداڵێك بێت، ئەو کاتە رەنگە لە بەرامبەریدا رەفتارێکی دڵسۆزانەمان هەبێ. بە سەختی

١- دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەم باسەی ئێرە، لە زۆرینەی بوارەکانەوە دەبوایە تەسەلتر و پووختەتر بکرایە و زۆرینەی گریمانەکانی مشتومڕیان لەسەرە. بۆ نموونە، دەکرێ بپرسین مەبەست لە وتەزای (غەیری سپی پێست)چیە؟ بەکارگرتنی ئەم وتەزا ئەرێنییە، رەنگە نیشاندەری سپی بوونی سروشت بێ لە خەیاڵی ئێمەدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەهیچ واتایەکی شیکارییانە، بەکەڵك نییە، چونکە چەشنە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤە «غەیری سپی پێستەکان» شوناس و خەیاڵگەلێکی جۆربەجۆر دەسەپێننە سەر سروشتدا.

دەکرێ لە لایەنێکی ڕەفتاریی دیتران بە شێوەیەکی پاساوهەڵگر نارەزایەتیمان هەبێ. سەرەڕای ئەمەش، سپی پێستێك وا ئەزانێ کە غەیری سپی پێستەکان مرۆڤانێکی جیاواز و بێگانـەن و لە ئەوان نین. بەم جۆرە دەبینین بەشێك لەم باسە بە تەواویی بابەتیانەیە و لـە وردبوونـەوە لـە کاردانەوەکانی دیتراندا خۆی دەنوێنێ.

بەڵام بەشێکی تایبەت لەم بابەتە زۆرتـر چێیەتییەکی دەروونیـی هەیـە و لـە هەسـت و خیاڵـەکانی هــەمووما ن — چ سـپی پێسـت و چ ڕەش پێسـت —دا سـەبارەت بـە شـوێنە سەرسەوزەکانی بەدەر لە هەرێمی شار، دەبینـرێن. یـەکێك لـە ئەندامـەکانی «گرووپـی ڕەش پێستانی خوازیاری پاراستنی ژینگە» (ئەو ڕێکخراوانەی کە بازنەی کارەکەیان سـەبارەت بـە پێوەندی ڕەش پێستەکانە لەگەڵ دێهاتەکاندا) ئەم بابەتـەی بـە وتنـەوەی ئـەم تامەزرۆیـیـەوە کورت کردووەتەوە کەبتوانێ لەسـەر لووتکـەی سـنودۆن[١]دا ڕاوەسـتێ و هەسـت بـە نـامۆیی نەکات. گرفت ئەو خوتوورەیە نییە، کە لە گرفتی برێك لە سپی پێستان لـە پێوەنـدیی گـرتن لەگەڵ ڕەشپێستەکانی هەرێمی دەرەوەی شارەدا سەرچاوە دەگـرێ، بگـرە گـرفتی زۆرتـر ئـەو خەیاڵانەیە، کە لە خودی ئەم هەرێمانەوە دەخیزێ، ئەمەی کە ئاخۆ کەسێك دەکارێت لەوێـدا هەست بە نامۆیی نەکات.

هەستی بوون، لە شوێنێکی ئاشنا و تەناهیدا، وەکو زۆرینەی هەستەکانمان، لە ئـەزموونی سەرەتایی جەستەییمانەوە سەرچاوە دەگرێ، یان لە کەتواردا لە چۆنییەتیگەلێکی سۆزگەریی و کۆمەڵایەتی تایبەتەوە کـە لـە ڕێگەیانـەوە لـە جەسـتەمان ئاگـا دەبـین. جەسـتەی مـرۆڤ هەمیشەییترین و بەردەوامترین پەناگەیەتی. هـەر بـەم هۆیـەش لـە بـەر ئـەوەی بتـوانین لـە شوێنێکدا خۆمان بە غەریبە نەزانین دەبێ ـ ئەم هەستەمان هەبێ کە ئەو شوێنە ( چ ماڵ یان شار یان وڵاتێك بێت) درێژە، یان نواندنەوەیەك لە جەستەی خۆمانە.

لەم بەشەدا، چۆنییەتی و ریشە کۆمەڵایەتی — مێژوویـیەکانی برێك لە خـەیاڵی گشـتیی (خەیاڵگەلێکی وەك چەمکێکی دەروونشیکارانەی وێنای ناخودئاگاهانە) سەبارەت بـە ناوچـە سەرسەوزەکانی بەدەر لە هـەرێمی شـار وەکـو چەشـنە پەناگەیـەك ـ یـان بەشـێکی ـ لێـك دەدەمەوە. بنەما و بناخەی باسەکەی من ئەمەیە کە لە پلەی یەکەمدا تێگەیشتنی ئێمە لـە ناوچە دێهاتیەکان وەکو تێگەیشتنمانە لە جەستەی خۆمان و لە پلەی دووەمدا ئەمەی کە ئەم

١- Snowdon ناوی بەرزترین کێوی ویلزە (لە بەریتانیادا).

جەستەیە، جەستەی سپی پێستە، هەر بۆیە، غەیری سپیپێست تێیدا هەست بە نامۆیی دەکات.

گوزارەی یەکەم مشتومڕهێنەر نییە، یان لانی کەم بۆ هۆگرانی دەروونشیکاریی نابێ مشتومڕ هێنەر بێ. ئێمە بەردەوام دی هاوێژیی دەکەین بۆ دیاردەکانی دەورو بەرمان — بەتایبەت بۆ ئەو شتانەی کە هەردەم لەگەڵیاندا سەروکارمان هەیە -. ئەم دیهاوێژییانە بە شێوەیەکە، کە دەکرێت ناوی دیهاوێژی لەسەر بنەمای تیپی جەستەیی لێ بنرێ. یەکێك لە بەرهەستترین شتە مادییەکانی هەنووکە ((ئۆتۆمۆبێل))ـە، بەو جۆرەی کە لە بەشی دواییدا بەڵگەی بۆ دەهێنمەوە، بە راشکاوی بەپێی جەستەی مرۆڤ فام دەکرێ. گرینگی ئەو خوازەگەلەی بەپێی جەستە داڕێژراون لە سیستەماتیك کردنی بەشێکی گەورە لە ئەزموونی رۆژانەی مرۆڤدا، تەنانەت بە بێتیۆری دەروونشیکاریش دەبیندرێن، بەڵام لە روون کردنەوەی پێگە گەشەییەکانی ئەم خوازەگەلە و دیاریکردنی رۆڵی هەمیشە بەرچاویان لە پرۆسەی هۆشماندا، هەروەها لە دیاریکردنی شێوەی رەفتارەکانماندا، دەروونشیکاریی کاریگەرییەکی جیاوازی هەیە. گرینگتر لە هەرچی ئەمەیە، کە ئەم تیۆرە دەتوانێ وەڵام بداتەوە، کە بۆچی ئەم خوازەگەلە دیاردەگەلێکی جیا نین، بگرە ریشەیان لە ژیانی سۆزی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندایە، هەروەها چلۆن دەتوانن پرۆسە دەروون رەوانییەکان و هەستی دەروونی لەگەڵ رووداو و پرۆسە بەربڵاوەکان لە بازنەی ژیانی گشتییدا پێوەندیی بدەن.

بەپێی ئەمەش کارێکی بەجێیە کە خەیاڵەکانمان سەبارەت بە ناوچە سەرسەوزەکانی بەدەر لە هەرێمی شار وەکو جەستەیەك — و بە شێوەیەکی تایبەت وەکو جەستەیەکی سپی پێست — لە نوێنگەیەکی تەواو دەروونشیکارانەوە لێکدەینەوە. وەکو هەمیشە، لەم بوارەشدا ئەو وشانەی مرۆڤەکان بەکاری دەبەن، بەشێکی بەرچاون لە نیشانەکانی خەیاڵە دواییەکانیان. برێك لەو وشانەی کە بۆ پەسنکردنی دیاردە سروشتییەکان (وەکو کێو، چۆم و رێگە و...هتد) بەکار دەبرێن برێتین لە: سەر، گەردن، شان، کەمەر، ئەنگووس، پێ، دەم و تەوێڵ، خەڵك پارکەکان بە «سییەکانی»شار و چۆم و شەقام بە «دەمار» ناوزەد دەکەن.

دەلالەتەکانی ئەم خوازەگەلە هەردەم ئەرێنی نەبووە، کیت تامس (١٩٨٣) کە خۆی مێژوونووسێکە، لە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر روانگە جیاوازەکان سەبارەت بە سروشت، لەسەر ئەمە باس دەکا کە لە رابردووی دووردا، بەر لە دەسەڵاتی سروشت پەرستیی "شوانیی مۆدێرن" بە سەر روانگەکانمان سەبارەت بە ناوچە دێهاتییەکان و کاتێك ئەم ناوچانەمان بە

مەترسیدار یان لەدەسچوو دەزانی، بەشگەلێك لە ناوچە سەرسەوزەكانی دەرەوەی هەرێمی شار — بە تایبەت بەرزاییەكان — بە چەمككگەلێكی وەكو ((بالۆك)) ئاماژەیان بۆ دەكرا.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئێمە نابینین ئەو وشانەی پێوەندییان بە دەزگەی زاوزێی مرۆڤ دەبێت، بە زۆری بۆ پەسنیی دیاردە سروشتییەكان ببرێنەكار، بەڵام لەم بوارەدا پێویستە ئەو گوندانەی، كە «پەتی پۆستەچی» بۆ گەیاندنی نامەكانی هەموو رۆژێك سەردانیان دەكات، لە بەرچاومان بێ. «پەتی پۆستەچی»[1] كەسایەتییەكی كارتۆنییە هەر بەم ناوە. مرۆڤێكی زۆر دلۆڤانە، كە نامەی دانیشتوانی دەوروبەری ناوچەیەكی دێهاتی و خۆش و هەست بزوێن بڵاو دەكاتەوە. گردەكانی ئەم دەڤەرە — كە لە لە مەمكی ژنان دەچن ـ تایبەتمەندییەكی شایانی سەرنجیان هەیە: گۆی مەمكیان نییە، بەڵام هاوچەشن بوونیان لەگەڵ مەمكدا شتێكی ئاشكرایە. ئەم لێكچوونە لە رادەبەدەرە، هەروەسا نموونەیەك لە یەكێك لە تایبەتمەندییە گشتییەكانی ئەزموونەكانمان، واتە ئەم هەستە كە ئێمە لەسەر رووبەرێك رادەوەستین و جووڵە دەكەین، كە ئەندامی جەستەیەكە و ئەو جەستەیەش جەستەیەكی ژنانەیە، لە پەراوێزیشدا دەبێ ئاماژە بكرێت، كە بویەر و رووداوەكانی كارتۆنی «پەتی پۆستەچی» وەكو شتێك لە دەیەی ١٩٥٠دا روو دەدات، واتە دەیەیەك كە روانگەگەلێكی زۆر جیاواز" وەكو دوایین سەردەمی پاكوخاوێنی دەنوێندرێتەوە، ئەم وێنا و خەیاڵكردنە سەبارەت بە دەڤەرە گوندنیشنەكانی بەریتانیا لە هۆكارگەلێكی مێژووییەوە سەرچاوە دەگرن، هەرچەندە تەنیا رەهەندێكی خەیاڵپەروەرانەی هەیە. دەیەی ١٩٥٠ هەروەها دوایین دەورانێك بوو، كە شیمانەی ئەوە بوو پۆستەخانەی ناوچەیی ـ لانی كەم لە ناوچە شارییەكاندا ـ بە دەستی كچێك بە ناوی گاگێنر بگەڕێت، نەك بە دەستی پیاو یان ژنێك بە ناوی پێتێل، بەڵام باسكردنی پتر لەبارەی ئەم بابەتە دەهێڵینەوە بۆ بەشەكانی دواتر.

بەشە گەلی جۆراوجۆری ناوچە گوندنیشنەكانی بەریتانیا، بە پێچ و پلووچی نەرم و چین و لۆچ و بێشەڵانە جوانەكانییەوە كە وەكو ئەندامە تووكنەكانی جەستەیە، دەكرێ وەكو جەستەیەك چاوی لێ بكرێ كە لە بەرامبەری مرۆڤدا دانراوە. چێژێكی دەروونی كە لە زۆرینەی ناوچەكانی بەریتانیادا هەیە بە رادەی دیمەنە دەرەكی و بەرهەستەكانی بایەخی هەیە. بەپێی هەر چەشنە هزرێكی دەروونشیكارانە، تێكەڵاویك لە ئاسوودەیی و شەهوانییەتێك كە

---

١- بۆ نموونە بڕوانە كۆنلیف (Cunliffe) و بێریج ((Verridge، 1987

ئـەو دیمەنـە سروشـتییانە دەبخەنـە هۆشمانـەوە، بـە مسـۆگەرییەوە لـە ئـەزموونی منـداڵی بەرمەمکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە کورتە نووسراوەکانی دەروونشیکاران سەبارەت بەم بابەتە، تێگەیشـتنی جـەماوەر لـە ناوچە گوندنیشنەکان بە شێوەیەکی تەبا لەگەڵ تیۆری باسکراو لەم بەشەدا، چەمکداڕێژی بـۆ کراوە. ڕۆبێرت هینشلوود[1] (١٩٩٣) بڕوای وایـە کـە گـۆڕانی تێگـە باوەکـانی (کۆمەڵگـە) سەبارەت بە ناوچە گوندنشینەکانی بەریتانیا لە سـەدە ناوەندییەکانـەوە تـا ئێسـتە نوێنـەری گۆڕانکارییە لە خەیاڵی ناخودئاگاهانە و بـاوەوە سـەبارەت بـە نێزیکایـەتی لەگـەڵ دایـك و باوکدا. «ڕوومەتی تێکەڵاوی دایك و باوك» کە لـە وێنـای تێکـەڵ بـە دڵـەڕاوکێ و ئیرەیـی منداڵەوە سەبارەت بە دایك و باوك وەکو جووتەیەك کـە پێوەنـدیی جنسـییان پێکـەوە هەیـە سەرچـاوە دەگـری، تـوخمێکی گرینگـە لـە تیۆرەکـەی کلایـندا، کـە لەسـەر خەیاڵپـەروەری ناخودئاگاهانەیە. بەشێکی گەورەی مەیلی مازوخیستیانە و وێرانگەر، بە شێوەیەکی ئاسـایی دیهاوێژی دەکرێ بۆ ((ئاماژەی ئارمانی))[2] تێکەڵاوی دایـك و بـاوك" ئاماژەیێـك کـە دواتـر تایبەتمەندیگەلێکی تراژدیك دەگرێتە خۆی. منداڵی ساوا ڕەنگە بە چەشنگەلێکی جۆراوجـۆر لە بەرامبەر ئەم ئاماژەوە کاردانەوەی هەبێ و لەم کاردانەوانەشدا هەوڵ دەدات -لە خەیاڵیدا — دایك و باوك لێك جیاکاتەوە، یان پێوەندییان لەگەڵ یەکدیدا بخاتە ژێر چاوەدێری خۆیەوە.

هینشلوود سازە نێرەکان دەگەڕێنەوە بۆ شارەکان و سـازە مێیینـەکان پێوەنـدیی دەداتـە ناوچە گوندنیشنەکانەوە و بڕوای وایە کە ترسە هەنووکەییەکانی ئێمە لـە «دەسـتدرێژی» بـۆ ناوچە گوندنشینەکان، پیشاندەری بێ ئاکـام مانـەوەی تێکۆشـانەکانمانە بـۆ بـەرگری — یـان کۆنترۆڵی — تێکەڵاویی توندوتیژییانەی ئەم دووانە. لە سەدە ناوەندییەکاندا دەکرا لـە وێنـای

---

1- Robert Hinshelwood

٢- «ئیماژی ئارمانی» (Imago) زاراوەیەکە کە هەوەڵ جار یـۆنگ لـە پـەڕتووکی سـایکۆلۆجیای نەسـتدا (بلاوکراوەی ساڵی ١٩١١) دایناوە، دواتر لە تیۆری دەروونشیکاریدا بوو بە باو. بە گشتی «ئاماژەی ئارمانی »واتە وێنەیەکی ناخودئاگاوە لە کەسێکی دیکە، بەڵام بە وردی دەتوانین بڵێین کـە جیـاوازی لەگـەڵ وێنـە دا لەوەدایە کە « ئیماژی ئارمانی » بەرهەمی پرۆسەیەکی تەواو زەینییە و بـە وتەیـەکی دیکـە ئۆبـژە بـەپێی بارودۆخی دەروونی سوبژە نیشان دەدا. بەم جۆرە، «ئیماژی ئارمانی» باوك بە شێوەیەکی تراژیك دەتوانێ لـە کەسێکدا هەبێ کە باوکی، دروست بە پێچەوانەوە کەسێکی خۆبەزل نەزانە، ئیماژی ئارمانی ئێمە لـە دیـتران نیشانەی ڕوانینی ناخودئاگاهانەی ئێمەیە بۆ ئەوان و شێوەی ڕەفتاری ئێمە لەگەڵ ئەواندا دیاری دەکات.

جەماوەردا ژینگەی ماڵ و شار لە بێشەلانی پڕ مەترسی جیا بکرێتەوە، دواتر بە گۆڕانی تێگەی ئێمە سەبارەت بە بێشەلان لەسەرەتاکانی دەورانی مۆدێرندا گەیشتینە ئەم ئاکامە کە دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێن و ئاسوودەییان بەسەردا بسەپێنرێت، بۆ نموونە بە شێوەی حەسارکردن و سازکردنی گوڵ و گوڵزار. ئەمڕۆکە ئیدی بیابان، هەڕەشە لە ژیان ناکات، بگرە مەترسی گەورە لە هێرش هێنانی پێشەسازی و بازرگانیی دایە بۆ سەر پاکوخاوێنی سروشت.

ناوچە گوندنشینەکان ڕەنگە بەردەوام و بەتایبەت هەڵگری شوناسێکی ژنانە نەبن. لە کاتێکی دیاری کراوی زەمانیدا و لەسەرەتاکاندا، هەرێمی جەستەی پیاوانە لەو وێنە خەیاڵییەی لە سروشت هەمانە، لەگەڵ جەستەی ژنانەدا جوێ دەبێ، ڕەنگە لە بەرئەوە بێ، کە زەوین و خاك بەسفت و سەخت دەزانین.[1] هەروەها دەکرێ بە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە کە ئایا چوارچێوەی دیاریکراو و سەرەتایی ئاماژەی تێکەڵاوی دایك و باوك، بنەماترین و سەنتەریترین ئاماژەی ئارمانییە لە «هاوبەشیکردنەوەی کولتووری خەیاڵگەلی مرۆڤدا». («بەشداربوونیەخەیالگەل» زاراوەیەکە، هینشلوود بووەتە پەسنیی پێوەندیی دەروونی (تاك لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەکاری دەبات)، یان بیرۆکە میهرەبانەکان سەبارەت بە تێکەڵاویی داهێنەرانەش ڕۆڵێکی مێژوویی گرینگی لەم بوارەدا گێڕاوە. جیا لە ئەمانەش، ئەو ئاکامەی شایانی سەرنجی هینشلوودە، لەگەڵ هەوڵی من لەم بەشەدا بۆ سەپاندنی ئەم ڕایە کە تێگەیشتنی ئێمە لە ناوچە گوندنشینەکان بەپێی ئەزموونە جەستەییەکانمانە تەبایی هەیە.

هارۆڵد[2] سێرلێز لە پەرتووکەکەیدا سەبارەت بە تێگەیشتنی )خەڵکی مەدەنی و نەخۆشانی دەروونی) لە ژینگە غەیری مرۆییەکان، جەخت دەکاتە سەر «پێوەندی» وەکو تایبەتمەندیی ڕوانگەی مرۆڤی بالق سەبارەت بە سروشت و لەگەڵ پێوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵکدا بە لێکچووی دەزانێ. ڕەنگە پێوەندیی لەگەڵ سروشت بەهێزترمان بکات و ئێمەش بایەخی پێ دەدەین، بەڵام ئەم پێوەندییە نابێتە هۆی پاك بوونەوەمان (بە واتای تێکەڵ بوون لەگەڵ سروشتدا). ئێمە بە ناڕەحەتی و ڕێزەوە لە سروشت جیا بووینەوە، هەر بەو جۆرەی کە لە جەستەی دایکمان جیا بووینەتەوە.

ئەگەرچی ڕەنگە ئەو کاتانەی لە شوێنە سەرسەوزەکانی دەرەوەی هەرێمی شاردایین و

---

١- کرێکارە بکەرەکان بۆ ئاماژەکردن بۆ بەردی گەورە و بەربەستەکانی دیکە کە بەری کارەکانیان دەگرێ ئاوەڵناوی نێر بە کار دێنن.

2- Harold Searles

لەزەت دەبەین تووشی گەڕانەوە بوو بین، بەڵام چێژوەرگرتنمان لە سروشت *گەڕانەوەیی* نییە. زۆرینەی ئەم شوێنانە، لانی کەم لە بەریتانیادا لە روانگەی هەر بینەرێکەوە بەرەکەتێکی سەرەتاییە، بەڵام بەهەمان رادە نیشانەکانی کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی مرۆڤ — یان بەوتەیەکی دیکە رەنجەکانی کار و جودایی — یان تێدا دەبینرێ. سەرەڕای ئەمە خەیاڵپەروەرییەکانی پێوەندیدار بە جەستەوە کە لەم کاردانەگەلەدا کاریگەرییان هەیە، بە ناچار لە هەر ئەزموونێکیشدا بوونیان هەیە، دەبنەهۆی بەهێزتر بوون و بە ناوەرۆکتر بوونی تەواوی بەستێنەکانی چالاکیی مرۆڤ، بەڵام بە هۆی بیچمە مادییەکانی ناوچە گوندنشینەکان و وابەستەیی مادی ئێمە و وێنە هۆشییەکانمان لەو ناوچانە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەستەکانمان لە جەستەی دایك. هەر کەسێك «هی» (یان خەڵکی) ناوچە یان وڵاتێکی تایبەتە کە سەمبولەکەی زۆرتر دیمەنە سروشتییەکانە، هەروەها هەر کەسێك شوناسی خۆی لەگەڵ نیشتمانەکەیدا — کە رەگی تێیدایە و دڵبەستەیشیەتی — دیاری دەکات. نیشتمانی هەر کەسێك، لە رێگەی دیهاوێژییەوە (دەرەکی کردنەوەی ناخودئاگاهانەی لایەنگەلێکی نەفس) حوکمی جەستەی ئەو، هەروەها جەستەی دایك و باوکیشی هەیە.

### کار و پەرەپێدان:

ئێستەش کاتی ئەوەیە ئەم پرسیارە ئاراستە بکەین کە بۆچی ناوچە گوندنشینەکان وەکو جەستەی سپی پێستان وێنا دەکەین. ئەگەر ئەم ناوچەگەلە وێنای سروشت بن ئیدی ناکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە رەنگی رەگەزێکی تایبەتی مرۆڤن. لە وێناکانی ئیمپریالیزمی بەریتانیادا، سروشت زۆرتر رەنگی رەش یان قاوەیی هەبووە، بەڵام جیا لەمانەش دەزانین بەشێکی گەورە لەو ناوچە گوندنشینانە، کە ئێمە هۆگری بووینە بە بەشێك لە سروشت (بە واتای تایبەتی وشەکە) نایەنە ئەژمار. بە وتەیەکی دیکە، ئێمە لە کۆمەڵگەی مرۆڤەوە، پەنا نابەین بۆ شوێنێکی سروشتی. ناوچە گوندنشینەکان بیچمێکی تایبەتن لە شوێنێکی کۆمەڵایەتیی، کە لە ئاکامی کارکردنەکانی مرۆڤدا هاتووەتە ئاراوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی سەدەگەلێکی بەردەوام بیچمیان پێداوە. رەنگە زۆرینەی کات دەسەڵاتی گوتاری «سروشتی دەست تێوەرنەدراو» قبووڵ بکەین، بەڵام زۆرتر ئەو کاتانەی کە لە ناوچە گوندنشینەکانی بەریتانیادا لەزەت دەبەین. ئەم لەزەتە بە راشکاوی لەگەڵ هەستی شادیی لە حوزوور لە سرووشتی دەست تێوەرنەدراودا جیاوازی هەیە و تا رادەیەکی زۆریش

لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەزانین ئەم ناوچانە کۆمەڵگە دروستی کردوون.[1] هەروەها ئەم شوێنانە بەرهەمی کاری جەستەیی کەسانێکە کە لە روانگەیەکی مێژووییەوە زۆرینەیان سپی پێست بوونە. ئەو شتێکی ئاشکرایە چ لە رابردوودا و چ هەنووکەش، کرێکارانی رەش پێستیش لە زەوی و زارەکانی بەریتانیادا کاریان کردووە، بەڵام رێژەیان بەرادەیەك کەمە کە کاتێك لە کشتیاران بیر دەکەینەوە تەنیا وێنەی کشتیارانی سپی پێست دیتە هۆشمانەوە. ئەو دە — دوانزە پیاوەی لە وێنەکانی زەمانی ڤیکتۆریادا[2] لە دەوروبەری خەرمانەی ئالفدا دەیانبینین، کەژەوەوان، جووتیار، شوان و کرێکارانی شیر و دۆ و خاوەن کێڵگەکان کە لە وێنە و چیرۆکەکاندا دەیانبینین و لە دێهاتەکاندا دەژین، هەموویان سپی پێستن. بە هەمان شێوە ژنانی سەر زەوی و زار و کێڵگەکانیش سپی پێستن.

جیا لەمەش سەپاندنی ئەم رایە بەڵگەهێنانەوەی زۆرتری پێویستە، چوونکە ئاگابوونمان لە سپی پێست بوونی ئەو کرێکارانە کە سەدەگەلێکی زۆر لە زەوی و زارەکاندا کاریان کردووە رەنگە ئەو ئەنجامەی لێ نەبێتەوە، کە تێگەیشتنمان لە ناوچە گوندنشینەکانیش هەمان تێگەیشتنێکە لە جەستەی سپی پێستێك هەمانە، ئەو بەڵگە هێنانەوە زیاترەی کە پێویستیمان پێیەتی، پێوەندیی بە «پرۆسەی یەکەمین»ـەوە[3] هەیە، ئەو زاراوەش زاراوەیەکە، کە فرۆید بۆ بنەماییترین و سەرەتاییترین رووبەری کارکردی هۆش بردوویەتە کار. هەم لە

١- رەنگە ئەم زانیارییە لە هەر شوێنێکدا بوونی نەبێ. هەر بەو جۆرەی کە رۆمانیشین (Romanyshyn) و والێن (Whalen) باسیان لەسەر کردووە، شێوە روانینی ئەمەریکاییەکان سەبارەت بەناوچە گوندنشینەکان — کە زۆرتر لەگەڵ جیهانبینی خاوێنخوازانە (یا پیوریتان)دا هاوسانە — زۆرتر لەژێر کاریگەری نیاز بە گۆڕانکاریی کردن لەم ناوچانەدا و زاڵ بوون بەسەریاندا بووە. لە بەریتانیا سەرەڕای نەریتی رۆمانتیکی کاردانەوە نواندن لە بەرامبەری نەزم و رێکیەتی دیمەنە کشتیارییەکان و بەهادارترینی جوانیناسانەی شاخ و بەرد و سروشتی وەحشی کە تەواوکەری هەمان سوننەتە(بڕوانە تامس، ١٩٨٣، لاپەڕەکانی ٦٩- ٢٥٨) ناوچە خۆشە گوندنشینەکان تا رادەیەکی زۆر لە حاڵەتی سروشتی و بیکری هاتوونەتە دەر.

٢- «سەردەمی ڤیکتۆریا» لە مێژووی ئینگلیزدا، ئاماژەیە بۆ ساڵەکانی پاشایەتی شاژن ڤیکتۆریا لە ١٨٣٨ تا ١٩٠١.

٣- «پرۆسەی یەکەمین » (Primary process) لە تیۆری دەروونشیکاریدا بە پرۆسەگەلێکی زەینی دەوترێ کە لە «دەروون»دا روو دەدەن. ئەم پرۆسەگەلە چیەتییەکی ناخودئاگاهانە و ناعەقڵانی یان هەیە و لەسەر بنەمای «پرەنسیپی لەزەت» بیچم دەگرن.

دەروونشیکاری، هەمیش لە مرۆناسیدا ئەم روانینە دێتە بەرهەم کە هەنووکەییترین و ئەمرۆییترین بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بە مرۆڤ، تێکەڵە لەگەڵ ئەندێشەگەلێکی نائەقڵانی و جادوو باوەڕانەدا. ئەم ئەندێشەگەلە بە شێوەی پرەنسیپێك لەژێر ناوی «پەرەپێدان»دا خۆی دەنوێنێ. بەپێی وتەکەی جێمز جۆرج فریزێر[1] (١٩١١، ل. ٥٢) لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپەش ( کە بەپێی بینینەکانی لە زۆرینەی کۆمەڵگە دێهاتییەکانی ئەورووپادا لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، باوەڕی پێیەتی) «ئەو شتانەش کە لە رابردوودا پێکەوە تەماسیان هەبووە، لە پاش دابڕانی لە تەماسی عەینی و سەرەڕای دوورکەوتنەوە لە یەکدی بەردەوام کاریگەریی دادەنێنە سەر یەکدی.»

ئەم بڕوایە، بە واتای هاوسان بوونەوەی شوناس یان روحی ئەو شتانەیە، کە پێشتر لە نێزیکی یەکتردا بوونە. (بۆ نموونە) خوێنی بەجێماو لەسەر کەرەستەیەکی کوشتن، بەردەوام لەگەڵ خوێنی ناو دەمارەکانی جەستەی برینداردا هاودەردی دەکات، یان کاتێك کەسێك لە پێکدادان لەگەڵ شتێکدا بریندار دەبێ، لەناوبردنی ئەو شتە، لە چاك بوونەوەی ئەو برینەدا کاریگەریی هەیە. هەروەها لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە، ئاکامی ئەو ناخونەی کە بە ناخونگیر لە ئەنگوست جیا دەبێتەوە یان ددانێك کە لە دەم دەکێشرێتە دەرەوە یان منداڵێك کە لە زکی دایکی جیا دەبێتەوە، لە چارەنووسی ئەو کەسەدا کە ئەو ناخوونە، ئەو ددانە یان ئەو منداڵە زەمانێك بەشێك لە جەستەی بووە، کاریگەریی دادەنێ.

لە زۆرینەی ئەو نموونەگەلەی کە فریزێر لەم پرەنسیپە هەڵیدەبژێرێت، کەسێك هەوڵ دەدات تا بە رەفتارێکی هاوسان لەگەڵ ئەو شتەی کە زەمانێك نیزێکی کەسێکی دیکە بووە یان بەشێك بووە لە وجوودی، زیان یان سوودێکی پێ بگەیەنێ. بەم شێوە ئاشکرایە کە ئەم نموونەگەلە پێوەندییان بە ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە پێی دەڵێین جادوو و لە خۆیاندا بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو نین بۆ ئەو رایەی کە لەم بەشەدا باسی لێوە کراوە. بەپێی ئەم رایەش، شێوەی دەربڕینی هەست لە هەنووکەدا رەنگە بەرهەمی پرەنسیپی « پەرەپێدان » بێت. هەستی ئێمە سەبارەت بە ناوچە گوندنشینەکان بەم جۆرەیە کە ئەگەر ئەو جەستەگەلەی لەسەر ئەم زەوی و زارانە کاریان کردووە و بە زەحمەت و جەورکێشی گەیاندوویانەتە ئەم

---

١- James George Frazer (1941-1854) مرۆناسی کۆمەڵایەتی و لێکۆڵەری کولتووری جەماوەری سکاتلەندی کە بە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو لەژێر ناوی لقی زێڕین سەبارەت بە ئەفسانە و باوەڕە جەماوەرییەکان ناوبانگی دەرکرد.

ئاسته، جەستەگەلێکی سپی پێست بوونە، بەم پێیەش — لە رووبەری خەیاڵی کۆییدا — دووبارە جەستەی ئەو زەوی و زارانەش دەبوایە وەکو جەستەی سپی پێستان بن، جێگەی سەرسوورمان نییە کە فرۆید (١٩١٣، لاپەڕەکانی ٨١ بەدواوە)لەباس کردن لەسەر بیروراکانی فریزێر جەخت دەکاتە سەر خۆزگە لە بزۆزیناسی جادوودا.

وای بۆ دەچین (لە نێوان ئەو کەسەی جادوو کراوە لەگەڵ ئەو شتەیدا کە زمانێك تەماسی لەگەڵدا بووە) پێوەندییەك هەبێ، چونکە تامەزرۆی وەها پێوەندییەکین (یان لێی دەترسین)، لەسەر ئەم بنەمایەش رەنگە لەم شیکارییەشدا، دەبوایە وەها فەرزمان بکردایە کە ئەم خەیاڵە (واتە سپی پێست بوونی ناوچە گوندنشینەکان) لە شێوە روانینێکی ئایدیولۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێ، کە برێتییە لە، خۆزگە خواستن بۆ پاراستنی شوناسی سپی بەریتانیا (ترسیش لەوەی کە بەریتانیا هێشتە لە ناوەرۆکیدا سپی پێستە).[١]

جیا لەمانە ئەم بڕوا سونەتییە لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا باوە کە جەوهەری بوونی مرۆڤ بە شێوەیەك لە خاك گیراوە، خاکێك کە لەسەریدا دەژین و ـ بە وتەیەك ـ سەرچاوەمان لەخاکە. رەنگە بڕوای سوننەتیی ئاماژە پێکراو وەرگێڕانی ئەم تێگەیشتنە سەرەتاییە بێت کە یەکیەتی پێشووی دیاردەکان دەبێتە هۆی هاودڵییان لە هەنووکەدا. ئەم بۆچوونە بە دڵنیاییەوە لە بەرهەستترین چەشنی ئایدیولۆژیا ناسیۆنالیستی و فاشیستیەکانی «خوین» و «خاك»دا خۆی دەنوێنێت، بەڵام نیشانەیشی لە نەریتە تەندروست و بەربڵاوە کولتوورییەکاندا ـ وەکو ئەم بڕوایەی کە ئێمە لە خۆڵین و دەبینەوە بە خۆڵ ـ دەبینرێ.

بەم پێیەش لە خەیاڵپەروەرییە کۆییەکانی ئێمەدا چەرخەیەك لە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دوولایەنەی زەوین و مرۆڤ هەیە. لە وێنای پێش ئاگاهانەی فەرهەنگدا، جەستەی مرۆڤەکانیش لە جەستەی خاکێکەوە کە پێ دادەنێینە سەری سەرچاوە دەگرێ، هەمیش جەستەی خاك دەخولقێنێ. ئەگەر ئەم جەستەگەلە سپی پێستن، ئەوکات ئەو خاکەش کە لێیەوە دەڕوێن لە سەرەتادا سپییە. بەم هۆکارەوە مێژووی دووردرێژی کشتیاریی کرێکارانی سپی پێست لە ناوچە گوندنشینەکانی بەریتانیادا" مێژوویەك کە هەر کەس لێی ئاگایە، دەبێتە هۆی ئەوەی

---

١- سەرەڕای ئەم بەڵگە هێنانەوەیە، ئەم باسە بە شێوەیەکی رەزامەندیبەخش کۆتایی پێ نایەت. من مەبەستی خۆم دەزانم، ئاماژەم بۆ جادووی دزەکەر (لە شتەوە بۆ کەس، کە ناوی لێ دەنێن «جادووی بەرکەوتن») ، بە هۆی هەولدانێکە بۆ دۆزینەوەی چەشنە بەڵگەیەك لە پێناوی سەپاندنی هۆشمەندی ئەو شێوە روانینانەی، کە خاڵی دەسپێکردنی ئەم بەشە بوون.

ئەم ناوچانە وەکو جەستەیەکی سپی پێست بێنینە بەرچاومان. بۆ ئەوانەی کە وەها بۆچوونێکیان هەیە ئەم بابەتە، بابەتێکی نابەجێیە کە کاری کۆیلە ڕەشپێستەکانی دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا و خەڵکانی وشکایی هیندستان بە تەواوی، بەشێك لەو سامانە بەرهەم دەهێنن کە سروشتی لە بەریتانیادا کردە شوێنێك بۆ حەسانەوەی مرۆڤەکان. نابەجێ بوونی ئەم بابەتە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە حەقیقەتە مێژووییەکان ناتوانن ببنە لەمپەرێك لە بەرامبەر خەیاڵپەروەرییە ناخودئاگاهانەکانی ئێمەدا. نەستی مرۆڤ لە ئەزموونی تاك لە دنیای دەرەکی وەکو سەرچاوەیەك بۆ خەیاڵپەروەری کەڵك وەردەگرێ، بەڵام ئیمپریالیزمی بەریتانیا نەیهێشت کە ڕاستییە تاڵەکانی کۆیلەداری، پێگەیەکی گرینگ لە ئەزموونەکانی خەڵکی ئەم وڵاتەدا، بۆ خۆی تەرخان بکات.

لە درێژەی ئەم بەڵگە هێنانەوەدا دەکرێ نەتەنیا کارکردن لەسەر زەوی، بگرە کارکردن لەناو، یان لەژێر زەویش لێکبدرێتەوە. بە چاولێکردنێکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی بەریتانیا، ئەم ڕاستییەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە کانگەکان بەرهەمی داهێنانی مرۆڤەکانە لەژێر زەویدا. مرۆڤ نەتەنیا لەسەر ڕوومەتی جوانی زەوی، بگرە لەناو زکیشیدا کاری کردووە.[1] لە سەردەمی تەشقی گەشەسەندنی کانگەکانی "خەڵووزی بەرد" لە بەریتانیادا ڕێژەی کرێکارانی کانگەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ڕێژەی کارمەندانی ئەو کاتەی ڕێکخراوی سرویسە دەرمانییەکان ( کە بەوتەیەك ئەوکات گەورەترین خاوەنکاری ئەورووپا بوو) بەرابەر بوو. ئەم بەراوردکردنە سەرەڕای ئەوەی لەسەر پێگەی سەنتەرییەتی خەیاڵپەروەری، سەبارەت بەجەستە لە بیچم گرتنی شوناسە تاکەکەسی و نەتەوەییەکاندا دەدوێ، پێوەندیی بە بابەتگەلێکی سەرتر و بە بایەختر لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم بەشەوە هەیە، بەم حاڵەشەوە دەتوانێت بە کەڵك بێ.

بۆ زۆرینەی خەڵکی بەریتانیا ڕێکخراوی سرویسە دەرمانییەکان (کەدابینکردنی خزمەتگوزارییە پزشکیەکانی لە ئەستۆدایە) لە بۆچوونە گەشبینانەکانیاندا سەبارەت بەمەی

---

١- بۆ نموونە، تێگەیشتنی من لە جوانییەکانی ڕێگەی کۆرنۆل (پارێزگەیەك لە باشووری ڕۆژئاوای ئینگلیزدا) دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کانگە وەکو دۆزەخەکانی سروو(قەلع) لەژێر زەوینەکانی ئەم ناوچەیەدا و بیر لەو کرێکارانە دەکەمەوە بۆ کارکردن دەچنە ئەو کانگەگەلە. من لە بنەماڵەیەکدا گەورە بووم کە لە ماڵیاندا زۆرینەی ئەو خەڵکانەی لەسەدەی بیستەمدا دەژیان لە کانگەکاندا کاریان دەکرد و ڕەنگە هەر بەم هۆیەش ئەم بابەتە تا ئەو ڕادەیە ختوورەی خستۆتە زەینمەوە. بەڵام دەبێ لە بیر نەکرێ کە نموونەی ئەم بنەماڵەگەلە، لە بەریتانیادا زۆرن.

کە نەتەوەی بەریتانیا چۆن نەتەوەیەکە (یان دەتوانێ چۆن نەتەوەیەك بێت) رۆڵێکی گرینگی هەیە. بنەمای ئەم بۆچوونەش بریتییە لە سەرنجدانی ئەم کەسانە بۆ نەخۆشی و دەرد لە ژیانی مرۆڤەکاندا، هەروەها ئەو بایەخەی کە بۆ پاراستنی تەواوی توێژەکانی خەڵك لە نەخۆشی و ناتەواوی و یارمەتی گەیاندن بە نەخۆش و ناتەواوەکان قایلن. ئەم بۆچوونەش دیسان چییەتییەکی چەند رەگەزیی هەیە، چونکە رێکخراوی سرویسە دەرمانییەکان لە سەرەتای بنیاتنانەوە تا رادەیەك رێکخراوەیەکی چەند رەگەزیی بووە. ئەم رێکخراوە بەچاوپۆشی کردن لە تەواوی کەموکوورییەکانی، بەشێکی زۆر لە دەسکەوتە ئەرێنی و سەمبولیکەکانی لە گوتاری سیاسی بەریتانیادا، لە رێگەی هەر ئەم چییەتییە چەند رەگەزیەوە دەسکەوتووە. لە کەتواردا رێکخراوەی سرویسە دەرمانییەکان، وێنەی پەیکەرەیەکی نەتەوەیی دەخاتە پێش چاو، کە لە مەترسی دەرد و ئازارێکدایە، بەڵام دەتوانێ بە یارمەتی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی، کە لەسەر بنەمای پسپۆڕی و چاوەدێریکردن لە نەخۆشەکان، رۆنراوە و خزمەتگوزاری دەرمانی بەربڵاو بوو هەموو نەتەوە و رەگەزەکان دابین دەکات، ئاسوودەیی خۆی ببینێتەوە.

تا ئەم دواییانە، پیشەی کانگە لە هزری نەتەوەیی ئێمەدا پێگەیەکی سەنتەریی وەکو ئەمەی هەبوو، هەروەها رۆڵێکی بەرچاویشی لە پێناسەکردنی نەتەوەی بەریتانیادا دەگێرا. بەپێی ئەم پێناسەیەش، نەتەوەی بەریتانیا پێك هاتبوو لە کۆمەڵگەگەلێکی بچووکی پیشەیی و بەها بنەمایەکانیشی بریتی بوون لە یەکیەتیی کرێکاران و بەردەوامی و تایبەتمەندیی پیاوانەی کاری دەستی. پەیکەرەی ئەم نەتەوەیە لەژێری پێدەشت و کێڵگەکاندا دەخولقا. پێویست بە ئاماژەکردنی دووبارەیە، کە بە تایبەت لەم ساڵە دواییانەدا کرێکارانی رەش پێست لە کانگەکاندا کاریان کردووە، بەڵام بەشێکی گەورەی وێنە باوەڕپێکراو و خەیاڵییەکانمان لە کرێکارانی کانگە، روومەتی پیاوە سپی پێستەکان دەخاتە هۆشمانەوە، پیاوانێك کە کارکردن لە کانگەدا روومەتی رەش کردوونەتەوە، بەڵام سپی بوونیان بە رادەی رەشی زووخاڵ بۆمان ئاشکرایە. هەر بەم جۆرە، لە خەیاڵپەروەرییە هاوبەشەکانی ئێمەدا سەبارەت بەمەی کە ئەندامە پێك هێنەرەکانی نەتەوەی بەریتانیا چین و چ کەسانێك لە بەدیهاتنی دیمەنی ناوچە گوندنشینەکان بە کانگە و گردەوە یارمەتییان داوە، جەستەی سپی بەرە جیاوازەکانی کرێکارانی کانگەکان پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە.

لەم شیکارییە وا تێدەگەین کە ئەگەر رەش پێستێك خۆی لە ناوچە گوندنشینەکاندا تا

رادەیەك بە بێگانە بزانێ بە لەبەرچاو گرتنی ئەمەی کە ئـەم هەسـتە، چـەندە شـاراوە بێـت، هۆکاری ئەم بێگانەییە تەنیا ئەمە نییە، کـە ئەمرۆکـە زۆرینـەی سـپی پێسـتان لـە ناوچـە گوندنشینەکاندا نیشتەجێن و کەڵکی لێوەردەگرن. بۆ دەسنیشانکردنی هۆکارێکی دیکەی ئەم هەستە ـ بە دەستێوەرانێ یەکێك لە وتـە بـە ناوبانگـەکانی مـارکس ـ دەتـوانین بڵـێین ئـەو سەنگینییەی رابردوو، کە ئێستە ئیدی نەماوە، هێشتە گوشار دەخاتە سەر هۆشی ژیـان. بـە وتەیەکی روونتر، پەیکەرە مردووەکان هۆشی زیندووەکانیان تەنیوە. رەنگە هیچ شتێك نەتوانێ سپی پێست بوونی پەیکەرەی ناوچە گوندنشینەکان، بە رادەی کڵێسـەکانی دەرەوەی هـەرێمی شار، بە راشکاوییەوە بۆمان دەرخات. بەشێکی گەورەی شوناسی نەتەوەیی بەریتانیا لە دیمەنی هەر ئەم کڵێسەگەلەدا دەبینرێن. چونکە دەتوانین لەوەی دڵنیا بین کە ئەو جەسـتە نێژراوانـەی لەو شوێنانەدا، کە ئێمە هەنگاو دادەنێینە سەر گۆڕەکانیان و بوونەتە خۆڵ، سپی پێستن.

دیهاوێژییەکانمان بۆ ناوچە گوندنشـینەکان تایبەتمەندییـەکی دیکـەی هەیـە کـە هێشـتە ئاماژەمان پێ نەکردووە، تایبەتمەندییەك، کە لە هەمان کاتدا پێوەندیی بە تێگەی ئێمـە لـەو ناوچانە هەیە وەکو جەستەیەکی سپی پێست، لێشی جیایـە. ئـەم تایبەتمەندییـە برێتییـە لـە ئارمانی کردنەوەی سروشتی دەرەوەی شار وەکو پەیکەرەیەکی رەسەن و بێ وێنە و چـارەکردن. ئەنجامی تێکەڵاویی ئەم دوو خەیاڵە، بۆچوونێکی رەگەزپەرسـتانەیە، کـە تـەنیا دێهاتـەکانی بەریتانیا بە سەرچاوەی رەسەنایەتی دەزانێ. ئەگەرچی ئەم دوو خەیاڵە پێکەوە تێکـەڵ نـابن، بـەڵام وەهـا چـوونەتە ریشـەی سـونەتەکانی ئێمـەوە کـە بوەتـە سەرچـاوەیەکی گـرینگ (و کاریگەری) رەگەزپەرەستی. بە وتەیەکی دیکـە، وێنـە جیهانییـەکانی سروشـتی میهرەبـان و شەفادەر، لەگەڵ هۆشمەندیی رەگەزپەرستیدا تێکەڵاو بووە.

بەپێی هزری دەروونشیکاری، کاتێ شتێك ئارمانی دەبێتەوە، لە بەرامبەردا شتێکی دیکە کەم نرخ دەبێتەوە. لە بواری ئارمانی کردنەوەی ناوچـە گونـد نشـینەکاندا، پەیکـەرەی شـار دەبێتە پانتایی مەترسی و چەپەڵی، یان دەبێتە شوێنێك بۆ لێك دابڕاوی و...هتد، بە وتەیەکی روونتر، لەم دیهاوێژییانەدا خراپترین تایبەتمەندیی دەدرێتـە ناوچـە سـەنتەرییەکانی شـار، بـە شێوەیەك کە دەبنە مەڵبەندی پیسییەك، کە لەوانەیە لە پەیکەرەی نەتەوەیەکدا بێتە ئاراوە.

بە رواڵەت ئەمە نموونەیەکە لەمـەی، کـە پرۆسـەی کـەتواری و مێـژوویی، چلۆن رێگـە بـۆ بـە کارگرتنی خەیالاتی ناخودئاگاهانە دیاری دەکەن، هەروەها ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەش بونەتـە هۆی ئەوەی کە ناوچەکانی سەنتەری شار لە هۆشی نـاخود ئاگـا و ئاگـای ئێمـەدا وەکـو «ئوبژیـەکی

باش»ی لێ بێت. ئەمانە هەمان پرۆسە کۆمەڵایــەتی و سیاســییەکانن، کــە پیشــە ســڕینەوە و کــەم بوونەوەی حەشیمەتی هەڵبژاردەیی گەڕەکە سەنتەرییەکانی شاریان بــەدواوە بــووە، هــەروەها بوونەتــە هۆی تەنگژەی سەرپەنا لەم گەڕەکانەدا ـ بە تایبەت ـ گۆڕانی تێکەڵاوی ئیتنیکی دانیشتووەکانی. بــە لە بەرچاو گرتنی ئەمەی کە بۆچوونی کلاسیکی ئیمپریالیزمی و ڕەگەزپەرســتانە، کــە ڕەش پێســت بوون وەکو چەپەڵی و ناخاوێنی وێنا دەکات، ئەم گۆڕانــەی دانیشــتووان دەیتــوانی ببێتــە هــۆی ســانا بوونەوەی هاتنە ئارای ئەو دەزگە کۆمەڵایەتییانەی، کــە لەســەر بنــەمای پســپۆڕی و چــاوەدێری لــە نەخۆشان سرویسی دەرمانی لە رووبەرێکی بەربڵاودا بۆ تەواوی رەگەزەکان دابین دەکەن.

دواتر رێگەگەلێك بۆ کاردانەوەی ئەرێنییانــە دێنــە ئــاراوە، خەیاڵگــەلێك ســەبارەت بــە پەیکەرەی شار و پشتیوانی دوو لایەنەی جەستەی دانیشتووانی ڕەش پێســتی تێــدا پــەروەردە دەکرێ. وێنە هۆشییەکان سەبارەت بە زیان هێنــان و نــەنگیبوون بوونەتــە تەواوکــەری وێنــە ناخاوێنییەکان، بە جۆرێك، کە هەســت دەکــەین پەیکــەرە نــەخۆش و زیــان لێکــەوتووەکانی گەڕەکە سەنتەرییەکانی شار، بووەتە لانکێــك بــۆ پــەروەردەبــوونی مرۆڤگــەلێکی نــەخۆش و نەنگدار. تاقە پێوەندیی ئەم مرۆڤانە لەگەڵ ناوچــە گوندنشــینەکاندا وەکــو بردنــی منــداڵانی گەڕەکە هەژارنشینەکانە لە «جەژنی یەکشەمەی سپی»[1]دا بــۆ گەشــت و ســەیران لــە ناوچــە سەرسەوزەکانی دەرەوەی هەرێمی شار، یان وەکو منداڵانی ڕۆژهــەڵاتی لەنــدەن[2] لــە ســەدەی نۆزدەدا کە کرێکارانی کۆچبەر لە پشوودانی کۆتایی هەفتەدا بۆ پشوو دەیانبردن بــۆ ناوچــەی «هامپستێد هێت[3]»، بەڵام ئــەوان (واتــە مرۆڤــە — بــەپێی بۆچــوونی ئێمــە- نەخۆشــەکانی دانیشتووی گەڕەکە سەنتەرییەکانی شار) تەنیا بە شێوەیەکی کــاتی و تــەنیا بــۆ تەندروســتی دەچن بۆ ناوچەکانی دەرەوەی شار.

---

١- جەژنێکی مەســیحییەکانە بــۆ بــەرز ڕاگــرتنی دابــارینی رووحولقــودس بەســەر رەســووڵەکانی حــەزرەتی مەسیحدا پەنجا ڕۆژ لە دوای جەژنی پاك. ئەم جەژنە کە لە ڕۆژی یەکشەمەدا بەڕێوە دەچێ هەروەها «جــەژنی پەنجایە»یشی پێ‌دەوترێ.

٢- زۆرینەی گەڕەکە هەژارنشینەکانی لەندەن کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی ئەم شــارەوە. لــە بەرانبــەردا رۆژئــاوای لەندەن بە هۆی هەبوونی شــوێنی کاتبەســەربردنی زۆر، پــارك، ســینەما و تەماشــاگەی بــەناوبانگ و بــازاڕە مەزنەکان، بە ناوچەی دەوڵەمەندنشینی ئەم شارە دەژمێردرێن.

٣- Hamsptead Heath، ناوی یەکێك لە ناوچە خۆش ئاووهەواکانی لەندەنە، کە خەڵك بۆ کاتبەســەربردن و ڕابواردن بۆی دەڕۆن.

ئەڵبەت ڕەنگە تێگەیشتنی ئێمە لە شار بێتە هۆی دەرکەوتنی هەستگەلێکی بە گشتیی جیاواز. برونۆ بێتێلهایم[1] (١٩٩٠) لە نووسراوەیەکدا سەبارەت بە هەستی بوون لە پەناگەدا باس لەسەر ئەمە دەکات، کە تێگەیشتنی ئەو لە منداڵێك سەبارەت بە شاری ڤیەنا (پێگەی ئەو شارە لە بەسەرهاتی بنەماڵەکەیدا) بوو بە هۆی ئەوەی، کە ئەو شارە بە شارێکی دڵڕفێن بزانێ کە تەواوی نیازەکانی مرۆڤ تێیدا بەراورد دەکرێ. بەم حاڵەشەوە نابێ لە تەشەنەکردنی بەربڵاوی خەیاڵاتی زۆر نەرێنی سەبارەت بە شار گومان بکەین. ئەم خەیاڵە نەرێنیانە لە کەتواردا تەواوکەری ئارمانی کردنەوەی هەرێمەکانی دەرێی شارن.

## زیانگەیاندن و کەشف:

باسەکەمان تا ئێرە سوودێکی بەرچاوی نەبووە، چونکە لەمەوە وا تێدەگەین کە بێ بەریبوونی زۆرینەی خەڵك لە چێژ و لەزەتەکانی دەڤەرە گوندنشینەکان بە گۆڕانکارییەکی ساکار لە ڕەفتارەکانیاندا لاناچێت. بە واتایەکی دیکە کارگەلێکی وەکو خستنە ڕێی سەفەرگەلێکی کاتبەسەر بردنی پتر، بۆ ئەوە ژنە مسوڵمانەکانی دانیشتووی پارێزگە ناوەندەکانی ئینگلیز بتوانن بۆ ڕابواردن بڕۆن بۆ باکوری وێلز، ئەگەرچی بێبایەخ نین بەڵام داهاتیشیان نییە. کاتێك خەیاڵە سەرەتاییەکان لە ڕوانگەی کەسێکدا ڕەنگدانەوەی هەبێ، هەموارکردنی هەستی ئەو کەسە کارێکی ئاسان نییە، ئەڵبەت خەیاڵپەروەری کۆنترۆڵ دەکرێ. هەروەها دەکرێ بۆ گەیشتن بە چەشنگەلێکی هێزەکی و بەربڵاو لە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان خەیاڵ بەکار ببەین. هەروەها نابێ لە بیری بکەین ئەگەرچی ناوچە گوندنشینەکان زیاتر وێنای خەیاڵاتێکن سەبارەت بە دواکەوتوویی بڕێك لە ڕەگەزەکان، بەڵام بۆ زۆرینەی ئێمە وێناگەری شوێنێکن بۆ ئاسوودەیی و ژیاندنەوە.

باس کردن لەسەر ئەم بابەتە پێویستیی بە لێکدانەوەی لایەنێکی دیکەی ئەو دژوازییە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێکرد. بەپێی تیۆری دەروونشیکاری، ئەم کارکردە ژیانبەخشەی ناوچە گوندنشینەکان زیاتر بەم هۆیەوەیە کە لەو ناوچانەدا وێنەی ئۆبژەیەکی لە دەسچوو دەدۆزێنەوە، لە ڕوانگەی زۆرینەی قوتابخانە دەروونشیکارییەکانی ئەمڕۆکەوە، بنچینە و بنەمای گەشەسەندنی سۆزی تاك، بریتییە لە ئەزموونکردنی زیان. یەکەمین و بنەماییترین زیانی دەروونی مرۆڤ، مردنی دایك و کۆتایی پێوەندیی منداڵ لەگەڵ دایکدا.

---

1- Brunio Bettelhim

ئێمە هەمووومان لە سەرەتای ساواییدا وێنەی دایکێك لە هۆشماندایە، کە دەمانگرێتە ئامێز و خۆشی دەوێین و نیازمان دابین ئەکا، چ ئەم وێنەیە لەگەڵ کـەتواری دەرەکیـدا یـەکێك بـێ چ یەکێك نەبێ. ئەم وێنە هۆشییە لە بنەڕەتدا خەیاڵە، کە لە نیازی سـاوا بـۆ گەشەسـەندن لـە داوێنی دایکدا، هەروەها لە هەستی دیهاوێژی کـراوی دەسـەڵاتی ڕەهـاوە سەرچـاوە دەگـرێ. بنەمای گەشەسەندنی سۆزگەری تاك برێتییە لە توانـای ئـەو، لـە ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ نەبوونی ئەم ئوبژە بنەماییەدا و سەربەخۆیی سۆزگەری لێی. هـەر ئـەم بابەتـە بـەپێی زاراوە فرۆیدییەکان بەم جۆرە بەیان دەکرێ کە سەنتەری گەشەسـەندنی سـۆزگەری تـاك برێتییـە لـە زاڵبوون بەسەر ژیاندا، بەپێی پێداویستییەکانی «پرەنسیپی کەتوار» یان بـە واتایـەکی دیکـە قبووڵکردنی کەتواری نەبوون. لە باس و لێکدانەوەکانی کلاین لەسەر تیۆرەکەی فرۆید، نیاز بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ترسی منداڵانەدا، -زۆرتر لەوەی کە ڕەنگە بە هۆی حرس و توندوتیژی و زیاندا بێ لە ئۆبژە شایی هێنەرەکەی خۆیـدا،- کارەکـە دژوارتـر دەکـات. ئـەم دڵـەڕاوکێ دوورەپەرێزی هێنەرە هەم بنەمای هەستی گوناهـە، هـەمیش بنـەمای تێکۆشـانە نـاوەکی و دەرەکییەکانی تاکە بۆ چاکسازیکردن یان دڵداری دانەوەی ئۆبژەی زیان لێکەوتووە.

لـە کولتـووری بـەریتانیادا، ناوچـە گوندنشـینەکان لـە ریـزی کاریگـەری دانـەرترین سەرچـاوەکانی هەسـتی زیانـدان. خەمگینییـە بەرچـاوەکەی مـوزیکی ئێلگـار[1] و بـاقی موزیککارانی شوانی لە موزیکی مۆدێرنی بەریتانیادا هەر لێرەوە سەرچاوە دەگـرێ. هەسـتی زیان بە شێوەگەلێکی جۆراوجـۆر خـۆی دەنـوێنێ، بـەڵام لایـەنی هاوبەشـی هـەموویان ئـەم تێگەیشـتنەیە کـە گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـە شـێوەیەکی چـارەهەڵنەگر، زیانیـان خستووەتە سەر ناوچە گوندنشینەکان.

ئەڵبەت ئەم زیانە تەنیا ناوچە گوندنشینەکان ناگرێتەوە و دەتوانین بڵێین کە بەڵای گشـتیی «پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا، خوازەیەکە بۆ باڵق بـوونی تاکـە کـەس. لـە هـەمان کاتیشدا کە هەمووومان لە گەشەسەندنی سۆزگەریی (زۆرینـەی گۆڕانکارییـە کۆمەڵایـەتی و تەکنیکییەکان) بەهرەمەند دەبەین، بەڵام ڕوانینێکی دوولایەنەمان بۆ ئەم گەشەسەندن هەیـە. ئەو سەختگیری و بەرگرییانە -کە بە بڕوای زۆرێك، داهاتی بەساڵاچووونە-، دەگرینە گاڵتـە و بۆ پاکی لەدەسچوو و خاوێنییەك کە لە خولە پێشووەکانی ژیاندا لێی بەرهەمەند بووین خـەم

1- dward Elgar ئاهەنگسازی ئینگلیزی (١٨٥٧-١٩٤٣)

دامان دەگرێ. نوستالیژی ئێمە بۆ ناوچە گوندنشینە لە ناوچووەکان ڕەنگە تا ڕادەیەك سەرچاوەکەی بگەڕێتەوە بۆ نوستالوژی تاك تاکی ئێمە بۆ ئەو شتانەی لە پرۆسەی باڵق بووندا دۆڕاندوومانە، بە تایبەت ئەو شتانەی لە یەکەمین و بنەماییترین خولەکانی گەشەسەندندا بە هۆی جیابوونەوە لە جەستە و سینگی دایك، دۆڕاندوومانە.

ئەڵبەت ئەو زیانەی لە ناوچە گوندنشینەکان کەوتووە، بریتییە لە نەبوونی تیۆرێکی مێژوویی سەبارەت بە جوانی و ڕەسەنایەتی و پاکی، تیۆرێك کە لە ڕابردوویەکی نادیارەوە تا ئێستە بە پێویست نەزانراوە. ئەم زیانە هەرگیز زیانێکی مێژوویی نییە، بەڵام بە بەشداریکردن لەم بیر تیۆرە مێژووییەدا خۆمان پەروەردە دەکەین، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم زیانەدا ڕابێین و وەهاش بیر بکەینەوە کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا ئاسەوارگەلێکی بەجێماو لە ئۆبژەی بەهادار و ڕاهێنەر دەبینین، ئۆبژەیەك کە لێی جیا بووینەتەوە و ترسی ئەوەمان هەیە زیانمان لێدا بێ. ئەم ئەزموونە دەتوانێ وەسوەسە هێنەر یان خەفەت هێنەر بێت، بەڵام دەتوانێتیش ژیانبەخش و یەکیەتیی بەخش بێ، تا ڕادەیەك کە هەست بکەین ئۆبژەی شایی هێنەرمان، دۆزیوەتەوە و دەروونیشمان کردووەتەوە. لە ئاکامدا ڕەنگە هەست بکەین وێنە هۆشییە ئاسوودەیی هێنەرەکانی گرد و چۆمەکان، یان — بەوتەی وینیکات — ئە و توخمە «ژینگەییانەی وەکو دایك» ئاسوودەییمان پێ دەدەن، بە قووڵی لە دەروونماندا ڕەگیان داکووتا بێ. هەرچەندە ناتوانین کاریگەرییەکانی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەی کە ناوچە گوندنشینەکانیان تووشی گۆڕان کردووە و لە بڕێ جێگەیشدا نابووتیان کردووە بسڕینەوە، بەڵام دەتوانین ئەم دڵنیاییە بۆ خۆمان بسەلمێنین کە ئەو ناوچەگەلە هێشتەکە بوونیان هەیە، هێشتەکەش دەتوانن بڕێك خێر و بەرەکەتمان پێ ببەخشن.

لەم باسەی ئێستە، ئەو ئەنجامەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تەنیا کەسانێك دەتوانن خۆیان لەم (دڵەڕاوکێ) «خەموکی هێنەر»انە دەرباز بکەن کە بتوانن لەگەڵ وێنە مێژووییەکانی ناوچە گوندنشینەکاندا هاوشوناس بن.

ڕەنگیشە نۆستالیژی یەکی تێکەڵ، بە خەم بۆ گوندێکی ئارام و جوان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی مۆدێرن بێ، تایبەتمەندییەکی جیهانی و کاریگەر، کە خەڵك بە ڕەگەز جیاواز و کولتووری جیاوازەوە بە بینینی ناوچە گوندنشینەکان تووشی ئەم نوستالیژییە دەکات. ڕەنگە کەسیك وا بیر بکاتەوە، کە وەها نییە و ئەگەر تامەزرۆیی گردەکانی مالڤێر[1]

---

١- Malvern، ناوی گردگەلێکە لە ڕۆژئاوای ئینگلیزدا

یان گردەکانی باکووری پاکستان دەکەن، ئەو کات کێوەکانی پیرێنیز[1] - سەرەڕای جوانیش- بۆتان لەزەت بەخش نابێ. بەم جۆرە ناوچە گوندنشینەکان، رەنگە نەتوانن پەسەندە جیاوازەکانی ئێمە یەکدەست بکەنەوە.

بەم جۆرە دەتوانین تێگەیشتنەکانمان لە ناوچە گوندنشینەکان لە روانگەیەکی دیکەوە لێکبدەینەوە، روانگەیەك کە لەسەر بنەمای قبوولّ کردنی جیاوازیی ئیتنیکی و نکوڵی نەکردن (لە بوونی باقی رەگەز و ئیتنیکەکانی دیکە)، رەنگە ئاسۆگەلێك بۆ پێداچوونەوە و پانتایی دان بە وێنە هۆشییە کولتوورییەکان لە بەرابەرماندا دابنێین. وەبیرهێنانەوەی شێوەی بەدیهاتن و پەرەسەندنی یاریی فوتباڵ — بەو جۆرەی لە بەشی پێشوودا باسمان کرد — هیوادارمان دەکەن بە عەمەلی بوونی ئەم روانگەیە. فوتباڵ رۆڵێکی ژیاندەری لە خودئاگایی بەریتانییەکاندا هەبووە، ئەگەرچی رەگەز لەم ساڵانەی دواییدا دووبارە بایەخێکی بەرچاوی هەبووە. جەستەی فووتبالیست — و بە گشتیی وەرزشی فوتباڵ — لە بەشێکی زۆری مێژووی ئەم یارییە لە بەریتانیادا سپی پێست بوە. هەر بۆیەش فووتبالیستە رەش پێستەکان لە کێبەرکێ دەورەییەکانی دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ لە ئینگلیزدا لەگەڵ گرفتگەلێکی زۆردا رووبەڕوو بوون. لە روانگەی زۆرینەی تەماشاگەرانەوە، جەستەی رەش لە بنەماوە لەگەڵ جەوهەری ئەم یارییەدا بێگانە بوو، بەڵام لە ماوەیەکی زۆر کورتدا و لە ئاکامی لێهاتووییەکانی یاریگەرانی رەش پێستدا کە ئێستە رێژەیان زۆرە و هەروەها بە هۆی باقی ئەو گۆڕانکارییانەی لەم وەرزشەدا هاتە ئاراوە، فوتباڵ — و هەست و خەیاڵپەروەرییە پێوەندیدارەکانی — تا رادەیەکی زۆر تەوژمی رەگەزیی لەسەر نەما، و بوو بە دیاردەیەکی نێو نەتەوەیی. هەر بەو جۆرەی کە لە بەشی سێهەمدا ئاماژەی پێکرا، جیاوازیی رەگەزی و نەتەوەیی لە ناویدا کۆنترۆڵ دەبن. فوتباڵی بەریتانیا هێشتە کە نیازی بە یاریگەرانێکی پرۆفیشناڵی زیاترە لە ئاسیاوە و نکۆڵی لێ ناکرێت، کە دیمەنی رەگەزپەرستانە هەنووکەش لە رەفتاری تەماشاگەرانی فوتباڵدا دەبیندرێ. بە هەمووی ئەمانەوە پێشکەوتنێکی زۆر (لە رێگەی لە ناوبردنی رەگەزپەرستیدا) هاتووەتە ئاراوە. نیشانە کولتوورییەکانی رەگەز لە بازنەیەکی گرینگ لە ئەزموونەکانی جەماوەردا، لەبنەماوە داڕێژراونەتەوە.

دەتوانین راکێشەربوونی فوتباڵ و راکێشەریی ناوچە گوندنشینەکان لە رەهەندێکی

---

١- Pyerneess ناوی زنجیرە چیایەکە لە ٢١ سنووری نێوان فەرەنساو ئیسپانیادا

گرینگەوە پێکەوە بەراورد بکەین. ئەم بەراوردکارییەش یارمەتی دەدا بە راڤە و باس، لەسەر، روانگەی گشتییی ئەم پەڕتووکە سەبارەت بە کولتووری جەماوەر. هەم لە فوتبالْ، هەمیش لە ناوچە گوندنشینەکاندا تێکەڵاوییەك لە شەهوانییەت و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە هەر کام لە رەهەندە ئاماژە پێکراوانە بۆلەزەت بردن لە فوتبالْ یان ناوچەگوندنشینەکان پێویستە، بەڵام ئەگەر قەرار بێت ئەم لەزەتە بۆ توێژە گەورەکانی خەڵك بێ مەترسی و راکێشەر بمێنێتەوە ئەو کات دەبێ رێکییەتی و نەزمی کۆمەڵایەتی زاڵ بێت. بەو جۆرەی کە پێشتر وتمان نەزم و رێکیەتیی کۆمەڵایەتی لە فوتباڵدا لە رێگەی یاساکانی ئەم یارییەوە دەبینرێن. لە لەزەتێکدا کە ناوچە گوندنشینەکان پێمانی دەدەن، هۆکاری کۆمەڵایەتی لە شێوازی خەتگەلێکدا دەبینرێن، کە بەرهەمی سەدان ساڵ کار و زەحمەتە (واتە لە شێوازی پەرژین، ناو باخ، جۆگەلە و....) هەروەها کەشوهەوای گشتییی نەزم و دەستەمۆییەك کە مرۆڤ سەپاندوویەتە سەر زەویندا، شێوازێکی دیکەی ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتییەیە.

ئەمەی کە ئێمە لە کاتی پیاسەکردن لە ناوچەکانی دەرەوەی شار بە دیتنی هەر نەناسێك خۆشتەوازەی لەگەڵ دەکەین[1](هەرچەندە کە ئەم کارە رەنگە لە پلەی یەکەمدا رەفتارێکی نووستالژیك بێ بۆ گەڕاندنەوەی )رەفتاری باو) لە کۆمەڵگەی لە دەسچووی دێهات) نیشانەی ئەوەیە کە — تەنانەت لە کاتی خۆدەربازکردن بۆ ژیانی شوانی — بە رەزایەت و ئاگاییەوە مل دەدەینە ژێربەند و بەربەستەکانی کۆمەڵگە و نەزم و رێکیەتییەکەی بە گشتیی. سەرچاوەی سەرزیندووییمان لە دێهاتەکاندا —چ ئەو کاتەی کە لەم ناوچەگەلەدا پیاسە دەکەین و چ کاتێکیش کە خەرجیگەری وێنەکانی ئەم ناوچەگەلەین - و هەستی ئاسوودەیی و شایی بەرهەمی ئەم کەشفەیە، کە دنیایەکی کۆمەڵایەتی بەسەرماندا زاڵە، دنیایەك کە لەزەتی شاگەشکەکەر و شەهوانیمان پێ دەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵنیامان دەکاتەوە کە ژیانی مەدەنی بە تەواوی وزە کۆنترۆڵکەر و پارێزەرەکانییەوە لە چواردەورماندا بەرقەرارە.

---

١- نموونەیەك لەبایەخی هێزەکی ئەم نەریتە لە بەسەرهاتی گرتنی دوو تیرۆریستی (گرووپێك لەژێرناوی «هێزی کۆماریخوازی ئیرلەند»)دا دەبینرێن، کە لە کاتی ناسینەوەی شوێنی ماڵی یەکێك لە وەزیرەکانی دەوڵەتی بەریتانیا لە دەرەوەی شاردا، لەگەڵ یەکێك لە دانیشتووانی ئەو شوێنە کە خەریکی پیاسەکردن بوو خۆشتەوازەیان نەکرد. ئەویش (رەفتارەکەیانی بۆ نائاسایی و گومان هێنەر بوو) بەخەبەر کردنی پۆلیس بوو بە هۆی دەزگیرکردنیان.

ئەم روانگەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکە لە تیۆری فرۆید سەبارەت بە کولتوور، بەپێی ئەم تێگەیە کولتوور برێتییە لە خەباتی سەرکەوتووانەی «خود»ی ئەقڵانی لەگەڵ «بنیات»ی شەهوانی، بەڵام لەم خەباتەدا، ئەگەر قەرار بێت بەرهەم و رەفتارە کولتوورییەکان، بەسەرماندا زاڵ بن حەقیقەتی شەهوانی ئەزموون نابێ بزر بێ. هەروەها بەڵگە هێنراوەتەوە، کە جەوهەری تێگەیشتنی ئێمە لە ناوچە گوندنشینەکان، ئەم هەستەیە، کە ئەم ناوچانە وێنای شتێکی لە دەسچووە.

بەمجۆرە، گوند لەگەڵ ئەم راستییە ئاسوودەیی هێنەرەدا رووبەڕوومان دەکاتەوە، کە ئەندامێك لە جەستەی کۆمەڵگەین و نرخی ئەندامەتیشمان لەم کۆمەڵگەدا، لە ناوچوونی حاڵەتی منداڵانەمانە، ئەگەرچی ئەم هەست بەزیانکردنە کەتوارێکی گرینگی دەروونییە، بەڵام نرخی جیا نەکراوەی لە کەتواری دەرەکیدا ختوورەیەکی بێبایەخە و ئەو ئۆبژە لە دەسچووەی کە سەمبولێکە لە دایك و بەردەوام تاك پیایدا هەڵدەڵێ، بە راستی بە لەدەسچوو دەزانێ. ئەم تێگەیە بنەمای دەروونی خەیاڵاتی فاشیستەکانە بۆ دۆزینەوەی دایکی وەتەن، بەڵام لە کەتواردا، ئەو کەسانەی کە دەڕۆن بۆ دێهاتەکان زۆرینەیان بە دووی کەشفی ئەم ناوچەگەلەدان نەك بە دووی داگیرکردنەوەی دووبارەیدا. زۆرینەی ئەو کەسانەی، کە ئەمڕۆکە لە دەری شارەکاندا پیاسە دەکەن، لە نێوان خزم و نێزیکەکانیاندا یەکەمین کەسانێکن ئەم ناوچەگەلە بە سەرچاوەی لەزەت دەزانن. هەروەها ئەمڕۆکە، بنیاتە جیاوازەکان زیاتر لە پێشوو سەفەرگەلێکی یەك ڕۆژە دەخەنە رێ بۆ سەیرانی ئەم ناوچەگەلە. پەرەسەندنی کەرەستەکانی هاتوچۆ لە سەدەی بیستەمدا، ئەو هەلەیان رەخساندووە کە گرووپێکی زۆرتر لە خەڵك سەردانی دێهاتەکان بکەن، هەرچەندە کە ئەمەش بووەتە هۆی گۆڕانکاریی لە بەشگەلێکی بەرچاوی ئەم ناوچەگەلەدا. ناوچە گوندنشینەکان وەکو شوێنێك بۆ سەیران، کە مرۆڤ لە هەموو لایەنێکەوە دەستێوەردانی کردووە، بە شوێنێکی نوێی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار" وەکو بازاڕی گەورە لە شارەکاندا بۆیە دەکرێ پێناسەیەکی نوێی بۆ بکرێ. ئەم ناوچانە لەگەڵ خوازە بەهێزەکانی هەستماندا پێوەندییەکی تێك تەنراویان دەبێ و وێنە هۆشییەکانی بە ئارامی تووشی گۆڕان دەبن، سەرەڕای ئەمانەش، ئێمە — بە تایبەت ئەوانەی لە ئێمە کە پێستیان سپی نییە — دەتوانین هیوادار بین بەوەی کە هەم لە وێناماندا، هەمیش لە کاتە بێکاریماندا زیاتر کاریگەری دەنێینە سەر ناوچە گوندنشینەکان. گۆڕینی رەفتاری ئێمەی مرۆڤ، دەبێتە هۆی گۆڕینی ناواخنی وێنە هۆشی و خەیاڵییەکانمان.

# بەشی پێنجەم

# کۆمەڵگەی گەورەی ئۆتۆمبێل

## ترس لە تەكنیك و تەكنیك دۆستی:

بابەتی ئەم بەشە پێوەندیی بە بابەتی بەشی پێشووەوە هەیە. ئەڵبەت (نە لە ڕێگەی لێكچوونەوە)، بگرە لە ڕێگەی جیاوازییەوە[1]، زۆرینەی كات ئوتۆمبێل بە نەیاری ناوچە گوندنشینەكان دادەنێن. ئۆتۆمبێل هەروەها بە سەرەكیترین هۆكاری لە ناوچوونی هەرێمە سەرسەوزەكان دەزانرێ كە زۆر مایەی مەترسییە. ئەگەر بتوانین نیشان بدەین كە بڕێك لە بابەتەكانی بەشی پێشوو سەبارەت بە وێنەی هۆشی شوانی بۆ تۆتۆمبێلیش دورووستە، ئەوكات دەتوانین بگەینە ئەو ئاكامەی، كە توخمگەلێكی یەكیەتی هێنەری زۆر بە قوەت لە سەر فەرهەنگی جەماوەر كاریگەرییان هەیە. ئەم توخمانە پرۆسە گەلێكی دەروونین كە جۆراجۆری روو لە زیاد بوونی شێوازەكانی فەرهەنگی جەماوەری، پێكەوە پێوەندی دەدا و ڕەنگە بشتوانین بڵێین، كە ئەم جۆراوجۆریە دێنێتە ئاراوە. یەكێك لە پێوەندییە چاوەڕوان كراوەكانی نێوان گوتاری دێهات و گوتاری ئۆتۆمبێل، كە بە خێرا دێتە هۆشمانەوە، ئەمەیە كە یەكێك لەم دووانە بەشێكە لە گوتاری سرووشت و ئەوی دیكەیش بەشێكە لە گوتاری تەكنیك. تەكنیك و سرووشت لە زۆرینەی نەریتە مەزنەكانی ئەندیشە و هەستدا پێكەوە پێوەندییان هەیە، هەرچەندە دوو جەمسەری، دژ بە یەكن. ئەگەرچی سەبارەت بە بیچمەكانی «سرووشت» لە وڵاتێك وەكو بەریتانیادا زۆرینەی كات شێوە ڕوانینەكان ئەرێنییە، بەڵام، سەبارەت بە «تەكنۆلۆژیا»، بە ڕاشكاوی دژوازی لە بۆچوونەكاندا دەبینرێن.

بە كەڵك وەرگرتن لە ئەندێشەی دەروونشیكاری ــ كە قسەی زۆری سەبارەت بە هەستە دژ و دژوازەكان هەیە ــ دەتوانین ئاماژە بدەینە خاڵگەلێكی بە كەڵك، سەبارەت بە گوتاری تەكنۆلۆژیا. ئۆتۆمبێل ــ كە هەم لەروانگەی مادی و هەمیش لە روانگەی سەمبۆلیكەوە

---

[1] - بەشێك لەم بەشە بەپێی وتارێك نووسراوە لەژێر ناوی «ترس لە تەكنیك و تەكنیكدۆستی» كە بۆ كۆبوونەوی ((كز بوونی ژینگە، دەروونشیكاری و گرفتە ژینگەییەكانی ئێمە)) ئامادە كراوە. ئەم كۆبوونەوەیە لەلایەن (بنكەیەكی فەرهەنگی ناسراو بە) «مووزەی فرۆید» لە ڕێكەوتی ٥ی دیسەمبری ١٩٩٢ لەلەندەندا بەڕێوە چوو. ئەم وتارە دواتر لە گۆڤاری دەروون دەرمانی بەریتانیادا (ب ١٠، ژمارەی ٢، ساڵی ١٩٩٣) بڵاو بۆوە. ئەم بەشە هەروەها بەشگەلێكی دیكە لە وتارە پێشووەكانی من لە گۆڤاری (تەداعی ئازاد) و ڕۆژنامەكانی ساندی كارێسپاندت (١٩٨٩) و گاردیەن (١٩٩٠) دەگرێتە خۆی. شێوەی باسكردن لەم بەشەدا ڕەنگە تا ڕادەیەك جەدەلیتر لە باقی بەشەكانی دیكەی پەڕتووكەكە بێت، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی ڕاستەوخۆی ئەم بابەتانە لەگەڵ بڕێك لە جەنجاڵیترین باسە هەنووكەییەكاندا.

هەڵگری بایەخێکی بنەماییە لە فەرهەنگی جەماوەردا ــ لەم بەشەدا وەکو نموونەیەك دەخرێتە بەرباس، بەڵام رەنگە هەندێك لەو خاڵانەی، کە دەخرێنە روو سەبارەت بە فامکردنی شێوە روانینەکانمان، سەبارەت بە باقی بیچمەکانی تەکنۆلۆژیا (وەکو تەکنۆلۆژیای راگەیاندن و هەروەها تەکینکە پزیشکیەکان)ش درووست بن.

ئەمڕۆکە هەر باسێك سەبارەت بە ئۆتۆمبێل، تەنانەت ئەگەریش مەبەستی سەرەکیی لەو باسە فامکردنی فەرهەنگی جەماوەر بێت، بە ناچار گرێ دەدرێتەوە بە باسی پاراستنی ژینگە. لە کەتواردا دەتوانین بە هیوا بین کەئەم باسە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی پێکەوە گرێ خواردنی زانیاریی دەروونشیکاری لەگەڵ سیاسەتەکانی پاراستنی ژینگەدا. ئەڵبەت ئەم پێوەندییە پێوەندییەکی دۆستانە نییە و لە رەهەندێکەوە دەتوانین بڵێین خەتا لە لایەن دەروونشیکارییەوەیە. دەروونشیکاری شوناسێکی تەواو رەخنەگرانەی هەیە. بەو جۆرەش کە ئاگەدارین ئەم تێۆرە لە قبوولکردنی وتە رواڵەتییەکانی تاکەکان خۆ دەبوێرێ و بەردەوام بە دووی پێگەیەکی ئاڵۆزترەوەیە و کەڵکی کەمتر لەوەیە لە سەرەتادا چاوەڕوانی دەکرا. دەروونشیکاری بە هۆی تایبەتمەندی توند و وشکیەوە لە رابردوودا نەیتوانیوە پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ دنیای سیاسەتدا درووست بکا. هەندێك لە ئێمە سەردەمێك بە هیوای پێوەندی دەروونشیکاری و مارکسیزم بووین. ئەگەرچی ئەم دوو تیۆرە تاماوەیەك بە باشی پێکەوە تێکەڵ بوون، بەڵام پێوەندییەکەیان شکستی هێنا، چونکە دەروونشیکاری هیچ بابەتێك لە بەر نیگای رەخنەگرانە و شیکارییانەی خۆی نابوێرێ، بە تایبەت ئەویش ناخودئاگای ناشەفافی شۆڕشگێڕان.

سەرەڕای هەموو ئەمانە مەبەستم ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگە پێوەندییەکی نییە بە خوێندنەوەی دەروونشیکارانەوە. ئەگەرچی رەنگە ئەم کارە کارێکی دژوار بێ، بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە رەخنە دڵگیر نابن، پێوەندیدانی دەروونشیکاری لەگەڵ پاراستنی ژینگەدا کارێکی زۆر بە کەڵکە. ئێمە باشتر وا دەزانین کە دەروونشیکاری ئەو بزۆزییە دەروونییە ناخوئاگاهانەمان بۆ دەر بخا، کە ژینگە لەسەر ئەو زەوینەدا تووشی مەترسی دەکەن.

ئەڵبەت ئەم رەوشتە لە لێکدانەوەکانی ژینگەدا بایەخی هەیە، بەڵام هەروەها دەبێ لێکدانەوە دەروونشیکاریی خەیاڵ و دڵەڕاوکێ کە هۆکاری هەوڵدانەکانی لایەنگرانی پاراستنی ژینگەیە بە وردی لە بەرچاو بگیردرێن. بەم جۆرە دەتوانین بۆ نموونە لە سەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە بکەین کە خەیاڵپەروەرییەکانمان سەبارەت بە دایکێکی هاز لێ بڕاو کە ئێستە لە

بیری تۆڵەسەندنەوەدایە، دایکێکی کینە لەدڵ کە دەیەوێ هەناسەمان لێ ببڕێ (کاریگەری گوڵخانەیی)، یان دایکێکی بریندار کە ناتوانێ لە نەیار و زیان بمانپارێزێ (دڕانی تویی ئەزۆن)، رەنگە چ رۆڵێکی لە مەترسییە ژیگنەیەکانماندا هەبێ. بە واتایەکی دیکە، نە تەنیا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە هۆکاری دژایەتی کردنی پراکتیك و بەربڵاوی گرووپێکی زۆر لە خەڵك لەگەڵ مەبەست و پێشینەکانی لایەنگرانی پاراستنی ژینگەدا، بگرە هەروەها بە مەبەستی بەدەستهێنانی (زانستێك) سەبارەت بەوەی، کە چلۆن هەندێك لەم ئامانج و پێشینانەی لە پرۆسە گەلێکی دەروونی ناماقوول و بەرەنگارییانەوە ئیلهامیان گرتووە، دەکارین پەنا ببەین بۆ دەروونشیکاری. لە بەرامبەردا دەروونشیکاریش دەبێ پێگەی خۆی لە نێوان ئەو کۆمەڵە تیۆرانەی کە دەتوانن لە چوارچێوەی سیاسییەتەکانی ژینگەیی دا بەکار بگیردرێن بدۆزێتەوە.

لەم بەشەدا، دوو زاراوەی «تەکنیك دۆستی» و «ترس لە تەکنیك» بە مەبەستی بەرجەستەکردنەوەی ئەم خاڵە بەکار دەهێنم، کە تەکنۆلۆژیا چلۆن بە هەڵخراندنی هەستە بە هێزە ئەرێنی یان نەرێنییەکان لە ئێمەدا، داکۆکیی دەکات، لە باسکردنی ئەقڵانی لەسەر خود و لە باتی بەراوردکردنی کەتوارگەرایانەی زیان یان سوودی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، تەکنۆلۆژیا دەبێتە هۆی بەدیهاتنی روانگەگەلێکی هاندەرانە یان هاننەدەرانە. ئەم دوو زاراوەیە بە گشتیی جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکەن، کە چەشنەگەلێکی جۆراوجۆر، روانگەی نائەقڵانی سەبارەت بە تەکنۆلۆژیا بوونی هەیە. بەپێی هەندێ لە وتەی «(پارتە) سەوزەکان»ی هاوچەرخ رەنگە هەندێجار وا بێتە بەرچاو، کە تەنیا گرفتی تەکنۆلۆژیا ئەمەیە، کە ــ سەرەڕای ئەو زیانە زۆرەی لە سرووشتی داوە ــ زۆر بە بایەخی دەزانین. برێ جار دەتوانین ناوی ئەم شێوە روانینە بنێین، شێوە روانینێکی «تەکنیك دۆستانە»، چونکە لە خەیاڵێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە تێیدا، تەکنۆلۆژیا ئۆبژەیەکی بە ئارمانی کراو و بەهرەدار لە دەسەڵاتێکی جادووییە و تاك بە هۆی خۆشیفتەییەوە دەتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو ئۆبژەیەدا ئەم و ئەو بکات. ئەم بۆچوونە بە راشکاوی دەبێتە بەربەستێکی گەورە بۆ پەروەردەکردنی هەستی ژینگەیی، چونکە یان نکۆڵی دەکەن لە زیانە تەکنۆلۆژیکییەکانی ژینگە، یان گاڵتەی پێدەکەن. لێکۆڵینەوە دەروونشیکارییەکان یارمەتیمان دەکەن بە زیاتر بوون و چاکتربوونی زانیارییەکانمان لەسەر ئەم بابەتە، بە تایبەت لە مەترسی هێنەرترین چەشنەکانی، لە سەردەمی وزەی ئەتۆمیدا.[1]

١ـ بۆ نموونە بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی ئیسلیا (Easlea، 1983)، کە یەکێك لەو لێکۆڵینەوە دەگمەنانەیە، لە دەیەی ١٩٨٠ لەسەر تەکنیكدۆستی کراوە.

ئەم جۆرە تۆژینەوانە رەنگە هەمان داهاتێك بێت، كە برێك لە لێتۆژەكان هیواداربوون لـە رێگەی پێوەندیی نێوان دەروونشیكاری لەگەڵ بزاڤی پاراستنی ژینگـەدا بێتـە ئـاراوە، بـەڵام گرفتێكی دیكەیش لە ئاردایە، كە دەروونشیكاری بە هۆی چییەتیی بێلایەنییـەوە دەخـوازێ سەرنجمانی بۆ رابكێشێ. زۆرتر شیمانەی ئەوە هەیە، كە لایـەنگرانی ژینگـە ئـەم گرفتـە لـە هۆشی خۆیاندا بدۆزنەوە تا لە هۆشی دیترانێك، كە دەیانەوێ رای خۆیان بەسەریاندا بسـەپێنن یان لەگەڵیاندا دژایەتیی بكەن. گرفتی ئاماژە پێكراو برێتییـە لـە تـرس لـە تـەكنیك، یـان ترسـێكی نائـەقڵانی لـە تـەكنۆلۆژیا. نموودەكـانی تـرس لـە تـەكنیك بـرێتین لـە: رەخنـەی دەمارگیرانە لـە تـەكنۆلۆژیا، رەتكردنـەوە یـان دووریكـردن لـە ئەنجامـەكانی، و بەگشـتیی تێنەگەیشتن لـە كـەتواری تـەكنۆلۆژیا و هەژموونـەكان و كاریگەرییـەكانیان. لـە یەكـەمین قۆناخەكانی ئاشنایەتیمان لەگەڵ تەكنۆلۆژیای زانیاریدا، زۆرینەمان تا رادەیەك تووشی تـرس لە تەكنیك بووینە.

## جەستەی ئۆتۆمبێل:

دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە كە گرینگترین تەكنۆلۆژیای مۆدێرن لە ئۆتۆمبێلی سواریدا كـۆ بووەتەوە. بایەخی تەكنۆلۆژیای ئاماژەپێكراو لە گەورەیی جیهانی پیشـەی ئۆتۆمبێلسـازی و پیشـەكانی پێوەندیدارییـەوە، هـەروەها لـە گۆڕانكارییـە كۆمەڵایـەتی و كولتوورییەكانـەوە سەرچاوە دەگرێ، كە بەربڵاوی كەڵك وەرگرتن لە ئۆتۆمـبێلی رەخساندووە یـان دایسـەپاندووە. هەموومان بە باشی دەزانین، كە ئۆتۆمبێل لە كاتی سەرهەڵدانییەوە تا كۆتاییـەكانی سـەدەی نۆزدە مۆركێك بووە لەسەر هەستە تەكنیكدۆستانەكانی ئێمە. ئەم هەستە لە كەتواردا یەكێك لە ئەو هۆكارانە بووە، كە لە سەردەمی ئێمەدا ئۆتۆمـبێلی كردووەتە ئۆبژەی زاڵ لـە زۆرینـەی شوێنەكاندا.

ئـەو هۆگرییـەی، كـە بـە تایبـەت پیـاوان بـۆ ئۆتۆمبێلـەكانیان هەیانـە، بابـەتێك كـە ئاماژەپێكردنی دەبێتە هەوێنێك بۆ گاڵتە و پێكەنینی دانیشتوان لە هەر كۆڕێكدا. شـیفتەیی هەندێك لە لاوەكان بۆ ئۆتۆمـبێل، بووەتـە هـۆی مەترسـییەكی جـدی كۆمەڵایـەتی، چـونكە ئامارەكان پیشاندەری زۆربوونی تاوانكارین ئەویش بە هـۆی ئۆتۆمـبێلـەوە، هـەروەها روونـی دەكەنەوە كە لێخورینی نومایشی ئۆتۆمبێلە دزراوەكـان، رۆڵێكـی بەرچـاویان لـە ناكۆكییـە كۆمەڵایەتییەكانی ئەم دواییانەدا هەبووە. ئەڵبەت تاسە بۆ ئۆتۆمـبێل، تەنیا تایبەت بە توێژی

تاوانکاری کۆمەڵگە نییە. لە دەیەی ۱۹۳۰ بەملاوە، واتە لەو کاتەوە کە کۆمپانیای جەنراڵ مۆتۆرز، گۆڕانکاریی ساڵانەی لە ئۆتۆمبێل بەرهەم هێنراوەکانیدا، دا و بە شێوەیەکی ئیسرافکارانە دای ڕەشتەوە، بۆ زۆرینەی گرووپەکانی کۆمەڵگە بوو بە بەرچاوترین خەرجی یان شانازی کۆمەڵایەتی. هەروەها پێویستە بوترێ کە ئۆتۆمبێل، لە هەندێك بیچمە جەماوەرییەکانیدا، ئیدی کەرەستەیەکی هەڵگری پێگەی کۆمەڵایەتی نییە، بگرە سەمبولی ڕاکردنە لە کۆمەڵگە یان بە واتایەکی دیکە، (سەمبولی) زاڵ بوونە بە سەر خەڵکدا لە ڕێگەی ڕواڵەتی خەڵەتێنەری ئۆتۆمبێل و وزە خوولێنەرەکەیەوە.

لە نیگای یەکەمدا پێدەچێت وا بێتە بەرچاو، کە دەروونشیکاری لە باتی زانیاریی بەخشین سەبارەت بە دەلالەتەکانی ئۆتۆمبێل، هزرێکی سنووورداری دووپات کردبێتەوە. سەرەڕای ئەمە، لە پشتی وتە چوارچێوەییەکاندا، ڕاستییەك شاراوەیە. چەشنەکانی ئۆتۆمبێل هەموویان پێوەندییان بە مەیلی جنسییەوە هەیە. ئەڵبەت بەپێی گوزارە چوارچێوەییەکان، ئۆتۆمبێل ئۆبژەیەکی نێرینەیە و لە بڕێك لە بەستێنەکاندا ئەم گوزارە چوارچێوەییانە بێگومان حەقیقەتیان هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا دەلالەتێکە لە کۆی ئەو دەلالەتە خودئاگاهانە و ناخودئاگاهانەی، کە سەبارەت بە ئۆتۆمبێل شیکاری لەسەر کراوە. دیاردەی ««« تێکردن »»ی سووتەمەنی (یان ئەنژێکسیۆن)، نموونەیەك هەر لەم دەلالەتانەیە. تا نیوەی دەیەی ۱۹۸۰، دەزگەی تێکردنی سووتەمەنی لە مۆتۆڕی ئۆتۆمبێلدا شوێنی بۆ ساز دەکرا، کە زۆرتر پێیان دەگوت مۆدێلی سپۆرت. دەلالەتە جنسییەکانی ئەم تەکنۆلۆژیا و ئەو زاراوانەی، کە بۆ پەسنکردنی دەبرێنە کار، بایەخێکی زۆریان هەبووە لە سەپاندنی ئەم تایبەتمەندییەدا. (بۆ نموونە) لە پشتەوەی بڕێك لە ئۆتۆمبێلەکانی فۆلۆکس واگۆن و سووزۆکی کە مۆتۆڕی تێکردنیان هەبوو، وێنەیەك لە کەروێشك و کەرگەدەن کە لە حاڵی ئاوێتەبووندا بوون بەدی دەکرا.) ئەڵبەت ئەوەی کە وتمان هەر بە تەنیا پێوەندیی بە بابەتی «ئۆتۆمبێل وەکو ئەندامی نێرینە نییە، ئۆتۆمبێل بۆ خۆی کاری تێکردن دەکات ـ و بە واتایەکی دیکە ـ ئاوێتەبوون لە کاتی جووڵەدا ئەنجام دەگرێ. ئۆتۆمبێل هەم جەستەیەکی پیاوانەیە، کە لە نێوان ماشێنەکانی دیکەدا ڕێگە بۆ خۆی باز دەکات، هەمیش جەستەیەکی جوانی ژنانەیە. ئۆتۆمبێل هەم ئەندامی جنسییە، هەم نموونەیەکی کردارەکی جنسییە، هەمیش خودی کردەی جنسییە. هەر بەو جۆرەی کە لە بڕێك لە ڕێکلامەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، لە خەیاڵدا دەتوانین هەر ئەو هیوایەش بە ئۆتۆمبێل پێوەند بدەین، کە ژن و شوو لە قووڵایی هەستیاندا خوازیاری منداڵدار

بوونن. بە کەڵك وەرگرتن لە ئەو کورتە چیرۆکانە، کە لە سەر هاوژینیی ژن و پیاو و لە دایك بوونی منداڵە، ئەڵبەت ئەم بابەتە دەتوانیٚ دروست و گرینگیش بێت کە ئەو وێنەگەلەی کە پیشاندەری ژن و پیاوێکی تامەزرۆی منداڵ و ژیانێکی ئاسوودەی بنەماڵەیین، بە مەبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل (لە ڕێکلامە بازەرگانییەکاندا) کەڵکیان لیٚ وەردەگیردریٚ (بە واتایەکی دیکە ئەم دەلالەتانە لە ڕێکلامە باسکراوەکاندا دەدرێنە بەر تالاَن لە بەر ئەوەی بسەلمێنریٚ، کە ئۆتۆمبێلیش هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەیە). بە هەر حاڵ نابیٚ وەها بیر بکەینەوە، کە سەرچاوەی تەواوی دەلالەتەکانی ئۆتۆمبێل، تەنیا فرۆشتنییەتی. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە خواستی ئێمە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێل بخەینە بازنەی مەیلی جنسی و ژیانی بنەماڵەییەوە تا ڕادەیەك لە تایبەتمەندییە خودییەکانی ئۆتۆمبێلەوە سەرچاوە دەگریٚ. ئۆتۆمبێل، وێناکەرەوەی دوو شێوازی بنەمایی هیوایە، لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا: پێوەندی جنسیی (کە ڕەنگە ئاوابیٚ، چونکە بە واتای زاوزێیە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا شێوازی بنەمایی هیوایە) و ــــ هەر بەو جۆرەی کە لە بەشەکانی دیکەدا بەڵگەی لەسەر دەهێنینەوە ــ سەربەخۆیی. ئەم شێوازانە نیشانەی ڕێگەیەکن بۆ گەشەکردن، کە هەر تاکێك دەبیٚ بیبڕیٚ، و هیوا ــــ بە گشتییترین و بوونیترین واتای وشەوە ــ پێوەندیی بەم هەستەوە هەیە، کە پێشکەوتنی پێویست لە درێژەی ئەم نیشانەگەلەدا هاتووەتە ئاراوە یان دەتوانیٚ بێتە ئاراوە.

خوێنەری دێرباوەڕ، ڕەنگە بڵێت، کە بۆ باسکردن لەسەر هۆکاری گیرایی تەکنۆلۆژیایەك، وەکو دەزگەی تێکردنی سووتەمەنی ــ کە لە کەتواردا وێڕای ڕاگرتنی هەلومەرجی مۆتۆڕ، ڕاندۆمان و هێزیشی زیاتر دەکات ــــ نیازێك بە وەها شیکارییەکی «خەیالاوی» لەسەر خەیاڵی ناخودئاگاهانە نییە، بەلاَم زەحمەتە بتوانین باوەڕ بکەین کە زۆرینەی کات، کڕینی ئۆتۆمبێل بەپێی تێڕوانینکی ئەقلاَنی نییە. ئەگەر بە ڕاستی ئاوا بوایە، ئەوکات پێویست نەبوو، کە تایبەتمەندییە متمانەییەکانی ئۆتۆمبێلەکان تا ئەم ڕادەیە لە ڕێگەی ڕێکلامەکانەوە بانگەشەی بۆ بکریٚ، کە تەنیا ئاوڕ لە تێڕوانینی کەتوارگەرایانە سەبارەت بە پێکدادانی ماشێن نادەنەوە، بگرە هەروەها لە هیوای مرۆڤەکان بۆ سازگارییەکی بەردەوامی بنەماڵەیی و خەیاڵپەروەرییەکانیان سەبارەت بە زیان هەڵنەگرتنیان بۆ خۆیان کەڵك وەردەگرن.

دەستەواژەی « هێنان و بردنی مێتاڵ » کە (لە زمانی ئینگلیزیدا) بە واتای فرۆشی ئۆتۆمبێلە، یەکێکی دیکە لە ڕاکێشەرییەکانی ئۆتۆمبێلمان بۆ دەر دەخات. بە بڕوای هەندێك کەس، ئەو هێزە سیحراوییە تایبەتەی کە ئۆتۆمبێل هەیەتی، لە تێکەڵبوونی دڕندایەتییەکی

رووت لەگەڵ میّتاڵ یان لە تیّکەڵاوی جوولّە و هیّز ــ کە چۆنایەتیگەلیّکی مرۆین ـــ لەگەڵ تەکنۆلۆژیای بان مرۆڤی دا دیّتە ئاراوە. (بەم جۆرە) یەکیّك لە خەباتکارانی گۆڕەپانی بەرهەمهیّنانی ئۆتۆمبیّل ناوی «پشیلەی گەورە»، (جاگوار)ـە[1]، لە حالّیّکدا کە، بیّ، م، ڤیّ، بە باشترین سیستەمی لیّخوڕین دەناسریّ: هیّزی نامرۆیانەی سیستەمی میّتالّی، گەورەترین گەشەسەندنی سنووردارییەتی و لە ناوەنەچوویی جەستەی ئاسایی مرۆڤە. هەردووی ئەو پیّناسەیە، کە لە جاگوار و بیّ. م. ڤیّ کردمان، ئۆتۆمبیّل بە چەشنە شتیّکی میتافیزیکی نویّ نیشان دەدەن.

لە بانگەشەکانی مەرسدیّس بیّنزیشدا جەختیّکی زۆر دەکریّتە سەر تایبەتمەندیی ئۆرگانیکی، رەهەندیّکی دیکەی فەرهەنگی لە ویّنەکانی ماشیّن دەخاتە هۆشمانەوە. لە بازاڕی ئۆتۆمبیّلدا تایبەتمەندییە چوارچیّوەییەکانی نەتەوەکان کارتیّکەرن: هیّزی کەرەستە ئاسای ئەلّمانییەکان، شەهوەتهیّنەری جوانی ئیتالّییەکان، تاکایەتیی رازاوەی فەرەنسییەکان. ئەزموونی ئیّمە لە نەتەوەبوون، هەروەها تیّگەی ئیّمە لە نەتەوەکانی دیکە، بەردەوام پیّوەندییەکی قوولّی لەگەڵ ویّنەکانی جەستەدا هەبووە. ئەم ویّنەگەلە (چ ستایشگەرانە بن، چ تۆقیّنەر و بچووککەرەوە وەکو بە گالّتەگرتنی ئۆتۆمبیّلی ترابانت[2] ـــ کە ئۆتۆمبیّلیّکی سەرەتایی و (بەرهەمی ئەلّمانیای رۆژئاوا) بوو ــ لە ئەلّمانیادا ئەویش ماوەیەك بەر لە یەکیەتیی دووبارەی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەلّمانیای رۆژهەڵاتدا، هەروەها روانگەیەکی بەمجۆرە بۆ ئۆتۆمبیّلەکانی بەرهەمی ئەورووپای رۆژهەڵات) جەستە و نەتەوە و ئۆتۆمبیّل لە هەندیّ چوارچیّوەدا کە کاریگەرییەکی بەرچاو دەنیّنە سەر فرۆش، پیّکەوە پیّوەندیی دەدات.

ئۆتۆمبیّل وەکو نەتەوە، فەزاییەك بۆ ژیان دەڕەخسیّنیّ. لە دنیای بەرینی دەرەوەی مالّدا ئۆتۆمبیّل فەزایەك دەخولقیّنیّت، کە تیّیدا جەستە دەستدریّژی پیّ ناکریّ. لەنیّو ئەم فەزایەدا، ئەندامە جیاجیاکان بە شیّوەیەکی دایکانە ئاسوودەیی جەستەیی سەرنشین دابین دەکەن ـــ چ بۆ هەر ئەندامیّك و چ لە بۆ کۆئەندام و دەنگ و گەرما ــ کە تەواوی نیازە جەستەییەکانی سەرنشین لە بەرچاو بگیردریّن. لە ناوی قەفەسی سەخت و توندی ئاسایش، شویّنیّکی نەرم وەك مندالّدانی دایك دابینکراوە تا شۆفیّر لە دریّژایی ریّدا (وەکو مندالّیّك لە مندالّداندا) ئاسوودە

---

١ـ «جاگوار» ناوی ئۆتۆمبیّلیّکە، لە زمانی ئینگلیزیدا، هەروەها بە واتای چەشنە بوونەوەریّکی کیّوییە وەکو پلّنگ.

2- Nationhood

بێت. هەر بەو جۆرەی کە ئایزابێل مەنزیس ـــ لیت، بە لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە بازاڕی ئۆتۆمبێل لە دەیەی ١٩٦٠ دا ئەوەی سەلماند ( ١٩٨٩ )، کە ئوتۆمبێل بە هەمان رادەی کە جەستەیەکی پارێزەری دایکانەیە پیاوانە شە کە بە زۆر ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە. ئوتۆمبێل لە فەزای گشتییدا، فەزایەکی خوسووسی دەڕەخسێنێ، شوێنێکی ئەمن کە لە ناویدا هەرشتێك بە شێوەیەکی دایکانە بە مەبەستی ئاسوودەیی سەرنشین ئامادە کراوە.

ئۆتۆمبێل «هەڵگر»ێکی باشە بۆ ئەم دیهاوێژییانە و نموونەگەلێکی دیکەی لەم چەشنە. چونکە وەکو جەستە یان خودی جەستەیە، جەستەیەك کە ئێمە دەگرێتەوە و دەتوانێ بمانگرێتە خۆی و لە شوێنێك بمانبا بۆ شوێنێکی دیکە، بە واتایەك، ئۆتۆمبێل شتێکی گەورە و بزۆزە. کە دەتوانین بچینە ناوی و کۆنترۆڵی بکەین. هەروەها چەشنێك میتابۆلیسمی هەیە و مەودای زیادەش بەرهەم دەهێنێ. (بابەتێك کە ئەمڕۆ پێوەندییەکی زۆری بە ژیانی ئێمەوە هەیە). تووشی چەشنگەلێکی جۆراوجۆر لە نەخۆشی و ناساغی دەبێت و بە راشکاوی پیریش دەبێت. شتێ وەها کەمن، کە بتوانن بەم جۆرە تێگەیشتنێکی جەستەییمان پێبدەن. واتە ئەو تێگەیشتنەی کە هەلی ئەوەمان بۆ ئەرەخسێنێ کە شتەکان لە تەواوی لایەنەکانەوە وەکو جەستە بێنینە بەرچاوی خۆمان. بەم بۆنەشەوە، دەلالەتگەلێك، کە لە جەستەوە سەرچاوەیان گرتووە دیهاوێژی دەکەین بۆ ئۆتۆمبێل. ئێمە دەتوانین ئۆتۆمبێل هەم وەکو جەستەیەکی نێرینە و هەمیش وەکو جەستەیەکی مێیینە بۆخۆمان وێنا بکەین، بە واتایەکی دیکە لێخوڕ رەنگە ئۆتۆمبێل بە مەعشووق یان بەشێك لە لەشی خۆی بزانێ. ئۆتۆمبێل هەڵگری بیچمگەلێکی جۆراوجۆرە و دەکرێ هەرکام لەو رووبەر و ئەندامانە لە چیرۆکە شەهوانییەکاندا بەکار بگێردرێن. بەو جۆرەی کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین، نابێ وا بیر بکەینەوە کە تەواوی ئەم ئەندامانە دەلالەتگەلێکی ئەرێنی ئەبەخشنە ئۆتۆمبێل. ئەندامی نێرینە رەنگە ببێتە هۆی ترس و بێز لێ هاتن، یان ببێتە هۆی رێز و شانازی پێکردن، هەر بەم شێوە دایکیش ئەتوانێ ترسێنەر بێ، بەڵام ئێستە باشتر وایە بڕۆینە سەر باسی تەکنیك دۆستی.

رەنگە باشترین رێگە بۆ هەڵبژاردنی تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئۆتۆمبێل ـــ و بە شیمانەوە بڕێکی دیکە لە تەکنۆلۆژیاکان ـــ کەڵك وەرگرتن بێ لە واتای خۆ شیفتەیی.

لە روانگەی دەروونشیکارییەوە، خۆ شیفتەیی بە واتای خۆشەویستی خۆ یان جەستەی خۆ نییە، بگرە ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ ئاماژەکردن بە خەیاڵی خۆ بە تەواو خەملیو زانینمان دەبرێتە کار، خەیاڵێك کە رەنگە دیهاوێژی بکرێن بۆ هەر شتێکی دیکە. ئۆتۆمبێلمان لا خۆشەویستە،

چونکە وەکو خەیاڵێکی هەڵگری خۆشیفتەیی بیری لێ دەکەینەوە، ئەو کاتەیە کە وا دەزانین ئۆتۆمبێل تایبەتمەندیگەلێکی سیحراوی هەیە. ئێمە بە هۆی خۆشیفتەییەوە، بایەخێکی زۆر دەدەینە هێز و چۆنایەتی شەهوەتهێنەری ئۆتۆمبێل. بەم جۆرە لێخوڕ بە ئەم و ئەوکردنی خۆی لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا هەست بە دەسەڵاتێکی بەهێز دەکات. بەرچاوترین نیشانەکانی ئەم بۆچوونە تەکنیکدۆستانەیە لەو ڕێکلامانەدا دەبینرێن، کە هەستی دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر و زۆر هاندەرانە دەدەنە بینەر. ئەڵبەت پێویستە لێرەدا وردبینەوە، چونکە خەوشی گشتیی زۆرینەی ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەیە کە ئەوەی لەو ڕێکلامانەدا دەیبینن بە تەواوی باوەڕی پێدەکەن. بە واتایەکی دیکە گریمانەی ئەم ڕەخنە ئاماژە پێکراوانە ئەوەیە، کە ڕێکلامانە بازرگانییەکان تەواوی لایەنە پێوەندیدارەکانی ئێمە لەگەڵ کاڵاکاندا دیاری دەکەن. ڕاستە کە ئەم ڕێکلامانە کار دەکەنە سەرمان، بەڵام ئەزموونەکانمان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە کاڵاکان دەتوانن هەڵگری چەشنگەلێکی جۆراوجۆری دەلالەت بن و لە باشترین دۆخیشدا تەنیا بەشێك لەم دەلالەتانە، لە ڕێکلامەکاندا دەرك دەکرێن. سەرەڕای ئەمانەش، زۆر بەجێیە کە بڵێین زۆرینەی دەلالەتەکانی ئۆتۆمبێل، چیەتییەکی تەکنیکدۆستانەیان هەیە و بە شێوەیەکی پراکتیکی هەڵگری وێنەگەلێکن لە هەندێ جەستەی ئایدیال، پەناگەی بەمتمانە، هەیەجانی ئەفسانەیی سیستەمی بێ کەموکوڕی و....

**جووڵانەوەی ئازادانە:**

هۆکاری بایەخپێدانی ئۆتۆمبێل ئەوە نییە، کە لە کەتواردا ئەم دیاردەیە بە تەنیا شتێکە هەڵگری هەندێك تایبەتمەندیی شەهوانی، بێت، بگرە کەرەستەیەکە بۆ هێنان و بردنیش. ئەم چیەتییە پراکتیکییە بنەماییەی ئۆتۆمبێل (چوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە) تەنیا، دەرخەری بەکارهاتنی کرداری و پراکتیکی ئەم دیاردەیە نییە، چونکە تێگەیشتنی ئێمە لەم جۆرە بەکاهاتنانە، لە دەلالەتە ناخوئاگاهانەکانمانەوە سەرچاوە دەگرن.

ئۆتۆمبێل پێوەندییەکی توندی لەگەڵ ئازادی تاکدا هەیە، بە شێوەیەك کە هیچ بزاڤێکی بەربڵاو و گرینگی کۆمەڵایەتی ناتوانێ، کە خۆی لێ گێل بکات. ئەم ڕاستییە بە ئاسانی پەی پێ نابردێت. ئێمە خووخدوومان پێوە گرتووە، کە ئازادی تەنیا بە واتای بارودۆخی سیاسی، مافی مەدەنی، (ئازادی) میدیاکان، بەیانی هونەری بزانین. ئەمەی کە کاڵایەکی مادی ـــ چ بگات بە ئۆتۆمبێل کە کاڵایەکی ئاساییە ـــ دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی ئازادی، لەگەڵ

زۆرینەی پرەنسیپە هزرییەکانی ئێمەدا تەبا نییە. لە بارودۆخی تەکنیکی ترسهێنەری ئەمڕۆکەدا، ئۆتۆمبێل نیشانەیە بۆ تاکایەتییەکی (لەخۆباییانە و خەرجیی لە رادەبەدەر، و قبوولکردنی ئەم بۆچوونەش کە ئۆتۆمبێل ــــ وەکو شتێك کە بە راشکاوی چاوگە سروشتییەکان تووشی زیان دەکات ــ دەتوانێ لە بواری دەروونییەوە هەڵگری رەهەندێکی ئەرێنی بێ، دژوارە. خواستی ئێمەی مرۆڤ بەم جۆرەیە کە شتەکان بە تەواوی دەبێ، یان بەهرەدار بن یاخۆ زیانهێنەر و بڕوامان بە تێکەڵاوییەکی ئەم دوو رەهەندە نییە.

لە هەمان کاتیشدا دەزانین کە کاڵا خەرجییەکان دەتوانن هۆکارێك بن بۆ باشتربوونەوەی ژیان، نەوەکو تەنیا لەزەتخوازی تاکانەی ئێمە بەهێزتر بکەن. بۆ نموونە، تەلەفۆن بێننە بیرتان، ئەم تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووە، بارودۆخێك بۆ پێوەندیگرتنی نێوان تاکەکان دەرەخسێنێت هەتاکو پێوەندیی تاکەکان پێکەوە پڕ بار بێت، یان پێوەندیی دوورکەوتەکان و ئەو تاکانەی، کە جووڵانەوەیەکی کەمتریان هەیە زیاتر دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن لە پێوەندییە تاکییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکەن. ئەگەر کەڵك وەرگرتن لە تەلەفۆن زیانی بخستایەتە سەر چینی ئۆزۆن، بە شیمانەیەکی گەورەوە هەوڵمان دەدا تەلەفۆنێك ساز بکەین کە مەترسییەکی بۆ چینی ئۆزۆن نەبێ، نەوەك بێین و کەڵك وەرگرتن لە تەلەفۆن بدەینە بەر رەخنەوە و بەربەستی بۆ دابنێین.

بە دوو هۆکاری پتەوەوە هەمیشە ئۆتۆمبێل بە ئازادییەوە وێنا دەکرێ. یەکێك لەم دوو هۆکارە پێوەندی بە گەشەی تاکەوە هەیە، ئەوی دیکەش بە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مۆدێرنەوە. تاك و کۆمەڵگەی مۆدێرن دوو لایەنی پێوەندیی قووڵی دەروونین، کە لە نێوان ئازادی و جووڵانەوەدا بوونیان هەیە، مەبەستم خودی جووڵانەوەی تەنیا نییە، بگرە مەبەستم جووڵانەوەیەکە کە بە خواستی تاکەکەسی و لە لایەن خودی تاکەوە دەکرێ. کاتێك کە منداڵ خۆی لە بواری دەروونییەوە لەو کەسەی کە ئەیپارێزێ جیا دەکاتەوە، توانا و ئازادی ئەو بۆ گەڕان بایەخێکی زۆر پەیدا دەکا. سەرەتای جووڵە، جووڵانەوە، گەیشتن بە مەبەست، روو وەرچەرخاندن، رێگە گۆڕین، هێورکردنەوەی ئاهەنگی هەنگاوەکان ــــ هەموویان هۆکاری گرینگن لە ئەزموونی جیابوونەوە لە دیتران، یان بە واتایەك لە بەهێزکردنی، سەربەخۆیی و کردە نوێنی تاکی گەشەسێنەردا.

ئەمانە ئەزموونگەلێکن کە لە رێگەی لێخوڕینەوە هەر رۆژە راستییان روونتر دەبێتەوە، چونکە لێخوڕین بارودۆخێك دەرەخسێنێ تا ئەو لەزەتانەمان کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ

هێزی جێبەجێکردن بە یارمەتی تەکنۆلۆژیا دووپات بکەینەوە. تۆزێك پێشتر لە منداڵیدا، نە تەنیا کەتواری جێبەجێی، بگرە هەستی جووڵانەوە بە هەنگاوگەلێکی دڵنیا و داسەپاو و پتەوە دەبێتە بەشێکی گرینگ لە گەشەی دەروونی. لێخوڕین دەتوانێ ئەو لەزەتانەی، کە سەرچاوەیان لە هێزی جێبەجێکردندایە، لە دنیای گەورەساڵاندا دووبارە بخولقێنێ و مۆرکی دروستی بخاتە سەر گەیشتن بە چەشنێك دەسکەوت و سەربەخۆیی، کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین سەفەرکردنەکانمان و بەهێزتریشی بکات. (هەر بەو جۆرەی کە لە یەکێکی دیکە لە ڕێکلامەکانی ئۆتۆمبێلی رۆڤێر ــ لە خوارووی، ئەو وێنەگەلەی کە منداڵێك خەریکی ڕێکردنە، منداڵێکی دیکە لە ئۆتۆمبێلێکی پێدال داردایە، منداڵێك سواری پاسیکلە و پیاوێکی جەوانیش لە دۆخی لێخوڕینی یەکەم ئۆتۆمبێلەکەیدایە ــ داهاتووە، «سەفەرەکانی ژیان دەبێ لە بیر نەچنەوە»).

لە بیچمی ئۆتۆمبێلدا زۆرتر بایەخ دراوەتە لایەنی جوانیناسی جووڵانەوە کە بۆ گەشە کردن(ی جەستەیی و دەروونی) گرینگە. لە مێرمنداڵیدا گوتاری سەربەخۆیی زۆرتر لەسەر جووڵانەوەی جوگرافیایی چڕدەبێتەوە (دووری لە ماڵ)، هەروەها وەکو ڕەهەندێکی تەواو جنسیشی لێ دێ، ڕەهەندێك کە تا ڕادەیەکی زۆر پانتایی دەدا بە هەلومەرجە جوانیناسانەکانی ئەم گوتارە. بەم جۆرە دەبینین کە ئۆتۆمبێل لە سەرچاوەگەلێکی پڕ لە هەست، لە تەواوی پلەکانی ئەم گەشە کردنەدا بەهرەدارە. مەبەست لە بەهرەداربوون تەنیا ئەوە نییە، کە ئۆتۆمبێل بڕێك لەزەتی قۆناخەکانی پێشتری گەشەکردن بۆ گەورەساڵان دەژیێنێتەوە، بگرە بەم شێوە ئۆتۆمبێل دەتوانێ کەڵك وەرگرتن لە ئەو هەستانەی کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ گەیشتن بە جووڵانەوە بۆ گەورەساڵان فەراهەم بکات.

لەو پێوەندییانەی کە ئێمەی گەورەساڵ لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەمانە، شوێن و مەودا فاکتەرگەلێکی، زۆر بە بایەخن. لە بواری مێژووییەوە، ئازاد بوون بە ڕادەیەکی زۆر بە واتای ئازادبوون لە جووڵانەوەدا واتای بۆ کراوەتەوە. ئازادی وەکو جووڵاندنی یەکێك لە ئاشکراترین جیاوازییەکانی سیستەمی کۆیلەداری و سیستەمی خان ـــ رایەتی کۆمەڵگەی پێش سەرمایەداری لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە کاری بە پارەی سیستەمی سەرمایەداری دێتە ئەژمار.

لە قۆناخی گەشەسەندنی کاپیتالیزمیشدا ئازادی زیاتری جووڵانەوە، بە گشتیی نیشانەی زیاتر بوونی ئازادی تاکەکەسییە. ئەڵبەت بەو جۆرەی کە لە بڕێك لە وێنە جەماوەرییەکانی

«پاسی تازی»[١] و مۆتۆرسیکلت و فڕۆکەدا دەبینین، ئۆتۆمبێل تەنیا کەرەستەی جێبەجێکردن نییە. جیا لەمەش، ئۆتۆمبێلی شەخسی حوکمی بابەتیترین و خەملێوترین کەرەستەی هەیە بۆ جوولانەوە. رەنگە بتوانین بڵێین، کە رێکەوتنی نییە کە کالای بەرچاو لە سەرمایەداری پێشکەوتوودا، ماتریالێکە کە لێکچوویەکی زۆری لەگەڵ یەکێك لە بەرچاوترین دەسکەوتەکانی ئەم سیستەمەدا هەیە و ئاستیشی دەباتە سەر، ئەم دەسکەوتە برێتییە لە ئارمان ــ و ئەگەری ــ جوولانەوەی ئازاد لە قەراخ و شوێنەکانی ولاتدا لەگەڵ ئامادەبوونی تەواوی کەرەستە هێزەکییەکان بۆ گەشەکردنی ئامادەگییەکانی تاکیی و پێوەندیگرتن لەگەڵ دیتراندا.

بەم پێیەش، راکێشەریی بەهێزی ئۆتۆمبێل تەنیا لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ، کە جوانییەکی شەهوانی هەیە و کەرەستەیەکی باشە بۆ دەربڕینی هەست و ئاواتەکانمان سەبارەت بە جەستە. بە واتایەکی دیکە راکێشەریی ئۆتۆمبێل تەنیا چییەتیەکی جنسی نییە، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەش کە دەتوانێ بە باشی یەکێك لە بنەماییترین رەهەندەکانی تاکایەتی مۆدێرن لە خۆیدا بنوێنێ و بوونیشی مسۆگەر بکات، تاکو ئێمە وەکو تاکێکی سەربەخۆ لە بواری دەروونییەوە، لە دنیای جوولانەوەی کۆمەلایەتی و مافە تاکەکەسیەکاندا گەشە بکەین. ئەم بابەتە ئێستەکە کاریگەریی دانانێتە سەری بنەڕەت و بنەمای ئیشتیاقی ئێمە بۆ جوولانەوە. ئازادی جوولانەوە چ وەکو سوودێکی خەیالی و چ وەکو سوودێکی کەتواری لە بواری دەروونییەوە هەلگری بایەخێکی زۆرە.

ئەو کاتەی تاکەکان، لە هەمان ئەوەیدا کە ئازادی جوولانەوەیان هەیە، بە کەلك وەگرتن لە هۆکارە گواستنەوە گشتییەکان بۆ گەیشتن بە مەبەست لە کاتێکی دیاریکراودا تووشی گرفت دەبن، ئەو دەم وزەگەلێکی زۆر بە هێز پێکەوە تێکەڵ دەبن تا ئۆتۆمبێلگەلێکی زیاتر لە شەقامەکاندا هەبێ، بەلام دیسان هەستی ئێمە سەبارەت بە هێنان و بردنی گشتیی تەنیا بەپێی تێڕوانینی پراکتیکی ــ وەکو متمانە پێکراویی کەرەستەکانی هێنان و بردنی گشتیی،

---

١ـ Greyhound Bus ناوی کۆمپانیایەکی پاس رانی نێوان شارییە لە ئەمەریکادا، کە لە نێوان پارێزگاکانی باشوور و شارەکانی باکووردا موسافیر جێبەجێ دەکەن. بەپێی ئەو باسکردنانەی کە نووسەر بۆ وەرگێڕ (فارسی) کردووە، لە گۆرانییەکانی موزیکی جازدا بۆ پاسەکانی ئەم کۆمپانیایە وەکوو کەرستەیەك بۆ راکردن لە ناوچە غەیری پیشەییەکانی باشووری ئەمەریکا ئاماژە کراوە و بڕێجاریش ناوی ئەم پاسە خوازەیەکە بۆ پێوەندییە سۆزدارییە شکستهێناوەکان و دوورەپەرێزی و بە جێهێشتنی ولات .

بەکاربەر و تێچوویی ــ نییە. تەنانەت باشترین سیستەمەکانی هێنان و بردنی گشتییش ناتوانن ئەزموونی ( کردە نوێنی ) و سەربەخۆیی لێخوڕ و سەرنشینەکانی ئۆتۆمبێلی شەخسی بێننە ئاراوە. ئەوە شتێکی راستە کە کەڵك وەرگرانی ئۆتۆمبێلی شەخسی ناچارن خەرجی ئاشکرا و نائاشکرای ترافیکی شەقام و گوشاری دەروونی بەرهەمی شۆفێری و... بەرگە بگرن، بەڵام لە باتی ئەمەدا دڵەڕاوکێی دێر گەیشتن بۆ ئێستگە، جێمان لە پاس یان شەمەندەفەر (دڵەڕاوکێیەك کە دەتوانێ ترس لە بە تەنیا مانەوەمان، تێدا زیندوو کەنەوە) یان لە سەر دەکەوێ ـ ئەوان دەتوانن فەزایەکی بەراستی تاکەکەسیانە لە چوار دەوری خۆیاندا بپارێزن، بێ ئەوەی نیگەران بن لەوەی، کە قسەکردن، یان دەنگی موزیککەیان بۆ دیتران تەنگ پێهەڵچنین چێ بکات، هەروەها دەتوانن هەر کاتێك مەیلیان هەیە مەبەستیان بگۆڕن یان رابوەستن.

ئەگەر ئەو بزاڤەی، کە خوازیاری کەمکردنەوەی ئەو زیانانەیە ئۆتۆمبێل لە ژینگەی دەدا، ئەم سوودە دەروونیانە لەبەر چاو نەگرێ یان تەنیا وەکو بەرژەوەندییەکی نامـاقوولی خۆی، بۆی بڕوانێ، کە بایەخی ئەوەی نییە لێکدانەوەی لەسەر بکرێ، ئەودەم توانێکی نابێ بۆ ناسینەوەی گرفتە گشتییەکان. بەبێ تەقەلای جەبری زۆرتر ـــ کە ئەویش لە رەهەندی سیاسییەوە شێوەیەکی ناکارامە و ناخۆشە ــ ناتوانین هیوایەکمان بە کەم بوونەوەی بەرچاوی کەڵك وەرگرتن لە ئۆتۆمبێل هەبێ. ئەکرێ ئەو پێشبینییە بکرێ، کە هاوکات لەگەڵ زیاتربوونی رێژەی ئەو کەسانەی کە لە سوود و لەزەتەکانی ئەم کەرەستەیە بەهرەمەند دەبن، بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل و کارپێکردنیشی لە جیهاندا زۆرتر دەبێ، بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە گرووپێکی کەمتری خەڵك، خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆیانن. ئەمە بەو واتایە نییە کە نابێ پشتگیری لەو کارانە بکرێ کە بە مەبەستی باشتر بوونی هێنان و بردنی گشتیی و کەم کردنەوەی کارکردنی خەڵك بە ئۆتۆمبێلەکانیان تا ئاستێکی هەرە کەم دەکرێ، (لانیکەم بەم هۆکارەوە، کە بوونی سیستەمی هێنان و بردنی کارامە، قەرزاری ئەو کەسانەیە، کە خۆیان ئۆتۆمبێلیان نییە)، بەڵام ئەوەی کە وترا بەڵگەیەکە لەسەر ئەمەی، کە لە هەر گەڵاڵەیەکی درێژخایەنی پاراستنی ژینگەدا، کە رێز دابنێی بۆ کەتوار و رەوایی مەیلی مۆدێرن، دەبوایە سەرنج بدرێتە کەمکردنەوەی ئاڵوودەیی کەرەستە گواستنەوە مۆتۆڕییەکان، نەوەك بەربەستێك دابنێین لە بەرامبەر بەکارگرتنی ئۆتۆمبێلدا.

**سەرنجێك بۆ سەر ئەو ڕێگەچارانەی، کە بڕیاریان لەسەر دراوە:**

هەندێك لەو شیکارییانەی، کە لەم پەڕتووکەدا هاتوون، دەتوانن زۆرتر سەبارەت بە ڕێگەچارە پراکتیکییەکان بن، ڕێگە چارە بۆ بابەتگەلێکی جۆراوجۆر وەکو پشتگیری لە هونەر، ڕێکخستنی ڕێساکانی بانگەشەکردن و گەلاڵەگەلێکی درێژخایەنی دیکە بۆ پاراستنی ژینگە. لەبەرئەوەی بڕێك لەو کێشەگەلەی کە پێوەندییان بە ئەو ڕێگەچارە بڕیار لەسەر دراوانەوە هەیە، سەبارەت بە ئۆتۆمبێل و هەڵبژاردنی کەرەستەی هێنان و بردنن، لە باسەکەدا پێگەی تایبەت بە خۆیان هەیە، لێرەدا شیکارییەکی کورت سەبارەت بە وزەی جوولێنەری ئۆتۆمبێل دێنمە ئاراوە. ئەم شیکارییە ئەوەمان بۆ دەر دەخات، کە ئەو ئەندیشەگەلەی، لەژێر کاریگەریی دەروونشیکاریدان چلۆن دەسەپێنە سەر ئەو کایەگەلەی کە تەواو دوورن لەو شتانەی کە وەکو نەریت سەرنجیان پێدراوە.

یەکەم بابەتی پێویست، ڕەتکردنەوەی دوو چیرۆکە کە تەواوکەری یەکدین (نموونەکانی ئەم دوو چیرۆکە جیا لە هێنان و بردن، لە زۆرینەی کایەکانی دیکەیشدا دەبینرێن) بەپێی چیرۆکی یەکەم، مەیلە گشتییەکان بە تەواوی، لە لایەن کەسانێکەوە دادەڕێژرێن و دێنە ئاراوە کە لە ئەو مەیلانە بەهرە دەبەن. وەها بەڵگە هێنراوەتەوە، کە ئەم بابەتە سەبارەت بە داخوازییەکانی خەرجیگەران بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل دروست نییە (مەیلی گشتیی بۆ خاوەندارێتی ئۆتۆمبێلی تاکەکەسی) ڕەگێکی زۆر قووڵتری هەیە، کەچی لە باقی کایەکانی خەرجیی زۆری کاڵا و فەرهەنگی جەماوەریدا هەر بەم شێوەیە. بەپێی چیرۆکی دووەم، مەیلە گشتییەکان هەرگیز ناکەونە ژێر کاریگەریی وەسوەسە و گوشاری بانگەشەی (کاڵا) و ڕێکلامە بازەرگانییەکان، بە واتایەکی دیکە خەرجیگەرانی کاڵا بوونەوەرگەلێکی، کەللە ڕەقن کە نیازەکانی خۆیان دەناسنەوە و هیچ سەرنجێکیان نییە بە لای ئەو هەولانەی کە بۆ کارتێکردن لەسەر کڕینەکانیان دەدرێن. لەو باسانەی کە لە سەر سیاسەتەکانی خەرجیی کالایە، زۆرجار بەڵگە دەبرێتەوە بۆ سەر ئەم دوو گریمانە هەڵەیە.

لەسەر ئەم بنەمایەش بانگەشە کراوە، کە خەڵکی ئەمەریکا هۆگرییەکیان بە مۆتۆری دیزڵی نییە، هەر بۆیەش بەرهەمهێنان و فرۆشی ئۆتۆمبێلە دیزڵییەکان لە ئەمەریکادا کارێکی بێهودەیە. ڕەنگە ئەم بابەتە ڕاست بێ کە ئەمەریکییەکان بۆچوونێکی نەرێنیان سەبارەت بە ماشێنی دیزڵی هەیە، بەلام بە دڵنیاییەوە ئەم ڕاستییە، ئێستە ناگۆڕێ. ئۆتۆمبێل دارانی ئینگلیزی بۆ ئەوەی ڕازی بکرێن بە خەرجکردنی بەنزینی بێ سورب (سروو)،

به ئاشکرا کۆمەڵێك داراییان بۆ دانان و بانگەشەی بەربلاویان بۆ خستنە ڕێ، ئەمەش لە دۆخێکدا بوو، کە زۆرتر وێنا دەکرا کە سورب توخمێکی زۆر بە سوودە لە بەنزیندا. بنەمای ئەم وێناکردنەش لەوەدا بوو، کە سورب توخمێکی ئیستیحکامبەخشە. زاراوەی «تۆزێك سورب کردنە ناو قەڵەم» (لە زمانی جەماوەریی ئینگلیزیدا بە واتای بەهێزترکردنی توانای جنسی و هاوواتایە لەگەڵ «خواردنی دەوای بەهێز کەری کەمەر» لە فارسی جەماوەریدا)یش هەر لەم وێناکردنەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم گۆڕانکارییە ماڵی و بانگەشەییانە لەوێوە سەرچاوەی دەگرت، کە کاتی ئەنجامدانی بڕیاری پەسندکراوی یەکیەتیی ئەورووپا، سەبارەت بە بەکارگرتنی گۆڕێنەرە کاتالیزۆرییەکان لەسەر ئەوە کە تەنیا دەبێ لە سووتەمەنی بێ سورب کەڵك وەربگرن، نێزیك دەبووەوە. زۆرتر بوونی نیگەرانی سەبارەت بە بابەتەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی ژینگە، بنەمایەکی باشی بۆ کەڵك وەرگرتنی زیاتر لە تەواوی کەرەستە ئالوودەیی هێنەرەکان ئامادە کردووە، بەڵام سەبارەت بە بەنزینی بێ سورب، وەکو باقی کەرەستەکانی دیکە، ئەوەی کە بە شێوەیەکی پراکتیکانە بووەتە هۆی گۆڕان لە ڕەفتاری ئۆتۆمبێلدارەکاندا برێتی بوو لە تۆژینەوە و بەرهەمهێنانی ئەم چەشنە بەنزینە، پاشان بانگەشەیەکی زۆر و گۆڕانکاریی لە سیاسەتە داراییەکاندا.(بەپێی لێکۆڵینەوەکان، لەو کاتە بەملاوە بەنزینی بێسورب بۆ لەشساغی هەم سوودی هەیە، هەمیش زیان، بەڵام ئەمە بابەتێکی جیاوازە کە لە شوێنێکی دیکەدا دەبێ باسی لەسەر بکرێ).

ئەگەر وێنای ئەوە بکرایە، کە ڕەفتاری خەرجیگەرانی ئەمەریکا دەکرا زیاتر بگۆڕدرێ، بڕێك لەو سەرچاوە و کەرەستە گەورانەی، کە بۆ بەرهەمهێنانی گۆڕینەرە کاتالیزۆرییەکان بەکار هێنراون بۆ ئەوەی نیازە شیمانەییەکانی ئەمەریکییەکان بە ئەو مۆتۆڕانەی، کە بە بەنزینی ڕەسەن کار دەکەن دابین بکرێ، دەکرا بۆ پەرەپێدان بە تەکنۆلۆژیای دیزڵ کەڵکیان لێ وەربگیردرێ. بڕێك لە لایەنگرانی ژینگە پێیان وایە، کە مۆتۆڕە دیزڵیەکان کەمترین زیان دەخەنە سەر سروشت، چونکە (سەرەڕای ئەوەی سوربیان پێوە نییە) خەرجیی سووتەمەنی ئەم مۆتۆڕانە تا ڕادەیەك کەمترە و گازی کاربۆنیکیکی فرە کەمیش بەرهەم دەهێنن.

ئەڵبەت ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن، باسەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات. ئەم بەڵگانە ئەمان پێدەڵێن کە بڵاوبوونەوەی دووکەڵی مۆتۆڕە دیزڵیەکان ڕەنگە زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا هۆکاری شێرپەنجە بێت، بەڵام باو بوونی ئەم مۆتۆڕانە زۆرتر بە هۆی گرفتێکی بانگەشەیی و فرۆشتنەوە لەگەڵ بەربەستدا ڕووبەڕوو بووەتەوە: گرفت ئەمەیە کە ــ ئەگەر بمانەوێ هەمان

واتا بێ حورمەتانەیە،دووپات بکەینەوە کە فرۆشیاران بۆ نێزیکبوونەوە لە راستییە دەروونناسانەکان قسەی پێدەکەن ـــ مۆتۆرە دیزلیەکان بە « قەحپە » نازانن. جیا لەمەش، کەڵك وەگرتن لە فێنککەرەوە ناو مۆتۆڕییەکان و تەکنۆلۆژیای تێکردنی راستەوخۆ، رەنگە ببێتە هۆی بەرهەمهاتنی ئۆتۆمبێلی تۆربۆ دیزڵی، کە لە بواری کارکردیەوە لەگەڵ مۆتۆڕی بەنزینیدا بەرابەریی دەکا. بەپێی ئەو شتەی کە لایەنگرانی مۆتۆری دیزڵی دەیڵێنەوە، بە تەرخانکردنی سەرمایە بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنێکی زیاتر لە پێناوی لابردنی گرفتی دەنگ و لەرینەوە و بڵاوکردنەوەی گەردیلە وردەکان، بە بانگەشەکردنێکی دروستەوە دەتوانین رێژەی داخوازی خەڵك بۆ ئەم چەشنە مۆتۆڕانە ببەینە سەرتر. بەرهەمهێنانی زیاتری مۆدێلە دیزڵیەکانی ئۆتۆمبێل لە ئێستەدا، کە لە دیزاینی جەستە و پێداویستیەکانی دیکەدا، لە تایبەتمەندیگەلێکی «سپۆرت» بەهرەدارن سەلمێنەری بگۆڕیی دەلالەتە فەرهەنگییەکانی ئۆتۆمبێلە لە ئەمڕۆدا و بەپێی ئەو بەڵگەگەلەی کە لەم بەشەدا هێنراونەتەوە، لە کڕینی ئۆتۆمبێل بەپێی مەیلە (ناخودئاگاهانە)کاندا، دارِشتنی جەستەی (ئۆتۆمبێل) رۆڵێکی هەرە بەرچاوی هەیە.

بەپێی ئەوەی وتمان، ناشیرینی ئۆتۆمبێلە دیزڵیەکان تا رادەیەکی زۆر سەرچاوەی لە کەڵکێکدایە کە لە بانگەشە و فرۆشتندا لە بەشێکی زۆری دەلالتە تەکنیکییەکانی ئۆتۆمبێل وەردەگیردرێ. ئەمەش کە داخوازی بۆ گۆڕینی ئەم دەلالەتانە (یان بە واتایەکی دیکە، بە باشتر نواندنی ئۆتۆمبێلە دیزڵیەکان)، لەو سەردەمەیدا، کە زیاتر گومان لە سوودە ژینگەییەکانی دیزڵ کراوە، زیاتر بووە، سەرسوورهێنەرە. جیا لەمانەش لە کایەی ئەقڵانییەتی ژینگەیی و ئابووریدا، مۆتۆری دیزڵی تەنیا یەکێك لە کەرەستە کارامەکانی کەمکردنەوەی ئاڵوودەیی و خەرجییەکانی کارپێکردن بە ئۆتۆمبێلە. بەم زووانە یەکەمین ئۆتۆمبێلێك کە وزەی جووڵانەوەی پاتری، دابینی دەکات دێنە بازاڕەوە. تەکنۆلۆژیای مۆتۆری دوو زەمانەش، بوونی هەیە، لەم رێگەشەوە رێژەی سووتاندنی سووتەمەنی کەم دەبێتەوە. خاڵی گرینگ ئەوەیە، کە دەوڵەتەکان دیاری کەری رێگەی داهاتوون و دەتوانین خواستی خەرجیگەران لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، لە گەڵ ئەو سیاسەتەی بۆ گەشەی تەکنۆلۆژیا هەڵدەبژێردرێت هاوتەریب بکەین. گەورەترین بەربەست لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ـــ بەپێی ئەو بەڵگەیەی لەم بەشەدا خراوەتە روو ـــ بێگومان داخوازیی (خەرجیگەران) بۆ ئامێرە تاکە کەسییە ماشێنییەکان هەرگیز بن تەواو نابێت. هەڵبژاردنی بە سوودی رەوشتگەلێك بۆ

جوولاندنەوەی ئۆتۆمبێلە تاکە کەسییەکان کە زیان نەخاتە سەر ژینگە، پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی دوودانە پێشگریمانە هەیە. ئەم پێشگریمانەیەش بریتین لە: یەکەم، ملکەچبوونی دەوڵەتەکان بە پشتگیری لەم رەوشتگەلە لە رێگەی دانانی سیاسەتگەلێکی دارایی باشترەوە، دووەم، ملکەچبوونی پیشەسازییە ماشێنسازییەکان بە دارشتن و ئەنجامدانی ئەم رەوشتانە، هەم لە بواری تەکنیکی و هەم لە بواری کۆمەڵایەتییەوە.

بە پێچەوانەی بۆچوونی لایەنگرانی پاراستنی ژینگە کە لە سەر بنەمای قەدەخەکردنی ئۆتۆمبێلە شەخسییەکانە، ئەم بۆچوونە لە جیاتی ئەوەی کە هەولبدا نیازی بنەمایی سەربەخۆیی خوازیی لە مرۆڤدا لە ناو بەرێت، خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ئەم راستییەوە — کە ئۆتۆمبێل دەتوانێ نیازی مرۆڤ دابین بکات. یەکێك لە مەبەستەکانی ئەم بۆچوونە، بەکاربردنی وێنە هۆشییەکانی ئازادی و شەهوەت — ـە کە وەکو نەریتێك بە ئۆتۆمبێلەوە وێنا دەکرێن — بە شێوەیەکی نوێیە، بە شێوەیەك کە ئەم وێنەگەلە لەگەڵ هەستارییەکی بوومناسانە و تەکنۆلۆژیاگەلێکی بە گشتیی دووبارە ئەندێشراودا پێوەندی بگرن. ئەوە شتێکی بێهودەیە کە بە هیوا بین ماشێنداری پەرە نەستێنێ، بەڵام دەتوانین هیوادار بین کە ماشێنەکانی داهاتوو کەمترین ئالودەییان لێ بکەوێتەوە، لە کەرەستەی کۆن و زبڵدانی چێ بکرێن و شێوە و پێکهاتەیان بۆ ژینگە زیان نەگەیەنێ. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، هەر ئەم لێهاتوویی و سەرچاوەگەلە کە بە شێوەی ئاسایی لە دیزاینی و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە سوارییەکاندا بەکار دەبرێن، بەس دەکات.

## سەرهەڵدانی ئۆبژەیەکی ناحەز:

ئۆتۆمبێل ئەو جووڵانەوە تاکەکەسی و سەربەخۆیەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا کەمینەیەکی باڵادەست لێی بەهرەدار بوون، بۆ ملیۆنان کەس رەخساندووە. ئۆتۆمبێل کارێکی کردووە مرۆڤەکان بتوانن لە توانای هەڵبژاردنێکی زیاتر لە بازاڕی کاردا بەهرەدار بن، لە سایەی ئۆتۆمبێلدا، پێکهاتەی پیشەی وردەفرۆشی بە شێوەیەك گۆڕاوە، کە خەڵك، هەست بە حەسانەوە و هەڵبژاردەیەکی زیاتر دەکەن. ئۆتۆمبێل هەڵگری فۆرم و شوێنێکی نوێترە بۆ تێپەڕکردنی کاتی بێکاری، لە ئاکامیشدا ئازادی مرۆڤەکانی بۆ چێکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتی و پێوەندییە تاکەکەسییەکان زیاتر کردووە.

بەم جۆرە، ئەم پرسیارەش بە جێیە بۆچی سەبارەت بە ئۆتۆمبێل تێگەیشتنێکی تێکەڵ بە

ترسمان هەیە؟ ئەوە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کە بۆچی لە دەیەی رابردوودا، ئۆتۆمبێل لە گوتاری جەماوەردا بووەتە ئۆبژەیەکی ناحەز. هۆکارگەلێکی جیاواز لە هاتنە ئارای ئەم بارودۆخەدا رۆڵیان هەبووە: نیگەرانیی زۆر سەبارەت بە تەناهی لە تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگە، لە ئاکامیشدا ترس لە بریندار بوون یان مەرگ لە پێکدادانی ماشێندا. رەخنەی فێمینیستی تەکنۆلۆژیا و دووپاتبوونەوەی بەردەوامی ئەم تاوانە، کە ئۆتۆمبێل چەشنە یارییەکی کوڕانەیە و ناکارامەیی تۆڕی هێنان و بردنی گشتیی و لە ئاکامدا بایەخداربوونی ئەم بۆچوونە کە کۆمەڵگە دەبێ مافی هەڵبژاردنی لە نێوان شێوە جیاوازەکانی هێنان وبردندا هەبێ، ناڕۆشن مابووەوە - هەڵبژاردنێك کە لە کاتی گەشەی تۆڕی هێنان و بردنی گشتیی هاوکات لەگەڵ گەشەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل تا ئەم دواییانەش بەردەوام جێی سەرنجە و ئەڵبەت گرینگتر لە هەرچی، نیگەرانیگەلێکیش سەبارەت بە ژینگە و ئەو ئالوودەییەی سەرچاوەکەی لە شێوازەکانی کەرەستەی هێنان و بردن دایە، هاتووەتە ئاراوە.

ئەم بۆچوونە کە ئۆتۆمبێل شتێکی زیانهێنەرە، بووەتە هۆی ئەوەی بەردەوام وەکو سەرچاوەی (هەست یان رووداوی) ناحەزیی لە دنیای مۆدێرندا بیری لێ بکرێتەوە.

بێگومان، بوونی سورب لە بەنزینەدا هۆکاری هاتنە ئارای چەشنێکی لاوازیی و ژەهراوییەت بوو کە هەندێك لە شارنشینان لەم دەیەی دواییانەدا تووشی هاتن. فرۆشتنی بەنزینی بێ سورب ئەم گرفتەی تا رادەیەك لابردووە، هەرچەند کە مانەوەی زۆرینەی ئۆتۆمبێلە کلاسیکییەکان کە بەم بەنزینە بە باشی کار ناکەن، پراکتیکی کردنەوەی ئەم رێگەچارەیەی لەگەڵ بەربەستدا رووبەڕوو کردووەتەوە. هەروەها دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیردرێ کە بەنزینی بێسورب چونکە لە چاوەی بەنزینی ئاساییدا سووتانێکی کەمتری لە مۆتۆردا هەیە، بەشێکی زۆری کەرەستەی ژەهراوی لە فەزادا دەهێڵێتەوە. گۆڕێنەرە کاتالیزۆرییەکان ئەم بەستێنە فەراهەم دەکەن تا زۆرینەی ئەو کەرەستە ژەهراوییانەی داهاتی سووتانی سووتەمەنین لە مۆتۆڕی ئۆتۆمبێلدا و لە هەوادا بڵاو دەبنەوە، جیا لە گازی کاربۆنیك، تا رادەیەك لە ناو بچن. بۆ زۆرکەس، ئاریشە و گرفتی سەرەکیی هەر ئەمەیە. گازی کاربۆنیك سەرەکییترین گازی گوڵخانەیی و داهاتی مسۆگەرانەی کەڵك وەرگرتن لە سووتەمەنییە فوسیلیەکانە. پێشکەوتنەکانی ئەم دواییانە لە بواری کۆنترۆڵی گازەکان، لەگەڵ دەسکەوتە باشەکانی تەکنۆلۆژیای ئەندازیاری و دیزاینی ماشێن، سەرەڕای ئەوەی کە گەشەیەکی بە ئۆتۆمبێلداری داوە، بووەتە هۆی کەمبوونەوەی گازە ژەهراوییەکان، جگە لە

گازی کاربۆنیك.[1] بەڵام هاوکات لەگەڵ زیاتر بوونی ماشێن لە سەرتاسەری جیهاندا، گازی ژەهراویش زیاتر دەبێ، مەگەر ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورەی تەکنیکی بێتە ئاراوە یاخۆ یاساگەلێکی نوێی بۆ دابنرێت، کە (ئەڵبەت شتێکی ئەستەم نییە). بەم جۆرە گازی کاربۆنیك لە شەقامەکاندا بەردەوام پتر دەبێ، ئەگەرچی دەکرێ بە وەرچەرخانێکی گشتیی بەرەو دیزڵ یان مۆتۆڕە دووزەمانەکان ئەم رادەیە کەم بکرێتەوە.

ئەڵبەت هەنووکە بەکارهێنانی «دیزڵی سروشتی» لە بواری تەکنیکییەوە ئەو هەلەی رەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانی مۆتۆڕگەلێکی باشتر کە ئالوودەیی یەکی کەمتریان هەیە. چەشنێکی ئەم مۆتۆڕانە ــ کە بە رۆنی تۆوی شێلم کار دەکەن ــ هەنووکە لە بڕێك لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا هاتوونەتە بازاڕ و بێ هیچ گۆڕانێك لە مۆتۆڕە دیزڵیەکاندا دەبرێنە کار. لە چەرخی بەرهەمهێنان و کەڵك وەرگرتن لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی سووتەمەنی گیایی، لە ئاکامدا هیچ شتێك نابێتە هۆی زیاتر بوونەوەی گازی کاربۆنیکیك، هەروەها شایانی باسە کە سەدی پەنجای گازی گوڵخانەیی گازی کاربۆنیکیکە و سەدی بیستی تەواوی گازی کاربۆنیکی هەوا داهاتی کاری ماشێنەکانە. بەم پێیەش (تەنیا) سەدی دەی گرفتی گوڵخانەیی دەگەڕێتەوە بۆ ماشێنەکان، ئەڵبەت ئەمەش لە دۆخێکدایە کە لە بنەماوە قایل بە گرفتی گوڵخانەیی بین، چونکە، هەر بەو جۆرەی کە سیمۆن هۆگارت[2] لە رۆژنامەی ئابزێرڤێردا بە باشی، وەبیرمانی دەخاتەوە، هەندێك کەس ئەم گرفتە بە شیمانەیەکی نادروست دەزانن. سەرەڕای ئەمانەش ئەگەر بە راست وەها گرفتێك هەبێ، دەبێ لە بنەماکانی ژیانی مۆدێرندا کە پێداویستیی خەرجیی وزەیە، بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی بگەڕێین، بەڵام لایەنگرانی پاراستنی ژینگە زۆرتر لە شێوەی جیاکراوە و تاکی کراوەکانی هێنان و بردن نارەزایەتیان دەبێ تاکو لە ئەم بنەماگەلە.

خستنە رووی ئەم باسە پسپۆڕانەیە لێرەدا پێویستە، چونکە بەمجۆرە روون دەبێتەوە کە دوژمنایەتی لە رادەبەدەری لایەنگرانی پاراستنی ژینگە لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا پاساو هەڵنەگرە. ئەگەرچی ئالوودەیی داهاتی ئۆتۆمبێل کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە و رەنگە هێشتەش ئەو کاریگەرییەی هەبێ، بەڵام ئەم کاریگەرییە لە ئاکامدا لە گۆی زەویدا بۆ ژینگە مەترسییەکی گەورە نییە و تەنیا ئۆتۆمبێل نییە، کە ئەم مەترسییەی هێناوەتە ئاراوە.

---

1 - Walsh
2 - Simon Hoggart

بەم جۆرە دەبێ ئەم پرسیارە ئاراستە بکرێ، کە ئایا هۆکارگەلێکی دیکەش هەیە بۆ ئەوەی کە ئۆتۆمبێل لەبەرچاوی ئێمەی مرۆڤدا تا ئەم رادەیە وەکو ئۆبژەیەکی ناحەز و زیانهێنەر دەنوێنێ. لە وەڵامدا دەبێ یەکەمین ئاماژە بۆ ئەم بابەتە بکرێ، کە بەشێکی گەورەی دوژمنایەتی ئێمە لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا، چییەتییەکی بوومناسانەی - بە واتایەکی سنووریداری بایۆلۆژیکییەوە- نییە، بگرە هەڵگری لایەنێکی جوانیناسانە و کۆمەڵایەتییە. خەڵك لە حوزووری بەربڵاوی ئۆتۆمبێل خۆشحاڵ نین و تەقە و رەقەی پەیکەرە، و هەرا و هۆریای سەرنشینەکانیان پێ ناخۆشە. ئەڵبەت ئەمانە کاریگەرییەکانی ئۆتۆمبێلن لەسەر ژینگەدا، چونکە چۆنایەتی ژینگە تووشی گۆڕان دەکەن، بەڵام لەسەر ئەم ژینگەیە وەکو فەزایەکی کۆمەڵایەتی و جوان، کاریگەری دادەنێن نەوەکو سیستەمێکی «ژین جەستەیی». هەروەها دەبێ ئەمەش لەبەرچاو بگیردرێ کە کاریگەرییە ئاماژە پێکراوەکان پێوەندییان بە تەواوی ئۆتۆمبێلەکانەوە ـــ واتە کۆی ئۆتۆمبێل، نەوەك ئۆتۆمبێلێکی دیاری کراو ـــ هەیە. کەسانێك هەن کە لە باشترین دۆخدا ئۆتۆمبێل بە پێکهاتەیەکی زەجر هێنەر لە مێتاڵ وپلاستیك دەزانن، بەڵام بڕوای گشتیی ئەمەیە کە هەر ئۆتۆمبێلێکی تاك دەتوانێت ببێتە بابەتێك بۆ هۆگرییەکی زۆری جوانیناسانە. جیا لەمەش جیاوازی هەیە لە نێوان راوەستان لە مووزەی دیزاینی ئۆتۆمبێل و بە ریزەوە چاولێکردن لە نموونەکانی «فولکس واگۆن بتیل» یان «توویووتا پیرۆیا» وەکو پەیکەرەیەکی مێتالی، لەگەڵ راوەستانی رێبوارێك کە دەیەوێ لە پانتایی شەقامەوە تێپەڕ بێت و بینەری رەتبوونی فولکس واگۆن و توویووتا و چەشنگەلێکی دیکەی ئۆتۆمبێلە کە بە ((ئەویدییەتییەکی ئاژەڵی))یەوە بەخێرایی بە بەردەمیدا رەت دەبن.

بە وتەیەکی دیکە، ئەم گرفتەی ئۆتۆمبێل دەگەڕێتەوە بۆ فرەییەکەی. گرفتی کەتواری ئەوەیە کە ئۆتۆمبێل خەرجی و بەکارهاتنێکی زۆری هەیە. بەم پێیەش، هەڵوێست لە بەرامبەر ئۆتۆمبێل دەتوانێ بەشێك لە نەریتی هەمەگیری هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر خەرجیی فرەوە بێت، کە ئەڵبەت خۆی بەشێکە لە نەریتی ناتەبایی لەگەڵ زۆرینەی خەڵکدا. هەر بەو جۆرەی کە پێشتر (بەشی یەکەم) ئاماژەمان کرد، ئەمەی کە چلۆن گرەوێتییەکی بەهێزی بژاردەسالارانە بۆ تەحقیری جەماوەر، پێکهاتەی فەرهەنگی بەریتانیای تەنیوە، بە تەسەلی لە لێکۆڵینەوەکەی جانکێریدا (١٩٩٢) شیکراوەتەوە. بەشێکی زۆر لەو قسانەی کە دژ بە ئۆتۆمبێلن هەر لەم پێکهاتەوە سەرچاوە دەگرێ. هەرچەندە کە کارکردی ئەم پێکهاتەگەلە لە شێوازی هەنووکەییدا تا رادەیەك ئاشکراتر و جۆراوجۆرترە لە رابردوو، بەڵام

ڕەخنە لە ئۆتۆمبێل، لەسەر بنەمای نەریتێکی کۆنی بژاردەسالارانە لە هێرش بردنە سەر تەلەڤیزیۆن و موزیکی پاپەوە دێتەئاراوە. (بەپێی ئەم نەریتە،) هەر شتێك خەڵك بە عەشقەوە خۆشیان دەوێ وەکو ئۆتۆمبێل و ڤیدیۆ، بە دڵنیاییەوە شتێکی خراپە. زۆرترین تەحقیر دەکرێتە سەر ئەو ماشێنانەی کە بە راشکاوترین شێوە سەمبولی ئۆتۆمبێلن وەکو کالآیەکی خەرجیی خەڵك سالارانە. هەر بۆیە، بە تایبەت لێخوڕەکانی ئۆتۆمبێلی فۆرد وەکو دێوەزمە چاو لێدەکرێن.

دەبێ بڵێین کە بۆ بڕوا کردن بەمجۆرە بۆچوونانە، پێویستمان بە نوخبە فەرهەنگییەکان نییە. ئێوە هەر کەسێك بن، ئەگەر بکەونە ژێر کاریگەریی رۆشنبیرانی شارەگەورەکان و بەرهەمە فەرهەنگییەکانیان، رەنگە ئەم بۆچوونانە قبووڵ بکەن. یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە کاریگەری دەکەنە سەرمان، بریتییە لە جیاوازییەك کە لە رابردوویەکی کۆنەوە لە نێوان پێشکەوتنی مادی و بەها رەوشتمەندیەکان (بە واتایەکی دیکە، لە نێوان « شارستانییەت » و «فەرهەنگ»)دا هاتووەتە ئاراوە. فەرزی جیاوازیی باسکراو لەوەدایە کە هەرچەندە ئاستی سامانی مادی و ئاسایشی کۆمەڵگەیەك بڕۆاتە سەرتر، هەر بەو رادەیە بارودۆخی رەوشتمەندیی ئەو کۆمەڵگەیەش خراپتر دەبێ. ئەم جیاوازییە بەردەوام چەکێکی رۆشنبیرانە لە دەستی رۆشنبیراندا بووە، هەروەها هەڵگری باسگەلێك لە سەر ترس لە تەکنۆلۆژیاشە. ئۆتۆمبێل بە بردنە سەری ئاستی ئازادی و ئاسایشی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، بووەتە هۆی رەنجاندنی ئەو کەسانەی کە قەناعەتیان وایە، کەرەستەی هاتوچۆ بۆ هەر شوێنێك تا ئەم رادەیە لەبەردەستی هەمووان‌دا نەبێ.

ئەڵبەت مایەی نیگەرانی و تەنانەت بەدبەختیشە کە هەندێك لە ناوچە گوندنشینەکانی وڵاتی ئێمە بە رێگە سەرەکییەکانەوە پێوەست نین، من نامەوێ داکۆکی بکەم لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێستەی بەریتانیا سەبارەت بە هێنان و بردن، بەڵام بەشێکی گەورەی دوژمنایەتی گشتیی لەگەڵ ئۆتۆمبێل لە نێوان چینی رۆشنبیری مامناوەندی‌دا، نیشانەی ئاگانەبوونێکی تەواوە لە ئەزموونی رۆژانەی زۆرینەی توێژەکانی کۆمەڵگە و خۆگێلکردنە لە گۆڕانکارییەکی بنەمایی و ئەرێنی کە ئۆتۆمبێل لە ژیانی خەڵکدا هێناویەتە ئاراوە. تەواو رەوایە کە ئەم قازانجانە، بە کورتی بە نیشانەی ئازادی و قایل بوونی مافی هەڵبژاردن بزانین، چونکە بە چاوپۆشی کردن لەوەی کە راستە رایکالەکان چەندە پڕوپاگەندەی داکۆکی کردن لە ئازادی و مافی هەڵبژاردنیان هەیە، ئەو قازانجانەی ئاماژەی پێکرا، بەشێك لە تێڕوانینە

بنەماییەکانی لایەنگرانی پاراستنی ژینگەیە. خەبات لە پێناوی پاراستنی ژینگەدا، بە رواڵەت بەرچاوترین نموونەی هەنووکەیی گرفتی حکوومەتی لیبراله، واته ئەم گرفتەی کە چلۆن ئازادی و مافی هەڵبژاردن بە بەرژەوەندی خەڵك بگەیەنینە سەرترین ئاستی پێویست، بە بێ ئەوەی زیانێك بخاتە سەر ئازادی و مافی هەڵبژاردنی دیتران.

دەروونشیکاری هیچ رێگە چارەیەکی راستەوخۆی بۆ ئەم گرفتە نییە، بەڵام دەتوانێت یارمەتییەك بێت بۆفام کردنی ئەو هەستگەلەی کە لەگەڵ دەلالەتەکانی هەردوو لایەنی ئەم مشتومڕەدا تێکەڵ دەبێ، واته هەم ئەو کەسانەی کە مەبەستیان داکۆکی لێکردن یان پەرەپێدانی ئازادیە تاکیەکانە (لەم بوارەدا ئازادی کەڵك وەرگرتن لە ئۆتۆمبێل)، و هەم ئەو کەسانەش کە بەدووی کەمکردنەوەی ئەم ئازادیانەوەن. ئێستەش دەبێ کە رق هاتن لە ئۆتۆمبێل لە روانگەیەکی دەروونشیکارانەوە لێکبدەینەوە، تاکو باسی پێگەی کۆمەڵناسانەی ئەم رق لێهاتنە لە نەریتی پیتۆڵخوازانەدا تەواو بکەین، هەروەها باڵانسێك بدەینە رەخنەی دەروونشیکاری لە ئارمانی کردنەوەی تەکنیك دۆستانەی ئۆتۆمبێلدا.

ئۆتۆمبێل لە روانگەیەکەوە سەمبۆل یان دەرخەری وێرانگەرییە. دەزانین کە دەکرێ وەکو کەرەستەی کوشتن یان کەرەستەیەك بۆ لەناوبردنی بێ زەحمەتی گیانی مرۆڤ بەکار بهێنرێ. ئەم بابەتە بەرپرسیارەتییەکی قورس دەخاتە ئەستۆی لێخوڕان، چونکە نەتەنیا دەبێ بە وریاییەوە لێخوڕن، بگرە هەروەها ناچارن بەردەوام بە خەیاڵێکەوە بژین کە لەژێر کاریگەری دەسەڵاتداری بەسەر وەها شتێکی هێزەکی مەترسیهێنەردا دێنە ئاراوە. بەپێی وانەی دەروونشیکاری، بواردان بە وەها خەیاڵگەلێکی وێرانگەرانە ــ بەم مەبەستە کە کاریگەری بنێنە سەر خەیاڵ، ئەزموون و ئیشی ئێمەدا ــ کارێکی زۆر ئاسانە. دەروونشیکاری هەروەها سەرنجی ئێمە بۆ ئەو خەرجە دەروونیانە رادەکێشێ کە شۆکی شەڕەنگێزی ــ تەنانەت ئەگەر بەسەر ئەو شۆکەشدا زاڵ بین ــ رەنگە بە سەرماندا دایسەپێنێ.

زۆرینەی خەڵك بە هۆی ئەزموونی رۆژانەی خۆیانەوە بڕوایان وایە ــ بە تایبەت پیاوان ــ بە زوویی خۆیان رادەستی ئەم شۆکە دەکەن. ئەگەر ئەو باسانەی کە لەم بەشەدا هاتوونەتە ئاراوە درووست بن، ئەو کات دەتوانین بڵێین هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی راکێشەری خودی ئۆتۆمبێل سواری ــ وەکو کەرەستەیەکی زۆر خێرا و جوان بۆ جووڵانەوەی تاکەکەسی ــ بە مسۆگەرییەوە دەبێ بێتە هۆی ئەوەی پیاوان زیاتر لە ژنان هۆگری بن، بەڵام هەر بەو جۆرەی کە لێکدانەوەی دەروونشیکارانە لەسەر جنسییەت سەلماندویەتی، بارودۆخی فەرهەنگیی

هەنووکەیی ئێمە بە شێوەیەکە کە گرەوێتی ئێمە بۆ جیاوازی دانان لە نێوان دوو رەگەزی ژن و پیاودا لە رادە بە دەرە، هەروەها بڕواشمان وایە ــ وەهاش هەست دەکەین ــــ کە بڕێك لە تایبەتمەندییەکان (بە تایبەت تایبەتمەندییە بە گرفتەکان) زۆرتر هی ژنان یان پیاوانن. بەم جۆرە ئاشکرایە کە پیاوان زیاتر لە ژنان تاوانبار دەکرێن بە کەڵك وەگرتنی تەکنیك دۆستانە و تاوانبارانە لە ئۆتۆمبێل، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی خەرج و قازانجەکانی ئۆتۆمبێلدا، نابێ دەرفەت بدرێ کە جدی بوونی ئەم بابەتە وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتی، بایەخی مرۆیی و ئەرێنیی ئۆتۆمبێل داپۆشی، یان بە پێچەوانە.

ئۆتۆمبێل، زۆرتر بە هۆی چییەتی کارێکەوە کە دەیکات، هەڵگری هەستێکی زۆر شەڕەنگێزانەیە، ئەگەرچی دەبێ ئەمەش بوترێ، کە داڕێژەران و فرۆشەران زۆر هەوڵیان داوە تا ئەم کاریگەرییە زۆرتر بکەن، بەڵام ئۆتۆمبێل لە هەمانکاتدا ناچارمان دەکات لە کاتی کەڵك وەرگرتنی کردارەکی لە ماشێن، ئەم هەستانە تا رادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ بکەین (ئەڵبەت هێشتە دەتوانین ئەو هەستانە دیهاوێژی بکەینە سەر لێخوڕەکانی دیکە، یان (بە واتایەکی دیکە) لە بۆچوونەکانماندا سەبارەت بە لێخوڕگەلێکیتر هەر ئەو هەستانە دەربڕین). تەماسی جەستەی ئۆتۆمبێلەکان پێکەوە، بەشێکە لە حەرامکراوەکان. هەر بۆ ئەوەی کە بەشی ناخودئاگا ناتوانێ بە ئاسانی لە نێوان هەستگەلێك کە رەوا دەبیندرێن لەگەڵ هەستگەلێکدا کە کۆنترۆڵ دەکرێن جیاوازی قایل بێ، بیرکردنەوە لە وێناتی شەڕەنگێرانە ــــ بە چاوپۆشی کردن لەوەی کە خودی لێخوڕ چەندە پاوەنکار یان خۆش رەفتارە ــــ هەستی گوناهی بە شوێنەوەیە. بۆیە، وێنەی هۆشی ئۆتۆمبێل وەکو سەنتەرێکی دەروونییە کە کۆمەڵێك شۆکی وێرانگەرانە یان هەستی گوناهبارانە دەتوانن بە دەوریدا کۆ ببنەوە. ئەم بابەتە نە تەنیا سەبارەت بە لێخوڕە تاکەکان، بگرە بە گشتیی لەمەڕ سەرچەشنەکانی هەستە پێوەندیدارەکان بە ئۆتۆمبێلیش لە فەرهەنگی ئێمەدا دروستە. ئەم سەرچەشنانە دەچنە نێو گوتاری گشتییەوە و هەموومان ــ چ لێخوڕ بین و چ نەبین ــ وەریان دەگرین و قبووڵیان دەکەین. بەم شێوە، ئۆتۆمبێل وەکو ــ بزوێنەری وێرانگەری و هەستی گوناه، پڕە لە دەلالەتەکانی ئۆبژەیەکی ناحەز و ئازاردەر.

ئەڵبەت نابێ لەبیر بکەین کە ئۆتۆمبێل وەکو کۆمەڵێکی وەستاو لە تەکنۆلۆژیا، بە باشی دەتوانێ نوێنەری هەستەکانی مرۆڤ بێت. ئۆتۆمبێل دەتوانێت کەرەستەیەك بێت بۆ دەربڕینی هەستەکانی ئێمە، بەڵام لەم خولە دواییەدا دەرکەوتنی روانگەی نەرێنیی سەبارەت بە

ئۆتۆمبێل تا ڕادەیەك نیشانەی ئەوەیە کە خەڵك، ئۆتۆمبێل بە دەرخەری ئەم هەستە سەختگیرانەیە دەزانن نەك بە سەمبولێك لەو هەستگەلە. بە واتایەکی‌تر، ئۆتۆمبێل وەك خۆی وەکو کردەنوێنێکی ئەهریمەنی بیری لێ دەکرێتەوە. لە دوو پڕۆگرامی «موستەنەد»ی تلەڤزیۆنی لە ساڵی ۱۹۹۲دا ئۆتۆمبێل وەکو وزەیەکی بێگانە و خودموختار کە مرۆڤی مەفتوونی خۆی کردووە خراوەتە بەرچاو، یان وەکو دەرمانێکی هۆشبەر پەسن کراوە کە ئێمە ئاڵوودەی بووینە. هەروەها هێتکۆت ویلیامز[١] لە پەڕتووکێك[٢]دا کە لە کەتواردا پێکهاتووە لە شیعر و وتارێکی ئاماژەی، خەیاڵێکی تەواو پارانوویایی شرۆڤە کردووە کە ئۆتۆمبێل تێیدا وەکو «دێوەزمەیەکی بێ‌ئەقڵ و هەست کە تەواوی گۆی زەوی تووشی مەترسی کردووە» ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ.

لە چەمکی ئاڵوودەبوون زۆرتر بۆ پەسنی پێوەندیی ئێمە لەگەڵ کاڵا خەرجییەکاندا کەڵك وەردەگیردرێ. ئەگەرچی ئەم چەمکە دەبوو تەنیا وەکو چەشنە خوازەیەك بوایە ــ کە ئەڵبەت لەو دۆخەشدا بە شیمانەوە خوازەیەکی بە هەڵە خەرە ــ، بەڵام سەرنجمان بۆ دووەمین هۆکاری دژایەتی لەگەڵ ئۆتۆمبێل لە ئێستەکەدا ڕادەکێشێ. خوازەی ئاماژە پێکراو وەکو شتێك، ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە سەبارەت بە ئۆتۆمبێل و ئەوەش لەو ڕووەوەیە کە ئێمە زۆر هۆگری بووینە. زۆرینەی ئەو کەسانەی کە ناسزا بە ئۆتۆمبێلدا دەڵێن خۆیان خاوەنی ماشێنن و ئەگەریش ماشێنیان نەبوایە، ژیانیان تووشی گرفت دەبوو. ئەم وڵامە باوە کە ئەگەر سیستەمی هێنان و بردنی گشتیی باشتر بوایە مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگرت، ڕەنگە تا ڕادەیەك دروست بێ، بەڵام بە هۆی جوغرافیای کۆمەڵایەتی و هەروەها دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە بەشێکی کەتواربینانە لەم چەشنە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی بەریتانیا بوونی نییە، چونکە لەم وڵاتەدا هەرچەندە سرویسە گشتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بێ، دیسان ئۆتۆمبێل ڕۆڵێکی سەرەکیی ناگێڕێ ــ بە چاو پۆشی لەوەی کە لە داهاتوودا چ گۆڕانکارییەك بێتە ئاراوە، کەتواری هەنووکە ئەوەیە کە ئێمە گراوی ئۆتۆمبێلین. بابەتی ئەم گراویەتییە لە ڕوانگەیەکەوە بەر ڕقی ئێمەیە، چونکە دەسەڵات دەسەپێنێ بە سەرماندا، دەتوانێ بێ ئومێد و تووشی دابڕانمان بکات و لە هێزی قەدەخەکردن بەهرەدارە.

هەر تاقە ئۆتۆمبێلێك لە بڕێك تەکنۆلۆژی تایبەت بەهرەدارە و دەتوانێ تووشی گرفتی

---

١ ـ Heathcote Williams (لە دایك بووی ساڵی ١٩٤١)، شاعیری ئینگلیزی.

٢ ـ لەژێر ناوی Autogeddon

تەکنیکی بێت و داخوازییەکانمان دابین ئەکات، بەڵام رقی گشتیی لە ئۆتۆمبێل بە هۆی گراویەتیمان بۆی، رەنگە بگەڕێتەوە بۆ پێوەندی جەستەییمان لەگەڵیدا. لە کاتی کارکردن لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا، ناچار دەبێ بهێڵین کە لەگەڵ خۆیدا بمانبا، لەو دۆخەدا، ناتوانین لەکورسیەکە جویێ بینەوە و چوار دەورمان بە مێتاڵ و شووشە داخراوە. دڵ هەوڵی ناو ماشێن کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر ئەو فەزا هەناسە برە، یان رەنگە وەکو کاردانەوەیەکی تێکەڵ بە دەسەپاچەیی و دڵهەوڵی مندالی بزانرێ کە لە لایەن کەسێکەوە - کە دەبوایە چاوەدێری لێ بکردایە، بەڵام لە دۆخی خۆی ئاگادار نییە- سەرەوخوار ئەملا و ئەولای پێ دەکرێ.

لێخوڕان زاڵن بە سەر ئەو ئۆتۆمبێلەی لە لێی دەخوڕن و ئاساییە، کە تووشی دڵهەوڵی نابن. تەنانەت ئەوکاتەش کە کارمان بە ماشێنە دیسان تا رادەیەك لەژێر دەسەڵاتی حوزووری داین: لە فەزای شاردا، شوێنگەلێك بۆ پیاسەکردن هەیە و بە گشتیی فەزای گشتیی سەدەی بیستەم زۆرتر ئەو هۆکارە چارەنووسی بۆ دیاری کردووە کە بەپێی شتێکی هۆشی بە هەڵەخەر ناوی لێ نراوە «نیازەکانی ئۆتۆمبێل».

بەم جۆرە، ئۆتۆمبێل دەتوانێ تایبەتمەندییەکانی دایکێکی ناکارامە بگرێتە خۆی (ئەگەر بمانەوێ لە زاراوەیەکدا کە وینییکات پەرەی پێداوە تۆزێك دەست تێوەردان بکەین، دەتوانین بڵێین «ژینگە وەکو دایکێکی ناکارامە»)، واتە دەتوانێ بەربەست دانەر، کۆنترۆڵکەر و هەناسەبڕ بێت. بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی گرەوێتی ئێمە بۆ ئۆتۆمبێل، ئەمە (بەهرەمەندی لە تایبەتمەندییەکانی دایك) دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئۆتۆمبێل ببێتە بابەتی ترسگەلێکی زۆر توند و دۆخگەلێکی کارەساتی. رەنگە ئەم راستییە بە شێوەیەك لە تەکنیکدۆستی بەوە پێشبینی بکرێ: هەر کاتێك کەسێك یان شتێك ئارمانی بکرێتەوە، بە مسۆگەرییەوە دڵەڕاوکێ و رقیش دێتە ئاراوە. سەررێژ کردنی هەستی دژ بە ئۆتۆمبێل لەم دواییانەدا نیشانی ئاشکرابوونی فەرهەنگ و وێنەکانی هەستی ترس لە تەکنۆلۆژیایە لە لایەن ئێمەوە، کە شەوقی تەکنیکدۆستی لە رابردوودا دایپۆشی بوو.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان سەرەکییترین هۆکاری ئاشکرا بوونی ئەم ترسە شاراوەیە بوون، بەڵام لە روانگەیەکی دەروون بزۆز ناسانەش، تەکنیکدۆستی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جەمسەری چەواشەی خۆی، چونکە ئێمە لە ئەم ئەوێتی لەگەڵ وێنەی هۆشی تەکنۆلۆژیاوەکو دیاردەیەکی زلهێز، دەترسین. بە وتەیەکی دیکە ئێمە لەگەڵ برێك لە تەکنۆلۆژیاکاندا نەیاری دەکەین چونکە لە «گێڕانی رۆڵی خوداوەندێکی توانا» ترسمان هەیە. لێرەدا چەشنە

«کاردانەوەیەکی سەرئاوەژوو» دێتە ئاراوە، کە لە زمانی دەروونشیکاریدا بە هەوڵدانێك دەوترێ بۆ راهاتن لە گەڵ هەستێکی قبووڵنەکراو لە رێگەی کارکردن بە رەوشتێکی دژ بە ئەو هەستە.[1] لەم بوارەدا شۆکی زهێزی تەکنیكدۆستی دەگۆڕدرێ بە دژ بە خۆی، واتە بە تەوازوع لە دابڕانێکی فرە و بێزارییەکی زۆر لەو هزرەی کە دەڵێ داهێنەری مرۆڤ دەتوانێ دۆخی ژیانی لە بنەڕەت و بنچینەدا بگۆڕێ.

نموونەگەلێکی توندڕۆانە لەم داکۆکییە کە نیشانەی ترس لە تەکنیکە، لە بواری تەکنۆلۆژی زاوزێدا بینراوە. بڕوای بونیادگەرانە بە ئاینی مەسیح لەگەڵ بڕێك لە روانگەییەکانەوە تێکەڵاوبوون تا ئەندازیاری زاین بدرێتە بەر رەخنە و بەم جۆرەش بەڵگە هێنراوەتەوە کە ئەم تەکنۆلۆژیە مافێکی خودادادی پێشێل دەکا، یان دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانەی تەکنیکی ــــ پاوسالارانە پەرە[2] پێدەدا.

## چوارچێوەی کۆمەڵایەتی:

گرووپێك لە لێکۆڵەران ئەم باسەیان هێناوەتە ئاراوە کە بڕێك لە لایەنەکانی پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئۆتۆمبێلدا ــــ و بە گشتیی زۆرینەی تەکنۆلۆژیا ــــ یان خەسڵەتێکی تەکنیكدۆستانەیان هەیە یان خەسڵەتێکی ترس لە تەکنیك، بەڵام ئەمە تەنیا چەشنە پەندێکی ئاگاکەرەوە نییە، چونکە تەکنۆلۆژی بە شێوەیەکی پراکتیکی نە دەسەڵاتێکی رەهایە و نە چیەتییەکی تاك هەلومەرجیشی هەیە، واتە وزەیەکی جادوویی نییە، کە بتوانێ بۆ مەبەستی خێر یان شەڕ بەکار بگیردرێ. تەکنۆلۆژی بەشێك لە فەرهەنگی مرۆڤایەتییە. هەر بەم هۆکارەشەوە دەتوانین بڵێین کە شێوەی سێیەم و چاك بۆ پێوەندیی گرتن لەگەڵیدا هەیە. لەم شێوازەدا، وێڕای هەستکردن و داننان بە رەنگدانەوەی ناخودئاگاهانەی تەکنۆلۆژیا، ئەو

---

١ ــ لە زاراوە دەروونشیکارییەکاندا، «کاردانەوەی بە پێچەوانە» (reaction formation) میکانیزمێکی بەرەنگارییە کە تێیدا بە مەبەستی کەم کردنەوەی دڵەڕاوکێ، کۆمەڵێك شۆك یان هەست سەرکوت دەکرێن و شۆك و هەستە جیاوازەکان لەگەڵیدا بە ئەو کۆمەڵە بەرجەستە دەبنەوە. بە وتەیەکی دیکە تاك شێوە روانینێك دەگرێتە پێش کە بە تەواوی لەگەڵ مەیلی ناخوئاگاهانەیدا دژایەتی هەیە. بۆ نموونە، منداڵێك کە هەستی رق لێهاتن لە دایکی سەرکوت کردووە بێرادە نیگەرانی لەشساغی دایکی دەبێت.

٢- بۆ خوێندنەوەی باسێك سەبارەت بە بڕێك لە نموونەکانی ترس لە تەکنیك لەم بوارەدا بڕوانە، ریچاردز، ئا ١٩٨٥.

ڕەنگدانەوە لە چوارچێوەی ئەزموونێك كە لە سەر بنەمای بەربەستگەلێكی كەتواربینانە و هەروەها دەسەڵات و چییەتی كۆمەڵایەتی تەكنۆلۆژیاوە بیچمی گرتووە، كۆنترۆڵ دەكرێن.

بەهرەدار بوونی تەكنۆلۆژیایەكی وەكو ئۆتۆمبێل لە چەشنە جۆراوجۆرەكانی دەلالەت كە بارگاوی دەكرێنە سەری، شتێكی هەڵە نییە، چونكە ئێمە بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ تەواوی دیاردەكانی دنیای مادی لە ساز و كارگەلێكی نێوەنجی وەكو یەك، كەڵك وەردەگرین هەرچەند بەردەوام بەم زۆری و تەسەلیشەوە نەبێ. بەم پێیە ئەم شێوەیە كە نموونەكانی تەنیا بۆ خەرجی بوون بەهای كاركردیان پێبدرێ، شێوەیەكی باش نییە بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ تەكنۆلۆژیادا (چوون لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكیتر، تێكەڵ كردنی كەرەستەی چێشتی، وتووێژ لەگەڵ ئەو كەسانەیدا كە هەزاران كیلۆمەتر دوورن لێمان و...). وەها ڕوانگەیەك ناموكینە. ئۆتۆمبێل هەرگیز ناتوانێ كەرەستەیەك بێت بۆ، چوون لە شوێنێك بۆ شوێنێكی دیكە، هەر بەو شێوە تەلەفۆنیش تەنیا سیستەمێك بۆ قسەكردن و قسە بیستن نییە. گرفت ئەوە نییە كە ئایا پێوەندی ئێمەل لەگەڵ چەشنە جۆراوجۆرەكانی تەكنۆلۆژیا هەڵگری ڕەهەندێكی خەیاڵپەروەرانەیە یان نا، بگرە گرفت ئەوەیە كە ناوەرۆكی خەیاڵات چییە و كەڵك وەگرتنی هەمە لایەنەی ئێمە لە چەشنەكانی ئەكنۆلۆژیا، بە گشتیی لە ژیانی هۆشی ئێمەدا چ ڕۆڵێك دەگێڕێ.

بۆ باسكردن لە سەر ئەم بۆچوونە، دەتوانین پەنا بەرینە تیۆری گشتیی كولتوور لەسەر بنەمای دەروونشیكاری. ڕەنگە بەشێكی هەرەگرینگی دەروونشیكاری لە تێگەیشتنی كۆمەڵگەدا، ئەم زانیارییە بێت كە فەرهەنگ دەسكەوتێكی بەرزی مرۆیی نییە، كە دروست وەكو خاڵی بەرامبەری سروشتی حەیوانی مرۆڤ بیری لێ بكرێتەوە، بگرە فەرهەنگ برێتییە لە پرۆسەی خەباتی بەردەوام و كاریگەری دوو لایەنە لە نێوان نیازی سەرەتایی و بەرگری كۆمەڵایەتیدا. لەسەر بنەمای ئەم پرۆسەیە ئێمەی مرۆڤ هۆشمەندی و بونیات و شتە مادییەكان دەخولقێنین. ئەو ڕازی بوون و چێژ و لەزەتە تایبەتەی كە لە بەشداری فەرهەنگی وەری دەگرین، لەسەر ئاوێتەییەك ڕاوەستاوە، كە دەتوانین لە نێوان وزە دژكارەكاندا بیهێنینە ئاراوە. ئەگەر بمانەوێ هەر ئەم بابەتە بە كەڵك وەرگرتن لە زاراوەكانی دەروونشیكاری كلاسیك بڵێینەوە، دەبێ بڵێین كە ئەم كارە بە واتای تێكەڵكردنی «پرەنسیپی لەزەتە لەگەڵ «پرەنسیپی كەتواردا، یان بەواتای بەرزڕاگرتنە. بە واتایەك دەتوانین بڵێین كە دەبێ شەهوانییەت لەگەڵ ژیانی كۆمەڵایەتیدا تێكەڵ بكەین، جەستە ــ «خود» دەبێ سووبژەیەكی كۆمەڵایەتی بێ.

هەروەها بۆ وتنەوەی ئەم بابەتە بەپێی بۆچوونەکانی کلاین، دەبێ بوترێ کە ئەم کارە بە واتای «قەرەبووی زیان»ـە، واتە بەرجەستە بوونەوەی هەستی خۆشەویستی لە چاوەی ئەو ئۆبژە سەرەتاییانەی (و نوێنەرانی هەنووکەییان لە دنیای دەرەوەی هۆشدا) کە لە دەورانی منداڵیدا هەم گەشە و هەم کزییان داوەتە دەروون.

شێوە جیاوازەکانی تەکنۆلۆژیا وەکو فەرهەنگی مادی وان، و هەربۆیەش لە تویێی ئەم ئاڵۆزیانەدا جێگر بوونە. بەم جۆرە، لەزەتە جوانەکانی کەڵك وەرگرتن لە ئۆتۆمبێل تەنیا بە ئەزموونی شەهوانی خێرایی و هێز یان تەنیا بە ئەزموونی گەڕانەوەیی بەستنەوە و پاراستن کۆتایی پێ نایە. ئەو لەزەتەی ئاماژە پێکراوانە پێکهاتوو لە تێکەڵاوییەکی لە ئەم دەلالەتانەی ئۆتۆمبێل لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە لە دەلالەتەکاندا. ئەم دەلالەتە دواییانە وەکو پێداویستییەك بارگاوی دەکرێن بۆ سەر چەشنە جۆراوجۆرەکانی تەکنۆلۆژیا، چونکە بۆ ئێمە پیشاندەری ئەو کۆمەڵگەیەن کە ئەندامین تێیدا، دیترانێك کە ناچارین بە ژیان لەگەڵیاندا و هەروەها بەربەستگەلێك کە دەبێ بیانپارێزین بۆ لەزەت بردن لە پێوەندییەکانمان.

لەم باسەدا وا تێدەگەین کە لەزەتی ئێمە تەنیا سەرچاوەی لە لێخوڕین وکۆنترۆڵ کردنی ئەم شتە (ئۆتۆمبێل) - چەند واتاییە لە بواری شەهوانی-وە نییە، بگرە لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم کارانە لە چوارچێوەی ڕێسا وسنووورە مادییەکاندا کە نوێنەری کۆمەڵگە و شوێنگەی کۆمەڵایەتی ئێمەیە تێیدا ئەنجام دەدەین: جۆگەی پەراوێزی شەقام و پانتایی و بەربلاوی فیزیکی شوێنی تێپەڕ بوونی ئۆتۆمبێل، نیشانەکانی جادە، زانیارییەکانی دەزگەی ڕێگەوبان و لێخوڕین، کەرەستەکانی‌تری هێنان و بردن و باقی خەڵك. ئەمانە وێناکردنەوەی «پرەنسیپی کەتوار»ـە، ئەگەرچی هەندێك لەزەت لە لێخوڕ —وەکوسوبژەیەکی وزەی شەهوانی- دەبڕن و دەبنە هۆی دابڕانیشی، سەرچاوەیەکە بۆ ڕەزامەنییەکی دەروونی و قووڵ، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە زاڵ بین بە سەریاندا بەردەوام مۆرکیش بۆ خوی دەنێینە سەر پێوەندی ئێمە بە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، چوارچێوەیەك کە ئێمەی لە خۆ گرتووە ونیازەکانمان دابین دەکات.

ئەڵبەت ئەم لەزەتانە بیچمێکی ئامادەیان نییە، بگرە دەبێ لە ڕێگەی فێربوونی لێزانینی پێویستەوە وەدەست بهێنرێن. لە کاتی کەڵك وەگرتنی کاریگەر لە کۆمپیوتەری شەخسی ڕەنگە لەزەت ببەین لەوەی کە تا ڕادەیەك هەستی دەسەڵاتی زهێزمان بەسەردا دەسەپێنێ، ئەم هەستەش بە هەمان شێوە لە زاڵیەتی بەسەر ڕەوشت و دنیای کارکردن بە کۆمپیوتەرەوە

سەرچاوە دەگرێ. لە ڕێگەی ئەم ڕەوشتگەلەوە ــ کە تەکنۆلۆژیا ناچارمان دەکا بە کاریان بەرین ــ چوارچێوەی ئەزموونی شەهوەت بزۆز و داهاتی خەیاڵپەروەری لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دیاری دەبێ.

لە بەشی سێهەمدا بەڵگەم هێناوە کە وەرزش یەکێك لە نموونە بەرچاوەکانی سەپاندنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی بەسەر مەیلە سەرەتاییەکاندایە، ئەویش بە مەبەستی ڕیکیەتی دان بە سەرزیندوویی. لە بەشی چوارەمدا وتم کە بنەمای ڕوانینەکانی خەڵکی بەریتانیا بۆ ناوچە گوندنشینەکانیش هەر بەو جۆرە پێکهاتەیەکە لە فۆرمبەندییەکی دەروون بزۆزی. هەر بەم جۆرە لە فەرهەنگی ئۆتۆمبێلدا گەڕانێك بە دووی زیندانی بووندا دەبینرێ. ئەزموونی دانیشتن لە نێو ئۆتۆمبێل وەکو شتێکی داخراو، هەروەها کەڵك وەگرتنی لێزانانە لە چوارچێوەی کایەی کۆمەڵایەتیدا، هەردووکیان نموونەیەکن لەو گەڕانەی کە باسمان لەسەر کرد. دەتوانین بڵێین کە چۆنییەتی شەهوانی سەبارەت بە ئۆتۆمبێل زیاتر لەو نموونەگەلەی کە لەم پەڕتووکەدا لێکدانەوەمان لەسەر کردووە لە خۆشیفتەییەوە سەرچاوە دەگرێ و پێوەندی تاك لەگەڵ خوازەی ئارمانیی دایك و باوك، زۆتری چییەتیەکی ئارەزوومەندانە و دەروون ڕەنجورانەی هەیە، بەڵام نابێ ئەم دۆخە بە دۆخێکی گۆڕان هەڵنەگر بزانین، بە وتەیەکیتر، پێوەندیی هەر فەرهەنگێك لەگەڵ چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئۆبژەدا دەتوانێت بگۆڕدرێ.

بۆ کۆکردنەوەی باسەکانی ئەم بەشە پێویستە دووبارە ئاماژە بکەینەوە بۆ سیاسەتەکانی پاراستنی ژینگە: لەوەی کەوترا ئەم ئەنجامە سەرەکییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بزاڤی پاراستنی ژینگە دەبێ گوتارێك بێنێتە ئاراوە کە خەسڵەتی دیهاوێژییانەی پێوەندیی ئێمە لەگەڵ تەکنۆلۆژیدا قبووڵ بکا. ئەم بزاڤە تا ئێستە تێگەیشتنێکی ڕێژەیی لە تەکنیكدۆستی بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لە گوتاری خۆیدا لەبەرچاو گرتووە (چونکە بەڵگەنەویستە کە تێگەیشتنی ئەم بابەتە لەگەڵ ئەنجامەکانیدا تەبایی هەیە). بزاڤی ئاماژە پێکراو سەبارەت بە ترس لە تەکنیکیش دەبێ هەرئەم کارە بکات و لە تەبایی لەگەڵ هەستی پڕ لە سۆزی ترس لە تەکنیکدا خۆ ببوێرێ، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەو هەستگەلە بە دووی پێگرتنی ئامانجگەلێکن بە بەرژەوەندی ژینگە، دەروونشیکاری، کە تیۆرێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی دەروونی، ناتوانێ لەگەڵ چاکەئەندێشی سیاسی ــ و تەنانەت پرەنسیپە سیاسییەکان ــ دا سازگار بێت. هەرکاتێك بمانەوێ دەروونشیکاری بکارینە سەر بابەتە سیاسییەکاندا، ئەگەری هێزەکی بۆ سەرهەڵدانی ئەم گرفتە هەیە.

# بەشی شەشەم

# کالاّ و ئۆبژە شاییهێنەرەکان

**روانینێکی دەروونشیکارانە بۆ خەرجیی کاڵا:**

لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارانە سەبارەت بە ژیانی رۆژانە، بە شێوەیەکی ئاسایی زیاتر لە کایەی ژینباشی و (سرویسە تەندروستییەکان)دا دەکرێن، چونکە دەروونشیکاری زۆرتر وەکو لقێکی پەرەسەندوو، سەرەڕای دەرمانکردنی (نەخۆشە دەروونییەکان) کەڵك لێ وەرگرتنێکی بەربلاوتریشی هەیە کە زۆرتر پێوەندییان بە هەمان کایەوە هەیە.[1] جیا لەمەش، پسپۆڕانی ژینباشی و (سرویسە تەندروستییەکان) تا ئەم دواییانە لە ئەندێشەکانی دەروونشیکاری کاریگەرییەکی ئەوتۆیان وەرنەگرتبوو، چونکە ئەوان بە شێوەگەلێکی جیاواز لە بەرامبەر بۆچوونی دەروونشیکارانەدا بەرخۆدانیان دەکرد و دەروونشیکاریش لە کایەی بەربڵاوی کولتووردا بە گشتیی بابەتێکی پەراوێزی بوو.

دیسان لە بەستێنی خوێندنەوە سیاسییەکاندا، دۆخێکی دیکەی بەو شێوە هەبووە: سەرەڕای ئەوەی کە لەم دە ساڵی رابردووەدا دەروونشیکاری، لە کولتووری بەریتانیادا بە خێرایی بووە بە باو و لێکۆڵینەوەگەلێکی کەمیش لە بواری رۆڵی دەروونشیکاری لە شرۆڤەی پرۆسە سیاسییەکاندا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەو تێگەیشتنەی کە دەروونشیکاری دەتوانێت سەبارەت بە بابەتگەلێکی گرینگی وەکو ناسیۆنالیزم، سەرۆکایەتی سیاسی و شۆڕشە شارییەکاندا بیهێنێتە ئاراوە، لە گوتاری گشتییدا مۆڵەتی دەرکەوتنی پێ نادرێ. بابەتی شەڕی ئەتۆمی لە هەشتاکاندا، وەکو بەستێنێکی باش بۆ تێگەیشتنی پرسە سیاسییەکان لەسەر بزۆزییە دەروونییەکان دەهاتە بەرچاو، بەڵام بە چاوپۆشی کردن لە برێك لەو چەمکانەی، کە تێكتەنراو نین (وەکو پێداویستی دوژمن دروستکردن)، وەها تێگەیشتنێك لە بزاڤی ئاشتیخوازی بە گشتیی نەهاتە ئاراوە، چ بگاتە پانتایی کولتووری سیاسی.

دەتوانین بڵێین کە ناکامییەکانی دەروونشیکاری لە کاریگەری دانان لەسەر خەڵك بە گشتیی، تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ناتەوانییەکانی شێوەی پەرەسەندنی ئەم تیۆرە. تاکی ئایدیال بۆ ئەوەی زانیارییەکانی دەروونشیکاری بخاتە نێو گوتارێکی گشتییترەوە، کەسێکە کە

---

١- ئەم بەشە لە وتارێك وەرگیراوە لەژێر ناوی «دەروونشیکاری، خەرجی کاڵا و بەراوردکردنی بازاڕ» بۆ بەشی «دەروونشیکاری و خەرجی کاڵا»ی کۆبوونەوەی «دەروونشیکاری و هەرێمی (کولتوور )گشتی» لە نۆڤەمبەری ١٩٩١ لە زانکۆی رۆژهەڵاتی لەندەن، ئامادە کراوە. ئەم بەشە، بە لابردنی برێك لە پەراوێزەکان و رستەگەلێك کە پێوەندییان بە باقی بەشەکانی ئەم پەڕتووکەوە هەیە لە وەرزنامەی ئەرغەنوونی (ژمارە ١٩)دا بڵاو کراوەتەوە. ئەم وەرگێڕانە، بە پێداچوونەوەیەکی نوێوە لە خۆگری تەواوی دەقی ئەم بەشەیە. (و))

هەم رۆشنبیر بێ و هەم پسپۆڕی بالینی، هەمیش هاوولاٌتییەك كە بتوانێ بە زمـانێكی سـادە قسان بكات. هەروەها دەبێ ئەمەش لەبەرچاو بگیردرێ كە نەریتی كۆنی تیۆری دانانی راڤەیی تەسك بێن، سەبارەت بە ژیانی كۆمەلاٌیەتی، بە راستی بووەتە هۆی گومـانكردن لـە بۆچـوونە دەروونشیكارییەكان، بەلاٌم كاتێك ئەم تیۆرە سەبارەت بە بابەتگەلێكی وەكو دنیـای دەروونـی تاوانكارانی تووڕە، نیازەكانی منـدالاٌنی شـیرەخۆر و منـدالاٌنێك كـە شـیمانەی ئـەوە هەیـە دەستدرێژی جنسی كرابێتە سەریان، بۆچوونێكی بە بایەخ و رەنگە بێ وێنەی هەبێ. ئەو كات مایەی نیگەرانییە، بۆ ئەو پسپۆڕانەی لەگەلٌ ئەم جۆرە تاوانكار یان مندالاٌنـەدا سـەروكاریان هەیە و تێدەكۆشن كە زیانە سۆزییەكان دابەزێننە ئاستێكی هەرە خوار و مەیلی وێرانگەرییان تێدا كۆنترۆلٌ بكەن. دەروونشیكاری تا ئەم رادەیە بـە بـێ بایـەخیـەوە –ئەگـەر نـەلێین بـە پێچەوانەی شێوە هزریەكەی ئەوان- ساتوسەودایی لەگەلٌدا دەكرێ.

ئەگەر بۆچوونێكی دەروونشیكارانە لە شرۆڤەی كولتووری جەماوەریدا هـەبێ، رەنگـە لـە سەرەتای باسەكەدا وەها بێتە بەرچاومان كـە فـەزای هـزری ئـەم بەسـتێنەش، وەكـو كایـەی ژینباشی و سیاسەت، بە گشتیی هەلٌگری دەروونشـیكاری (یـان لانیكـەم تیـۆری «پێوەنـدی لەگەلٌ ئۆبژە» یان قوتابخانەی كلایـن كـە لێـرەدا كـەلٌكی لـێ وەرگـیردراوە) نییـە. ئەلٌبـەت تیۆرەكەی لاكان[١] و بۆچوونە پێوەندیدارەكانی، لە لێكۆلٌینەوە كولتوورییەكانـدا بـەكار دێـن، بەلاٌم ئەم تیۆرە لە پێناسەیەكدا كە لە كایەی خوێندنەوە كولتوورییەكاندا لـە دەروونشـیكاری هەیەتی، هەروەها لە شێوەی كەلٌك وەگرتن لە فەزای تایبـەت بـە ئـەو، كێشـە سـاز، بـووە. چونكە ئەم بۆچوونانە هەر سوودێكیشیان هەبێ ناتوانن تەواوی لایەنەكانی بەشی ناخودئاگا لە فەرهەنگی جەماوەردا لێك بدەنەوە، بەلاٌم ئەگەر بڕۆینە سەروەختی كایـەی خـەرجیی كـالاٌ و بانگەشە بازرگانییەكانەوە ئیدی ئەم گریمانەیە دروست نییە كە زۆرینەی خەلٌك لەگەلٌ زانیارییە دەروونشیكارییەكاندا نەیارن. وەها دێتـە بەرچـاو كـە ئـەقلٌی تەندروسـت لـەم بەسـتێنانەدا حوكمێكی دیكەی هەیە. رەنگە ئاماژە كردن بۆ دژوازی و دلٌەڕاوكێی ناخودئاگا، لە باسەكانی ژینباشی و (سرویسە تەندورستییەكاندا) پێوەندیی نەدار بێنە بەرچاو، بەلاٌم لەو شـوێنەدا كـە (كاریگەری) گرفت و گوشارە ئاشكرا و دەرەكییەكان تەواوی سەرنجی ئەم پسپۆڕانە بـۆ خـۆی رادەكێشێ، ئەوان بۆ مۆرك دانان لەسەر رۆلٌی بەربلاٌوی ئەم گرفـت و گوشـارانە لـە فـرۆش و

---

١- (Jacques lacan 81-1901) ، دەروونشیكاری فەرەنسی.

بەکارگرتنی ئۆتۆمبێل، ڕۆژنامە، کاکائۆ، ساردەمەنی و زۆرێکی دیکە لە کاڵا خەرجییەکان، ڕەنگە مەیلێکی زۆرتر لە خۆیان نیشان بدەن. ڕەنگە مۆرك دانان لە سەر زیان هەڵگری دەروونی لە کایەی خەرجیی کاڵادا ئاسانتر بێت، تا لە کایەی کاردا. بەپێی نەریت، خەرجی کایەیەکی دەلالەتگەرە و بەم هۆیەش دەرکەوتنی تایبەتمەندییە تاکیەکان ــ و مەیلی جنسی ــ تێیدا زیاتر لە باقی کایەکان بە ڕەوا دەزانن.

تەنانەت ڕەنگە هەڵە نەبێ کە بڵێین ئەقلانییەتی جەماوەری، لە ڕادەی کەتواری کاریگەریی دانانی پەیامە شەهوانییەکان لە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ کاڵاکاندا بەراوردێکی نادروستی هەیە. هەندێك لێکۆڵینەوەی نوێ لە سەر بانگەشە، سەبارەت بە هێزی کاریگەرێتی ڕێکلامە بازرگانییەکان ــ یان، لانیکەم سەبارەت بە کاریگەری دانانیان لە بڕیاری کڕیاراندا ــ تا ڕادەیەك دەربڕی گومانن. ئەگەرچی زۆرینەی لێکۆڵەران لە سەر ئەمە تەبان کە بانگەشە، بابەتێکی گرینگە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم بۆچوونە کە بانگەشە ڕاستەوخۆ (لە بڕیاری خەرجیگەران بۆ کڕینی کاڵاگەلێکی تایبەت، یان لە سەر ڕادەی کڕینی کاڵا) کاریگەرە، هەنووکە وەکو بەشێك لە سیناریۆی کۆنی دەیەی (١٩٥٠) دێتە بەرچاو، سێناریۆیەك کە ترس لە وزە تۆتالیتەرەکان یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی بوو. سەرەڕای ئەمەش، بە یەکسان زانینی —جەماوەرییانەی- فرۆشی کاڵا و گرەوێتی جنسی، لەگەڵ شرۆڤە و شیکاری دەروونشیکارانەی مەیلی ناخودئاگاهانەی جنسیدا تەبایی نییە، چونکە ئەم ڕاکێشەرییە جنسییە لایەنێکە لە ئەزموونی ڕۆژانەماندا هەیە و هەمووان بە باشی لەگەڵیدا ئاشناین. هەر بۆیە ئەم گوزارەیە دەبێ بە ئێحتیاتەوە باسی لەسەر بکرێ تاوەکو لە کایەی خەرجیی کاڵادا تیشکیش بخرێتە سەر لێکدانەوەی دەلالەتی ناخوئاگاهانە.

جیا لەمانەش، کاریگەری هزری دەروونشیکارانە، لەم کایەیەدا زیاتر لە کایەکانی تر بووە، یان دەبێ بڵێین کە بڕێك لە گوزارە دەروونشیکارییەکان، لەگەڵ ڕوانگەی باو سەبارەت بە خەرجیی کاڵا تەباییەکی تا ڕادەیەك زۆری هەیە. ئەڵبەت قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بەو واتایە نییە کە ئەم ڕوانگەگەلە، ڕاستەوخۆ لە دەروونشیکارییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بگرە سەلمێنەری ئەمەیە کە لە نێوان بڕێك لە کێشە بەرسەرنجەکانی دەروونشیکاری و بڕێك لە ڕوانگەکانی ئێمە سەبارەت بە خۆمان وەکو خەرجیگەر، جۆرە لێکچوویی و نێزیکایەتییەك هەیە. ئەگەرچی تێگەیشتنی جەماوەر لە مەیلی جنسی، بە پێوەرەکانی دەروونشیکارانەوە تێگەیشتنێکی ڕەمەکییە، بەڵام ئەمەی کە خەرجیگەر تا ڕادەیەك بە بوونەوەرێکی جنسی

بزانین، لەگەڵ شرۆڤەی خواستی هەستە شەهوانییەکان و ئەقڵانییەت هەڵنەگری و ئەزموونی سەرەتایی جەستەییدا پێوەندیی هەیە.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی روانگە دەروونشیکارییەکان لە کایەگەلی جیاوزای کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییەکی جیاوازیان داناوە، دەتوانین گریمانەیەکمان هەبێ. (بۆ نموونە) بەسەر ئاوەژووکردنەوەی ئەم بۆچوونە ئاسایی و کلێشەییە کە گرفتی دەروونشیکاری دەگەڕێتەوە بۆ سەلماندنی بەهرەدارێتیەکەی، دەتوانین بڵێین لە دنیای خەرجیی زۆری کالا ـــ واتە لەو جێگەیەی کە بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەراوردکردنی (بارودۆخی کالاکان لە بازاڕدا) بەردەوام سەرمایەگەلێکی زۆرتر دەکەوێتە گەڕ ـــ، بۆچوونە دەروونشیکارییەکان بە هۆی رۆڵێکەوە کە دەیگێڕن دەتوانن بە بەهرە بن. بە واتایەکی دیکە، ئەم بۆچوونانە لە بەستێنی تایبەتمەندی ئەزموونی ئاسایی و هۆکارە دیاریکەرەکانی هەڵبژاردنی رۆژانەی کالا شتێکی گرینگی بۆ وتن هەیە. بە پێچەوانەوە لە کایەی ژینباشیدا" لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رادەی بەکارهاتنی بۆچوونی جیاواز بە شێوەیەکی ناهاوسان و سست ئەنجام دەدرێ هەروەها تەبا نەبوون لەسەر پێوەرەکانی سەرکەوتنی ئەم لێکۆڵینەوانە، گرفتێکی زۆری خستۆتە بەردەمیانەوە، بە شێوەیەك کە تەنیا نیشاندانی نمووداری فرۆشی کالایە -کە لە روانگەی هەموانەوە- پێوەری سەرکەوتنی ئەم لێکۆڵنەوەگەلەیە. بەم جۆرە رەوشت و رێبازگەلێکی بێفایدە یان زیان هێنەر، تا رادەیەك رەونەقیان دەبێ، لە دۆخێکدا کە بەهرەدارێتی رەوشتەکانی دیکە کەمتر دیاردەبێتەوە.

شیمانەی دووەم ئەمەیە کە دەربڕینی بۆچوونی دەروونشیکارانە لە بڕێك بەستێنی دیکەدا نیگەرانییەکی زۆرتری لەگەڵدایە، هەر بۆیەش بەرخۆدان کردن لە هەمبەر ئەم بۆچوونانە بە هەمان شێوە لە بڕێك بەستێندا زیاترە. (یاریدەدەرانی ژینباشی) لەگەڵ کەسانێکدا سەروکاریان هەیە کە بە شێوەیەك زیانیان لێکەوتووە، یان یەکێك لە خۆشەویستەکانیان کۆچی دوایی کردووە یان تووشی زیانێکی رۆحی یان نەخۆشی و لەتمە بوونە. رووبەڕووبوونەوەی هەمیشەیی لەگەڵ ئەم رووداوە ناخۆشانە و ئۆبژەگەلێکی ناحەزدا نیاز بە بەرەنگارییەکی سەرشێتانە و ئیسکیزۆئیدی دەروونی زیاتر دەکات. فرۆش و خەرجی، کایەگەلێك لە کالا و لەزەتی کالان. لە نیگای یەکەمدا وەها دێتە بەرچاو کە خەرجیی کالا، زۆرتر پێوەندیی بە بزوێنەرە دەروونییەکانەوە هەبێ تاکو داکۆکی دەروونی. بە واتایەکی دیکە، خەرجی لە گۆشە نیگای وزەی شەهوانییەوە کایەیەکی ئەرێنیە، کایەیەك کە تاك لە بازنەیدا هەوڵدەدا بە

شێوەیەك مەیلەکانی خۆی تێر بکات، لە دۆخێکدا کە دەبێ نیگەرانی تاك لە وزە وێرانگەرەکان و کاریگەری نکۆڵی دەروون بێت. ( ئەم جیاوازییە (بە رواڵەت) سادەیە، لە کەتواردا پیشاندەری حەقیقەتێکە، منیش لە بەشەکانی دواتردا بە باسکردنێکی زیاترەوە هەمواری دەکەم). ئاگابوونەوەی خەرجیگەران لەو تونمانەی کە نیشانەی رەنگدانەوەی خۆشیفتەیی یان مەیلی جنسین لە هەڵبژاردنی کاڵادا، رەنگە تەنیا ببێتە مایەی سەر لە خواری و نیگەرانییان، بەڵام چوونە سەری رێژەی هاندەرە شەڕخوازانە و تووتالیتەرییەکان، کە دەبنە هۆی نەخۆشی مرۆڤ یان ناکۆکی بنەماڵەیی، لە بواری دەروونییەوە دەتوانێ داهاتگەلێکی مەترسیدارتری لەگەڵدا بێ. لە مەتەبی دەروونشیکار، یان لە کۆنفرانسی (یارمەتیدەریی کۆمەڵایەتیدا) رەنگە حەقیقەتگەلێکی سەیر (سەبارەت بە هاندەرە ناخودئاگاهانەکان) بە شێوەیەك دەر بکەون، کە هیچ کاتێك لە فرۆشگە گەورەکان و بنکە کات بەسەر بردنییەکاندا دەرنەکەون. ئەڵبەت ئێمە وەکو خەرجیگەری کاڵا، پەنا دەبەینە شێوە جۆراوجۆرەکانی داکۆکی دەروونی لە خۆمان، بەڵام ئەم داکۆکی کردنە رەنگە هەمەلایەنە نەبێت و کەمتر لەوەی کە بۆی دەچین لەگەڵ لێکدانەوە دەروونشیکارانەکاندا جیاوازی هەبێ.

### بەراوردکردنی بارودۆخی بازاڕ بە لە بەرچاوگرتنی لایەنە ناخودئاگاهانەکانی کڕینی کاڵا:

ئەم جۆرە لێکدانەوەگەلە لەسەر رۆڵی بۆچوونی دەروونشیکارانە لە بەراورد کردنی بارودۆخی بازاڕدا" ئەتوان لە چەند خاڵەوە دەست پێ بکەن. هزر و کردەی دەروونشیکارانە لەو کولتوورە پرۆفێشناڵ و سیاسیانەی کە بە گشتیی مەودایەکی زۆریان لەگەڵ دنیای لێکۆڵینەوەی بازرگانی و فرۆشدا هەیە پەرەی سەندووە. سەرەڕای ئەمەش، دەتوانین کاریگەرییەکی بەرچاو کە دەروونشیکاری لەمەڕ گەشەی لێکۆڵینەوە لەسەر خەرجیگەرانی کاڵا و هەروەها هەڵسەنگاندنی بازاڕدا بوویەتی، لە روانگەیەکی مێژووییەوە نیشان بدەین.

گرینگترین رووداو لە مێژووی پێگرتنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەکار گرتنی رەوشتێکە کە بە «لێکۆڵینەوەی خواستەکان» ناو نراوە. ئێرنێست دیشتێر[1]، یەکێك لە داهێنەرە سەرەکییەکانی ئەم بۆچوونە، دەروونناسێکی ئۆتریشی بوو کە پاش تەواوکردنی خوێندن لە دەیەی ١٩٣٠دا چوو بۆ ئەمەریکا و خوێندنەوەکانی لە لێکۆڵینەوەیەك لە سەر بارودۆخی

1- Ernest Dichter

بازاڕدا خستە گەڕ. ئەڵبەت دیشتێر پسپۆڕی دەروونشیکاری نەبوو بەڵام سازگاری نێوان دەروونناسی و دەروونشیکاری لە ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانی ـــ بە تایبەت لە ئەورووپا ـــ لە خولەکانی دوایی زیاتر بوو. ئەو، بە کاریگەری وەرگرتن لە مرۆڤناسی کولتووری، هەروەها رەوشتە کاریەکانی بالینی بزۆز، دوو پەڕتووکی لە ساڵەکانی ١٩٦٠ ـــ ١٩٦٤دا بڵاو کردەوە کە گەشەیەکی سەرسووڕهێنەری دایە لێکۆڵینەوە بازرگانییەکان. لەم پەڕتووکانەدا دیشتێر تیشك دەخاتە سەر: بەستێنی کۆمەڵایەتی و بەسەرهاتی تاکەکەسیی خەرجیگەران، کاریگەری ئەم بەستێنانە لە شێوازە تایبەتەکانی خەرجیی کاڵادا، هاوسان کردنەوەی خەرجیگەران لەگەڵ چۆنییەتی شەهوەتهێنەری شتەکان (وەکو بیچمی قاڵبە سابوونێك لە ناو لەپی دەستدا)، و هەروەها واتا خەیاڵییەکانی ئەو کەرەستەدە جۆراوجۆرانەی کە لە ساختی کاڵادا بەکار دەبرێن (وەکو ئەو لەزەتانەی کە لە چێو و شووشە وەری دەگرین). ئەو پەرە پێدەری بەکار گرتنی رەوشتی گشت بینانە بوو، بۆ روون کردنەوەی جووڵە ئاڵۆزەکانی خواستی کڕینی کاڵا. دیشتێر ئەم بۆچوونەی خستە روو کە شتەکان و مارکە بازەرگانییەکان هەڵگری «کەسایەتی »ین و بە باشی ئەمەی دەزانی کە کەسایەتی هەڵگرییان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیهاوێژییەی کە کڕیاران دەیان کرد بۆ سەر کاڵا بەرخورەکانیان. بە وتەی دیشتێر، «شتەکان رۆحیان هەیە » (١٩٦٠ ل. ٨٦) و ئەم رۆحەش لە لایەنێکەوە نەریتە کولتوورییەکانداکان و لە لایەنێکی دیکەوە نیازی تاکەکەسی و کاریگەری دوو لایەنەی ئەم دوانە، هێناویەتە ئاراوە.

بەم جۆرە، کاتێك کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری کەرەستە چێشتی بۆ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر دۆخی سووپ لە بازاڕدا، لەگەڵ دیشتێر بڕیارنامەی ئیمزا کرد، ئەو (دیشتێر) بڕیاری دا لە «واتای کەتواری سووپ حاڵی بێت» (١٩٦٠ ل. ١٤٧). هەوڵ بۆ تێگەیشتنی «واتای کەتواری سووپ» رەنگە لە روانگەی کەسانێکی رەشبینەوە کارێکی گاڵتە و پیشاندەری نالەباری زاتی هەڵسەنگاندنی بازاڕ بێت، بەڵام مرۆناسان هەرگیز وەها کاردانەوەیەك لە خۆ نیشان نادەن، بگرە بە پەلەن تا بزانن ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی بازاڕ چ لایەنگەلێك لە کۆمەڵگەی خەرجیگەری سووپ دەخاتە روو. گرووپی لێکۆڵینەوەیی دیشتێر بە تەسەلی لەگەڵ کەسانێکی جیاوازدا سەبارەت بە سووپ قسەیان کرد و پرسیاریان لێکردن، کە چ جۆرە سووپێك دەخۆن، چ کاتێك، لە کوێ، لەگەڵ چ کەسانێك و بۆچی سووپ دەخۆن، چ شتێکی سووپیان پێ خۆشە و بە تەواوی بیروڕایان سەبارەت بە سووپ چییە. ئەوان لەمەڕ مێژووی

سووپ و جیاوازییە کولتوورییەکانداکان لە خەرجیی سووپدا لێکۆڵینەوەیان کرد و بە دووی بەرهەمی ئەدەبی و فیلمگەلێکدا دەگەڕان کە سووپ تێیاندا ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە. ئەو کەسانەی هەنووکە لە کاری لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بارودۆخی بازاڕە بازەرگانییەکاندان، پێویستیان بەوە نییە کە تەواوی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە سەرەتاوە ئەنجام بدەن. هەرچەند کە مەحرەمانە بوونی زۆرینەی لێکۆڵینەوە بازەرگانییەکان، یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی پێکەوە بەراوردکردنی هاوچەشنیی زانیارییە بەر دەستەکانە.

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بازاڕ، لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لە ئەمەریکای دەیەی ١٩١٠ [1] زۆرتر شێوازێکی ئاماری و تەوسیفی هەبوو تاکو شیکاری لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیکی وردبینانەوە. دوای شەڕی دووەمی جیهانی، نووسراوەکانی دیشتێر بوو بە هۆی ئەوەی، کە «لێکۆڵینەوەی خواستەکان» لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بازاڕدا بایەخێکی زۆرتری پێ بدرێ.

گرینگایەتی «لێکۆڵینەوەی خواستەکان» لە کایەی لێکۆڵینەوە بازرگانییەکاندا زۆرتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا ڕووی لە ئاوا بوون کرد، چونکە ڕەوشتە گرووپییە کۆمپیۆتەرییەکانی لە شەست و حەفتاکاندا دایە ژێر ڕکێفی خۆی. سەرەڕای ئەمەش ڕەوشتی دیشتێری کاریگەرییەکی بەردەوامی لەخۆ بەجێ هێشتووە، لەم ڕەووەوە کە چەمکە پێوەندیدارەکان بە مەیلی ناخودئاگاهانە، بوونەتە بەشێك لە زمانی گشتیی لێکۆڵینەوە بازرگانییەکان و زۆرینەی لێکۆڵەرانیش ئەمەیان قبووڵ کردووە کە ئەزموونی دیهاوێژی، یەکێك لە شێوە باوەڕپێکراوەکانە لەم لێکۆڵینەوەدا.

بەجێیە لێرەدا جیاوازی دوو ڕەوشتی هەڵسەنگاندنی بازاڕ بخەینە بەرچاو. بڕێك لە لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم بابەتە ئەدوێن کە خەرجیگەران چلۆن لە کاڵا و سرویسەکان کەڵك وەردەگرن، و بڕێکی دیکە لەسەر ئەمەی کە هۆکارگەلێك وەکو ڕێکلامە بازرگانییەکان، چالاکییە جیاوازەکانی فرۆش و دەنگ و ناوی کۆمپانیاکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر خەرجیگەراندا هەیە. لە هەڵسەنگاندنی بازاڕی چەشنی یەکەمدا بابەتی لێکۆڵینەوە کڕینی ڕەنگاوڕەنگی کاڵایە و کاردانەوەکان یان ڕوانگەکانی خەرجیگەران سەبارەت بە کاڵا یان سرویسە تایبەتەکان لێکدانەوەیان لەسەر دەکرێ. ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە لانیکەم ئەم دۆخە دەڕەخسێنێ کە ئەنجامەکانی (لێکۆڵینەوە) لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵادا کەڵکی لێ

1- Lazer, 1973

وەربگیردرێ، بە شێوەیەك كە كاڵاكان بەپێی نیاز و خواستەكانی زۆرینەی خەرجیگەران بێنە بازاڕەوە. بە كارگرتنی ئەم رەوشتە، هەڵسەنگاندنی بازاڕ تایبەتمەندییەكی «خەڵك سالارانە» دەگرێتە خۆ و هاوڕێ دەبێ لەگەڵ بەشێك لە بزاڤی خەرجیگەراندا، بەڵام لە بەرامبەردا و لەو لێكۆڵینەوانەی لە سەر رێكلامە بازرگانییەكان و بابەتگەلێكی دیكەی لەم چەشنە كراوە، كاریگەری وێنەكان لە شێوەی كڕینی خەرجیگەراندا بایەخێكی زۆر پەیدا دەكا و ئامانجی لێكۆڵینەوەش رەنگە تەنیا دۆزینەوەی رەوشتێك بێت بۆ فرۆشی زیاتری بەرهەمێك یان دەستەیەك لە كاڵاكان. جیا لەمەش لەم جۆرە لێكۆڵینەوەدا پەسندەكانی خەڵكیش لێكدانەوەی لەسەر دەكرێ و رەنگە سەرنجیش بدرێتە چۆنییەتی پێوەندی بەرهەمهێنەران لەگەڵ خەرجیگەران و چۆنییەتی حوزووری كۆمەڵایەتیی كۆمپانیا بەرهەمهێنەرەكان.

ئەو جیاوازییەی كە ئاماژەی پێكرا، رەنگە لە روانگەی لێكۆڵینەوەی سایكۆلۆجیكییەوە بێبایەخ بێت. بە وتەیەكی دیكە، زانینی ئەمەی كە خەڵك چ تێگەیەكی لە رێكلام هەیە دەتوانێ -بە رادەی ئەم زانستەی كە ئەوان چ كاڵاگەلێك دەكڕن- سەیر بێت.

بێگومان دەتوانین بڵێین، لە روانگەی لێكۆڵینەوەی دەروونشیكارانەوە، هەردوو ئەم رەوشتگەلە لەسەر كایەی سەمبول و واتا كار دەكەن و كاڵاكانیش بە رادەی وێنەكانی رێكلامە بازرگانییەكان سەمبول و واتایان تێدایە. ئەو لێكۆڵینەوە دەگمەنانەی كە هەنووكە لە چوارچێوەیەكی تەواو دەروونشیكارانەدا دەكرێن، رەنگە لە عەمەلدا زۆرتر لەسەر وێنەكان بێت تا لەسەر بەرهەمهێنانی كاڵا یان ئامادەكردنی سرویس. بۆ نموونە دامەزراوەیەكی لێكۆڵینەوەیی ئیتاڵیایی بەپێی بەرهەمەكانی دەروونشیكارێك بە ناوی فرانكۆ فۆرناری[1] و بیروڕای تایبەتەكەی سەبارەت بە كاریگەری خەیاڵی ناخودئاگاهانە لە ئەزموونەكانی رۆژانەدا، رەوشتێكی بۆ بەراوردكردنی رادەی كاریگەریی دروشمە بانگەشەییەكان داهێناوە. ئامانجی لێكۆڵەرانی دامەزراوەی ئاماژە پێكراو ئەمەیە بە كەڵك وەرگرتن لە درووشمە بانگەشەییەكان وەكو هاندەر لە كۆمەڵێك لە ئەزموونە وێنایی و دیهاوێژییەكاندا، روونی بكەنەوە كە تەنیا چەند دێڕە شیعر و پارچەیەك موزیكی ئاسایی چلۆن دەتوانێت ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوشتەی كە فۆرناری بە زاراوەی « گرینگترین ئەندێشەكانی ژیان» ناوزەدی كردووە (وێنەكانی لە دایك بوون، مەرگ، خزمایەتی و مەیلە جنسییەكان) و لەم رێگەشەوە سیناریۆ شاراوەكانی سۆز و

---

1- Franco Fornari

پێوەندیی بخەنە هۆشی بیسەرەوە.[1]

گرینگایەتی «شیکاری خواستەکان» و شێوازەکانی دیکەی هەڵسەنگاندنی بازاڕ، - لە دەرەوەی کایەی بازرگانی- کە بە کاریگەریی وەرگرتن لە تیۆری دەروونشیکاری ئەنجام دەدرێن، لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە ئەم لێکۆڵینەوانە ڕێگەگەلێکمان نیشان دەدەن تا ئەو ڕاڤەگەلەی سەبارەت بە خەرجین و ئیلهامیان لە دەروونشیکاری وەرگرتووە، بە مەبەستی دەرکی هەرە زێتری ئەمەی کە ئێمە بۆچی خەرجیمان ئاوایە، ناچارن لێکدانەوەی لەسەر بکەن. ئەڵبەتی نابێ لەبیر بکەین کە بە وردبوونەوە لە خەرجی، بە گشتیی کولتوور دەدەینە بەر تۆژینەوە.

لە سەردەمی فرۆید بەملاوە، بەشداری دەروونشیکاری لە تیۆری کولتووردا بۆ زەق کردنەوەی ئەم بۆچوونە بووە کە گەشەسەندنی بنیاتە کولتوورییەکان لە پێناوی تێکەڵاوی دەسەڵات و خۆڕاگری بە ڕەخساندنی بەستێنێك بۆ تێرکردنی بڕێك لە نیازە سەرەتاییەکانی ئەو کەسانەیە کە لەم بنیاتگەلەدا بەشدارییان هەیە. بە وتەیەکی دیکە ئەم بونیاتگەلە دەبێ ناچارمان بکەن بە پێڕەوی لە «پرەنسیپی کەتوار» و لە هەمان کاتیشدا پێڕەویکردنمان لەم پرەنسیپە قەرەبوو بکەنەوە. ئەم ڕێسایە دەبوایە سەبارەت بە بونیات و تەریتەکانی کولتووری خەرجیگەرایی بە هەمان ڕادەیە ئەنجام بدرێن، کە بەسەر ئایندا ئەنجام دەدرێن. (لە بنەڕەتدا فرۆید ئەم بۆچوونەی لە باسکردنی لەسەر دین، وەرگرتووە). هەم ئەم تیۆرییەی لەسەر خەرجیگەرایی، هەمیش دەسکەوتە ئەزموونییەکانی ئەو لێکۆڵینەوەگەلەی لەسەر بنەمای «شیکردنەوەی خواستەکان» ڕاوەستاون لەگەڵ بۆچوونەکانیدا، سەرنجمان بۆ چەند بابەتێك بکێش دەکەن. (ئەڵبەت گرفتێك لەم بوارەدا، ئەمەیە کە زۆرینەی لێکۆڵینەوە بازرگانییەکان بڵاو نابنەوە، بەڵام بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە بەردەستدان دەتوانین بگەینە هەندێك ئەنجامی گشتیی).

یەکەم: لە لێکدانەوەی دەروونشیکارانە لە کایەی خەرجیدا ئەو ئەنجامە زەق دەبێتەوە کە دەکرێ ڕەگەزی خەرجی و وێنەکانیان ـــ بە وتەی مرۆناسانی لایەنگری دەروونشیکاری ـــ بە شێوەی سیستەمێکی دیهاوێژی بناسرێن. تێگەیشتنی ئێمە لە شتومەك و وێنەکان تا ڕادەیەك لە دیهاوێژییەکانمانەوە سەرچاوە دەگرن. واتە لەو کاریگەرییە بێچمدەرانەی کە دنیای دەروونی ئێمە و هۆشمان، لە دنیای دەرەوە وەریگرتووە. ئەمە بەم واتایەیە کاتێك بە ڕواڵەت لە

---

1- Frontori *et al*, 1989

بەرامبەر چەشنگەلێکی تایبەتی کاڵادا تەلێسم دەبین، یان کاتێك بەردەوام دەکەوینە بەر کاریگەری بانگەشە بازرگانییەکان، تا ئەو رادەیەش نابینە قوربانی فریوکاری و بەها سەپاوەکان و بەڵێنی بێ ئاکامی بەرهەمهێنەرانی کاڵا، بگرە لە ئاوەها بارودۆخێکدا ئێمە لەگەڵ خۆماندا رووبەڕوو دەبینەوە، هەرچەند لەم رووبەڕووبوونەوەدا دەروونمان، لە لایەن کاربەدەستانی بازاڕ و کۆمپانیا بانگەشەییەکان و باقی پسپۆڕانی شتی سەمبولیکەوە دیاری دەکرێ. بەڵام ناکرێ تەنیا دیتران بە بەرپرسی دیهاویژییەکانمان بزانین.

ئەم دیهاویژییانە لە دوو دۆخ یان لە دوو خولدا دەکەونە گەڕ. کاتێك ڕێکلامێکی بازرگانی دەبینن، یان لە مەزەی چەشنە چیپسێکی نوێ چێژ وەردەگرین، یان ئەو کاتەی کە چاو دەبڕینە قەوارەی ئۆتۆمبێلێك، بە مسۆگەرییەوە بەشێك لە دنیای دەروونیمان، دیهاویژی دەکەینە سەر ئەو شتەی کە دەیبینین یان دەیچێژین، بەڵام هاندەری ئەم ئەزموونە (واتە ئەو وێنە و وشەگەلەی کە لەو ڕێکلامەدا دەیبینن، شێوەی دروستکردنی چیپس یان شێوەی ماشێنەکە) رەنگە خۆی دەستەیەك لەو هاندەرە هەڵبژێردراوانە بێت. ئەم هەڵبژاردنە بەپێی دیهاویژییەکانی دیترانەوە ــ کە لە لێکۆڵینەوە بازرگانییەکاندا پرسیاریان ئاراستە کراوە ــــ هاتووەتە ئاراوە.

هۆکارەکەی ئەوەیە کە زۆرینەی ڕێکلامە بانگەشەیی و بەرهەمە نوێکان، پێش هاتنە بازاڕ، لە لێکۆڵینەوە بازرگانییەکاندا هەڵدەسەنگێندرێن. ئەو دەیتاگەلەی کە لێکۆڵەرانی بازاڕ سەبارەت بە کاردانەوەی خەڵك لە بەرامبەر کۆمەڵێك لە وێنە یان بەرهەمە شیمانەییەکانەوە کۆی دەکەنەوە، رەنگە لە دیاریکردنی ئەوەی کە لە ئاکامدا چ ڕێکلام یان کاڵایەك بخرێتە بەردەستی کڕیاران رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ. لەوانەیە ئەم بابەتە لەتەواوی بوارەکاندا دروست نەبێ. شێوە بۆچوونێکی تایبەتیش لە نێوان داڕێژەران و «خولقێنەرانی» پڕوپاگەندەکاندا هەیە کە هەڵسەنگاندنی بازاڕ ــــ ئەگەر ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنانە دیاریکەری قەوارەی ئاخری بەرهەم بێت ــ بە شێوەیەکی هێزەکی بە لەناوبەری داهێنان دەزانێ. نیگەرانی لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لێرەدایە کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە تەنیا دەتوانێت پێشاندەری عورف باوەڕی، وەستاو و بێ رۆحی جەماوەری خەڵك ــــ یان رادەی خوارترین خوازیارییە هاوبەشەکانی خەڵك ــ بێ.

سەرەڕای ئەمەش بە چاوپۆشی لەوەی کە بەراوردی ئێمە لە کاریگەریی لێکۆڵینەوە بازرگانییەکان چلۆن دەبێ، بێگومان هەڵسەنگاندنی بازاڕ رۆڵێکی گرینگی لە دیاریکردنی

بێچمی بەرهەم و وێنەکانی دەوروبەرماندا هەیە. ئەگەر بمانەوێ ئەم بابەتە بە کەڵك وەگرتن لە زاراوە دەروونشیکارییەکان باسی لەسەر بکەین، دەبێ بڵێین بیریارانی بازاڕ هیـوادارن کـە لـە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی بازاڕەوە، دیهاوێژییە شیمانەییەکانی کڕیاران بـۆ سـەر بەرهەمگـەلێك پێشبینی بکەن و تا ڕادەیەکیش دڵنیا بن لەوەی کە ئەم دیهاوێژییانە چەشنی ئەرێنییەتی، بەم واتایە کە خەڵك ناوەڕۆکی ئەو ڕێکلامە بە پڕوپاگەندەیەکی پووچ نازانن، یـان وەهـا بـیر لـە تامی ئەو چیپسە ناکەنەوە کە ناتەندروسـت و نەخۆشـیهێنەرە، یـان بێچـمی دەرەکیـی ئـەو ئۆتۆمبێلە بە ناڕێکی نایەتە بەرچاویان. ئەو واتاگەلەی کە لە ڕێکلامەکانی کاڵادا دەیانبینین، لانیکەم تا ڕادەیەك لە لایەن خۆمانەوە داڕێژراون، هەرچەندە کـە ئـەو واتـا شـیمانەییانە لـە چوارچێوەی سۆزێکدان کە بەشدارانی لێکۆڵینەوە بازرگانییەکان دیارییان کردوون.

### خەرجی، گەڕانەوە، و ئۆبژە شاییهێنەرەکان:

سەرنج دان بۆ ئەم تایبەتمەندییە دیهاوێژییانەی خەرجی، بە واتای گرتنە بەری ڕەوشـتێکی جیـاواز، لـە ڕەوشـتی نیشانەناسـی و پـەیڤ شـیکارییە کـە تـا ئێسـتە لـە خوێندنـەوە کولتوورییەکاندا ئاستێکی بەرزیان هەبووە. ئەم ڕەوشـتانە سەرچـاوەی واتـای هـەر کاڵایـەك دەگەڕێننەوە بۆ تەواوی ئەو کۆمەڵە واتایانەی، کە (کاڵا )لەگەڵ خۆیـدا هەیـەتی. بـۆ نموونـە «سووپ» نیشانە یان بەشێك لە نیشانەیەکە، کە تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ باقی نیشـانەکانی دیکەدا واتای پێ دەدرا، واتە لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێزمانی چێشت، زمـانی خـواردن و...هتـد بەپێی ئەم بۆچوونە، لە باتی ئەوەی کە سووژە واتا بخولقێنێ، واتا سووژە دەخولقێنێ.

بەڵام بەپێی پرەنسیپێکی ناسراو لە نەریتی دەروونشیکارانەی بەریتانیادا ـــ پرەنسـیپێك کە بە شێوەیەکی تـەواو مرۆڤخوازانـە ـــ، هـەر سـووژەیەکی هـەڵگری وشـە سـەمبولیکە بنەماییـەکان (واتـە ئـەو وشـانەی کـە لـە ئـەزموونی جەسـتەیی سـووژە و چـاوەدێرییە سەرەتاییەکانی دایکەوە سەرچاوە دەگرن) هۆکارێکە بۆ داهێنـانی واتـا، واتایـەك کـە دواتـر دەچێتە پرۆسەی نیشانەکانەوە. جیا لەمەش، ئەم پرەنسیپە باوە لە ڕێگەی بـیروڕا دەربـڕین و پەیڤشیکاری و بۆچوونە لێکچووەکانەوە، ڕەنگە تەعدیل بێت و بە چاکی پەرەبستێنێ.

جیا لە دەروونشیکاری، لە کاتی دەربڕینی بۆچوونەکەی تورستێن ڤێبلـێن[1] (١٨٩٩) ـەوە لەژێر نـاوی «خـەرجی بەرچـاو»، ئـەم بڕوایـە کـە خـەرجی لـە بنەڕەتـدا برێتییـە لـە واتـا

1- Thorstien veblen

داهێنراوەکانی لە لایەن خەرجیگەرانەوە، بووەتە پرەنسیپێکی بنـەمایی بـۆ زۆرینـەی تیـۆرە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە خەرجی. زۆرینەی تیۆریسـیـەنەکان ئەمــەیان پــێ قبووڵــە کــە خەرجیگەران لە رێگەی ئەو واتاگەلەی کە دەیبەخشنە کاڵاکان و شێوەی خەرجیکردنیان، بیر و بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕن. بـە مەبەسـتی پەرەپێـدانی ئـەم چـەمکە، [1] کـۆلین کـامبێلی کۆمەڵناس" لـە نـوێترین پەڕتووکـە گرینگەکەیـدا سـەبارەت بـە تیـۆری خـەرجی (١٩٨٧) "خواستی دەربڕین" پێوەندیی دەداتەوە بە بزاڤی رۆمانتیك و ئەو شتانەی کە خۆی ناوی نـاوە چەشنە «وێنا»یێکی لەزەتخوازانە ــ واتە لەگەڵ مەزنترین میراتی کولتووری رۆمانتیسمدا. بـە بڕوای ئەو لەزەتەکانی خەرجی لە بنەماوە لەزەتگەلێکی ئەندێشەین، بە واتایەکی دیکە، ئێمە ئەو شتانەی یان بە وتەیـەك، سـوود و لەزەتگـەلێك کـە وا دەزانـین کاڵایـەکی نـوێ پێمـانی دەبەخشێ لە خەیاڵی خۆماندا دەیپەروەرێنین. ئەڵبەت کەتوار بـە ناچـاری، ناتوانــێ تــەواوی چاوەڕوانییەکانمان لەو کاڵایە، بۆ دابین بکات، هەر بەم بۆنەشەوە ــ بە سـەر زیندوییـەوە ـــ مەیلمان دەبێ بۆ کڕینی کاڵاگەلێکی دیکە.

ئەگەر بمانەوێ ئەم تیۆرە بە زمانی دەروونشیکاری بڵێینەوە ئەو کات دەتوانین بڵـێین، کـە خەرجیگەر بە دووی وێناکردنی دەرەکیی ئۆبـژە ئارمـانیکراوەکانەوەیـە، کـە هــەر بـە هـۆی ئارمانی بوونییەوە دوورە دەستە. یان دەتوانین هاوڕا لەگەڵ رۆبێرت یـۆنگ (١٩٨٩)دا [2] بڵـێین کە زۆرینەی جنسە خەرجییەکان رۆڵێك دەگێڕن کە وەکو رۆڵی ئۆبژە گواستنەوەییەکانە و بـە واتایەکی دیکە پردگەلێکن لە نێوان خود و [3] ئەویدییەتیدا.

کاڵا دۆخێك دەرەخسێنێ بۆ خەرجیگـەر، کـە تێیـدا دەرکـەوتنی مەیلـە شـەهوانییەکان ئەزموون بکات. لەم ئەزموونەدا، سنووری نێوان دەروون و ئۆبژە بە شـێوەیەکی گەڕانـەوەیی، بەڵام بە بەهرەوە، تەماوی دەبێت. رۆبێرت یۆنگ نموونەگەلێك لەم ئەزموونانە بـاس دەکـات، کە بڕێکیان بریتین لە نقووم بوون لە موزیکی ئیستێریۆدا، کاریگەریی نەرمی رۆنی مەلەکردن بەسەر جەستەدا و راحەتی خاولی پاڵتۆیی.

هەردوو روانگەی باسکراو، تێگەیشتنی لە زۆرینەی نموونە یان لایەنەکانی خـەرجیمان بـۆ ئاسان دەکەن، بەڵام لێرەدا من جەخت دەکەمە سەر ئەمەی، کە خەرجی هەڵگری چەشـنێکی

---

1- Colin Cambell
2- Robert Young.
٣- ئەویدییەتی OThernessity

دیکەیە لە گەڕان بە دووی دۆزینەوەی ئۆبژەدا، گەڕانێك کە کەمتر لە گـەڕان بـە دووی ئۆبـژە ئارمانی یان گواستنەوەییەکان تایبەتمەندییەکی گەڕانەوەیی هەیە. لە بەشەکانی دواتردا، ئەم بابەتە لێك دەدرێتەوە، کە هەوڵی ئێمە بۆ هێنانە ئارای دنیایەك لە ئۆبژە شایی‌هێنەرەکان ـــ نەك ئۆبژە ئارمانییەکان ـــ لە دنیای شتە دەرەکیەکاندایە. واتە ئـەو ئۆبژەگەلـەی کـە وەکـو بنیاتە فەرهەنگییەکان هەم تێرمان دەکەن و هەمیش کۆنترۆڵمان دەکـەن، یـان بـە واتایـەکی دیکە هەم نواندنەوەی تێربوونی مەیلەکانمانن و هـەمیش نواندنـەوەی کـەتوارن. بـەم جـۆرە، کاتێك کالا خەرجی دەکەین لە کەتواردا هەوڵدەدەین یان بە شـێوەیەکی شـایی‌هێنـەر دەروون هاوێژی[1] بکەین یان هـەمان کـاری بەسـەردا بکـەین کـە لـە پێوەندییـەکانمان لەگـەڵ ئۆبـژە شایی‌هێنەرەکاندا دەیکەین.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئۆبژە شایی هێنەرەکان (بە تایبەت لەو واتا تایبـەت و پـەرە پێدراوەدا کە من لەم زاراوەیە مەبەستمە) بەردەوامی و مانەوەییانە. لێرەش ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی خەرجیگەران بەردەوام بە دووی کالاگەلێکی نوێوەن؟ ئەوە شـتێکی نادروسـتە کە ئەگەر سەرچاوەی حیرسـە بێ‌کۆتاییـەکانمان بـۆ کـڕینی شـتومەکی نـوێ بگەڕێننـەوە بـۆ وەسوەسەکانی بانگەشە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بازاڕ. بـە شـێمانەوە مەیلـەکانی ئێمـە بـۆ گەیشتن بە راحەتی و ئاسایشـی زۆرتـر دەبنـە هـۆی بەرهـەمهێنانی کـالای نـوێ. پرۆسـەی بەرهەمهێنانی ئەم کالاگەلە بێ‌دابڕان بەردەوام دەبێ، تەنانەت ئەو کاتـەی چـالاکی ئـابووری کەمتر لەوەی کە بەپێی عادەت چاوەڕوانی دەکەین بە نیـازی بەهرەخوازییـەوە ئـەنجام دەدرێ، یان شتومەکەکان بە چۆنییەتییەکی زۆرترەوە دەدرێنە دەرەوە. بەم پێیەش لە نێوان مـەیل بـە کڕینی کالای نوێ لە لایەکەوە و نیاز بـە سـەقامگرتوویی و یەکدەسـتی لەلایـەکی دیکـەوە، پێکدادانێکی هەمیشەیی هەیە.

بـەپێی روانگـەکانی یـەکێك لـە شـێوە رەخنەییـە کولتوورییـەکان کـە لـە تیـۆری دەروونشیکارییەوە سەرچاوەی گرتـووە و لایـەنگری زۆریشـی هەیـە، تـەحریکی هەمیشـەیی ئیشتیای خەرجیگەران بە کالاگەلێکی نوێ، کاریگەرییـەکی وێرانکـەر لـە دەروونـی مرۆڤـی هاوچەرخەدا دادەنێ. بە ناچار ئامێز ئاوەلاکردنی هەمیشەیی و بەردەوام بۆ (کالای )نـوێ لـە بازاڕدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەکو نەخۆشی ئیسکیزۆئید یان خۆشیفتە لە پێوەندیی گـرتنی

---

١- «دەروون هاوێژی» (Introjection) بریتییە لە قبووڵکردنی پێوەرە رەوشتمەندییەکان، بڕواکـان و شـێوە روانینی دیتران (وەکو دایك و باوك) لە کەتواردا، «دەروون هاوێژی» بنەمای «بان خود» چێ دەکات.

بەردەوام و پتەو لەگەڵ دیتراندا خۆ ببوێرن. توانای ئێمە لە دڵبەستنێکی بەردەوام بە دیتران ــ کە هەر رۆژە زیاتر بە هۆی کاریگەری پێوەندیی بازاڕی و باقی لایەنەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنەوە لە بنەماوە زیانی لێ دەکەوێ ــ بەم جۆرە رۆژ لە دوای رۆژ کەمتر دەبێتەوە، و لە ئاکامدا هانمان دەدا بۆ گرتنە بەری ژیانێکی بەرژەوەندیخوازانە و لانیکەم نابەرپرسانە لە بەرامبەر دنیای مادیدا.

جیا لەمەش حیرەسناکی بۆ کڕینی کاڵای نوێ تەنیا سەرچاوەکەی ناگەڕێتەوە بۆ فریوکاری کاربەدەستانی بازاڕ. بە تایبەت هۆگرانی ئۆتۆمبێلی سواری، باش دەزانن کە هەر مودێلێکی نوێ چ دڵڕفێنییەکی تایبەتی هەیە و هەروەها ئەمەش کە ئەم دڵڕفێنییە هەڵگری چۆنییەتییەکی کاتی و زۆرتر هەوەسهێنەرە بە شێوەیەك کە بە زەحمەت دەتوانین بڵێن کە لە هەوڵ بۆ فرۆشەوە سەرچاوە دەگرێ.

### راکێشەری کاڵای نوێ:

هەر کاڵایەك بە دوو شێوە دەتوانێ نوێ بێتەوە: یەکەم ئەوەی کە مودێلێکی نوێی (بە تەرزێکی نوێ و سەرسووڕهێنەر یان بە سەبك و رواڵەتێکی داهێنەرانەوە) بێتە بازاڕەوە. ئەم رووداوە بە واتای هاتنە ئارای نیشانەیەکی نوێیە لە ژیانی رۆژانەدا، کە بە سەرنجڕاکێشکردنی خەرجیکەران، مەیلی کڕینیان تێدا هەڵدەخرێنێ. دیاردەی مۆد یەکێکە لە نیشانەکانی هاتنە ئارای ئەم نیشانەگەلە. بە واتایەکی دیکە "مۆد" واتە حەرەسناکی خەرجیکەر بۆ نیشانەی نوێ، پەرەسەندنی دووبارە و غەیری ئیرادی نیشانەکان، بە مەبەستی پێداچوونەوەی واتا و تێکەڵاوی دووبارەی وێنەکان. ئەمەش کارێکە کە بۆ بزۆزی خەرجی لە هەنووکەدا زۆر گرینگ دێتە بەرچاو.[1] مۆد هەروەها بەشێکە لە پرۆسەی گۆڕانکاریی تەکنۆلۆژیکی و بە یارمەتی ئەم گۆڕانکارییەش کارکردەکانی شتومەکی نوێ دەبێ لە چاوەی مۆدیلەکانی پێشوودا پێشکەوتووتر بێت. لە هەردووی ئەم لایەنانەدا ــ واتە هەم لە بواری نیشانەناسی، هەمیش لە بواری زانستییەوە ــ فرۆش" بۆ هێنانە ئارای واتاگەلێکی نوێ، یان فامکردنی چاك کسازیی کارکردەکانی کاڵا، لەوانەیە پێویست بێ، بەڵام نیاز بە راحەتی زیاتر یاخۆ دەلالەتی نوێی نیشانەکان ناهێنێتە ئاراوە.

دووەمین شێوەی نوێبوونەوەی کاڵا، سەرەتاییترە و ناسینەوەی نارەسنیشی دژوارترە. لەم

---

١ـ بڕوانە ئەم لێکۆڵینەوانە: کەمبێل (١٩٨٧)، ویلسۆن ( Wilson، 1975.

بیچمەی نوێبوونەوەدا، کالاَکان بە شێوەی شتگەلێکی نوێ، کەڵك لێ وەرنەگیردراو و دەستێوەرنەدراو دەخرێنە بەرچاو (بۆ نموونە رواڵەتی پێلاوی نوێ لە جامخانەی دووکانە پێلاوفرۆشییەکاندا، یان ئۆتۆمبێل لە پێشانگەکاندا یان هەر ئەم ئۆتۆمبێلانە لە چەند حەفتەی یەکەمی «ژیانیان» لە شەقامەکاندا و یان فەزای زۆر خاوێنی ناوی یەخچاڵێکی نوێ). لەم بوارانەدا، شەوقی خەرجیگەر تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بێ خەوشی ئەو کالاَیانەی کە پێویستی پێیەتی، واتە دەگەڕێتەوە بۆ کار نەکردوویی ئەو کالاَیە و ئەمەی، کە بە هۆی بەردەست نەکەوتنەوە هێشتە لە توانای کەم نەبووەتەوە. برێك لە شتەکان دەکرێ چەند جار کەڵکیان لێ وەربگیردرێت، ئەمەش یانی ئەوە، کە بە واتای رەهای وشە خەرجی هەڵگر نین. رەنگە بێچمی نوێ ــ لە بواری کارکردەوە ــ باشتر نەبێ لە مودێلە قەدیمیەکانی و تەنانەت خراپتریش بێت. بۆ نموونە ئەو پێلاوانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەبێ ماوەیەك لە پێ بکرێن تا عادەتیان پێ بکرێ، ئەو ئۆتۆمبێلە مودێل نوێیە رەنگە لە پێکهاتەیدا گرفتگەلێکی زۆر هەبێ، یان لانیکەم ماوەیەك پێویست بێت تا بکرێ بە ئاسانی لێخوڕینی پێ بکرێ. کالاَی نوێ، لەوانەیە بێ رۆح و نامۆ بێتە بەرچاو. یەکێکی دیکە لە خواستەکانی خەرجیخوازی، لەسەر بنەمای پێکدادان و کاریگەری دوولایەنەی نیازی ئێمە بە تاکایەتی و دڵبەستوویی بە چوار دەورمان لە لایەنێکەوە، و شایی شاراوە لە کالاَی نەکراوی نوێ ـــ یان بە واتایەکی دیکە، وەسوەسەی گۆڕینی شتومەکی بەردەست لەگەڵ شتومەکی نوێدا کە کارکردێکی وەکو یەك بەلاَم بێچمێکی نوێیان هەیە ــ لە لایەکی دیکەوە، راوەستاوە.

ئەم وەسوەسە، هەمیشە بە خاتری مۆد نییە. دووەمین شێوازی نوێپەرستی[1]، تەنیا لەزەت بردنە لە کالاَی نوێ، ئەو کالاَیەش چ مۆدی رۆژ بێت یان مۆدی رۆژ نەبێت و چ کارکردێکی نوێی هەبێ یان نەیبێ.

رادەربڕین سەبارەت بەوەی کە رەگە دەروونییەکانی ئەم لەزەتە لە چ شتێکدایە، کارێکی سەخت نییە. شاد بوونەوە بە کالاَی نوێ، دیاردەیەکە، لە خۆشیفتەییەوە سەرچاوە دەگرێ. لە رێگەی خاوەندارێتی یان کەڵك وەرگرتن لە شتومەك (یان ئۆبژە)ی نوێوە، دەتوانین هەستی خواستی بەرزی نەفس دووبارە بکەین. کاتێك چاو دەبڕینە کالاَی نوێ، یان کاتێك لە هۆشماندا وێنای دەکەین، وێنە هۆشییەکانمان لە یەکپارچەیی و رەسەنایەتی دیهاوێژی دەکەینە سەریان.

---

١ ـ زاراوەی «نوێپەرستی»یم لە کریستۆفێر بووکێر (Christopher booker 1969) بە ئەمانەت گرتووە.

بەم جۆرە ئەو وێنەگەلە بە کردەنی کڕین ــ کە بەپێی بێ خەوشی کـاڵاوە سـەردەگرێ ـــ بـە شێوەیەکی دروست و تەندروست رادەگرین و دواتر لە پرۆسەی کـڕین و خاوەنـداریێتی و کـەڵك وەگرتن لە کاردا، ئەو وێنەگەلە، دووبارە (بۆ نەفسـی خۆمـان) دەروونهاوێـژی دەکـەین. ئـەم دیهاوێژییانە کە سەرچاوەکەیان لـە خوشـیفتەییدایە، هـەڵگری وزەیـەکی زۆریـش نییـە. بـە وتەیەکی دیکە ئەگەرچی " لە رەنگ و روو کەوتنی پێلاوێکی نوێ یان خەت کەوتنە جەستەی ئۆتۆمبێلەکەمان رەنگە نیگەرانمان بکات، بەڵام ئاساییە کە پێوەندییەکانمان لەگەڵ کاڵای نوێدا تەنیا پەرچدانەوەیەکی زۆرکەم و لاوازە لە بارودۆخی دەروونیمان.

بەڵام ئەم دۆخە دەروونییە، رۆڵێکی بنەڕەتی لە ژیانی هۆشی و ئـابووری ئێمـەدا هەیـە و ئەتوانرێ بە یەکێك لە هۆکارەکانی ئیسراف‌کـاری لـە رادە بـەدەری کۆمەڵگـەی تێروتەسـەل بژمێردرێ. خەرجیی زۆری کاغەز و پلاستیك بە مەبەستی دروست کردنی شوێنگەلێکی نـوێ لە کافە یان رستوورانەکاندا بۆ ئەو کەسانەی کە هەرگیز کڕیارێکی سفت و سۆڵیش نین، یان بە مەبەستی بەستەبەندی ناقابیلترین کاڵا بە شێوەیەکی بەرچـاو و سـەرنجڕاکێش، ئەگـەر ئێمـە نیازمـان بـەم شـتومەکە بـێ خەوشـانە نەبوایـە، نەیـدەتوانی لـە بکێشـکردنی کڕیـاردا کاریگەرییەکی هەبێ. هەستێك" کە بە شێوەیەکی نەریتی بە هەستێکی ئـایینی دەژمێـردرێ واتە نیاز بە خودایەك کە عەینی رەهایی و کەماڵە، بـەم شـێوەیە لـە بوونـەوەرەوە بارگـاوی کراوەتەوە بۆ دنیای مادی، هەرچەندە قسەکردن لەسەر ئەم «جێەجێ»کردنەش دەلالەتی لەسەر ئەمە هەیە، کە ئەم هەستە، لە بنەڕەتدا چییەتییەکی ئایینی هەیە و سەرچاوەکەی ناگەڕێتەوە بـۆ خۆشـیفتەییەکی سـەرەتایی و سـەقامنەگرتوو. بـە هـەر شـێوەیەك، ئەگـەر نامانـەوێ شوێنگەیەکی خوداناسانە بۆ ئەم دەروونە دەستێوەرنەدراوە قایل بین، ئەو کات دەبێ بـیر لـەوە بکەینەوە کە چلۆن دەتوانین رەنگاوڕەنگییەکی زۆرتر بدەینە دیمەنی غـەیری خەرجیکارانـە، لـە کولتووری مادیدا.

دەتوانین بڵێین باشترین پێگە بۆ شت یان بۆ ئۆبژەیەکی ئارمانی کراو، سـێبەری هـەر ئـەو شـتە یـان، هـەر ئـەو ئۆبـژە تێکەڵکراوەیـە لـە نەفسـدا، چـونکە بـەمجـۆرە کاریگـەرترین هەوڵدانەکانی گەڕانەوەی شتی ئارمانی لە دنیای کەتواریدا دێتە گـۆڕێ، نـەك لـە دژایـەتیی لەگەڵ دنیادا و بە شێوەیەکی کاڵفامانە لە دەرەوەی کـەتواردا. بەسـتێنێکی بـاش هەیـە بـۆ ئەوەی کە داخوازی بۆ کاڵای بێ خەوش، بە مەبەستی پاراستنی ژینگـە کـۆنترۆڵ بکـرێ (بـۆ نموونە لە رێگەی چاککردنەوەی کاڵا، پاراستنی ژینگـە، پـاك کردنـەوەی ژینگـە، و ئەڵبـەت

سەرکەوتنی هەر چەشنە گەلاڵەیەك لەم بوارەدا پێویستی بەوە هەیە جەخت بکرێتە سەر چێژ وەرگرتن لە شادییەك کە لە خاوەندارێتی کالاّی نوێوە سەرچاوە دەگرێ، نەوەك لە روانگەی رەوشتمەندیاتێکی بەرزەوە لەگەڵ وەها چێژەگەلێکدا چەواشە بین. چونکە ئەم چەواشە بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو گەلاڵە ئاماژە پێکراوانە بە گەڕانەوەیی، یان بە هەست خوازییەکی ریازەتکێشانە بێنە بەرچاو. هەندێ کار کە ئێستە وەکو سەرگەرمی یان «رێچارە»گەلێکن لە پەراوێزی کولتووری خەرجیدا، رەنگە وەکو پێشداهاتێك یان نموونەگەلێك لە شێوازی خەرجی، کە مەیلەکانی ئێمە بۆ دیهاوێژییەك کە سەرچاوەکەی لە خۆشیفتەیی لە هەمبەر کالاّدایە لەگەڵ تێبینییەکانی پاراستنی ژینگە دا سازگار دەکا، هەڵگری بەها و گرینگایەتی بن. بۆ نموونە «ژیانەوە»ی ئۆتۆمبێلە «رەسەنەکان» (ئەو کارەی کە ئەمڕۆ بەرهەمهێنانی زۆرینەی ئۆتۆمبێلەکانی مودێلی پانزە تا بیست ساڵی پێش، دەگرێتەوە)، کاریگەرییەکی جیاواز، لەگەڵ بیرۆکەی «ئۆتۆمبێلی دەستە دووەم» لە ئەزموونی خەرجیگەراندا دەهێڵێتە. ئەم تێگەیشتنە گورزێکی بێ بەزەییانە دەدا لە ئارەزووی خەرجیگەر بۆ ئەوەی شتێکی تایبەت بە خۆی هەبێ، ئارەزوویەك کە نیشانەی خۆشیفتەییەتی.

**بەردەوامی، لە گەڕانی کالاّکاندا:**

جیا لە هەرچی، بەدگومانی بە کالاّی نوێ و کۆنەیی هەڵگری خێرای ئەم کالاّگەلە، کە لە رەخنە دەروونشیکارییە کولتوورییەکاندا (یان لە کەتواری رەخنەی نەریتگەری تێکەڵکراو لەگەڵ هزری دەروونشیکارانەدا) ئاماژەی پێکراوە، بیرێکی رەوشتمەندی گرینگمان سەبارەت بە زۆرینەی لایەنەکانی ژیانی رۆژانە پێدەدا، بەڵام تێبینیگەلێکی دیکەیش لە کاردایە کە دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، وەکو ئەوەی کە خودی بازاڕی سەرمایەداری لە رێگەی دیاردەی درووشمە بازرگانیەکانەوە، سەلمێنەری چەشنێ سەقامگرتوویی و یەکدەستییە لە کالاّ خەرجییەکاندا.

بە بڕوای زۆرینەی تیۆریسیەنەکان، ململانێی بەرهەمهێنەری جیاواز" کە هەر یەکە ناو و دروشمی بازرگانی تایبەت بە خۆی هەیە و هەروەها هروژمی فریودەرانەی وێنەی ئەم دروشمانە بۆ خەرجیگەران، بنەماکانی خەرجیگەرێتی سەرمایەداری ـــ کە سۆزە، هیچ شوێنگەیەکی تێیدا نییە ـــ پێکدێنێ و وزەیەکی کارسازە کە لە سەرووی بەڵێنی پووچ و خەرجکردنی لە رادەبەدەری کۆمەڵگەی خەرجیگەرییەوە دێتە کایەوە. دەکرێت ئیستیحکامی ئەم چەشنە

رەخنە رەوشتمەندی و پراکتیکیانە قبووڵ بکرێ، لە هەمان کاتیشدا ئەم روانگەیەش رەت نەکرێتەوە کە کەڵك وەگرتن لە دروشمی بازرگانی کاریگەریگەلێکی دیکەیشی هەیە. تەواوی لێکۆڵەرانی بازاڕ ئەم بابەتە بە بەڵگەنەویست دەزانن کە خەڵك بەم هۆکارەوە بەردەوامن لە کڕینی کاڵاگەلێکی تایبەتدا، چونکە دەیانەوێ لە چۆنایەتییەکانی هەمان کاڵا بەهرەدار بن. بە وتەیەکی دیکە، کڕیاران بە باشی دەزانن کە هەر کاڵایەك چ شتێکیان پێدەدا. بەم جۆرە، خەرجیگەر گومانەکانی سەبارەت بە ئەو کاڵاگەلەی بەردەوام دەیکڕێ و شیمانەی زەررکردنی دەخاتە پشت گوێ و لە کاریگەریی خراپی داهێنان هەمیشە خۆ دەپارێزێ.

دروشمە بازرگانییەکان، دڵەڕاوکێی خەرجیی ئۆبژەگەلێکی زیاتر و جۆراوجۆرترمان تێدا دادەمرکێنن. نە تەنیا خەرجیکردنی وێنەی دروشمە بازرگانیەکانی کاڵای مەبەست" وەکو وێنەگەلێکی ئەبەدی و نەگۆڕ، بگرە کەڵك وەرگرتن لە خودی ئەو کاڵایە دەبێتە هۆی دامرکانی ئەم دڵەڕاوکێیە. جوتێك شەرواڵی جین لە مۆدێلی لیڤایز، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شەرواڵگەلێکی دیکەدا نییە، مەزەی کووکاکوولا و پیپسی لە هەر شوێنێکدا وەکو یەکە، ـ ئەگەر ئەم پرەنسیپەش تا رادەی مومکین پەرە پێبدەن ـ تەواوی لایەنەکانی ئەزموونی چوون بۆ رێستوورانەکانی مەکدۆناڵد (لە بە پیرەوە هاتنی کاربەدەستانی ریستووران تاکو مەزەی هەمبەرگرەکەی) لە تەواوی دنیادا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر وەکو یەکن. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە سەنعەتی چێشتی حازری لە سەر هەندێك پرەنسیپی دەروونناسانەی دیکەیش راوەستاوە، پرەنسیپگەلێك وەکو لەزەتە کاتیەکانی خواردنی چێشتی گەرم (وەرگرتنی پێخۆر لە هەمان کاتی داخوازی کردندا)، هەروەها لەزەتەکانی چێشتێك کە بە دەست بخوردرێ. سەرەڕای ئەمانەش، ئەمەی کە چێشت لەو ریستوورانگەلەی کە بەرهەمهێنەری چێشتی ئامادەین بەپێی چاوەڕوانییەکانی کڕیارەکان یەکدەستە، بە یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی سەرکەوتنی ئەم ریستوورانگەلە دێتە ئەژمار.

بە بڕوای زۆرینەی لێکۆڵەران، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەمەی کە بۆچی زۆرینەی منداڵان حەز لە پارووی ماسی و کۆنسێرڤی لووبیا دەکەن، نەگۆڕی ئەندازە و بێچمی ئەم چێشتگەلەیە. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو شتانەی کە لە روانگەی منداڵانەوە بایەخی هەیە هاوچەشنی پێکهاتە و یەکمەزەیی ئەم چێشتگەلەیە، نەوەك ئەمەی کام کۆمپانیای کەرەستەی چێشتی بەرهەمی هێناوە. سەرەڕای ئەمەش هۆگرێتی هەمیشەییان بە ئەم چێشتانە دەلالەتێکی دەروونناسانەی هەیە سەبارەت بە یەکێك لە هۆکارە شیمانەییەکانی

وەفاداری کڕیارانی بەرهەمە ناسراوەکان.یەکدەستی ئەو کاڵاگەلەی کە دروشمێکی بازرگانی تایبەتیان هەیە، لەگەڵ خەیاڵپەروەری سەبارەت بە ئۆبژەی دایکانەی تێرکەردا تەبایی هەیە، ئۆبژەیەك کە سست بوونی بۆ نییە و بە داخوازییەکانی ئێمەوە ناگۆڕێ و بە رووداوی چاوەڕوانیی نەکراو و ناخۆش شاگەشکەمان ناکات. ترسی پارانوویایی، لە ژەهراویی بوون بە دەستی دایکێکی دڵپیس و کینەیی، سەرەتاییترین دۆخی دەروونی دڵەڕاوکێی منداڵانەیە لە گۆڕینی لەناکاوی چێشتیاندا. بەڵگەیش هەیە بۆ ئەمەی کە گەورەکان کەمتر دەکەونە ژێر رکێفی وەها دڵەڕاوکێیەك و هەر بەم هۆیەش کەمتر چاوەڕوانی دەکرێ کە لە خەرجیی رۆژانەیاندا خوازیاری یەکدەستی بن. جیا لەمەش، لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو شتێك بە فرەیی دەکەوێتە بەردەست. ئەمە خواستێکی بە هەقە کە بتوانرێ هەر ئەزموونێکی شایی هێنەر بەپێی وردەکارییە جوانی ناسانەکانی دووبارە ئافراندنەوە بکرێ (هەرچەندە کە ئەم کارە تا رادەیەك چییەتیەکی گەرانەوەیی هەیە) و بەکارهێنانی دروشمە بازرگانییەکان یەکێك لە رێگەکانی گەیشتن بەم خواستەیە.

ناو و دروشمە بازرگانییەکان بە شێوەیەکی تایبەت تەنیا وێنەیەکی دایکانە ناخەنە هۆشەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەکەی وێڕنیك (١٩٩١) شوناسی کۆمپانیاکان دەتوانێ هەڵگری خەیاڵپەروەری سەبارەت بە دایك و باوکێکی دڵسۆز بێ، بە شێوەیەك کە کڕیار“ رەنگە کۆمپانیایەکی گەورە بە «سەرپەرشت»ی کۆمپانیا ژێردەستەکانی یان بەرهەمەکانی، و هەروەها بە «سەرپەرشتی» خەرجیگەرانی کاڵاکانی خۆی بزانێت. کەسێك کە وەها روانگەیەکی هەیە لە هەنگاوی دواییدا وا دەزانێ کە لە دنیای بەرهەمهێنانەکانی دەو کۆمپانیایەدا، چەشنە رەسەنایەتییەکی بنەماڵەیی و لێکچوونێکی خزمایەتیی هەیە (دەگەرچی دەم لێکچوونە لە تەرحی ئۆتۆمبێلە سوارییەکاندا بە روونی بەدی دەکرێ). بەم جۆرە دەکرێ کە وەفاداری بە بەرهەمەکانی کۆمپانیایەك بە چەشنێك قبووڵکردنی هەستی خزمایەتی (لە نێوان خەرجیگەر و بەرهەمهێنەردا)، یان بە جەخت کردن لە سەر هۆگرێتی کڕیار لەگەڵ باوكسالارییەکی دەسەڵاتدار و بەخشەردا بزانرێ.

بۆ تێگەیشتن لەمەی کە نوێخوازی لە رادەبەدەر، چ کاریگەرییەك لە دەرووندا بەجێ دەهێڵێ ــ دەروونێك کە لە بەرامبەری سەرکەوتنی شتومەکی نوێ بە سەر ئۆبژە لە مێژینە دەروونییەکاندا بە شێوەیەکی عەجوولانە کۆڵنادات ــــ، سەرەڕای لێکدانەوەی رادەی کاریگەرێتی ناو و دروشمە بازرگانیەکان رێگەیەکی دیکەیش هەیە: دەتوانین بە وردی بڕوانینە

پێکدادانە هەمیشەییەکانی نێوان ئۆبژەی کۆن و شتومەکی نوێ، و بڵێین کە پێوەندییە شایی‌هێنەر و بەربڵاوە دەروونییەکانی ئێمە، نەتەنیا هەرگیز لەژێر شەپۆلی هەردەم پەرەسێنی بازرگانیدا ناخنکێ، بگرە رەنگە رەوشتگەلێك بۆ لە ناوبردن و لە بیرکردنی کاڵای نوێ و نە ناسراوە بدۆزێتەوە.

بەم جۆرە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەك لەسەر کاڵا و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی کاڵا بیر بکەینەوە، تاکو پێکدادانەکانی نێوان کاڵای ناسراو و کاڵای چاکترمان، بۆ کەم بکاتەوە. رەنگە ئاساییترین رەوشت بۆ ئەم کارە، دروستکردنی شوناسێك بێت بۆ کاڵای نوێ، بە جۆرێ کە پێوەندیی بدرێتەوە بە کاڵای کلاسیکەوە.

بەڵگەنەویستە بانگەشە لەم بەستێنەدا کاریگەری دەبێ و بۆ نموونە لە چالاکییە رێکلامییەکاندا، کە بابەتەکەیان ئاوڕدانەوەیە لە رابردوو، ئەم کاریگەرییە دەبینرێ. دوو نموونە لەم چەشنە چالاکییانە کە لەدوایی لە بەریتانیادا کاری لەسەر کراوە، بانگەشە بۆ نانی «هۆیس» و سووپی «هاینتسە، هەرچەندە هیچ کام لەم بەرهەمانە بە راستی پێویست ناکات، بە سونەتی و نەگۆڕدراو بخرێتە بەرچاو، چونکە مێژووی بەرهەمهێنانیان لە تەمەنی زۆرینەی ئێمە زیاترە. لەم نموونەگەلەدا، لە باتی خستنە بەرچاوی وێنەیەك لە بەردەوامی درێژەدانی چۆنییەتیەکانی کاڵایەك، لە مێژووی کەتواری ئەو کاڵایە کەڵك وەردەگیردرێ. نموونەی باشتری ئەم شێوە بانگەشەکردنە دواییە، ئەو رێکلامانەیە کە جەخت دەکەنە سەر تایبەتمەندییە «رەسەن»ەکانی کاڵای نوێ (چ ئۆتۆمبێل بێت و چ نەرم کەرەوەی موو). لەم جۆرە رێکلامانەدا، مەبەست ئەوەیە خەرجیگەر بگاتە ئەو دڵنیاییەی کە بەرهەمهێنەران لە تەقەلا بۆ هێنانە ئارای کاڵایەکی نوێتر و باشتر، هەرگیز نایانەوێ تایبەتمەندییە پێشووەکانی ئەو کاڵایە لە ناو بەرن، بگرە دەیانەوێ، هەمان تایبەتمەندییە پێشوو و باشە رابگرن.

### ئازاری ویژدانی خەرجیگەران:

دڵەڕاوکێی خەرجیی کاڵای نوێ، سەرنجمان بۆ ئاڵۆزییەك بکێش دەکات، کە سەرەڕای هەموو شتێك لایەنگەلێکی هاوبەشیشی لەگەڵ ئەم دڵەڕاوکێیەدا هەیە. ئەم ئاڵۆزییە رەنگە هەڵگری بنەڕەتیترین بایەخ بێت لە خەرجیدا و دەروونشیکاریش بۆچوونگەلێکی تایبەتی سەبارەت بە ئەو (ئاڵۆزییە) بۆ دەربڕین هەیە. ئەو ئاڵۆزییەی من مەبەستمە، پێکدادانێکە لە نێوان مەیل و ئازاری ویژداندا. لە بیست ساڵی رابردوودا نیگەرانیگەلێکی جۆراوجۆر سەبارەت

بە ئالوودەیی ژینگە، ڕەهەندێکی نوێی داوەتە نەریتی لە مێژینەی ئازاری ویژدان لە خەرجیکەراندا، بە شێویەك کە بڕێکیان کەتواربینانە و بڕێکی دیکەشیان خەیاڵییە. ئەم هەست بە تاوانکردنە، هۆکارگەلێکی جۆراوجۆری هەیە. دیشتێر لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا سەرنجی بڕیوەتە ئاسایش یان خۆی گوتەنی«باری قورسی ژیانی ئاسوودە» وەکو یەکێك لە سەرچاوەکانی ئازاری ویژدان. وەها دێتە بەرچاو کە یەکێك لە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەی، دۆزینەوەی وەها ڕێکارگەلێك بووە بۆ خستنە بازاڕی شتومەك، بە شێوەیەك کە ئازاری ویژان لە خەرجیکەراندا دابەزێنێتە خوارترین ئاستی خۆی.

ئەڵبەت ئازاری ویژدان تەنیا لە خەرجیی کاڵاگەلێکەوە سەرچاوە ناگرێ کە بە گشتیی بە تەجەمولاتێکی زیادیی دێنە ئەژمار، یان بەرهەمهێنانیان پێویستی بە وێرانگەرییەکی پاساوهەڵنەگرە لە ژینگەدا، بگرە خەرجیی ئەو شتومەکانەش کە ڕەنگە زۆرینەی خەڵك بە پێداویستییەکی بێ زیانی بزانن بۆ ژیانیان ــ یان لانیکەم بە شێوەیەکی ناخودئاگا ــــ ئەم هەستە دێنێتە ئاراوە. لەم دۆخەدا هەستی تاوان بەرهەمی خەیاڵپەروەری خەرجیکەر سەبارەت بەو کەسانەی کە یان بە هۆی بەهرەدار نەبوون لەو کاڵاگەلە یان لە لایەن ئەو کەسانەی کە بە دووی بەدەستهێنانی ئەو کاڵاگەلەوە بوونە زیانیان لێ کەوتووە.

بڕێ کاتیش ئازاری ویژدان نە لە خەیاڵپەروەرییەوە، بگرە لە ڕاستییەکی تەواو بەرچاوەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ نموونە، کەسێك کە لە کاتی خواردنی نانی بەیانیدا کاسەیەکی پڕ لە شۆربا لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك دادەنێ، و چاوی بە وێنەی منداڵێك دەکەوێ کە لە دەمی مەرگدایە و دەکەوێتە بیری یارمەتی بە قاتی لێدراوەکان. دواتریش کاتێك کە ملچە ملچ لە شۆربا کە دەخواتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە کە ئایا بەرە پێشووەکانی بنەماڵەکەی ــــ کە بە بۆچوونی ئەو لە توانااتێکی کەمتر بەهرەدار بوونە و ژیانێکی دژواریان هەبووە ــــ بۆ نانی بەیانی چییان دەخوارد. ئاساییە کە ئێمە زۆر بیر لەم جۆرە بابەتانە ناکەینەوە و هاوکات لەگەڵ خێرایی کاری ڕۆژانەدا، بە زوویی فەرامۆشیان دەکەین. جیا لەمەش، هەر کاتێك چێشت دەخۆین، ئەو بیرانە دووبارە لە هۆشماندا زیندوو دەبنەوە و کاریگەری دادەنێنە سەر نان خواردنمان.

بەڵام لە کاتێکەوە کە «لێکۆڵینەوەی خواستەکان» گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی گەشە، ئەم چەشنە لە ئازاری ویژدانی خەرجیکەران لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بازاڕدا، لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە و لە کەتواردا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە هەرگیز بە تەواوی

ورد لێی نەبووینەتەوە. نابێ لە بیر بکرێ کە ئەم ڕەهەندەی خەرجی، هەروەها شاراوە ماوەتەوە. بابەتە بەرچاوەکانی ئەم بەستێنە بریتین لە ترس لەوەی کە ئۆبژە خۆشەویستەکان بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر لە ناو چووبن، یان ئەوەی خوشك یان برایەك لە مافەکانی خۆی بە شێوەیەکی زاڵمانە بێبەش کرابن. ئەگەر دڵەڕاوکێی دوورەپەرێزیهێنەر بۆ تاکەکەس دیسانەوە ببێتە ترسێکی وەڕەس‌کەرەوە، شێوازگەلێکی ساکارتر لەم بابەتانە دەتوانێ ترس لە خەساوی، ژەهراوی بوون، تیاچوون و تەنیا کەوتن بێت، یان ترس لە چارەنووسێکی ترسناکی دیکە بێت، کە لە ڕوانگەی بینەرانەوە ڕەنگە وەکو موجازاتێك بێتە بەرچاو کە بە هۆی خەرجیی بێزەرەر و ئاسایی کاڵایەك هاتووەتە ئاراوە، بەڵام لە خەیاڵی تاکەکەسدا نواندنەوەی حیرسێکی لە ڕادە بەدەر بووە.

ئەم دیاردەیە دەکرێ خوێندنەوەی جۆراجۆری لەسەر بکرێ، وەکو ئەوەی کە بە ڕەهەندی ناخودئاگا و نائەقڵانی لایەنگری لە ژینگە، بزانرێ.[1] هەروەها بۆ فام کردنی هۆکاری پەرەسەندنی «ترس و دڵەڕاوکێ لە ژەهراوی بوونی چێشتی» لەم ساڵانەی دواییدا، دەبێ سەرنج بدرێتە ئەم هۆکارە. لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم ترسەن، پیشاندەری ئەوەیە بڕێکیان بە ڕواڵەت دیسانەوە تووشی ئەم ترسە پارانوویاییە بوونەتەوە کە دەستدرێژی کردنی زۆر (بۆ سەر مرۆڤ) کارێکی کردووە کە دایکی سروشت بکەوێتە تۆڵەسەندنەوە لە مرۆڤ.

لەم باسەدا چەشنە جۆراوجۆرەکانی دڵەڕاوکێگەلێك کە پێوەندییان بە پلەگەلێکی جیاواز لە گەشەی دەروونییەوە هەیە وبەپێی تیۆری جیاواز و بە شێوەگەلێکی جیاواز دەرمان دەبن ئاماژەی پێکراوە. پێویست ناکات لەم بوارەدا داوای لێبوردن بکرێ، چونکە ئەم دڵەڕاوکێگەلە لە کاتی ڕوودانیاندا بە شێوەیەکی پراکتیکی فۆرمی کۆمەڵێکی شڵەژاو و تا ڕادەیەکیش سەرەتایی دەگرنە خۆیان کە باشترین شێوە بۆ ئاماژە پێکردنیان، بەکارهێنانی زاراوەی گشتیی ئازاری ویژدانە.

لەم دڵەڕاوکێگەلەشدا ــ وەکو پێکدادانی نێوان کاڵای نوێ و کاڵای ناسراو ــ وەها دێتە

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر لەم بوارەدا، دەتوانن بڕواننە ژانین چاسێگێت ــــ سمیرگێل – Janine chasseguet (Smirgel 1986)، هەرچەند کە لێکۆڵینەوەکەی تەنیا سەبارەت بە پارتە سەوزەکانی ئەڵمانیایە و هەستی عەزابی ویژدانی مەسرەفگەران تەنیا پێوەندیی دەداتەوە بە کەتوارە مێژوویی و غەیری وێنای (ژینۆسایدی جوولەکەکان لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە لە دووەمین جەنگی جیهانیدا ) نەك بە لایەنە گشتییەکانی دەروونەوە.

بەرچاو کە بانگەشە کردن لە سوکناییدان بە خەرجیگەری زام لێکەوتوو رۆڵێك دەگێڕێ، چونکە زۆرینەی ڕێکلامەکان بە روونی ئاماژەیان بۆ ئازاری ویژدان هەیە. لە بڕێك لەم ڕێکلامانەدا ئەم کارە لە ڕێگەی هەڵخڕاندنی شۆڕشێکی شەهوانییەوە دێتە ئاراوە (بەم رستەوە کە «قەیدی نییە، تۆزێکیش بە خۆتا بگە!»)، بەڵام زۆرینەی کات دەقی ڕێکلام بە راشکاوی ئاماژەی بۆ بابەتی ئازاری ویژدان هەیە، بەم مەبەستە کە سەرسەختی ئەم هەستە لە خەرجیگەردا نەمێنێ یان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەیلی توند بە خەرجیدا سازگار بێت (ئەم چەشنە کارکردەی بانگەشە، وەکو ئەوەیە کە چلۆن «بان خود»ی درندە بە مەبەستی موجازاتی تاك، بیر و هۆشی گیرۆدەی ناپاکیەتی و مەترسی دەکا تاکو نیشانەی نەخۆشی وەسواس لەگەڵ مەیلی لە رادە بەدەری جنسیدا پێوەندی بداتەوە). بۆ نموونە، ڕێکلامەکەی فولکس ڤاگۆن لە بەرچاو بگرن کە لە دەقیدا وتراوە «ئێمە مرۆڤمان بۆ گرینگترە تا ماشێن» ومنداڵێك نیشان دەدا کە بە شێوەیەکی نیگەرانی هێنەر لە بەردەم ئۆتۆمبێلێکی فۆلکس ڤاگۆندا راوەستاوە. تەواوی ئەو هەستە بێ ڕەحمییە مەرگبارەی کە بڕێك جار دەکەوێتە دڵی لێخوڕانەوە، یان ئەو ترسەی، کە زۆرینەی کات لە خۆیاندا هەستی دەکەن، هەروەها بە تایبەت ئەو روانگەیە کە بە زاراوەیەك چەواشەیە لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵاندا و دەوترێ کە تایبەتمەندیی لێخوڕانە. وێنەی سەرەوە سەرنجی ئاگاهانەی ئێمە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بۆ تەواوی ئەم بابەتانە رادەکێشێ، بەڵام ئەو رستەیە کە لەو ڕێکلامەدا نووسراوە دیسانەوە دڵنیامان دەکا، بە وتەیەکیتر دەزانین کە ئەو وێنەیە کایەی بە وشە کردووە و تەنیا واتای لەفزی «گرینگایەتی مرۆڤی بە سەر ماشێن»دا نیشان داوە و بە بەردەنگەکانی دەڵێت کە دڵەڕاوکێ (ئاساییە)کانی ئێمە لە بەرامبەر کوشەندەیی ئۆتۆمبێل" فۆلکس ڤاگۆن ناگرێتەوە. بەم جۆرە ئەم ڕێکلامانە پاڵمان پێوە دەنێن بۆ دەربڕینی ئازاری ویژدان، تا لە هەنگاوی دواتردا ئەم هەستەمان تێدا کۆنترۆڵ بکات.

جیاوازی نیشانەی نەخۆشی وەسواس لەگەڵ ڕێکلامە بازرگانییەکاندا ئەمەیە کە ئەوەڵی دەردهێنەرە، لە حاڵێکدا دووهەمی بە شێوەیەکی ئاسایی وەها نییە (بڕێك لە ڕێکلامەکان لە روانگەی خەڵکەوە دەردهێنەرن، بەڵام هۆکاری دەربڕینی ئەم ئێشە ـ لانیکەم بە رواڵەت ـ وە ژێر پێ کەوتنی رەوشتمەندیاتی گشتییە، نەك ئەوەی کە ئەم ڕێکلامانە دەبنە هۆی دژوازی دەروونی). ڕێکلامی ئاماژە پێکراوی سەرەوە رەنگە کەسانێکی زۆری بۆ کڕینی فۆلکس ڤاگۆن راکێش کردبێ و رەنگە وەهاش نەبێ، بەڵام بابەتی گرینگتر،

کاریگەرییەکەیەتی بەسەر تەواوی لێخوڕاندا. ڕەنگە بڕێك لە لێخوڕان کە ڤۆلکس ڤاگۆنیان نییە، بە دیتنی ئەم ڕێکلامە هەستێکی ڕازی بوون بکەوێتە دڵیانەوە، چونکە بە خۆیان دەڵێن کە ئەوانیش بە مسۆگەرییەوە دەتوانن مرۆڤ لە ماشێن بە گرینگتر بزانن، بەڵام ئەگەر وێنەیەکی باش بۆ ئەو ڕێکلامە هەڵنەبژێردرایە، هەستی نیگەتیڤیان سەبارەت بە لێخوڕین تێدا زۆرتر دەبوو.

سەرەڕای ئەمە، ئەم شیمانەیەش هەیە کە ڕێکلامی ئاماژە پێکراو (کە لە ساڵی ١٩٩١ بە بەربڵاوی بە شێوەی پۆستەر و لە ڕۆژنامەکانیشدا بڵاو کرایەوە) تەنانەت لەو کەسانەشدا کە کڕیاری ئۆتۆمبێل نین و ڕەنگە تەنیا چاوێك لە سەر ئەم وێنەگەلەدا بخشێنن کاریگەر بێت. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پڕوپاگەندە کە دەبێتە هۆی گرینگایەتی لە لێکۆڵینەوەی کولتووریدا، ئامادەگی هەمیشەیی ڕێکلامە بازرگانییەکانە لە شوێنە گشتییەکاندا. ئەم ڕێکلامانە جیا لەوەی کە پڕوپاگەندە بۆ چ کاڵایەکی تایبەت دەکەن، بە کەڵك وەگرتن لە وێنەی پڕۆفێشناڵ، و کاریگەری دانەر، کە لە سەر بنەمای بابەتگەلێکی دەروونناسانە ڕاوەستاوەن، گەڵاڵەیەك بۆ کارەکانی ئێمە دادەڕێژن. ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێکرا داهاتی ڕێکلامە بازرگانییەکان نین. بە وتەیەکی دیکە، شێوازە جۆراوجۆرەکانی ناتەناهیی و هەستی بەخێلی و ئازاری ویژدان، لە ڕێگەی نووسەرانی خەڵەتێنەری، ڕێکلامەکانەوە ناسەپێن بەسەر خەڵکدا، بەڵام ئەوان ئەم بابەتانە بە شێوەیەكناڵێنەوە کە ببێتە هۆی تێگەیشتنێکی پێوەر لە دەروون و کۆمەڵگە، ئەڵبەت بەرتەرەف کردنی گرفتەکان مەرجێکە بۆ خەرجیی کاڵا.

چالاکییە پڕوپاگەندەییە دواییەکانی کۆمپانیای بنێتۆن ـــ کە زۆر جێی سەرنجی ڕاڤەگەرانی کولتوور بووە! ـــ یارمەتی دەدا بە فامکردنی ئەم باسە. ناوەڕۆکی ئەم پۆستەر و ئاگادارییانە تەنیا بریتییە لە وێنەگەلێکی ڕاکێشەر لە دەرد و ڕەنج و دوژمنایەتی جۆراوجۆر (وەکو وێنەیەکی خوێناوی سەربازێکی بۆسنیایی کە لە شەڕدا کوژراوە). بەڵگە هێنانەوەکانی کۆمپانیای بنێتۆن بۆ بەکارگرتنی وەها وێنەگەلێك بەم جۆرە بووە، کە ئەم کۆمپانیایە ویستی ئەمەیە *«یۆتۆپیای دنیای بازرگانی کە تێیدا دەوترێ، شەڕێك بوونی نییە، بەجێ بهێڵا... و هەوڵبدا کارێك بکات کە بابەتە گرینگەکان باسی لەسەر بکرێ... ئەگەر ئەم کۆمپانیایە خەڵك ڕاپێچی قسە کردن لەسەر ئەم بابەتانە بکات، ئەو کات*

*کارێکی پیرۆزی کردووە»* (وتەکانی مارینا گالانتی[1]، وتەبێژی کۆمپانیای بنێتۆن، وەرگیراو لە وتاری کالف[2]، ١٩٩٤)

دەکرێ بەڵگەی لەسەر بهێنرێتەوە کە ئەم چەشنە رێکلامانە مەیلی کەڵك وەگرتن لە گوتاری خەرجی بە شێوەگەلێکی ئاشنا و دوور لە کەتوار لەناو دەبەن و سەرنجمان بۆ هەندێ توانای هێزەکی بۆ هێنانەئارای گۆڕانکاریی لە پێوەندی نێوان کایە جیاوازەکانی ژیاندا رادەکێشن کە لە بواری سیاسییەوە تواناگەلێکی سەیرن. ئەم گۆڕانکارییە پێکهێنەری بەشێك لە گرەوێتییە گشتییەکانن بۆ هێنانە ئارای پێوەندییەکی زیاتر لە نێوان کار و کاتی بێکاری و بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە پێکهێنانی فەزایەکی بە فەرمی ناسراو بۆ ئازاری ویژدان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی خەرجیدا، دەتوانن ببنە هۆی ئاسوودەیی خاتری خەرجیگەر سەبارەت بە خەرجیی کاڵا[3]. بە شیمانەوە کۆمپانیای بنێتۆن، بە ئەنقەست بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە گەڵاڵە درێژخایەنەکانیدا کاری نەکردووە و رەنگە کاریگەری ئەم رێکلامانە نەبنە هۆی فرۆشێکی زیاتر لە فرۆشگەکانی بنێتۆندا، بەڵام دیسان بابەتی گرینگتر بۆ شیکاری کۆمەڵایەتی، زۆرتر داهاتە بەربڵاوەکانی حوزووری کۆمەڵایەتی ئەم رێکلامانەیە تاوەکو کاریگەرییە بازرگانیەکانیان.

ئەم باسە بەرەو شوێنێك پاڵمان پێوە دەنێ کە پڕوپاگەندە حوکمی رژاندنە دەرەوەی پێکدادان و دژوارزییە دەروونییەکانی هەیە. ئەم کارکردە لە ریزی رۆڵە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی پڕوپاگەندەدا، لە روانگەی دەروونناسانەوە کارکردێکی بە کەڵکە. یان ئەگەر بمانەوێ باشتر بیڵێین، خەرجیگەرێك کە دەیەوێ کاڵاکان بە دانی کەمترین بەهای دەروونی خەرجی بکات، ئەم کارکردەی پڕوپاگەندە بەکەڵك دەزانێ. بە مسۆگەرییەوە ئەم چەشنە هەڵسەنگاندنە نەرێنیی لە رۆڵی کۆمەڵایەتی پڕوپاگەندە، پێشتر کەوتووەتە هۆشی کاربەدەستان و داکۆکیکەرانی ئەم پیشەوە، بەڵام گرووپێك کە بەرپرسیارەتیی داکۆکیکردن لە پڕوپاگەندە نەکەوتووەتە ئەستۆیانەوە، ناتوانن بە بەڵگە بردنە سەر ئەم بابەتە پڕوپاگەندە رەت بکەنەوە. لێرەدا تەنیا بینەری نموونەگەلێك لە گرەوێتی تایبەتی هزری دەروونشیکارانەین لە شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، واتە گرەوێتی بە لاوازی ئەم تێگەیە کە دنیای

1- Marina Galanti.
2- Culf

٣- بۆ زانینی ئەم بابەتە منەتباری رۆبێرت یانگم.

کۆمەڵایەتی شوێنێکە بۆ سەپاندنی ئیرادەی توێژگەلێکی کۆمەڵگە (کە بە شێوەیەکی ئاسایی کەمینەیەکی دەسەڵاتدارن) بە سەر توێژەکانی‌تری هەر ئەو کۆمەڵگەیەدا (کە بە کەسانێکی گەمژە ــ یان لە خراپترین دۆخدا، مونفەعێل دێنە ئەژمار).

## جگەرەخواردن و کەتوار:

ئەوەی لەسەر پێوەندیی خەرجیگەران لەگەڵ وێنەکاندا نووسیمان، بەستە. هەرچەندە کە دەکرێ خاڵگەلێکی زیاتر لەم بوارەدا بوترێت. بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئەم باسە ئێستەش دەڕۆینە سەر باسی پێوەندیی خەرجیگەران لەگەڵ خودی کاڵادا. ئەنجامی ئەم بەشە ئەمە بووە کە لە پێوەندیمان لەگەڵ شتومەکدا، نەتەنیا بەدووی تێرکردنی نیازەکانمانەوەین، بگرە خوازیاری سەلماندنی بوونی، ئەو بەربەستانەین کە لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ دیتران، سەپاوەتە سەرماندا. پوختەی کەلام ئەمەیە" دەمانەوێ بسەلمێنین کە بوونێکی کۆمەڵایەتین و بوونداریەتیمان برێتییە لەم بەربەست و پێوەندییانە. بۆ ئاخرین نموونە، لێکدانەوەیەك لەسەر جگەرە دەکەین کە یەکێك لە شێوازەکانی خەرجیگەرێتی ئیعتیاد هێنەرە، هەرچەندە کە ئەم شێوازە لە هەنووکەدا خەریکە دەچێتە ناودەقی مێژووەوە.

حاشا هەڵنەگرە کە جگەرە لەگەڵ تێربوونی شەهوانی ــــ یان تێربوونی دەمی ــــ دا پێوەندی هەیە، بەڵام هەروەها پێوەندی بە بێچم‌گرتن و راگرتنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. بۆ روون بوونەوەی ئەم بابەتە" با بیر لەوە بکەینەوە کە چ دۆستایەتی و پێوەندیگەلێکی بنەماڵەیی بە بۆنەی جگەرەوە هاتوونەتە ئاراوە و چ پێوەندیگەلێکی دوولایەنەی کۆمەڵایەتی بە بۆنەی دان و وەگرتنی جگەرەوە پێکهاتوون. جگەرەکێشان هەم لەگەڵ موعاشیرەتی کۆمەڵایەتی بەربڵاودا تەبایی هەیە و هەمیش لەگەڵ هەڵمژینی دڕندانەدا. بەهای کۆمەڵایەتی دانەیەك جگەرە، بڕێك جار لەگەڵ بەهای شەهوەت هێنەردا جیاوازی هەیە، تەنانەت لەسەرتریشە. بۆ نموونە ئەو کاتە بێننەوە بیرتان کە بە راستی حەزی جگەرەکێشانتان نەبووە، بەڵام ئەم کارەتان کرد چونکە کەسێك پێی ئاشنا کردوون کە دەتانەویست لەگەڵیدا ئاشنایەتی داخەن.

سەرەڕای ئەمە، جگەرە دەلالەتی لەسەر دەسەڵات و باڵقبوونیش هەبووە. بڕێك جار بە شێوەیەك، دەربڕی سەختی ژیانی شار و بێزارییە لە ژیان (جگەرەی بۆ گارت) و بڕێجاریش بە دەربڕی زاڵبوونێکی زیاترە لە فەزای بازدا (جگەرەی مارلبرۆ). ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە

واتای باڵقبوون، له لایەن گوتارە کولتووری و وردە کولتوورییەکانداکانەوە دراوەتە جگەرە، گوتارگەلێك کە تیایاندا جگەرە بەرجەستە دەبووەوە (دەکرێ بڵێین ئەم واتاگەلە، شوێنی قسە کردن لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان ــ واتە شاراوگەی، قوتابیان کە برێتییە لە شوێنی بەستنەوەی پاسیکلەکانیان لە قوتابخانەکاندا ــ بەخشیویانەتە جگەرە). دەتوانین ئەم شێوازە کولتوورییەکاندای" دیاریکردنی واتا، بە بەڵگە بردنە سەر گۆڕانکارییەکانی ئەم واتاگەلە لە درێژایی زەمەندا تەسدیق بکەین.[1] لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، ئەو کاتەی کە ئیدی جگەرە خەریك بوو ببێ بە باو، لە ئەمەریکادا تێگەی گشتیی بەم جۆرە بوو کە جگەرەکێشان رەوشتێکی ژنانەیە بۆ کەڵك وەگرتن لە تووتن و هەربەم هۆیەش لە هێزی دەریایی ئەمەریکادا، جگەرەخواردن قەدەخە کرابوو. دواتر، کاتێك پیاوانیش (زۆرتر بە هۆی کاریگەرییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی لەسەر ئاکارە باوەکانی کۆمەڵگەدا) دەستیان کرد بە جگەرەکێشان. لە ئەمەریکا و ئەورووپادا جگەرە ببوە سەمبۆلێکی گرینگی ئازادی ژنان، بە شێوەیەك کە چەشنی ئەم پرۆسەیەش لەم ساڵانەی دواییدا لە برێك لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا هاتووەتە ئاراوە. لەو رووەوەی کە تێگەیشتنی پراکتیکی ئێمە لە «پرەنسیپی کەتوار»، سەخت لەژێر کاریگەری تایبەتمەندییە کولتوورییەکاندا جنسییەتدایە، دەبێ وەها فەرز بکەین کە ئەم گۆڕانکارییە لە واتا جنسییەکانی جگەرەدا، بالانس دەداتە دلالەتە ناخودئاگاهانەکانی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە باڵقبوون وەکو واتای جگەرە، لە ئەزموونی مادی خودی جگەرەوە وەرگیردراوە، ئەمەش رەنگە روونکەرەوەی ئەمە بێت، کە بۆچی جگەرە بۆ گێڕانی رۆڵی دالی باڵقی هەڵبژێردراوە. جگەرە پێوەندیی بە هەڵمژینەوە هەیە، بەڵام ئەو شتەی لە هەڵمژینی جگەرەوە دەڕواتە دەمەوە، شیری گەرم و خۆشی دایك نییە و تایبەتمەندیی چێشتیشی نییە، بگرە دووکەڵێکی وشك و ناحەزە. بەم پێیەش جگەرە خواردن پێوەندی بە ناکامی ــ یان بە وتەیەکی باشتر، بە زاڵبوون بەسەر ناکامی ــ یەوە هەیە. ئەو کەسەی جگەرەخۆرە زۆرجار لەگەڵ پووچی و سەمی بوونی دووکەڵەکەیدا رووبەڕوو دەبێتەوە و دیسانەوە کۆنترۆڵی دەکات. بۆ ئەو کەسە، یەکێك لە لەزەتە سەرەکییەکانی جگەرەکێشان کۆنترۆڵکردنی هەر ئەم دووکەڵە ناحەزەیەتی (کاتێك دووکەڵ دەگاتە قورگی)، بەم جۆرەی کە دووکەڵ هەڵدەمژێتە قووڵایی جەستەیەوە، دواتر بە ئارامییەکی لەخۆباییانەوە دەیداتە دەرەوە.

---

١ـ بڕوانە لێکۆڵینەوەکەی شۆدسێن، ١٩٨٦.

ڕەنگە بەم کارە، ئۆبژەیەکی ناحەز لە ڕێگەی دەروون هاوێژییەوە (یان لە ڕێگەی گۆڕینی پراکتیکی ئەو ئۆبژەیە بە بەشێك لە جەستەی خۆی) کۆنترۆڵ دەکات و دەتوانین بەڵگەیش بهێنینەوە کە ئالوودەبوون بە جگەرە یانی دڵبەستەییەکی ناخواستە بە ئۆبژەیەکی ناحەز بەڵام وەسوەسە هێنەر.

بەڵام جگەرە ئۆبژەیەکی شاییهێنەرە، بەم واتایە کە نەتەنیا مایەی شایی و موعاشیرەتی کۆمەڵایەتییە، هەروەها تاك لەگەڵ کۆنترۆڵی وەڕەسیەتی و بالقی سەمبۆلیکدا ئاشنا دەکات. سەرەڕای ئەمە، جگەرە بڕێك لە لایەنە ناحەزەکانی خۆی، دیسانەوە لە خۆیدا رادەگرێ: لە پرۆسەی جگەرە کێشاندا، جگەرەی تەواو و بێ نەنگی و دڵڕفێن، دەبێتە قنچەیەکی ناحەز کە دەبێ فڕێ بدرێ. لەم ڕەهەندەوە، جگەرە چەشنە ئۆبژەیەکی کۆنترۆڵ کەرەوەیە، کە لایەنە ناحەز و دەرخراوەکانی تاکی جگەرەخۆر کۆنترۆڵ دەکات.

جیا لەمانە، دەبێ تایبەتمەندییە داروناسانەکانی نیکۆتینیش لە بەرچاو بگیردرێ، چونکە هەر ئەم تایبەتمەندییانە بووە هۆی هەڵبژرادنی تووتن ــ نەك گیایەکی دیکە ــ بۆ چێکردنی جگەرە. ئەڵبەت ئەمانە وێناگەرییەکانی نووسەری ئەم پەڕتووکەیە سەبارەت بە جگەرەکێشان. ئەگەر ئەو راپۆرتانەی کە «بنکەی لێکۆڵینەوەی خواستەکان» بە سەرۆکایەتی دیشتێر لە دەیەکانی ١٩٥٠ و ١٩٤٠ بۆ کۆمپانیاکانی جگەرەی ئەمەریکای نووسیووە لە بەر دەستماندا بوایە دەمانتوانی ئەم وێناگەرییانە هەڵسەنگێنن.

لە کەتواردا وێناگەرییەکانی سەرەوەم نەوەکو شیکارییەکی قبوولکراو، بگرە بە مەبەستی پێشکەش کردنی نموونەیەك لە ئافراندنی سەرەتایی واتا، هێناوەتەوە، کە لە پێوەندی نێوان خەرجیگەر و کاڵادا دەتوانێ بێتە ئاراوە. هەروەها نموونەیەك لە ئاڵۆزییەکانی پێوەندی تاك و ئۆبژە، لەم وێناگەرییانەدا دەبیندرێن، پێوەندییەك کە لە چوارچێوەی دژکارییەکانی مەیلی گەڕانەوەیی و خۆگریی بالق بوواندایە دێتە ئاراوە.

ئەڵبەت گوتاری پێوەندیدار بە جگەرە لەم دوو دەیەی رابردووەدا تووشی گۆڕان بووە، بە شێوەیەك کە هەنووکە زۆرتر بە ئۆبژەیەکی ناحەزی دەزانن. لە زەمانەی گەرم و گوڕی سرویسەکان، منداڵ سەنتەری و بزاڤی پێشکەوتن خوازیدا ئەو چەشنە وەڕەسیە بێڕەحمانە پیشەییە، کە جگەرە سەمبولیەتی ئیدی لە بواری کولتووری یەوە گومانی لێکراوە. لە هەمان حاڵدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە جگەرە زۆرتر هەڵگری دوژمنایەتی بێت تا دۆستایەتی. زانیاری زیاتر سەبارەت بە «جگەرە کێشانی بێ هۆ »

(هەڵمژینی بێ هۆکاری دووکەڵی جگەرەی (دیتران) و کاریگەرییەکانی، سەرنجی ئێمەی بۆ کەتوارێکی دیکە راکێش کردووە. ئەگەرچی دەتوانین مەترسی نەخۆشی (بەهۆی جگەرەوە) بە کەم بایەختر لە هەوڵدان بۆ گیان سەختبوون و لابردنی دڕدۆنگ و گومان بزانین، بەڵام مەترسی سەلامەتیی دیتران ناکرێ بێبایەخ بزانین یان بە سەرەڕۆییەوە لەبەرچاوی نەگرین.

بەو جۆرەی لە بەشی پێنجەمدا بینیمان، لەم ساڵانەی دواییدا بۆ هەندێ کەس، شوێنگەی ئۆتۆمبێل ــ لە مەودای نێوان ئۆبژەی شاییهێنەرە و ئۆبژە ناحەزەدا ــ گۆڕدراوە. بەم جۆرە ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەرچی پێوەندی تاك بە کاڵاوە لە لایەن کاریگەری داهێنەرانەی دیهاوێژییە هەمیشەییەکانمان، لەسەر نموونەی ئەزموونەکانمان دیاری دەبن، بەڵام ئەم پێوەندییە بێگومان بەشێکە لە گرەوێتییە بەربڵاوەکانی ئێمە، کە چییەتییەکی مێژوویبیان هەیە. خەرجیی کاڵا ــ وەکو باقی رەفتارە کولتوورییەکانداکانمان ــ هەڵگری دیهاوێژی نواندنەوەیەك لە ئۆبژەیە، کە هەم پێوەندی بە تێربوونی لەزەت خوازی شەهوانییەوە هەیە و هەمیش مۆرك دەنێتە سەر بووندارییەکی کۆمەڵایەتی و پێوەندی لەگەڵ «پرەنسیپی کەتوار»دا.

# بەشی حەوتەم

# موزیك و بنەماڵە

## ڕوانینێکی دەروونشیکارانە بۆ موزیکی پاپ:

تەنانەت ئەگەر بابەتی بەشەکانی پێشوو شتێکی غەیر لەوە کە هەیە بووایە، دیسانەوە دەبوو بە ئاسانی پێوەندییان بدرێتەوە بەم بەشەوە.[١] ئەمڕۆکە موزیکی پاپ یەکێك لە هەمەگیرترین لایەنەکانی کولتووری جەماوەرییە کە بە بەرچاوترین شێوە لە ژیانی خەڵکدا حوزووری هەیە. سەرەڕای ئەمەش، موزیکی پاپ هاوشانی باقی بیچمەکانی ئەزموونی کولتووری و موحەرکی خەرجیی کاڵایە. موزیکی پاپ وەکو دیاردەیەکی کولتووریی هەوەسهێنەر و فلەکسیبل (لەگەڵ هۆش و مەیلی تاکەکاندا)، نیشانەیەکە بۆ زۆرینەی ئەو پێکدادان و دژوازییانە کە ئەمڕۆکە چەمکەکانی شوناس و یەکەیی کۆمەڵایەتی و جنسییەت و هەروەها پێداویستی‌یە ناخودئاگاهانەکانی ئەم چەمکانەیان لە سەرچەشنەکانی نیاز و خەیاڵپەروەری داوەتە ژێر رکێفی خۆی.

موزیکی پاپ زۆرتر، بە دابڕانی بەرەی نوێ لە بەرەی باوك و دایکیان دەزانن و ئەڵبەت هۆکارگەلێکی پاساوەدەر بۆ ئەم شێوە روانینەش هەیە. رەنگە وەها بێتە بەرچاو کە گرەوێتییەکان و شێوەی نوێی ئاواز دانان بەم مەبەستەوە کاریان بۆ بکرێ کە بە دڵی بە ساڵاچووان نەبن یان ئەوان نەتوانن لە موزیکی نوێ تێبگەن، چونکە ئەزموونە کولتوورییەکانی ئەم کەسانە هی رابردووە. گرەوێتی بیر و هۆشی تازەلاوان بۆ ئەو وردە کولتوورانەی کە سەرچاوەیان لە بیچمگەلێکی تایبەت لە موزیکدایە، برێجار بووتە بابەتی سەرەکیی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ دایك و باوکیاندا. یاخی بوونی لاوەکان و مەودای نێوان بەرەیی، بە شێوەیەکی سوننەتی پێوەندیی دەدەینە موزیکەوە.

موزیکی پاپ، هەروەها یارمەتیدەری، سامان‌دانە بە گەشەی دەروونی لاوەکان وەکو خەرجیگەرانی کاڵا، چونکە ئەم دیاردەیە هەم وەکو بەرهەمێکی کولتووری، هەمیش وەکو پەراوێزێکی دەنگی، لە رێکلامی بازرگانی و بنکەکانی کڕیندا لە تەواوی بەستێنەکانی خەرجیدا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ.

هەر لەم بەستێنانەدایە کە تاکەکان بە دووی شوناسێکدا دەگەڕێن بۆ خۆیان و شوناسەکەشیان قبووڵ دەکرێ. بەم جۆرە دەبینین کە موزیکی پاپ بە راشکاوی سەبارەت بە جیاییە، واتە سەبارەت بە پرۆسەی دەروونی سەقامگرتنی تاکایەتی ئێمە. بە واتایەك،

---

١ـ بەشی کۆتایی ئەم بەشە بەپێی وتارێك نووسراوە کە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە گۆڤاری وێناگەری ئازاد بڵاو کراوەتەوە.

موزیکی پاپ بنیاتێکی کولتوورییە کە کارکردە سەرەکییەکەی برێتییە لە دابین کردنی کەرەستەیەکی سەمبۆلیك بۆ لەسەر بواردن یان کۆنترۆڵکردنی دڵەڕاوکێی جیایی. لەم رووەشەوە، ئەم موزیکیە واتایەکی دەروونی ئەرێنیی هەیە ــ هەرچەندە کە رەنگە تەواوی چەشنەکانی هەڵگری وەها واتایەك نەبن ــ و دەتوانین لەسەر ئەمەی کە کام چەشنی موزیك و کام موزیکر بە زۆرترین یان کەمترین رادەی مومکین وێناگەری ئەم واتایەن، مشتومڕ بکەین.

لێرەدا لە پۆلێنبەندی کایەی موزیك خۆ دەپارێزین، لە جیاتی ئەمە خاڵگەلێکی تەواو بەرچاو لێکدەدەینەوە، بەم هیوایە کە باس و خواستەکانمان سەبارەت بەم تێگەیە لە موزیکی پاپ لەگەڵ ئەم پڕوپاگەندە گشتییەدا یەك بگرێتەوە کە ئاستی هەرەبەرزی سەرکەوتنی بنیاتە کولتوورییەکان زەمانێکە کە تەواوی رەهەندە مومکینەکانی لەزەت و کەتوار تێکەڵ دەکەن و ــ بە واتایەکی دیکە ــ سەرەڕای بە رەسمیەت ناسینی، هاندەرە گەرانەوەیی و جەستەییەکان ئەو هاندەرانە لە چوارچێوەی ئەویدییەتییەکی کۆمەڵایەتی و پێبەست بە یاسا کۆنترۆڵ دەکەن.

ئەو جیاییەی کە من لە موزیکدا مەبەستمە، هەڵگری دوو رەهەندە. رەهەندێکی کۆمەڵایەتی ومێژوویییە کە لە بەشی هەشتەمدا تۆزێك زیاتر لەسەری دەدوێم. رەهەندێکی دیکەی، تایبەتمەندی تاکەکەسیی و تاکی هەیە، بە وتەیەکی دیکە موزیکی پاپ بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەوڵ و تەقەلای زۆرینەی تازە لاواندا بۆ گەیشتن بە جیایی کاریگەری دادەنێ. دەکرێ پرۆسەی جیایی تا رادەیەك بەپێی مەیلی جنسی دەرك بکرێ. لە هەوڵ و تەقەلاکانی تەمەنی مێرمنداڵیدا، مەیلی جنسی رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ و کەمتر لە هەر هۆکارێکی دیکە دەست دەداتە تێکەڵکردنی پێوەندییەکانی تاك لەگەڵ دایك و باوکدا. لە واقعیدا، بە پێچەوانەی وزە کاریگەری دانەرەکانی شەڕەنگێزی و نیازەکانی وابەستەیی، مەیلی جنسی ناتوانێ لە چوارچێوەی بنەماڵەدا بە ئاشکرایی خۆی بنوێنێ. چێژوەرگرتن لە موزیکی پاپ تا رادەیەکی زۆر پێویستی بە بەشداری کردن هەیە لە وردە کولتوورە جنسی کراوەکان لەدەرەوەی بنەماڵەدا و لەم رەووشەوە دەتوانێ رۆڵێکی گرینگی لە گەشەی سۆزی تاکدا هەبێ. جیا لە زمانی «عەشق» کە بنەما و بنەڕەتی گۆرانییە دڵداریەکانە ئەم بەشداری کردنە هەندێك پێوەندی کۆمەڵایەتی و هەروەها شێوازێکی تایبەت لە جل و بەرگ و رەفتار و... بۆ تاك پێکدەهێنێ، تا مەیلە جنسییەکان کە خەریکی گەشەسەندنە بتوانێ لەم رێگەیەوە دەربکەوێ.

ئەگەرچی عەشقی رۆمانتیك لە موزیکی پاپدا زۆرتر بە باڵایدا دەوترێ ــ هەر بەو جۆرەی

کە لە بڕێك لە جەماوەریترین فیلم و چیرۆکەکاندا ڕێزی لێ دەگیردرێ ـــ بەڵام ئەم چەشنە موزیکیە زۆرتر عەشقی ناکام دەگرێتەوە، ئەویش لە کەش و هەوایەکی خەمگینـدا. لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە ئەم هەستە بە سۆزە، دوولایەنی هەیە. لە لایەکەوە، ئەم هەستە بەشێکە لە تێپەڕینی تازە لاو ـــ و دەنگدانەوە دواییەکانی ئەم تێپەڕینە ـــ لە بنەماڵەوە بۆ ناکۆکی پێوەندییەکانی تەمەنداران و تەحەمولی ئازاری ئەم ناکۆکیانە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم هەستە هەروەها چۆنییەتییەکی گەڕانەوەیی هەیە: لە پشتی گۆرانی عەشقی ناکامەوە، کارەساتی لەدەست چوونی عەشقی پڕ لە مێهر و خۆشەویستی دایك و باوك بۆ ساوا و منداڵ دەبیندرێ، عەشقێك کە ئێمە تێپەڕمان کردووە بەڵام تا ڕادەیەك سەودای لە سەرماندا ماوەتەوە وبیر و خەیاڵیشی وەکو وزەیەکی زۆر بەهێز لە هۆشماندایە.

هەربەم هۆیەش گرێی جیایی، سەربەخۆیی خوازی تازەلاو و لە بنەماڵە لەگەڵ دووبارە ئافراندنەوەی پێوەندییەکانی سەرەتای منداڵیدا تێکەڵ دەکا و بەجۆرەش هەستی گەڕانەوەیی لەگەڵ ئەو هەستەی کە سەرچاوەکەی لە تاراندنی بنەماڵە و دەربڕینی بووندارییەتی دایە تێك دەئاڵێنێ. لە نێوان تەواوی تیۆریە دەروونناسانەکاندا، قوولترین تێڕوانین سەبارەت بە بنەڕەتی شۆکە گەڕانەوەییەکان، دەروونشیکاری پێشکەشی دەکات. جیاوازییەکی دیکەی دەروونشیکاری جەخت کردنە سەری ڕۆڵی تایبەتی مەیلە جنسییەکانە. زۆرینەی تیۆرییە دەروونناسیەکان سەبارەت بە گرینگایەتی تەقەلای تازەلاو بۆ جیا بوونەوە لە بنەماڵە، پێکەوە هاوڕان، بەڵام تەواوی ئەم تیۆرییانە لە سەر پێناسەی دەروونشیکاری بۆ چۆنییەتی و سەنتەریەتی مەیلە جنسییەکان، پێکەوە تەبا نین. هەروەها سەبارەت بەم بابەتە کە شاگەشکەبوونە شەهوانییەکانی تازەلاو لەروانگەیەکەوە دووپاتی پێوەندی و پێکدادانە پێشووەکانییەتی لە گەڵ بنەماڵەدا، دەروونشیکاری و بڕێك لە تیۆرییە دەروونناسیەکان ڕوانگە گەلێکی جیاوازیان هەیە.

دڵەڕاوکێ سەبارەت بە جیایی، سەبارەت بە جەستە و کارکردەکانی، سەبارەت بە باوەڕپێکراوەیتی دیتران و سەبارەت بە گرفتەکانی کۆنترۆڵکردنی هەستی نەیارانە و دژ ودژکار، هەر هەموویان لە قۆناخی ساوایی و منداڵیدا لە پێوەندییەکانی منداڵ لەگەڵ دایك و باوکیدا دێنە ئاراوە. لە قۆناخی تازەلاویدا، تاك لەگەڵ ئەم کێشەگەلەدا لە ئاستێکی دیکەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئاستێك کە تێیدا هەم جیابوونەوەی هەمیشەیی لە دایك و باوك دێتە ئاراوە و هەمیش ئەو کێشە ئاماژە پێکراوانە دەتوانن تایبەتمەندییەکی تەواو جنسی بە خۆوە

بگرن. زۆر کەسی دیکە، بە تایبەت ئەو کەسانەی لەگەڵ تاکدا پێوەندی جنسییان هەیە و هەروەها دۆستەکانیشی، هەنووکە رۆڵێکی سەربەخۆ و گرینگ لە هەیەجانەکانیدا دەگێڕن، بەڵام رەهەندێکی شاراوەی ژیانی دەروونی تاك لەژێر کاریگەری دایك و باوکدایە. لە روانگەی دەروونشیکارییەوە، هەستە رەگ داکوتراوەکانی تاك سەبارەت بەو کەسانەی لە ساوایيدا چاوەدێرییان لێکردووە، بنەمای ژیان و چوارچێوەی تەواوی ئەزموونە دواییەکانییەتی.

تیۆری دەروونشیکاری بەردەوام سەرنجی ئێمە بۆ ئەم بناخە بنەماڵەییەی، تەواوی ئەزموونەکان رادەکێشێ، تەنانەت کاتێکیش ئەو ئەزموونە بریتییە لە گەورە بوون و جیا بوونەوە لەم بنەماڵە. لەم بابەتەدا دژوازییەك ـــ یان لە کەتواردا دژوازی نوینییەك ـــ دەبیندرێ: بە مەبەستی جیابوونەوە لە بنەماڵە (یان « گەیشتن بە تاکایەتی»)، بەو جۆرەی هەندێك لە دەروونناسانان ئاماژە دەکەنە پرۆسەی گەشە سەندنی کەسایەتی لە بواری دەروونی سەر بە خۆوە)، تاك ناچارە زاڵ بێتە سەر زۆرینەی هەستەکانیدا سەبارەت بەو کەسانەی کە لێیان جیا دەبێتەوە.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەم بابەتە، دەکرێ موزیکی پاپ بەو کایەیە لە بەرهەمهێنان و ئەزموونی کولتووری بزانین کە لاوەکان (ئەمڕۆکە زۆرینەی ئەو کەسانەی کە زۆر لاویش نین) برێك لە لایەنەکانی پێوەندییان -لەگەڵ دایك و باوکیان-ی تێدا دووبارە ئافراندنەوە دەکەن و رەنگە تێپەڕیشی بکەن. لە پشتی گوتاری بە رواڵەت نابنەماڵەییانەی ئەم موزیکییەوە، هەندێك لە قووڵترین پێکهاتەکانی شەوق و هەستی منداڵان کەشف دەکرێ. لە موزیکی پاپیشدا وەکو زۆرینەی پانتاییەکانی دیکەی (کولتووری جەماوەری) وێنەگەلێکی هۆشی سەبارەت بە دایك و باوکی ئارمانی کراو-ی بەر رق و خۆشەویست- دەبینرێن و بە جۆرێکیش کەڵکیان لێوەردگیردرێ، کە دیاریکەری ناوەرۆکی رەوشتمەندی ئەم چەشنەیە لە موزیك. بەرهەمهێنەران و خەرجیگەرانی موزیکی پاپ لەگەڵ وێنە دەروونییەکانی خۆیان لە دایك و باوك لە قسە کردندان، هەرچەندە رەنگە لەگەڵ دایك و باوکی راستەقینەیان لە دنیای دەرەوەدا هیچ پێوەندییەکیان نەبێ.

شێوەی رەفتاری موزیکیە و شێوازەکانی، لەگەڵ گرەوێتییە پێشووەکانی پاپدا، ئەمەمان پێ دەڵێ. نۆستالژیای رابردوو و وەرگرتنی (سەرچەشنە کولتووری یان گۆرانییە کۆنەکان) کە نموونەکانی بەردەوام (نەتەنیا لە موزیکدا، بگرە لە کولتووری جەماوەریدا بە گشتیی) دەبیندرێن نیشانەی هەوڵ و تێکۆشانە بۆ تێپەڕاندنەوەی دووبارەی ئەزموونی بەرە پێشووەکان.

ئەمانە سەلمێنەری بیرکردنەوەی لە مێژینەی منداڵ و هیوادار بوونی بە ئەمەیە کە بتوانێ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی لاسایی کردنەوە لە کەتواردا، لە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی دایك و باوك بەهرەدار بێت. تا ئێستە زۆرجار بینەری دەست تێوەردان لە موزیکی قۆناخی هیپیەکاندا بووین، هەروەها لە زەمانی نووسینی ئەم پەڕتووکەدا، موزیکی سەرەتا تا ناوەندی حەفتاکان بە شێوازی گرووپی «ئابا»[1] و شێوازگەلێکی دیکەی وەکو ئەمە دیسانەوە ببووە مۆد. کاتێ کە تەمەنی منداڵانی بەرەی *پانکەکان* بڕواتە سەرتر و ئەوانیش ببنە بەرهەمهێنەری کولتوور، بە شیمانەوە لە کۆتایی حەفتاکاندا گوێبیستی ئیجراگەلێکی نوێ و هەست بزوێن لە گۆرانییە بەناوبانگ و لە بیر نەکراوەکانی گرووپی «شەپۆلی نوێ»[2] دەبین.

ڕەنگە بتوانین ئەمە بڵێین کە لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی وشە و ئەو هەستەی کە وشە وێنای دەکا، موزیکی پاپ ئەم وتووێژە لەگەڵ دایك و باوکدا درێژەپێدەدا. ئەوە شتێکی بەجێیە کە لەم قۆناخەی باسەکەدا، ئەو زمانەی کە موزیکی پاپ زیاتر لە هەر میدیایەکی دیکە سەبارەت بە پێوەندی مرۆڤەکان بەکاری دەهێنێ -بە تایبەت بەکارهێنانی وشەی «منداڵ»-[3] لێکدەینەوە. لە قسەکانی (گەورەکاندا) «منداڵ» هەڵگری زاراوەیەکی میهرەبانانەیە کە پیشاندەری بڕێك هەستە (وەکو خاوەندارێتی و دڵبەستوویی و مەیل) و ریشەی لە چاوەدێری کردنی دایك و باوك لە منداڵدایە و هەنووکەش لە پێوەندییە جنسییەکانی تاکی باڵقدا بەردەوام خۆ دەنوێنێ. ئەم خاڵە گرینگ و دەلالەتدارەش هەیە، کە «باوك» لە زمانی ئینگلیزی جەماوەریدا زاراوەیەکی دیکەیە بۆ ئاماژە کردن بەکەسێك کە تاك لەگەڵیدا پێوەندی جنسی[4] هەیە. ئەمە سەرسووڕهێنەرە کە وشەی «دایە» وەها واتایەکی نییە، هەرچەندە لە گۆرانییە دڵدارییەکانی موزیکی جازی خاودا « دایە » یەکی بە جنسی کراو بوونی هەیە. بەمجۆرە دەبینین ئەگەرچی موزیکی پاپ بە ڕواڵەت بە عەشقی جنسی گەورەکانەوە خۆ خەریك دەکات، بەڵام لە کەتواردا ئەم کارە بەپێی عەشقی منداڵ بە دایك و باوك و دایك و باوك بۆ منداڵ ئەنجام دەدا.

---

1- Abba

2- New Wave

٣- خوێنەر دەبێ ئەمەی لەبەرچاو بێت کە وشەی «منداڵ» لە زمانی ئینگلیزی جەماوەریدا هەڵگری چەشنە خۆشەویستییەکە و تا رادەیەك بە واتای «ئازیزگیان»ـە و بۆ بە بەردەنگ دانانی دڵدار بەکار دەهێنرێ.

٤- بۆ نموونەیەکی باش لەم بەکارهێنانە، بگەڕێن و سەفحەی گرامافۆنەکەی خۆتان ــ یان دایك و باوکتان ــ لە ئەڵبوومی ناسراو بە «شایعەکان»ی گۆرانییەکانی فلێتوود ماك (Fleetwood mac) بدۆزنەوە.

چەمککگەلێکی جەماوەرییانە وەکو «منداڵ»، «باوك» و « دایە » نموونەگەلێکی سوننەتین لە موزیکی پاپدا، کە بەردەوام وەبیرهێنەری هۆگرییە بنەماڵەییەکانن بۆمان، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش لە گۆرانییە جەماوەر خوازەکاندا زیاتر هەستەکانی منداڵ سەبارەت بە دایك و باوك دووپات دەبنەوە. ئەم شیمانەیە رەنگە هۆکاری ئەمە بێت کە موزیکی پاپ لە بیچمی هەنووکەییدا ئەوەندە کۆنیی هەیە کە زۆرێك لە لایەنگرەکانی گەیشتبێتنە «تەمەنی مام ناوەندی» ــ نەك بە ساڵاچوویی ــ زۆرینەی خەڵك بە سەنجیەوە لەم راستییە، کە تەمەنیان چووتە سەرەوە و ئەم چەشنە موزیکیە، موزیکی تەمەنی ئەوان نییە خۆدەشارنەوە، لە بەرامبەردا هەوڵ دەدەن موزیکی پاپ لەگەڵ تەمەنیاندا بگونجێنن. ئەمانە لەو موزیکیەدا، کە خۆشیان دەوێ دەنگدانەوەگەلێکی سۆزی لە قۆناخە دواییەکانی ژیانیان ــ وەکو سەبارەت بە، دایك و باوك بوون و هەڵسەنگاندنەوەیەکی دووبارە لە دایك و باوکیان ــ دەدۆزنەوە.
برۆس سپرینگێستین [1] لە گۆرانییە لایەنگردارەکانیدا، سەرنجێکی تەواوی بۆ سەر پێوەندی منداڵی کوڕ لەگەڵ باوکیدا هەیە. گۆرانییەکانی ئەو گۆرانیبێژانەی کە کاریگەرییان لە موزیکی جازی خاو وەرگرتووە وەکو ئێریك کلێپتۆن [2] زۆرتر بەرەو لای وێنە هۆشییەکانی دایکدا دەلەنگێن و ئەم بابەتەش، بە لەبەرچاو گرتنی ئەمەی کە موزیکی جازی خاو ریشەی لە لەبیرنەکراوترین ئەزموونەکانی جیایی و زیاندا هەیە، نابێ زۆر جێگەی سەسووڕمان بێت.
لە کۆتایی ئەم بەشەدا، هەروەها لە بەشەکەی دیکەدا، گۆرانییەکانی ئەم دوو گۆرانیبێژە (بە ناوبانگە) وەکو نموونەگەلێکی باش لە دەلالەتە دەروونییەکانی موزیکی جەماوەری، تێر و تەواوتر لێکدراونەتەوە، هەر بەو جۆرەی کە ژۆدێت ویلیامسۆن [3] ئاماژەی پێکردووە، موزیکی پاپ (تەنانەت شێوازی خاوی کە توێژی رۆشنبیر هەرگیز پێی خۆش نییە) وەرگێڕانی تێکتەنراوی نیازە بنەماییە سۆزگەرییەکان یاخۆ هۆگرییە بە کوڵەکانی «دڵ»ە و لەم رووەشەوە دەتوانێ لە کولتووری ئێمەدا سەرچاوەی کاریگەرییە بەهادارە دەروونییەکان بێت.
بۆ تێگەیشتن لە راکێشەرییە زۆر ریشەدارەکانی ئەم موزیکیە دەبێ ئەمە بێنینەوە بیرمان کە «عەشقی یەکەم هەرگیز ناکوژێتەوە» و ــ بە وتەیەکی دیکە ــ ئێمەی مرۆڤ لە تەواوی قۆناخەکانی دوای منداڵیدا بەردەوام هەوڵ دەدەین، هەم عەشقی سەردەمی منداڵی بژێنینەوە

---

١- Bruce Springsteen، (لە دایك ١٩٤٩) گۆرانیبێژ و گیتارژەنی ئەمەریکایی.

٢- Eric Clapton، (لە دایك بووی ١٩٤٥) گۆرانیبێژ و گیتارژەنی ئینگلیزی.

3- Judith Williamson

و هەمیش لەو زیانە سۆزدارییەی، کە بە هۆی ناکام بوون لەو عەشقەوە لێمـان کـەوتووە خـۆ دەرباز بکەین.

## پڕوپاگەندەداری گەورە:

زۆرینەی کات وەها دێتە بەرچاو کە بەپێی باسەکەی فرۆید، گرێی ئۆدیب لەسەر ململانێی جنسییە، بە وتەیەکی دیکە بنەمای ئەم گرێیە برێتییە لە ئارەزووی منداڵ بۆ ئەوەی جێگـەی دایك یان باوکی هاوجنسی خۆی بگرێتەوە و لەگەڵ دایك یان باوکی غەیری هاوجنسی خۆیـدا ئاوێتە بێت. ئەڵبەت ئەم رەهەندەی گرێی ئۆدیـب بـۆ فـامکردنی گشـتیی گرینگایـەتی ئـەم کێشەیە پێویستە، بەڵام ئێمە هەروەها دەبێ بە قۆناخی گرینگی هەوڵ و تەقەلای تـازەلاو بـۆ جیابوونەوە لە بنەماڵەی بزانین. منداڵ بە قبووڵکردنی ئەم بابەتە کە ناتوانێ جێگەی دایك یان باوکی هاوجنسی خۆی بگرێتەوە، ئەویدییەتی دایك و باوکی بـە رەسمـی دەناسـێ و مۆڵـەتی ئەوەش دەدا، کە پێوەندییەکانیان بەردەوام بێت. منداڵ مل دەداتە ژێر لایەنێکی زۆر ناخۆشی کەتوار (ناتوانێ دیتران ناچار بکات هەتاکو بەپێی مەیلی ئەو رەفتار بکـەن)، بـەم جـۆرە لـە رێگەی سەقامگرتنی خـۆی وەکـو تـاکێکی تـەواو جیـا (لـە دایـك و بـاوك) لـە دنیایـەکی کۆمەڵایەتیدا، کە زۆر لە کۆنترۆڵی ئەودا نییە، هەنگاوێکی گـەورە هەڵـدەگرێ. لـە رێگـەی گەیشتن بەم ئامانجە زۆر دژوارەدا منداڵ دەتوانێ لە سەرچاوە و کەرەستەگەلێك بەهرەدار بـێ، کە گرینگترینەکەیان برێتییە لە هۆگرێتی لە نێوان ئەو و دایك یـان بـاوکی هاوجنسـیدا. بـۆ ئەوەی منداڵ بەو جۆرەی، کە پێویستە لە ئامانجەکانی چاوپۆشی بکات، حەتمەن دەبێ شوناسی خۆی لە هەر بوارێکەوە لەگەڵ شوناسی دایك یان باوکی هاوجنسیدا هاوسان بکات. ئەم رایە، کە تەواو یان بەشێکی گەورەی ئەم هاوشوناسییە بە هۆی ترسەوە دێتە ئاراوە، بە شـێوەیەکی ئاسایی لەو پەڕتووکانەدا دەخرێنە روو، کە بیر و راکـانی فرۆیـد بـە شـێوەیەکی سـادەکراو و سەروگوێ بڕاو دەدرێنە خواردی خوێنەر، بەڵام دەروونشیکاری خۆی وەها روانگەیـەکی نییـە، بگرە زۆرینەی کات جەخت دەکاتە سەری گرینگایـەتی عەشـق لـە نێـوان منـداڵ و دایـك و باوکدا.

بەپێی ئەوەی کە وترا، گرێی ئۆدیپ دۆخێکی دەروونی" لە هەر بوارێکـەوە دژ و دژکـارە کە تێیدا، شەڕەنگێزییەك کە سەرچاوەکەی لـە ململانێدایـە (رق لێهـاتن لـە ئەویـدیی، کـە مەبەستی ئەم ململانێیەیە) لەپاڵ قووڵترین دڵبەستووییەکاندا دێتە ئاراوە. ئەم شـەڕەنگێزی و

دڵبەستوویيە، ئەندامە ئەرێيی و نەرێييەكانی پرۆسەی جيايين. ململانێی منداڵ لەگەڵ دايك و باوكی هاوجنس، دەبێتە هۆی ئەوەی، كە لە هۆشيدا تێگەيشتنێكی پێويست لـە جيـاوازی و مەودای تاكەكان لەگەڵ يەكدا بيچم بگرێ. دڵبەستوويی منداڵ بە دايك و بـاوكی هـاوجنس، هەروەها دەبێتە هۆی تێگەيشتنێكـی ديسان پێويست بۆ جيابوونەوە ـــ لـە «ئەوەيدييـەكی ميهرەبان»، ئەويدييەك كە دەتوانێ وەكو تۆخمێكی بيچمدەر بـە نەفسـی لـە حـاڵی گەشـەی منداڵ، لە دەروونيدا، دەروونی بێتەوە.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد، ئـەوە شـتێكی ئاشـكرايە، كـە مـوزيكی پـاپ هـەڵگری لايەنێكی تارێنەر و نەرێيی جياييە، بەڵام ئەگەر تەنيا كاركردی مـوزيكی پـاپ هـەر ئەمـە بوايە، ئەو كات بۆ يارمەتيدان بەو كەسانەی، كە ئـەم موزيكيـە بـە مەبەسـتی تێپەڕانـدنی هەستە دژ و دژەكارەكانی پرۆسەی جيابوونـەوە گـوێ دەگـرن، بايـەخێكی ئـەوتۆی نـەدەبوو. تێپەڕاندنی هەستە ئاماژە پێكراوەكان، واتە ئەمەی كە تاك بتوانێ خۆی بێنێتە جێگەی دايك و باوك، و هەم دۆخی منداڵ، هەميش دۆخی دايك و باوك بـەو جـۆرەی، كـە پێويسـتە پـەی ببات، تا رەنگە لەم رێگەيەوە بگاتە چوارچێوەيەكی گشتيی و ئاڵۆز لە هەستەكان، كە تێياندا شەڕەنگيزی بە فەرمی دەناسرێت، بەڵام لە چوارچێوەی هەستە ميهرەبانان‌دا كۆنترۆڵ دەبێ.

لە ساڵی ١٩٥٢دا، ژنێك بە ناوی سپێكتۆر[1] دوای مەرگی مێردەكەی كارێكی كرد كە لە سەر بەردی گۆڕی مێردەكەی ئەم رسـتەيە هەڵبگەنـدرێ: «هـەر كەسـێك دەيناسـی، خۆشـی دەويست». دە ساڵ دواتر كوڕی سپێكتۆر بە ناوی فيل[2] ـــ كە لە دواييدا بوو بـە يـەكێك لـە بەناوبانگترين بەرهەمهێنەرانی سەفحەی گرامافۆن و گۆرانيبێژان و لەسەر تەواوی لايەنەكانی موزيكی پاپی نوێدا كاريگەرييەكی چارەنووسسازی دانا ـــ لەسەر بنەمای هەر ئەم رستەيە بۆ گرووپێك بە ناوی «ورچە بووكە شووشەييەكان» (پێكهاتوو لـە كۆمـەڵێك كـچ) گۆرانييـەكی تۆمار كرد. بەم جۆرە لە رۆژە سەرەتاييەكانی موزيكی پاپـدا لـە سـاڵەكانی پـاش دووەمـين جەنگی جيهانی، هەستە ئەرێنييەكانی پياوێك سەبارەت بـە بـاوكی، لـە شـيعری دڵـداری و هەستە دەربڕاوەكانی لە ئاوازێكی پڕفرۆش، سەبارەت بە خۆشەويستی كچێك بۆ دڵدارەكـەيدا تواوەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، لەو سەردەمەدا وەها دەهاتە بەرچاو، كە مـوزيكی پـاپ تـا

1- Spector
2- Phil

رادەیەك دوور بوو لە هەر چەشنە هەستێكی میهرەبانانە سەبارەت بە باوكان، بەڵام لە پەسنی بەناوبانگترین ئەستێرەی پاپ، كە لە هەر بوارێكەوە سەمبولێكە بۆ ئەم موزیكیە ــ ئێلڤیس پریزلی[1] ـ بە گشتیی ئاماژەی بۆ وێنەیەكی هۆشی لە باوكێكی ئارمانیكراو دەكرد، بە «سولتان» ناوی دەبرد. ژیاننامەی شایانی سەرنجی ئێلاین داندی[2] (١٩٨٥) لەسەر گلادیس[3] (دایكی) و ئێڤلیس پریزلی، خاڵگەلێكی زۆر، سەبارەت بە پێگەی تایبەتمەندییە شاهانەكانی پریزلی و پێوەندی ئەو لەگەڵ تەنگژە، لە رەهەندەی كولتووریی جنسییەتی پیاودا، روون دەكاتەوە. لەو كاتەدا ئەم تەنگژە لە دنیایەكدا كە دووەمین جەنگی جیهانی تێپەڕاند بوو خەریك بوو گەشەی دەسەند. هەرچەند كە بە رواڵەت هێشتە پیاوانی بێ كەڵكەڵەی هۆلیوود و یانەی كرێكاران، بیچمدەری كولتووری جەماوەری بوون. بەپێی وتەكانی داندی ئەوە شتێكی دڵتەزێن و نادروستە كە بە ملیۆنان مرۆڤ كەسێك بە سوڵتان دەزانن كە باوكی خۆی هەرگیز ئۆبۆهەتی شاهانەی نەبوو، لە كەتواردا پریزلی بەم هۆیەوە بە «سولتان» ناوبانگی دەركرد، چونكە دایكی وەها روانگەیەكی لەسەری بوو. هەستی دایك بۆ كوڕەكەی و نواندنەوەی هەر ئەو هەستە لە بیچمگرتنی نەفسی گشتیی كوڕدا، لە تەواوی جەستەی كولتوورێكدا خۆی نواند، ئەو كولتوورەی خستە ژێر باڵی خۆی.

فیل سپێكتۆر لە رێگەی گرووپی «ورچە بووكە شووشەیی»یەكان و گۆرانییەكی دڵداری لەسەر قۆناخی تازەلاوی، پێدا هەڵگوتنەكانی لە بەرامبەر خەڵك بەگشتییدا، دڵبەستوویییەكەی بە باوك و مێردێك، كە هەرگیز نەیتوانی هەیبێ دەربڕێ. هەم باوكی گلەدیس، هەمیش مێردەكەی كرێكارانێكی كەم چاوەڕوانی دامەزراندنی كاتی بوون، پیاوانێكی جوان و هێمن و میهرەبان، بەڵام بە بێ ویست و توانا و دەسەڵات، «سپی پێستانێكی بێهێز» و كەم دەست كە نەیاندەتوانی بژێوی بنەماڵەكەیان دابین بكەن. ئەو پیاوەی كە گلەدیس دەیەویست لە كوڕەكەی دروستی بكات ــ و بە ملیۆنان كەسیش

---

١ـ Elvis Presley (٧٧ ـ ١٩٣٥) گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمەریكایی. سەما و گۆرانییەكانی لەسەر شانۆدا تازەلاوانی شاگەشكە دەكرد، بیزی دایك و باوكان هەڵدەستاند. پریزلی، مەرگ زوو هاتە سۆراخییەوە ئەویش بە هۆی چاخی زۆر و ئاڵودەبوون بە مادە سڕكەرەكانەوە، بەڵام بیرەوەری و یادی تا چەندبەرە لە دوای خۆی لە هۆشمەندی لایەنگرانی موزیكی پاپدا بە زیندوویی مایەوە.

2- Elaine Dundy
3- Gladys

کوڕەکەیان بە وەها پیاوێك دەزانی ـــ نەتـەنیا جـوان و هـێمن و میهرەبـان بگـرە هـەروەها وێناکەرەوەی دەسەڵاتیش بوو. گلەدیس چەشنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی لەبەرچـاو دەگـرت: دەسەڵاتی پارە، دەسەڵاتی ئاسوودەیی، دەسەڵاتی بێنیازی و توانای یارمەتیـدان بـە دیـتران" دەسەڵاتێك کە ئەلڤیس لە سەرەتادا لێی بێبەهرە بوو. ئەم دەسەڵاتە هەروەها ڕەنگ و بۆیەکی جنسی هەبوو، دەسـەڵاتێکی هونەرمەندانـەش بـوو، دەسـەڵاتی شاگەشـکەکردن، دەسـەڵاتی داسەپاندنی هەست بەسەر دیتراندا، ئەم ئەوێتییەکان. پرێزلی کە کەسـایەتییەکەی بـەم جـۆرە بەپێی نیازەکانی دایکی بیچمی گرت و لە دواییدا بـوو بـە هـۆگری گرینگایـەتی هـەر زۆری ئابووری و کولتووری لاوەکان، بە ئاکامە دڵتەزێنەکەیەوە تەنیا مۆرکی لەسـەر ئـەم ڕاسـتییە دانا کە پرۆسەی گۆڕان لە منداڵێکەوە بۆ سوڵتانێك بە بێ بـەهرەدارێتی لـە توانـای هێنانـە ئارای هەر چەشنە نەفسێکی دەروونی ـــ دەتوانـێ چـەندە سـەخت بێـت. لـە کـاتی مـەرگی پرێزلیدا لایەنی کولتووری ڕەگەزی پیاوانە لە زۆرینەی لایەنەکانەوە تووشی تەنگـژە هـاتبوو، وەها دەهاتە بەرچاو کە ئەو ئارمانگەلەی، کە پێشتر ئـەو وێناگـەری بـووە تـەنیا لـە دنیـای خەوناوی فیلمەکانی پەنجاکاندا (١٩٥٠) دەیتـوانی بـوونی هـەبێ. سـەرەڕای ئەمانـەش، لـە کولتووری جەماوەردا وێنە هۆشییە کاریگـەرەکان زۆرینـەیان دووبـارە وێنـا دەبنـەوە. شـێوە کارەکانی پەنجاکان دیسانەوە لە هەشتاکاندا پـەرەیان سـەندووە و ئەمڕۆکـەش هـەر بـەوجۆرە لایەنگریان زۆرن. لە ڕووبەرگەلێکی قووڵتری موزیکی پاپیشدا میراتـی مـوزیکی ناسـراو بـە ناوی «جووڵە و لەرینەوە» یان «ڕاك ئەند ڕۆل» بە تایبەت «سوڵتان»یش هێشـتەکە دووپـات دەبێتەوە. لە قۆناخی دوای دووەمین جـەنگی جیهـانی، مـوزیکی جـەماوەرخواز، بیچـمێکی دژوارتری لەخۆگرتووە و دەتوانی وەرگێڕانێکی داهێنەرانەتر و ڕاسـتەوخۆتر بێـت لـە تەقـەلا سۆزییەکان. پرێزلی و بە شیمانەوە سپێکتێریش هـیچ کامێکیـان لـە سەرچـاوە کولتـووری و تاکەکەسییەکان بەهرەدار نەبوونە تاکو بتوانن بە تێپەڕاندنی تەقەلای ئـۆدیبی، بـە شـێوەیەك چارەسەری بکەن، کە منداڵی کوڕ لەگەڵ باوکیدا بگاتە تەبایی، هەر ئەو باوکەی کە کـوڕ بـۆ واتابەخشین بە بوونی خۆی ناچارە لەگەڵیـدا خـەبات بکـات، بـەڵام لـە ئاکامـدا هەسـتێکی ئەرێیانەی سەبارەت بە پیاوەتیشـی لێـی وەردەگـرێ. لـە مـوزیکی پرێزلـی و سـپێکتێردا، تەنانەت نیشانەیەکی ناڕاستەوخۆ لەم خەباتە نابینین. « دیواری دەنگ »ی سپێکتێر، بوو بە هۆی سانابوونەوەی دەرکەوتنی گشتیی دەنگی ژنان لە موزیکی پاپدا و توانی ـــ لـە ڕێگـەی دەنگی کچانی تازەلاوەوە ـــ ئاوات و شاییە تایبەتەکانی تەقەلای جیابوونـەوە بـە شـێوەیەك

پیشان بدا، بەڵام ئەو ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆی لە ململانێی ئۆدیپیدا تێپەڕاند و لە کەتواردا لە نێوان هەستی منداڵانە و پشتیوانی لە مەیلە جنسییەکانی «گرووپە موزیکییەکانی کچان»دا دوودڵ بوو، هەر ئەو گرووپانەی کە سپێکتێر ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانیاندا گێڕا.

پرێزلی بە ملیۆنان باوکی کردە دوژمنی خۆی، چونکە لە کاریگەری ئەو لە کوڕەکان (و کچەکان)یاندا ناڕازی بوون، بەڵام چونکە خۆی باوکێکی نەبوو کە لەگەڵیدا خەبات بکات خۆی دەرگیری خەباتێکی کاریگەرتر لەگەڵ باوکیدا نەبوو. لە کەتواردا، ئەوە وەڵامی خەیاڵیی دایکی بەم پرسیارە بوو، کە «پیاوێك چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟» ئەلڤیس کوڕێکی هەڵکەوتوو بوو کە عادەتی بە «بەڵا قوربان» گوتن بوو. ئەڵبەت لە شەستەکاندا (١٩٦٠) تەواوی ڕێ و ڕەسمەکانی هێمنایەتی و مەعقوولی و بەم جۆرە بەستێنێکی کولتووری بەربڵاو بۆ موزیکی پاپ ڕەخسا تا لە بواری سۆزیەوە گەشە بکات و بە شێوەیەکی روونتر خەریکی کێشە ئۆدیپییەکان بێت. بەم هۆیە و هۆکارگەلێکی دیکەوە، پاپ توانی بە شێوازێکی تێروتەسەلتر ببێتە بنیاتێکی کولتووری (هەر ئەو بنیاتەی، کە ئەم پەڕتووکە لێکدانەوەی لەسەر دەکات)، لانیکەم لە هەندێك لە بەرهەمەکانیدا وەکو سەرچاوەیەك بۆ گەیشتن بە یەکپارچەیی سۆزداری بێتە کایەوە. موزیکی پرێزلیش ڕەنگە توانیبێتی وەها کارکردێکی هەبێ، بەڵام تا ڕادەیەك بە پێچەوانەی مەیلی دەروونی خودی ئەلڤیسی کە داواکاری دەسکەوتی پیاوانە، هەرچەندە داواکارییەکی بێ وێنە و کاریگەریش بوو.

### سەرۆك و باوکی (رییس و پدرش):

لە نێوان گۆرانیبێژە دواییەکاندا دەتوانین گۆرانییەکانی بروس سپێرینگێستین وەکو نموونەیەك لێکدەینەوە، کە گۆڕانکارییەکانی موزیکی پاپمان پیشان دەدا. بەپێی باسەکانی لاپەڕەکانی پێشوو، دەتوانین بڵێین کە سپێرینگێستین نموونەیەکی بەتایبەت باشە، چونکە توخمگەلێکی گرینگ لە موزیکی پرێزلی و سپێکتێر بە ئەنقەست پێکەوە تێکەڵ دەکات. بە واتایەکی دیکە گۆرانییەکانی ئەو هەم نموونەی ئاشکرای «جووڵە و لەرینەوە»ی پڕ جموجووڵە، هەمیش هەڵگری دووپاتبوونەوەی بەردەوام و جووڵێنەرەوەی دەنگە.

لە نووسراوەکانی لێکۆڵەرە بەریتانییەکاندا سەبارەت بە موزیکی ڕاك کەمتر ئاماژە کراوەتە پێگەی گرینگی گۆرانییەکانی سپێرینگێستین، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێك لەم

لێکۆڵەرانە دان بنێنە چێژە وەرگرتنی بێ وردبوونەوەی ئاوازەکاندا. ئەو راڤەگەرە کولتوورییانە کە بە دووی مۆدی رۆژەوەن، زۆرتر سەرنجیان بڕیوەتە رۆخێنەرانی پێکهاتەی[1] جنسییەت. جنسییەتی پیاوانەی بێ پەردە و نائاسایی سپێرینگێستین، رەنگە وەکو یەکێك لە شوێنەوارەکانی قۆناخی پێش فمینیستی راك بێتە بەرچاو و هەنووکەش کە دابڕانە لە مێژینەکانی جنسییەت لەناو چوونە، تەنیا دەتوانێ رووکەش بێت. پرۆسەی لەناوچوونی ئەم قەتعیەتانە تا رادەیەك لە گۆڕانکارییەکانی موزیکی پاپەوە سەرچەشنی وەرگرتووە و پیاوان زیاتر لە ژنان ئەوەیان سەلماندووە. رەگەزی پیاوانە بووەتە یەکێك لە سەنتەرەکانی توانەوەی کولتووری، توانەوەیەك کە بەرچاوترین دەرکەوتنەکانی ئەو پیاوانە بوون کە لە موزیکی راکدا رێ و رەسمەکانی جیاوازی جنسییەکانیان نایە ژێر پێ. (سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە بەرچاو بوونی ئەم داڕووخانەی رەگەزی پیاوان، بە شیمانەوە تا رادەیەك مەدیوونی پێگەی بەگشتیی گرینگتری پیاوانە، لە پیشەی موزیکدا.) لەم دواییانەدا، هۆگری گشتیی بە مادۆنا[2] وەکو پەیکەرێکی (کولتووری)، هەروەها کەڵك وەرگرتنەکەی لە وێنە جنسییەکان، سەرنجی لە پیاوانی هاوجنسخواز، کە بەرگی ژنانە دەپۆشن، بۆ گۆرانیبێژانی ژن گواستووەتەوە.

بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی رەخنەگرە کولتوورییەکانداکان لە سەردەمێکدا کە رەخنەی کولتووری زۆرتر لەسەر نیشانەکان بووە، رەنگە گۆرانیبێژانیش بە پێویستیان زانیبێ کە لەسەر بەها نیشانەییەکانی خۆیان کاربکەن. گۆرانیبێژێك کە لەم بوارەدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ لێزان و داهێنەر نەبێ، رەنگە بە هەڵە بە تاوانکارێکی پیشەگەری بزانرێ و ئاکامی سپێرینگێستینیش تا رادەیەك هەر وا بووە، بەڵام ئەو رەگەزە پیاوانەی کە سپێرینگێستین هەڵگیریەتی، شتێکی زیاتر لە نیشانە چوارچێوەییەکان (ی دەنگی پیاوانە، جلی پیاوانە، حاڵەتی جەستەیی پیاوانە و... ) دەگرێتە خۆ. هەر ئەم نیشانەگەلە، لە گەڵ هەست و گەرم بوونی تایبەتی ئەودا، دەتوانێ ببێتە هۆی ئەو شێوە (بە رێك و پێکی) رێکردنە بان پیاوانەی، کە نیشانەی خۆشیفتەییە و لە موزیکی راکدا نموونەکانی بە زۆری دەبینرێن. گرینگایەتیی سپێرینگێستین لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەو ناوەرۆکێکی رەوشتمەندی ئەرێنی وەردەگرێ و دەیخاتە سەر ئەو تایبەتمەندییە پیاوانەیە. رەنگە بتوانین بڵێین کە موزیککەی، رەسەنایەتیی هەیە، واتە لە هەر چەشنە هەستگەرێتی و سەرەڕۆییەك بە دوورە.

---

1- Deconstructors

٢ـ Madonna (لە دایك بووی ١٩٥٨)، گۆرانیبێژی ئەمەریکایی. (و)

جیا لەو شێوازە مێر مندالآنـە و نموونـە هێنانـەوە دەسـکردییانە کـە لـە دوو کۆمەڵـەی یەکەمی گۆرانییەکانیـدا هەیـە، سپێرینگێسـتین لـە بـاقی بەرهەمـەکانی خۆیـدا بـەردەوام بابەتگەلێکی رەوشتمەندی تایبەت لێکدەداتەوە. شوێنی لەدایك بوون لە ئاوازەکانیدا هەڵگری تایبەتمەندییەکی رەوشتمەندیە کە سپێرینگێسـتین بـڕێجـار بـە تێڕامـانێکی خەمگینانـەوە سەبارەت بە لەناوچوونی یەکەیی کۆمەڵایەتی لە قۆناخی پۆسـت پیشـەییدا یـادی لێـدەکات. (هەر بەم هۆیەشەوە بوو کە بـەو جـۆرەی هـەمووان دەزانـن، لـە کـاتی مـانگرتنی گشـتیی کرێکارانی کانگەکانی بەریتانیادا لـە سـاڵی ١٩٨٤، ئـەو یارمەتییـەکی مـاڵی زۆری دا بـە کرێکارانی مانگرتوو). بەرپرسیارەتیی سۆزداری ــ یان خـۆی گوتـەنی « هۆگرییـە پێبەسـت کەرەوەکان »[١] ــ یش لە روانگەی سپێرینگێستینەوە هەڵگری رەهەندێکی رەوشتمەندییە. بە واتایەکی روونتر، ئەم رەهەنـدی رەوشـتمەندیە برێتییـە لـە وەئەسـتۆگرتنی بەرپرسـیارەتییە پیاوانـــەکانی باوکـــان و مێـــردان. ســـەرەڕای ئەمانـــەش، لـــە پـــاڵ ئـــەم وەئەســـتۆگرتنی بەرپرسیارەتییەدا، کۆمەڵێکی دیکە لە رۆڵە پیاوانـەکانیش لـە مـوزیکی ئـەودا بـە سـۆز و گەرمییەوە دێتە ئاراوە، رۆڵگەلێك کە پێوەندییان بە وێنەی ئۆتۆمبێلە خێراکان و رابـواردن و «جووڵە و لەرینەوە»وە هەیە.

بەم جۆرە، گۆرانییەکانی سپێرینگێستین هێڵی تەواوی پیاوەتی ــ لە لاوی سـەرزیندووە و تاکو باوکێکی بەرپرس ـــ دەگرێتـەوە و بـە شـێوەی پرۆسـەیەکی بـەردەوام، پیشـانی دەدا. (مەبەستم لە « پرۆسەی بەردەوام » ئەوەیە کە) ئەگەرچی سپێرینگێستین بە شێواز و سەبکی چەندین تەمەنی جیاواز دەپەیڤێ، بەڵام لـە بنەڕەتـدا دەنگێـك زیـاتری نییـە. هەیـە گیـانی حەماسی موزیکی پیاوی جەوان لە گۆرانییەکانی بالْقیدا لەناو چوونی بـۆ نییـە، لـە هـەمان کاتیشدا، تەنانەت لە گۆرانییە شادەکان و گۆرانییەکانی شۆڕشی جەوانیدا، زۆرتر هەستێك لە پێچاوپێچی و داهاتە دواییەکانی ژیان ئامادەیە. بۆ نموونە «کێبەرکێ لە شەقامدا» (جیا لـە بۆچوونی سەرەتایی بیسەر)، وەکـو گۆرانییـەکی زۆر خـەمگین سـەبارەت بـە وەڕەسـی خـۆی دەردەخات.

موزیکی سپێرینگێستین بە تەواوی ئەم بیرە دەسەپێنێت، کە سەرچەشنە باوەکانی رەفتاری پیاوانە هەنووکەش دەتـوانن سـەلمێنەری بیچـمێکی تێـك تـەنراوی ژیـان، بـەپێی تێبینییـە

---

١- ناوی یەکێك لە گۆرانییەکانی سپێرینگێستینە .

ڕەوشــتمەندیەکان بــن. هــەروەها ئــەم بیچــمەی ژیــان تیشــك دەخاتــە ســەر لایــەنگری و پەروەردەی(تــەواوی توێــژەکانی کۆمەڵگــە). بــە وتەیــەکی دیکــە، لــە گۆرانییــەکانی سپێرینگێستیندا هیچ کام لە شێوە ڕوانینە سووك و دوولایەنەکان سەبارەت بە ژن نابینرێ بەو جۆرەی، کە لە بەرهەمەکانی بڕێك لە گۆرانیبێژانی هاوقەتاریدا دەبیندرێن. لە گۆرانییەکانیدا ژنان بەشداری ژیانی پیاوانن، چ لە شادی یان لە سەرکەوتن یاخۆ لە ناخۆشییەکانی بنەماڵەدا بێت و کار و فەرمانی پیاوانیش ئەوەیە، کە بێ منەت خۆشیان بوێن. ئەڵبەت ئــەم زانیارییــە بەربەستگەلێکی تایبەت لە بەردەمیدایە، بۆ نموونە، خەرجە کۆمەڵایــەتی و ژینگەییــەکانی ئۆتۆمبێل تێیدا لە بەرچاو ناگیردرێن. لایەنی بەهێزی برێتییە لە سەرنجدانێکی وردبینانــە بــە کۆمەڵێك هەوڵ و تەقەلای ڕەوشتمەندیی ئاسایی. سپێرینگێستین لە چوارچێوەی وشە جنسییە پیاوانەکاندا وشەگەلێك بۆ دەربڕینی هاودڵی و دڵخۆشی و مافی هاوشارییەتی دەدۆزێتەوە و بە مەبەستی ڕووبەڕو بوونەوە لەگــەڵ بەربەســتەکانی ژیــانێکی ئاســوودەدا بــەکاریان دەهێنــێ. ئەڵبەت ئەم تەقەلایە زۆرینەی کات ناگاتە ئەنجام، بۆ نموونە، کاری دەستی، یارمەتی دەدا بــە موحکەم بوونەوە بنەمای شوناسی نێرانە، بەڵام ئەو شوناسە لە کۆمەڵگەی پۆستپیشەییدا بە هەمان بیچمەوە بەرچاو ناکەوێت و لە ئاکامدا ڕەنگە پیاوی جیاوە بوو، بە دڵنیاییــەوە لــە « قەتارێکی عازیمی باشووردا »[1] دانیشتبێ، بەڵام پێویست ناکا هەر ڕۆژە بنەمای شــوناس بــە ڕۆڵگەلێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییەوە بەهێزتر بکەین. ڕەگەکانی شوناســی پیاوانــە برێتییــە لــە خەباتکردنی پیاوی جەوان لەگەڵ باوکیــدا بــۆ چارەســەرکردنی پێکــدادانی نێــوان بــەرەیی و بــۆ ئەوەش، کە باوك و کوڕ بگەنە تەبایی. بۆ سەقامگرتوویی ئەم تەبابیە پێویستە، کە کــوڕ ڕێــز و حورمەتی باوکی بگرێ و دڵی بۆ بسووتێنێ. سپێرینگێستین وەکو منداڵێك بــە پێشکەشــکردنی وێنەگەلێك دەگاتە ئەم ئاکامە گرینگە کە باوکی لە دوای تەمەنێك زەحمەت یان وەکو پیــاوێکی پیر و پەککەوتە پیشان دەدات یــان وەکــو پیاوێــك، کــە بــە هــۆی کــەم دەســتی و نەدارییــەوە تێكشکاوە (نموونەگەلێکی باش لەم وێنەگەلە لە «کارگە» و «ئۆتۆمبێلە دەستی دووەم»ــەکاندا دەبینرێن، کە لە ڕێژەی دڵنشینترین گۆرانییەکانیدان). ئەوەی کــە لــە زۆرینــەی گۆرانییەکانیــدا نیگەرانی هێنەرە ئەمەیە کە باوك زەمانێك کەشف دەبێ کە ڕەنگە مردبێ و ئیدی نــاکرێ دڵــی بۆ بسووتێنرێ. هەربۆیەش، پیاوان لە ئاوازەکانی سپێرینگێستیندا بە هەستی گوناهەوە دەژین و

---

١ـ ناوی گۆرانییەکی سپێرینگێستینە.

به نەسرەوتنی ئێشی ئەم هەستە عومریان دەگاتە ئاخر: «کەفارەی گۆناهەکانمان هێشتە بە ئەستۆمانەوەن» ( ) دێڕێك لە گۆرانییەکی لە ژێژ ناوی) «ماڵی باوکم»). سەرەڕای ئەمانەش، لانیکەم بەم هۆکارەوە کە کوڕ دەیەوێ (رەفتاری رابردووی خۆی لەگەڵ باوکیدا) قەرەبوو بکاتەوە و ـــ بە واتایەك ـــ ببەخشێت و ببەخشرێت، دەکرێ بوترێ کە گەیشتووەتە دۆخێکی رەوشتمەندی ئەرێنی، کە تاکە باڵقەکان لێی بەهرەدارن و بەپێی ئەم دۆخەش، سەرنجی دڵسۆزانە بۆ دیتران و ــ لە رووبەرێکی بەربڵاوتردا ــ بۆ کۆمەڵگەی تێدا دێتە ئاراوە.

بەو جۆرەی پێشتر ئاماژە کرا بەپێی هەندێك شیکاریی جەماوەری لە تیۆری دەروونشیکاری، بنەڕەتی هاوشوناسی کوڕ لەگەڵ باوکیدا، ئەو ترسەیە کە لە باوکی هەیەتی (بە زاراوەیەك «گرێی خەساوی»)یە). ئاوەها شوناسی نێرانە بە هۆی ترسی زۆرەوە لە بەرەیەك دەگەیەتە بەرەیەکی دیکە. بە واتایەك، کوڕ بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەندی باوکیەوە، پێ دەنێتە شوێنی پێی باوکی. موزیکی سپێرینگێستین تێگەیەکی دیکە لەم هاوشوناسییەی کوڕ لەگەڵ باوکیدا دەخاتە بەرچاو، کە بەپێی ئەمە، رەگەزی پیاو لە رێگەی ئەم ئەوێتییەکی میهرەبانانە لەگەڵ باوکیدا، یان لە رێگەی شێوە روانینێکەوە کە لەسەر بنەمای قەرەبووی رابردووە و نیشانەی پەشیمانییە، دێتە ئاراوە. شایانی باسە کە ئەم ئەوێتییە گەرەنتی چەشنە «ئاکامێکی خۆش» بۆ کوڕ ناکات. کوڕ هێشتەکەش دەبوایە رێگەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە («نەمدەزانی کە دەبێ ئەم هەموو رێگەیە بە تەنیایی بڕۆم» (دێڕێك لە گۆرانییەك لەژێر ناوی) «وەکو پیاوێك هەنگاو هەڵگرە») و رەنگیشە دڵەڕاوکێی ئۆدیپی دیسانەوە تێیدا سەرهەڵبدا (بەو جۆرەی کە لە گۆرانی «بریا کوێر بام» وەها دەبێت، هەرچەند تەنانەت لە تەواوی ئەم گۆرانییە بەسۆزەدا سەبارەت بە غەیرەتی جنسیش بە راشکاوی کەش و هەوایەکی خەمگین حاکمە، نەوەك کەش و هەوایەکی شەرەنگێزانە و بەربەرەکانێیی)، بەڵام ئەو دۆخە بۆ کوڕ رەخساوە کە رۆڵی باوك بە شێوەیەکی ئەرێنی وەربگرێ.

ئەمەش کە ئایا خودی سپێرینگێستین لە ژیانی تاکەکەسیدا ئەم قۆناخەی (پێکدادان و پاشان تەبا بوون لەگەڵ باوکدا) بەو جۆرەی کە وترا تێپەڕ کردووە یان نا، بابەتی سەرەکیی باسەکەی ئێمە نییە. دەبینین ( بۆ نموونەی بەپێی ئەو بابەتانەی کە لە پەڕتووکە، لە هەندێ لایەن پڕ ناوەرۆکەکەی داڤ مارش[1]ـەوە لەسەر سپێرینگێستین، سەبارەت بە بنەماڵەکەی

---

١ـ مارش، ١٩٨٧، ل ٨٦٠.

نووسراوە) کە باوکی سپێرینگێستین پیاوێکی تێکۆشەر بەڵام سەرنەکەوتوو بووە، سەرنەکەوتوو بەو واتایە، کە بەردەوام کاری دەگۆڕی و دەسکەوتێکی ئەوتۆشی نەدەبوو، هەربۆیەش بنەماڵەی سپێرینگێستین هەرگیز نەیانتوانی خۆیان بە بنەماڵەیەکی تێر و تەسەلی ئەمریکی بزانن. «بروس گوتی: دایکم قۆڵی بەهێزی بنەماڵەیە، ئەو کارەکان دەباتە پێشەوە»[1] ئەم بابەتە گرینگ و دەلالەتدارە کە دایکی سپێرینگێستین یەکێك لە لایەنگرە سەرسەختەکانی ئەلڤیس پریزلی بوو، بەلام بە پێچەوانەی ڤێرنان پریزلی[2] دوگلاس[3] سپێرینگێستین بە مسۆگەرییەوە ئەوەی توانی کە، کوڕەکەی لە ئەزموونە کاریگەرەکانی باوك بوون ـــ هەم ئەزموونی زاڵمانە وهەم ئەزموونی میهرەبانانەی باوکیەتی ـــ بە شێوەیەك بەهرەدار بکا کە کوڕەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر بابەتی جنسییەتی پیاوانە بە شێوەیەکی داهێنەرانە بداتە بەر لێکۆڵینەوە.

جیا لەمانەش، لە بواری شیکاری کولتوورییەوە، وەرگێڕانی وێنای بڕێك لە لایەنە دژوار و هەلومەرجەکانی جنسییەتی پیاوانەی سەردەمی مۆدێرن، لە گۆرانییەکانی سپێرینگێستیندا بە بایەخترە لە بەراورد کردنی بیۆگرافی ئەو لەگەڵ کاکردە هونەریەکەیدا. سەرەڕای ئەمەش، بیرەوەرییەك کە سپێرینگێستین چەند جار لە سەر شانۆدا گێڕاویەتەوە و لە کاسێتەکانی ئەو پرۆگرامانەشدا تۆمار کراوە، ئەزموونی ئەو لەم بەستێنەدا بە تەواوی روون دەکاتەوە. ئەو لە سەر ئەم بابەتە دەدوێ کە لە دەیەی ١٩٦٠دا، ئەو دەمەی کە تازەلاوێك بە قژی درێژەوە گیتاری دەژەند و بە شێوەیەکی کینەیی و داخ لە دڵ لەگەڵ باوکیدا نێوانی ناکۆك بوو، باوکی پێی خۆش بوو کوڕەکەی بڕواتە سەربازگێری تاکو، سوپا و سەربازی «بیکات بە پیاو». ئاکامی خۆشی ئەم بیرەوەرییەش ئەوەیە، کە کاتێك بروس بە هۆی نەخۆشییەوە لە چوونی بۆ ڤێتنام عەفوو کرا، باوکی دەڵێ لە دڵەڕاوکێ رزگار بووە. لەم دەمانەی قەرەبووکردنەوەی رابردوودایە کە کوڕ پەی دەبات بە خۆشەویستی باوکی بۆ ئەو، هەروەها خۆشەویستی ئەویش بۆ باوکی.

باوکی سپێرینگێستین لە کاتی گۆرانی چڕینی ئەو لەسەر شانۆدا ئامادەگی هەبووە. نەك

---

١- مارش، ١٩٨٧، ل ٨٦٠ .Dave Marsh

٢- Vernon persley، ناوی باوکی ئەلڤیس پریزلی. (و)

٣- Douglas Springsteen، ناوی باوکی بروس سپێرینگێستین.

تەنیا لە یاد و بیرەوەرییەکاندا، بگرە هەروەها لە وەفدی کلارێنس کلیمۆنسی[1] ژەنیاری زەلام و ڕەش پێستی ساکسیفۆنیشدا لە ریزی ژەنیارانی سپێرینگێستین دا بووە. لە سەر شانۆدا و لە کاتی پێشکەشکردنی موزیکدا سپێرینگێستین بەردەوام بە ڕێز و هەیەجانەوە قسەی لەگەڵ کلیمۆنسدا دەکرد: «وەرە دەی، پیاوی گەورە!» «حەتمەن دەبێ ناوی ببەم... ١١٨ کیلۆ وەزنی هەیە!»، «پیاوی گەورە، تکایە یارمەتیدرەم بە».ئەوباوکە زەلامەی کە ئەم سازە بەمە دەژەنی، وەبیرهێنەری ڕێز و ئیحتیرام و خۆشەویستییە، بەڵام دەنگی بەهێزی موزیکی ئەو لەو چوارچێوەدا کە سپێرینگێستین دیاری کردووە ــ و «سەرروك»ایەتی دەکا ــ بەکار دەگیردرێ. «سەرۆك» ناوێك بوو كە بلاْوكه موزیکییەکان بڕێجار بۆ سپێرینگێستین بەکاریان بردووە. و لە ڕوانگەیەکیشەوە دەتوانین بڵێین ناوێکی پڕ بە پێستیشە، چونکە نیشان دەدا پیاوی جەوان زاڵ دەبێ بە سەر ئەو شتەدا کە لە خۆیدا دەروونی کردووەتەوە و ــ چ وەکو تاکێك یان وەکو هونەرمەندێك، یان وەکو هەردوو ئەمانە ــ دەبێ بە خاوەن دەسەڵات.

ئەڵبەت ئەم ئیمتیازە تایبەت بە پیاوان نییە و دەنگ و بڕوا بە خۆ بوونەکەی سپێرینگێستین وەبیرهێنەرەوەی بیرەوەرەیەکی بێسی[2] سمیتە، بەڵام بۆ پیاوان بە شێوەیەکی تایبەت دێتەئاراوە. کوڕ لە هەمبەر دەنگی باوکیەوە بەردەوام بەرەنگاری دەکات، بەڵام لە ئاکامدا بایەخی بۆ دادەنێ. دەتوانین بڵێین دەنگی باوك لە قسە گەشەسەندووەکانی کوڕدا وەکو وزەیەکی هەیەجان هێنەر و موحکەم خۆی دەنوێنێ، وزەیەك کە هەنووکە لە خزمەتی ئامانجەکانی کوڕدایە.

لەم ڕوانگەیەوە، تەنگژەی هەنووکەیی لە جنسییەتی پیاودا لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە باوکان و کوڕان توانای لێبوردنیان بۆ یەکدی نییە، هەر بۆیەش کوڕان لە قبووڵ کردنی میراتی شوناسی پیاوانەی باوکەکانیان خۆ دەبوێرن و جنسییەتی پیاوانە وەکو سەرچاوەیەك (بۆ ڕەفتار)ی ڕەوشتمەندی بەرهەم ناهێننەوە. بەپێی پێوەرەکانی بڕێك لە گرەوێتییەکانی دژ بە نابەرابەری جنسی، بەرهەم نەهاتنەوەی دووبارەی ئەم جنسییەتی پیاوانەیە، شتێکی پیرۆزە و نیشانەیەکە بۆ شکست هێنانی پێوەندییە باوك سالارانەکانی کۆمەڵگە، بەڵام بۆ زۆرینەی گوێگرانی موزیکی برۆس سپێرینگێستین کە پێکهاتەیەکن لە چینە جیاوازەکان، دەربڕینی

1- Clarence Clemons

٢- Bessie Smith 1937 ـ ١٨٩٨) گۆرانیبێژی ئەمەریکایی ناسراو بە «مەلەکەی موزیکی جازی هێور».

دووبارەی جنسییەتی پیاوانە وەکو ئامانجێکی بایەخدار و بەردەست، هەم بۆ پیاوان و هەمیش بۆ ژنان وەکو چەشنە موزیکییەکی دلڕفێن وایە. ئەمەی کە گوێگرە ئاماژەپێکراوەکان هەموویان سپی پێستن، رەنگە دەلالەتی لەسەر ئەمە بێت کە رەش پێستان، بە ئەم چەشنە دەربڕینی دووبارەی جنسییەتی پیاوانە نیازێکیان نەبێ.

هەرچەندە بە شیمانەیەکی گەورەترەوە رەگەزیی بوونەوەی مێژوویی موزیک، سپێرینگێستینی ــ سەرەڕای لە بەرچاو گرتن و تێکەڵکردنی زۆرینەی نەریتەکانی موزیکی پاپ ــ لەگەڵ بەربەستدا رووبەڕوو کردووەتەوە. بە هۆی رەگەزی بوونەوەی موزیکەوە، هەم «جووڵە و لەرینەوە»ی کلاسیك، هەمیش موزیکی ئیسپێکتۆر زۆرینەی کات بۆ سپی پێستان هەر بە لەزەت بوو. باقی گۆڕانکارییەکانی موزیکی پاپ جیاوازییە جوانیناسانەکانیان لە جیاوازییە ئیتنیکیەکان جیا کردووەتەوە، یان لانیکەم جیاوازی رەگەزی کراوی شێوازەکانی موزیکی پاپیان نادیار و نارۆشن کردووە. ئەڵبەت ئەم جیاوازییانە بە شێوەیەك هەروەها بەردەوام دەبن، بەم حاڵەشەوە دەکرێ هیوادار بین کە کەسایەتییە گەورەکانی موزیکی جەماوەری لە داهاتوودا ــ و بەو ئەزموونە سۆزدارانەوە کە دەتوانن لە گۆرانییەکانیاندا بینوێنن ــ تەنیا گوێگریان لە نەتەوەیەکی تایبەت نابێ (بگرە جیهانی دەبنەوە). رەنگە لەم بەستێنەدا هەوڵ و تەقەلای بەردەوام بۆ رووخاندنی بابەتە هەنووکەییەکانی کولتوور، بە تایبەت گرینگ و بەکەڵك بێت.

# بەشی هەشتەم

# ئازارەکانی پەراوێزی شار

## بێ واتایەکی بێ وێنە:

هەر کەسێك بیەوێت موزیکی پاپ وەکو بابەتێکی جدی لێکداتەوە (وەکو بەشی پێشوو)، دەبێ خۆی بۆ گاڵتە پێکردن ئامادە بکات[1] . برێك لە لێکۆڵەران، بە راشکاوی یان، لە بیریاندا دەڵێن: «فرەوێژی نەکەن. موزیکی پاپ بێ واتایە، هەرچەندە کە کەرەستەی سەرگەرم بوونی بیسەرانی بە باشی ئامادە دەکا. ئەو واتاو گرینگایەتییە کە شیاوی نییە بۆی دانەنێن ».

بۆ نموونە سایمێن هاگێرت (١٩٩٠) بۆ سەرکۆنەکردنی (ئەو کەسانەی کە موزیکی پاپ بە بابەتێکی جدی دەزانن) بە شێوەیەکی تایبەت لە ئێرك کلێپتۆن بە ناوی بۆتی «لەشکری راکی هونەرە» ناو دەبات و چەند دێڕێکی تا رادەیەك کەم بەها لە یەکێك لە گۆرانییەکانی دەهێنێتەوە تا پیشان بدات، کە هەوڵ بۆ دەرخستنی بەوەی، کە موزیکی پاپ شتێکە زیاتر لە «بێ واتاییەکی بێ وێنە» چەندە کارێکی بێهوودەیە. (ئەڵبەت هاگێرت، وتارەکەی بۆ رێزگرتن لە بیرەوەری دێل شانۆن[2] نووسی کە بە ئاشکرا گۆرانییەکانی نموونەی تەواو دیاری بێ واتاییەکی بێوێنەیە.)

ئەو گۆرانییە تایبەتە لەلاپەرەکانی دواییدا لێکدەدەمەوە، بەڵام ئاشکرایە کە بەشی پێشوو و ئەم بەشەش دروست هەر ئەو چەشنە شیکارییە دێنێتە ئاراوە کە هاگێرت و هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەران بە گاڵتەیان دەزانی. ئەم شیکارییەش بە ئاگاییەکی ئازاردەر لەسەر ئەو راستییە دەخەمە بەر چاو کە ئەو مەترسییەی ئەوان لە هۆشیاندایە تەواو جدییە.

هەندێك لەو رەخنەگەلەی کە لەسەر موزیکی «راك» نووسراوە ئەوە دەردەخەن، کە نووسەر ناتوانێ لە نێوان راڤەی کۆمەڵایەتیی لە لایەکەوە و ئەو شتەی، کە لە موزیکدا زۆر پێی خۆشە یان رقی لێیەتی جیاوازیی دابنێت. هیوادارم کە لێرەدا من تووشی ئەو هەڵەیە نەبم.

---

١- ئەم بەشە بەپێی وتارێك نووسراوە لەژێر ناوی «موزیکی رەمەکی و کۆنترۆڵی دەرد و رەنجی دەروونی» کە لە ئۆکتۆبری ١٩٩٠دا لە کۆبوونەوەی «دەروونشیکاری و هەرێمی (فەرهەنگی)گشتی» لە زانکۆی رۆژهەلاتی لەندەندا پێشکەش کراوە.

2- Del Shannon

**شێوازەکانی دەرد و ڕەنج:**

لەوانەیە لە هەر لایەنێکەوە چاوی لێبکەین، ژیانی ئێریك کلێپتۆن ژیانێکی[1] خەمبار بووە. وەها دێتە بەر چاو لەم چەند ساڵەی دواییدا گەیشتوەتە چەشنە سەقامگرتوویەك (ئەو ئێستە چل و حەوت ساڵی تەمەنەوە دەگوترێ خراوەتە بەر دەروونشیکاریش )، بەڵام بەر لە ئێستە تووشی پەرێشانی بووە. بەم حاڵەش، دەروونشیکاری فێرمان دەکات، کە ئەو خەمەی کە لەگەڵ مرۆڤدایە هاوواتای دەرد و ڕەنجی دەروونی نییە. بە پێچەوانەوە بەپێی گریمانەکانی دەروونشیکاری، بڕێجار ئەم دووانە، خاڵی بەرامبەری یەکترن. دەوام نەهێنان لە بەرامبەر دەرد و ڕەنجی دەروونی سەرچاوەی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی و دەرهاوێژی[2]، ئالودەبوون بە ئەلکول و مادە هۆشبەرەکان، ڕەفتاری خەڵك خەڵەتێنەرانە و شتانێکی دیکەی لەم چەشنەیە، کە هەموویان حوکمی شێواز یان هۆکارەکانی ئەو خەمەیان هەیە، کە تاکە کەس هەستی پێدەکات. سەبارەت بە کلیپتۆن دەبێ بوترێ کە ڕەنگە ئەوەندە توانای دەوام هێنانی لە بەرامبەر دەرد و ڕەنجدا هەبووبێ کە تا ئێستە زیندوو و بەردەوام داهێنانە هونەرییەکانی درێژە پێبدا. بەو جۆرەی کە بەڵگە دەهێنمەوە، ئەم توانایە لە بڕێك لە گۆرانییەکانیدا دەرکەوتووە، ئەو گۆرانیانەی کە هەر بەم هۆیەوە دەتوانن هەستە پڕ ڕەنج و دەردەکانی بیسەر تا ڕادەیەك کۆنترۆڵ بکەن. سەرەڕای ئەمەش سەرنجدانی خەڵك بۆ ئەم موزیکیە ئەمەمان پێدەڵێ لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، فەرهەنگی چینەکان ڕەنگەبە تەواوی نەشیاو نەبێت. بەوتەیەکی دیکە ڕەنگە لێکدانەوەی ئەم فەرهەنگە نیشان بدات، کە بۆ کۆنترۆڵی دەرد و ڕەنجی دەروونی دەکرێ تا ڕادەیەك کەڵکی لێ وەربگیردرێ، هەر بۆیەش توانای تاقەت هێنان لە بەرامبەر ناکۆکییەکانی ژیاندا لەگەڵ خۆدزینەوە لێیان لە مرۆڤدا پەروەردە دەبێت.

لێرەدا نامەوێ ڕاڤەیەکی دەروونشیکاری لە ڕووداوەکانی ژیانی کلێپتۆن پێشکەش بکەم، چونکە زانیاریگەلێکی باوەڕپێکراو سەبارەت بە ژیانی ئەو بە گشتیی لەبەر دەستدا نییە. بەم

---

١- بە خوێندنەوەی ئەو زانیارییانەی، کە لە ژیاننامەی کلێپتۆن، بە قەڵەمی ڕای کۆڵمەن ( Ray Coleman)، 1985دا هاتووە، ئەم خەمە تا ڕادەیەك هەست پێ دەکرێ.

٢- دەرهاوێژی (Acting – out) زاراوەیەکە لە دەروونشیکاریدا بووەتە وسیفی هەرچەشنە ڕەفتارێکی ناخودئاگا و کۆنترۆڵ نەکراو کە لە مەیل و خەیاڵە ناخودئاگاهانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بە شێوەیەکی ئاسایی چۆنییەتێکی شەڕەنگێزانە یان جنسی هەیە و دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کورت لە ئالۆزییە دەروونییەکانی تاك کەم بکاتەوە .

حاڵەش، وا باشە، کە لە پەراوێزدا ئاماژە بکەمە هەندێك خاڵ سەبارەت بە ژیانی تاکەکەسی ئەو، کە ئەگەرچی بابەتێکی تایبەتمان بۆ روون ناکاتەوە، بەڵام مۆرکی دروستی دەنێتە سەر واتای گشتیی ئەم راڤەیە. خاڵێکی هەر گرینگ لە بەسەرهاتی کلێپتۆندا ئەمەیە، کە دایك و باوکی بە جێیان هێشت. کلێپتۆن هەرگیز باوکی — کە سەربازێکی کانادایی بوو لە ئینگلیزدا — بە چاو نەدی. دایکیشی کاتێ کلێپتۆن تەمەنی دوو ساڵ بوو سپاردیە دایکی و زڕ باوکی تا لە ماڵە کرێکارییەکەیاندا لە یەکێك لە گوندەکانی ساری [1]دا گەورەی بکەن (لەو کاتەدا هێشتە ماڵی کرێکاری لە گوندەکانی ساریدا هەبوو). ئەو دواتر بوو بە ژنی نیزامییەکی دیکە و باقی تەمەنی لە ئەڵمانیادا مایەوە. بەڵگەنەویستەکە ئەم دۆخە لە سەرەتای منداڵی کلێپتۆندا، تووڕەیی و ئارمانی سازی — کە هەردووکیان لە دیاردە ئاساییەکانی رەوتی گەشەی دەروونی منداڵن — تێیدا خێراتر کرد و گەڕاندییەوە بۆ سەر دایکی یەکەمی خۆی و سەر تەواوی ژنان.

بە ئاسانی دەکرێ بە بەڵگەهێنانەوە لە گۆرانییەکانی، هەروەها ژیانی تاکە کەسی کلێپتۆن بەڵگەگەلێك لە سەلماندنی ئەم رووداوانەدا بخەینە بەر چاو. زێدەڕۆیی لە خواردنەوەی ئەلکول کە تا پێی مەرگ بردی و هەروەها قۆناخی سێ تا چوار ساڵەی ئالوودە بە مادە هۆشبەرەکان، لە دەیەی ١٩٧٠دا ئەوەمان بۆ باس دەکا کە رقی خۆ — وێرانکەری، ساڵەهایە تێیدا کوڵ دەدا و دەنیشێتەوە، بەڵام کلێپتۆن لە سەرەتای تازە لاویدا بۆی دەرکەوت کە موزیك دەتوانێ بەشێك لە رق و تووڕەییەکەی کۆنترۆڵ بکات. زۆرینەی بینەران وتوویانە کە شێوەی ژەندنی گیتارەکەی بڕێجار تێکەڵ بەتووڕەییە. لە ساڵەکانی سەرەتای ژەندنی گیتار لە کولوبەکانداClob کاتێك بە هۆی گوشاری زۆری دەستیەوە تەلی گیتارەکە دەپچڕا، لەو وەستانە بەردەوامانەی، کە کلێپتۆن تەلی گیتارەکەی دەگۆڕی دانیشتووان بۆ رابواردن بە هێمنی چەپڵەیان لێدەدا و گوزارشتی «دەستی هێمن» لە رابردوودا بۆ ئاماژە بە کاردانەوەی لایەنگرەکانی ئەو بەکار دەهێنرا. لە باشترین گۆرانیدا بە ناوی «لەیلا» تووڕەییەکی کۆنترۆڵکراو و شاراوە هەیە، ئەم گۆرانییەی بە دڵەڕاوکێ و لاڵە و گلەییەوە بۆ — و سەبارەت بە — پاتی هاریسۆن [2] تۆمار کرد، کە لەو کاتەدا هیچ بایەخێکی پێ نەدەدا و بێ بایەخی دەکرد.

---

١- Surrey، ناوی پارێزگایەکە لە باشووری رۆژهەلاتی ئینگلیزدا

2- Patti Harrison

خاڵی بەرامبەری تووڕەیی، وێنەی ژنێکی ئارمانی کراوە، کە دەنرێتە شوێنی دایکە لە دەس چووەکەی و — سەرەڕای ئەوەی کە دەینێتە شوێنی — حوکمی بەربەستێکی هەیە لەبەرامبەر هەستی رق و تووڕەیی ئەودا بۆ دایکێکی بی ٌوەفا. جوانترین نموونەی ئەم ئارمانی کردنە لە بەرهەمەکانی کلێپتۆندا، گۆرانییە جوانەکەیەتی لەژێر ناوی «ئەمشەو تۆ چەندە جوانی» گۆرانی دلّداری رۆمانتیك بەشێکی جیا نەکراوەیە لە بەرهەمەکانی کلێپتۆن و بە گشتیی موزیکی رەمەکی «ئەمشەو تۆ چەندەجوانی». تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە گۆرانییە بە باشترین شێوە نیشان دەدا. هەروەها ئەم گۆرانییە نموونەیەکی بەرچاوە لە بەرهەمەکانی کلێپتۆن یان گوتاری عەشق لە موزیکی پاپدا. عەشقێك کە لە موزیکی ( PoP ) باسی لێدەکرێت، زۆرینەی شکستی هێناوەو ئەگەرچی زۆرینەی کات ماتەمی بوونی عاشق دەرخەری هەستی تووڕەییشە تێیدا، بەلاّم هەستی سۆزداری زالّ لەم جۆرە ئاوازانەدا نۆستالژیایە، بەو جۆرەش کەلە گۆرانی «لەیلا»شدا هەر وایە.

هەر بۆیەش ئارمانی کردنەوەی رۆمانتیك ئەو رەوشتە بەرچاوە نییە، کە کلێپتۆن بۆ باسکردن لەو دایکەی کە بە جێی هێشت بە کاری بهێنێ. ئەو لە زۆرینەی گۆرانییەکانیدا توانای رووبەڕووبوونەوەی تا رادەیەك راستەوخۆ لەگەڵ هەستی زیان لێکەوتن و بەدبەختیدا لە خۆی نیشان دەدا و رەنگە بتوانین بلّێین کە لە موزیکدا زیاتر لە ژیانی راستەقینەی توانیویە لە بەرامبەری ئەم هەستەدا دەوام بێنێ. توانای تێڕامان لە چۆنییەتی هەستی زیان، کە کلێپتۆن لە تەواوی ئاوازدانەرانی بەریتانیایی جیا دەکاتەوە.

باشترین ئاوازەکان لەو کۆمەڵە گۆرانییانەدا کە ئەو تا ئێستە بلاّوی کردووەتەوە، یان گۆرانییە دووبارە وتراوە بە ناوبانگەکانی جازی هێورە، یان گۆرانییەکانی خودی کلێپتۆنە. ئەو ئاوازگەلێکی زۆری نەوتووە، بەلاّم لە درێژەی ئەو ساڵانەی چالاکیدا، زۆرینەی گۆرانییە بەرزەکانی تۆمار کردووە، کە تێیاندا بە خۆداچوونەوەی، بەردەوام درێژە پێداوە. بۆ نموونە گۆرانی «دایکی پیرۆز» (لە سەفحەی گرامافۆنێکدا لەژێر ناوی مانگی ئووت، بلاّوکراوەی ساڵی ١٩٨٧) لە بەرچاو بگرن. کلێپتۆن ئەم گۆرانییەی بۆ رێزگردن لە بیرەوەری یەکێك لە هەڤاڵەکانی نووسی کە خۆی کوشت (ریچارد مانیوێل)[1] ئەندامی گرووپی موزیکی « باند » بوو لە ئەمەریکادا، کە ئالّوودە بە هیرۆین بوو). لەم گۆرانییەدا کلێپتۆن هێشتە لە دایکێکی بیٌ وێنە لە دەسەلاّت و بیٌ وێنە لە دلّپاکیدا دەپاڕێتەوە کە بێت و لە ناهومێدی رزگاری

---

1- Richard Manuel

بکات، بەڵام بە گشتیی لە ناوەرۆکی گۆرانییەکەوە ئەمە دەردەکەوێ، کە نابێ زۆر هیوادار بین بە وەڵامدانەوەی ئەم داخوازییە تۆراو و خەمبارانە: « لە کوێی ئەی دایکی پیرۆز؟.

وا دیارە کلێپتۆن لە تەمەنی منداڵیدا کەسایەتییەکی تا رادەیەك دوورەپەرێزی هەبووە و زۆرینەی کات خەریکی وێنەکێشان بووە. لە دوادواییەکانی قۆناخی تازەلاویشدا ئەوەندە هۆگری هونەر بووە کە خوێندنەوەی کۆتایی لە پەیمانگەی هونەردا بووە، بەڵام لەو کاتەدا ئیدی ئەو رێگەیەکی تا رادەیەك کاریگەر دیکەی بۆخولّقاندنی بێچمە هونەرییەکان و دەربڕین — و تا رادەیەکیش کۆنترۆڵ —ی هەستەکانی دۆزییەوە، شێوازی بیسەرانەی جازی هێور. تا ئەمڕۆکەش کلێپتۆن زۆرتر لە شێواز و سەبکی جازی هێور کاریگەری وەرگرتووەو ئەو پێگە گرینگەی کە وەکو ئاواز دانەرێك بە دەستی هێناوە، لە گۆڕینی جازی هێور بە بڕێك لە شێوازی جۆراوجۆرەوە سەرچاوە دەگرێ کە موزیکی ( pop )ی هاوچەرخ پێك دەهێنن.

ئەم گۆڕینە بڕێجار بە راشکاوی دێتە ئاراوە و بڕێجاریش بە شێوەیەکی نارێکوپێك. کلێپتۆن بنەمای زمانی سۆزی جازی هێوری بەهێزتر نەکردووە، بەڵام توانیویەتیی زمانی زیانبەر لەم چەشنە موزیکیەدا بۆ زۆرینەی ئەو کەسانەی، کە هیچ چەشنە نێزیکایەتییەکیان لەگەڵ سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی جازی هێوردا نییە بگوازێتەوە بۆ زمانێکی ئاشنا. هەر بۆیەش، لێرەدا خاڵی سەرەکیی ئەوەیە، کە کەڵك وەرگرتنی رۆژانەی ئەم موزیکیە، کاریگەریگەلێکی گرینگ بەجێ دەهێڵێ. لە بەشە دواییەکانی ئەم بەشەدا، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر لێکدەدەینەوە و لە یەك یان دوو سوونگەی جیاوازەوە تێی دەڕوانین.

## قورس راگرتن:

کلێپتۆن موزیکی جازی هێور بە یەکەمین خۆشەویستی ژیانی دادەنێ و دەڵێت کە لە قۆناخی تازەلاوی و دوای مێرمنداڵی و دواتریشدا زۆر ئامانجی ژیانی خۆی بە چاوەدێریکردن لەم «موزیك جوانە» بە دەست هێناوە. ئەو لە ساڵی ١٩٦٥دا لە گرووپی «یاردبێردز» [1] جیا بووەوە، ئەمەش دروست ئەو کاتە بوو، کە ئەم گرووپە هێدی هێدی دەگەیشتە ناوبانگ و پارەیەکی زیاتر. هۆکاری جیابوونەوەی کلێپتۆن ئەوە بوو، کە نەیدەویست ئەو چەشنە موزیك تێکەڵکراوە بژەنێ، کە گرووپی ئامازە پێکراو دەستی کردبووە پەرەپێدانی. ساڵێك دواتر دوای

---

1- Yardbirds

پێوەندی گرتن بە گرووپێکی[1] دیکەوە کە هەلی نیشاندانی دڵبەستوویی ئەو بە جازی هێوری رەخساندبوو، لێیان جیا بووە، چونکە پێڕەوکردنی ئەوان لە جازی هێور بە پێچەوانەی ئەو زۆر کلیشەیی بوو، کلێپتۆن بە دووی دۆزینەوەی گۆرانیگەلێکی نوێوە بوو بۆ دەربڕینی هەستی عاتیفی جازی مولایم بە شێوەیەکی موزیکیی. (دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە لەوە بە دواوە تا ئێستە خودی کلێپتۆنیش بە وەدەستهێنانی مەعریفەی زیاتر لەسەر تەکنیکەکانی جازی هێور، برێ جار گۆرانیگەلێکی دووپارت کراوەی تۆمار دەکرد، بەڵام بە تایبەت لە ساڵەکانی ناوەراستی دەیەی ١٩٨٠ بەملاوە جارجار بە داهێنەری ئەم دووپات بوونەوەی تێپەڕاندووە.

دەتوانین بڵێین کە «ئەم موزیك جوانە»، لە بواری دەروونییەوە وەك ژنێك وایە. ژیانی پیشەیی کلێپتۆن بە گشتیی پیشاندەری وەفاداری هەرە زۆری ئەوە بە جازی هێور وەکو ژنێکی شەهوەتهێنەر و راستگۆ. [2] ئەو بۆ تەوسیفی دەنگدانەوەیەکی تایبەت لە موزیکی جازی هێور لە دەنگی گیتاردا، دەستە واژەی «ئەو دەنگدانەوە ژنانەیە» بەکار دەبا. لە کاتی هەوڵدانی سەرسەختانەدا بۆ وازهێنان لە ئالوودەبوون، واتە ئەو کاتەی کە دەکرێ گومان بکرێ لە دڵەوە زۆر لە خۆی بیزار بووبوو، بڕوای وابوو کە دەست بردن بۆ گیتار و ژەندنی وەکو جۆرە «بێحورمەتی»یەکە بەم موزیکیە[3] ، (بە زمانێکی دەروونشیکارانە، دەتوانین بڵێین کە ئەو ناخودئاگاهانە ئەم کارەی لەگەڵ) بێ رێزی بە ژنی ئارمانیکراو (وەکو یەك دەزانی).

---

١- ناسراو بە Hohn Mayall Bluesbreakers

٢- بەجێیە کە لە پەراوێزدا ئاماژە بکرێتە ئەوەی کە ئەم وەفادارییە بە سۆزە بە مۆسیقای جازی هێور لەگەڵ لایەنێکی دیکەی ژیانی ئەودا (بەتایبەت لە سەرەتاکانی قۆناخێکدا کە رێزێکی زۆری لەم مۆسیقایەدەگرت) بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی هەیەو ئەو لایەنەش بریتیە لە شێوازی رواڵەت و سەرو روومەتی خۆی، کاتی بەراوردکردنی وێنەکانی دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکاندا، بە جۆرێ ناتوانن قبووڵ بکەن ئەم وێنەگەلە،وێنەی یەك کەسن،مەگەر ئەوەی نووسراوەکانی خوارووی وێنەکان بخوێننەوە . باقی ئەندامانی گرووپی «یاردبێرز» ئەمەیان وتووە کە سەروورووومەتی ئێریك بەردەوام بەشێوەیەکی شاراوە دەگۆڕاو تەنانەت بەلەبەرکردنی جلگەلێك کە لەگەڵ مۆدی کاتی خۆیدا جیاوازی هەبوو نیشانی دەدا کە چاوەڕوانی مۆدێکی نوێینە. ئەو بەکەڵك وەرگرتن لە مۆدگەلێکی جیاواز، بەردەوام رواڵەتی خۆی دەگۆڕی و شوناسێکی مۆسیقایی نوێی لە خۆی دەنواند. خاڵی شایانی سەرنج ئەوەیە کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ بەملاوە، ناسینەوەی کلێپتۆن لە وێنە جۆراوجۆرەکانیدا ئاسانە، ئەگەرچی ئەو هێشتەکە شێوازدانەرێکی شیك پۆشە.

٣- تێرنێر (Turner) 1976.

ئەگەر موزیکی جازی هێور لە لایەنێکی تایبەتەوە وەکو ژنێك وایە، ئەو کاتە موزیکیەك لە سەر ئەم شێوازە تەنیا کەرەستەیەك بۆ ماتەم گرتن و ڕێزگرتن لە بیرەوەری ئۆبژەی لەدەسچووی دایك نییە، بگرە هەروەها خودی ئەم موزیکیە هەر ئەو ئۆبژە لەدەس چوو ـ یا جەستەی دایك - ـە. جازی هێور هەم دەنگی ماتەمە (واتە سووبژەیە) و هەمیش ئۆبژە (یان نموونەی)ی ڕاکێشەری مەیلەکانە. ئەم دوولایەنەییە، لە چییەتییە دوولایەنە خودی دایك دەچێ. موزیکی جازی هێور وەکو دایك هەم حوکمی چوارچێوەیەکی کۆنترۆڵ کەری هەیە و هەمیش حوکمی پانتاییەکی شەهوەتهێنەر، یان ئەگەر بمانەوێ جیاوازییەك، کە وێنەی بکات پێی قایل دەبێ دووپات بکەینەوە، دەبێ بڵێین کە ئەم موزیکیە هەم ژینگەیە، هەمیش ئوبژە (بڕوانە[1] بەشی پێنجەم).

کۆڵەکەی سەرەکیی موزیکی جازی هێور، گیتارە کە دیسانەوە هەم دەنگە، هەمیش ئۆبژە. لەم موزیکیەدا، لە کەتواریدا دەنگی گریان و زایەڵەی گیتار دەبیسین — بەپێی دێڕە شیعرێکی جۆرج هاریسۆن[2]، کە کلیپتۆن لەگەڵ گرووپی «بیتڵەکان»دا تۆماری کردووە- گیتار «بە ئارامی دەگری». لە هەمان کاتدا، گیتار بە تەواوی و ئاشکرا وێنەی جەستەی ژنانەیە، کە دەلاوێندرێ و ڕێزی لێدەگیردرێ و پیاوان بە سەریدا ناڵەدەکەن.

ئەڵبەت ئۆبژەی سەرەتایی لە هەموو کاتێکدا ڕێزی لێ ناگیری و چییەتییەکی باشی نییە، لە کەتواردا هەم موزیکو هەمیش سازەکانی، بە شێوەی ئۆبژەگەلێکی نەشیاو کارکردیان هەیە. بە واتایەك، هەم «گۆرانی خراپ و کۆن»ی جازی هێور هەیە، هەمیش «ژنانی پەست و خەمگین». شکاندنی گیتاریش (لەسەر شانۆدا و لە کاتی پێشکەشکردنی موزیکدا) کارێکی نائاسایی و سەرسووڕهێنەر بوو کە ئێریك کلیپتۆن هەرگیز ئەو کارەی نەدەکرد. وەها دێتە بەرچاو کە ئەو توانایەی هەبوو، تووڕەییەکەی خۆی بگۆڕێ بۆ دەنگی موزیك، یان ـ بە وتەیەکی دیکەـ دەیتوانی کارێك بکا کە گیتارەکەی وەڵامدەری هەستەکانی بێت بە

---

١- ویڵفۆرد (1985) . (Willeford) لە وتارێکی جواندا لەسەر مۆسیقای جازی هێور لە نووسینی دەروونشیکارێکی پێڕەوی قوتابخانەی یۆنگ، بە شێوەیەکی لێکچوو جیاوازی دادەنێ لە نێوان «خەمگینی و جازی هێوردا وەکوو شیعرێکی مۆسیقایی»، یان — بە واتایەکی دیکە — لە نێوان دەرد وەکو «بەستێنێکی» ئەزموونی و مۆسیقای جازی هێور وەکو «گەڵاڵەی»یەکی دوور کەرەوەی ئەو هەرێمە.

٢- Gorge Harrison(لە دایك بووی ١٩٤٣)، گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری ئینگلیزی.

شێوەیەکی پێویست. جیمی[1] هێندریکس (یەکێك لەو تاقە ئاوازدانەرانەیە، کە دەکرێ لەگەڵ کلێپتۆندا بەراورد بکرێ)، وەها توانایەکی نەبوو. ئەو بە رواڵەت نەیدەتوانی ئەویدییەتی نەگۆڕی گیتار بەرگەی بگرێت، هەر بۆیەش نابووتی دەکرد. بەرای من ئەم نەتوانینە یەکێك لە هۆکارەکانی مەرگی ناوادەی ئەو بوو. لە دۆخێکدا کلێپتۆن هێشتە زیندووە.[2] بەمجۆرە تاك سەرەڕای ئارمانیکردنەوەی ئۆبژە، لە بەرامبەریدا هەست بە تووڕەیی و ناهومێدیش دەکا. لە بیر نەکەین کە «جازی هێور (لە زمانی ئینگلیزیدا) واتای خەمگینیشی لە خۆگرتووە. ئەمەی کە ئەم جۆرە موزیکیە هەروەها سەرچاوەی شاگەشکە بوونی زۆر و ئاسودەییو تواناشە، پیشاندەری ئەوەیە کە هەستی بەسۆزی ئێمە لە بەرامبەر ئۆبژەی سەرەتاییدا چییەتییەکی دژودژکاری هەیە.

بەپێی زاڵیەتی ئەم چوارچێوە دایکانە و سەرەڕای ئەو ڕۆڵەی، کە گیتار دەتوانێ هەروەها بە راشکاوی بیگرێتە خۆ، نابێ تووشی سەرسووڕمان بین لەوەی کە موزیکی جازی هێور بە شێوەیەکی ئەوتۆ لە کێشەکانی ئۆدیپییەکان نادوێ، ئەڵبەت بەربەرەکانێ و غیرەتی برێجار پارانوویایی یەکێکە لە بەرچاوترین بابەتەکانی زۆرێك لە شیعری گۆرانییە کۆنەکانی جازی هێور (لە گۆرانییەکانی رۆبیرت کرای[3] ، ئاوازدانەری ئەمڕۆیی جازی هێوردا، زۆر سەرنجڕاکێشە)، بەڵام نابێ ئەم بابەتانە بە بابەتێکی «ئۆدیپی»دابنرێ، مەگەر بە واتایەکی هەرە سەرەتاییەوە. لەم گۆرانیانەدا کێشمەکێشی دوولایەنە لەگەڵ باوکێك یان دۆستێکدا بوونی نییەو لە هیچ کەسێك گومان ناکرێت، بگرە تەنیا، کەسێك لە بەرامبەر رەقیبەکەیدا هەست بەدوژمنایەتی ناتاکە کەسیانە دەکات و گرینگتر لە هەر شتێك ئەمەیە، کە ئەو ژنێکی فریودەر و تووڕە و بێزارە، لە هەمان کاتیشدا، لە ئەگەری ئەوەی کە ئەو ژنە ئیتر مەعشوقی نەبێت و جەستە و چێژی لێ قەدەخە بکات، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بووە.

---

١- Jimi Hendrix (١٩٤٢-٧٠) گیتارژەن، گۆرانیبێژو ئاوازدانەری ئەمەریکایی.

٢- ئەڵبەت پیت تویێنشیند (Pete Townshend ) گیتارشکێنی بەناوبانگ و دۆستی هەرە نزیکی کلێپتۆنیش هێشتە زیندووە. ئەگەرچی ئەو یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە گرنگەکانی مێژووی مۆسیقای پاپ، بەڵام زۆرینەی رەخنەگران بڕوایان وایە کە گۆرانییەکانی سەلمێنەری بەهێزی و زەوقی هونەری گۆرانییەکانی کلێپتۆن و هێندریکس نییە. بە شیمانەوە پێوەندیی ئەو لەگەڵ گیتاردا بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەڵگری دەلالەت و گرنگایەتیی نەبووە.

3- robert cray

لەم بەستێنەدا، بەجێیە سەرنج بدەینە ئەم وتەیەی جۆرج هاریسۆن، کە ئێریك — سەرەڕای دۆستایەتییەکی لە مێژینە لەگەڵیدا — وایدەزانی کە کاتێك پێتی هاریسۆن لە ژیان لەگەڵ جۆرجدا دابڕا تا لەگەڵ ئیریکدا بژی، جۆرج لەگەڵ ئەو (ئێریك کلێپتۆن)دا ئاژاوە دەکات. ئەڵبەت هاریسۆن هەرگیز ئاوا ویستێکی نەبووە (رەنگە بەم هۆیەوە کە لەگەڵ هەستەئۆدیپییەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لەگەڵ شێوەکەی کلێپتۆندا رووبەروو بووەتەوە)، بەڵام چۆنییەتی سەرەکیی دڵەڕاوکێکەی کلێپتۆن لەم بوارەدا دەتوانێ لەفام کردنی ئەم خاڵەدا یارمەتیان بدا کە بۆچی ئەو بەو جۆرەیە هۆگری گۆرانی زۆرکەم بایەخ و ئاسایی و بە شێوەیەکی ناپەروەردە ئۆدیپی، بۆب مارلی (لەژێر ناوی «من کەلانتەرم بە گوللە پێکا») هێندە هۆگر بووبوو کە بە دووبارە وتنەوەی کردیە ئاوازێکی پرفرۆش. وێڕای ئەمەش (ئەمە هەر ئەو گۆرانییەیە، کە سایمێن هاگیرت بۆ نموونە هێنانەوە لە باسەکەیدا بەڵگە دەباتە سەری) بەو جۆرەی کە لە بەڵگەهێنانەوەکەی مندا دەردەکەوێ (زەحمەتە کە بتوانین ئەم گۆرانییە بە نموونەیەکی بەرچاو لە بەرهەمەکانی کلێپتۆن بزانین).

تەنیا لە چەند دانەیەك لە گۆرانییەکانی کلێپتۆندا ئەمە دەبینم کە بە شێوەی پاڕانەوە لە کەسایەتییەکی باوکانە داخوازی بکرێ و ئەم داخوازییانەش زۆر ئاساین. نموونەی وەها داخوازی گەلێك لە گۆرانییەکیدا لەژێر ناوی «خوایە یارمەتیم بدە» هەیە کە لە کاتی تەرکی ئیعتیاد بە هێروییندا دای ناوە. نموونەیەکی دیکە گۆرانی «رام بگرە، ئەی خودا» یە، ئەڵبەت لەم گۆرانییەدا لە رزگارکەرێکی دایکانە دەپاڕێتەوە، کە سەرچاوەی هەست بە بوونە.«رام بگرە، ئەی خودا، خەریکم لەناو دەچم، توند رامبگرە، چاوی هیوام هەر بە تۆیە». ئەم بابەتانە سەرنجی ئێمە بۆ پێگەی گرینگی «راگرتن» لە تەواوی نەریتی موزیکی جازی هێوردا رادەکێشن، یەکێك لەو نمونەگەلە لەم بەستێنەدا کە من هۆگریم، گۆرانییەکە بە ناوی «توند رایگرە» کە بی. بی. کینگ [1] وتوویەتی. کلێپتۆنیش لە سەفحەی گرامافۆنی مانگی ئووت، دیسانەوە گۆرانییگەکی بە ناوی «توند رایگرە» هەیە. تەنیا ئەوە کافییە کە لە روانگەی دەروونشیکارابییەوە تێی بڕوانین تا بزانین چ (شتێك) دەبێ توند رابگیردرێ، حوزووری پڕ لە میهرو خۆشەویستی ئەویدی، ئەو ئۆبژە بەبایەخە، جەستەی دایك یان — کلێپتۆن گوتەنی — ئەو هەستە.

---

١- B.B.King (لە دایك بووی ١٩٢٥) گۆرانیبێژ و گیتارژەنی ئەمەریکایی.

لە سەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە موزیکی جازی هێور وەکو ژنێکە، بەم واتایە کە ئەم موزیکیە ئۆبژەیەکی باش، بە شێوەیەکی داهێنەرانە دەخاتە هۆشمانەوە، یان وێناگەرێتی، و سەرەڕای ئەوەش شێوەیەکی کۆنترۆڵ کەرەوەش بۆ وتنەوەی بەکار دێنێ. کارکردی کۆنترۆڵکەری ئەم موزیکیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە بیسەر تێدەگات کە دەنگی «تووند رایگرە» بێفایدەیە، گۆرانیگەلێك کە ئەم وێنەگەلەیان تێدا هەیە، بە شێوەیەکی ئاسایی زۆر خەمگینن و کەش و هەوای خەمهێنەر و سیس بوون و لە ناوچوون بەسەریاندا زاڵە[1]، هەندێك گۆرانی پێوەندییان بە «پرەنسیبی کەتوارەوە هەیەو ئەمانە مایکێل راستین گوتەنی «گێڕانەوەکانی عەشق و زیانن». لەم رووەشەوە، گۆرانییە ئاماژەپێکراوەکان دەتوانن نیشانەی کەشفی دووبارەی ئۆبژەیەکی شایەهێنەری دەروونی بن کە بۆ بەرز راگرتنی بیرەوەری دایکی لەدەس چوو لە دەروونی تاکدا هاتووەتە ئاراوە و لە کەتواردا یادگاری هەمان دایکە. بەمجۆرە لە رەنج و دەردی زیان لێکەوتنەوە دەتوانێ هەستی دڵخۆشی بێتە ئاراوە، کە هاوواتایە لەگەڵ دووبارە سازینەوەی ئەو شتەی کە پێشتر رووخا بوو. دەتوانین ئەم روانگەیە بە تیۆرێك لەسەر هێزی شەفادەری هونەری تراژیك بێنینە ئەژمار.

لەو رووەوە کە وشەکانی گۆرانی جازی هێور زۆرینەیان رەنگێکی پارانوویاییان[2] تێدایە، کاتی دووبارەسازینەوە پێیانەوە دیار نییە. بگرە بە شێوەیەك لە بیچم و دەنگدانەوەکانی ئەم موزیکیەدا دەردەکەوێ. بنەمای رووبەرووبوونەوەی جوانیناسانە لەگەڵ جازی هێوردا بریتییە لە هەستی ژیانەوە، یان دۆزینەوەی سەرچاوەکانی دەروونییەکان. [3] ، کلێپتۆن لەو کاتەی کە بۆ

---

١- لە کۆبوونەوەیەکدا کە من نوسخەی یەکەمی ئەم بەشەم پێشکەش کرد، چەند کەسێك لەو کەسانەی کە لەوێدا بوون وتیان کە بە رای ئەوان، وێنە «توند راگرتن» دەلالەتێکی جینسی هەیە، بێگومان لە برێك گۆرانیدا (بە تایبەت شێوازێك بە ناوی «مۆسیقای داخ» (یان فانك) کە ناراستەوخۆ لە جازی هێورەوە سەرچاوەی گرتووە) ئەم وێنەیە وەکوو داخوازییەکە بۆ بەدواخستنەوەی دوایین رادەی چێژی جنسی. بەڵام کۆی باسەکەی من لێرەدا سەبارەت بە زاڵبوونی خەسار و مەیلەکانییەتی بەسەر لایەنە کاردانەوەیی و تەناسولیەکاندا.

٢- ئەم خەونەی ترسێنەرەی رۆبێرت جۆنسۆن (Robert johnson) کە «سەگەکانی پاسەوانی دۆزەخ، بۆ دەکەن بۆ ئەوەی بمدۆزنەوە»، لە بەرهەمی زۆرینەی ئاوازدانەرانی مۆسیقای جازی هێوردا دووپات دەبێتەوە.

٣- ئەمەی کە لێکدانەوەی ئەم سەرچاوە دەروونییە پێویستی بە چ ئێوریك هەیە، بابەتێکە کە مشتو مڕی زۆری لەسەرە لە روانگەدەروونشیکارانییەکانی ئەمڕۆدا. ویستی من لەم پەڕتووکەدا ئەمە بووە کە سەرچاوەی

یەکەمینجار، لە گۆرانییەکانی ئاوازدانەرانی جازی هێور گوێی دەگرت بەمجۆرە باس دەکات:

*بە دووی ئەو شتەوە بووم، کە ئەوان ئەزموونیان دەکرد، دەمەویست سەرچاوەکەی بزانم و چۆنییەتییەکەشی بناسم. وام دەزانی کە ئەو ئەزموونە بیرگەلێکی دەخستە هۆشمەوە، بیرگەلێك کە هێدی هێدی روونتر دەبوونەوە. هێشتەکەش چۆنییەتیەکەی نازانم، بەلام (دەتوانم بلێیم) خواستێکە بۆ وتن و بە رای من ئەمە ئارامانیترین یان جوانترین شێوەی دەربڕینە.* [1]

بۆ تێگەیشتن لە روونکردنەوەکەی کلێپتۆن، لێرەشدا دەبێ سەرنج بدەینە ئەم ئەوێتی دژ بە نەریتی (دژ بە عورفی) ئەو، لەگەڵ توخمی نامۆی ئەویدیدا، توخمێك کە هۆکاری سەرەکیی هۆگربوونی گرووپێك لە لاوە سپی پێستەکان بوو بە موزیکی رەشپێستەکان، بەلام ئەم هاوشوناسیە بە شیمانەوە سەرچاوەکەی تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەگەلەی کە تاك لە گەڕان بە دووی ئۆبژەی سەرەتاییدا دەیدۆزێتەوە، یان لە کەتواردا — ئەگەر شیکارییەکەمان لەسەر موزیکی جازی هێور دروست بێ — ئەو سەرچاوەگەلەی کە تاك لە هەوڵدان لە رێگەی دان نان بە نەبوونی ئۆبژەی سەرەتاییدا دەیدۆزێتەوە.

بەپێی تێگەیەکی باو سەبارەت بە چۆنییەتی هونەر، پێویستە مەودایەك لە نێوان ئەزموونی ژیانی هونەرمەندو ناواخنی بەرهەمی هونەریدا هەبێ. بە وتەیەکی دیکە بەرهەمی هونەری نابێ تەنیا بەسەر هاتی خودی هونەرمەند بێ. مەگەر نووسەر ئەوەی روونکردبێتەوە کە بەسەرهاتی خۆی نووسیوە. بەپێی ئەم بۆ چوونە، هێزی سەمبولیك و شەفادەری هونەر وابەستەیە بەوەوە کە هونەرمەند تا چ رادەیەك بە هەستەکانیدا چووبێتەوەو بە شێوەیەکی سەمبولیك و نوێ دەری خستبێ و هەروەها تا چ رادەیەك لە چاوی دیترانەوە روانیبێتیە ئەو هەستگەلەو لە سەریان تیڕامابێ و شوێنگەکانی لە نەریتە فەرهەنگییەکاندا دیاری کردبێ. لە رێگەی ئەم پرۆسەگەلەوە هونەرمەند ئەو توانایە پەیدا دەکا کە هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکاو دەرکەوتنی (ناراستەوخۆی) ئەو هەستگەلەش لە بەرهەمی هونەریدا دەتوانێ توانایەکی زیاتر، بۆ کۆنترۆڵی (دەروون بۆ خوێنەر) بدا بە دەستەوە، بەلام پێداچوونەوەیەکی بە هەڵە رەنگە لە رەسەنایەتی ئەزموون کەم کاتەوە و لە ئاکامدا ببێتە هۆی هاتنە ئارای،

---

ئاماژە پێکراو، بەپێی تیۆری کلاسیکی کلاین وەکوو ئەزموونی دوبارە سازینەوەو دووبارە دۆزینەوە لێکبدەمەوە. بەپێی روانگەی «پاش کلاینی» ئەزموونی رەسەنی شتی بالا (the sublime) لەم بابەتەدا رۆڵی هەیە.

1- The Journeyman Radio I, January 1990

بابەتگەلێکی چوارچێوەیی، هەست گەرێتی، ئەقلگەرێتی رۆشنبیرانە و... لە بەرهەمی هونەریدا.

دەتوانین بلێین جازی هێور، هەردوو بیچمی باسکراوی تێدا هەیە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم موزیکیە (و رەنگە زۆرینەی هونەرە جەماوەرییەکانی دیکە کە بەردەنگیان کەمن) ئەمەیە کە بێژەرەکانیان خۆیان و ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە گۆرانییەکانیاندا دەنوێنن. ئەم شێوە وتنە تاکە کەسیە، کاتێك لە رێگەی «کەناڵی موزیك»[1] وە بڵاو دەبێتەوە، هەم بۆ گۆرانیبێژو هەمیش بۆ بیسەر دەتوانێ واتایەکی جیاوازی هەبێ. لە لایەکی دیکەوە، تێگەیشتنی گوێگرانی موزیك، ئەمەیە کە جازی هێور کۆمەڵێکی زۆر کەم لە شێوازە هەست بزوێنەکانی موزیك لە خۆدەگرێ، کە بە هۆی بەهرەدارێتی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، بە ئاسانی دەکەونە چوارچێوەوە و رەنگە بۆ بەشداربوون لە وشە »هەستگەرێتی«یەکانی موزیکی جەماوەریدا بەکاربێن.

ئەڵبەت مەبەست لە «هەستاوی بوون» زۆرینەی کات روون نییە. دەتوانین بڵێین کە واتای گشتیی ئەم چەمکە کە زوو دەکەوێتە هۆشمانەوە، بریتییە لە کەڵك وەرگرتن لە شێوازێکی قسە کردن کە بە خستنە بەرچاوی رەوشتێکی نائاسایی و بەربەستە، بۆ تێگەیشتن لە هەستەکان، توانای تەحەمول، یان وردبوونەوە سەبارەت لێ دەبڕێ. لە رەخنەی بەرهەمەکانی کلێپتۆندا بە تایبەت ئەو گۆرانییەی کە بە بۆنەی مەرگی کوڕە لاوەکەیەوە تۆماری کرد ( ئەو بە هەڵکەوت لە دەلاقەی ئەو ئاپارتمانەی کە خۆی و دایکی تیایدا دەژیان کەوتە خوارەوە )، وتراوە کە بڕێك لە گۆرانییەکانی چۆنییەتییەکی هەستاویان هەیە. ئەوە راستە کە هەندێك لەو وشە بەکارهێنراوانە لە گۆرانی ئاماژە پێکراودا (( لەودیو ئەم دەرگایەوە، دەزانم کە ئاسودەیی سوڵتانە... ئیدی لە مەلەکووتدا کەسێك فرمێسك ناڕێژێ )) مەرگ — بە شێوەیەکی چوارچێوەیی— وەکو شتێکی ئارمانی نیشان دەدەن و ئەمەش تایبەتمەندی شێوازە هەنوکەییەکەی «هەستگەرێتی»یە (بەڵام تایبەتمەندی موزیکی جازی هێور نییە). هەروەها کلێپتۆن خەمەکانی بە راشکاوی (وتنەوەی خەم لە گۆرانییەکداو ئیجرای گشتیی ئەو گۆرانییە) نیشان داوە، ئەگەرچی ئەم کارەش لە روانگەی ئێمەوە کارێکی نەشاز بێت.

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کە ئەم گۆرانییە نموونەیەکە لەمەی کە بەرهەمەکانی کولتووری

١- ناوی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنییە لە ئینگلیزدا کە مۆسیقای عامەپەسەندو پرۆگرامی سەرگەرمی بڵاو دەکاتەوە.

جەماوەری ڕەنگە توانای ئەوەی تێدا نەبێت کە هەستەکانی ئێمە بە شێوەیەکی کاریگەر کۆنترۆڵ بکات، بگرە لە بەرامبەردا ڕەسەنایەتی ئەو هەستگەلە تا ڕادەیەك دەفەوتێنێ (بۆ نموونە لە ڕێگەی حاشا کردنی شێتانە یان هەستگەرێتیانە). ئایا لە گۆرانی «فرمێسك لە مەلەکووت»دا، کلێپتۆن لە ئەزموونەکەی خۆی نێزیك بووەتەوە یان لێی دوور کەوتۆتەوە؟ ڕەنگە کەسانێکیش کە خۆیان تووشی وەها گرفت و خەفەتێك نەبوونە بە ئاسانی بەمجۆرە داوەری بکەن، بەڵام لە دەربڕینی وەها داوەرییەکدا دەبێ بە شێوەیەکی لە سەر خۆ عەمەل بکرێ. هەروەها باشترە ئاماژە بکەین کە دایك و باوکی جیمزبالجێر[1] (منداڵێك کە بە دەستی دووکوڕە منداڵی گەورەتر دزراو پاشانیش کوژرا) ئەم گۆرانییەیان لە ڕێ و ڕەسمی بەخاك سپاردنی کورەکەیاندا بڵاو کردەوە. بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەمەی کە وشەکانی ئەم گۆرانییە (لە بواری «هەستاوی» بوونەوە) تا چەند جێی چەندو چۆنییان هەیە، ئەگەر گۆرانی باسکراو دەتوانێ یارمەتی وەها داخ لە دڵانێك بدا تا ئەو شتانەی کە تەحەمول هەڵنەگرن تەحەمول بکرێن، ئەوا ڕەنگە هەڵگری بەهایەکی دەروونی — فەرهەنگی زۆر گرینگ بێ. سەرەڕای هەمووی ئەمانەش لە بیر نەکەین کە نوخبەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەستگەرێتی خەڵکی ئاسایی گلەییان هەیە.

### مۆدێرنیتە و ئازایەتی:

بە تەواوی باسکردن لەسەر ئەمەی کە بۆچی شێوازگەلێکی تایبەت لە موزیکی جازی هێور — تەنانەت بە بێشیعر — بۆ دەربڕینی هەستی خەمگینی و دابڕان تا ئەم ڕادەیە باشە، یان ئەمەی کە بۆچی ئەم شێوازە مۆدێرن و موحکەمەی ئازیەتی لە لایەن ڕەشپێستانی باشووری ئەمەریکاوە، لە ساڵەکانی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا بەم بەرجەستەییەوە هاتووەتە ئاراوە، لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا ناگونجێ. ئەم شێوازەی موزیك — ئەمجارە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە — بە مەزنەوە دەتوانین پێوەندی بدەینەوە بە فەرهەنگی جەماوەرییەوە (بڕوانە بەشی حەوتەم) و بڵێین کە جازی هێور وەرگێڕانی ئەزموونی بەربڵاو و مێژوویی دابڕانی دڵتەزێنی مرۆڤی کۆیلە سەردەمی نوێیە(جیا بوونەوە لە وڵاتی خۆیان و پاشانیش جیابوونەوە لە خواستە هەمیشەییەکانیان لە کۆمەڵگەی کۆیلەداریدا). بە واتایەك، موزیکی جازی هێور تێڕامانێکە لە ڕوانگەی مۆدێرنیتە و جیایی (داسەپاو)، سەبارەت بە

1- James Bulger

ئەزموونی تێپەڕکراوی زیان بەوجۆرەی کە بە زۆری لە پێوەندییە جنسییەکاندا دووپات دەبێتەوە.

بەم پێیەش، سەرهەڵدانی شێوازە هەنووکەییەکانی موزیکی جەماوەرخواز کە لە جازی هێور کاریگەری وەرگرتووە، دەتوانین پێوەندی بدەینەوە بە گەشەسەندنی کولتووری مۆدێرنەوەو بە دەرکەوتنی ئەو «جیایی»یەی بزانین کە مۆدێرنیتە وێنەکەیەتی. بنەڕەتی ئەزموونی ڕۆژانەی مۆدێرنیتە، دابڕان و زیان بووە، دابڕانێك لە نێوان پێوەندییەکانی نێوان بەهاکان و بنیاتە کۆمەڵایەتییەکاندا کە ئێمەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن بڕوامان وایە لە رابردوودا (ئەو پێوەندییە) بوونی هەبووە، هەروەها زیانی لە دەس چوونی دۆخێکی پڕ لە پاکی و خاوێنییە. بابەتی سەرەکیی (لێرەدا)، دروستی مێژوویی ئەم ئەزموونە نییە، هەر ئەم تێگەیشتنەی ئێمە لە مۆدێرنیتە بەستە بۆمان، کە مۆدێرنیتە لە سەر — یان لە پێکهاتەیەکی زنجیرەیی لە — دابڕانێکی بنەڕەتی لە نێوان سەرچاوەی بەهاکان و مانەوەدا راوەستاوە. پێکهاتەی موزیکی جازی هێور یەکێك لەو شێوەگەلەیە کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دڵەڕاوکێیانەی کە بەجۆرە هاتوونەتە ئاراوە کەڵکمان لێوەرگرتووە یان دامان هێناوە.

بە مەبەستی فامکردنی باشتری بزۆزییە مێژووییەکانی فەرهەنگ، دەتوانین ئەم داهاتە لە بەستێنێکی تایبەتدا زیاتر لێك بدەینەوەو بزانین کە بۆچی (موزیکی) « راك و جازی هێور » (شێوازی بەشاری کراوی جازی هێور ) بەشێکی گرینگی لە فەرهەنگی لاوەکانی بەریتانیا لە دەیەی ١٩٦٠دا بەجۆرە خستە ژێر کاریگەری خۆی، و هەروەها بۆچی لە ئاکامدا ئەم بۆسیقایە لە ڕێگەی تێگەی بەریتانیاییەکانەوە لێی، لەسەرتاسەری جیهاندا پەرەی سەند و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر موزیکی جەماوەری، دانا کە ئەوکات لە رووبەرێکی جیهانیدا لە گەشە سەندندا بوو. گرووپێکی زۆری لە لاوانی کرێکار یان لە توێژە خواروەکانی چینی ناوەندی کە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠دا لە پەیمانگا هونەرییەکانی بەریتانیادا پێکەوە ئاشنایەتییان داخستبوو، بە خستنە رێی شۆڕشێکی کولتووری، زمانی سۆزی موزیکی جازی هێوریان هێنایە ناو فەرهەنگی ڕۆژانەی سەرمایەداری پێشکەوتوو (و پاشان کولتووری وڵاتانێکی دیکەیش)ـەوە. سیمۆن فریت [1] و هاوارد هۆرن[2] لە باسەکەیاندا لەسەر موزیکی پاپ لە بەریتانیادا (١٩٩٠) جەختیان کردووەتە سەر ئەوەی، کە ئەو موزیکیە تێکەلاوییەك

1- Simon Frith
2- Howard Horne

لە مەیلە وێناکراوەکانی تێدا بوو، هەروەها ئەمەش کە لە عورفی مۆزیکیی پەیمانگا هونەرییەکان بۆ لە ناوبردنی جیاوازی نێوان هونەرو بازەرگانی کەڵکی وەرگرت، بەڵام فریت و هۆرن ئەم پرسیارەیان بێ وڵام دەهێڵنەوە کە بۆچی لە نێوان چەشنەکانی مۆزیکی دژە عورف، جازی هێور وەکو سەرچەشنێکی گرینگی لە رەسەنایەتی هەڵبژێردرا. بە مەزەنەو گومانەوە دەتوانین بڵێین کە لە کاتی پیاسەکردنی یەکەم بەرەی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە شەقام و گەڕەکی ناو و پەراوێزی شارەکاندا، ئەو شوێنانەی نیشانەیەك لە نۆستالژیای تازە لاوی و تەنیایی مۆدێرن بە جەستەیانەوە بوو، ئەو سۆزو هەستەی کە مۆزیکی جازی هێور، هەلیدەستاند، دنگدانەوەیەکی تایبەتی تەنگژەکانی جنسییەتی پیاوانە بوو کە ئەم پیاوانە کەوتبوونە چەقەکەیەوە.

بەڵام لێرەدا دەبێ تەنیا ئەمە بڵێین کە — « بەوتەی ڤیلیام ویلفورد (١٩٨٥) مۆزیکی جازی هێور گۆرانێکی سەر سوورِ هێنە بوو لە پێگەیاندی عاتیفەکاندا ».

کاتی باسکردن لە سەر گۆرانییەکانی برۆس سپرینگێستین لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان کرد کە مۆزیکی ئەو، وەکو سەرچەشنێکی تێك تەنراو و ئەرێیانە لە جنسییەتی پیاوانە بوو لە سەردەمی مۆدێرندا. باسەکەی ئەم بەشە سەبارەت بە کلێپتۆن دەکرێ بە هەمان شێوە پێشکەش بکرێ. کلێپتۆن تەنگژەی جنسییەتی پیاوانە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لەگەڵ سپرینگێستیندا چارەسەر دەکا (و رەنگیشە کاریگەری، رێگە چارەکەی زۆر مسۆگەریش نەبێ)، بەڵام هەردووکیان (لە یەك روویەکەوە هاوبەشن کە) هەوڵدەدەن دەردو رەنجی پیاو بوون لە ئێستەکەدا وێنا بکەنەوە. بەم حاڵەش مۆزیکی کلێپتۆن ریشەگەلێکی زۆر بەهێزتری لە هەرێمی سۆزی جازی هێوردا هەیە، هەر بۆیەش لەسەر بابەتگەلێکی وەکو دەسەڵات و قبووڵی بەرپرسیارەتیی تاکە کەسی و مافی هاوشارییەتی (کە جەوهەرەی زۆرینەی گۆرانییە ئۆدیپی و دەرهاوێژییەکانی سپرینێستینە) باس ناکات.

بە پێچەوانەی گۆرانییەکانی سپرینگێستین کە پیشان دەری هەوڵ و تەقەلای دایمییە بۆ گەیشتن بە بالق بوون، مۆزیکی جازی هێور برێ جار دەتوانێ لە بواری سۆزییەوە گەڕانەوەیی بێت. سەرەڕای ئەمانەش، لە گۆرانییەکانی کلێپتۆن و باقی گۆرانییە هەنووکەییەکانی جازی هێوردا، بەردەوام سەرنج دەدرێتە کەتواری سۆزی. بە لەبەرچاو گرتنی کەم بوونی گرووپی ژنانی ئاوازدانەری هۆگری مۆزیکی جازی هێور، دەتوانین بڵێین لە بوارێکەوە، ئەم سەرنجدانە زۆرتر بۆ سەر نیازە وابەستەیی و خەمگینەکانە، کە بنەمای شوناسی پیاوانە پێك دەهێنێن،

بەڵام جیا لە هۆکارەکانی، نابەرابەری ڕێژەی ئاوازدانەرانی ژن و پیاو. گومانێك لەوەدا نییە، کە ئەم موزیکیە بۆ هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو لەزەتی هەیە. بە چاوپۆشی کردن لەمەی کە هونەرمەند لە چ ڕێگەیەکی کۆمەڵناسی تایبەتەوە دەگاتە ئەو دۆخە دوورەپەرێزی هێنەرە، بە هەر شێوەیەك بووبێ بەردەنگەلێکی جۆراوجۆر — لانیکەم لە چوارچێوەی فەرهەنگێکی دیاریکراودا — گەیشتنی ئەو بە ئەم دۆخە بەرز رادەگرن.

ئەڵبەت، تەنانەت باشترینی موزیکی جەماوەرخواز، هۆشگەلێك دەتوانن بیکەن بە هی خۆیان کە لە کەتواردا لەگەڵیدا نامۆن. بڕێکی دیکە لە شێوازەکانی موزیکی پاپ کە لە دوای «راك و جازی هێور » - و زۆرتر بە کاریگەری وەرگرتن لە «رۆلینگ ستۆنز»[1] و «یاردبێردز» تا بە کاریگەری وەرگرتن لە کلێپتۆن — بەدی هاتوون، دەنگ‌گەلێکی «وەکو جاز» یان — کە شێوەی وتنەوەیان تا رادەیەك لەسەر بناخەی خۆشیفتەییە (نارسیسم) — گۆڕیوە. (هەر بەو جۆرەی کە لە سەرەتای بەشی پێشوودا بڕیارمان دا لە پڕوپاگەندەی باشتربوونی ئەم یان ئەو ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ خۆم دەبوێرم، تاکو خودی خوێنەر مەزەنەی ئەوە بکات کە مەبەستی من کام شێوازی موزیکیە). توانای هێزەکی بۆ تێپەڕاندنی دەردو رەنج، بەردەوام لە بەربەرەکانێ دایە لەگەڵ رق و ئارمانی کردنەوەدا. زۆر کەس وا هەست دەکەن کە موزیك لەمپەرێکە لە هەمبەر شێتیدا، ئەگەر ئەمانە گوێیان لە موزیك نەگرتایە لە قۆناخی تازەلاوی و دواتریدا، ئەوا ئێستە شێت دەبوون. بوونی موزیکی جازی هێور لە فەرهەنگدا (هەرچەند سەرەتاکانی دەیەی ۱۹٦۰، سەفحەی گرامافۆن و کاسێتەکانی ئەم چەشنە موزیکیە بە ئاسانی دەس نەدەکەوت) هەم حوکمی دان پیانانی کۆمەڵایەتی شۆڕش و رەنج و مەیلی هەیە و هەمیش — بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر — هەلی کۆنترۆڵی جوانیناسانەی ئەو هەستانە دەرەخسێنێ. بەبێ وەها شوێنە پێیەك رەنج و دەردی سۆزی تەحەمول ناکرێت.

لە هەوڵی تاکدا بۆ شێت نەبوون، گرینگترین کەرەستەی هەڵخڕاندن و کۆنترۆڵی هەستەکان برێتییە لە شێوازە کۆییەکانی چالاکی کولتووری، چالاکییەك کە (لە هەست یان دۆخگەلێکی هۆشی) خەبەر دەدا. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە موزیکی جەماوەرخواز گرینگترینی ئەم شێوازە فەرهەنگیانە نییە، ئەڵبەت ئەم دۆخەش خۆی تا رادەیەك لەم بۆچوونە نەیارانەوە سەرچاوە دەگرێ کە گوایە ئەم موزیکیە ناوەروکێکی سۆزی نییە، یان ناتوانێت هەیبێ. بەم

١- Rolling stones، ناوی گرووپێکی زۆر بەناوبانگی مۆسیقای راکە.

حاڵەش، یەکێك لە روانگە گشتییەکانی ئەم پەرتووکە ئەمەیە کە لە کەتواردا هەندێك لە شێوازە زۆر سەرەتاییەکانی کولتووری جەماوەری، تەنیا بە هۆی پڕناوەرۆکی سۆزی ئەو کاریگەرییەی کە لە سەر ئێمەدا هەیەتی، بە گشتیی لە ناو خەڵکدا جێی خۆی کردووەتەوە. ئەم پڕناوەڕۆکیە کولتوورییە بەردەوام مۆرك دەنێتە سەر رەفتاری کۆمەڵایەتی شوناس و لەزەتەکانمان و چرایەك بەرەو کەتوار هەڵدەکات، لە هەمان کاتیشدا کۆنترۆڵی دەکات.

لەو چەشنە موزیکیەدا کە گۆرانییەکانی سپرینگێستین نموونەی زۆر بەرچاوین، مەیلی جنسی و شەڕەنگێزی بە شێوەیەکی بەرهەست دەدرێنە بیسەر (بڕێ جار بە ئاشکرا لە شیعرەکانی ئەم گۆرانیانەدا، بڕێجاریش بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە چۆنییەتییە شەهوانییەکانی ئەم ئاوازانەدا)، بەلاّم ئەو مەیل و هەستگەلە، بە رواڵەت وەکو هەوڵێك بۆ هێنانە ئارا یا ئیعادەی پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسایەتی باوکانە یان دایکانەی دەروون پاکدا دەردەکەون، ئەو کەسایەتییانەی کە سەمبوڵی دەسەلاّت (ی کۆمەلاّیەتی)و کەتوارن.

موزیکی کلێپتۆن نموونەیەکە، کە ئێمە لە رووبەرێکی ئۆدیپییەوە دەبا بۆ هەرێمێکی پێش ئۆدیپی، واتە بۆ هەرێمی موزیکی جازی هێور، نەك بۆ تێکەلاّوی عورفە جۆراوجۆرەکانی موزیکی پاپی ئەمەریکایی لە گۆرانییەکانی سپرینگیستیندا. لەم هەرێمەدا، لە نێوان نۆستالژیای گەڕانەوەیی بۆ ئۆبژەی لە دەس چووی دایکانە لە لایەکەوەو هەوڵ بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کەتواری ئەو زیانەدا لە لایەکی دیکەوە ناکۆکییەك هەیە. مەبەستی کلێپتۆن دۆزینەوەی بیچم و تێکەلاّویگەلێکی موزیکیی بووە بۆ کۆنترۆڵی دەردو رەنجی دابڕان.پرۆسەی دابڕان، یان — بە وتەیەکی دیکە ـ پرۆسەی دان نان بە زیاندا،بنەماییترین رەهەندی ناکۆکی یە لە نێوان «پرەنسیپی لەزەت» و «پرەنسیپی کەتوار»دا. گەشەی سۆزی هەم لە گرەوی وە پشت گوێ خستنی ئۆبژەی لە دەس چوو وئازیەتییەکەی دایە و هەمیش لە گرەوی لە جێگەی خۆی دانانی ئەو ئۆبژەیەدایە تا بیرەوەرییەکانمان لە دامرکێنەریی سروشتی ئەو لە هۆشماندا زیندوو بکاتەوە. بە واتایەك، هەم دەبێ دەس لە خۆمان بەردەین و هەمیش دەبێ خۆمان کۆنترۆڵ بکەین، یان لە هەمان کاتی پاراستنی چوارچێوەی هەستەکاندا، واز لەو چوارچێوەیە بێنین.

# بەشی نۆیەم

# خەڵك چیان دەوێت؟

**رق له گواستنه‌وه‌دا:**

لێکدانه‌وه تایبه‌تیه‌کانی به‌شی پێشوومان به‌م مه‌به‌سته‌وه ئه‌نجامدا تا به‌ نموونه‌وه ئه‌مه بڵێین که برێك له بنیاته گه‌وره‌کانی فه‌رهه‌نگی جه‌ماوه‌ری، نه‌ك ته‌نیا به‌هۆی به‌هایه‌که‌وه که به میلیۆنان مرۆڤ بو ئه‌و بنیاتانه قایلن وه‌کو دیارده‌یه‌کی کۆمه‌ڵناسانه بایه‌خیان هه‌یه، بگره هه‌روه‌ها له بواری ده‌لاله‌ته ده‌روونناسانه‌کانیشیانه‌وه گرینگن. ئه‌م بنیاتانه به ده‌رخستن و کۆنترۆڵکردنی ناکۆکییه بنه‌ماییه سۆزییه‌کان، توانای کاری پوزه‌تیڤمان پێ ده‌به‌خشن. به‌شێك له شۆکه جۆراوجوره‌کان ( شۆکی شه‌هوانی، چێره خوازانه، گه‌ڕانه‌وه‌یی و شه‌ڕه‌نگێزانه ) به هۆی ئه‌م بنیاتگه‌له‌وه ئه‌گه‌ری ده‌رکه‌وتنیان ده‌بێ و له هه‌مان کاتیشدا قبووڵکردنی به‌ربه‌سته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان یان ئه‌ویدییه‌تی دیتران و مسۆگه‌رێتی دابڕان و زیان ده‌بێته هۆی دامرکاندن و پێره‌وی ئه‌و شۆکانه.

ئێسته‌ش که به یارمه‌تی تیۆری ده‌روونشیکاری له روانگه‌یه‌کدا سه‌باره‌ت به فه‌رهه‌نگی جه‌ماوه‌ری گه‌یشتووینه‌ته ته‌بایی، چاکتر وایه نیگا ورده‌که‌مان بخه‌ینه لایه‌کی دیکه دا و له جیاتی لێکدانه‌وه‌ی ده‌روونشیکارانه‌ی فه‌رهه‌نگی جه‌ماوه‌ری، پێگه‌ی ده‌روونشیکاری له‌و فه‌رهه‌نگه‌دا به کورتی لێکده‌ینه‌وه. ئه‌م لێکدانه‌وه‌یه ته‌نیا لایه‌نێکی مێژوویی هه‌یه، چونکه فه‌رهه‌نگی جه‌ماوه‌ری ـ به‌پێی شوناسێك که هه‌یه‌تی ـ به‌رده‌وام له گۆڕاندایه و ئه‌و ده‌لاله‌تانه‌ی که بۆ ئه‌ندێشه و وێنه‌گه‌لێکی هۆشی تایبه‌ت قایل ده‌بین به‌رده‌وام پێدا چوونه‌وه‌یان به سه‌ردا ده‌کرێ.

لێکداونه‌وه‌ی مێژووی ئه‌و تێگه‌گه‌له‌ی که له کات و شوێنگه‌لێکی جۆراوجۆردا له سه‌ر تیۆری ده‌روونشیکاری هه‌بووه، به‌ڕاشکاوی مۆرکی دروستی ده‌نێته سه‌ر ئه‌م گۆڕانه دایمی‌یه.

به‌گشتیی (له لێکۆڵینه‌وه سه‌باره‌ت به شوێنگه‌ی ده‌روونشیکاری له خوێندنه‌وه فه‌رهه‌نگییه‌کاندا) ئه‌مه‌مان بۆ ده‌رده‌که‌وێ که فه‌ره‌نگی جه‌ماوه‌ری به‌وجۆره‌ی که هزری ده‌روونشیکاری له به‌شه پێشوه‌کان‌دا له سه‌ر ئه‌م فه‌رهه‌نگه نیشانی داوه هه‌رگیز وه‌ها بۆچوونگه‌لێکی قبووڵ که‌ری سه‌باره‌ت به‌م تیۆره نییه. له سه‌ره‌تاکانی سه‌رهه‌ڵدانی ده‌روونشیکاری‌دا و ئه‌وکاته‌ی که ئه‌م تیۆره ئاگایی گشتیی گرتوه‌وه، کاردانه‌وه‌گه‌لێکی زۆر ئه‌رێنیی هه‌بوو. به‌م حاڵه‌ش به‌ڵگه‌کان ئه‌وه‌نیشان ده‌ده‌ن که به تێپه‌ڕ بوونی زه‌مه‌ن، روانگه نه‌رێنییکان زال بوون.

تەوسیفی گشتیی پێشینەی بۆ چوونەکان سەبارەت بە دەروونشیکاری، بەم شێوە وێنەیەکی زۆر سادە پێشکەش دەکا بەڵام بە دڵنیاییەوە بەڵگەگەلێك بۆ سەلماندنی لە بەردەست دایە. ئەو بەڵگانە هەم لە خوێندنەوە مێژووییەکاندا سەبارەت بە رووبەڕوو بوونەوەی سەرەتایی (هزرمەندان) لەگەڵ دەروونشیکاری‌دا دەبیندرێن و هەمیش لە دژایەتی کردنی بەردەوام و ئاشکرا لە بەرامبەر ئەم تیۆرە، لە قۆناخەکانی دواتردا.[١] ئەم گۆڕینی بۆ چوونە سەبارەت بە تیۆری دەروونشیکاری چ هۆکارێکی بووە؟ بە مەبەستی وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بە جێیە کە سەرەتا چوونییەتی کاردانەوە ئەرێنیە سەرەتاییەکان لێکدەینەوە. ناتان هێیل[٢] (١٩٧١) و جۆن بۆرنهام[٣] (١٩٧٩) لە پەڕتووکەکانیاندا لە سەر دوو کایەی تەواو جیاوازی فەرهەنگ، واتە فەرهەنگی جەماوەری و فەرهەنگی پێشڕەو لێکۆڵینەوەیان کردووە. وەها چاوەڕوان دەکەین کە بەها و تێگەکانی ئەم دوو فەرهەنگە لە زۆرینەی بەستێنەکاندا تەواو جیاوازبن، بەڵام لە تەوسیفەکانی هێیل و بۆرنهامدا، لە شێوەی ساتوسەودای کردن لەگەڵ تیۆری دەروونشیکاری لەم کایەگەلەدا، توخمەگەلێکی هاوبەش هەیە کە گرینگترینیان بریتین لە هێنانە ئارای هەستی ئاسوودەیی و تەنانەت ئازادیش. هێیل[٤] لە سەر چەشنە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکە جەماوەرییەکان لە گۆڤارەکاندا باس دەکا کە تێیاندا دەرمانی موعجیزەیی لە رێگەگەلێکی دەروونشیکارانەوە، لە گەڵ نەشتەرگەریدا بەراورد دەکرا. یان ئاماژە دەکرایە جەوهەری ناخودئاگا،یان بە دەستە واژەیەکی جوانتر « نەفسێکی شاراوەو و بە کەڵك ». بەپێی ئەم تێگەیە، دەروونشیکاری وەکو رێگە خۆشەرێك دەهاتە بەر چاو بۆ گەیشتن بە سەر چاوەیەکی بایەخدار. بۆرنهام سەرنجدانی رۆشنبیرانی پێشڕەو، بۆ بیروڕاکانی فرۆید بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەم رۆشنبیرانە دەروونشیکارییان بە پاڵپشتی هێرشی نەریت شکێنانەی خۆیان بۆ «دوو روویی» دەزانی. ئەمڕۆ دەزانین کە نواندنەوەی ئەم تێگەیشتنانە لە بۆ

---

١- من پێشتر لە پەڕتووکی وێنەگەلێك لە فرۆید ( ئا ١٩٨٩ ) هەوڵمدا تا برێك لە نموونەکانی ئەم دژایەتی کردنە بێنمەوە و لە سەری باس بکەم ؛ بروانە بەشی یەکەمی ئەو پەڕتووکە، بابەتی ژمارەی ٣ . ئەمەی کە ئەم دژایەتی کردنە چلۆن دەبێتە هۆی تەسك بوونەوەی پانتایی کاریگەری دەروونشیکاری، بە کورتی لە سەرەتای بەشی شەشەمی ئەم پەڕتووکەدا باسم کردووە .

2- Nathan Hale
3- John Burnham

٤- بڕوانە بەشی پانزەهەمی پەڕتووکەکەی .

چوونێکی هەڵەدا دەبیندرێ کە بەپێی (ئەو بۆ چوونە) دەروونشیکاری لایەنگری هەڵە و هەرزەیی و بەرەڵایی جنسییە، یان لە بۆ چوونێکی هەڵەی دیکەدا دەروونشیکاری سەرچاوەی پاساودانەوەی هەڵە و «بە گشتیی نادروستی» لیبرالەکانە لە فەسادی رەوشتمەندیدا. ئەگەر بە وردی چاوی لێبکەن دەبینین کە لەم تێگەیشتنانەدا، هەڵسەنگاندنی ئەرێنی و ئەرێیی دەروونشیکاری، بە شێوەیەکی ئاسایی گۆردراوە بۆ هەڵسەنگاندنێکی نیگەتیڤ و بێ بایەخ.

دەتوانین بڵێین کە کاردانەوە سەرەتاییەکان بۆ دەروونشیکاری، هەڵگری چۆنییەتی‌یەکی شێتانە و سەلمێنەری نیازێك بوو بۆ پێوەندی دانی دەروونشیکاری بە روانگەیەکی خۆش باوەڕانەوە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ و داهاتووی فەرهەنگی رۆژ ئاوا. وەها چاوەڕوان دەکرا کە ئەم تیۆریە، قوتابخانەیەکی رزگارکەر و شەفابەخش یان ئازادیبەخش بێت. رەخنە و لێکدانەوەی جدسێکۆف[1] (١٩٨٩) سەبارەت بە نواندنەکانی دەروونشیکاری لە فیلمەکانی هۆلیوودا، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویترە کە دیسان هەمان بۆچوونمان پیشاندەدا. ئەو نموونەگەلەی کە سێکۆف بەڵگە دەباتە سەریان تۆزێك دوایترن، هەربۆیەش ناکرێ هیچ دەسکەوتێك لەم بەستێنەدا لە بواری مێژووییەوە بە دروست بزانرێ، بەڵام، دەکرێ ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەك بە درووست بزانرێ کە بە گشتیی تێگەسەرەتاییەکان لە دەروونشیکاری، لە پانتاییە جۆراجۆرەکانی فەرهەنگی رۆژئاوادا، زوربەیان ئەرێیی و لە دوایشدا نیگەتیڤن. بەپێی ئەم تێگە نەرێنییانە، دەروونشیکاری لە باشترین دۆخدا تیۆرییەکی نادروست و لە برەو کەوتووە و بە هۆی زانستی نەبوون و سەرنجی لە رادە بەدەر بۆ مەیلە جنسی و رەفتار سەر سووڕ هێنەرەکان بە توندی دەدرێتە بەر رەخنە. هەروەها فێمینیستەکان لە ئاخرین شاڵاوی هروژمەکانیاندا بۆ سەر دەروونشیکاری لە دەیەی ١٩٦٠ بەملاوە، وەها بانگەشە دەکەن کە ئەم تیۆرییە ئەو رەفتارە زاڵمانەی کە لە دەسەڵاتی باوك سالارییەوە سەرچاوە دەگرێ بە درووست دەزانێ و هەر بۆیەش دەبێ رەت بکرێتەوە. دەکرێ ئەم قۆناخانە لە گەڵ گرەوێتی‌یە بەربڵاوە فەرهەنگییەکاندا بە پێوەندی دار بزانین و بگەینە ئەو ئەنجامەش کە ئەو نواندنەوە ئاماژە پێکراوانە لە دەروونشیکاری، داهاتی گۆرانکاریگەلێك بوون کە لە فەرهەنگدا دەهاتنە ئاراوە. فرانك چۆفی[2] فەیلەسووف، گوتوویەتی[3]

1- Jed Sekoff
2- Frank Cioffi

٣- چۆفی ئەم باسەی لە نیوەی دەیەی ١٩٧٠ دا هێنایە ئاراوە، بەڵام بە داخەوە هێشتەکەش لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە سەر ئەم بابەتە بلاو نەکردۆتەوە ( بەپێی نامەی نووسراوەی خودی چۆفی بۆ ئەم نووسەرە، لە مانگی مارسی ١٩٩٤ دا ) .

هۆکاری پەرەسەندنی خێرای دەروونشیکاری (ئەگەر قبوولْ بکەین کە دەروونشیکاری بە ئاسانی پەرەی سەند، کە ئەڵبەت ئاواش نەبوو) و هەروەها هۆکاری پێشوازی لێکردنی لە ئەوەڵین ساڵەکانی دەرکەوتنیدا ئەوە بوو کە دەروونشیکاری، لۆژیکێکی تا رادەیەك زانستییانەی بۆ گۆڕانکاریی لە داب و نەریتە فەرهەنگییەکاندا هێنایە ئاراوە، گۆڕانکارییگەلێك کە پێشتر بە هۆکارگەلێکی جیاوازەوە هاتبوونە ئاراوە. ئەم گۆڕانکارییە برێتی بوون لە لێبووردەیی زۆر و سستبوونەوەی بڕوای توێژەکانی کۆمەڵگە بە برێك لە بڕوای دەسەڵاتدارانە و نەریتەکانی فەرهەنگ کە نیشانەکانی بەر لە دەیەی ۱۹۲۰ دەردەکەوتن.

ئەگەر ئەم روانگەیە (سەبارەت بە هۆکارەکانی پەرەسەندنی سەرەتایی و گشتیی دەروونشیکاری) دروست بێت، دەتوانین بڵێین کە ئەو کاردانەوەیەی کە دواتر لە دژی دەروونشیکاریدا هاتە ئاراوە، بەشێك بوو لە شالاوی دووەمی سست بوونەوەی بناخەکانی فەرهەنگ و سوونەت سڕینەوە لە فەرهەنگدا، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، خێراییەکی زۆرتری بە خۆوە دەگرت. یەکێك لە بابەتە گرینگەکانی ئەم گۆڕانکارییە، پەرەپێدانی بێ متمانەیی بوو بە پسپۆڕایەتی زانستی و بە تایبەت رەت کردنەوەی ئەو شێوازە زانستییانەی کە بە شێوەیەکی نەریتی بڕوا پێکراوییان سەلمێنراوە و پزیشکی و دەروونپزیشکی نموودەکانی بوون، و ئەڵبەتیش دەروونشیکاری لە لای زۆرکەس بە هەڵە لە گەڵ ئەم دوو شاخەدا بە پێوەندیدار زانراوە.

بە کەم بوونەوەی رادەی هۆگری بۆ دەرمانی دەروونشیکارانە، ئەو بەستێنە رەخساوەی کە دەروونشیکاری لە یەکەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەممدا هێنابوویە ئاراوە بو تێڕامان لە دۆخ و رەوشی تاکە کەسی و هەستاری بەسۆزەکانەوە، لە لایەن چەشنە جۆراوجۆرەکانی دەروونناسی هێومانیستییەوە داگیر کراوە، ئەو دەروونناسییەی کە یەکێك لە بکێشە تایبەتەکانی بایەخ نەدان بوو بە زانستی پسپۆڕانە. رەتکردنەوەی دژوارییە چەمکی و پسپۆڕانی دەروونشیکاری و (لە بەرامبەردا) دانانی بە دەسەڵاتی تاك، بۆ هێنانە ئارای گۆڕانکاریی لە دەرززنی خود دا (کە بنەمای دەروونشیکاری هێومانیسییە)، بێگومان بۆ فەرهەنگێك بەکەڵکە کە خەسڵەتێکی خۆشیفتەیی تێدابێ[1]، لەگەڵ بۆچوونێکدا کە راڤە تاکەکەسییەکانی دیکە )واتە

---

[1] ئەڵبەت ئەم بابەتە رەهەندگەلێکی دیکەیشی هەیە کە لە بەشی دەیەمدا باسی لەسەر دەکەم .

دەروونشیکاری (بەشێکی هەرە گرینگ لە رووبەروو بوونەوەی شەفابەخش )یان دەرمانی دەروونشیکارانە) پێکدێنن، هیچ لێکچوویەکی نییە.

بەپێی ئەوەی وترا، دەتوانین لە روانگەیەکی کۆمەلایەتی ـــ فەرهەنگییەوە (رادەی) سەرکەوتنی دەروونشیکاری لە پانتایی بەربلاوی فەرهەنگدا بسەلمێنین، بەلام هەروەها دەتوانین شرۆڤەیێك لە سەر بزۆزیناسی دەروون لە رووداوەکان بخەینە سەری ئەم سەلماندنە " بەم جورە کە نواندنەوە سەرەتاییە ئەرێنییەکان سەبارەت بە دەروونشیکاری بە چەشنە نکۆڵی کردنێکی شێتانە لە وانەکانی فرۆید بزانین. ئەڵبەت وانەی فرۆید ئەمە نییە کە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین ـــ یان دەبێ لە بواری جنسییەوە ئازادبین (هەرچەند کە دەروونشیکاری بە دڵنیاییەوە دەڵێت، کە نیازێك بە بەدی جنسییەوە نییە)، بگرە دەروونشیکاری ئەم راستییە روون دەکاتەوە کە مرۆڤ بە ناچار بوونەوەرێکی ناکام و دڵ مردووە و لە ناخی دەروونیشەوە بەستراوەتەوە بە نیازەکانی دیترانەوە.

بۆ تەوسیفی وابەستەیی دەروونی مرۆڤ بە دەروونی کردنەوەی دیترانەوە، دەروونشیکاری وشەگەلێکی بە ناوەرۆکی داهێناوە.گرینگایەتی سەنتەری زیان و دڵ مردوویی لە گەشە کردنی سۆزی دا، بابەتێکی بەرهەمەکانی فرۆیدە کە زۆرینەی کات سەرنجی نەدراوەتێ، بەلام ئەم بابەتە لە بۆ چوونەکانی کلاین و برێکی دیکە لە وەچە پاش فرۆیدییەکاندا، بە پرەنسیپێکی زۆر گرینگ دێتە ئەژمار. لەم روانگەیەوە، دەروونشیکاری ئەم راستییە دەخاتەوە بیری هەموانەوە کە ئێمە مرۆڤ بە شێوەیەکی بنەمایی پێکەوە پێوەندیمان هەیە و سروشتێکی ناکام و پڕ لە دژوازیمان هەیە. بە تێپەر بوونی زەمەن و ئەو کاتەی کە ئەم زانیارییە بنەماییە، بوو بە پرەنسیپێکی پتەو لە شیکاری دەرووندا و تیۆری دەروونشیکاری بەرە بەرە لە باقی شێوازەکانی هزری دەروونناسانە جیا بۆوە، هەم وەپشت گوێ خستنی روانگەی دابڕان -کە شیکاری دەروون ئیزنیمان پێدەدا-  دژوار بوو هەمیش سەرنجی تا ڕادەیەك شێتانە و رواڵەتی بۆ فرۆید وەکو یەکێك لەو رزگار کەرانەی کە دەروونناسی نوێی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە. ( دەروونشیکاری لە ئەو قۆناخە کورتەدا سەری هەڵدا کە باقی قوتابخانە دەروونناسیەکانیش تێیدا هاتنە ئاراوە " هەر بەم هۆیەش ماوەیەکی خایاند تا جیاوازییەکانی دەروونشیکاری و دەروونناسی بۆ لایەنگرانی ئەم تیۆرییە نوێیە و هەروەها بۆ دیترانیش روون بێتەوە ).

بەرای‌من رق و توورەی لە بەرامبەر دەروونشیکاری لـەم خولـە دواییانـەدا، هەوڵـدانێکی بەرەنگارانەیە بۆ لە ناو بردنیان رەت کردنەوەی ئاگایی لە بەربەسـتەکانی بـەردەم مـرۆڤ. بـە وتەیەکی دیکە ئەوانەی کە لە گەڵ دەروونشـیکاری‌دا چەواشـەن، هـەوڵیان داوە تـا هۆکـاری ئاگایی (سەبارەت بە سروشتی مرۆڤ) لە ناو بەرن.

سەرەڕای ئەمەش، لە رەهەندی سومبۆلە فەرهەنگییەکانەوە، لە دۆخی ئیستای دابڕان لـە دەسەڵاتە سونەتی‌یەکان، دەروونشیکاری (بە تایبەت لە وێنەی فرۆیددا وەکو باوك سالارێکی ریشی و روومەت درژ و بۆرژوا و پێرەوی رەوشتمەندیاتی قۆناخی ڤیکتۆریا) بووتە سـەنتەرێك بۆ ترس و رقێکی بێ هۆ لە دەسەڵات. زۆرینەی ئـەو مامۆسـتایانە کـە خـەرێکی وتنـەوەی دەروونشیکاری بەو کەسانە بوون کە ناچارن وانەگـەلێك لەسـەر ئـەم تیـۆرە بخـوێنن ( وەکـو خوێندکارانی قۆناخی لیسانس لە ئادابی دەروونناسی و زانستە کۆمەڵایەتییـەکان و هـەروەها قوتابیانی پەیمانگاکانی ژینباشی و سرویسە تەندروستییەکان)، لەگەڵ هێزی ئەم رق و توانـای دەرکەوتنەدا ئاشنایەتی‌یان هەیە. لە هۆشی ئەو خوێندکارانەدا -کە لە کەتواردا هیچ کام لـە بەرهەمەکانی فرۆید، یان باقی نووسەرە دەروونشیکارەکانیان نەخویندووەتـەوە، بـەڵام دڵنیـان لەوەی کە دەروونشیکاری دەناسن و بەڵگەگەلێکی کەمیش بۆ سەلماندنی ئەم پڕوپاگەندەیان بە دەستەوەیە- ئەم رقە ئامادەیە و چاوەڕوانی (هەلێك بۆ) خۆ دەرخستنە.[1]

ئەم دوو چەشنە رقە لە دەروونشـیکاری (وەکـو هۆکـارێکی وەبـیر هێنـەری ئەویدییـەتی کەتوار، هەروەها وەکو وێنای دەسەڵات)، لە روانگەی بزۆزیناسی دەروونـەوە لەگـەڵ یـەکتردا پێوەندییان هەیە، چونکە دەسەڵات بیچمێکی سەرکێش و بە هێزە لە ئەویدییەتی و لە قۆناخی منداڵێشدا ئەویدییەتی بە موحکەمترین شێوەی مۆمکین لە رێگەی دەسەڵاتی دایك و باوکەوە بۆمان دەردەکەوێ. ئەڵبەت سەلماندنی بێ‌برەوی دەروونشیکاری، لەم رێگەیەوە رقی ئەوکاسانە هەڵدەستێنێ کە دژ بەم رەتکردنەوەیەن، چونکە لەم شێوە سـەلماندنەدا بەکـەڵك وەرگـرتن لـە ئەندێشەکانی شیکاری دەروون، بیروڕاکانیان فەشـەل دەهێنـێ و ئەمـەش روون دەبێتـەوە کـە دژایـەتی کردنەکـەیان بـە خواسـتێکی رۆشـنبیرانەوە نـەبووە، بگـرە لـە نەخۆشـیە دەروونییەکانیانەوە سەرچاوەی دەگرێ.

---

١ بروانە، ریچاردز، ١٩٩٤ .

له کەتواردا ئەوەی وتمان بەم واتایەیە کە نەیارەکانی دەروونشیکاری لە روانگەیەکی نەرێنییەوە لەم تیۆرەدا «گواستنەوە»[1] یەکی گرینگ دەکەن و لە ئاکامدا دەیانەوێ بە راڤەکردنی ئەم تیۆرییە بەپێی تێگەیشتنە سەرەتاییەکانی خۆیان، ناوەرۆکی تەحریف بکەن، یان بە گشتیی بیخەنە لاوە. بەم مەبەستە، زۆر جەخت دەکەنە سەر روانگە دەروونشیکارانەکان سەبارەت بە مەیلی جنسی و چەپەڵی دەکەن، رەوشتەکانی (بۆ دوزینەوەی دەرمانی نەخۆشیە دەروونییەکان) دەدەنە بەر گاڵتە و چاو دەبڕنە گۆڕانکارییە ناوەکییەکانی ئەم تیۆرە (هەرچەند کە گرەوێتیەیە دوگم و کەمکەرەوەکانی لە کەتواردا بەستێنێکی بۆ درێژەدان بە تەحریف رەخساندووە).

لەو کایەگەلەی فەرهەنگی جەماوەریدا، کە بابەتی سەرەکیی لێکدانەوەکانی ئەم پەڕتووکە بووە دۆخەکە تا ئەو رادەیەی کە لە ئاماژەکردنەکانی سەرەوەدا دیارە، خراپ یان قەتعی نییە. زۆرینەی رۆشنبیران هەولێان داوە یان ویستوویانە کە بیروڕاکانی فرۆید لە ناوبچێ، بەڵام بۆ ئەو زۆرینەیە کە کەمتر سەرنجیان بەلای ئەندێشەوەیە، بایەخ نەدان بە فرۆید بەشیمانەوە نەگرینگترە لە گوێ نەدان بۆ هەر تیۆری دانەرێکی دیکە، نە کەم بایەختریشە لێی. سەرەڕای ئەمانەش گوتنەوەی هەرە زیاتری (وانەی) دەروونناسی و زانستەکۆمەڵایتیەکان لە پرۆگرامە فێرکارییەکانی قۆناخی فێرکاری پرۆفیشناڵدا لەگەڵ پەرە پێدانی فێرکاری باڵا، بە تایبەت لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بووەتە هۆی ئەوەی گرووپێکی زیاتری خەڵك، لە گەڵ دەروونشیکاریدا ئاشنا بن تاکو کارەکانیان باشتر ببەنە رێوە یان مەعریفەیان لە خۆیان و ئیدراکی بەربڵاوتریشیان لە جیهان قووڵتر بکەنەوە. وێڕای زۆر بوونی بەرچاوی هۆگری قبووڵ کەرانە بۆ تیۆری دەروونشیکاری لە دەیەی رابردوو و لە ئاکامدا هاتنە ئارای خۆێندنەوەی (فەرهەنگی) دەروونشیکارانە، هێشتەکەش ناتوانین ئەوە بڵێین کە دەروونشیکاری لایەنگری زۆری هەیە. (بەهرەداری لە ئاوەها پاڵپشتێك، واتە ئامادە بوون بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر دژواری خوازە ناخودئاگاهانەکان). بە واتایەکی دیکە کاریگەری «گواستنەوەی»ی نیگەتیڤ لە سەر دەروونشیکاریدا زۆرتر بووە.

ئەم دۆخە پێوەندی بە سەنتەریتی چەمکەوە هەیە لەم پەڕتووکەدا. لە شوێنێکی دیکەدا[2] بەڵگەم هێناوەتەوە کە تێگەکانی ئێمە لە دەروونشیکاری، روون کەرەوەی لایەنێکی

١- بۆ پێناسەی « گواستنەوە » (انتقال) و باسێکی زیاتر لە سەر ئەم چەمکە بڕواننە بەشی دووەم.

٢- بڕواتە ریچاردز، ١٩٨٩ .

گرینگە لە فەرهەنگەکەمان و هەروەها روونکەرەوەی ناتوانییەکیشە لە سەر راست کردنەوەدا، ئەویش لە پاش ئەو گورزەی کە ئیدراکی دەروونشیکاری -لە گەشەی مرۆڤ- دەیدا بـە سـەر خۆشیفتەیی ئێمەدا. بەپێی ئەم ئیدراکە، ملدانە ژێری ئەویدییەتی دیتران و گۆڕان هەڵنـەگری جەبرە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمان کاتی ناسینەوەی وابستەیی ئێمـە بـە دیترانـەوە، ئامانجـە سەرەکییەکانی گەشەی سۆزی تاکن. هەوڵ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هۆکارێکە بۆنیگەرانی و ئەم نیگەرانییەش ـ یان فرۆید گۆتەنی ئەم « ئـاڵۆزی فەرهـەنگی »یـە ـ بـە ئاسـانی تەحـەمول ناکرێ، بە لام تاکێك یان فەرهەنکێك کە لە سەلامەتی بەهرەداربێ دەتوانی بەرگەی بگرێت.

لە بەشەکانی پێشوودا بینیمـان کـە چەشـنە جۆراوجۆرەکـانی رەفتـارە فەرهەنگییـەکانی جەماوەر، بە رواڵەت دەرکەوتنی بەرگەی کەتوار دەگرن یاخۆ ئەو بەرگەگرتنە ئاسـان دەکـەن، تەنانەتیش دەیبەنە سەرەوە.

ئایا دەتوانین ئەمە بە تایبەتمەندی ئەو فەرهەنگە بزانین، کە بەپێی پێوەرگـەلێکی دیکـە، چەندان توانای تەحەمولی کەتواری نییە؟ بە مەبەستی پەرەپێدانی ئەم پرسـیارە بـۆ ئەوپـەڕی گۆرانکارییە دەروونشکارییەکان، دەتوانین ئەم پرسـیارە بێنینـە ئـاراوە کـە ئایـا ئـەم شـێوە بەشدارییە تەندروستە فەرهەنگیانە کە لەم کتێبەدا باس کراوە، لە فەرهەنگێکدا کـە بـەڕادی فەرهەنگی ئێمە نەخۆش دەنوێنێ، بەراستی دەتوانێ بوونی هەبێ. بەڵگە هێزاوەتەوە کە قبووڵ کردنی کەتوار و ئەندامەتی (ژیانی فەرهەنگی) کۆمەڵگە، لە قووڵایی دەروونی تاکدا دەبێتـە هۆی لەزەتێك، بەڵام ئایا نیازمان بە تەوەهوم و خۆبینی و دەروونگەرێتی ئەوەندە زۆر نییە کە نەتوانین لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی بـەربڵاو مـل بدەینـە ژێـر کـەتوار و بەشـداری کۆمەڵایـەتی، چ بگاتـە ئـەوەی کـە رەفتـارە یەکپارچـەکەرەکان کـە لەسـەر«پرەنسـیپی کەتوار»راوەستاون لە فەرهەنگدا زاڵ بن ؟

((بەڕادەی پێویست)) واتە تاچ رادەیەك ؟

لە بەشی دواتردا ـ کە کۆتایی پەڕتووکەکەیە ـ باسەکە سەبارەت بەم پرسیارە درێـژە پـێ دەوەین. بە مەبەستی باسکردنی زیاتر لە سەر ئەم پرسیارە وهەروەها بە مەبەستی سـەرنجدان بە برێك دەلالەت -لە بەشەکانی پێشوودا- سەبارەت بە دەرکی ئێمە لە بـارووذۆخی گشـتیی کۆمەڵگەی هەنووکەیی، بە جێیە کە یەکێك لە وتارەکانی دانلێد وینیکاتی دەروونشـیکار لـە سەر واتای زاراوەی «خەڵك سالاری» کە لە ساڵێ ١٩٥٠دا بـلاو کرایـەوە لێکبدەینـەوە. لـەم پەڕتووکەدا، چەندین جار ئاماژە کراوەتە بیروڕا دەروونناسـانەکانی وینیکـات، بـەڵام هێشـتە

نەچووینەتە سەر ئەندێشە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەندێشەیەك کە خۆی لە نووسراوەکانیدا زۆر لە سەری نەچووە، بەڵام لە کۆمەڵە وتارە کورت ولێدوانەکانیدا لەدەیەی ١٩٥٠، بە بوێرییەوە سەری کێشایە خانووی تێرامانگەلێك سەبارەت بە بەرئەنجامەکانی بە جدی گرتنی بڕێك لە ئەندێشە دەروونشیکارانەکان بۆ کۆمەڵگەو سیاسەت (ورەنگە بتوانین ئەمەش بڵێین کە ئەم کارەی ئەو زۆر بوێرانەتر بووە لە رەفتاری ئاسایی دەروونشیکارەکان) لە وتاری باسکراودا. وینیکات راستەوخۆ دەڕواتە سەر ئەم پرسیارە کە خەڵك سالاری چیە و باروودۆخی لە بار بۆ گەشە کردنی کامانەن.

وتارەکەی وینیکات لە زۆرینەی لایەنەکانەوە نیشانەیەك لە سادە دڵی و ڕووداری‌یەکی بێ پەردەی تێدایە. ئەگەرچی ئەم لاوازییە تا رادەیەك لە نووسینەکەیدا قەرەبوو دەبنەوە، چونکە ئەو لە سەرەتای وتارەکەی دان دەنێ بە سادە دڵیەکەی خۆیدا، بەڵام بە هەمان هێزەوە دەمێنێتەوە چونکە لە دان نان بە ڕووداریەکەی، خۆی دەبوێرێ. وینیکات دڵنیایە کە هزری دەروونشیکارانە دەتوانێ کێشە سەرەکییەکانی چییەتی سیاسەت لێکداتەوە و لە کەتواردا دەتوانێ ((خەڵك سالاری)) پێناسەبکات. بەمجۆرە وتاری باسکراو بەشێوەیەکی تایبەت لە هەندێك کێشە دەدوێ کە لە بەکارهێنانی دەروونشیکاری ـ هەرچەندە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زیاتر لە شێوەکەی وینیکات چوارچێوەیەك لە بەستێنێکی دیاریکراو دەگرێتەوە ـ بو فام کردنی کۆمەڵگەی ئەمرۆییەوە، سەرچاوە دەگرێ.

وینیکات لە پێناسەی خەڵك سالاریدا دەڵێ کە کۆمەڵگەیەکی پێك هاتووە لە توێژە تەندروستەکانی (سەر ئاوەژوو کردنەوەیەکی لێزانانە لە تەعبیرێکی ئاساییترە کە سەلامەتی تاك بەپێی پێوەری هاوڕێی لەگەڵ گۆمەڵگادا بەراورد دەکات). مەبەستی ئەو لە ((سەلامەت))، هەم بۆ تاك و هەمیش بۆ کۆمەڵگە «بالّق» بوونە. بەپێی واتا ئاساییەکانی ئەم وشەگەلە، وتنی ئەمەی کە «سەلامەتی» تاك هاو واتایە لە گەڵ «بالّق بوون»دا، هەرگیز روون کەرەوەی واتای خەڵك سالاری نییە. چەمکی «بالّقی» بە هەمان رادەی چەمکی «سەلامەت»، گشتیی‌یە، بەڵام بەپێی تیۆری دەروونشیکاری، دەلالەتی پێناسەکەی وینیکات ئەمەیە کە لە کۆمەڵگەی خەڵك سالاردا، بە شێوەیەك لە شێوەکان خواستەکانی تاك دەخرێتە روو کە توانیوویانە کێشە سەرەکییەکانی گەشەی سۆزی خۆیان بە شێویەکی رەزایەت بە خش چارەسەر بکەن. لەم پەڕتووکەدا (و بەگشتیی لە بۆ چوونی وینیکاتیشدا) رێگەچارەی رەزایەت بەخشی کێشە ئاماژە پێکراوەکان برێتین لە دادن نان بە تێکەڵکردنی دڵەڕاوکێ

وشۆکەکان لەگەڵ و پێداویستی‌یە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی نەفسێکدا کە لانیکەم تا رادەیێک گەیشتووەتە تێك تەنراوی.

بە بڕوای وینیکات، وەها کەسانێك بە شێوەیەکی سروشتی لە «بنەماڵەگەلێکی باش و ئاسایی»دا پەروەررده دەبن. ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەم بڕوا بتەوەدا تەبایی هەیە کە توانایییە سروشتی و زاتییەکانی دایك و باوکی ئاسایی (بەتایبەت دایك) ـ بەپێی وتە بەناوبانگەکەی خودی وینیکات ـ «بەرادەی پێویست باشە» تاکو بتوانن منداڵانێکی تەندروست پەروەردە بکەن. لەم رووەشەوە، وینیکات بۆ بەهێزترکردنی مەیلی خەڵك سالارانە لە کۆمەڵگەدا جەخت دەکاتە سەر ئەمەی کە بەستێنی کارکردی سروشتی ئەم جۆرە بنەماڵەگەلە دەبێ، بەبێ دەست تێوەردان ئامادە بکرێت و دەبێ دایك و باوکێك (لەم بوارەدا) پیشتیوانی بکرێن کە لە ژێری سۆزی پێویست بۆ بارهێنانی منداڵان بە باشی، بەهرەدار نەبن، بەڵام بەیارمەتی دیتران دەرەقەتی بێن. لانیکەم ئەوەی لە سەر جەخت کردنەکانی وینیکات دەتوانین بیلێین ئەمەیە کە دەتوانین ئەو شێوازەی پیشنیاری دەکات لەم بوارەوە کە پیشتیوانی چییە و پێوەرەکانی بەهرەدارێتی لە پیشتیوانی کامانەن بدەینەبەر باس و لێکدانەوە.

بەڵام هەرچۆنێك بێت، وتارەکەی وینیکات لەم رووەوە بایەخدارە کە هەوڵ دەدا کێشەکە، بەرەوشتێکی سادە بەڵام هزری و بە شیکردنەوەیەکی زیاترەوە روون بکاتەوە، بەمجۆرە کە ئەو سەبارەت بەوەی کە لە هەر کۆمەڵگەیەك دا چ گرووپێك تاکی «باڵق» دەتوانێ بوونی هەبێ و هەروەها ئەمەش، کە بۆ بە بەرهەم گەیشتنی کۆمەڵگەیەکی خەڵك سالار چ گرووپێك لەم کەسانە پێویستن، مەزەنە لێدەدا. وینیکات بڕوای وایە کە تەنیا سەدی سی خەڵکی بەریتانیا بە «باڵق» حسێب دەکرێن، بەڵام ئەم کەمینەیە رەنگە بتوانێ سەدی بیستی دیکەی خەڵك ـ کە لە دۆخێکی «نارۆشن»دان ـ بجاتە تەکی خۆی. مەبەست لە «نارۆشن» ئەمەیەکە ئەوان خۆیان لە باڵقی تەواو و «توخمی خەڵك سالار» بەهرەدارنین، بەڵام ئەگەر لەگەڵ گرووپێکی باڵقدا کۆبکرێنەوە، دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوان. ئەوکات ئەم کۆمەڵە سەدی پەنجایی‌یە دەتوانن زاڵ بن بە سەر ناباڵقەکان و ئەوانەی دژبە خەڵك سالارین، و بنەمایەك بۆ کار کردی بنیاتگەلی خەڵك سالارانە پێك بهێنن. (ئەڵبەت بە بڕوای وینیکات ئەم بنیاتگەلە هەرگیز ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر بسەپێنە سەرخەڵکێکدا کە خۆیان مەیلێکی ئەرێیانەیان بە پێکەوەنانی ئاوەها بنیاتگەلێك نییە).

ڕەنگە بە زوویی نارەزایەتی لە بەرامبەر ئەمەدا خۆی بنـوێنێ، چـونکە نـاکرێ «تـوخمی خەڵك سالار» بەو ڕەوشتەی کە وینیکات دەڵێت، واتە بە سەرژمێرییەوە لێك بدرێتەوە و ئەمە توێژەکانی کۆمەڵگە نین کە لەم توخمە بـەرهەدارن بگـرە فەرهـەنگی سیاسـی و بنیاتـەکانی کۆمەڵگەیە کە دەتوانێ هەڵگری بێ. بەم دۆخەشەوە، پێوندیی تاك لەگـەڵ ئـەم بنیاتگەلـە و برێك بەهایتری خەڵك سالارانەدا، بابەتێکە کە هێشتە دەبێ لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ و بـە بەڵگـە هینانـەوە گرینگایـەتی‌یەکـەی بسـەلمێندرێ. تەنانـەت ئەگـەریش گـرەوێتی‌یـە تـاك خوازانەکەی وینیکات (کەبەپێی ئەو (گرەوێتییە) تاك سەرچاوەیەکی بناخەییە بۆ پێـكهاتـە سیاسییەکان ڕەت کەینەوە. هەروەها ئەگەر تاکەکان یان بنیاتە سیاسییەکان بکەینە بناخەی ئـەم لێکدانەوەیـە، ئـەم پرسـیارە بـە هـەمان هێـزەوە دەمێنێتـەوە کـە ئایـا لـە بیـنین و هەڵسەنگاندنی ڕادەی «سەلامەت» یان «باڵقی» توێژەکانی کۆمەڵگـەدا، دەتـوانین پلـە یـان ڕادەیەك دیاری بکەین تا بەپێی ئەو (پلە یان ڕادەیە) تەنچـێبوونی و بـاڵق بـوون یـان خـەڵك سالار بوون یا نەبوونی فەرهەنگێك بەگشتیی دیاری بکەین.

لە باسەکانی ئەم پەڕتووکە وەها تێدەگەین کە برێك لە گرینگترین بنیاتەکانی فەرهـەنگی جەماوەری لەم ڕووەوە بە باڵق دەژمێردرێن کـە ئـەم بنیاتگەلـە توانـای تێکـەڵاو بـوون یـان کۆنترۆڵی هەستەکان بـۆ تـاك دەرەخسـێنن. جـەختی مـن بەگشـتیی لـە سـەر شـێوازەکانی فەرهەنگی «جەماوەری» بووە، بەشێوەیەك کە گرووپی ئەو کەسانەی کە خەرجیگەری هیچێك لەم ئەزموونانە نین، کەم بێت. لەو باسانەی کە لەم پەڕتووکەدا هێزاوەتە گۆڕێ، سەبارەت بـە «باڵقی» یان «سەلامەتی» ئەو کەسانەی کە لەم شێوازە فەرهەنگیانـەدا بەشـدارن، چ شـتێك ڕوون دەبێتەوە؟ و ئایا (بەپێچەوانەی زۆرینەی ئەو ڕەخنە کۆمەڵایەتییانەی کە بـەپێی تیـۆری دەروونشیکاری دەگیردرێن و هەروەها بەپێچەوانەی برێك لەو شێوە ڕوانینانەی کـە لـە نێـوان ڕۆشنبیرانی چەپ و لیبراڵ دا بووەتە باوکە ـ هەردووکیان ـ لە بەشی دواتردا لێکدە دەمـەوە) دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی مۆدێرن لانیکەم تا ئەو ڕادەیە «بێ نەنگی و بـێ کێماسـییە»، کـە بەگشتیی شیاوی داکۆکی لێکردن بێت یان (بەوتەی وینیکات) «بەڕادە پیویست باش» بێت؟

# بەشی دەیەم

## رەنگە ئەم ماڵە

## لە بنچینەوە وێران نەبێت

## کێ گلەیی هەیە؟

یەکێك لە گۆڕانە شایانی سەرنجەکان، لە بارودۆخی سیاسی بـەریتانیای دەیـەی ١٩٨٠دا، مەیل بە هەست و هەڵوێستی پاوەنخوازانەی کولتووری لە ڕیزی هێزە سیاسییەکاندا بوو.[١] بـەر لە زیاتر بوونی ڕەخنەی لیبراڵیزمی نوێ لەو دەیەدا عادەتمان بوو وەها بیر بکەینەوە کە تـەنیا باڵی ڕاستە لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکاندا بۆ دابەزینی پێکهاتەی ڕەوشتمەندی وڵاتەکەمان یـان جیهان ئازیەتی دەگرێ. پاشان بەمە ڕاهاتین کە ئەو کەسانەی، خۆیان بە باڵی چـەپ دەزانـن ڕەوشتمەندیاتی سەردەم ـــ یـان نـەبوونی ڕەوشـت ـــ دەخەنـە بـەر ڕەخنـە. ئـەمان، بـە شێوەیەکی تایبەت لە بەرامبەر ئەوەیدا کە بە کاریگەری دژە ڕەوشـتمەندی قوتابخانـەی نـوێ لیبراڵیان دەزانی لە زۆرینەی کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، نۆستالژیا و ڕقیان دەردەبڕی و دەیانوت کە تانوپۆی کۆنترۆڵکەرەوەی کۆمەڵگە پچڕاوە و زۆرینەی نموونە نەریتییەکان ڕێز و بـەهاکانی هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی بە تینی مەسیحایی پرۆگرامەکانی تاچـێرەوە[٢] تواوەتـەوە، یـان لـە ڕەشبینی ساردی ئەودا یەخی بەستوە. ئەگەرچی ئەگەری ئەوە هەیە، هەندێك لـە ڕاڤەگـەران، ڕیشە و داهاتەکانی ئەم پرۆسەیە ببەنەوە بۆ ڕووداوە سیاسییەکانی چەند دەیەی ڕابـردوو (بـە شیمانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە)، لە هەمان کاتدا کەسانێکی دیکە (کە زۆرتـر بڕوایـەکی

---

١ هەندێك لە باسەکانی ئەم بەشە لە وتارێکدا لەژێر ناوی «بـان خـودی پۆسـت مـۆدێڕن» لـە نۆڤـەمبێری ١٩٩٣دا لە کۆبوونەوەی «دەروونشیکاری و هەرێمی (کولتووری) گشتی» لـە زانکـۆی ڕۆژهـەڵاتی لەنـدن، پێشکەش کرا.

٢- Margaret Thatcher ( لەدایك بووی ١٩٢٥) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە حیزبـی موحافزەکـار لـە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ -١٩٧٩ . لەو ماوەیەدا کە ئەو ڕێبەری حیزبی موحافزەکاری بە ئەستۆ بـوو، حـزب هەرچی زیاتر ڕاست خوازانەتر بوو. ئەو وێڕای بە پێشەوە بردنی سیاسەتی خوسووسـی کردنـەوەی بـەربلاو لـە سەنعەت و کایەی کارە کۆمەڵایەتییەکاندا، زۆرینەی ئیختیاراتی دەزگا ئیجراییە ناوچەییەکانی کەم کـردەوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٣، سەرەڕای نرخی سەدی پەنجایی بێکاری لە بەریتانیادا، خاتوو تاچێر دیسان بـوو بە سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتە و ئەم سەرکەوتنەش تا ڕادەیەك لە پێناوی هەڵخراندنی هەسـتی ناسیونالیسـتی لە بەریتانیای پاش شەڕی دە حەوتەیی لەگەڵ ئارژانتین لە ساڵی ١٩٨٢دا بە هۆی خاوەنـداریێتی دوڕگـەکانی مالونیاس (کە ئینگلیزییەکان فۆکلەلەندیان پێ دەگوت)ەوە بـوو. ئـەو لـە هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٨٧دا بـۆ سێهەمین جاری بەردەوام بـوو بـە سـەرۆك وەزیرانـی بـەریتانیا. نـەیارانی خـاتوو تاچـێر، بـەهۆی سیاسـەتە سەرسەختانەکانییەوە زۆرینەی کات ناویان دەنا « دایکی زرێ پۆڵا ».

ئاکادیمییان هەیە) ئەم بارودۆخە بە تازەترین ـــ نە، سەرترین ـــ قۆناخی پرۆسەیەك دەزانـن کە لە زاتی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی مۆدێرنیتەی سـەرمایەدارانەوە سەرچـاوە دەگرێ. حەقیقـەتی زۆرینـەی ئـەو رەخنەگەلـەی کـە لـە لایـەن سۆسیال ـــ دیمـۆکرات و مارکسیستەکانەوە ئاراستەی پێوەندییەکانی بازاڕ و کاریگەری لەسەر کولتوور و کۆمەڵگـەدا دەکرا ئێستە لەم روانگەیەوە بە تەواوەی سەلمێندراوە.

ئەمە بەم واتایە نییە کە رەشبینانی باڵی راست لەم نێوانەدا بێـدەنگ بـووبن، بـەڵام نێـو لیبراڵەکان لە هەرا و بانگەشەکانیاندا سەبارەت بە بارودۆخی رەوشتمەندی کۆمەڵگە زۆرینەی کات ئەو زۆرینەیەی کە پێیان وایە پێرەوی رەوشتن دەکەنە بەردەنگ و دەیانەوێ بیانخەنـە رێ. رەخنەگرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی باڵی چەپ زۆرینەی کات لە توانەوەی وەها زۆرینەیەك دەناڵێنن و — بە واتایەکی دیکە — باس لە نەبوونی بەها (رەوشتمەندیەکان) لە بنەمای سـەرمایەداری دوایدا دەکەن" لە حاڵێکدا راستییەکان، زۆرینەیان بڕوایان وایە کـە رەوشـتمەندیاتی چـاکە و هاوبەش لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگەدا هەیە و لە ناو نەچووە، بگرە لە دۆخێکی ناکارادایە. حیزبی کرێکاریش تا ئەو رادەیە خۆی خستووەتە ناو ئەم کێشەیەوە، دەبوایە ئـەم جـەماوەری بوونە دوپات کاتەوە، ئەگەر خوازیاری پێکـەوە نـانی دەوڵـەتێکین بـەپێی دەنگـدانی خـەڵك، ئەوکات دەبێ بڕوامان بە بەردەوام بوونی نەزاکەتی رەوشتمەندی خەڵك هـەبێ. هـەر چەشـنە سیاسەتێکی درێژخایەن کە بنەمای لە سەر جەماوەری بوون بێت ـــ چ لە باڵی چەپ و چ لـە باڵی راستدا ـــ بە ناچار دەبێ گرفتی توانەوەی رەوشتمەندی تەنیا بخاتە سەر کەمینەیەك یان پرۆسەیەکی دەرهەسـت لـە حکوومـەت یـان کولتـووردا. لـە دەورە و زەمانێکـدا کـە ئـایین ئیعتیباری لای خەڵك کەم بووەتەوە" ناتوانین بەم بۆچوونەوە کە خەڵك گونابارن و دەبـێ داوای لێخۆشبوون بکەن سەرقاڵ بین. بەم حاڵـەش، بـەو جـۆرەی کـە باسـی لەسـەر دەکـەم، ئەمـە بۆچوونێکە کە لێکۆڵینەوە (کولتوورییەکاندا) دەروونشیکارییەکان خستوویانەتە نێو گوتـاری سیاسییەوە. ئاواش نابێ ئەمە ببێ بە مایەی سەرسووڕمان کە ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە سەرنجێکیان پێ نادرێ.

ئەڵبەت یەکێك لە داهاتەکانی دەیەی ١٩٨٠ ئەمە بوو کە هەر جۆرە شیکارییەك لە سەر هەڵوێستە سیاسـییەکان، و دابەشـکردنی ئـەم هەڵوێسـتانە بـە دوو بـاڵی راسـت و چـەپ، هەنووکەش موناقەشەی لەسەرە، یان لانیکەم دەتوانین بڵێین کە هێزە سیاسییەکان هێندە زۆر و جۆراوجۆر بوونە کە دەبوایە رەهەندگەلێکی دیکـە لـە هەڵوێسـتەکانیان ـــ زۆرتـر لەسـەر

بنەمای بابەتگەلێکی تایبەت ـــ لەبەرچاو بگیردرایە تـا بتـوانین لەسـەر بۆچـوون و گەڵاڵـە سیاسییەکانیان قسە بکەین. ئەڵبەت پۆلێن بەندی چەپ و راست هێشتەکەش لە هەنـدێك لـە کایـە سـوننەتییەکاندا بایـەخێکی زۆری هەیـە. ملانـی فیلیـپس[1] (وتارنووسـی رۆژنامـەی ئابزێرڤێر، کە بە قسە سوورییەوە لە موناقشەکانی ئەم دواییانەدا لەسەر رەوشتمەندی گشتیی بەشداری کردووە) گوتەنی، باڵی چەپ دەیەوێ بەرپرسیارەتییە رەوشـتمەندییەکان دیسـانەوە بخاتە ئەستۆی دەوڵەت (بەرچـاوترین نموونـەی ئـەم سیاسـەتە لـە دەوڵـەتی ئاسـایش(رفاه)دا دەبیندرێ) و باڵی راستیش بە شوێنی ئەوەوەیە کە دیسان جەخت بکاتە سەر بەرپرسیارەتییە رەوشتمەندییەکان ـــ بە تایبەت بەرپرسیارەتییە بنەماڵەییەکان.

رۆبێرت هیووز[2] کە رەخنـەگرێکی هونەرییـە لـە پەڕتووکـە دواییەکەیـدا سـەبارەت بـە بارودۆخی رەوشتمەندی کۆمەڵگەی ئەمەریکا، لە نێوان دوو شێوازی رەهاخوازی رەوشتمەندیدا جیاوازی داناوە کە تا رادەیەك لەگەڵ پۆلێن بەندی چەپ و راستدا یەك دەگرێتەوە. ئـەو" ئـەم دوو بێچمەی ناو ناوە ((سیستەم خوازی سیاسی)) و ((سیستەم خوازی نیشتمانپەروەرانە)). لە بەریتانیادا، ((سیستەمخوازی سیاسی)) یەکەمین جار لە راپۆرتـە جـدی و رێـك و پێکـەکانی بڵاڤۆکە سەرقاڵەکان سەبارەت بە دیـاردەی ((چـەپی ورو کـێج)) لـە دەیـەی ١٩٨٠دا پێمـان ناسێنرا. بە چاوپۆشی کردن لەمەی کە ئەم راپۆرتانـە تـا چ رادەیـەك راسـت بـن، نیگـەرانی سەبارەت بە سەپاندنی دۆگمانەی پرەنسیپەکانی رەها خوازی کە لە شـێوازە جۆراوجۆرەکـانی، شەڕ لە دژی بنیاتخوازیی ئەمڕۆکەییەوە سەرچاوەیان گرتبـوو، لـە دواییـدا تەشـەنەی کـردە زۆرینەی رۆژنامەوانان و ئەو کەسایەتییانەی کە روانگەگـەلێکی سیاسـی تـەواو[3] جیاوازیـان هەبوو.

زۆرێك لەبەرچاوترین نموونەکانی ئەم ((سیستەمخوازی سیاسی))یە پێوەندییان بە ئەمەریکاوە هەیە، بەڵام بڕێك لە شێوازە بەریتانییەکانی هەر ئەم دیاردەیە دەتـوانین بهێنینـەوە. ئەڵبـەت پێشکەش کردنی هەر پێرستێك لەم دیاردەیە، واتە چوونە پێشـوازی مشـتومڕەوە. کەسـانێك

---

1- Melanie Philips
2- Robert Hughes

٣- لەو رۆژنامەوان و کەسایەتییانە، دەتوانین دیسانەوەملانی فیلیپس و هاوکارەکەی لە رۆژنامەی ئابزێرڤێردا ناوببەین — کە بۆ سێهەمین جار لەم پەڕتووکەدا ناوی دەهێنم — واتە سایمێن هاگێرت کە لە مێژەوە بە شەوق و رقەوە خەریکی تۆماری رووداوەکانە سەبارەت بە ((سیستەمخوازی سیاسی)).

ڕەنگە ئەمەیان پێ قبووڵ بێت کە «سیستەمخوازی سیاسی» لە بڕێك لە بەستێنەکاندا گرفتهێنەرە، بەڵام هیچ ڕەفتارێکی دیاریکراوی وەکو تایبەتمەندی، بۆ پێناسە ناکەن. لە بەرامبەردا بڕێکی دیکە لە ڕەخنەگرە کولتوورییەکان لە بنەڕەتدا قایل بە وەها وتەزایەك نین و بە ئوستوورەیەکی باوك سالارانە، یان داڕێژراو لە لایەن باڵی ڕاست یان بە نموونەیەك لە «قسەزل کردن»ی دەزانن. بەم هۆیەش، تەنانەت بەکارهێنانی وەها زاراوەیەك لە باسەکەدا دەتوانێ گرفتساز بێت. (لە ئەمەریکادا) پەڕتووکەکەی هیووز" فەرهەنگی گلەیی و بناشت، هەم لە ڕوانگەی هاوڕایان و هەمیش لە ڕوانگەی ڕەتکەرەکانیدا، لە پلەیەکەمدا هێرشێکە بۆ سەر «سیستەمخوازی سیاسی»، بەڵام لە کەتواردا پەڕتووکێکی بێلایەنە، چوونکە دیسان دەڕواتەوە سەری «سیستەم خوازی نیشتمانپەروەرانە» ـــ کە لە سەردەمی سەرۆك کۆماری ڕەیگان[1] و دواتریشدا لە ئەمەریکادا سەقامگیر بوو. «سیستەم خوازی نیشتمان پەروەرانە» بەپێی پێناسەکەی هیووز لە بێچمێکدا، بریتییە لە «شۆربای تێکەڵ و هێڵنج هێنەر و لێدانی هاوجنس خوازان، ڕەگەزپەرستی تا ڕادەیەك ئاشکار و جەماوەری بوونێکی دەمار گرژانە »هیووز ئاماژەش دەکا کە هەر دوو شێوازی «سیستەمخوازی» پێویستی بە هێرش بردنە بۆ سەر هەرێمی گشتیی و حکوومەت" حکوومەت وەکو گوتارێکی لەخۆگر کە لە چوارچێوەیدا، پرۆسەی خەڵك سالاری دەتوانێ باشتر بێ و بەهاکان بە شێوەیەکی ئەقڵانیتر قسە یان لەسەر بکرێ. بە هۆی دەسەڵاتی پێداویستییەکانی «سیستەمخوازی» سیاسی و نیشتمانپەروارانەوە، وتو وێژ دەکەوێتە ژێر ڕکێفی بەدگومانی گەلێکی پارانوویایی و تێکەڵاوییەکی ناخۆش لەپێداگری لە بەر پەلامارکەوتن و بڕوای پتەو بە پاکایەتی، باسەکە ڕواڵەتێکی ناخۆشی دەگرێتە خۆی.

بە وتەی هیووز ئەم دووجۆرە هەنجاردانانە، لە هەمان کاتیشدا کە بە زەقی پێکەوە جیاوازن، هەردووکیان لە سیستەمی خاوێن خوازی ڕەوشتمەندی (یان پیوٚریتانیسم) یەوە سەرچاوە دەگرێ. سەبارەت بە هونەر ـــ واتە ئەو کایەیە کە هیووز لە پەڕتووکەکەیدا ڕاستەوخۆ لێکدانەوەی لەسەر دەکا، پاكخوازان خوازیاری بەرهەمگەلێکی بەرزکەرەوە بوون. بە بڕوای ئەوان، هونەر دەبێ تایبەتمەندییە مەعنەوییە باشەکانی بنوێنێ و لە بەردەنگەکانیدا بەهێزتری بکات. دواتر بەهۆی کاریگەری قوتابخانەی ڕۆمانتیکەوە، ئەم پێویستییە

---

[1] ١- Ronald Reagan (لە دایك بووی ١٩١١)، سەرۆك کۆماری ئەمەریکا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩-١٩٨١.

مەعنەوییە، تا رادەیەك بووە پێویستییەكی دەرمانی.

لەو بۆچوونەدا كە هیووز ناوی «سەفسەتەی دەرمانی» لێدەنێ، چ بۆ تاك و چ بۆ كۆمەڵگە، هونەر دەبێ كاركردێكی دەرمانی هەبێ. بەم جۆرە لە روانگەی رێفورمێستانی سیاسییەوە، هونەر دەبێ ئافەتە كۆمەڵایەتییەكان وەكو رەگەزپەرستی و نابەرابەری جنسی بدۆزێتەوەو هێرش بەرێتە سەریان و (لە ئاكامدا) جێنشینێكیان بۆ بدۆزێتەوە. لە روانگەی ریفۆرمیستانی نیشتمانپەروەردا، هونەر دەبێ موركێ دروستی بنێتە سەر بەها گشتییەكان و یارمەتی بدا بۆ زیندوو كردنەوەی تەعەهودی رەوشتمەندی بەرەی نوێ لە بەرامبەر ئەم بەهاگەلەدا. هیووز لە روانگەیەكی نیسبی باوەڕانەوە رەخنە ئاراستەی ئەم دوو شێوازە سیستەمیە ناكات. ئەو بەڵگەگەلێك بۆ سەلماندنی لێزانین و چۆنایەتی لە هونەرداو (هەروەها) لە دژی ئەولەویەتی ناوەڕۆكی سیاسی لە بەرهەمە هونەرییەكاندا دەهێنێتەوە و لایەنگری سەربەخۆیی هەرێمی جوانیناسانەیە، هەرچەند كە لانیكەم پاشان ئەمەی بۆ روون دەبێتەوە كە ئەم سەربەخۆییە رەهانییە هونەریش دەلالەتگەلێكی سیاسی هەیە.

لە لێكدانەوەكەی هیووز (سەبارەت بە «سیستەمی») سیاسی و نیشتمانپەروەرانە) دەتوانین تەوسیفێكی دەروونشیكارانە سەبارەت بەم دوو شێوازە دروستكارییە رەوشتمەندییە بێنینە ئاراوە كە هەروەها جەختیش دەكاتە سەر لێكچوویییە بنەماییەكانیان. دەتوانین هەردوو ئەم شێوازانە بە نیشانەی نەخۆشی پێكهاتە سست و تێكەڵ نەكراوەكانی «بان خود» بزانین. نەفسی ئەو تاكەی كە وەها «نەزمێكی» هەیە، پەرنسیپگەلێكی تەواو دەروونی كراوی نییە كە ببنە بنەمایەك بۆ سەقامگیری ئەو و هەر بۆیەش ناتوانێ لەگەڵ دژوارییەكانی كەتوار، بە شێوەیەكی رێك و پێك و لە هەمان كاتیشدا نەرم ونیان رووبەروو بێتەوە. وەها كەسێك بۆ ئەوەی هەست بكا ژیانی لە چۆنایەتییەكی رەوشتمەندی بەهرەدارە، بەناچار دەبێ مل بداتە ژێر نەریت و عورفگەلێكی رەها كە بۆ هەر شتێك رێگەچارەیەكییان هەیە، بەلام بە شێوەیەكی هێزەكی وشك و تورتن. كاتێك دەزانێ كە دیتران نەریتە باوەڕپێكراوەكانی ئەویان ناوەتە ژێر پێ، پوتانسیەلی گەورەی شەڕەنگێزییەكی نابەردەوام تێیدا دەردەكەوێ، لە حاڵێكدا هەرگیز ئەم هەستەی بۆ تەحەمول ناكرێ كە خودی ئەویش لە ئەم نەریت و عورفانە لای داوە.

### گرفتەكانی پۆست مۆدێرن:

ئەم (كەسایەتییەی كە پێشتر پەسنمان كرد) پێشتریش لە نووسراوە دەروونشیكارییەكاندا

لێکدانــەوەی لەســەر کــراوە، هــەم لــە دەقــە بالینییــەکان و هــەمیش لــە خوێندنــەوە کۆمەڵایەتییەکانــدا وەکــو (لێکۆڵینەوەگــەلێك کــە لێکۆڵــەرانی «قوتابخانــەی فرانکفــۆرت» سەبارەت بە) «کەسایەتی دەسەڵاتخواز»[1] ئەنجامیان داوە ئێســتەش بەجێیــە کــە تەۆســیفی سەرەوە بەراورد بکەین لەگەڵ شێوازێکی دیکەی رەفتارناسی ئــەمڕۆییدا، واتــە ئــەو حاڵەتــە هۆشییە کە داهاتی وتەزای «پۆست مۆدێرنیسم»ن. بــەو جــۆرەی دەزانــن ئــەم زاراوەیــە لــەم ساڵانەی دواییدا زۆر مۆد بووە و هــەر بۆیــەش پێناســەی رێــك و پێکــی بەداخــەوە دژوارە و تەنانەت لە دەقە زانستییەکاندا بە واتاگــەلێکی جۆراوجــۆر براوەتــە کــار. لــەم پەڕتووکــەدا، زاراوەی پۆست مۆدێرن بۆ جەخت کردنە سەری توانەوەی سەردەمدارانی ســوننەتی دەســەڵات، پێوەندیگەلێکی سەقامگرتوو و پەرەسەندووی کۆمەڵایەتی و هۆشمەنــدیگــەلێکی تێــکتــەنراو دەبرێنە کار.

دنیای پۆست مۆدێرن، بەپێی زۆرینەی تەوســیفەکانی" دنیــای جیــاوازیی دژوار و ســەقام نەگرتوو، داپچڕاوی کولتووریی، نسبیەتگەرێتی مەعریفە ناسـانەو رەوشــتمەندی، و نەفســە چەق هەڵنەگرەکانە. دنیایەك کە تێیدا تــەواوی بنــەما ســوننەتیەکانی کــرداری رەوشــتمەندی کەمڕەنگ بووەتەوە یان خراونەتە لاوە. هەندێك (کەس) بە هۆی ئەو شتەوە کە بە هەلومەرجی رزگارکەریی دەزانن ستایشــیان کــردووە، بــڕێکیش بــە ئیحتیاتــەوە پێشــوازییان لێکــردووە، بڕێکیش پێیان ناخۆش بووە. نموونەی ئەمانە، کەسانێکن کــە پۆســت مۆدێرنیســم بــە نغــرۆم بوونێکی پێشکەوتوو لە ئــەنجامی پێوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکانی سیســتەمی ســەرمایەداری دەزانن، سیستەمێك " کە سەروەری بایەخی گۆڕینەوە و ئەو پێوەندییانەی کە بە هۆی پــارەوە لە نێوان مرۆڤەکان دێنە ئاراوە، تــەواوی پێوەندییــە ســەقام نــەگرتووە مرۆڤانــەکان و پێــوەر بەرزەکانی تێیدا داڕزاندووە.

دەکرێ تیۆری دەروونشیکاری بە شێوەگەلێکی جۆراوجــۆر بــۆ ســەلماندنی نەفســی پۆســت مــۆدێرن بــەکار بــبرێ و ســتێفین[2] فــرۆش لــە پــەڕتووکی تەنگــژەی شوناســدا (١٩٩١) ئــەم شێوەگەلەی بە شێوازێکی سیستەماتیك شی کردووەتەوە. بە گشــتیی بــەپێی شــیکارییەکانی فرۆش، وەچــە فرۆیــدی و کلاینییــەکان و «پێوەنــدی لەگــەڵ ئۆبــژە» و «دەروونناســی خــود» نیگایەکی زۆر رەخنەگرانەیان بۆ حاڵەتە هۆشییەکانی پۆست مۆدێرن هەیە و بە زاراوەگەلێکی

---

١- بڕوانە ئادۆرنۆ و هاوکارەکانی، ١٩٥٠.

2- Stephen Frosh

وەکو خۆشیفتەیی و دەروون پەرۆشی[1]، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێناسە دەکەن.

ئەوە سەرسوورهێنەر نییە، کە تیۆرەکەی لاکان لەم بوارەدا روانگەیەکی تا رادەیەك جیاوازی هەیە. ئەم تیۆرە بەهۆی پێداگیرییە مشتومڕهێنەرەکەی لە سەر چۆنایەتی ناکەتواری یەکپارچەیی «خود» بە گشتیی یەکێك لە سەرچاوەکان — نەك رەخنەکان — ی روانینی پۆست مۆدێرن بووە لە روانگەی باقی تیۆرە دەروونشیکارییەکانەوە، بەشی ناخودئاگای هۆشمەندیی پۆست مۆدێرن لەسەر بنەمای نەبوونی یەکپارچەیی دەروونی و کەم و کووڕی گەورە لەو شتەدا کە دەروونشیکاریی کلاسیك ناوی لێناوە «گەشەی بان خود»، بیچمی گرتووە. وەسفە جۆراوجۆرەکان لە دنیای «پێوەندی لەگەڵ ئۆبژە»[2] لە قوولایی دەروونی تاکدا، تا رادەیەکی زۆر جێی زاراوەی «بان خود»ی لە زمانی دەروونشیکاریدا گرتووەتەوە. بەم دۆخەش، لەم باسەدا باشتر وایە ئەم زاراوایە رابگرین، چونکە هێشتەکەش کارکردگەلێکی وەسفی و دەلالەتی گرینگی هەیە و گوتاری دەروونشیکاری پێوەندی دەداتەوە بە ئیدراکی جەماوەرییانەوە. زۆر کەس واتای ئەم زاراوەیە تا رادەیەك تێدەگەن و پێوەندییەکەی بە باسی لەسەر بەهاکان، حاڵی دەبن.

مایکێل راستین (١٩٩٢)، تا رادەیەك بە پێچەوانەی فرۆش، لە نێوان برێك لە گریمانەکانی

---

١- دەروون پەرۆشی (Psychosis) ئالۆزیەکی هەرە دیارە لە کەسایەتیدا کە لەم ئالۆزییەدا تاك لەگەڵ کەتواردا پێوەندێکی نامێنێ، وڕاوە، تەوەهوم و فیکری پچڕاو پرش و بلاو نیشانەکانی دەروون پەرۆشین .

٢- چەندجار لە باسەکانی ئەم پەڕتووکەدا، ئاماژە کراوەتە چەمکی «ئۆبژە» و هیوادارم بەستێنی هەرکام لەم باسانە واتای ئەم زاراوەیان بۆ ئەو کەسانەی پێی ئاشنا نین روون کردبێتەوە. لەو رووەوە کە «ئۆبژە» لایەنێکی بنەماییە لە ژیانی زەینی تاکدا، بۆ ئەندیشە پۆست فرۆیدییەکان ؛ کە سەرچاوەی بەشێکی گەورەی باسەکانی ئەم پەڕتووکەیە، گرنگایەتییەکی زۆری هەیە. ئەم چەمکە پێوەندییەکی لێك نەبڕاوی لەگەڵ دونیای ئەمرۆکەییدا هەیە. هەرکام لە ئێمە وەکوو سوبژەیەکی تاك، لەگەڵ دونیای واقعیەتی دەرەکی و ئۆبژەکانیدا لە پێوەندیداین. «ئۆبژە» بە واتای تایبەتی وشە، واتە بە واتای تەواوکەری «سووبژە»، هەر بۆیەش «ئۆبژە» کەسانێکی دیکە دەگرێتەوە و لە واقیعدا دیتران گرنگترین شێوازی «ئۆبژ»ەن. بەلام ئێمە هەروەها لە دونیای واقعیەتی زەینیشدا دەژین، واتە لە دونیای خەیالاتی ناخودئاگاهانەدا، ئەو دونیایەی کە تێیدا هەست بەوە دەکەین کە زالین بەسەر زۆرێك لە «ئۆبژە»کاندا (ئۆبژەگەلێکی شایی‌هێنەر، ناحەز و نیوترال( neutal ) هەرکام لەم ئۆبژە دەروونیانە بە چەشنێکی جۆراوجۆر پێوەندییان پێکەوە و هەروەها لەگەڵ نواندنەوەکانی ئێمە لە خۆماندا هەیە.

پۆست مۆدێرن ـــ چەشنە چەمك دارێژییەك لەسەر گۆڕانكاریی كولتووری ـــ و گەشەكردنی وەچەیەكی تایبەت لە دەروونشیكاریدا، لێكچوویی گەلێكی ئەرێنی دەبینێ. بەپێی بەڵگەهێنانەوەكانی راستین، بایەخدانی پۆست مۆدێرنیسم بە پرێسپێكتیوێسم و بێ بڕوایی بە (بوونی حەقیقەتە بنەمایی یان بەربلاوەكان نیزیكییەكی لەگەڵ هاتنە ئارای قوتابخانەی «پۆست كلاینی» لە دەروونشیكاری ( بە تایبەت لە بەرهەمەكانی ویلفرێد بیۆن[1] و دۆنالد میلاتسێر[2] )دا هەیە. ئەم وەچەیە سەرنجی دەروونشیكاری لە پێكهاتە و ناوەرۆكی هۆش، بۆ بابەتێك راكێشاوە، كە دەتوانین بڵێین بایەخێكی بنەماییتری هەیە، ئەو بابەتەش بریتییە لە شێوەی بێچم گرتنی هەلومەرجەكانی هۆش بۆ جێكردنەوەی ئەزموون لە خوددا و سیستەمی كردنەوەی خود و بیركردنەوە. لەگەڵ ئەم سەرنجدانەدا، تا رادەیەك پێش مەزەندەی هۆشیش بەڕوونی خراوەتە لاوە، ئەم كارەش تا رادەیەكی زۆر لەگەڵ گرەوێتی سەبارەت بە باوەڕانەی هزری پۆست مۆدێرنیستی، هەروەها لەگەڵ بەرجەستە كردنەوەی رەهەندی جوانیناسانەدا یەك دەگرێتەوە. دەبێ بوترێ كە ئەم بەرجەستەكردنە لانیكەم بە رواڵەت لەگەڵ مەیلی پۆست مۆدێرنیسمدا بۆ دابەزاندنی پلەی بابەتە رەوشتمەندییەكان، یان دارشتنەوەیان هاو ئاهەنگی هەیە.

سەرەڕای ئەمانەش، راستین دەگاتە ئەو ئەنجامەی كە بە گشتیی ئەم وەچەیە درێژەدەری سوننەتە لە مێژینە هیومانیستییەكانە لە دەروونشیكاری بەریتانیادا، چونكە دەلاقەگەلاێكی دیكەی بۆ تێگەیشتنیی شێوەی گەشە كردنی خود دەكاتەوە و مەعریفەی ئێمە لەسەر باشترین دۆخی كۆمەڵایەتی بۆ بەهێزكردنی ئەم گەشە كردنە دەباتە سەرەوە. بەم جۆرە لە چوارچێوەی گەلاڵەیەكی مۆدێرنیستی ــ هیومانیستیدا دەكرێ بەم لقە «پۆست مودێرنیستی»یە لە دەروونشیكاریدا گیانێكی تازە ببەخشرێ. ئەم بەشەی دەروونشیكاری، سەرنجی خۆی زۆرتر دەداتە ئەو كەسانەی دەروون پەرۆشن یان لە «دۆخی سەرحەدی»دا[3] بۆ ماوەیەكی درێژخایەن

---

1- Wilfred bion
2- Donald Meltzer

٣- «دۆخی سەرحەدی» (Borderline) بەو گرفتە دەروونیانە دەوترێ كە لە سنووری نێوان دەروون رەنجووری و دەروون پەرۆشیدان. ئەم زاراوەیە بە تایبەت بە اسكیزۆفرنیا ( Schizophrenia ) یەك دەوترێ كە لەگەڵ كۆمەڵێك لە نیشانەكانی دەروون رەنجووریدا دەردەكەوێ. ئەو كاتەی كە نەخۆشی «ئیسكیزۆفرنیای سەرحەدی» دەكەوێتە بەر گوشاری دەروونی، بڕێك لە نیشانەكانی ئیسكیزۆفرنیا، تێیدا خۆ دەنوێنن، بەڵام بە

لەگەڵ هەستی لێك پچڕاوی دەروونی و نەبوونی رەوشتدا دەمێننەوە، بەڵام لێك پچڕاوی دەروونی لە شێوازی روانینی نەخۆش بۆ کۆمەڵگە بە گشتیی نابینێ. (بە پێچەوانەی ر.د. لانگ[1] کە پێشتر لە بەرهەمەکانیدا ــــ ١٩٦٠ -١٩٦٧ ــــ وەها بۆچوونێکی هەبوو.)

بەم دۆخەش ئەم روانگەیەی ــــ راستین گوتەنی ــــ «کلاینی دوایی» دەتوانین بە شێوەیەکی دیکە ببەینە کار. فرۆش، لە هەمان کاتی سەرنجدان بە بنەمای ئەرێنیی تیۆرەکەی بایان لە چەمکەکانی «خەونی شیرین» و هێنانە ئارای «کارکردی ئالفا»، زۆرتر جەخت دەکاتە سەر دەلالەتی چەمکەکانی «توخمە بێتاکان» و «شتومەکە سەرسووڕهێنەر و نامۆکان» بۆ ناسینی نەخۆشی. و ئەمانەش بە رەوشتێك دەزانێ بۆ پەسنکردنی دنیای لێك پچڕاوی دەروونی خەرجیگەرانی پۆست مۆدێرن[2].

---

گشتی هێشتە تەماسی تاك لەگەڵ واقعیەتدا نەبڕاوەتەوە و ــ بەواتایەکی دیکە- ئەو تووشی دەروون پەرۆشی ( psychosic ) بووە.

١- R.D.Laing (٨٩- ١٩٢٧)، رەوانپزیشکی سکاتلەندی.

٢- لە تیۆرەکەی بایاندا لە سەر فیکر، وێنەگەلێکی زۆر تەماوی سەبارەت بە لێك داپچڕاوی هەیە: «توخمەکانی بێتا» یانی بەشە «هەزم نەکراوەکانی» ئەزموون کە تاك نەیتوانیوە لە رێگەی «کارکردی ئالفا»ی داهێنەرانەوە واتای پێ ببەخشێ. «شت و مەکە سەرسووڕهێنەرە نامۆکان» شێوازی هەست و ئەو تێگەیشتنانەن کە سەرچاوەکەیان لە دەروون پچڕاوی دایە و کاتێك دێنە ئاراوە، کە زەرفیەتەکانی خودی سووبژە — بە هۆی ئەو دڵەڕاوکێیەوە کە ئەو هەلومەرجانە لە هۆشی ناتوان لە بەرگەگرتنی کەتواردا دەیهێننە ئاراوە — بە گشتی و دیهاوێژی کرابێتە سەر شتە دەرەکییەکان. لە وەها بارودۆخێکدا تاك ئەو شتانە خاوەن چونایەتیگەلێکی سەرسووڕهێنەر، نامۆ و مەترسیدار دەزانێ و هەر ئەم شتەش لە توانای ئەو بۆ ئیدراکی ئەزموون کەم دەکاتەوە. «خەونی شیرین» ئەو دۆخە هۆشمەندییە کە دایك دەبێ هەیبێ تا بتوانێ ئەو هەستە زۆر ناحەزانە کە منداڵ دیهاوێژی دەکاتە سەری ئەو بەرگە بگرێت، بەم جۆرەش — لە جیاتی هێز بڕین لە «خود» - سەرچەشنێك لە شێوەی کۆنترۆڵ کردن و تێفکرین لەسەر ئەندێشە دەخاتە بەردەمی منداڵەوە. بەم هۆیەش، «خەونی شیرین» وەکوو سەرچاوەیەکە بۆ هەلومەجی منداڵی لەم دۆخەی گەشەدا بۆ «کارکردی ئالفا». ئەمڕۆکەش بڕێك لە دەروونشیکاران ئەم چەمکانە بە هەڵگری گرنگایەتی بنەمایی دەزانن لە تیۆری دەروونشیکاری ئەمڕۆییدا. بڕێك لە لێکۆڵەران بە مەبەستی لێکدانەوەی کولتووری «باڵا» بۆچوونی «کلاینی دوایین»یان بردووەتە کار (بۆ نموونە وادێل) و م. هـ. ویلیامز، ١٩٩١ کە هەوڵدەدەن تا یەکێك لە سەرچاوە

به هەمان شێوە پۆل هاگێت لە کۆمەڵە وتارەکانیدا (١٩٩٢) بە شـێوەیەکی بـەربڵاو لـە بیروڕاکانی بایان و وینیکات و کلاین و بالینـت[1] کـەڵك وەردەگـرێ تـا شـێتی زاتیـی ژیـانی ڕۆژانەی پێ وەسف بکات. هاگێت زۆرتر سەرنجی لە سەر بێچمە ئەمڕۆییەکانی ڕەشبینی (کـە ئەو سەرچاوەکەی لە بەرەلاییدا ـــ بە چەمکێك کە بایان لەم وشـەیە مەبەسـتی هەیـە ـــ دەزانێ) و نەنواندنەوەی واتایە. ئەو بێزاری پۆست مۆدێرن، لـە تەعـەهودی هەتاهـەتایی بـە بەهاکان ـــ لانیکەم لە بەرەیەکی سیاسی تایبەتدا ـــ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرنەکەوتنی هـزری گەورەی شۆڕشگێڕانە. بێ توانایی ئەو ئۆبژەیە کە مرۆڤ پێی وابەستەیە، دەتوانێ ببێتـە هـۆی هێرش بردنی ئێمە نەتەنیا بۆ سەر ئەو ئۆبژە تایبەتە، بگرە بۆ سەر ئەو بابەتـە بـە گشـتیی و توانای بوونی ئۆبژەیەکی شایی‌هێنەر و بڕواپێکراو. هەر بەم هۆیـەش کاتێـك کـە وابەسـتەیی (سۆزی) شکست دەهێنێ، نابووت کردنی واتا بە ڕێگەچـارەیەکی درێژخایـەنی بەرەنگارانـەی زۆر بەکەڵك دەزانرێ.

نموونەیەکی دیکە (لە ئەو ڕەخنەگرە کولتوورییانە کە دۆخی پۆست مۆدێرنی بەپێی تیۆری دەروونشیکاری لێکداوەتەوە) ماریك فینلایە[2] (١٩٨٩). ئەو سەرەڕای ئەوەی کـە بـڕوای بـە سەقامگیربوونی کولتووری پۆست مۆدێرن نییە، پۆست مۆدێرن بە چەشنە «جیاکردنەوە»یەکی داڕوخێنەر دەزانێ (ئەڵبەت لەم تێگەیەدا زۆرتر بیری بـە لای ئـەو چـەمکانەوەیە کـە کلایـن هێناویەتە ئاراوە تـا چـەمکەکانی بایـان). ئـەو لـە درێـژەی باسـەکەیدا، توانـای هێزەکـی دەروونشیکاریی وینیکاتی بۆ فامکردنی ڤالابوونەوەی دەروون ـــ کە بە سەر سـووژەی پۆسـت مۆدێرندا زاڵ بووە ـــ شـرۆڤە دەداتـەوە. وینیکـات بـە هێنانـە ئـارای شـێوەیەك بـە نـاوی «ڕاگرتن» لە باتی ڕاڤە وەکو تەدبیرێك بۆ دەرمانی دەروونشیکارانە، بە دوورەپـەرێزی پۆسـت مۆدێرن لە گوتاری ڕاڤەیی ولاّم دەداتەوەو ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بەو شتەی کە فینلی ناوی لـێ دەنێ یەکپارچەیی «پۆست مودێڕن» دەخاتە بەرپێ.

بەم جۆرە لە چوارچێوەی ڕەوشتی زاڵی شیکاری کولتووریی دەروونشیکارانەدا، هەر بـەم هۆیـە دەتوانین دو شێوازی «سیستەمی» سیاسی و نیشتمان پەروەرانە، بە کاردانەوەگەلێکی بەرەنگارانـە

---

گرنگەکانی تیۆری دەروونشیکاری لە ئەدەبدا بدۆزنەوە)، بەلاّم تا ئێستە هیچ کەس ئەمەی بۆ شیکاری کـردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەم پەڕتووکەدا باسی لەسەر کراوە نەبردووەتە کار.

1- Balint
2- Marike Finlay

لە هەمبەر داڕووخانی بنەمایی و «پۆست مۆدێرنی» هەلومەرجی رەوشتمەندی مرۆڤ ـــ و لە کەتواردا رەوانی گشتیی مرۆڤ ـــ بزانین. بۆ وتنەوەی ئەم بابەتە (ئەویش) بە کەڵك وەرگرتن لە زاراوەکانی تیۆری پێکهاتەیی دەروونشیکاری کلاسیك، دەتوانین بڵێین کە «خود» و «بان خود» ئیدی ناتوانن بە ساماندانێکی جدی ئەزموون و شۆك، بنەمایەك بۆ خود بێننە ئاراوە. ژیانی رۆژانە پڕ بووە لە خۆشیفتەیی و دەروون پەرۆشی. هۆشمەندیگەلی سیستەماتیك لە کەتواردا هەوڵگەلێکی دەمارگیرن بۆ داگیرکردنی هەرێمە دەروونی و کولتوورییەکان کە جارێکی دیکە خوازە ئارمانی و بەهێزەکانی دایك و باوك بە باشی پڕیان کردووەتەوە، تا بگرە لەم رێگەیەوە بکرێ بۆ ماوەیەك لە شێت بوون یا ـــ شێوە ئاسایی کراوەکەی، واتە ـــ رەشبینی بەرگری بکرێ.

ئەم چەشنە گریمانە دەروونشیکارانەیە سەبارەت بە دڵ مردوویی لە ئەمرۆکەدا، پێشتر لە گریمانەی، سەبارەت بە پۆست مۆدێرنیسم هاتووەتە ئاراوە. ئەم تیۆرییە کەە کولتووری ئەمرۆیی تووشی خۆشیفتەیی هاتووە، کریستۆفیرلێش لە دوو پەرتووکەکەیدا لە ساڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٨٤ هێنایە گۆڕێ. ئەڵبەت لە برێك لایەنەوە، هەوڵە بەرچاوەکانی فیلیپ رایف[1] لەو پەرتووکانەدا کە لە ساڵەکانی ١٩٥٩ و ١٩٦٦دا بڵاوی کردەوە، بەستێنێك بوو بۆ بەرهەمەکانی لێش. لەم پەرتووکانەدا رایف ئەم بابەتەی هەڵسەنگاند کە بە لەبەرچاوگرتنی بەرنامەی دەرمانی فرۆیدی بە مەبەستی دەربازکردنی مرۆڤ لە پێبەستی ناچاری بە سەرچاوە سوونەتییەکانی دەسەڵات کولتوور بەرەو چ لایەك دەڕواتە پێشەوە. رایف یەکەمین لێکۆڵەرێك بوو کە لەو شێعرەی ییێتس کە سەردێڕی ئەم بەشە (لەم پەرتووکە) ئاماژەیەکە بۆی ((هەموو شتێك دەڕوخی، بنچینەی ئەم ماڵە وێرانە))[2]، قسەی

---

1- Philip Rieff

٢- بەیتێکە لە شیعری بەناوبانگی «دووهەمین سەرهەڵدان»، شیعری ڤیلیام باتلیرییێتس (١٩٥٩ – ١٨٦٥) شاعیری بەناوبانگی ئیرلەندی. ئەم شیعرە لە کەتواردا تیۆرەکەی ییێتس لەسەر چۆنایەتیی رۆڵی شارستانییەت بە خوێنەر دەناسێنێ. بە بڕوای ییێتس هەر شارستانییەتێك لە چەرخەیەکی دوو هەزار ساڵەدا بە توندوتیژییەوە لە دایك دەبێ، لە سەردەمی بالقیدا نەزم و رێکیەتیی دێنێتە ئاراوە، لە ئاکامی پیریدا بە توندوتیژییەوە دەمرێ. مێژووی شارستانییەتی مەسیحی، بە وتەی ییێتس، نموونەیەك لەم چەرخە حەتمییە نومایش دەدا. بەم جۆرە، پێشبینیی دەکرێ کە ئەم شارستانییەتە بە شەڕ و خوێن رشتنێکی زۆرەوە لە ناو دەچێ. سەردێڕی ئەم شیعرە ئاماژەیەکە بەم بڕوایەی مەسیحییەکان کە عیسا مەسیح (د) دیسانەوە

گێڕاوەتەوە.[1] سەرەڕای ئەمانەش دەبێ بڵێم کە رایف زۆرتر لە لیش هیوادار بوو بەبێچم گرتنی کولتوورێك بەپێی «روانگەی شیکاری» دابڕان لە سوننەتەکانی واتای بەرز، ئەڵبەت بە شێوەیەکی لۆمەگەرانە.

ئەڵبەت لە پێداچوونەوەی رابردوودا دەبینین لە پێشتر لە رایفیش، ئەو لێکۆڵینەوانەی لە لایەن «قوتابخانەی فرانکفۆرت»ەوە، کراون، بە تایبەت نووسینەکانی ئێریك فرۆم[2] (بۆ نموونە پەڕتووکەکەی لە ساڵی ١٩٤٩دا)و داهاتی مێژوویی هورکهایمێر[3] پێوەندی هەر بەم بەستێنەوە هەیە[4]. زۆرینەی گێڕانەوە مێژووییەکانیان لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە راوەستابوو کە لە قۆناخی سەرمایەداری دواییدا، بەرچاوترین دەسکەوتە کولتورییەکانی سەرمایەداری لیبراڵی هەوەڵ ــ واتە عەمەڵ گەرێتی رەوشتمەندی تاك ــ لە بنەماوە داڕووخاوە.

ئەگەرچی ئەم دەروونە لیبراڵە تایبەتی توێژی بۆرژوا بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە لە قووڵی کێشەی ئۆدیپیدا بێچمی گرتبوو، وەکو وێنای بڕێك لە بەها ئەرێنییەکانی ئازادی ئیرادە چاوی لێدەکرا. بەپێی بەڵگە هێنانەوەکانی «قوتابخانەی فرانکفۆرت»، فرۆید لە تیۆرە پێکهاتەییەکەیدا شرۆڤەیەکی وردبینانەی لەم نەفسە بەهێزە پڕ لە کێشەیە دابەدەستەوە کە سەرچەشنێکە بۆ شیکردنەوەی ئەمەی کە وزە هاوبەشەکانی کولتووری جەماوەری و دەزگە رێکارییەکانی دەوڵەت، چلۆن گەشەی «خود»ی بەهێز و سەربەخۆ و یەکگرتنەوەی لەگەڵ «بان خود»ی تەندروستدا ناشیاوتر دەکەن.

بەم جۆرە دەبینین کە کۆمەڵێکی تەواو تێکتەنراو و پێوەندیدار لە خوێندنەوە دەروونشیکارییەکان سەبارەت بە کولتووری ئەمڕۆیی هاتوونەت گۆڕێ کە گریمانە

---

سەرهەڵدەدات و پاشایەتی جیهانی خۆی بنیات دەنێ. یێتس ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩١٩دا بڵاو کردەوە، واتە دووساڵ پاش شۆڕشی سۆسیالیستی رووسیە کە رێبەرەکانی، جاڕی سەقامگیربوونی بەرابەری کۆمەڵایەتییان دەدا لە سەرتاسەری جیهاندا. بنیاتنانی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا، سەرهەڵدانی فاشیزم لە ئەورووپای رۆژئاوادا و هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە روانگەی زۆرینەی رەخنەگرە ئەدەبییەکانەوە مۆرکی دروستی نایە سەر روانگە بە رواڵەت رەشبینانەکەی یێس.

١- بڕوانە رایف، ١٩٦٦.

٢- Erich Fromm (١٩٠٠-٨٠)، دەروونشیکار و فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی.

٣- Max Horkheimer (١٩٧٣-١٩٨٥)، تیۆری دانەری کۆمەڵایەتی ئەڵمانی.

٤- بڕوانە هۆرکهایمێر، (١٩٤٧).

بنەماییەکانی بریتین لە توانەوەی بناخەیی ــ یان لانیکەم کەمهێزی ـــ پێکهاتە کارا و بەکەڵکەکانی «بان خود».

ئەم خوێندنەوەگەلە هەروەها نیشان دەدەن کە برێك لە گوتارە رەوشت خوازەکان، لە کەتواردا شتانێکی بەرەنگارانەن بۆ قەرەبووکردنەوەی بارودۆخی هەنووکەیی.[1]

چاکسازی هیۆمانیستی؟

بەم دۆخەش، دەتوانین ئەم چوارچێوەیە کە لە سەر گریمانە راوەستاوە، توێژێك لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین. پرسیارێکی ژێربێژیانەش، کە دەتوانین لەم بوارەدا ئاراستەی بکەین، ئەوەیە بەپێی چ بەڵگەیەك دەتوانین بیسەلمێنین، کە ئێمە لە گاڤ و قۆناخێکدا دەژین، کە رەوشت داڕووخاوە و بارودۆخێکی نالەباری هەیە، یان بیسەلمێنین کە ئێمە لە زەمانەی توانەوەی رەوشت یان بە ئاسۆیەکی مێژوویی لەم توانەوەیەوە دەژین. وەها حاڵی بوونێك لە بارودۆخی رەوشت، بنەرەتی ئەو خوێندنەوە هۆشییانەن کە لە سەرەوە باسمان کرد. ئەڵبەت ئەوە شتێکی نکۆڵی هەڵنەگرە کە زۆرینەی ئەو رووداوانە و بارودۆخی ئەم زەمانەی ئێمە نیگەرانی هێنەرن، چ لە زمانی کەسێکەوە گوێ بیستی بین و چ بابەتێکیان لەسەر بخوێنینەوە، بەلام ناتوانین لێرەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەواوی ئەم رووداوانە و بارودۆخی نیگەرانی هێنەریان، نیشانەی نەخۆش حاڵییەکی گشتیی و نێزیك بوونەوەی قۆناخێکی گەورە و مێژووسازە لە گۆڕانکاری کولتووریدا. ئێستەش دەبێ ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە بەپێی کام بەڵگە دەتوانین بڕوامان هەبێ کە زۆرینەی خەڵك لە رەفتاری رۆژانەدا بە رادەیەك تووشی خۆشیفتەیی و «حاڵەتی سەرحەدی» و دەروون پەرۆشی هاتوون و بە رادەیەکیش لە خوازە رەوشتمەندیە دەروونییەکان بێبەهرەن کە لە رەخنەی جدی دەروونشیکاریی کولتووریدا تەنیا دەتوانین بە تەعبیرگەلالێکی کە جەخت دەکەن لە سەر بوونی نەخۆشییە سەختە دەروونییەکان و تەنگژەی رەوشتمەندی وەسفیان بکەین. ئەگەرچی زۆرێك لە خەڵك تووشی چەشنە جۆراوجۆرەکانی گرفتی دەروونی هاتوون، بەلام ئەم بابەتە لە خۆیدا بەکارهێنانی زمانی ئاڵۆزی ناسینی

---

١- ئەو کۆمەڵە وتارانەی کە بە پێداچوونەوەی من لەژێر ناوی قەیرانەکانی نەفس لە ساڵی ١٩٨٩دا بلاو کرایەوەو لەواقیعدا هەڵبژاردەیەك لەو وتارە پێشکەشکراوانەی، یەکەمین کۆبوونەوەی ((دەروونشیکاری و هەرێمی (فەرهەنگی) گشتی))، دەگرتەوە، تا رادەیەك لە وەها تێگەیەکەوە سەرچاوەی گرتبوو. ستیوٚن و پوٚل هاگێت لەو کەسانە بوون کە وتارگەلێکیان سەبارەت بە دەروونی «پۆست مۆدێرن» لەم کۆمەڵە (وتارە)دا پێشکەش کرد.

نەخۆشی، وەکو باشترین رەوشت بۆ فام کردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئـەمڕۆیی پاسـاو ناداتەوە.[1]

ئەڵبەت نابێ سەرچاوەی ئەم پرسیارانە لەخۆشحاڵی پۆست مۆدێرندا بۆ بڕانەوەی گێڕانـەوە یەکیەتی بەخشەکان بزانرێن. بەپێچەوانەوە، پرسیارەکانی سەرەوەم لەسەر بنەمای ئەم گریمانـە هیۆمانیستییە کە سووبژە ئەولەویەتی هەیە و هەروەها بەم هیوا هیۆمانیستییەوە هێناومەتە گۆڕێ کە سووبژە، یان خود، زۆر بنەمایەکی بەهێزتری هەیە لەوەی کە تەسەور دەکرێن.

ئەم گرەوێتییە، لانیکەم تا رادەیـەك لـە بەشـگەلێکی زۆری باسـەکانی ئـەم پەڕتووکـەدا ئاماژەی پێکراوە. لێکدانەوەتایبەتەکانی ئەم پەڕتووکە لەسەر وێنە و شێوازەکانی (رەفتـاری) کولتووری بووە نەك لەسەر دۆخە هۆشییە تاکی یا کۆییەکان. سەرەڕای ئەمـەش، ئـەم دۆخـە هۆشییانە بە دەرکەوتەیەك لەو وێنە و بێچمە ئامـاژە پێکراوانـە دەزانـین ـــــ رەنگیشـە تـا رادەیەك سەرچاوەکەی بگەڕێنینەوە بۆیان. بابەتی گشتیی ئەم پەڕتووکە ئەمـە بـووە کـە لـە زۆرینـەی بنیاتـەکانی کولتـووری جەماوەریـدا، دەتـوانین دەسـکەوتگەلێکی گـرینگ و سەرچاوەگەلێکی پڕناوەرۆکی دەروونی بدۆزینەوە. لـەو کایەگەلـەدا کـە ئێمـە لێکدانـەوەمان لەسەر کردوون، بەڵگەگەلێکی قورس لە سەر لێك داپچڕاوی دەروونی و کۆمەڵایەتی نابیدرێن، بگرە بە پێچەوانەوە، مەیلگەلێکی ئاسایی بە یەکپارچەیی دەروونی، و تەعـەهودێکی تـەواو کۆمەڵایەتی دەبینین. ئەڵبەت ئەم خواستانە تـەنیا بـەهۆی کـارکردی بنیاتـەکانی کولتـووری جەماوەرییەوە نایەنە ئاراوە، بەڵام تا رادەیەك داهاتی ئەم بنیاتگەلەن.

وێڕای ئەمانەش، هەر بەو جۆرەی کە لە باسەکانی بەشی دووهەمدا دەبێ روون بووبێتەوە، لێکدانەوە تایبەتەکانی ئەم پەڕتووکە بەڵگەگەلێکی بۆ سەلماندنی ئەم پڕوپاگەندەیە نەداوە بـە دەستەوە، یان دەتوانین بڵێین بەڵگەکانیان بەو واتایەی کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیـە

---

١- لە کۆبوونەوەیەکدا کە نوسخەی یەکەمی بەشێك لـەم بەشـەم بـە شـێوەی وتارێـك پێشـکەش کـرد، ئـەم پرسیارانەم بە تۆزێك ترسەوە لەگەڵ ئامادە بواندا هێنایە گۆڕێ و هەستم دەکـرد کـە وەکـوو مولحیـدێکم لـە گەرمەی باسێکی (ئایینی) لە کلێسەدا، کە هەمووان گوێی بۆ دەگرن، هەراو قاڵ دەکەم. ئـەو گریمانـەی کـە لێرەدا لەسەری دەکۆڵینەوە، لەم گۆشەی نیگاوە لە زۆرینەی ئەم کۆبوونەوانە و زۆرێك لە ئەو خوێندنەوەگەلەی پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە، ئاوڕی لێدراوەتەوە. بە رای زۆرێك لە نووسـەران (کـە منـیش بـۆ ماوەیـەك لـە ڕیزیاندا بووم)، روونکردنەوەی بەرەڵایی رەوشتی خەڵك بە گشتی، یـان دژایـەتی کردنـی شـێتانەیان لەگـەڵ رەوشتدا، بە گەورەترین ئامانجی تەواوی خوێندنەوە دەروونشیکارانەکان دێتە ئەژمار.

سیستەماتیك نەبووە. رەنگە هەنگاوی دواتر چوونە سەری ئەم بابەتە بێت کە چ بەڵگەگەلێك لەم چەشنە دەتوانیٚ بۆ ئەم پڕوپاگەندەیە هەبیٚ کە لە هەنووکەدا تەنگژەیێکی رەوشتمەندی و دەروونی تێپەڕ دەکەین و چ بەڵگەیەکیش دەتوانیٚ پێچەوانەی ئەم پڕوپاگەندەیە بسەلمێنیٚ. لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا پێویستی بە لێکدانەوەی بابەتگەلێکی گەورە و جۆراوجۆرە، کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی بابەتەکانی ئەم پەڕتووکەوە، بەلاٚم ئاماژەکردنی بۆ چییەتی شیمانەیی ئەم بەڵگانە دەتوانیٚ بەکەڵك بێت. بە واتایەك، بەشێکی گەورەی لقی کۆمەڵناسی (هەم لە لقی هۆشی و هەمیش لە لقی ئەزموونییەکەیدا)، هەوڵ بۆ لێکدانەوەی تێكتەنراوی و چاکیەتی هەڵگری بنیاتە کۆمەلاٚیەتییەکان و گۆڕانکاری و گۆڕانی یەکپارچەتی کۆمەلاٚیەتی بووە، هەر بۆیەش، رەنگە باسکردن لەسەر ئەم بەڵگە ئاماژە پێکراوانە، تا رادەیەك جۆرێك دوبارەکاری بێت. وێڕای ئەمانەش دەتوانین ناوی بڕێك کایەی دیاریکراو بێنینەوە تا ئەم بابەتە تا رادەیەك روون کەینەوە کە خوێندنەوەی دەروونشیکارانە لەسەر کۆمەڵگە، دەبیٚ چ پێوەندیگەلێکی نێوان رشتەیی بێنێتە ئاراوە تاکو بگا بە یەکپارچەیی هزری لە باسە هەنووکەییەکاندا لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەلاٚیەتی و بارودۆخی سیاسی رۆژ.

### پرسیارە ئەزموونییەکان:

بەر لە هەر شتێك دەبیٚ ئاماژە بکرێتە کایەی زانستە کۆمەلاٚیەتییە ئەزموونییەکان کە روانگەی لێکدانەوەیی و خوێندنەوە ئامارییە کۆمەلاٚیەتییەکانی تێدا ئەنجام دەدریٚ. بڕێك لەم خوێندنەوانە، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە سەر رەوشتمەندیاتی ئەمڕۆیی و رادەی رێزدانانی خەڵك بۆ پرەنسیپە گشتیی یان رەها رەوشتمەندیەکاندا پێوەندییەکی هەمەلایەنەیان هەیە. بۆ نموونە، بڕێك لە بەڵگەکانی بەراوردکارییەکی سالاٚنە بە ناوی «شێوە روانینە کۆمەلاٚیەتییەکان لە بەریتانیادا ــ ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ دەستی پێکرد ــ باس لە بوونی رادەیەکی زۆری موتەعەهید بوون بە پرەنسیپە رەوشتمەندییەکان لەمەڕ بابەتە پێوەندیدارەکان بە ژیانی رۆژانەوە دەکا، بابەتگەلێکی وەك بەدەڵکاری، لە باخەڵ نانی پارەیەکی زۆر کە فرۆشەر بە هۆی بەهەڵە حسێب کردنەوە داویەتی بە کڕیار و داوای زیانکردنی زیاتر لە رادەی کەتواری لە کۆمپانیای بیمە. رەنگە ئەو کەسانەی بیریان بە لای رەوشتمەندی بەرزدایە لە کولتووردا، ئەم خالاٚنە بە کەمبەها بزانن، بەلاٚم نابیٚ لە بیر بکریٚ کە رەوشتمەندیی کۆمەلاٚیەتی تان و پۆیەکی وردچنراوی هەیە.

لە مێژەوە بە هۆکارگەلێکی ئاشکراوە رادەی جەنایەت، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە یەکێك لە پێوەرە بەرچاوەکانی بارودۆخی رەوشتمەندی هێنراوەتە ئەژمار و هەر بەم هۆیەش، بە قاعیدەوە دەبێ بەڵگەگەلێکی زۆرتر لەسەر بە دروست زانینی گریمانەی هەبوونی تەنگژەی رەوشتمەندی (پۆست مۆدێرن) لەبەردەستدا بێت. سەرەڕای ئەمەش سەبارەت بە پێویستییەکی زۆر بە چوونە سەری رادەی بڕێك لە تاوانەکان کە ئامارەکان بە ئاشکرا باسی دەکەن، بە تازەیی چەشنە یەكگرتنەوەیەکی سیاسی هاتووەتە ئاراوە، بەڵام ئاماری خراپکاری خۆپارێزی بە سەرماندا واجب دەکا، ئەو بەڵگە و زانیاریانەی لە بەردەستدان ناتوانین بە رادی کافی بێ‌نیاز لە شرۆڤە و باسیان بزانین و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەو کەسانەی کە ئاواتی بە قارەمان بوونیان لە کۆبوونەوەکانی حزبی پارێزگاراندا لە سەردایە، بتوانن لە جیاتی ئەو ئامارانەدا بێنە قسە. ئەم گریمانەی تەنگژە، لە جەخت لەسەرکراوترین بێچمیدا پێویستی بە زیاتربوونێکی بەرچاوی گرووپی خراپکاران هەیە و هەروەها پێویستی بەمەیە کە خراپکارە ئاماژە پێکراوەکان بە شێوەیەکی زۆرتر، تاکگەلێك لە تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە. بەشگەلێکی دیکەی ئەم گریمانەیەش مومکینە“ بۆ نموونە خراپتر بوونی چەشنی تاوانەکان، یان جینایەت کردنێکی زۆرتر لە لایەن تاوانبارانەوە (لە هەمان زیاتر نەبوونی رێژەی تاوانباراندا)، بەڵام ئەمانە گریمانەگەلێکی لاوازترن کە دەکرێ بە بێ پڕوپاگەندەی دابەزینی گشتیی رەوشت باسیان لەسەر بکرێ. سەرکێشتر بوون یان سەرسەختتر بوونی تاوانباران، هەروەها کەمبوونەوەی ئیقداماتی پۆلیس و دەزگەی دادوەری بۆ بەرگری لە روودانی تاوان، بە گشتیی بە واتای لاوازبوونەوەی تان و پۆی رەوشتمەندیی کۆمەڵگە نییە. سەبارەت بەم بابەتە گرینگە کە ئایا رێژەی کەسانی تاوانبار زۆرتر دەبێ یان نا، بەڵگە و زانیارییە بەردەستەکان زیاتر ناڕۆشن و تەماوین، چونکە پۆلیس تەنیا ئەژماری یەکی سێی تەواوی یاسا شکێنییەکانی لەبەردەستدایە[1] و رێژەی تاوانبارانی ناسراو زۆر لەو یەکی سێیەش کەمترە.

ئێستەش دەتوانین بڕۆینە سەر یەکێکی دیکە لە بابەتە سەرەکییەکانی رەوشت، واتە (بڕۆینە سەر) بنەماڵە“ وەکو بەستێنی ئەزموون کردنی هەستە رەوشتمەندیەکان. بەپێی بیروڕاکانی باڵی راستی موحافزەکار و سوننەتی، بنەماڵە گۆڕەپانی بەرچاوترین شێوازی توانەوەی رەوشتمەندییە و رەخنەکانی کریستۆفێرلێش و هاوبیرەکانی سەبارەت بەمەی کە

---

١- بڕوانە مایهێو (Mayhew) و هاوکارەکانی، ١٩٩٣، ل١٠٢.

دەس تێوەردانەکانی دەوڵەت و تەندروستیی یاریدەرەکانی و هەروەها شێوازە جۆراوجۆرەکانی کولتووری خەرجی، کە بووەتە هۆی لە ناوچوونی دەسەڵاتی دایك و باوك، هەندێك جار لەگەڵ ئاه و ناڵەی سوننەتی (موحافزەکاران)دا هاورێ کەوتووە، ئەڵبەت لە روانگەی موحافزەکارانەوە گرینگایەتی «بنەماڵە» وەکو بێچم بەندییەکی کۆمەڵایەتی، بەردەوام هەڵگری واتایەکی رەوشتمەندی دیاریکراوە. واتایەك کە رێسایەکی تا رادەیەك کۆتابینانە، سەبارەت بە کرداری جنسی و پێداگیری لە سەر روانگەی دەسەڵاتخوازانە لە بنەماڵەدا دەگرێتەوە. بەم حاڵەش دەتوانین بڵێین کە ئاگایی و راستیگەلێکی رێژەییش لەم رەخنەگرتنانەدا دەبینرێن، بەڵام سەلماندنی ئەمەی کە لەم سەنتەرە رەوشتمەندییە تایبەتەدا، هێز و هۆگری بۆ ژیان بەپێی کۆمەڵێك لە بەها بنەماییەکان بە گشتیی لەناو چووە، پێوستی بە خستنە رووی بەڵگەگەلێکی سیستەماتیك هەیە کە زەحمەتە بوونی هەبێ.

لێکدانەوەی هەلومەرجی پێوەندی تاکەکەسی و بارهێنانی منداڵ لە کۆمەڵگەدا ئەمەمان پێ دەڵێ کە ئەو کەسانەی (نە هەر لە باڵی راست) خوازیاری بانگەشەی داڕووخانی بەها بنەماڵەییەکانن، زۆرجار ئاماژەیان کردووەتە دوو دیاردە" زۆر بوونی رێژەی تەڵاق و زیاتر بوونی رێژەی دایك و باوکی رەبەن (کە هێندێکیان پێشتر هاوجووت بوون و هەندێکیش هەر بە تاکی ماونەتەوە). هەرچەندە ئاگاتر بوونەوەی خەڵك بە گشتیی سەبارەت بەبابەتی توندوتیژی لە بنەماڵەدا و توندوتیژیکردن لەگەڵ منداڵاندا دەتوانێ ببێتە هۆی زۆرتر بوونی ئەم هەستە، کە خەریکە تەنگژەیێك لە بنەماڵەدا دێتەئاراوە، بەڵام بەڵگەیەکی پتەو لەسەر زۆربوونی رادەی روودانی هیچ کام لەم دووانە لەبەردەستدا نییە.

دڵەڕاوکێ هەنووکەییەکانی ئێمە سەبارەت بە داهاتەکانی پەرەسەندنی دیاردەی دایك و باوکی رەبەن، لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا کە لەژێر سێبەری دەروونشیکاریدایە سەبارەت بە لە ناوچوونی رەوشت، تەبایی هەیە. ئەمە بەو واتایە نییە کە رەبەن بوونی دایك و باوك بە نیشانەیەك لە کەم کورتی رەوشتمەندی دەزانین، بگرە ئەنجامی ئەم هەلومەرجە ـــ ئەنجامگەلێك کە رەنگە دایك و باوکە رەبەنەکان هەرگیز پێشبینی نەکەن و خوازیاریشی نەبن ـــ رەنگە ببێتە هۆی زیانکەوتن لە گەشەی سۆزی منداڵان. بە هەمان شێوە دەبێ نیگەرانی زیاتر بوونی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوەی ژن و پیاوەکان بین، چونکە لێرەدا دەبینین، کە رەنج و ئێشی مسۆگەرانەی ئەو منداڵانە کە دایك و باوکیان لێك جیا بوونەتەوە، زیاتر لە هەر کەسێك منداڵان هەستی پێ دەکەن. ئاماری کۆمەڵایەتی و ئەزموونە بالینییەکانی

هەردووکیان بەشێکن لە سەرچاوە گرینگەکانی زانیاری و بەڵگە لەم بوارەدا، بەڵام شیمانەی «دڵەڕاوکێ و ترسی رەوشتمەندی» کە مشتومڕگەرانی باڵی راست قسەی لێ دەکەن، دەبێ لە بەرامبەر هەر مەیلێك بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەنووکەیی وەکو تەنگژەی گشتگیری بەهاکان و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی، بالانسێك بێنێتە ئاراوە. ئەمە راستە کە بێچمبەندییەکانی بنەماڵە، گۆڕانکاریگەلێکی دژواری کۆمەڵایەتیی تێدەپەڕێنن، بەڵام گۆڕان هاوواتای تەنگژە نییە.

بە مەبەستی لێکدانەوەی کایەیەکی دیکەی ژیانی ئاسایی و رۆژانە لە بواری بارودۆخی رەوشتمەندییەوە، کە پێشتر لەم پەڕتووکەدا باسمان لەسەر کردووە، دەتوانین بانگەشە بۆ کاڵا بێنینە بەرچاو. بانگەشە کایەیەکی بێ هەیەجانە لە ئەزموون کە زۆرینەی کات لە سەرووی گوشارەکانی پۆست مۆدێرندایە، گوشارێك کە لێکداپچڕاوی کولتووریی بە شوێنەوەیە (ئەم روانگە رەخنەگرانە سەبارەت بە بانگەشە (بۆ کاڵا و شتومەك)، ئەو رەخنەیەی کە پێشتر دەگیردرا تا رادەیەك لەبەرچاو دەگرێ، واتە ئەم عەیبە تا رادەیەك رەوشتمەندییە کە بانگەشە لە نێزیکەی سی ساڵی رابردوودا بووەتە هۆی ناڕەوشتمەندی لە کایەی پێوەندییە جنسییەکاندا)، بەڵام هەر بەو جۆرەی لە بەشی شەشەمدا بینیمان، ناوەڕۆکی بانگەشە، پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ و دژواری هەیە لەگەڵ بەها و رەفتاری خەڵکدا بە گشتیی و ناتوانین رێکلامە بازرگانییەکان راستەوخۆ بە گوشاردەی رەوشتمەندی هەنووکەیی وڵات بزانین. تەنانەت ئەگەر ئەم کارەش بکەین، وێنەیەك کە لەم رێکلامانەوە دەخێزێ وێنەی جیهانێکی رەوشتمەندییە، کە کۆنترۆڵی نەفس و هەستی تاوانباری و بەرپرسیارەتیی تێیدا لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. هەروەها ناوەڕۆکی جنسی رێکلامەکان و ئەو وێنەیەش کە لە ژیانی بنەماڵەیی سازی دەکەن، لەم دە ساڵەی رابردوودا گۆڕاوە، ئەمەش زۆرتر بە هۆی نارەزایەتییەکانی فمێنیستەکانەوە بووە.

لێکدانەوەی بانگەشەی کاڵا نیشاندەری هەوا بەستێنێکی ئاشکرا نییە بۆ قووڵایی دەروون پەرۆشی پۆست مۆدێرن. بۆ هەڵسەنگاندنی راستی و درۆیی ئەم هەلومەرجە، هێشتە بەڵگەی باش و باوەڕپێکراو لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەمەیە، کە لە سەدەی بیستەمدا، بانگەشە هێدی هێدی لە تایبەتمەندییە کەتوارییەکانی کاڵا دوور بووەتەوە و زیاتر باسی لە واتا سەمبولیك و خەیاڵییەکانی کردووە. ئەوەی نایزانین ئەمەیە کە ئاخۆ لەو دۆخە خەیاڵیانەدا، کە لە رێکلامەکاندا نیشان دەدرێن، سەرنجێك دراوەتە واتایەك لەسەر

بنەمای خۆشیفتەیی و دەسەڵاتی رەها، یان ئایا بانگەشە هەستی لێك داپچڕاوی دەروونیی لـە ژیانی ئاساییدا، بە شێوەیەکی زۆر و بەرچاو زیاتر کردووە. بەپێی بەڵگەگەلێکی تێگەخوازانە دەتوانین بڕوا بکەین کە ئەمڕۆ بانگەشە چـەندە زۆم دەکاتـە سەرکێشە ئـۆدیپی و دڵـەڕاوکێ دوورەپەرێزیهێنەرەکان، بە هەمان رادەش لە سەر خەیاڵە سەرەتاییەکان دەڕوات.

دەتوانین نیگەرانی ئەمە بین کە دابین کردنی کەرەستە سەمبولیکەکان بۆ پیشاندانی کـردە و دژکردەکانی یەکپارچەیی دەروونی لە هەنووکەدا بە ئەستۆی کاربەدەستانی بازارەوەیە و هەر بۆیەش کەوتووەتە پێناوی بەرژەوەندیخوازی و فرۆشەوە، بەڵام ئەم نیگەرانییە نابێ ببێتە هـۆی ئەوەی کارکردە دەروونییەکانی ئەم کەرەستانە بۆ زۆرێك لە خەڵك بە شێوەیەکی یەکسەر و بـە شێوەیەکی هەڵسەنگێندراو بنێنە داوەری.

جێی هەیە ئاماژە بکەین بۆ یەکێکی دیکە لە گۆڕانکارییەکانی فرۆشی کـاڵا لـەم چـەن ساڵەی دواییدا. ئەم گۆڕانە پێوەندیی بە کاردانەوەیەکەوە هەیە کە رێکلامـە بازەرگانییـەکان زۆرتربوونی نیگەرانییەکانی خەرجیگەرانی کاڵا، سەبارەت بـە ژینگـەیان گەڕاندووەتـەوە بـۆ خۆیان. ئەم نیگەرانیانە هێشتەکەش لـە زۆرینـەی بەسـتێنەکاندا ئەوەنـدە جـدی نـین، بـەڵام هەندێك لە لێکۆڵەرانی هەڵسەنگاندنی بازاڕ، لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دواییـدا نیگەرانییـە ژینگەییەکان بە بەرچاوترین گۆڕانی گشـتیی لـە روانـینی خەرجیگەرانـدا دەزانـن. مێـژووی خەرجیگەرێتی تا رادەیـەکی زۆر مێـژووی گشـت گیربوونـەوەی رەفتـار و هەسـتی پتیـوڵ و پێشڕەوەکانە لـە بـازاڕی کۆمەڵـەیی‌دا، بـەم هۆکـارەوە دەبـێ چـاوەڕوانی ئـەوە بکـەین کـە گۆڕانکاریگەلێکی زۆرتر لەم بوارەدا بێتە ئـاراوە. ئەڵبـەت بزاڤـی ژینگـەپارێزی لـە بـواری دەروونناسانەوە، دیاردەیەکی کولتووریی ئاڵۆزە، بـەڵام زەحمەتـە ئەگـەر بمانـەوێ ئـەم بەڵگـە هێنانەوەیە بەتـەواوی رەت کەینـەوە، کـە ئـەو هەسـتەی کـە دواهـاتی «قەرەبووکردنـەوەی رابردوو»ە دەرکەوتنێکی نوێی لەم بزاڤەدا بۆ خۆی هێناوەتە ئاراوە.

ئێستەش کە قسە لە «قەرەبووی رابردوو» دەکەین، جێی ئەوە هەیە کـە ئامـاژە بکەینـە گەشەی نەسەلمێنراو، بەڵام رێژەی بەرچاوی ئەو کەسانە کە خوازیاری ئـەوەن وەك یاریـدەدەری ژین باشی بچنە سەر کار[1] بەتایبەت «راوێژکاری» زۆر هۆگریی پەیدا کردووە و هەرچـەند کـە

١- بۆ نموونە بە هەرزان کەس لە وانەکانی پێوەندیدار بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە زانکـۆی رۆژهـەڵاتی لەندەندا ناو نووسییان کردووە، چونکە وابیر دەکەنەوە کە ئـەم وانەگەلـە زانیـاریی ئاکـادیمی پێویسـتیان بـۆ

دەتوانین گریمانە بکەین بەشێکی زۆری ئەم راکێشەرییە لە نیازی خودی خوێندکارانەوە بۆ راوێژکاری (دەروونی) سەرچاوە دەگرێ، بەڵام بە گشتیی دەبێ ئەمە ــــ بەو جۆرەی کە لە رووالەتی کارەکەوە دیارە ـــ بە دەرکەوتنی گەشەی سۆزی و کولتووریی بزانین. بە هەمان شێوە نابێ بڵێین کە زۆربوونی خێرای دەرمانگە و خولە فێرکارییەکانی کاری راوێژکاری دەروونی و...، نیشانەی نان بە نرخی رۆژخواردن و کاردانەوەیەکە لە بەرامبەر کەم بوونەوەی شیمانەی هەرماندن لە بەشە نەریتەکانی دیکەی ئابووریدا.

دیارەیەکی دیاریتر و دوایتر کە پێوەندیی بە هەر لێکۆڵینەوەیەکەوە هەیە لەسەر بارودۆخی رەوشت لە هەنووکەدا، گەشەسەندنی چالاکیی چاکەخوازییە. رێژەی رێکخراو و کۆمەڵە خێرخوازەکان بە خێرایی زیاتر دەبن (بەپێی بەراوردێك، لە هەر نیو دەمژمێرێکدا رێکخراوێکی خێرخوازی نوێ لە بەریتانیادا بە شێوەیەکی فەرمی دادەمەزرێ)[1]، ئەمەش تا رادەیەك بەرهەمی نەمان یان کەمبوونەوەی یارمەتییە ماڵییەکانی دەوڵەتە لە زۆرینەی کایەکانی ژین باشیدا، بەڵام بە پێوەرێکی بەربڵاوتر سەرکەوتنی پرۆگرامە گشییەکانی موزیکی زیندوو و هەروەها کۆکردنەوەی یارمەتی لە رێگەی پرۆگرامە تەلەڤیزیۆنییەکانەوە لەم ساڵانەی دواییدا سەلمێنەری ئەوەن کە بەشداری لە یارمەتییە ماڵییە خێرخوازانەکاندا (بە تایبەت بۆ یارمەتیدان بە خەڵکی وڵاتەکانی دیکە، کە چەندان بۆ سیاسەتەکانی نێو لیبراڵی قەرەبووی زیان ناکاتەوە) بە پێچەوانەی رابردوو، ئیدی تەنیا تایبەت بە توێژە مام ناوەندی نییە و لە سەرنجدانێکی زیاتر بۆ مرۆڤ دۆستییەوە، سەرچاوە دەگرێ.

ئەم باسانە بە هەموویانەوە بۆچوونن و ناتوانین هیچ بەڵگە و هۆکارێکیان بۆ بێنینەوە، بەڵام خاڵی سەرەکیی ئەمەیە کە خوێندنەوەی وردبینانەی ئەم جۆرە دیاردانە رەنگە رەتکەرەوەی هەر روانگەیەك بێت کە دنیای ئەمڕۆی تووشی نەخۆشییەکی روو لە تەنگژە کردووە.

ئەڵبەت رەخنەگرە کۆمەڵایەتییە چەپەکان، لەگەڵ دیاردەگەلێکی وەکو «کڕینی سەوز»[2] و

---

کارکردن لە بواری یاریدەری ژینباشی‌دا پێ دەبەخشێ. تەنانەت لە سەردەمی هەشتاکاندا ١٩٨٠ کە پلەی کۆمەڵایەتیی ئەم کارانە دابەزی بوو، مەیلی گشتیی بۆ ئەم خولە فێرکارییانە بە رواڵەت کەمی نەکردبوو.

١- بڕوانە جۆوێل و هاوکارەکانی، ١٩٩٢.

٢- «کڕینی سەوز» واتە کڕینی ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەمهێنان، یان خەرجکردنیان خەسارێك ناخاتە سەر ژینگە. بە وتەیەکی دیکە، «کڕیارانی سەوز» ئەو میوە و کەرەستە چێشتییانەی، کە بە ئەندازیاری ژێنیتیك

راوێژکاری دەروونی و یارمەتیدانی خێرخوازانەدا بە باشی ئاشنایەتییان هەیە و بە نیشانەی خراپتربوونەوەی بارودۆخیان دەزانن. بە بۆچوونی ئەوان، کەسانێك لەم دیاردانەدا بەشداری دەکەن کە لە بواری سیاسییەوە کەسانێکی ناتەواو و بێئیرادەن" یان ئەوەی کە ئەم دیاردانە بە ئامانجێکی نەرێنی و شەڕخوازانەوە هاتوونەتە ئاراوە تاکو وا هەست بکەین کارێکی بەکەڵك دەکەین، بەڵام کارێکی لە دواییدا بێکەڵك لە پەراوێزی کاروباری سەرەکیی دنیادا ئەنجام دەدرێ، بە شێوەیەك کە دەبێتە هۆی ئەوەی، کۆمپانیا تاڵانچییە فرە نەتەوەییەکان، بە بێ هەر چەشنە گرێبەستێکی رەوشتمەندیی لە پانتاییە گرینگەکانی ژیاندا هەر کارێك کە دەیانەوێ بیکەن. رەنگە ئەم روانگە رەشبینانەیە تا رادەیەکی زۆر بە راستی سەلمێنەری حەقیقەت بێ، رەنگیشە لە هەندێك هەلومەرجدا ئەم رەشبینییە تەنیا کاردانەوەیەکی باش بێت، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەمە تەنیا روانگەی مومکینە یان نا، پرسیارێکی ئەزموونییە، یان لە راستیدا کۆمەڵێك پرسیارە سەبارەت بە رادە و سنوور و دەلالەتەکانی گۆڕانکاریی لەسەر، چەشنەکانی خەرجیی کاڵاو هەڵبژاردنی کار و رادە رێژەی پارەی خەرج کراو بۆ کاری خێر و هەتد.

دەتوانین پرسیار بکەین کە بۆچی ئەم چەشنە پرسیارانە لە بەشێکی گەورەی ئەو رەخنە بەربڵاوە کولتوورییانەدا کە پێشتر باسمان کرد نەهێنراونەتە گۆڕێ و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە. ئەم شتە تا رادەیەك لەم راستییە ناحەزەوە سەرچاوە دەگرێ کە رەخنەی کولتووری پێوەندییەکی ئەوتۆی بەخوێندنەوە سیستەماتیکە ئەزموونییەکانەوە سەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نییە. رەخنەگرە کولتوورییەکان وا بیر دەکەنەوە کە ئەم چەشنە خوێندنەوەگەلە، رەنگە زۆر سەرسەری بن، یان بە جۆری لە چوارچێوەی چەمکێکی نامۆدا جێیان گرتووە، کە لە توێژینەوە دەروونشیکارانییەکاندا بەکەڵك نایەن. بێگومان هەندێك لە ئاڵا هەڵگرە پێشوەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیی دەروونشیکاری، لە «قوتابخانەی فرانکفۆرت»دا روانگەیەکی ناخۆش و دژودژکاریان لەسەر «زانستە کۆمەڵایەتییە ئەزموونییەکان هەبوو، کە بۆ زۆرینەی لێکۆڵەران وەکو سەرچەشنێکی کاریگەریدانەر دێتە ئەژمار.

سەرەڕای ئەمانەش، دەتوانین هۆکارێکی دیکە بۆ ئەم کێشەیە بخەینە روو کە بۆچی بە

---

لە فەلاییدا بەرهەم هێنرابێت ناکرێن.هەروەها هەر چەشنە بەرهەمێکی پێشەیی کە تێیاندا کەرەستەی کیمیاوی بۆ سروشت زیانهێنەر، بەکارهێنرابێ، دەچێتە رێژەی شتە «غەیرە سەوز»ـەکانەوە.

تایبەت رۆشنبیرانی چەپ لە لێکدانەوەی کۆی بەڵگەکان خۆیـان لاداوە، کـە رەنگـە بـەرگری دەکرد لە بە باشتر زانینی کورتکراوەی، ئەو وەسفانەی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیاندا لـە سـەر ئەم بڕوایەیە کە ماڵەکە لەبنچینەوە خەریکی داڕووخانە. بۆچی ئەم تێگە گشتییە سـەبارەت بە داڕووخانی رەوشت، تا ئەم رادەیە بووەتە تایبەتمەندیی هاوبەشـی راڤـە کۆمەڵایەتییـەکانی باڵی چەپ و رەخنەگرانی کولتوور.

## بۆچی (خەڵك) دیسانەوە تووشی هەڵە هاتوون؟

لایەنێك لە مێژووی ئەم دواییانەی بەریتانیا لە روانگەی زۆر کەسێکەوە، بـە تایبـەت لـە باڵی چەپدا، زۆر نیگەرانی هێنەر بووە. ئەم رەهەندە برێتییە لـەحکوومـەتی خـاتوو تاچـێر و داهاتەکانی ئەم حکوومەتە. دەتوانین بڵێین ئەم گلەییە باوە کە کۆمەڵگەی بەریتانیا لە بـواری رەوشتمەندییەوە تواوەتەوە، تا رادەیەك لەوێوە سەرچـاوە دەگـرێ کـە بـاڵی چـەپ لـە پشـت نەکردنی دەنگدەران، بە تاچێر و میراتە سیاسییەکەی ناهومێد بوونەوە. وەکـو ئامـاژە " ئـەم بەڵگە هێنانەوەیان خستوەتە روو، کە ئەگەر خەڵك پێداگیرانە دەنگ دەدەنە وەها خۆ بە حەق زانینێکی تێکەڵ بە سماجەت و وەها تەحقیرێکی کۆتاییانە کە بەهاگەلێکی خۆ بە زاڵ زانانـە و نەتەوەخوازانەی (بۆ گەلی بەریتانیا) بەدوادا بووە، بە مسۆگەرییەوە ئـەم خەڵکـە لـە هـەر بوارێکەوە تووشی توانەوەی رەوشتمەندی بوونە.

ئەم بەڵگە هێنانەوەیە بە تایبەت بەمەزاقی ئـەو کەسـانە نـاخۆش بـووە کـە لـەو بەشـە ئابوورییانەدا خـەریك بـەکارن، کـە وەهـا هەسـت دەکـرێ لـە کـەش و هـەوای (سیاسـی و کۆمەڵایەتی) دەیەی ۱۹۸۰ بە زۆرترین رادەی مومکین بەهاکانیان ناوەتە لاوە. ئەوە شـتێکی ئاشـکرایە کـە ئـەم بەشـانە بـرێتین لـە فێرکـردن و بارهێنـان و ژیـن باشـی و سرویسـە تەندروستی‌یەکان کە زۆرینەی لە رۆشنبیرانی چەپ تێیدا حوزووریان هەیـە. کاتێـك سەرچـاوە ماڵییەکان و حورمەتی کارەکانمان تەواو کەم دەبێتەوە، وەسوەسـە دەبـین کـە ئـەم دۆخـە بـە دەرکەوتنی لووتەلایی یان هێرشێکی گشتیی دیکە بـۆ هـەمووی چـاکەکان بـزانین، نـەك بـە بەشێك لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گریمانەیی کە نیشانەگەلێك لە دواهـات و ئاسـەوارەکانی تێـدا دەبیندرێن. زۆرینەمان لە هەمبەر ئەم وەسوەسـەدا کـوڵ دەدەیـن و تێگەیشـتنمان بـێ‌هـیچ ترسێك ــ و تا رادەیەکیش بە رازاوەییـەوە ــــ تـەعمیم داوە بـۆ رەوایـەتێکی بـەربلاوتر. پاوەنخوازی کولتووری داهاتی ئەم گشتاندنە، هەروەها لە بەرهەمەکانی گرووپێکی جۆراوجـۆر

له کاربەدەستانی میدیا گشتییەکاندا بووەتە روانگەیەکی نەریتی. ئەمانە کەسانێکن کە بە هۆکارگەلێکی تا رادەیەك جیاوازەوە (هەندێك جاریش بۆ داکۆکی کردن لە سرویسە گشتییەکان و زۆرتریش بە هۆی دژوازییە چینایەتی و کولتوورییەکانەوە) هەستیان کردووە لە خەباتێکی قۆناخ سازدان، لەگەڵ هێزەکانی تاریکی کە دەوڵەت دەرکەوتەیانە و خەریکی بەرەنگارین.

ئاکامی ئەم بارودۆخە، ئەو چەشنە «هەوڵ و ترسە رەوشتمەندی»یە نییە، کە لە مێژەوە لایەنی نیشتمانپەروەری راست، قسەیان لە سەر کردووە و لە هەمانکاتدا واتای چەپ خوازانەکەیشی - واتە خەباتی رەوشتمەندی تایبەتی «پرەنسیپ سەنتەری سیاسی» - ناگرێتەوە. بەو جۆرەی پێشتر بینیمان، ئەم هەڵوێستانە لە هەستێکی بەهێزی ئاسوودەیی بڕ و ئاسوودەیی لێبڕاوەوە سەرچاوە دەگرن کە زۆرینەی لایەنگرانی ئەم گرووپە بەربلاوە چەپ ـــ لیبراڵە چەندان لێی بەهرەدار نین و داهاتی ئەم دۆخە، وەکو ناهومێدییەك کە سەرچاوەی لە خۆبە حەق زانین یان وەڕسییەکدایە، لە رەوتی بارودۆخەکەدا خۆی دەردەخات. ئەم نائومیدییە بە گرەوێتییەکی خۆ بە حەق زانانەتری هەندێك لە مشتومڕگەرانی نێو ـــ لیبراڵ چەشنە پێوەندییەکی دەروونی نیگەرانی هێنەری پەیدا کردووە، گرەوێتی بۆ رەخنەی توند لە نەیاران (سفلە ورتەورتکەرەکان) بۆ رسواکردنی نەتەوەی بەریتانیا. ئەنجامەکە دەبێتە مشتومڕێ بێفایدە و دووپاتی نێوان گرووپێ کە بە دەم چەپەڵییەوە هەوڵ دەدەن بەر حەق بوونی خۆیان بسەلمێنن و گرووپێکی دیکە بە روومەتێکی تووڕەوە هەوڵ دەدەن بیر و راکانیان رەت کەنەوە. ئەمە نموونەیەکە لە بزۆزیی مێژینەی نێوان گرووپی، بزۆزییەك کە تێیدا هەر لایەنێك لە گلەییکەران نیازی بە لایەنی بەرامبەر هەیە تا بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی خودی ئەو بگرێتەوە و بەم جۆرە مشت مڕەکە پاساو بدرێ. لایەنگرانی تاچێر و هەندێك لە نەیارەکانیان نیازیان بە یەکتری بوو تا هەر یەك نموونەیەك لە بەشە نکۆڵی هەڵنەگرەکانی بوونی ئەوی دی بێت. وا دێتە بەرچاو، ئەم نیازە دوولایەنەیە، هۆکاری ئەو پێوەندییە سادیستی ـــ مازۆخیستییانە روون دەکاتەوە کەتایبەتمەندیی شێوەی رووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی تاچێرە لەگەڵ ئەغیاری جۆراوجۆردا و بە تایبەت خودی خاتوو تاچێر لە برێك لە بەستێنەکاندا لەم رەوشتە لەزەتی دەبرد.

سەرەڕای ئەمەش، حکوومەتی خاتوو تاچێر بۆ هەندێك لە خەڵك تەنیا ئاڵۆزتر بوونی بارودۆخی ـــ لە بنەڕەتدا ناحەزی ـــ دەیەی ١٩٧٠ بوو. بارودۆخێك کە لە ناکامی شۆکی

شۆڕشگێڕانەوە سەرچاوەی دەگرت. سەرمایەداری بە سەرکەوتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوایینی ساڵی ١٩٦٨دا، هەلومەرجێکی لە باری بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی خێرای لیبرالیزمی نوێ، لەچەندین وڵاتدا ڕەخساند و بەم جۆرە باڵی چەپی دژە بونیاتی، تووشی شکست کرد. دەتوانین بەڵگە بهێنینەوە کە هاودەستیی دەنگدەران لە هاتنە ئارای ئەم ڕووداوەدا، سەرەکیترین هۆکاری ئەم بە ئەنجام گەیشتنەی راڤەگەرنی باڵی چەپە، کە هەنووکە تووشی نەخۆشییەکی کوشەندەی ڕەوشتمەندی هاتووە.

ئەم تێگەیە کە مرۆڤەکانی سەردەمی ئێمە نەخۆشن، تا رادەیەك تایبەت بە چینی رۆشنبیرە نەك باڵی چەپی خودئاگا. رەنگە بتوانین بڵێین رۆشنبیران یەکێك لە دڵساردترین گرووپە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەم دڵساردییە، بەوتەیەك هۆکاری بوونی ئەوانە، کارکردی رۆشنبیران هەر ئەمەیە کە بەشێکی هەرە گەورەی باری گشتیی ئازیەتی و وەڕسییان بە کوڵەوە بێت و بیلێینەوە، بەڵام لە ڕێگەی بەراورد کردن لەگەڵ سەرچەشنی دەروون دەرمانی لە تیۆرەکەی «کلاینی دوایی»دا دەتوانین بڵێین کە ئەوان دەبێ ئەو هەستە ئاماژە پێکراوە کۆنترۆڵ بکەن و زەهرەکەی بگرن و لە ئاکامیشدا لە بیچمگەلێکی باش و خاوەن کەڵکی داهێنەرانەدا بیگوازنەوە بۆ پانتایی کولتوور. بەپێی ئەم سەرچەشنە، ئەو کارەی کە چینی رۆشنبیر نابێ بیکەن ئەوەیە کە پەرە نەدەنە ئەو ژاکاوییەی کە ناسیونالیستانی لیبراڵی نوێی سەرکەوتوو لە خۆیان جیایان کردووەتەوە و دیهاوێژییان کردووەتە سەری ئەوان. رەنگە رۆشنبیرانی لایەنگری تیۆری دەروونشیکاری زیاتر لە باقی رۆشنبیران لە مەترسی ئەم دیهاوێژییەدا بن، چوونکە بەپێی بنەمای بالینی دەروونشیکاری ئەوان بە شێوەیەکی خۆخێزانە نەخۆشییان لە گەڵ دایە. بەهەرحاڵ، ئەمە یەکێك لە چەندین گرفتی رۆشنبیرانی لایەنگری دەروونشیکارییە، کە دەیانەوێت لە پانتایی کولتووردا کار بکەن.

بڕوا بە رووخانی کولتووری، بەچاوپۆشی لە سەرچاوەکانی ئەم رایە، هەڵگری چەشنێك تاقەخوازیی بێ هۆکارە، یان تێگەیشتنێکی پاساو هەڵنەگرە لە وردەوە بۆ گرد. هەلومەرجی رەوشتمەندی، گەوهەرێکی دەروونی ـــ کۆمەڵایەتییەکە نییە کە بەکارهێنانی، لە تەواوی کایەکانی ژیاندا ئەنجامێکی یەکسانی بە دواوە بێت. هیچ هۆکارێکی لۆژیکی، دەروونی یان کۆمەڵایەتی نییە بۆ ئەوەی خەڵك چەشنگەلێکی جۆراوجۆر لە حەساسیەتی رەوشتمەندی، هەروەها رادەیەکی ناهاوسان لەم حەساسیەتە، لە دۆخگەلێکی جیاوازدا لە خۆ نیشان نەدەن. لە راستیدا، زۆرجار پێچەوانەی ئەمە دەبینین و بۆیە سەرۆکی دارودەستەیەکی مافیایی

مرۆڤكوژ، رەنگە لەگەڵ منداڵاندا زۆر میهرەبان بێت و دەستبڕی بازاڕی پارەش مرۆڤێکی خێرخواز بێت، ئاماژەی ئێمە لێرەدا بۆ مرۆڤی ریاکار یان نموونەیەکی شەقی رەوشتمەندی ئێگۆدێستۆنیك[1]، لە ژیانی هەندێك كەسدا نییە، بگرە لە سەر دژواری ئاسایی رەفتاری مرۆڤ قسە دەكەین. دەروونشیكاری لە رێگەی سەرنجدان بە زەرافەتی پێوەندی نموونەیی مەیلەكان لە دنیای دەروونیدا، و چەشنە بێ رادە و سنوورەكانی نواندنەوەی ئۆبژەی دەروونی لە دنیای دەرەوەدا، بە توندی جەختی لەسەر ئەم خاڵە هەیە.

نموونەیەكی بەرچاو لەم سەرنجدانەی تیۆری دەروونشیكاری، لەسەر «بان خود»ە كە ئاخێزگە چەند لایەنەكانی ئەم بنیاتە كردەنوێنەی دیاری كردووە. بە وتەیەكی دیكە" ئەم تیۆرە روونی دەكاتەوە كە چەشنە جۆراوجۆرەكانی بەشە پێش ئۆدیپییەكانی دەروون، چلۆن پێكەوە تێكەڵ دەبن و لە دواییشدا كۆمەڵێك لە كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكان پێیان زۆر دەبێت یان ئەو بەشانە «دەپاڵێوێ». ئەم بەشە جۆراوجۆرانە لەژێر كاریگەریی كردەی بەرزدا پێكەوە پێوەندی دەدرێن ( چ لە رێگەی لابردنی گرێی ئۆدیپ و چ لە رێگەی سەقامگیركردنی سامانی ژاكێنەرەوەی دەروونەوە)، بەڵام ئەم پێوەندییە ناچارمان ناكات، ئەم كردە نوێنییە، بە بنیاتێكی تەواو یەكپارچە بزانین. «بان خود» لە ئەنجامی كۆمەڵێك هاوشوناسیدا پێكەوە گرێ دەبەستێ" ئەو هاوشوناسییانەی، كە بە هۆكارگەلێكی جۆراوجۆر و بە ئۆبژەگەلێكی جۆراوجۆرەوە هاتوونەتە ئاراوە.

دەسكەوتی رەوشتمەندی ئەمرۆكە بە شێوەی یەكپارچە دروست نابێ و ناشتوانین هۆكارێكی دەروونناسانە لە بەرامبەری وەها یەكپارچەییەكدا دەست نیشان كەین، مەگەر ئەوەی بمانەوێ ئەو جۆرە «بان خود»ە زاڵمەی لە وانە پرۆتێستانییەكانی سەرەتای قۆناخی مۆدێرندا وێنا كرابوو، دیسانەوە بژێنینەوە.

بەم جۆرە ئەگەرچی رەنگە لە سیاسەتەكان و ــ بە رادەیەكی زۆریش ــ لە ماهیەتی دەوڵەتی بەریتانیا لەم ساڵانەی دواییدا و هەروەها لە پشتیوانییەكەوە كە خەڵك لێی دەكەن بە توندی نیگەران و تووڕە بووبین، بەڵام لە بارودۆخی خراپی حكومەت ناتوانین بگەینە ئەم ئەنجامە كە هەمووی خەڵكی بەریتانیا قۆناخی فەقری لە رادەبەدەری رەوشتمەندی تیپەڕ دەكەن. كۆمەڵگەیەك كە بتوانێ لە چوار نۆرەی پشتی سەری یەكدا وەها دەوڵەتێك ببەخشێتە

---

١- ( ego - dystonic )، بە تەواوی ئەو شۆك و ئاوات و بیرانە دەوترێ كە لە گەڵ پێكهاتەی «خود » (ego) دا ناتەبایە، هە بۆیەش بە نا بە جێ و هەڕەشەكەر دێنە بەر چاو.

خۆی، بێگومان تووشی عەیب و گرفتی دەروونی ــ کولتوورییە، بەڵام ئەم گرفتە بچووکتر و ئاڵۆزتر لەو شتەیە کە لە ناسینەوەی نائومێدی هێنەری باڵی چەپەوە دەخێزێ.

شێواز و رەوشتی تیۆری دارێژی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانەی کە قایل بە دارووخانی هەمەگیری رەوشتمەندین، رەنگە لە بیروراکانی *(دەروون پزیشکی سکاتیلەندی) ر.د. لەنگەوە* کاریگەری وەرگرتبێ کە شوێنگەی شێتی و سەلامەتی دەروونیی سەرئاوەژوو کردەوە. بە چاوپۆشی لەوەی لەم چەشنە تیۆری دارێژییانەدا چەندە کەم بە ئاشکرا ئاماژە کراوەتە لەنگ، دەتوانین بڵێین کە کاریگەری قووڵی نووسینەکانی ئەو بە سەر زۆرینە کەسایەتییەکانی دەیەی ١٩٦٠دا، یەکێك لە هۆکارەکانی بەهێزی ئەم بۆچوونەیە لەم سەردەمەدا، کە لە پشتی دەمامکی ئەم بارودۆخە ئاساییەوە شێوازێکی نیگەرانی هێنەر لە شێتی شاراوەیە. لەو کاتە بە دواوە، زۆرینەی لێکۆڵەرانی کولتوور وا تێگەیشتوون کە وەزیفەی رەخنەی کولتووریی دەروونشیکارانە دەرخستنی بێچمە تایبەتەکانی شێتی شاراوەیە لە بارووددۆخی بەهەندێك جاردا، هەروەها ئەمەش کە ئەم چەشنە رەخنەیە دەبێ یارمەتیدەرمان بێ بۆ ئەوەی ئاخێزگە و پاڵپشتەکانی ئەم شێتییە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی ــ ئابوورییەکاندا و کاریگەریی لە ژیانی دەروونیدا بدۆزینەوە. هەروەها لە کاتی سەرهەڵدانی بیروراکانی کلاینەوە، ئەم بۆچوونە“ کە شێتی و رەهەندی رەوشتمەندی، دودیوی دراوێکن و شێتی و شەرووری رەگیان لە بنەمایەکی هاوبەشدایە کە پێوەندی بە گەشەی دەروونی تاکەوە هەیە، زۆرتر لە رابردوو گوڕی گرتووە.

بەو جۆرەی کە هاگێت (١٩٩٢) ئاماژە دەکا، ئەم بۆچوونە کاتێ بە بێ ئەوەی هەموار بکرێ لە خوێندنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبرێتە کار، بۆچوونێکی بە چییەتیی تاك رەهەندییە. لە وەها گوتارێکدا کە ئامانجەکەی ناسینەوەی نەخۆشی کۆمەڵگەیە، رەنگە ئاڵۆزی کولتوور لە بەرچاو نەگیردرێ. تەنانەت لەو جێگەیەدا کە ناسینەوەگەلێکی دیکە بوونیان هەیە و زۆرینەیشیان دەبنە هۆی رەشبینییەکی تایبەت و پڕناوەرۆکیی، هەرچی زیاتری بابەتی بەرلێکدانەوە. لە نێوان ئەو نموونە زۆرانەی کە دەکەونە هۆشەوە دەتوانین لە وتارەکەی ئادۆرنۆ (١٩٥١ ) سەبارەت بە پڕوپاگەندەکانی فاشیستەکان ناو بەرین، کە هەندێك لە بیرورا دەربڕاوەکان تێیدا زۆر روونکەرەوەن، لە هەمان کاتدا کە جیهانبینییە گشتییەکەی ئادۆرنۆ ئەمرۆکە بە شێوەیەکی بێئومێد و تایبەت بە توێژی بژاردە دێتە بەرچاو.

بە هەمووی ئەمانەوە، زەحمەتە کە بۆچوونەکەی هاگێت لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا چەندان

جیاواز بێت. ئەو دەڵێت کە بەپێی تیۆری دەروونشیکاری، مـرۆڤ بـەردەوام لـە نێـوان دۆخـە هۆشییە جیاوازەکاندا لە هەڵچوون و داچووندایە. ئەمە شێوەیەکی دیکەی تیۆرەکەی « بایـان »ـە لەم فۆرمەڵەدا: « پ را » کە بەپێی ئەمە هەر کەسێك لە ژیانی دەروونی خۆیدا بەردەوام لـە نێـوان دۆخـە سـەرەتاییەکانی پارانوویـا ـــ دەروون پچـڕاوی و حاڵـەتی یەکپارچـەی دوورەپەرێزکەرەوەی راستی خوازانەدا لە جووڵانەوەدایە. هەر بەم هۆیـەش، لـە خوێندەنـەوەی کولتوور و کۆمەڵگەدا رەنگە لەگەڵ خاڵگەلێکدا کە نیشانەی هەڵچوون و داچوونن لـە نێـوان ئەو بۆچوونانەی کە زۆرتر هەڵسەنگێندراو و یەکپارچەن و بۆچوونگە لێکیشدا کە کـەمتر بـەم جۆرەن رووبـەڕوو بینـەوە. جیـا لەمـەش دەبیـنین کـە راڤەگـەرانی کولتـوور سەرپشـکن بـە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاگادارییەوە سەرنجی خۆیان بخەنە سەر بابەتی نەخۆشیانە و بڵێین کە دۆخی پارانوویا ـــ دەروون پچڕاوی لە تەواوی کولتووردا زاڵە.

هۆکارێك بۆ ئەوەی کە بۆچی دەبێ هەوڵ بـدەین، خۆمـان لـە پـەیڕەوی کوێرکوێرانـە لـە هەڵسەنگاندنە گەورەکانی (بارودۆخی رەوشتمەندی کۆمەڵگە) ببوێرین ئەمەیە کە ناچـاربوون بە وەها هەڵسەنگاندنگەلێك ـــ بە لەبەرچاو نەگرتنی ورد بوون یان وردنەبوونی رێـژەییان ـــ بە واتای دووپاتکردنەوەی قسەگەلێکی تایبەتیشە. بەم گریمانەیـە بنەڕەتییـەوە کـە ژیـان لـە کۆمەڵگەی ئەمڕۆییدا وەکو ژیان بەسەر بردنە لـە شـێتخانەکەیـدا، نـاتوانین لـە باسـەکانی پێوەندیدار بە کولتووری جەماوەریدا رۆڵێکی کاریگەرمان هەبێ. رەنگـە خـەڵك رەفتـارێکی بەرەنگارانە بکەن و رەنگیشە بە دژوارییەوە بتـوانین دەسـت نیشـان بکـەین کـە کـام کـاری چاکسازی کاریگەرتر دەبێ. ناکامیی هزری دەروونشیکارانە لە دانانی کاریگەرییەکی بەرچـاو لە سەر بزاڤی ئاشتی خوازی، تەنانەت لە گەرمەی پارانوویایی جەنگی سارددا، نموونەیەکە لە گرفتەکانی گۆڕانی گوتـاری ناسـینەوەیی[1] بـۆ کاریگـەریی دانـانی سیاسـی. بـۆ هێنانـەوەی نموونەگەلێکی دیکە، لە نەخۆشی دۆزینەوەی زۆر بـێ بـەهرەی (دوور لـە کـەتوار)، هـەروەها دەتوانین ئاماژە بکەینە لەخۆبایی و پ شاراوە لەم باوەڕانەدا کە «تـەواوی پیـاوان رقیـان لـە ژنە» یان ئەوەی کە «تەواوی سپی پێستان رەگەز پەرستن». ئەڵبەت هەر پیاوێك دەبـێ ئەمـە قبووڵ بکات کە لە قووڵایی دەروونیدا هەستگەلێکی دوولایەنەی سەرەتایی سـەبارەت بـە ژن بوونی هەیە، بە هەمان شێوە" هەر کەسـێکی سـپی پێسـتیش دەبـێ دان بـەوەدا بنێـت کـە

١- مەبەستی نووسەر لە «گوتارە ناسـینەوەییەکان»؛ ئـەو بۆچـوونەیە لـە خوێندنـەوە دەروونشـیکارییە کولتووریەکاندا، کە ئامانجیان دۆزینەوەی چەشنە نەخۆشییەکی هەمەگیری کولتوورییە لە کۆمەڵگەدا.

لانیکەم پاشماوەکانی (پرۆسەیەکی دەروونی بە ناوی) «جیاکردنەوە» لەمەڕ رەگەزەوە هێشتەکە لە هۆشیدا ماوەتەوە. گومانێك لەوەدا نییە، کە هەندێك لە پیاوان و هەندێك تاکی سپی پێست (بە شێوەیەکی توندتر) لە چنگی ئەم بۆچوونە ناشیرینەدا گرفتارن، بەڵام سەرنجدانی تایبەت، بۆ ئەم دادوەرییانە و پاشانیش بە هەمەگیر زانینیان و دەربڕینی ئەوەی کە هەموومان روانگەگەلێکی نەخۆشانەمان هەیە، دوگمانیزمێکی پەتییە و رۆبێرت هیووز (لە پەڕتووکی کولتووری سکاڵا و گلەییدا) و هاوبیرەکانی بە حەق ئەم بۆچوونانە بە مایەی سەرشۆڕی دەزانن. دیسانەوە، پەسنی وردبینانەی زیاتر لە نەخۆشی کولتووریی" ناتوانێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە ئەو کەسانەدا هەبێ کە هەست دەکەن رەوتی دەروونی ژیانی رۆژانە بەو رادەیەی کە لەم تیۆرانەدا دەردەکەون شێتانە نییە.

**خەڵك سالاریی هەستەکان:**

لەگەڵ ئەو ئاگەییە زۆرانەی کە بە کەڵك وەرگرتن لە دەروونشیکاری دەتوانین سەبارەت بە داکۆکییە دەروونی و دڵەڕاوکێ شاراوەکان لە ژیانی رۆژانەدا بیخەینە دەستمان، هەروەها دەبێ بتوانین بە یارمەتی ئەم تیۆرە تێبگەین کە هەلومەرجی رەوشتمەندی هەڵگری چاکبوونەوەیە. لە یەکێك لەو پەڕتووکانەدا لەسەر لێکدانەوەی بۆچوونە پێوەندیدارەکان بە «بان خودەوە، بۆچوونە سەرەتاییەکەی فرۆید کراوەتە سەر چەشن کە دەڵا، *ئاخێزگەی هەلومەرجە رەوشتمەندییەکانی مرۆڤ لە ناتوانییەکانی سەردەمی ساواییدایە ( رۆتێستاین[1]، ١٩٨٣)*. نووسەری پەڕتووکی ئاماژە پێکراو، وەها رای خۆی دەردەبڕێ کە «کارکردی سەرەتایی بان خود ئەمەیە کەهەستی حوزووری دایك و باوك لە دەروونی منداڵی لە حاڵی گەشەدا بێنێتە ئاراوە» (ل.٥١) لەم بۆچوونە سادە و کاریگەرەوە — کە لەگەڵ دەستەیەك لە روانگە دەروونشیکارییەکاندا تەبایی هەیە — وەها تێدەگەین کە «بان خود» هەڵگری پڕ ناوەرۆکێکی بە کەڵك و بان مێژووییە. بەوتەیەکی دیکە بان خود دەتوانێ ببێتە هۆی وابەستەبوونێکی لەخۆ بە رەوشت، وابەستەییەك کە بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کەم و زۆر دەبێ، بەڵام هەرگیز لە تەواوی کایەکانی کولتووردا لە بنەڕەت و بنەماوە لاواز نابێ. بەو جۆرەی فرۆید لە یەکێك لە بەرهەمەکانی کۆتایی تەمەنیدا ئاماژەی پێ کردووە:

*« ئەگەر کەسێك بیەوێ ئەم رستە دژوازنوێنە بخاتە روو، کە مرۆڤی ئاسایی نەتەنیا زۆر*

---

1- Rothstein

*غەیرە رەوشتمەندیترە لەوەی، کە خۆی دەیزانێ، بگرە هەروەها زیاتر لەوەش پێبەستی رەوشتە. تیۆری دەروونشیکاری ـ کە نیوەی یەکەمی ئەم رستەیە لەسەر دەسکەوتەکانی راوەستاوە ـــ هیچ نارەزایەتییەکی بۆ نیوەی دووەم نابێ (فرۆید، ١٩٢٣. ل ٥٢)*

ئەو کەلکەی، لە بیروراکانی فرۆید و تیۆری دارێژەرانی پۆست فرۆیدی لەم پەرتووکەدا وەرگیراوە، لەگەڵ زۆرینەی تیۆری دارێژییە دەروونشیکارانەکانی ئەم دوایەدا سەبارەت بە کولتوور جیاوازی هەیە. هەر بەو جۆرەی پێشتر باسم کردووە، بەشێکی گەورەی ئەم تیۆری دارێژییانە لەژێر کاریگەری بۆچوونێکی ناسینەوەییدا بووە و بەم ئامانجەوە هاتووەتە ئاراوە کە شێوازە باوەکانی نەخۆشی دەروونی روون کاتەوە یان ـــ بە وتەیەك ـــ نەخۆشییە کولتووریەکانی هاو چەرخ دەستنیشان بکات. لە حالێکدا، ئامانجی ئەم پەرتووکە خستنە بەرچاوی بۆچوونێکی جیاواز و بەکارهێنانی ئەو بۆچوونە بووە لەو نموونەگەلەی (شرۆڤەی کولتووری دەروونشیکارانەدا)، بۆچوونێك کە جەخت دەکاتە سەری کارکردە کۆنترۆڵکەر و یەکپارچەکەرەوەکانی هەندێك لە گرینگترین بنیاتەکانی کولتووری جەماوەری. ئەم بنیاتانە حوکمی خەڵکسالاری هەستەکانیان هەیە، بە وتەیەکی دیکە ئەو ئەزموونانەی ئەم بنیاتانە تەیاری دەکەن، بە کەڵك وەرگرتن لە کۆدگەلێکی جوانیناسانەیە، کە داهاتی هیچ چەشنە سازگارییەکی کولتووری یان فێرکاری و بارهێنانێکی تاکی لەگەڵ کۆمەڵگەدا نییە، بگرە بەشێك لە باشتربوونەوەی کولتووری گشتییە.

لە لێکدانەوە تایبەکانی بەشی دووەمی ئەم پەرتووکەدا لە رەتکردنەوەی تەواوی بێچمەکانی پیتۆڵگەرێتیدا وەها بەڵگە هێنراوەتەوە، کە کارکردی ئەم بنیاتانە، تێکەڵ بە رەسەنایەتی و تێروتەسەلییەکی سۆزییە. بۆ بەراوردکردنی رادەی گشتگیری ئەم تایبەتمەندییانە لە باقی نموونەکانی خەرجیی گشتیی کولتووریدا، لێکدانەوەگەلێکی دەستنیشانکراوی زۆر (بۆ نموونە سەبارەت بە لایەنە رەوشتمەندییەکانی «سریالە جەماوەخوازەکانی» تەلەڤیزیۆن — کە تا بە ئێستە خوێندنەوەگەلێکی زۆریان لەسەر کراوە — یان چاپەمەنییە جەنجاڵییەکان یان پرۆگرامە پڕ بیسەرەکانی رادیۆ) پێویستە، لێکدانەوەگەلێك کە دەبوایە هەم وەکو نموونەکانی ئەم پەرتووکە بە شێوەیەکی «رەخنەگرانە، هەمیش لەسەر بنەمای تۆژینەوە بێ.

بەم حالەش، ئەگەر شیکارییە پێشکەشکراوەکان لەم پەرتووکەدا لە بنەماوە بەڵگەدار بن (ئەگەرچی تەنیا لەسەر ئەو نموونە تایبەتانەی کە باسیان لەسەر دەکاو بە چاوپۆشی لەمەی کە ئەم شیکارییانە چەندە دەبێ لە رێگەی خستنە رووی بۆ چوونگەلێکی نەرێنییەوە میزان بن)،

ئەو کات دەتوانین بڵێین پیشاندەری ڕەهەندێك لە ئەزموونی مرۆین، کە تیۆری کۆمەڵایەتی و کولتووری دەبێ لێکدانەوەیان لەسەر بکات. بەشداری سۆزی لەو چەشنە ڕەفتارە کولتووریانە، کە لەم پەڕتووکەدا باسیان لەسەر کراوە (چ لە پێگەی کەسێکدا کە ئەم ڕەفتارانەی هەیە و چ لە پێگەی بەردەنگ یان بەرهەمهێنەر یان بەرخوری ئەم ڕەفتارانەدا)، توانای کۆنترۆڵی شەهوانییەتی لە رادە بەدەر، لە ڕێگەی ئۆبژە شاییهێنەر و قبووڵ هەڵگرەکانی دایك و باوکەوە ساز دەکات. لە ڕاستیدا، ئەم بەشدارییە دەبێتە هۆی ئەوەی تاك، شوێنگەی سوووبژەیەکی گشتیی لە دەسەڵاتێکی هاوبەش تەرخان بکات و ئەندامەتیی لە کۆمەڵگەدا بکاتە شتێکی زۆر شاییهێنەر. بنەمای شیکارییەکانی ئەم پەڕتووکە ڕوانگەیەکە، کە دەڵا: چێژەکانی کولتووری جەماوەری کاتێك دەگاتە سەرترین و کاریگەردانەرترین ڕادەی خۆی کە مۆرك دەنێتە سەر تێگەیشتنەکانمان لە پێوەندیمان بە ڕیکیەتییەکی بەربڵاو و هەمەگیری کۆمەڵایەتییەوە. ئەم تێگەیشتنە سەرەڕای تەواوی بەربەست و ناکامییە مسۆگەرەکانی، دەبێتە هۆی چەشنە ئاشتییەك لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە لە کۆنترۆڵکردنی هەستەکانمان سەبارەت بە زیان و وێرانگەری و مەرگ ــ واتە ئەو هەستانەی کە ئێمە بەردەوام لە کێشەداین لەگەڵیاندا ـــ ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاو دەگێڕێ.

لەم بەشەدا ئەم بۆچوونەمان خستە ڕوو، کە ڕەنگە ناشادی کولتووری (گرفتە نابەردەوامەکان) لەگەڵ ناخۆشی کولتووری (پێکدادانە خودییەکان)دا بە هەڵە بگیردرێ، ڕەنگە (لە شیکارییە کولتوورییەکاندا) ئەوەی کە هۆکاری ئاڵۆزییە لە کۆمەڵگەدا، دەبێ بە شێوەیەکی وردتر و ڕۆشنتر ڕوون بکرێتەوە. ئەو کات، ڕەنگە وا بزانین لەگەڵ شێوازگەلێك لە ناشادیدا ڕووبەڕووین، نەك لەگەڵ ڕەنج و ئازاری دەروون ڕەنجوورانەدا، چ بگات بە داڕووخانی دەروون پەرۆشانەی نەفس. لە هەر شرۆڤەیەکی تا ڕادەیەك ئاڵۆزی کۆمەڵگەی مۆدێرندا

ڕوون دەبێتەوە کە«بنچینەیەك» - بە واتای وردی وشەکە — لە ئارادا نییە، (کە وا بزانین خەریکی داڕووخان بێت) و (ئەڵبەت بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە، نیازێکمان بە وتەزای پۆست مۆدێرن نییە)، بگرە لە باتی قسەکردن لە داڕووخانی بنەماکانی کۆمەڵگە، ڕەنگە ئەمە زیاتر نێزیك بە ڕاستیی بێت، کە بە دەربڕینێکی خوازەییەوە بڵێین ئەم ماڵە لە بنچینەوە وێران نەبووە.

# فەرهەنگۆك

| | |
|---|---|
| پەیڤ شیکاری: | سخن کاوی |
| گواستنەوە: | انتقال |
| دەزگەی زاوزێ: | دستگاه تولید مپل |
| بویەر: | روداو |
| بازاڕی بگۆڕ: | بازار سیال |
| جەماوەر: | عامە |
| جەماوەری: | عامی |
| کۆمەڵە: | تودە |
| کەتوار: | واقیع |
| تەشقەڵە: | مزاح |
| دەسەڵاتە ناچارکەرەکان: | قدرتهای الزام ێور |
| کولتووری باڵا: فرهنگ | متعالی |
| تێفکرینی نێوان گوتاری: | تامل میان گفتمانی |
| تەسەل: | مفصل |
| بە تەسەلی: | مفصلاً |
| گرووپی: | کمی |
| چۆنیی: | کیفی |
| تەڤلی: | ئامادەبوون |

| | |
|---|---|
| تێگەیشتنی پێوەر: | استنبا شاخص |
| ورد بۆ گرد: | جزو به کل |
| تاقەخوازی: | یکتاگرایی |
| دەروون: | روان |
| دەروونناسی: | روانشناسی |
| دەروون پەرۆشی: | روان پریشی |
| دیهاوێژی : | فرافکنی |
| بزۆز : | پویا |